

# ساڵانی نوێبوونەوە

هنری کیسنجەر

AWER
Nawandi Awer
ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

# ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر

- بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: حەسەن بورەیی
- بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: ئاریز حەسەن
- ڕاوێژکاری ناوەند: حەیدەر عەبدوڵڵا


هەولێر-پشت پارێزگا- پشت مزگەوتی مەحموود عەلاف
07505114142 - 07507476644
Nawendi Awer:: ناوەندی ئاوێر
Nawendi.awer@yahoo.com

هنری کیسنجەر

# ساڵانی نوێبوونەوە

*Henry Alfred Kissinger*
Years of Renewal

**پوختکراوەی بیرەوەرییەکانی**

وەرگێڕانی
**خالید هەرکی**

**بەرگی دووەم**

ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

# ساڵانی نوێبوونەوە


- ناوی کتێب بەئینگلیزی:

Years of Renewal

- **بەرگ:** دووەم
- **بـابـەت:** بیرەوەریی
- **نووسەر:** هنری کیسینجەر
- **وەرگێڕانی بۆ عەرەبی:** د. هشام الدجانییه
- **وەرگێڕانی بۆ کوردی:** خالید هەرکی
- **دیزایینی ناوەوە:** محمد حسێن خەتی
- **چاپ:** یەکەم-٢٠١٩
- **نرخی هەردووبەرگ:** ( ٢٠,٠٠٠ ) دینار
- **تیراژ:** (١٠٠٠) دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (     )ی ساڵی ٢٠١٩ی پێ دراوە.


©مافی لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ ناوەندی ئاوێر. بێ ڕەزامەندی ناوەندی ئاوێر یان ئاماژەکردن بە ناوەندی ئاوێر کەس مافی دووبارەچاپکردنەوە و بەکارهێنانی نییە لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

# ناوەڕۆک


| سەرەباس | لاپەڕە |
|---|---|
| بەشی شەشەم: پەیوەندیی ئەتڵەسی | ٧ |
| (٢٠) گەڕاندنەوەی یەکێتیی ڕۆژئاوا | ٩ |
| (٢١) کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی | ٦١ |
| (٢٢) قەیرانی وزە | ١٠٠ |
| بەشی حەوتەم: ئەمریکای لاتینی | ١٤٥ |
| (٢٣) پەنەما و مەکسیک و (دیالۆگی نوێ) | ١٤٧ |
| (٢٤) بەرازیل و چیلی و یەکڕیزی، نیوەی ڕۆژئاوای دونیا | ١٨٣ |
| (٢٥) کوبا | ٢٣٣ |
| بەشی هەشتەم: پەیوەندییەکان لەگەڵ دونیای کۆمۆنیستی | ٢٥٥ |
| (٢٦) شەڕی ناوەخۆ لە ئەنگۆلا | ٢٥٧ |
| (٢٧) دوایین سەردان بۆ مۆسکۆ | ٣١٠ |
| (٢٨) پاراستنی پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا | ٣٤٦ |
| بەشی نۆیەم | ٣٨١ |
| (٢٩) ستراتیژیەتی ئەفریقی | ٣٨٣ |
| (٣٠) یەکەم سەردان بۆ ئەفریقیا | ٤٠٩ |
| (٣١) بەرەو حوکمی زۆرینە لە باشووری ئەفریقیا | ٤٥٣ |
| (٣٢) خزان بەرەو حوکمی زۆرینە | ٤٨٣ |
| پاشکۆی وێنەکان | ٥١٧ |

# بەشی شەشەم

# پەیوەندیی ئەتڵەسی

## ٢٠

# گەڕاندنەوەی یەکێتیی ڕۆژئاوا

جیـرال فـورد لەو نەوە کۆماریـانە بـوو، لە چلەکـان ئاڕاسـتەی حزبەکەیـان لە گۆشـەگیرییەوە بـۆ پاڵپشـتیکردن لە پـڕۆژەی مارشـال و هاوپەیمـانی وڵاتـانی بـاکوری ئەتڵەس گۆڕی. فۆرد هەستی بە پێوستی هاوبەشی لە ئەتڵەس دەکرد، ئەو پەیوەنـدییە توندیانەی لەگەڵ ئەوروپای ڕۆژئاوا هەیبوو بە خواستێکی ڕەسەنی دەزانی، چونکە خۆی لە ناوەڕاستی ئەوروپاوە هاتبوو هەڵوێستەکانی لە هەڵوێسـتی هـاری ترومـان دەچـوون، ئەوکاتەی لێیم پرسی شانازی بە چییەوە دەکەیت؟ گوتی:

(شکسـتمان بە دوژمـن هێنـا و ناچارمـان کـرد خـۆی ڕادەسـت بکـات، دواتـر هاوکاریمان کرد بۆ بووژانەوەیی و گۆڕانکاری بەرەو دیموکراسـی و هـاتنە نێـو ڕیزبەنـدی نێودەوڵەتی).

بەڵام لەو سەردەمەی فۆرد دێتە نێو کۆشـکی سـپی، پەیوەنـدیەکانی ئەوروپـا و ئەمریکا بە دۆخێکی چاوەڕواننەکراو تێـدەپەڕن. لە لایەک بەر لە بیسـت سـاڵ پـڕۆژەی مارشال جێبەجی بـووە، دەوڵەتـانی ڕۆژئـاوای ئەوروپـا بنیـادی ئـابووریی خۆیـان نـاوە، ترسیان لە یەکێتی سۆڤیەت نەمابوو، دوایین ترسەکانی هەڵگیرسانی شەڕ لە ئەوروپا لە ١٩٧١ چارەسـەر ببـوو، کاتێـک هەر چـوار هێـزەکە خۆیـان یەکـدەخەن و دەچـنە نێـو بەرلینـی ڕۆژئـاواوە، بەڵـێ ئەوکـاتە بـوو، کە ئەوروپـا لە پێگەیشـتنی ئـابووریەوە بەرەو پێگەیشتنی سیاسی هەنگاو دەنێ.

بەڵام لە کاتی تیرۆرکردنی کینیدیەوە ئەوروپا هیچ دەستپێشخەریەکی نەکردووە، هەڵوێستەکانیشیان لەسەر ڤێتنام لە نێوان دژایەتیی ڕاشکاوانە و هەستکردن بە لە ڕوودامان دەبێ. ترسیان لەوەبوو ئەمریکا خۆی لە ڕابەرایەتیی دونیا بکێشێتەوە.

لەگەڵ کۆتایی هاتن بە شەڕی ڤێتنام نیکسۆن پێی وابوو(منیش بەهەمان شێوە) کاتی ئەوە هاتووە لە نوێوە ژیان بۆ هاوپەیمانێتی ئەتڵەسی دەست پێ بکرێتەوە. لەم ڕووەوە بە ناوی سەرۆک دەستپێشخەریەک دەست پێ کرا، ناونرا (ساڵی ئەوروپا) ، هەرچەندە لە گوتارەکاندا ئەم دەستپێشخەرییە زیادەبایی بۆ کرا، بەڵام هیچ گۆڕانێکی نە خولقاند، من هیچ گۆڕانکاریەکم لە شیکردنەوەکانیدا نەکرد، کە لە ئەنجامەکانی دیاری کرابوون، هەر وەکو لەم گوتارەمدا دەبینرێ، کە لە ٢٣ی نیسانی ١٩٧٣ لە نیویۆرک دابووم:

ئێستا نەوەیەکی نوێ لە ئەوروپا هاتۆتە مەیدان، کە نوێنەرایەتیی شەڕ و لێکەوتەکانی ناکا، بۆ ئەوان ئەزموونێکی نوێیە. بۆیە سەقامگیری ڕێچکەی خۆی دەگرێتەبەر، بەڵام بە کەمتر پابەندبوون بە یەکێتی، کە مەرجی ئاشتییە، لە ئەمریکا بە هۆی ئەزموونی باشووری ئاسیا و چەندین دەیە لە باری قورسی نێودەوڵەتی، هەڵوێستێکی ڕاڕایی دروستبووە ، خۆی لە کێشەی هەمیشەیی دووردەخاتەوە.

داوام لە سەرکردەکانی هاوپەیمانی ئەتڵەسی کرد کۆبوونەوەیەکی لوتکەیی ببەستن، تێیدا ئامانجەکانیان بۆ چارەگی کۆتایی ئەم سەدە و پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان ئەمریکا و کۆمەڵەی ئەوروپی دیاربکەن، چونکە ئەم هاوپەیمانییە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرفراوان دەبوو، لە شەش وڵاتەوە گەیشتە نۆ وڵات لە کانونی دوەمی ١٩٧٣.

دەرکەوت دەستپێشخەریەکە لە شوێن خۆی نەبوو، بە هۆی پرسی واتەرگێتەوە وڵاتانی ئەوروپی باوەڕیان بەوە نەبوو، خۆیان لە ئەمریکا نزیککەنەوە، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هێرشی دەکرایە سەر و لە ناوەوەش دەمیان تێ نابوو.

دەستپێشخەری (ساڵی ئەوروپا) ڕووبەڕووی دۆخێک بوونەوە، ئەوروپییەکان لە ساڵانی حەفتاکان کەمتر مشوری یەکبوونیان دەخوارد، ئەگەر بە هاوبەستەگیی ئەتڵەس

بەراوردیـان پـێ بکەیـت، بە تـایبەتیش دەوڵەتە کۆنەکـان، کە لەگـەڵ بەریتانیـا لە یەک نزیکبوون لەوانە؛ فەرەنسا، چونکە ئەو قۆناغە قۆنـاغی دوای دەوڵەتـی نەتەوەیـی بـوو، قۆنـاغێکی قـورس بـوو، هەر چەنـد پرۆسـەکە بە ئاسـتەنگ دەبـوو ئەوەنـدە وڵاتەکـان ئامادەییان لە بەرانبەر بایکۆتەکانی ئەمریکی کەمتر دەبووەوە، کە پروپاگەنـدەی لەسـەر دەکرد.

لەم دیدەوە دەستپێشخەریەکەی ئێمە بۆ پتەوکردنی گوتـوبێژی نێـوان ئەوروپـا و ئەمریکـا وەکـو یـاریەکی ئەمریکـی سـەیرکرا، گـوایە بـۆ دروسـتکردنی گـرفتە لە ڕێـگەی بووژانەوەی ناسنامەی ئەوروپی، ئەگەر ئەمریکا لە داهاتوو ببێتە ئەندامیکی کارا لە نێـو هەمـوو دەزگـە و دامەزراوە ئەوروپییەکـان، ئەوکـات تایبەتمەنـدیی ئەوروپـا لە چیـیەوە دەبێ؟ ئەمە بە گوتەی ناڕازییەکـان، وەڵامـی ئەمریکـا ئەوەبـوو ئەگەر ئەمریکـا نەتـوانێ بێتە نێو دیالۆگی ئەوروپی تا ئەوکاتەی مەکانیزمەکـانی ئەوروپـی بەم سسـتییەوە بڕیـار لەسەر دەدا، ئەوکات هاوبەشییەتیی ئەتڵەسی چ مانایەکی دەبێ؟ ئەوەتـا دوای چـارەگە سـەدەیەک لەوەی ئەوروپـا دەبێـتە خـاوەن یەک دراو ئینجـاش ئەو مشـتومڕە هەر بەردەوامە.

لەگەڵ دەست بە کاربوونی فۆرد، پەیوەندی تـایبەتی سـەرکردە سـەرەکییەکانی هاوپەیمانی ئەتڵەسی گرەویان لەسەر ئەو مشـتومڕە کـرد. هەرچەنـدە نیکسـۆن بـاش لە ناخی ئەوروپییەکان گەیشتبوو، بەڵام دەرفەتێک نەڕەخسا پابەندیەک بۆ پەیوەندییەکانی ئەوروپـی دروسـت بکـات، هیـوادارم دوای تەواوبـوونی کێشـەی ڤێتنـام بگەڕێیـنەوە بـۆ پێشینەکان.




لە یەکەم ساڵی دوای کۆتایی شەڕ، لە باتیی تەرخانکردنی کات بۆ ئەو پرسە، مشتومڕ و ناکۆکی ڕوودەدا. ئەوروپییەکان لە ستراتیژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستمان کەوتنە گومان، ترسیان لەو سەقامگیریە ناوەخۆییەی ئێمە پەیدا کرد، چونکە کێشەکانمان چارەسەر کردبوون، بە کێشەی ناوەخۆیی و واتەرگێت Watergateیشەوە.

لە ئەنجامی ئەوە نیکسۆن پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرکردە ئەوروپییەکان لە دەست دەدا، ئەوکاتەی دێتە سەر دەسەڵات ئەوەندە بایەخ بە سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا (هارولد ولسون) نادا، کەمتریش بە حزبی کرێکارانی بەریتانی، چونکە ئەو پێشبینی دەکرد حزبی پارێزگاران دەردەچێ کاتێکیش ئەدوارد هیت لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٠ سەرکەوتن بە دەست دێنێ نیکسۆن زیاتر لە چوار تا پێنج جار تەلەفۆنی بۆ کردم و خۆشحاڵی خۆی بەو سەرکەوتنە دەربڕی.

بەڵام ئەم خۆشحاڵییە بێئومێدی لە دوا دێ، چونکە هەردووکیان هیت و نیکسۆن چەند خەسڵەتێکی هاوبەشیان هەبوون، لەوانە حەزیان لە تەنیایی بوو، ئەوەندە تامەزرۆی پەیوەندیکردن نەبوون ، هەر لە ڕووخساری هیث دیاربوو، کە لەم پەیوەندیە خۆشحاڵ نییە، کە لەگەڵ نیکسۆن هەیەتی ، هەردووکیان هۆشیار و کەم بڕوابوون بە لایەنی بەرانبەر، لەگەڵ ئەو هەموو خەسڵەت و تایبەتمەندیانەی هیث، نیکسۆن پێی وابوو هەڵوێستەکانی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لە بەرانبەریدا خۆ بە زلزانینی پێوە دیارە، بۆیە حەزی لێی نەبوو.

جگە لە پەیوەندیی تایبەتی، دەبووایە خوێنگەرمی هیث بۆ ئاستبەرزی کولتووری ئەوروپا ئەو ساردیە لەگەڵ نیکسۆن بنوێنێ، کە هاوکاتە لەگەڵ پێگەیشتنی لە ڕووی سیاسەت و هاوپەیمانی ئەتڵەسییەوە، لە ١٩٦٢ هیث دانوستانکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی بەریتانیا بچێتە نێو هاوپەیمانی ناتۆ، دڵی خۆی بەوە دابووەوە، کە شارل دیگۆل لە ١٩٦٣ ڕێگربووە لە بەردەم بەریتانیا، بۆ هاتنەناو کۆمەڵەی ئەوروپی، چونکە بەریتانیا ڕێگەی بە فەرەنسا نەداوە بێتە نێو هاوپەیمانی ئەتۆمی (ناسۆ)، کە لە نێوان کینیدیی سەرۆکی ئەمریکا و بەریتانیا واژۆ کاربوو. هیث هۆشیاربوو بۆ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک نەداتە دەست فەرەنسا تا بە کلکایەتیی ئەمریکا تۆمەتبار بکرێ، ئەو یەکەم سەرکردە بوو، کە تەنها بە بووژانەوەی پەیوەندییە تایبەتییەکان دڵی ئاوی نەدەخواردەوە، چاوی لەوەبوو ئەوروپا ڕۆڵی سەرەکی لە سیاسەتی بەریتانیا ببینێ و ڕۆڵە نزمەکە بە خۆی بدا، ئەمانە بوونە هۆکاری نائارامیی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەنگلۆ ئەمریکی.

پەیوەندییەکانی نیکسۆن لەگەڵ ڕاوێژکاری ئەڵمانی (ویلی براندت) لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٩-١٩٧٤ لەوە باشترنەبوون، براندت یەکێک بوو لە کەسایەتییە کاریگەرەکانی دوای جەنگی جیهانی و ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ئەڵمانی بەرانبەر بە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و یەکێتی سۆڤیەت. کاتێکیش نیکسۆن لە ١٩٦٩دەسەڵات دەگرێتە دەست ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بنەماکانی (هالشتاین)یان پیادە دەکرد، کە بریتیی بوون لە پچڕاندنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەر وڵاتێک، کە دان بە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دەنێ،

دوای ئەوەی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات پێگەکانی قایم دەکا و دەچەسپێ، بڕواکانی هالشتاین دەبنە مایەی گۆشەگیری ئەڵمانیای فیدراڵی و دوورکەوتنەوە لە ژمارەیەک وڵات بە تایبەتی وڵاتانی جیهانی سێیەم.

براندت پێداگریی لە زیادکردنی بژاردەکان کرد. ئەو لە ڕوانگەی چاوتێبڕینەوە سەیری دۆخەکانی دەکرد زیاتر لەوەی بە چاوی شیکاریەوە، لە ١٩١٨ تا ١٩٤٩، کە ستالین گەمارۆی خستبووە سەر ئەو شارە ، خۆی بە بەرگریکاری یەکەمی ئازادی بەرلین دەزانی، زۆر بە پەرۆش بوو بۆ یەکخستنی ئەڵمانیا، چونکە پێی وابوو تەنها یەکخستنە دەبێتە قەڵغانی مەترسییەکانی سەر بەرلین، کە لە لایەن بەرلینی ڕۆژهەڵاتی کۆمۆنیستەوە لەسەری بوو. دیارە بە درێژایی ساڵانی پەنجاکان بە هەماهەنگی و هاوکاری هاوپەیمانانی کاریان لەسەر ئەم ئامانجە کردووە، بەڵام دروستکردنی دیواری بەرلین لە ١٩٦١، کە هیچ نارەزاییەکی هاوپەیمانانی لێ ناکەوێتەوە، دید و بۆچوونەکانی لەسەر ئەو دەستەواژە دەگۆڕدرێ، کە گوتبووی: (یەکبوونی هاوپەیمانان یەکخستنی ئەڵمانیای لێ دەکەوێتەوە)، لەوکاتەوە پەیتا پەیتا براندت خۆی لە یەکێتیی سۆڤیەت نزیککردۆتەوە و بەو دۆخەی دابەشبوونی ئەڵمانیا ڕازی بووە، ئارەزووشی لەسەر کاڵکردنەوەی جیاوازییەکان و لە یەک نزیککردنەوەی هەردوو ئەڵمانیاکەی لا دروست بووە.



Willy Brandt

سـەبارەت بەو سـەرکردانەی لەسـەردەمی شـەڕ پێگەیشـتوون بە نموونـە؛ نیکسـۆن و سـەرکردە ئەوروپییەکـانی دیـکە، ترسـیان لە سـەرهەڵدانەوەی هەسـتی نەتەوایەتیـی هەبـوو، کە پێشـتر لە ئـەڵمانیا هەبـووە. هەریەک لە ویلسـۆن و جـورج پۆمپیدۆی سەرۆکی فەرەنسا لە جوداکاری دبلۆماسییەتیی ئەڵمـانی دەترسـان، ترسـیان لە سیاسەتی براندت هەبوو، کە بە ناوی (سیاسـەتی ڕۆژهـەڵاتی Ostpolitik) ببێتە سیاسەتی نەتەوەپەرستی، بەو هۆیەوە ئەڵمانیای فیدراڵی لە هاوپەیمانییەتیی ئەتڵەسی جودا بکاتەوە و یەکێتیی سۆڤیەتیش بێتە نێو جەرگەی ئەوروپاوە.

مـن برانـدتم بە دڵ بـوو، نیکسـۆنیش ڕیـزی لـێ دەگـرت، لە ڕێـگەی پەیوەندیەکانمانەوە توانیمان مەترسییەکان دوورخەینەوە و چارەسـەریان بکەیـن، وێـڕای دڵە کوتەمان لە سیاسەتی ڕۆژهـەڵاتی، بەڵام ئەو مەترسـیانە ڕەویـنەوە، دیـارە دەرگـای دواوەی پەیوەنـدیەکانی واشـنتۆن و کـرملێن ئەو ڕێگـایە بـوو، کە توانیمـان سـودی لـێ وەرگـرین بـۆ نەهێشـتنی ئەو مەترسـیانە و بـووە ئاسـانکاریەک بـۆ ئەنجامـدانی دانوستانەکانی نێوان چوار هێزەکە لەسەر گەیشتنە بەرلین بە ئازادی.

سەرەڕای هەسـتی خۆشـحاڵی برانـدت بەرانبـەر بەو ئەرکەی لەسـەر (سیاسـەتی ڕۆژهەڵات) بەجێمـان گەیانـد، کەچـی پەیوەنـدیەکانی لەگەڵ نیکسـۆن هەمیشـە سـارد و خاوبوون، خۆیان تەنها لە بۆنە گشتییەکان دەبینییەوە، لە ڕووی کەسـایەتییەوە بڕانـدت کەسـێکی بێـدەنگ و چـاو لە ئومێـدبوو، زیـاتر خـۆی بە کاروبـاری ئـەڵمانیاوە خەریـک دەکرد.

بە هـۆی سـەرقاڵی نیکسـۆن بە کاروبـاری ئاسـیا و برانـدتیش بە کاروبـاری ئەڵمانیاوە، دەرفەتی دیالۆگیان کەم بوو.

لە ڕاستیدا نیکسـۆن جـۆرج پۆمپیـدۆی خـۆش دەویسـت و بە شـارل دیگـۆلیش سەرسام بوو. یەکەم سەرۆک بوو داوەتنامەی پۆمپیدۆی قبوڵ کرد، بـۆ ئامـادەبوون لە ڕێوڕەسمی پرسەی دیگۆل، لە ١٢ی تشرینی دوەمـی ١٩٧٠، بەو هـۆیەوە سـەرکردەیەکی زۆری وڵاتـان لەم بـۆنە ئامـادە دەبـن، مـن و نیکسـۆن خۆشەویسـتیمان بـۆ دیگـول بەو

هۆیەوە بوو، چونکە لە هەوڵی بەرزڕاگرتنی دەنگی فەرەنسادا بوو، دیارە جێگرەوەکەشی بە هەمان ڕێچکەدا دەڕوا، لە سەردانە نهێنییەکەم بۆ فەرەنسا بە مەبەستی دانوستان لەسەر پرسی ڤێتنام، پۆمپیدۆ هاوکاریەکی زۆری کردم، بێ هیچ بەرانبەرییەک، کە باسیشم لە کێشە و گرفتەکانی دانوستانەکە کرد، گوتە بە ناو بانگەکەی خۆی پێ گوتمەوە، گوتی: (تۆ بە سەرکەوتن مەحکومی، نەک بە شکست، کێشەکە ئا لێرەدایە)، کاتێکیش لە ١٩٧٣ نیکسۆن فشاری دەخاتە سەر بۆ دیراسەکردنی (ساڵی ئەوروپا) ، دیسان وەڵامی دایەوە گوتی: ( دەکرێ ئافرەتی دووگیان، لە یەک منداڵ زیاتر بێنی).

چەند پیلانێک دژی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و فەرەنسا هۆنرانەوە، لە کاتی سەردانی خاتو پۆمپیدۆ بۆ واشنتون، لە شوباتی ١٩٧٠، ژمارەیەک چالاکوانی جولەکە، دژی فرۆشتنی فرۆکەی جەنگی فەرەنسی بە لیبیا دەستدرێژیان کردە سەری. هەرچەندە نیکسۆن لە ڕێگەی ئاهەنگی نانخواردن لەگەڵیان ئامادە دەبێ بۆ کەم کردنەوەی ئازارەکانی ئەو ڕووداوە، بەڵام هەرگیز پۆمپیدۆ نەیتوانی بەسەر ئەو کۆستەدا زاڵ بێ، کە ئەمریکای لێ گوناهبارە.

لە ١٩٧٢ پۆمپیدۆ تووشی نەخۆشی شێرپەنجە دەبێ، نەخۆشییەکەی هاوکات دەبێ لەگەڵ جیاوازی ستراتیژی لەسەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە جەنگی ١٩٧٣.


جورج پومپیدوو کلاودی هاوسەری

پۆمپیدۆ لە لای خۆیەوە وەکو بەرگریکارێکی بەهێزی بەرژەوەندیەکانی ئەوروپا هاتە مەیدان، لە دژی سیاسەتی ئەمریکا و لایەنگرانی ئیسرائیل و وەکو بێزارکەر لە مامەڵەکردن لە پرسی وزە، جگە لەم دوو هۆکارە هۆکارێکی دیکەش هەبوو، خۆی لە پرسی پرۆژەی (ساڵی ئەوروپا) حەشار دابوو، چونکە پێی وابوو ئەم پرۆژە بۆ ڕابەرایەتیی فەرەنسا لە ئەوروپا دەبێتە هەڕەشە. وەزیری دەرەوە کە لە ناکاو لە نادیارەوە دێتە بەرچاو و ناو دەردەکا (میشیل جوبەر)، ئەویش ئاگری دیگۆلیستەکانی خۆشتر دەکرد، لە کاتی مردنی پۆمپیدۆ، پەیوەندییەکانی ئەمریکا و فەرەنسا لەوپەڕی خراپیدا دەبن، ئەمەش ئەوکاتە دەبێ، کە دیموکراسییەت بەرەو مێژووی ساتە تاریکەکان دەبردرێ، دوژمنەکان دەگەڕێنەوە، دوو ڕووداو ڕێچکەی پرسەکان دەگۆڕن:

یەکەمیان/ لە یەک کاتدا حکومەتەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا دەگۆڕدرێن:

١/ حکومەتی ئەدوارد هیت لە لایەن هارۆلد ویلسونەوە، بە هۆی شکستی لە هەڵبژاردنەکان دەگۆڕدرێت.

٢/ لە فەرەنسا جۆرج پۆمپیدۆ لە ٢ی نیسان دەمرێ، بەو هۆیەوە ڤالیری جیسکار دیستان دەگاتە کۆشکی ئەلیزێ.

٣/ لە ئەڵمانیا لە ٦ی مایس، ویلی براندت ڕاوێژکاری ئەڵمانیا بە هۆی تاوانبارکردنی یەکێک لە یاریدەدەرانی بە تۆمەتی سیخوری، بۆ ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دەست لە کاردەکێشێتەوە، ئیتر ئەویش ناچار ئەو بەرپرسیارێتییە دەگرێتە ئەستۆ و دەست لە کاردەکێشێتەوە. دوای ئەو هیلموت شمیدت دەبێتە ڕاوێژکار.

هاتنی ئەم کۆمەڵە بۆ سەر لوتکەی دەسەڵات، کە هەماهەنگ و هاوکاری یەکتری بوون ، لەگەڵ ئەوەشدا هاوکات بوو لەگەڵ قەیرانی وزە و نەوت، ئیتر پێویست دەکرا کارێکی دەستەجەمعی بکەن، بەر لەوەی هەڕەشەکانی سەر سەقامگیری کۆمەڵایەتیی و سیاسیی سەرهەڵدەن. دەبوایە ئەمە بە پێچەاونەی ڕکەلەبننانی سۆڤیەتیی بێ، چونکە قەیرانی وزە تەنها مەترسیی لەسەر دیموکراسییەکان دروست ناکات، بەڵکو هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی کۆمەڵگەش دروست دەکا.

بەو هۆیەوە حزبە کۆمۆنیستەکان لە زۆر وڵات هەوڵی دەسەڵات گرتنە دەستیاندا، بە تایبەت لە ئیتاڵیا و پۆرتوگال. هیچ کاتێک ئەو توانایە نەبووە، لە دیموکراتییە پیشەسازییەکان بە تەنیا، مامەڵە لەگەڵ قەیرانەکاندا بکرێ، دواتر یەدەگی وزەشیان لەبەر دەستدا نەبوو، تا بتوانن خۆیان ڕاگرن. ئیتر پێویست دەکرا ستراتیژیەتێکی گونجاو هەبێ بۆ کۆکردنەوەی هێزە دیموکراسییە پیشەسازییەکان لە پێناو پاراستنی وزە و دۆزینەوەی سیستەمی پشتگیری هاوبەش و پاراستنی سیستەمی دارایی جیهانی.

سەرۆک فۆرد بە هەماهەنگی هاوپەیمانەکانی لەگەڵ ئەو پێویستیانە هاتەوە، لێکەوتەی ئەو هاوکاری و هەماهەنگیەش دامەزراندنی ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتیی و بەرنامەی خۆراکی جیهانی و گروپی حەوت دەوڵەتی (G-٧) و کۆبوونەوەی لوتکەی لێکەوتەوە، کە گەلێکجار دەبووە سمبوول و دروشمی سەرکەوتنی دیموکراسییەکانی پیشەسازی.

چاکە و ئازایەتیی ئەو سەرکەوتنانە بۆ ئەو سەرۆکانە دەگەڕێتەوە، کە لە ١٩٧٤، دەسەڵات دەگرنە دەست، ئێستاش باس لە خەسڵەتی کەسایەتییان دەکرێ.

هارۆلد ولسۆن و جیمس کالاهان

## کاراکردنی پەیوەندییە تایبەتییەکان

بیـرۆکەی هەوڵـدان لە پێنـاو سـەردەمێکی نـوێی هاوپەیمـانی ئەتڵەسـی، بـۆ سەرکردەی مەزنی بەریتانیـا دەگەڕێتەوە، دیـارە تێکشـکاندنی غـرور و خـۆ بە زلزانینـی ئەڵمانیای نازی، دوا خزمەتی بەریتانیا بووە، لە پێناو پاراستنی هاوسەنگی، هەر چەندە ئەو هـەوڵە تواناکـانی دارایـی لە ڕۆڵـی بەریتانیـا لە مێـژوی دونیـا کەم کـردەوە، بەڵام سەرکردەکانیان بە پێداگری لەسەر بەردەوام بوونی دارشتنی هاوسەنگی نێودەوڵەتی، بە جوامێر و بوێر دەرکەوتن.



Harold wolson

لەم ڕووەوە ئەوەی بەریتانیا بە تەنیایی نەیتوانی بیکات، لە ڕێگەی بەرنامەی پەیوەندییە تایبەتییەکانی، لەگەڵ هێزە دیموکراسییەکانی دونیا، کردی.

ئەمریکا لە سەدەی بیستەم، لە دوو شەڕی ئەورووپی تاقە هێزی کۆتایی هێنان و سەرکەوتن بووە شان بەشانی بەریتانیا. شیکاری و لێکدانەوە ئەقڵانییەکە بوو، کاری کردە سەر بڕیارەکانی بەریتانیا بۆ ئەوەی سیاسەتەکانی لەگەڵ ئەمریکا ببەستێتەوە، ئەمەش لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ئەورووپا و وڵاتەکەیدا بوو. لە پێناو پێداگری لەسەر ئەم پرسە پێی وابووە، ئەمە لە هاوپەیمانییەتیی تێپەڕی کردووە بۆیە ناوی نابوو (پەیوەندیی تایبەتی) .

تەنها ئەو کۆمەڵگەیە دەتوانێ ناسنامەی خۆی بپارێزێ، کە یەکگر و بەهێزبێت، سەرکردەکانی بەریتانیا توانیان بە دروستکردنی تۆڕێکی هاوکاری و گوتوبێژی لە ڕێگەی زەریای ئەتڵەسەوە ئەمە بکەن ، لەم ڕێگەیەوە کاری لەسەر ستراتیژی و هەواڵگری و ئابووریی کرد، تا بە شێوەیەکی کەم قەرەبووی هێز و دەسەڵاتەکانی بکاتەوە.

بەریتانیا بۆ پاراستنی ئارامیی و سەقامگیری لە ناوچەکە، ماف و دەسەڵاتەکانی خۆی بە کارهێنا.

هەوڵە هاوبەشەکان نەبوونایە، ئەو پەیوەندییە تایبەتیانە، تا ئێستا بەردەوامیان نەدەبوون، کە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی بەریتانیا و ئەمریکا دەپارێزن، ئەگەر بەریتانیا گوێڕایەڵی بڕیارەکانی ئەمریکا نەبووایە، ئاستی پەیوەندییەکان دادەبەزی و مۆراڵەکانیش لاواز دەبوون و چاککردنەوەیان ئاسان نەدەبوو، بەڵام حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی هەردووک حزب، گەشەیان بەو پەیوەندیانەدا و درێژەشیان پێ دا، بەریتانییەکان لە زیرەکی و شارەزایی دبلۆماسییانەوە توانیان، بەشداری لە پرۆژەکەی ئەمریکادا بکەن.

دوای دوو دەیە لەو مێژووە هێزەکانی بەریتانیا لە جەنگی هاوبەشی کەنداو لە ١٩٩١ بەشداری دەکا، ئەمەش مەزنترین هاوپەیمانێتی بووە، دواتر بەریتانیا یەکەم وڵاتی هاوپەیمانی ناتۆ بوو، لە ١٩٧٣، هێزەکانی دەنێرێتە بۆسنە.

هەروەکو باسمان کرد، لە کاتی گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن فۆردەوە، پەیوەندییەکان نائارام بوون، بەڵام بە هاتنی پارتیی کرێکارانی بەریتانی بۆ سەر دەسەڵات، لە ئاداری ١٩٧٤، دید و پەیوەندییەکان کۆتاییان بەو دۆخە ناسەقامگیرییە هێنا، کە هارولد ولسۆن جێگەی هیت دەگرێتەوە، لە پۆستی سەرۆکایەتیی حکومەتی بەریتانی هیچ دوو دڵ نەبوو، لە گەڕاندنەوەی پەیوەندییەکان بۆ دۆخی جاران و ئاسایی کردنەوەیان.

ئەو وەکو کەسێکی لایەنگری باڵی چەپی ناو حزبی کرێکاران و وەکو هەڵوێستێکی هەلپەرستانە بۆی باسکردم.

خۆی وەکو لایەنگرێکی بەهێزی هاوپەیمانی ئەتڵەسی نیشان دەدا و هاوسۆزێکی بەهێزی پەیوەندییەکانی بەریتانیا و ئەمریکایە، ڕاستە ولسۆن گومانەکانی لە تێوەگلانی ئەمریکا لە کێشەی ڤێتنام نەدەشاردنەوە.

دوای شکستەکانی لە هەڵبژاردنی ١٩٧٠، کە لە مەزندەی کەسدا نەبوو، لە پڕ لە ١٩٧٤، دووبارە دەگەڕێتەوە سەر دەسەڵات، وا پێ دەچوو بە هۆی شکستەکانییەوە، ئارەزووەکانی تێربووبن، چالاکییەکانی بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی حوکمڕانیی پێشووی، کەم و لاوازبوون، لەوکارەی بیگرتبایەتە دەست زیرەک و وردبوو، بەڵام پرسی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکا بۆ جیمس کالاهان (وەزیری دەرەوە) جێ هێشتبوو.

ئەوکاتەی لە سەرەتای ١٩٧٤، لە لەندەن دادەبەزم بۆ پتەوکردنی پەیوەندیەکانمان، کالاهان سەردانوستانکار دەبێ، لە نوسینگە خاکییەکەی وەزیری دەرەوە دانیشتنەکانمان ئەنجامدا، کە بە کەلوپەلێکی سادە و خاکی ڕازاندرابووەوە، ئەمەش نیشانەی گەورەیی بەریتانیایە.

کارو فەرمانبەرێتی لە بەریتانیا کەم وێنەیە. هەرکاتەی حزبێک دەسەڵات دەگرێتە دەست تەنها وەزیرەکان دەگۆڕدرێن، تەواوی فەرمانبەرەکان لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە. کارنامە و دۆسییەکانی کاری ڕۆژانەی حزبەکەی پێشوو دادەخرێن. ئەمینداری گشتی حکومەت هەیە، کە گەورە فەرمانبەری دەوڵەتە و بانکی زانیارییەتی. ئەگەر سەرۆکی حکومەت بەبێ مەبەست ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتیی بە نهێنی واژۆ کرد، ئەرکی ئەوە پەیوەندی بە سەرۆک وەزیرانی لەسەرکار لابراو بکات، بۆ مەبەستی پێداچوونەوە بە دۆسییە و کارنامەکانی تایبەت بەم پرسە.

بە پێی ئەزموونەکانم ئاگادارم لەوەی؛ لە سیستەمی حوکمڕانیی بەریتانی، ئاڵوگۆڕ و دەستاودەستەکان بە هێمنی ئەنجام دەدرێ، بەبێ هیچ دەستکاریەک. من و یاریدەدەرم تووشی ئەو نقیچکە بووینەوە، بەڵام بە ئەدەبەوە ڕەخنەی لێ گرتم، چونکە گوتم هیوادارم ئەوروپا لە پێشینەی سیاسەتەکانی بەریتانیا بێ، بە هێمنی و لەسەرخۆ گوتی:

من و هنری بە یەکەوە کار دەکەین، ئەگەر هەر ناکۆکییەکیشمان بوو ئاگادارمان بکەنەوە، تا بەیەکەوە چارەسەری بکەین.

کالاهان کەسایەتییەکی ئارام و ورد بوو، بە هۆی ئەزموونی لە حزبی کرێکارانی بەریتانیا و حوکمڕانیی لەگەڵ فۆردا گەلێکجار بە یەکەوە بوونە و لە یەک تێگەیشتنی باشیان هەبووە، ئەو کەسێکی ئارام و خاکییە، غرور لە خشتەی نابات، بۆیە ئەمە هەڵکەوت نییە ئەم دووە لە ماوەی دوو دەیە دۆستی یەکتری دەبن. کالاهان لە تەمەنێکی درەنگان پۆستی وەزارەتی دەرەوە دەگرێتە دەست، بۆیە هەستێکی بەهێزی لا دروست بووە، کە بڕوای بە تواناکانی خۆی هەبێ.

ئەو کەسێک نەبوو لە ڕووی ستراتیژ و سیاسەتی سروشتی شارەزا و پێگەیشتووبێ، دیارە پێویستی پێ نەبووە، چونکە ئاڕاستە و هێڵەکانی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا پێشتر لە مێشکیدا کێشراون، بۆیە ئەرکی نەخشەکێشانی هێڵە پانەکانی ستراتیژیی بۆ ئێمە جێهێشت.

ئەگەر پێویست بکرابا بۆ پێدانی ئینێرگی هانی دەداین، ئەگەر کارەکانیش بە ناکۆکی تەکتیکی  بگەیشتبان، ئەوا کالاهان کەسێکی توند دەبوو چەماندنەوەی مەحال بوو، دڵخۆش دەبووین کاتێک پسپۆڕەکانی زانیاری و ڕێنمای لەسەر ئارەزوەکانی بەریتانیایان پێ دەداین.

من وا بە ئاسانی متمانە نابەخشم، بەڵام کالاهان بە ئاسانی متمانەی منی بە لای خۆی دا کێشا. بەو خەسڵەتانەی هەیبوو وایکرد، پشت بە بۆچوونەکانی ببەستم، بە تایبەت ئەوانەی پەیوەندیان بە تەکتیکەکانەوە هەیە، نەک بە هۆی داهێنانی لە پەیوەندییەکانی ئەنگلۆ ئەمریکی، کە بێ ئەوەی پشت بە هیچ بیردۆزێک ببەستێ، لە ڕووی کەسایەتیشەوە سوودم لە بلیمەتی ئەو وەرگرت،  دوای ئەوەی، کە پێی دەگوترێ (کوشتارگەی هالوین) لە نێوان ٣١ی ئۆکتۆبەر و سەرەتای تشرینی یەکەمی ١٩٧٥، کە فۆرد جیمس شلیسنجەری وەزیری بەرگری لە کارەکەی دوور دەخاتەوە و لە شوێنی ئەو کۆلبی وەکو بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندی ئەمریکی دادەمەزرێنی، جگوت پۆستی (ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوایەتیی و وەزیری دەرەوە)ی هەڵوەشاندەوە.

کالاهان بە تەلەفۆن پەیوەندیی پێوە کردم، گوتی:

( بڕیارەکەی فۆرد لە جێی خۆی بوو)، بەڵام لە واشنتۆن زیان و لە دەستدانی پۆست ئاساییە و ڕەنگدانەوەی زیانەکان بە خێرا لە دۆخەکە دەردەکەوێ، گوتی:

(دەبێ منیش بیر لە دەست لە کارکێشانەوە بکەمەوە، بەڵام نابێ مرۆڤ بە هۆکاری پۆست و پلە دەست لە کاربکێشێتەوە، ئەگەر ئەمە بکەم ئەوکات ئەوەی لە پێناویدا خەباتم کردووە تێکوپێکی دەدەم، دەست لە کارکێشانەوە تەنها لە پێناو بیروبڕوا دەبێ)، منیش لەم بۆچوونەیدا هاوڕای بووم.

هەستی تەبایی پەیوەندیەکانم تەنها لای وەزیری دەرەوە، بۆ کاروباری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕەنگی دایەوە.

لە ٢٤ی تەموزی ١٩٧٤، ئەو لە ئامادەباشی دانوستانەکانی تورک و گریکەکاندا بوو، بۆ چارەسەری قەیرانی قوبرس، کالاهان سەرۆکایەتیی دەکرد، داوام لە بوفوم کرد بە زانیاری هاوکاری کالاهان بکەن، چونکە ئەگەر بەریتانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆڵ ببینن زیان بە ئێمە ناگات.

هیلمۆت شمیدت و هانز دیتریچ گینشر

## هاوپەیمانی و یەکگرتن



Helmut Schmidt



Hans-Dietrich Genscher

مێژوو یاریەکی قێزەوەنی لەگەڵ هیلموت شمیدتدا کرد، هەرچەندە ئەو بایەخی بە مۆسیقا و بیناسازی و ئابووریی سیاسیی دەدا، کەچی لە درەوشاوەترین سەرکردەکانی ئەڵمانی بوو، لە سەردەمی دوای جەنگی دووەمی جیهانی. ئەگەرچی خاوەنی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانە بوو، بەڵام بۆ سەرکردەکان تەنها زانیاری و توانا بەس نییە، بۆ ئەوەی کاری مەزن ئەنجام بدەن، بەڵکو قەدەر و دۆخەکانیش ڕۆڵی خۆیان تێیدا

دەبینن، ئەوەتا ئەو خەسڵەتە باشانەی لە شمیدتدا هەبوون، کەچی ڕۆژگار لەگەڵی دا نەبوو، تا بەختی باشی بۆبێ و بە ئامانجەکانی بگات.

لەوانەی پێش ئەو بوون، مێژوو باس لە کۆنراد ئەدیانور دەکات، گوایە ئەڵمانیای شکستخواردووی لە وڵاتێکی دۆڕاوی خۆ وەدەستدراوەوە، کردە ئەندامێکی تەواوی هاوپەیمانی ڕۆژئاوا، هەروەها ویلی براندت توانیی پەیماننامەی ئاشتەوایی لە نێوان ئەڵمانیا و وڵاتانی ڕۆژهەڵات ببەستێ. دیسان باس لە هیلموت کول دەکرێ وەکو یەکخەری ئەڵمانیا، بەڵام هەرگیز ئەمە بۆ شمیدت نەڕەخسا، هەرچەندە زیرەکانە کاروباری وڵاتەکەی دەبرد بەڕێوە، بەڵام ئەو دەرفەتەی بۆ نەلوا وەکو ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕا.

قەدەری ئەو وابوو دەبووایە لە چەندین ڕووەوە پرۆسەی گواستنەوە ببات بەڕێوە، ئەڵمانیا کەوتبووە نێوان حاڵەتی دەوڵەتێکی داگیرکراوی دابەشکراو و دیاریکردنی چارەنووسی وەکو بەهێزترین نەتەوەی ئەوروپا، لەگەڵ هاوارکردن بۆ پێویست بوون بە باری ئاسایش و بەشداریکردن لە بنیادنانی ئابووریی جیهانی نوێ و پابەندبوونی حزبەکەی (دیموکراسی کۆمەڵایەتی)ی دواکەوتوو لە هاوپەیمانی ناتۆ و دووبارە سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەخوازی.

شمیدت کەشتیی ئەڵمانیای لە نێو ئەم جەنجاڵە بە زیرەکیی و لێهاتویی لێ دەخوڕی. ئەو لەو سەرکردە ئەوروپیانە بوو، خاوەنی باشترین تێگەیشتن بووە، لەسەر دەستەواژەی سیاسەت و هەماهەنگی و هاوپەیمانی.

بە هۆی ئەوەی پێشتر پۆستی وەزیری بەرگریی بینیوە، توانایەکی نائاسایی هەبوو، لەسەر مەترسییە سیاسییەکان، بە تایبەت زاڵبوونی ئەتۆمی سۆڤیەتی، لەسەر ئەوروپا.

وزە تەنها بابەتێک بووە لەو بابەتانەی پەیوەندیان بە تواناکانی ئەوەوە هەبێ. لە دوای شەڕی ڤێتنام بابەتی بەرگری بابەتێکی ئەوتۆ نەبوو، بەڵام شمیدت لەو ڕووەوە سیاسەتێکی حەکیمانەی پیادە دەکرد، کەچی لە ١٩٨٢، لە کێبڕکێی دەسەڵات

دەدۆڕێنێ، ئەم دۆڕاندنەی دوای ساڵێک دێت لە سەرکەوتنی حزبەکەی لە هەڵبژاردنی، چونکە حزبەکەی ئامادەنابێ پشتگیری لە بڵاوکردنەوەی مووشەکی ئەمریکی لە ئەورووپا بکات ، هۆکارێکی تری شکستەکەی ئەوەبوو؛ هاوپەیمانی لە حکومەتی ئیئتلافی (حزبی دیموکراتی لیبراڵیستی ئازاد) هەست دەکا، پێگەی شمیدت لاواز بووە، بەو ئەگەرەوە لە حکومەتەکەی دەکشێتەوە.

شمیدت کەوتە نێو گێژاوی سیاسەت، چونکە ئەمە بە پلەی دوو دێت لە ڕووی بایەخداندا، بایەخی پلەی یەکەمی تەلارسازی و نەخشەکێشانی شاربوو.

ئەگەر توانای دارایی تەواوی هەبووایە دوای جەنگی دووەمی جیهانی درێژەی بە خوێندن دەدا، هەموو کاتەکانی لەم بوارە بەڕێوە دەبرد، لە پێناو پەرەپێدان بە زانست و تواناکەی لە نەخشەسازی شارەکانی ئەڵمانی، کە جەنگ کاولی کردبوون، وەکو گوزەرا ئەو ئابووریی سیاسیی هەڵبژارد، کە تێچووی کەمترە. دواجار شمیدت دەچێتە ڕیز حزبی دیموکراتی کۆمەڵایەتی، بە هۆی زێدی لە دایکبوونییەوە، ئەم دەرفەتەی قۆستەوە، چونکە هامبۆرگ بە درێژایی سەدەی بیستەم لانکەی دیموکراسیی کۆمەڵایەتی بووە.

دەڵێن ئەگەر شمیدت لە ڕیزی حزبی یەکێتی دیموکراتی کریستی بووایە، کە زیاتر خۆپارێزن، دڵخۆشتر دەبوو، بەڵام لەو شوێنە جگە لە حزبی دیموکراتی کۆمەڵایەتی لە هەر حزبێکی دیکە بووایە، گۆشەگیر و گەمارۆدراو دەبوو.

لەم بۆچوونە لایەنیکی ڕاستی تێدایە، ئەویش بە هۆی ئاڕاستەکردنی لایەنگرانی بۆ بازاڕی ئازاد و هاوپەیمانییەتیی ناتۆوە.

لە کاتی گەڕان بە دوای ڕاستییەکاندا، لە حاڵەتی بوونی کێشەی زۆر، شمیدت مامەڵەی لەگەڵ ئەنجامی سەرجەم ئەو کەسانەدا دەکرد، کە گفتوگۆی لەسەر ئەم پرسە لەگەڵدا کردوون. تەنانەت گفتوگۆی ئەوکەسانەی تازەش هاتوونەتە ڕیزی ئەو حزبەی بە هەند وەردەگرتن. هەر بەو هۆیەوە شکست دێنێ و دەڕووخێ، بەڵام ئەوەی مایەی دڵخۆشییە ئەوەیە؛ بۆچوونەکانی شمیدت هەرگیز بۆ مەرامی دەستکەوتی تایبەتی خۆی نەبووە، یان بۆ بەرژەوەندییە تەسکەکانی نیشتمان بووبێ.

لەكـاتی دوانیـدا شـمیدت، یـا بێـدەنگ دەبـێ یـا پـڕ قسـە، ئەگەر بـابەتەكە پەیوەندیی بە تایبەتییەكانی خۆیەوە بووایە، بێدەنگ دەبوو، ئەگەر بابەتەكەش هزریی و سیاسیی بووایە پڕ قسە و دوان دەبوو.

لە ڕووی زمان و داهێنان كەسێكی داهێنەر نەبوو، لە دەربڕینـی هەسـتی سـۆز و خۆشەویستی، هەرچەندە لەوە دڵنیابوو، كە نەوەی داهـاتوو بە پێـی كارەكانیـان حـوكم لەســەر پیــاوانی دەوڵەت دەدەن، بەڵام ســوور بــوو لەســەر ئەوەی ڕەوشــت مەرجــی پێشوەختی دەستكەوتی سیاسین:

(سیاسەتی بێ ویژدان، بەرەو تاوان دەڕوات، من وا لە سیاسەت دەگەم، وەكو كارێكی پڕاگماتیبێ بۆ بە جێگەیاندنی مەبەسـتی ڕەوشـتی) ئەم گوتـەیەی لە یەكێك لە بۆنەكاندا گوتبوو.

بە شـێوەیەكی گشـتی كۆمـاری فیـدڕاڵی، وەكـو حاڵـەتێكی تـایبەتی لە نێـو هاوپەیمانی ڕۆژئاوادا مایەوە. لە حەفتاكان، كە لە دابەشكردنی ئەڵمانیا ئاگادار بـوو، بە گومانی تەواوی دراوسـێكانی و هێزەكـانی یەكێتیـی سـۆڤیەتی و دۆخە مەترسـیدارەكەی بەرلین، ئەو لەسەر پشكنین ڕشت و پڕ بایەخ بوو، بۆ كەم كردنەوەی مەترسییەكان.

نیوەی ڕۆژئاوای ئازاد لە بەرلین كۆنە پایتەختی ئەڵمانیا واقعێك بوو لە قوڵایی خاكی دەوڵەتێكدا بـوو، لە گەردوونـی سـۆڤیەتی دەخـولایەوە، واتە كۆمـاری ئـەڵمانیای دیمــوكرات هەردوو هاوپەیمــانی وارشــۆ و نــاتۆی بە درێژایــی هێڵــی دابەشــبوونەكە ڕووبەڕووی یەكتـری دەبـوونەوە، ئەگەر شـەڕێك لە نێوانیـان ڕووی بـدابایە، ئەوكـات بە دڵنیایی ئەڵمانیا تێدا دەچوو، دانیشتوانەكەشی دەبـوونە قوربـانی، دەبووایە ڕاوێژكـاری ئـەڵمانیا ئەم كەشـتییە بە ئـارامیی ببـات بەڕێـوە، بـۆئەوەی بەر تەقیـنەوە نەكەوێ و دڵنیاییش لە ئەمریكا وەرگرێ لە دژی هەڕەشەكانی سۆڤیەتی و لە فەرەنساش وەرگرێ، تا لە گۆشەگیری سیاسیی ئەوروپا دەرچێ، ڕای گشتی جەماوەریش هانی ڕاوێژكـار دەدا بۆ یەكخستنەوەی هەردوو ئەڵمانیاكە، وێڕای ئەوەی هیچ لە هاوپەیمانـانی بە تـایبەت لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات لەم هەست و داخوازیەی هاوكاری و بەشداری ناكەن، لە ڕاستیشـدا

زۆربەی هاوپەیمانـان پێیـان خـۆش بـوو، ئـەڵمانیا بە دابەشـکراوی بمێنێـتەوە، بـۆیە دەبووایە ڕاوێژکـاری ئـەڵمانیا لە هەڵسـوکەوتەکانی وشـیاربێ، بـێ ئەوەی لایەنگرانـی لە ناوەوە لە دەستبدا و مەترسییەکانی دەرەکیش لە وڵاتەکەی دووربخاتەوە.

شــمیدت ئەم هاوســەنگییەی بە وشــیاری پیــادەکرد و پاراســت، هاوشــان بە ڕەچاوکردنی مەترسییەکانی ئەتڵەسی، ئەگەر یەکگرتنەوەی ئـەڵمانیا بە پێـی ئەزمـوونی ڕابردوو بەراورد بکەین، ئەوا ڕوودانێکی مسـۆگەرە. ئەم ڕوودانە ڕاسـتییەکی بە دڵنیـایی نییە، هەرچەندە سەرکردە ئەوروپییەکان لە ڕەفتار و مـامەڵەی هێمنـانەی شـمیدت ڕازی بـوون، بەڵام ئەم ڕازی بـوونەش لە ڕازی بـوونی ویلـی بریـنـدت دەچـوو، لە نموونــەی هەڵوێستەکانی، قوربانیدان بە پەیوەندیەکانی ئەڵمانیا و ئەتڵەسی و ئەوروپـی لە پێنـاو بەرژەوەندیەکانی نیشتمانی کە بریتیـی بـوو لەو بیـرۆکەی لە یەکێتیـی سـۆڤیەت پەرەی سەندبوو، گوایە کاریگەری کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی دەبێ پەراوێز بخرێ.

شمیدت پەیوەندیی باشی لەگەڵ جیسکار دیستان هەبوو، یەکێک بـوو لە هانـدەر و پشـتگیری کـارای یـەکێتیی ئەوروپـی، لە سـاڵەکانی دوایـی هەر بە ئاشـکرایی زیـاتر بانگەوازی بۆ ڕا و بۆچوونەکانی خۆی دەکرد. دوای ئەوەی لە ئەمریکا بێ ئومێد دەبـێ، لە سەردەمی ویلایەتیی فۆردا بە هاوسەنگی سۆز و ئارەزوەکانی بـۆ ئەوروپـا و ئەمریکـا دەبێ.

چونکە لە ١٩٦٩-١٩٧٢ کاری وەزیری بەرگریی بووە، چەکی ئەتۆمی ئەوەنـدە لە هزر و بیرەکانی دوور نەکەوتبوونەوە، بۆ ئەو ئەم چەکانە مـایەی نـاڕەحەتی بـوو، بەڵام لەوە دڵنیابوو، کە ئەڵمانیا بـۆ بەرگریـی کـردن لە خـۆی، پەنـا بـۆ ئەو چەکـانە دەبـا و پشتیان پێ دەبەستێ.

لە ١٩٧٧ سەرپەرشــتی یەکەیەکــی کۆماندۆســی کــرد، بــۆ ڕزگــارکردنی ئەو بارمتانەی هەندێک لە تیرۆریستە عەرەبەکان لە نێو فرۆکەیەکی بەرەو مەقادیشۆ دەچوو، دەستیان بەسەردا گرتبوو، دوای چەند هەفتەیەک شمیدت باسی ئەو ساتانەی بۆ کـردم، کە بەر لە چەنــد کاتژمێرێــک لە ئۆپەراســیۆنی ڕزگــارکردنی بارمتەکــانی هەیبــوو، چ

هەستێکی ناخۆش بووە؟ ئەی دەبێ چۆن بڕوا بە خۆی بێنێ لە جێبەجێکردنی ستراتیژییەتیی هاوپەیمانێتی ناتۆ بۆ بە کارهێنانی چەکی ئەتۆمی؟

بەڵام کە بڕیار دەدرێ مووشەکی مەودا مامناوەندی لە ئەورووپا بڵاوە پێ بکەن، شمیدت سەرەڕای ناڕەزایی حزبەکەی بەسەر هەست و سۆزەکانیدا زاڵ دەبێ و ئەو بڕیارە هەرس دەکا، ئەم قبوڵکردنە بەسەریدا دەشکێتەوە و دەبێتە هۆی لە دەستدانی دەسەڵات و پۆستەکەی.

لە ماوەی دەسەڵاتی فۆردا خەمی سەرەکیی شمیدت ستراتیژییەتیی ئەتۆمی نەبوو، بەڵکو قەیرانی وزە و کاریگەرییەکانی بوو لەسەر خۆشگوزەرانی خەڵک و سەقامگیریی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی ڕۆژئاوا. شمیدت وەکو وەزیری دارایی ڕۆڵی باشی گێڕا لە بەستنی کۆنگرەی وزە لە واشنتۆن لە ١٩٧٤، وەکو هەنگاوی یەکەم بوو بۆ دامەزراندنی ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی، هەروەها وەکو ئۆرگانێکی سەربەخۆی نێودەوڵەتی بۆ هەماهەنگی کاردانەوەی دیموکراسییەکانی پیشەسازی بەرانبەر بە وزە.

لە ئەنجامی ئەو هەوڵەیدا وەزیری دەرەوەی فەرەنسی میشیل جوبییر، تۆمەتی ناپاکی دەخاتە پاڵ شمیدت، گوایە کاری لەسەر پارچەکردنی ئەورووپا کردووە، ئەم تۆمەتە بۆ شمیدت گەلێک مەزن بوو، چونکە هەوڵ و تواناکانی خۆی بۆ خزمەت یەکێتیی ئەورووپا تەرخان کردبوو، بەڵام لە لایەن هێزە دیموکراسییەکانەوە پشتگیرییەکانی شمیدت لە زیادبووندا دەبن.

لەوکات شمیدت لەو بڕوایەدا دەبێ، هیچ شتێک جێگەی هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ ئەمریکا ناگرێتەوە، لە یەکەم سەردانیشیدا وەکو ڕاوێژکاری ئەڵمانیا بۆ ئەمریکا گوتارێکی دا دوور لەو بابەتانەی لە خشتەی بەرنامەکانی ئەورووپی و ئەمریکیدا هەبوو. لەسەر قەیرانی ئابووریی بوو، کە یەخەی نیویۆرکی گرتبوو. بیانوی ئەوەبوو، نیویۆرک سەنتەرێکی جیهانییە، نابێ ڕووبەڕووی ئەم تەنگژانە بێتەوە، ئەگینا دەبێتە مایەی هەڵخلیسکانی ئەمریکا بۆ ئەو گێژاوە، دواتر خەڵک متمانەیان بە ئەمریکا نامێنێ، فۆرد

ئامۆژگاریەکانی شمیدتی پێ قبوڵ بوو، یا بڵێین لە کۆتایی خۆی گەیشتە هەمان ئەنجام.

لە ماوەی سەرۆکایەتیی فۆردا شمیدت هیچ دەرفەتێکی ڕەت نەکرد، بێ ئەوەی بڕوا و متمانەکانی بە ئەمریکا نوێ نەکاتەوە، لەسەر ڕێککەوتنی فلادیفوستوک شمیدت پرسیاری وای لێ دەکردین، نیشانەی شارەزایی بوو لەو ڕێککەوتنە، ئەوکاتەی لە لایەن سیناتۆر جاکسۆنەوە ڕووبەڕووی تانە و هێرش بووینەوە گوایە ئێمە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانمان پشتگوێ خستووە، شمیدت قسەمان پێ دەبڕێ و دەڵێ:

(ئێوە پێویستیتان بە دڵنیاکردنەوە نییە، ئێمە هیچ گومانێکمان نییە).

شمیدت بۆ ئەمریکا وای دەبینی، پرسی ڕەوشت لە پێشینەکانی بێ، جارێکیان هەردووکمان وەکو دوو هاوڕێ و ئەکادمیست لەسەر بابەتی شێوەی حوکمڕانی و دیموکراسییەکان دەدواین، ، شمیدت گوتی:

ئەوانەی باسی دەکەیت دەبێ تەنها لای برادەرانمان دووبارەی کەیتەوە، چونکە ئێمە هیچ گومانیکمان لە تواناکانی ئەمریکادا نییە بۆ چارەسەری کێشەکان.

دواتر لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ جێگرەوەی فۆرد لە ئامۆژگارییەکانی تووڕە دەبێ، کە گومان لەسەر ئەمریکا نابێ لە چارەسەری کێشەکان، ئیتر دوای ئەوە ڕەخنەکانی لەسەر سیاسەتی ئەمریکا زیاد دەبن، دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت و نەمانی هەژموونی سۆڤیەت لەسەر ئەڵمانیا.

پاش دوورکەوتنەوەی لە سیاسەت، نزیک بوونەوەی لە فەرەنسا، بووە پێشینەکانی کارکردنی لە شوێن نزیک بوونەوەی لە ئەمریکا. دیارە ئەوکاتەی لە دەسەڵات بووە، وەکو پشتگیریەکی سەرسەختی ئەتڵەسی و گەلانی ئازاد خۆی بینیوە.

خەسڵەتەکانی وەزیری دەرەوەی شمیدت (هانز دیتریش گینشر) تەواوکەری خەسڵەتەکانی خۆیەتی، یەکەم دیدارم لەگەڵ گینشر لە تەموزی ١٩٧٤ بوو، واتە دوای مانگێک لە دەست بەکاربوونی وەکو وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، (پێشتر پۆستی

وەزارەتی ناوەخۆی هەبوو)، لە باد ڕایخنهۆل یەکتریمان بینی، کە دەکەوێتە باشوری باڤاریا. ئەم شوێنە بۆیە دەست نیشانکرا، چونکە نیکسۆن لەم شوێنە پشوویەکی یەک ڕۆژیی دەدا بەر لەوەی بکەوێتە ڕێ بەرەو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، هەرچەندە دەتوانین بڵێین تێگەیشتنی گینشر بۆ پرسی سیاسەتی دەرەوە، کە لەو ماوە زووە ئەو پۆستەی گرتبووە دەست کەم و کورپیی هەبوو. بەڵام ئەو تا ڕادەیەکی زۆر بڕوای بە خۆیەوە هەبوو، هەر هەمان ڕۆژ، واتە لە ١١ی حوزەیران من ئەو تۆمەتانەم ڕەتکردنەوە، کە گوایە لە پرسی واتەرگێت Watergate سیخوڕی لەسەر تەلەفۆنەکان کراوە. داواشم کرد لە ڕێگەی لیژنەی کاروباری دەرەوەی سەر بە کۆنگرێس لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، ئەگەر بێ گوناه دەرنەچووم دەست لەکار بکێشمەوە. بەڵام گینشر لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە هیچ ئاماژەیەکی بە واتەرگێت Watergate نەدا، وەکو ڕووداوێکی ئاسایی و حاڵەتێک لە حاڵەتەکانی هاوشێوەی ئەوروپا مامەڵەی لەگەڵدا کرد، لە باتیی ئەمە جەختی لەسەر لادانی ئەو ناڕوونییە کرد، کە لەسەر پرۆسەی (ساڵی ئەوروپا) هەیە.

لە سێ ساڵەکانی دوایی من و ئەو بەیەکەوە هەماهەنگیمان هەبوو، کاتێکیش من لە پۆستەکەمدا نامێنم ئەو زیاتر دەچێتە نێو بنەوانی سیاسەتی دەرەوە و دەبێتە وەزیری دەرەوەی وڵاتێکی دەسەڵاتدار و پڕ شکۆی ئەوروپا، ئەڵبەت بە هۆی پێگەی بەهێزی ئەڵمانیا و ڕۆڵی تایبەتی خۆی.

من ڕێزی تایبەتی ئەو پیاوەم لە لا هەبوو بە خاڵە لاوازەکانیشییەوە، کە بریتیی بوون لە (سۆزدار و توند بوون لەسەر ئەو بۆچوونانەی خۆی بڕوای پێ بوون، بەڵام خۆی لە کاری ڕووبەڕووبوونەوە دوور دەخستەوە، هەستیار بوو بۆ لایەنی ناوزڕاندن) من هەمیشە لەگەڵ شێوازە تەکتیکییەکانیدا نەبووم، بەڵام ڕێزم لێی دەگرت.

گینشر لە ئەمانجەکانی نزیک ببووەوە، کە جووڵە و ڕەفتارەکانی هەندێکجار مەبەستەکانی دادەپۆشی، دیارە ئەمە مەبەستی خۆی بووە. هەروەها ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەتیش بۆ ئەو، بووە دەرفەتێک تێیدا خۆی بەهێز دەبینییەوە.

گینشـر دەبێـتە وەزیـری دەرەوە، چـونکە حـزبە بچـووکەکەی (حزبی دیمـوکراتی ئـازاد) کەمجـار وابـووە ڕێـژەی ٨% ی دەنگەکـان بە دەسـت بێنـێ. گینشـر لە هەردوو حکومەتەکەی شـمیدت و کـول پۆسـتی وەزاریـی وەرگـرت، ئەگەر لایەنگرێتیـی نەگۆڕیبـا هیلمـۆت کـول نەیـدەتوانێ ببێـتە ڕاوێژکـاری ئەڵمـانی ، ئەمە یەکێـک بـوو لە کـارە تەکتیکییەکـانی گینشـر، کە ئـێمە زۆر لەو یاریـانەی فێـر ببـووین، دوای سـاڵێک لەو هـەڵبژاردنەی لەگەڵ شـمیدت بەشـداریی کـرد، گینشـر پێـی ڕاگەیانـدم، ئەگەر حزبـی دیموکراتی ئازاد هاوپەیمانێتییەکەی نەگۆڕێ دەنگدەران وای بۆ دەچن، حزبەکەی گینشر کە لە ماوەی سێ هـەڵبژاردن بە هاوپـەیمانی حزبـی دیمـوکراتی کۆمـەڵایەتی بەشـداریی کردووە، بەشێکە لە دیموکراتخوازە کۆمەڵاتییەکان، بۆیە پێویست ناکا هێڵێکی سەربەخۆ بگرێتە بەر، لە پێناو ڕێگەگرتن لەم بەرنـامە، دەبـێ لەگەڵ حزبـی دیموکراسـی کریسـتی هاوپەیمانێتی ببەستین، بەڵام ئەو وەرچەرخانە کێشـەمان بـۆ دروسـت دەکـا: ئەگەر لەم زوانە ئەمە ڕووبـدا دەبێـتە مـایەی گـاڵتە، ئەگەر لە نزیـک هـەڵبژاردنی داهـاتووش بـێ، دیسان ئەو گۆڕانە لە لایەکەوە بۆ لایەکـی تـر هەرا و ئـاژاوە لەگەڵ خـۆی دەخـولقێنێ و زیان بە حزبی دیموکراتی ئـازاد دەگەیەنـێ، بەڵام گینشـر سـاتێکی باشـی بـۆ ئەم کـارە هەڵبژارد، گوێڕایەڵی فشارەکانی (ئوتو لامبسدروف) ی هـاوڕێی بـوو، تـا حـزبەکەی لەم کێشە وەدەرنێ.

ئەو باجەی دەبێ ئەڵمانیا لە ئەنجامی دواکەوتنی لە دەرکەوتن وەکو دەوڵەتێکـی نیشتمانی بیدا، بریتییە لە نەبوونی ڕێسایەک بۆ دیاریکردنی بەرژەوەندی نیشتمانی. ئەم کێشـە دووجـار چارەسـەرکرا، جارێکیـان لەسـەر دەسـتی ئوتوفـون بسـمارک، دوای یەکخستنەوەی ئەڵمانیای یەکگرتـوو لە نێـوان ساڵەکانی ١٨٧١-١٨٩٠، جارێکیشـیان بە هۆی کونراد ئەدیناور و جێگرەوەکانی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی.

بە هـۆی ئەوەی ئـەڵمانیا زۆرتـرین دراوسـێی وڵاتـانی ئەوروپـی هەبـوو، لە بەهێزترینیان بوو، بەڵام لە ڕووی هاوپەیمانیتییەوە لەگەڵ دراوسێکانی لاوازترینیان بوو، ئەمە بـۆ سیاسـەتی ئـەڵمانیا دەبێـتە مـۆتەکەیەک. ئەوەی مـایەی سـەیر بـوو ئـەڵمانیا ویستی ئەو هاوپەیمانێتییانەی لە ڕێگەی هەڕەشـە و بێزارکـردن بەر لە جەنگـی یەکەمـی

جیهانی لەناو بەرێ، کەچی بە پێچەوانە هاوپەیمانییەتیی لە نێوان وڵاتانی دەوروبەر دژی ئەو دروست دەبێ.

بسمارک بۆ ئەوەی لەم گرفتە دەرچێ زیرەکییەکی کەم وێنەی بەکار هێنا، لە پێناو گرفت دروست کردنیش لە بەردەم هاوپەیمانی دژەکانیدا، چەند یاریەک دەکا، لەم ڕووەوەوە زنجیرەیەک لە ڕێککەوتن و هاوپەیمانی دروست دەکا، کە ژمارەیان لە ژمارەی هاوپەیامنێتی ناحەزانی زیاتر بێ. ئەدیناور و جێگرەوانیشی بژاردەی سەرچاوەی باوەڕپێکراویان هەڵبژارد، بە پێی ئەو بەرنامەی ئەدیناور گوایە لە سەردەمی ئەڵمانیای نازی گومان لە شێوازی بسمارک دروست بووە لەسەر نیانیی بەدەر لە ڕەوشت. دواتر ئارەزووی ئەڵمانییەکان بۆ شێوازی ڕۆمانسی زیانی پێ گەیاندبوون، لای ئەدیناور چارەسەریەکان پابەندکردنی ئەڵمانیای بسمارک بە خۆبەستنەوەی ئەتڵەسی و دواتریش ئەورووپی بوو.

کە گینشر دێتە سەر شانۆ هەوڵی ئازادکردنی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی دەدا، پێی وابوو کۆتوبەندکراوە بە نزیک بوونەوەی لە ئەدیناور. لەو ماوە هەستیارەش کە ئەڵمانیا یەکدەگرێتەوە، دەکرێ ئەو پێشنیارەی کردبێ تا ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتیی سۆڤیەتی ئەڵمانیا بە هێمنی و ئارامی لە تەک هاوپەیمانەکانی بوەستێ، بەڵام ئەم ئاڕاستە ئەوە دەگەیەنێ، یەکگرنتی ئەڵمانیا لە نێو ئەجنداکانی نێودەوڵەتی ون کرابێ، چونکە لە نێو هاوپەیمانەکانی ئەڵمانیا هیچیان پێیان وانییە یەکگرتنی ئەڵمانیا واتە بەرژەوەندی نیشتمانی ئەڵمانیا، هیچ وەزیرێکی دەرەوەی ئەڵمانیاش ناتوانێ دەست بەسەر ئەم بیرۆکەیەدا بگرێ، بە تایبەت ئەوانەی ڕەگەزیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات وەکو گینشر، کە سۆزی لە زێدی خۆی دوور ناکەوێتەوە.

لە ڕاستیدا زیرەکی گینشر لە جێبەجێکردنی تەکتیکی ڕزگاری یەکجارەکیی بۆ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا جێگیر بوو، هاوڕێیانی لەم نەخشەی سەرسام بوون، بەڵام ئەو ئێمەی دڵنیا کرد و پەیمانی پێداین، کە دوای یەکگرتنەوەی وڵاتەکەی هاوسەفەرمان دەبێ بۆ شارەکەی. مەزندەی ئەوەمان نەدەکرد ئەو پەیمانە وا زوو بێتەدی، دیاربوو

گۆرباشۆفیش بڕوای پێ هێنابوو، کە پێگەی ئەو لەو ئاستەدایە ڕێگریی لەم خواستەی بکات، بەڵام ئەوەتا ئێمە ئێستا لەگەڵی داین، وا دیاریشە کە بڕواکانی گینشر ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە بووە.

بە دڵنیایی مێژوو ئاماژەیەکی باش بەو هەنگاوەی یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا دەدا، بەڵام ئەوەی مایەوە پەیوەندییەکانی ئەتڵەسییە، زۆربەی ئەو ستراتیژییەتانە بۆ کۆل دەگەڕێنەوە، بەڵام گینشر جێ پەنجەی لەم ئەرکە دیاربوو، پرۆسەکەی لە کەناڵە تەسکەکان بە وشیاری و زیرەکیی خۆی لە نێوان وڵاتە زلهێزەکان و دراوسێ زەبەلاحەکان دەبردە دەر، هەمیشە ئەمەی لەبەر چاو دەگرت، ئەگەر ئەڵمانیا بە نارێکی و نائارامیی سیاسەتەکان ببات بەڕێوە، کارەسات بۆ ئەوروپا و دراوسێکانی دەخولقێنی، فشاری زیاد لە پێویست بۆ یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا مەترسی لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوایەتیی دروست دەبێ، ئەگەر سیاسەتەکانیشی لەگەڵ سیاسەتی هاوپەیمانان گونجاند، ئەوسا هەرگیز یەکیەتیی ئەڵمانیا دروست نابی، گینشر لە نێوان ئەو دوو ڕێڕەوە توندە کەشتییەکەی بەڕێوە برد ، بە هۆیەوە پێگە و دەسەڵات و بایەخی بۆ وڵاتەکەی دەستەبەر کرد.

### ڤالیری جیسکار دیستان-فەرەنسا:

## هاوپەیمانێکی لایەنگر یان ڕەخنەگرێکی بێزارکەر؟



لە ئایاری ١٩٧٤ کە ڤالیری جیسکار دیستان دەبێتە سەرۆکی فەرەنسا، هەگبەیەکی پڕاوپڕ لە کێشەی نێوان فەرەنسا و ئەمریکای بۆ جێمایەوە، هەر لایەکیان پاساوی خۆی هەبوو، بۆ گومان لە یەکتری کردن، ئێمە لە لای خۆمانەوە دژی تەکتیکە یەکلایەنەکانی فەرەنسا بووین لەسەر ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی وزە. فەرەنسامان بەوە تۆمەت بار دەکرد، دەست دەخاتە نێو یەکگرتنەوەی ئەوروپا و هەستی دەستگرتن بەسەر ئەوروپای هەیە.

ناکۆکییەکانمان لەسەر سیاسەت کەمتر بوون، لە ناکۆکییە فەلسەفییەکان، کە بریتیی بوون؛ لە چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ نەتەوەکان، سیاسەتوان و پیاوانی دەوڵەتی ئەمریکی، کە هەموویان خوێندکاری سیاسەتی ولسنی بوون، هەمیشە دووپاتی ئەوەیان دەکردەوە کە هاوپەیمانێتی دەمان گەیەنێتە ئەو ئاستەی شان بدەینە بەر باری قورسی ئەوانی دیکە، چونکە بەرژەوەندییەکانی دیموکراسی لە زیادبووندایە، بۆیە هەر لایەنێکی هاوپەیمانی دەبێ شان بداتە بەر بەشێکی، بۆیە کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری لە نێوان ئەو هاوپەیمانانە لە کۆبوونەوەی خاوەن پشکەکانی کۆمپانیاکان دەچێ، کاتێک دادەنیشن لەسەر پشکەکانیان گوتوبێژ دەکەن.

زانا ئەمریکییەکان ئەم بڕوایەیان نەهێشت، کە گوایە ئالۆزی و کێشە لە ئەتڵەس لە دەرەنجامی ناهاوسەنگی هێزە، ئەوکاتەی ئەوروپاش بێتەوە سەر هێز و شەنگی خۆی ئەوسا ئەم ئالۆزیانە نامێنن، لەم ڕوانگەیەوە ئەمریکا ئارەزووی بۆ یەکێتی ئەوروپا هەبوو، بۆ ئەوەی هاوکاریەکانی لەگەڵ وڵاتانی باکوری ئەتڵەسی زیاد بکەن. هیچ کەسێک لە فەرەنسا بڕوای بەم شیکاریە نییە، لە سەردەمی سیشیلیۆوە لە سەدەی حەڤدەهەم، فەرەنسا بڕوای بە بنەمای تۆڵە و سزابوو، هەر خۆی فەرەنسا کەم بایەخ بە شێوازی گوتوبێژ دەدات، ئەگەر بە بژاردەکانی دیکەی بەراورد پێ بکەین.

توانای ئاستی ڕەتکردنەوەی هاوکاری دەسەڵاتی دەوڵەت دیاری دەکا، ئەوکاتەی داواشی لێ کرا هاوکاری لەگەڵ هێزێکی لەخۆی بالآتر بکات، کاردانەوەکانی ئەرێنیی بوون، هە خۆرسک کاردانەوەی ئەرێنییان هەبوو، لە باتیی ئەوەی ڕۆڵێکی بالآ بە هاوپەیمانە بەهێزەکەی بدا، هەوڵی نزمکردنەوەی ئاستی هێزی ئەوەی دەدا، بەو هۆیەوە توانای چارەسەری کێشەکان کەمتر دەبوونەوە، ئەم هەڵوێستە دیگۆل پێناسەی بۆ کردووە:

(لە سنوردارکراودا شوێنی ئارەزوو نابێتەوە).

ئەم دونیایە بە هێز گەمارۆ دراوە، پڕیەتیی لە خاوەن هێزی ناکۆک، ئازایەتیی مرۆڤ لەوەدابووە، ڕێگە نەدا ئەو ناکۆکیانە بگەنە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوە و بەگژیەکدا

چوون و دواتر خوێن ڕشتنی لێ بکەوێتەوە. بەڵام کێبڕکێ لەسەر هەوڵەکان مەرجی ژیانە.. لە دوا لێکدانەوەدا دەرکەوتووە، دونیا ئاشتی بەخۆیەوە نابینێ تەنها لە حاڵەتی هاوسەنگی نەبێ.

بە پێی بۆچوونی فەرەنسی؛ میلەتان لە پێناو هەڵگرتنی باری قورسی یەکتری قوربانی نادەن، بەڵکو لە پێناو ئامانجێکی سیاسیی هاوبەش دەیدەن. ئەورووپای یەکگرتوو ئەم ڕاستیە دەزانێ، کە ئەم یەکگرتنە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ئەمریکا و بەرژەوەندیەکانی ئەورووپی بە ئەنجام دەگەیەنێ.

ئیدارەی نیکسۆن کە بۆ بەرژەوەندیەکانی نیشتمانی سیاسەتێکی کراوەی گرتبووە دەست، ئامادەیە هاوکاری لەگەڵ فەرەنسا بکا، ئەگەر دەست بە بڕیارە نیشتمانییەکانەوە بگرێ، بەڵام بە تێپەڕبوونی کاتەکان و هاتنی فۆرد، پۆمپیدۆ زیاتر نەخۆش دەکەوێ، لە لایەن جوبیرەوە هان دەدرێ و لە تاکتییکەکانی ئەمریکاش بێزاردەبێ، بۆیە سەربەخۆیی وڵاتەکەی بە ڕووبەڕووبوونەوە بەستەوە، لە ماوەی شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فەرەنسا بە تەواوەتی خۆی لە ئەمریکا جودا کردەوە، ڕەتیکردەوە هاوکاری دیموکراسییەکانی پیشەسازی بکات، بۆ چارەسەری قەیرانی وزە، هەوڵی دا ئەورووپا بخاتە دوای دبلۆماسییەتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئێمە پێمان وابوو ئەمە بۆ پرسی ئاشتی زیانبەخشە. هەروەها کێشەی بۆ هەموو دەستپێشخەرییەکانی ئێمە لە میانی (ساڵی ئەورووپا) دروست کرد.

لە ڕاستیشدا دبلۆماسییەتیی فەرەنسا هەوڵی ئەوەی دەدا، دان بە فەرەنسا بنرێ یا وەکو ئەلتەرناتیفی ئەمریکا هەڕوەکو دیگۆل بانگخوازی بۆ کردبوو، یا وەکو ڕێکخستنێکی ئەورووپیی یەکگرتوو، تا ببێتە قورساییەکی هاوسەنگ لەگەڵ ئەمریکا. ئاماژە بە گوتەیەکی والتەر شیلی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا دەدەم لە ئاداری ١٩٧٤، گوتی: جوبیر وا بیر دەکاتەوە، کە ئەمریکا بە نیازە دەست بەسەر ئەورووپادا بگرێ، دیارە سیاسەتەکانی فەرەنساش بۆ لە بەینبردنی ئەو مەزندانە بوونە، بە لەیەکچوونی ئەم بیرکردنەوە پێشنیاری سیاسەتێکی هاوبەشمان لە فەرەنسا کرد لەسەر پرسی وزە

لە ژاپۆن، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا وا لێکی دایەوە، ئێمە دەمانەوێ ئەورووپا قۆرخ بکەین. پێیان وابوو بەستنی پەیوەندییەکان لە نێوان ئەمریکا و فەرەنسا و ژاپۆن دونیا گەمارۆ دەدا و دەرفەت بۆ ئەمریکا دەرەخسێ دەست بەسەر دونیادا بگرێ، ئەمە بە گوێرەی گوتەی شیل.

ئەوکاتەی فەرەنسا بە ناوی ئەوروپا قسەی دەکرد لە هەمان کاتدا گلەییشی لە هاوپەیمانە ئەورووپییەکان دەکرد، دەیگوت:

( ئەڵمانیا لەلایەن ئەمریکاوە پارێزراوە)، ئەدوارد هیت تاقە ئەورووپیە لە بەریتانیا، ئیتاڵیا لاواز و سەرگەردانە، بەڵام لە پێناو بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ئەڵمانیا فەرەنسا هیچ دەرفەتێکی لەدەست نەدەدا بەتایبەت لە سەردەمی پۆمپیدۆ، داواشی لێ کردووە بەشداریی لەگەڵدا بکا بۆ نزیک بوونەوەی لە ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەت، دواتر هەوڵیان داوە مۆسکۆ بێننە ڕیز خۆیانەوەو ئەو تێبینییە لە هزری وڵاتان بسڕنەوە کە گوایە پاریس نوێنەرایەتی مۆسکۆ دەکا. کێشەی سیاسەتی دەرەوەی فەرەنسا لەوەدایە خاوەنی ئامرازی تەواوی جێبەجێ کردنی هەمان یاساو ڕێساکان نییە کە بە درێژایی سەدەکانی پێشوی حەڤدەو هەژدە هەیبوو. فەرەنسا کاتی خۆی بەهێزترین دەوڵەتی ئەوروپا بوو بەڵام ئێستا ئەو پێگەی لەدەست داوە کە شان لە شانی ئەمریکا بدا، کە سەرکردە ئەورووپییەکانی ناتۆ دەکەونە بەر بژاردە لە نێوان ئەمریکا و فەرەنسا ، بەهۆی هەڵوێست و لاوازی فەرەنساوە ئەمریکا هەڵدەبژێرن. ئەمە لە سەردەمی شەڕی سارد ڕوویدا. نزیک بوونەوەی ئەو سەرکردانەش کێشەی بۆ بیرکردنەوەی فەرەنسی دروست کرد، پێی وابوو بەم نزیک بوونەوانە هاوکێشەی ئەوروپا یا پەیوەندیەکانی نێوان دوو هێزە زەبەلاحەکە گۆڕانی تێدەکەوێ، ئەم هەڵوێستانە بۆ فەرەنسا دەبوونە مایەی شۆکبوون چونکە لە ڕاستیدا ئەوان دانیان بەوە نەدەنا کە فەرەنسا ئەوە نییە بتوانێ بەتەنیایی ئەنجامەکان ڕێکبخاتەوە.

لەگەڵ ئەوەشـدا سـەرکردە فەرەنسـییەکان بە هەمـوو تواناکانیـانەوە هەوڵـی ئەوەیان دا، دان بە ئاراستە و ڕەوتـی سـەربەخۆیی وڵاتەکەیـان بنـرێ، ئامرازەکـانی ئەم بۆچوونەش بریتیی بوون لە:

١- بە توندی سوربوون لەسەر بەرگری نیشتمانی.

٢- نێویاندا کاردانەوەی ئەتۆمیی سەربەخۆ.

٣- داننـان بە گرنگـی هێـزی سـەربازی ئەمریکـی بـۆ ڕاگرتنـی پارسـەنگی هێـز لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت.

٤- وێڕای ئەوەی فەرەنسا بانگخوازی پشتبەستن بە خود دەکا، تـرس لە بـووژانەوە و سەرهەڵدانەوەی ئەڵمانیا، ترس و هەستیاری لە تێکچوونی هاوسەنگی نێـودەوڵەتی، لە نێویاندا گەڕانەوەی چین بۆ سەر شـانۆی جیهـانی، بە پێویسـت زانینـی کـرانەوە بەڕووی یەکێتیـی سـۆڤیەت، لانـیکەم بـۆ دڵنیـاکردنەوەی ڕای گشـتی نـاوەخۆ و هاوسەنگ بوون لەگەڵ ئەمریکا و ئەڵمانیا.

ڕەزامەندیمان لەسەر گەلێک پێکهاتەی سیاسیی دیگۆلی دەرەوەییدان، هەرچەندە لە ئـاوازی یەکگرتنیـان دەخوێنـد و بێزارکەربـوون، هەنـدێکجاریش مـایەی مەترسـی و دڵەراوکـێ بـوون، وامـان دایە قەڵـەم، سیاسـەتەکانی فەرەنسـا هەسـتکردنن بە بەرپرسیارێتی، بۆ بەشدارییەکی کارا، لە پێناو دامەزراندنی سیستەمێکی جیهانی نوێ.

زۆربەی ناکۆکییەکانی نێوان ئەمریکـا و فەرەنسـا کێشـەی بـوون، دبلۆماسـییەتی بەریتانیا جەختیان لەسەر هاوبەشی لە چارەسـەری زانسـتییانە دەکـرد، بەڵام سـەرکردە فەرەنسـییەکان دەسـتیان بە بیـردۆزو پێشـبینییەکانەوە گرتبـوو. هەنـدێک جـاریش خـۆ بەزلزانین بە سیما و ڕووخساریانەوە دیاربوو.

بەریتانیا هەوڵی هاوکارییدا، لەم میانە لە دەوری فەرەنسا خـولایەوە بـۆ ئەوەی بۆچوونێکی وا بخـولقێنێ، کە گـوایە فەرەنسـا توانیـویەتیی ئەوەی ئـێمە مەبەسـتمانە و

کاری بۆ دەکەین، وەدەستی بێنی، بەریتانیا توانیی ئەم شێوازە بێزارکەرەی فەرەنسا بە زیرەکی و دبلۆماسییەتی هارولد ولسۆن لە سییەکانی سەدەی بیستەم دەرخا:

دەستەی دبلۆماتکاری فەرەنسا، بە کەسانی زیرەک و خاوەن ئەزموون دەوڵەمەند کراوە، فەرەنسییەکان خاوەنی تێبینیی و سەرنجی ورد و هۆکاری ڕازیکردنن، شایەنی ڕێزن، بەڵام گیانی لێبووردەییان نییە، تاکی فەرەنسی بڕوای وایە، لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە خاوەن ئاستێکی بەرزترە، بەشێوەیەک هەندێکجار توانای خۆڕاگریان نامێنی. ئەو تێر هزریەیان تووشی لەسەرخۆچوونیان دەکا، گوایە خاوەنی کەمتر ئەقڵ توانای کەمتر بیرکردنەوەی هەیە. گوایە کەم ئەقڵ تووشی ئاڵۆزی و شاشی دەبێ بۆیە لە خۆیان دەگرن لەگەڵیاندا بەڕێدا بچن، بەڕێدا چوون لەگەڵیان مایەی بێزاری و شەرم لەخۆکردنە، کەچی تەنها چەند چرکە ساتێکی کورتی دەوێ تا دەگەڕێتەوە دۆخی چالاکی خۆی.

لەو دەمە بەڵکو سەرکردە فەرەنسییەکان بە شێوازێک هەڵسوکەوت دەکەن، کە هەست بە خۆ بەزلزانین دەکەن، بەڵام بەرپرسە ئەمریکییەکان بایەخ بەم حاڵەتانە نادەن، ئەوەتا بەریتانیا لە تەک ئێمە شەڕی بردەوە، بەڵام فەرەنسا بە هۆی ئەم بیرکردنەوانە تووشی شکست و کاولکاری هات، پێگەی بەریتانیا لەو ئاستەدا بوو، هاوبەشی کولتووریی لەگەڵدا ئەنجام بدەین و لە ماوەی شەڕدا، پەیوەندیەکانی لەگەڵدا بنیاد بنێین، بەڵام فەرەنسا ئەمەی نەکرد و ڕووبەڕووی شەڕ و داگیرکاری بووەوە.

پێگە: سەبارەت بە فەرەنسا، کە لە هەوڵی دووبارە ناساندنی ڕۆڵی نیشتمانپەروەری دایە، پێی وایە پێگە شێوەیەکە لە شێوەکانی شۆڕش.

ئەمریکا لە توانایدا بوو، لە بەرانبەر پێداگرییەکانی فەرەنسا لەسەر ئیدارەی خۆسەری هەڵوێستێکی نیانتر بنوێنی و وەکو قۆناغێکی نوێ بۆ بووژاندنەوەی نیشتمانپەروەری مامەڵەی لەگەڵدا بکا، چونکە زۆربەی سەرکردە ئەمریکییەکان ئەمەیان پێ باش بوو لە نێویاندا منیش.

بە سێ مانگ بەر لە جیرالد فورد، ڤالیری جیسکار دیستان دەسەڵات دەگرێتە دەست، پەیوەندیەکانی ئەمریکا و فەرەنسا لە بێزاریەوە دەچێتە قۆناغێکی نزمتر بۆ لێوار ڕووبەڕووبوونەوە، بەڵام سەردەمی دیستان چووە قۆناغی هاوبەشی، ئەو بوو ئاستی پەیوەنییەکانی بەرزکردەوە.

دیستان بەشداریی لە کارەساتەکانی سییەکان و چلەکان و شەڕی جەزائیردا نەکردووە، ئەمە بۆ ئەو تۆمارکردنی خاڵی ئەرێنیی بوون، یەکەم سەرۆکی فەرەنسی بووە بە پاراوی و بێ خۆدزینەوە بە ئینگلیزی دواوە، دوایین کەس بووە لە گوتوبێژەکانی ئەنگلۆ ساکسۆنی و ئامادە بووە بەشداریی تێدا بکا، دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنەکان شکست بە دیگۆلیست وسۆشیالیستەکان دێنی، بیروڕای مارکسیزم و هەڵوێستە پاڵەوانییەکانی لە سەرۆکایەتیی فەرەنسی دادەبڕێنی.

دیستان دەرچووی کۆلێژی زانستە تەکنیکییەکانە، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی دەزگەی زانستی فەرەنسی، بۆیە لە نێو سەرکردە فەرەنسییەکاندا کەسێکی زانا و زیرەک بوو، هەرکە ڕووخساری کەسایەتیی دەرەوەی ڕەت دەکەی، کەسایەتی ناوەوە و ناخی گەرم و ئارامیت بۆ دەردەکەوێ، دیارە خەسڵەتی تایبەتی زۆربەی سەرکردەکان توندوتیژیە، بەڵام خەسڵەتی دیستان توانای شیکاری و لێکدانەوە بوو، یەکێک بوو لەو سەرکردە فەرەنسییانەی لە پێش هەموویانەوە بوو لە ڕووی ڕزگاربوونیان لە پەتای نەتەوەپەرستی و ناوچەگەرێتی.

دیستان لە ڕووی هزر و دبلۆماسیەتەوە سەرکەوتنی باشی وەدەست هێنابوو، بەڵام بە هەڵە لێی وەرگیرا. دیستان سەرۆکێکی گرنگ بوو، تاقە سەرۆکی فەرەنسا بوو لە کۆماری پێنجەم لە هەڵبژاردن بدۆڕێنێ، سەرجەم سەرۆکەکانی دیکە، یا لە کاتی سەرۆکایەتیی دەمردن، یان خانەنشین دەکرێن. کەسێکی ئۆروستۆکراسی بوو، بۆیە هاوسەنگکردنی ئەم هەڵوێستە لای فەرەنسییەکان قورس بوو. کاری سەرۆکایەتیی بە ڕەفتار بورژوا و لە ناوەرۆکدا پادشاگەر بوو.

سـەیربوو لایەنــی زیــادە خەرجیــی لە پۆشـینی کەسـایەتیی بـووە مـایەی ڕق لێبوونەوەی خەڵکی فەرەنسی و دڵنیا نەبوونی کۆمـەڵایەتی، مەترسـییە مەزنەکەی سـەر چارەنووسی سیاسیی دیستان بنکەی سیاسیی بوو، لە نێـوان ڕاسـتڕەوە دیگۆلیسـتەکان بە هـۆی پیـادەکردنی هاوکـاریی نێـودەوڵەتییەوەی و چەپـڕەوە مارکسیسـتەکان، کە بە هۆی لایەنگریی بۆ ئابووریی بازاڕەوە گومانیان لێی هەبوو، گەمارۆ درابوو. وێڕای هەمـوو جیاوازیەکـانی نێـوان فـۆرد و دیسـتان، هاوبەشـبوون لە ڕووبەڕووبـوونەوەی کێشـەی ناوەخۆی هاوشـێوە، هەردووکیـان نـوێنەرایەتیی چینـی مامناوەنـدیان دەکـرد و لە لایەن هێزی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستڕەوی خۆپارێزەوە فشاریان لەسەربوو.

جارێکیان پۆمپیدۆ پێی گوتم:

(لاوازی دیسـتان وەکـو سیاسـەتوانێک، لەوەدایە ئەو پێشـینەی کارەکـانی لە ڕازیکردن و هێورکردنەوەی ناحەزانییەتی، لە باتیی ئەوەی بـنکەی جەمـاوەری سیاسـیی پـتەو و بەهێـز بکـا، ئەم جـۆرە سیاسـەتوانانە چارەنووسـیان دۆڕانە)، پۆمپیـدۆ دۆخـی تایبەتی دیستانی بەهەند وەرنەگرت، چـونکە سـەرکردەی ڕاسـتڕەوی نادیگۆلیسـت بـوو. خۆی ئەو هەڵە مەزنەی کرد، لە دەرەوەی دیگۆلیسـتەکان مـایەوە، چـونکە ئاسـان نییـە تورەیی ڕاستڕەوان هێـور بکـرێتەوە، تـاقە دەرفەت لەبەردەم دیسـتان ئەوەیە بگەڕێـتەوە ڕیزی دیگۆلیستەکان، بە دڵنیایی ئەوکات دەبێتە باشترینیان.

جارێکیـان دیسـتان پێـی گـوتم، ئەگەر دووبـارە هەڵبـژێـردرێتەوە دەتـوانێ بـاڵی میـانڕەو لە سۆشیالیسـتەکان بێنێـتە نێـو حکـومەتی مامناوەنـد. ئەم ئومێـدەی سـەری نەگــرت، چــونکە هــەڵبژاردنەکان لە کــاتێکی نەگونجــاو ئەنجامــدران، لە دەرەوەی دەسـەڵاتەکانی دیسـتاندا بـوون. بە هـۆی ڕووخـانی شـای ئێـران لە ١٩٧٩ قەیرانـی وزە دروسـت دەبـێ، بەو هۆیەشـەوە حاڵـەتی هەڵاوسـان و قەیرانـی ئـابووریی لە ئەوروپـا سەرهەڵدەدا. بووە مایەی لاوازبوونی پێگەی سیاسیی سەرکردەی دیموکرات، لە ١٩٧٩تا ١٩٨٢ هەر گۆڕانکارییــەک ڕووی بــدابا، یەکێــک لە ســەرکردەکان لە بــازنەی ئەو ئایــدیۆلۆژیایە دەردەچــوو، کە خۆیــان بنیادیــان نــابوو. لە ئــەڵمانیا و بەریتانیــا

سەرکردەکانی پارێزگاران شوێنی سەرکردە سۆشیال دیموکراتەکان دەگرنەوە، بەڵام لە فەرەنسا سەرۆکی سۆشیالیست فرانسوا میتیران شوێنی دیستانی پارێزگاری میانڕەو گرتەوە.

وێڕای ڕێنما و بنکە سیاسیەکانی، دیستان جەختی لە پەیوەندیەکانی ئەمریکا و فەرەنسا دەکردەوە، لەم سیاسەتە سۆشیالیست و پارێزگارەکان لێی دڵخۆش نەبوون، کۆنگرەی ناتۆ لە حوزەیرانی ١٩٧٤ لە ئۆتاوا دەبەسترێ جان سوڤانارگ وەزیری دەرەوەی توانیی لەو کۆنگرە ئەو کەمە ناکۆکییە هەڵپەسێردراوانەی لەسەر (سالی ئەورووپا) ماونەتەوە چارەسەریان بکا، ئەمەش لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی ئامانجە دوورخایەنەکانی ناتۆوە، هەر چەندە ئەو دەستپێشخەریە لەو ماوە هیچ سەرکەوتنیکی بە دەست نەهێنابوو، بەڵام کۆتایی هاتنی کۆنگرە بەم شێوە مایەی سەرکەوتن بوو، کە لانیکەم ناکۆکییەکانیان چارەسەرکرد و هاوکاریەکانیش پەرەیان سەند.

لە مانگە بەراییەکانی دەست بەکاربوونی دیستان و فورد، هەندێک ناکۆکیی لەسەر سیاسەتی وزە دروست بوون، لە بەشەکانی داهاتوو دێینە سەر باسکردنیان. بەڵام بە دیدەنی فۆرد و دیستان لە کانونی یەکەمی ١٩٧٤ چارەسەر دەبن، دیارییکردنی شوێنی کۆنگرەی لوتکە یەکێک بوو لە کارە پەراوێزییەکان، کە بە درێژایی مێژوو تەمومژی خستە سەر پەیوەندیەکانی ئەمریکا و فەرەنسا. تا فۆرد نەچێتە پاریس دیستان ناتوانی بچێتە واشنتۆن، چونکە دوایین سەردانی پۆمپیدۆ بۆ واشنتۆن لە ١٩٧٠ بوو دوای ئەوە سەرۆکی ئەمریکا سەردانی پاریسی نەکردووە، دیارە نیکسۆنیش بە ڕەچاوکردنی هاوپەیمانانی ئەورووپی سەردانی پاریسی نەکردووە، تا هەستیان بریندار نەکا.

بەو هۆیەوە پۆمپیدۆ و نیکسۆن دووجار یەکتریان لە دوورگەیەک بینیوە، کە خاوەندارێتیی بۆ هیچیان ناگەڕێتەوە: دوورگەی ئەزوەر لە ١٩٧١، دوورگەی ئایسلەندا لە ١٩٧٣. بۆ دیداری فۆرد و دیستان ئامادەکاری لە مارتینیک کراوە بۆ دیسەمبەری

١٩٧٤، مارتینیک کەرتێکە لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە فەرەنسایە، واتە دەکرێ فۆرد ئەم سەردانە بە وەڵامی سەردانەکەیان بزانێ.

دیستان بە وشیاری مامەڵەی لەگەڵ ئەم دەرفەتەدا کرد، دانیشتنەکە لە سەیرانگەیەکی خۆشگوزەر ئەنجام درا، تا پشوویەکی باشی لێ بدەن، دوور لە هەموو شتێک، هەردوو سەرۆک و وەزیرەکانی دەرەوەیان بە جلی وەرزشی دانوستانەکانیان ئەنجامدا، دیستان گۆمێکی مەلەوانیی کردە شوێنی یەک لەو دانیشتنانەی، ئێمە هەرچوارمان باسمان لە کۆنگرەی ئاسایشی ئەورووپی دەکرد و لە هەمان کاتیشدا دەست و پێکانمان لە نێو ئاودا دەجوڵاندن.

بابەتەکان بریتیی بوون لە ئەجنداکانی ئەتڵەسی: ستراتیژییەتیی ناتۆ، پەیوەندیەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. پرسی وزە، دیستان بابەتێکی خستە ڕوو، کە نزیک بوو لە دڵی فەرەنسییەکان: دوارۆژی کەمبۆدیا، باڵوێزیان لە چین (ئەتیان ماناه) بڕوای پێ هێنابوو، کە دەکرێ فەرەنسا میانگێری لە نێوانیاندا بکا بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکەیان. من و فۆرد ڕازی بووین، ئەو ڕۆڵە بگێڕێ، بەڵام کاتەکە بەسەر چووبوو. چونکە خمیرە سورەکان، کە لەسەر لێواری سەرکەوتندا بوون ڕازی نەدەبوون دانوستان بکەن، بە تایبەت ئەو کاتەی کۆنگرێس فیشەکی میهرەبانی لە جەستەی کەمبۆدیادا، بە دەرکردنی بڕیاری وەستانی هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانە کەمبۆدییەکانمان.

بابەتەکان دیار بوون، بەڵام دۆخەکە لەبار نەبوو، فۆرد وەکو پیشەی هەموو جارێکی ڕاستەوخۆ دەچێتە نێو بابەتەکەوە، لە کۆنگرێس دەنگێکی بۆ درا، تا دەستکراوەبێ، بۆ چوونە نێو هاوپەیمانی ناتۆوە، وەکو خۆی گوتەنی. ئەمە ئەو پرسە بوو، ئاسان نەبوو لێی تێبگا، بەیاننامەکانی فەرەنسی، تێیدا توانا و پێگەی ئەمریکا بە لاواز نیشان دەدا، پێمان وابوو ئەمە ڕاست نییە، ڕاستەکە هەردەبێ هەندێک ناکۆکیی هەبن، بەڵام ئومێد دەکەین لەیەک تێگەیشتن و چارەسەریان هەبێ.

دیستان بە پاراوی وەڵام دەداتەوە:

لە پێناو تێگەیشتنی پەیوەندیەکانمان، دەبێ لە قەوارەی ڕێژەی یەکتری بگەین، فەرەنسا بە هۆی ژانی سیستەمی سیاسیی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، تووشی ڕیسوابوون هات، کاتێکیش دیگۆل دێت هەوڵ دەدات شکۆی فەرەنسا بگێڕێتەوە، بە دوژمنایەتییکردنی هێزە زەبەلاحەکان دێتە دی، بۆ نموونە:

وەزیرەکانمان بۆ ئەوەی بچنە واشنتۆن دەبووایە پێشتر ڤیزا وەرگرن، لەکاتێکدا کەساتییە باڵاکانی ئەمریکی بە فڕۆکەی تایبەتی ئەمریکییەوە دەهاتنە پاریس و بە ئۆتۆمبێل پێشوازیان لێ دەکرا، ئەو کاتەی کینیدیش سەرۆک بوو، بەبێ ڕاوێژ ڕۆژنامەکانی ئەمریکی ناوی سەرۆکی نوێی ناتۆ ڕادەگەیەنێ. ئەم ئەمری واقیعە نابەرانبەرە، ژیانی فەرەنسییەکان بۆ پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکا و فەرەنسا هەستیارە، کۆمۆنیستەکان لەسەر ئەم ئاوازە دەخوێنن، بۆیە ئەمە پاساوی سەربەخۆیی و سەروەری ئێمەیە.

فۆرد پێشنیاری کرد لە هەموو ئاستەکان دانوستان بکرێ تا بگەینە هەڵوێستی هاوبەش. ئەگەر دبلۆماتکارێکی درەوشاوە پێداگری لەسەر ئەم بابەتە بکات، ئەوا پشت گوێ دەخرێ، گوایە ئەمە تەنها دەستەواژەی دبلۆماسین بەکارهاتوون، بەڵام فۆرد هەمیشە ئەوەی گوتویەتیی ناخ و مەبەستی بووە. دیستان بەشداریی لە نیازپاکیمان کرد. بەڵام هەموویان لەسەر دەلاقە دانران.

هەردووک سەرۆک لەسەر ئەوەش ڕێککەوتن، ئەمریکا بۆی هەیە بە تەنیا لەگەڵ وڵاتە ئەوروپییەکان دانوستان بکات، ئیتر فەرەنسا چیتر هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی بێزار ناکات لەسەر ئەم بابەتە و هەوڵەکانیشی بۆ یەکخستنی ئەوروپا بەردەوام دەبن. ئەمریکا گرفت بۆ فەرەنسا دروست ناکا بۆ ئەم بابەتە و هیچ لایەکیشیان هەوڵی لاوازکردنی هەڵوێستی یەکتری نادەن، پێشتر ئاگاداری یەکتری دەکەنەوە بۆ هەر دەستپێشخەرییەک.

لە دیداری مارتینیک دەستەیەکی ناوەخۆ بۆ کاروباری هاوپەیمانێتی دروست دەبێ، زۆر بە ئیدارەی پێشنیارکراوی دیگۆل دەچوو، هەریەک لە فۆرد و دیستان و کالاهان و شمیدت، متمانەیان ئاڵۆگۆڕ کرد و دۆستایەتیان خۆش بوو، هیچ ناکۆکییەکیی

عاسێ بوو لە نێوانیاندا نەمایەوە، گەیشتنە ئەو بڕوایە؛ بە بوونی ڕێز و حورمەت دەکرێ هەموو گرفتەکان چارەسەر بکەن، توانیان بەیەکەوە چوار دیداری لوتکەیی دراماتیکی لە ماوەی یەک ساڵدا ئەنجام بدەن، ئەمەش بووە مایەی دروست بوونی ئاڕاستەیەکی نوێی دیموکراسییەکانی پیشەسازی، کە بەشێک بوو لەو هێزەی ماوەیەک بوو لە دەستپێشخەریەکەی (ساڵی ئەوروپا) بە دوایدا دەگەڕاین: لوتکەی سەرۆکەکانی ناتۆ لە ئایاری ١٩٧٥ و کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی لە تەمووز و لوتکەی ڕامبۆلیە بۆ دیموکراسییەکانی پیشەسازی لە تشرینی دووەم و دوا کۆبوونەوەی لوتکە لە پورتوریکۆ دوای نۆ مانگ. ئەم کۆنگرانەی لوتکەی ئابووریی لەو کاتەوە دەبێتە کۆبوونەوەی ساڵانە و بە تەواوەتی لە ڕۆژنامەی نێودەوڵەتیی جێگیر دەبن.

# كۆمۆنیزمی ئەوروپی و هاوپەیمانی ناتۆ

( North Atlantic Treaty Organization)

دەست لە یەخەی یەكترینان لە نێوان وڵاتە هاوپەیمانەكان تەنها بۆ پرسی وزە ڕكە لەبنتان نەبوو، بەڵكو هەڕەشەی لەسەر ناوەخۆ دروستكرد، كە گۆڕانكاری لە سێ دەوڵەت ڕوویدا: ئیتاڵیا و پۆرتوگال و ئیسپانیا ، حزبی كۆمۆنیست لە ئیسپانیا بەشداری لە حكومەتدا كرد، هاوپەیمانان پێویستیان بە مامەڵە لەگەڵ كۆتایی حوكمی فرانسیسكۆ فرانكۆ دەكرد .

لە ئیتاڵیا ڕكە لەبنتانی كۆمۆنیستە ئەوروپییەكان سەری هەڵدا، گرفتی پەرلەمانی بووە بەربەست لە چوونی حزبی كۆمۆنیست بۆ ناو حكومەتی ئیتاڵیا، لە هەمان كاتیشدا حزبی كۆمۆنیستی ئەوروپی لە پۆرتوگال شێوەیەكی دراماتیكیی دیكەی وەرگرت، كە ئەگەری كودەتای كۆمۆنیستەكانی لەگەڵ خۆیدا هێنا .

بە هۆی ئەوەی حزبی كۆمۆنیست پابەندی پرۆسە و سیستەمی هەڵبژاردن بوو، مامەڵەكردن لەگەڵ ئیتاڵیا ئاسان نەبوو، لە هەڵبژاردنەكانی ١٩٧٥ دەنگەكانیان بۆ ڕێژەی٣٣،٥% بەرز ببووەوە، واتە تەنها ٢% كەمتر لە دەنگەكانی حزبی دیموكراتی كریستیی دەسەڵاتدار، لە هەڵبژاردنەكانی ١٩٧٦ دیسان ئەنجامەكانی بە قازانجی حزبی كۆمۆنیست تەواو بوو، كە ڕێژەكەی گەیشتە ٣٤،٤% بە بەراورد لەگەڵ دەنگەكانی دیموكراتە كریستییەكان، كە ڕێژەی ٣٨،٧% یان بە دەست هێنابوو، ژمارەی ئەندامانی كۆمۆنیستەكان لە پەرلەمان بەرز بووەوە و پۆستی سەرۆكی پەرلەمانیان وەدەست هێنا، جگە لە سەرۆكایەتیی چوار لیژنەی هەمیشەیی پەرلەمان و سێ لیژنەش لە ئەنجومەنی پیران، واتە ئێستا لەگەڵ فاشیستەكان ڕێژەی ٤٠%ی كورسییەكانی پەرلەمان پێكدێنن.

دۆخەکان لە دۆخی سەردەمی کۆماری فایمار لە ١٩١٩-١٩٣٣ دەچوون، کە بووە مایەی ڕووخانی دیموکراسی لە ئەڵمانیا. چونکە لەو کاتانەی حزبە دیموکراتخوازەکان زۆرینە پێکناهێنن ئەستەمە بتوانرێ حکومەتێکی دیموکرات پێکبهێنرێ و دیموکراسییەت پیادە بکرێ، یان دەبێ حزبە دیموکراسییەکان حکومەت پێکبێنن و ئۆپۆزسیۆنی دیموکراسیی لەناو بەرن، یاخود حزبە نادیموکراسییەکان حکومەت دەڕووخێنن و بۆ خۆیان حکومەتێک پێکدێنن.

سەیر نییە گەر هەندێک سەرکردەی ئیتاڵی، کە خاوەنی مێژوویەکی دێرینن لە خەباتی دژ بە کۆمۆنیزم بگەنە ئەو بڕوایە سەقامگیری بەردەوام لە ڕێگەی هاوکاریەکی چالاکەوە دەبێ لەگەڵ کۆمۆنیستەکان، نەک بێدەنگی لە بەرانبەر ڕەفتارەکانیان. بە پێی ئەم بانگەوازەبێ، کە کرانەوەیە بەڕووی چەپەکان، ئەوا کۆمۆنیستەکان بەشدار دەبن لە پرۆسەی دیموکراسیی و دەبنە هاوبەش لەم پرۆسە، ئەم ڕێبازە هزریە لە نێو لیبراڵیستەکانی ئەمریکا لایەنگری زۆری بۆ کۆکرایەوە، کە بتوانین هاوکاری لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی سۆڤیەت بکەین، بۆ ناتوانین لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی ئیتاڵیای بکەین؟ ئەوە لە کاتێکدا ڕۆما نیانتریشە، ئەمە بووە پاساوەی هەماهەنگی لە نێوان دیموکراتخوازەکان و کۆمۆنیستەکان.

من دژی ئەو بۆچوونە بووم؛ کۆمۆنیستەکان لە حکومەتی دەوڵەتێکی ناتۆ بەشدار بن. ئەم لەیەکچوونەشم ڕەتکردەوە، کە هاوشێوەی پرۆسەی کرانەوەبێ. جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان ئیدارەدانی ململانێ لەگەڵ دوژمنان و بەشدارییپێکردنی دوژمنان لە هاوپەیمانێتی دیموکراتی. کێشەکە ئەوە نییە کۆمۆنیستە ئەوروپییەکان سەربەخۆییان لە سۆڤیەتەوە هەیە، بەڵکو کێشەکە ئایدیۆلۆژیا و ڕێکخستنەکانییەتی، ئەوەی من بیزانم بەرنامە و ئامانجەکانی حزبە کۆمۆنیستەکان نە لەگەڵ بەرنامەی دیموکراسییەکانو نە لەگەڵ ئامانجی هاوپەیمانی ناتۆ نایەتەوە. چونکە هیچ حزبێکی کۆمۆنیستی ئەوروپی بە ئیتاڵیاشەوە پشتگیریان لە ناتۆ نەکردووە، بەرنامەکانی مۆسکۆ هەرچییەک بێ، ئەوە نییە بەرگری لە دیموکراسییەکانی ڕۆژئاوا بکات، لە داهاتوو ئەمە ئەو سیستەمە لاواز دەکات، کە خۆی لە گوتوبێژ و ڕاوێژ دەبینێتەوە، ئەگەر لە ناوی

نەبا، سیستەمی ئاڵوگۆڕی زانیاری و هەواڵگریی سەربازیی دەکەوێتە مەترسییەوە، گەلێک پرسی تری لەم بابەتە بوونیان نامێنێ و دەبنە گرفت لەبەردەم یەکخستنی ئەوروپا.

دیارە ئەو دەسەڵات و توانایەمان نییە کار بکەینە سەر بڕیارە ناوەخۆکانی وڵاتێکی خاوەن پێگە و کاریگەر لە شێوەی ئیتاڵیای دۆستی لەمێژینەی ئەمریکا، بەڵام هەڵوێستەکانی ئەمریکا لای هەندێک کەس مایەی ڕێز بوو، کە ئامادەبوون گوێ بۆ داخوازییەکانی حزبی کۆمۆنیست شلکەن و لە حکومەتەکەیاندا بەشداربن.

یەک بنەمای چەسپاو هەیە، ئەمریکا وەکو ڕابەری نەتەوەکان بۆ دیموکراسییەت، ئەو بەرپرسیارێتییە تایبەتییە دەگرێتە ئەستۆ، ئەویش بریتییە لە پاراستنی هاوپەیمانێتی، ئەگەر لەم بوارە لاواز بووین هەر زوو بەرەو بەرژەوەندی تایبەتی هەنگاو دەنرێ. من ئەم بۆچوونانەم لەگەڵ باڵوێزانی ئەمریکا لە ئەوروپا لەو دیدارە ڕاگەیاند، کە لە لەندەن لە ١٩٧٥/١٢/١٣ ئەنجامدرا و گوتم:

نێوەندە هزرییەکان لە ئەمریکا مەبەستیانە جیاوازییە شکلیەکە وەلانێن، ئێمە بەوە تۆمەتبار کراوین، لەگەڵ کۆمۆنیزم نیان و لەگەڵ حزبە کۆمۆنیستەکان توندین. بۆیە لەسەرمان پێویستکرا لەگەڵ سۆڤیەت توندبین و لەگەڵ حزبە کۆمۆنیستەکانی ڕۆژئاواش بکەوینە گفتوگۆ، شتێک هەیە دەبێ ڕوونی بکەمەوە، مایەی قبوڵکردن نییە حزبە کۆمۆنیستەکان لە ڕۆژئاوا زاڵ بن، ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە نییە ئاخۆ هزر و ئایدیۆلۆژیای ئەو حزبانە گونجاو و چەندە سەربەخۆیە لە سۆڤیەت، قورسە بیربکەیتەوە کە لە وڵاتێک ئەم حزبانە دەسەڵات بگرنەدەست و ڕێگە بە ئامرازەکانی دیموکراسییەت بدەن، بێنە ناو وڵات و گۆڕانکاری دیموکراسی ئەنجام بدەن، دەبێ هەموو هەوڵەکانمان لە پێناو پاراستنی پرۆسەی دیموکراسیی و ئاڕاستەکانی سیاسیی ڕۆژئاوایی لە ئەوروپای ڕۆژئاوا بخەینە گەڕ.

ئەگەر ئەم حزبانە دەسەڵاتیان گرتە دەست و هاتنە ناو هاوپەیمانی ناتۆ، ئەوکات زۆر قورسە بتوانین ئەو گفتوگۆیانە درێژە پێ بدەین، هەردەبێ سیاسەتێکی

هاوتەریـب پیـادە بکەیـن وەکـو ئەوەی لەگەڵ چـین پیـادەی دەکەیـن، بەڵام ئەو هاوپەیمانێتییەی ئێستا نامێنی.

هەمیشە هاوپەیمانێتی ڕۆژئاوا لە سنوری ئاسایش قەتیس نەبووە، بـەڵکو بـواری سەربازیشـی گرتـۆتەوە. ئەوکـات ئەمریکـا لەو مەیـدانە بە تەنیـا دەمێنێـتەوە و هـیچ پەیوەندیەکمان بە دەزگە نێودەوڵەتییەکانەوە نامێنی.

فۆرد لە هلسنکی بە هەمان شێوە لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیـا (ئەلـدمۆرۆ) دوا بە چەند گوتەیەک هۆشداریی پێـدا، لە دەسـتەواژەیەک ئامـادەیی خـۆی دەربڕیـوە و لێبوردن لە حکومەتی مارکسیستی پۆرتوگالی و لەگەڵـی بکەوێـتە گفتوگـۆیەکی فراوانـی هاوپەیمانی ناتۆ:

نازانم چـۆن دەتـوانێ لە نێـو نـاتۆ لە حکـومەتێکی مارکسیسـتی ببـورێ. وێـڕای نزیکیان لە لیبرالیـزم و چەپـڕەوی، بەڵام دواجـار حکـومەتێکی کۆمۆنیسـتی دەبـێ، ئەم جۆرە حاڵەتانە بۆ ئێمە لە نێو ناتۆ هەرگیز مایەی قبوڵکردن نیین.

لە ڕاسـتیدا مەترسـیی بەشـدارییکردنی کۆمۆنیسـتەکان لە حکـومەتی پۆرتوگـال مایەی تێڕامان و پرسێکی جدیی بـوو. لە ٢٥ی نیسـانی ١٩٧٤ ئەنتۆنیـۆ دی سـبینولا و دەستەکەی، کە چەنـد ئەفسـەرێکی تـوڕە بـوون لەو شـەڕەی پۆرتوگـال لە ئەفریقیـا بـۆ گەڕاندنەوەی ئەو کۆلۆنیالانەی دەدا، حکومەتی دیکتاتۆری پارێزگارانیان ڕووخانـد. ئـێمە هیچمان لەو حکومەتە نەدەزانـی، تەنهـا ئەوەنـدە نەبـێ لە سـەرەتای هاتنیـان دروشـمی کۆتاییهێنان بە داگیرکاری ئیمپراتۆرییەتیی پۆرتوگال لە ئەفریقیایان بەرز کردبووەوە، لە سێپتەمبەری ١٩٧٤ تـا نـۆڤەمبەری ١٩٧٦ پۆرتوگـال سـەربەخۆیی بە هەریەک لە گینیـا بیسا و مۆزەمبیق و کیپ فیردی و ساو تاگوتومی و برینسبی و ئەنگـۆلادا، ئـێمەش هەر زوو پەیوەندیمان لەگەڵ سەرجەمیاندا بەست، جگە لە ئەنگۆلا کە سەربازانی سۆڤیەتی و کوبیی تێیدا جێگیر کرابوون.

لە سـالانی دواتـر کـاریگەری کۆمۆنیسـتەکان لە پۆرتوگـال زیـاد دەبـێ، زۆربەی سـەرکردەکانیان کە بەنـاوی (بـزوتنەوەی هێزەکـانی چەکـداری) دەناسـران لە ئەفریقیـا

خزمەتیان کردبوو، فەلسەفەکانی ئازادیی پیاوانی شەڕی پارتیزانی ڕادیکالیستیان پیادە دەکرد، کە زۆر نزیک بوو لە ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم. وێڕای ئەمە حزبی کۆمۆنیستی پۆرتوگالی پیادەی ڕێباز و هزرەکانی ستالینیان دەکرد، کە ماوەی پێنج دەیە لە ژێر حوکمی دکتاتۆرییەتیی وڵات دەیانناڵاند، لە نێوان ساڵانی ئایاری ١٩٧٤- حوزەیرانی ١٩٧٦ شەش حکومەتی کاتی دەسەڵات دەگرنە دەست. هەموویان بە ئاڕاستەی چەپ بوون، لە دواتر باڵوێزمان ( فرانک کارلوچی) سەرۆک فرانسیسکۆ دی کوستا گومیزی بەم شێوە ناساند:

(زۆر بە لای چەپدا شکاوەتەوە، سەرۆکی وەزیران، فەرماندەی سوپا، سەندیکای کرێکاران، لەگەڵ پۆستی چەند وەزارەتێکیشی هەموویان بەدەستی حزبی کۆمۆنیستن).

ئەو حزبە دید و سیاسەتێکی کلاسیکی پیادە دەکا، بریتیی بوو لە کۆکردنەوەی وەزارەتەکانی پەروەردە و فێرکردن، کار، بەڕێوەبردنی ڕاگەیاندن و ڕێکلام لە دەزگەی سەربازیی. بەم شێوە لە ڕێگەی چەند کەسانێکەوە دەتوانێ دزە بکات.

لە ئایاری ١٩٧٥ سەرکردە ئەوروپییەکان لە ناتۆ بەیەک گەیشتن دواتریش لە کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی لە هلسنکی، وا پێدەچوو بزوتنەوەی هێزە چەکدارەکان و چەپی ڕادیکال و حزبی کۆمۆنیست پۆرتۆگالیان بە ڕێبازی کۆمۆنیستی بەرەو (دیموکراسییەتیی میللی) دەبرد.

بیرکردنەوەی زۆربەی سەرکردەکان لە شێوەی بیرکردنەوەی کۆلۆنیل فاسکۆدۆس سانتوس کونکالفیس دەچوو، کە پێشتر سەرۆکی وەزیران بووە لە ماوەی (ناوەڕاستی ١٩٧٤ تا ئابی ١٩٧٥). ڕاستە خۆی کۆمۆنیست نەبوو، بەڵام لە کۆبوونەوەی لوتکەی ناتۆ لە ئایاری ١٩٧٥ ڕەتی کردبووەوە ئابوونەی بوون بە ئەندامی بدا. بە فۆردی ڕاگەیاندبوو ئەو حزبانەی کۆمۆنیست نین، دیموکراسیش نین، ڕایگەیاندبوو نوێنەرایەتیی بۆچوونێکی گشتگیری سیاسەت دەکا، دیارە ئەمەش هەمان دەستەواژەی لینینە، بەڵام بەم ساویلکەییە نا، کە لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا بدوێ.

ئەم خواستە لینینییەی هانیدام پابەندی لێوەشاوەیی نەبم و پەلارێک لەبەردەم ماریو سواریزی (سەرۆکی حزبی سۆسیالیست) ی لێ بدەم و گوتم سەرکردە دیموکراتخوازەکان چاوەڕوانی هەمان مەترسیی لەناوچوون لە ئەلکسەندر کیرنسکیی دوا سەرۆکی دیموکراسیی پاش کودەتاکەی لینینی دەکەن. لەسەردوانەکەم وەکو ڕەخنە نەبوو لە نیازە پاکەکەی سواریز. ئەو وەکو سەرۆک وەزیران و دواتریش سەرۆکی دەوڵەت، دوای شکستی کۆمۆنیستەکان، جێ پەنجەی لە کارە باشەکان دیاربوو. بەهۆی کەم بوونەوەی سیاسەتوانە دیموکراسییەکان کەوتمە ترسی پەرەسەندنی کۆمۆنیستەکان و بیرکردنەوە لە ڕاگرتنیان لەو پەرەسەندنە. دواجار ئەفسەری میانڕەو لە نێو بزوتنەوەی هێزە چەکدارەکاندا هەبوون نەک سیاسەتوان، ئەوان ئاڕاستەی ڕووداوەکانیان گۆڕین و دواتریش دەسەڵاتیان ڕادەستی سیاسەتوانە دیموکراتەکان کردەوە.

هیچ وڵاتێک لە هاوپەیمانی ناتۆ مەزندەی ئەوەی نەدەکرد لە کاتی شەڕی ساردا حزبی کۆمۆنیست لە وڵاتەکەی دەسەڵات بگرێتە دەست، لە پۆرتۆگال ئەو مەترسییە سەری هەڵدا کە حزبی دیموکراتی کریستی بە سەرۆکایەتی ئەلدومورو لە ئیتاڵیا بیر لە حکومەتێکی هاوپەیمانی لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی ئیتاڵی بکاتەوە، یا کە پێی دەگوترێ (یەکلاییکردنەوەی مێژوویی) ئەگەر حزبی کۆمۆنیستەکان لە هەر وڵاتێک دەسەڵات بگرنەدەست، جۆرێک لە مسۆگەری دروست دەبێ، کە حزبەکانی کۆمۆنیست لە ناتۆ بەشداربن، بەهۆی دروستبوونی جۆرێک لە بەملا و بەولادا کەوتن لە دونیای ڕۆژئاوا لە ئەنجامی قەیرانی وزە، گومان لەسەر سەرۆکایەتیی ئەمریکا دروست دەبێ، کە بەهۆکاری واتەرگێت Watergate و نارەزاییەکانی شەڕی ڤێتنامەوە سەریان هەڵدابوو، سوربوونی سەرکردەکانی یەکێتی سۆڤیەت لەسەر ئەگەری گواستنەوەی چۆنایەتیی لەو دۆخە، هۆکارێکی دیکەی ئەو گۆڕانکاریانە بوو، کە زەمینەی بۆ بڵاوبوونەوەی دیاردەی کۆمۆنیستی لە ڕۆژئاوای ئەوروپا سازکرد.

ئەو داوایەی خرابووە بەردەم ناتۆ بریتیی بوو لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو داواکارییەی حکومەتی ڕوو لە چەپ (دوای ڕووخانی حکومەتی دیکتاتۆر لە نیسانی

١٩٧٤ لە لشبۆنە، كە دێتە سەر حوكم) پێشكەشی كردبوو بۆ پێدانی هاوكاری ئابووری، دوایی ڕاسپێردرا بە گوژمەی بیست ملیۆن دۆلار هاوكاری  بكرێ.

ئەم قەرزە وەكــو دڵنیــابوون بــوو بــۆ هانــدانی بەرەو دیموكراســی، لەگــەڵ وەرچەرخانی هەموو حكومەتەكانی یەك لە دوای یەك بەرەو چەپگەری، پرسیار ئەوەبوو ئەم هاوكاریــانە تــاكەی بەردەوام دەبــن؟ كە بەهــۆی كــارلوچی بــاڵوێز ( یاریــدەدەری حكومەتی ڕادیكالیست) ئەو هاوكاریانە بەرەو زیادبوونیش دەچوون ، گوایە میانڕەوەكـان سوودی لێ وەردەگرن و وای دەبینن ئێمە سۆز و هەستمان بۆ پۆرتوگال هەیە.

مـن زۆرم لە ئیـدارە كردبـوو تـا كـارلوچی بە بـاڵوێز دامەزرێـنن. بۆچوونەكـانی ئەویشم بە هەند وەردەگـرتن، بەڵام لەوە تێنـاگەم چۆن هاوكـاریكردنی ڕادیكاڵیسـتەكان هێزی میانڕەوەكان بەرز دەكاتەوە، مـن پێشـنیاری ئەوەم كـرد هاوكارییەكـان لە ئاسـتی خۆیاندا بمێننەوە تا ڕادیكاڵیستەكان ناچار دەبن لە حكومەت دەچنە دەرەوە، تا چاكەی ئەو زیادە بۆ سەركردە سیاسییە دیموكراسییەكان بگەڕێتەوە.

هەمان ناكۆكیی لەسەر بۆچوونی هاوكارییەكان دروست دەبێ، شـمیدت پشـتگیری زیـادكردنی هاوكارییەكـانی دەكـرد و دیسـتانیش لەگەڵ فـۆرد هـاوڕابوو كە تونـد بكـرێ، كالاهــانیش هەڵوێســتێكی مامناوەنــدیی گرتبــووە بەر، بریتیــی بــوو لە هاوكــاری بە زیادكردنی پشتگیریی نهێنی بۆ ئۆپۆزسیۆن. بە جیاوازی لە تەكتیك، بەڵام ڕێككەوتنێك هەبوو لەسەر ناچاركردنی كۆمۆنیستەكان بۆ لە حكومەت دەرچوون، دواجار لەسەر ئەوە ڕێككەوتن كە لەم چوارچێوە هەر دەوڵەتێـك ڕۆڵـی خـۆی ببینـێ، بەڵام هاوپەیمـانەكەی لەو هەنگاوانە ئاگادار بكاتەوە.

بەم پێناســەی كـارلوچی ناكۆكییەكـانی نـاوەوەی ئەمریكـا لەســەر ئەم بـابەتە چارەسەربوون:

بە مسـۆگەر جیـاوازی و نـاكۆكی لە بۆچوونەكانمانـدا هەیە، بەڵام گەورەكـراون، كیسـنجەر دیـدێكی جیهـانی هەیە، منـیش كێشــەیەكی دیـارم هەیە دەمەوێ مـامەڵەی لەگەڵدا بكەم، ڕاو بۆچوونەكانمان بە توندی ئـاڵوگۆڕ كـردن، بەڵام دواجـار لەسـەر ئەوە

ڕێککەوتـین؛ دەرفەتێکـی سیاسـیی بەو پرسـە بـدەین. کـاتێکیش گەیشـتینە ڕێککـەوتن پشتگیریی کردم، من هـیچ کێشـەیەکم نەبـوو ئاگـاداری پۆرتوگالییەکـان بـکەمەوە ئەگەر مەترسی بۆ ناتۆ دروست بکەن، وەرناگیرێن، چونکە ئەوکات لەدەستمان دەهات ئومێد و پشتگیری بەو لایەنە ڕاستەی نێو کۆمەڵگەی پۆرتوگالی بدەین.

دوای ماوەیەکی کـورت هاوپـەیمـانی ڕۆژئـاوا ڕووبەڕووی گۆرانکـارییەکی سیاسـیی دیـکە بـووەوە، ئەمجارەیـان لە بەرەکەی دیـی تـوێژە سیاسـیەکەوە هـات، داوای یەک هەڵویسـتی دەکـا : مـامەڵە لەگەڵ سـەردەمی گواسـتنەوەی دوای فرانکـۆ لە ئیسـپانیا، کاتێکیش فۆرد دەسەڵات دەگرێتە دەسـت مـامەڵەکردن لەگـەڵ دەرهاوێشـتەکانی مردنـی فرانکۆ زەرور بوو، ئومێدمان وابوو بتوانین تواناکانی پەرەسەندنی بزوتنەوەی دیموکراتی بەرەو پێش ببەین.

چـونکە فرانکـۆ ڕێکـاری باشـی ئامـادە کردبـوو لە دوای خـۆی بـۆ جێگـرەوەی لە حوکمڕانی جێی هێشت. ئەمەش لە ڕێگەی چەسـپاندنی موڵکدارێتی و دەسـتپێکردن بە بەراییەکانی دیموکراسـیی بـوو، بایەخەکـانی لەسـەر ئەو بـابەتە چڕ کردبـوونەوە، ئـاخۆ کۆمەڵگـەیەک لە دوای تەواوبـوونی جەنـگ دەتـوانی ئەو سـەردەم لە بیرکـات و لەگەڵ سیاسییە ناحەزەکانی بەیەکەوە لە نێو سیستەمی فـرە حزبیـدا بـژی، بـۆ ئەم ئەزمـوونە ئیسپانیا خاوەنی پێشینە نییە، تا لەوە بگەین ئاخۆ دەتوانێ.

فرانکۆ لەسەر دەسەڵات مابوو، کە بەڕوونی پێیەوە دیاربوو بەرەو لاوازی دەچوو، یەکەم هەنگاومان نا بۆ نزیک کردنەوەی ئیسپانیا لە دیموکراسییەکان، ئەمەش هەڵکەوت بوو لەگەڵ کۆتایی هاتن بەو ڕێککەوتنەی ئایزنهاور لە ١٩٥٥، لەسەر بنکەکـانی ئەمریکـا لە ئیسـپانیا ئەنجـامی دابـوو. وڵاتە هاوپەیمانەکانمـان، کە حکومەتەکانیـان لە چەپـی مامناوەندی بوون واتە تەنها فەرەنسا نەبـێ پشـتگیریان کـردین، کە پێویسـت دەکـا ئەو ڕێککەوتنە نوێ بکرێتەوە، بەڵام پێیان باش نەبوو ئەو ڕێککەوتنە لەگەڵ ئیسپانیا بکرێ و فرانکۆش لە سەر دەسەڵات بـێ. بـۆیە ئەرکـی فـۆرد ئەوەبـوو بەنـاوی هاوپـەیمـانێتی

هاوکاری ئیسپانیا بکات، تا بەرەو ڕۆژئاوا هەنگاو بنی، بۆ ئەوەی هاوپەیمانەکانی خۆیان لێی دوورکەنەوە.

فۆرد لە گوتارێکیدا لە کۆبوونەوەی لوتکەی ناتۆ لە ٢٩ی ئایاری ١٩٧٥، بەم شێوە بۆچوونەکانی ئەمریکای لەسەر ئەو بابەتە خستە ڕوو:

دەبێ ئێستا بیر لەوە بکەینەوە چۆن دەتوانین ئیسپانیا بە بەرگرییەکانی ڕۆژئاوا بگەیەنین، لە ئەنجامی پەیوەندیی دوو قۆڵی لەگەڵ ئەمریکا، ئیسپانیا بەشداریی لە ئاسایشی سەربازی ڕۆژئاوادا کردووە و دەیکات.

لایان وابوو ئەم پێشنیارە هێشتا زووە. سەرۆک وەزیرانی هۆڵەنداش یوهانس دین ئویل، کە پێشتر ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخسابوو وانەیەکمان لەسەر (مایاگویز) پێشکەش بکا، ئەم دەرفەتەی قۆستەوە و گوتارێکی دیکەی بۆ داین. بە فۆردی گوت: (هەر دەستکەوتێکی سەربازی لە ئەنجامی دەستپێشخەری هاندانی ڕژێمی ئیسپانی بێتە دی، لە بەرانبەردا دەبێ باجی ئەو سیاسەتە، هاوپەیمانی بیدا).

تەنانەت هیلموت شمیدت، هاوپەیمانە دڵسۆزەکە، ئەویش هۆشداری ڕای گشتیی ئەڵمانیای گەیاند لە پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسپانیا:

شمیدت:

دیارە سەردەمی فرانکۆ لە کۆتایی نزیک بۆتەوە، لە ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٧٥ة فرانسیسکۆ فرانکۆ کۆچی دوایی دەکات، بەڵام تا ئێستا ڕوون نییە کێ جێگەی دەگرێتەوە ، دەبێ هانی ئەو کەسانە بدەین، کە ئومێد دەخوازین شوێنی بگرنەوە.

فورد:

ئێمە ئێستا دانوستان دەکەین تا لەسەر بنکەی سەربازی ڕێککەوین، ئەمە لە ئەرکە پێشینەکانمانە ئەگەر شکست لەمە بێنین هاوپەیمانی زیانێکی مەزن دەکات، بۆیە دەبێ لەسەر ئەم هێڵە ڕشت بین.

شمیدت:

بەڵێ وایە، بەڵام دەبێ دڵنیابن لە بەردەوامی بنکە و پەیوەندییە ستراتیژییەکانتان، دەبێ سەبارەت بەم پرسە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەیانیش بدوێین، پرسەکە گرنگە بۆ ناوبانگی ئەمریکا لە ئەوروپا، نابێ کەس بڵێ ئەمریکا بەهەڵە پشتگیری لە ڕژێمێک دەکا.

دواجار هاوپەیمانی هەموو ئامانجەکانی پێکان، دوای مردنی فرانکۆ لە نۆڤەمبەری ١٩٧٥، ئیسپانیا بوو بە وڵاتێکی دیموکرات و چالاک، لە ١٩٨٢، بووە ئەندام لە هاوپەیمانی ناتۆ، لە ئیتاڵیا کۆمۆنیستەکان بیست ساڵ لە حوکمڕانی دواکەوتن، تا ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، لە ١٩٧٦ کۆمەڵێک لە ئەفسەری میانڕەو دەستیان بەسەر دەزگەی سەربازی پۆرتوگالدا گرت، یاخیبووە چەپەکانیان لە نێو سوپادا سەرکوتکرد، لە لشبۆنە حکومەتێکی دیموکراسیی سڤیلی دێتە سەر حوکم.

هەستکردن بە یەکپارچەیی لە نێو وڵاتانی هاوپەیمان، بەر لە هەموو شتێک بەشداریی لە دووبارە هاوسەنگی سیاسیی و سایکۆلۆژیی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا کرد. لەوکاتەوە یەکێتی سۆڤیەت هەڵوێستی بەرگریی لە ئایدیۆلۆژیا گرتۆتە بەر، لوتکەی هلسنکی کە ٣٥ وڵاتی گرتەخۆ سوربوونی خۆیان لەسەر کۆبەڵگەنامەی کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی ڕاگەیاند. ئەمەش مامۆستای داهاتووی ئەو ڕێگایە بوو.

## ٢١

# کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی

گەلێکجار خاڵە گۆڕانکارییەکانی مێژوویی تێپەڕدەبن، بێ ئەوەی ئەوانەی لەگەڵیدا دەژین هەستی پێ بکەن.. ڕووداویش هەن لە کاتی ڕوودانەکە بە گرنگ زانراوە، بەڵام دواتر دەرکەوت هیچ بایەخ و گرنگییەکی نەبوو، لە ڕووی مێژووییەوە تەنها ڕووداوێکی ئاسایی بووە. هەندێکجار وابووە ناکۆکی لەسەر ڕووداوەکان دروست بووە و گوتوبێژ و دەمەقاڕێی لێ کەوتۆتەوە کەچی دواجار دەرکەوت ڕێچکەی مێژووییان گۆڕیوە.

کۆنگرەی ئاسایشی نەتەوایەتیی دەخرێتە ناو یەک لەم خانانە، لە تەموزی ١٩٧٥، لە هلسنکی سەرۆکی ٣٥ دەوڵەت و حکومەت کۆدەبنەوە، ئەو کۆنگرە وەکو یاریەک بۆ لاوازکردنی ناتۆ لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە لە ١٩٥٤، پێشنیار کرابوو، حکومەتە ئەوروپییەکانیش بە نادڵی و لە نێو کۆمەڵێک جیاوازی ڕەزامەندیان لەسەر دابوو، کەچی دواتر بووە فاکتەری بێهێزکردن و دواتریش لەناوبردنی ڕژێمی یەکێتی سۆڤیەت بەکارهات.

زۆرکەم پرۆسەی دبلۆماسیی بەم ڕوونییە، دەسەلمێنی کە سنوری تواناکانی مرۆڤ دەتوانی دواڕۆژ ئاشکرا بکات.

یەکێتی سۆڤیەت کاری بۆ بەستنی کۆنگرەیەک کرد تا هەژموونی خۆی بەسەر ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا لە ماوەی دوای جەنگی جیهانی بسەپێنی. ئومێدێکی تریشی ئەوەبوو کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی جێی ناتۆ بگرێتەوە و دواتر یەکێتیی ئەوروپا لاوازدەکا و لە بەینی بەرێ، چونکە ئەوکات هاوپەیمانی ناتۆ ئەو سنورانەی دیاردەکردن، کە دەکەونە ناو بازنەی پاراستنییەوە و دەبێ بەرگریان لێی بکرێ، هێڵی

نێـوان دەسـتدرێژکەر و دەستدرێژکراوەسـەر دیـاری دەکـا. دواتـر سیسـتەمی ئاسایشـی بەکۆمەڵ دەستەواژەیەکی نیمچە یاسایی هەبوو، هیچ مەترسییەکی لەسەر ئاشتی نەبـوو، ئیتر سەرجەم دەوڵەتەکان لە ناویاندا دەستدرێژکەریش بە گریمان لەم سیستەمە بەشدار دەبێ.

ئەو مەترسـیانەی ڕووبەڕووی هەر هاوپەیمانییـەک دەبـنەوە دیـارن: بەزانـدنی هێڵەکانن، لە لایەکی تریشەوە ئاسایشی بەکۆمەڵ لە کـاری نـیمچە یاسـایی دایە. ئەگەر هەر دەسـتدرێژیەک ڕوویـدا، هاوپەیمانەکـان هێـزی بەرگریـان ئامـادەیە، بەڵام ئاسایشـی بەکۆمەڵ دەبێ هێز کۆبکاتەوە، دیارە شێوازی دەستدرێژیش ئەوکاتە دیاری دەکرێ، کە ڕوودەدا.

ئامادەکارییەکـانی ئاسایشـی بەکـۆمەڵ (وەکـو کۆمـەڵەی نەتەوەکـان، یـا نەتەوە یەکگرتووەکان، یـا پەیماننـامەی لوکـارنو) زۆر کەم لە بـواری کارەکانیـدا چـالاک و کـارا بووە، لە کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی یەکێتی سۆڤیەتی بەشداریی تێدا کرد، کە ناتۆ بە هەڕەشەی دەزانێ لەسەر پرۆسەی ئاشتی، کەچـی ئەنـدامی دامەزرێنەرییەتـی، مەترسـی ئەوەشیان لێ دەکرد کە لە داهاتوو ناتۆ بکاتە لقێک لە ئاسایشی بەکۆمەڵ بەم شێوەش کۆتایی بە ناتۆ دێت، ئەمە پێی گوترابوو (دونیای دوای جەنگ).

لە زۆربەی دانوستانەکانی لە هلسنکی ئەنجـام درابـن، دیموکراسـیەکانی ڕۆژئـاوا هەڵوێستی بەرگریـان وەرگرتـووە و هـەوڵی دوورخسـتنەوەی دەسـتەویەخەیان داوە، بـێ ئەوەی ئاستی ئاڵۆزییەکان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بەرزکەنەوە. ڕاستی ناکۆکییەکـانیش لە تەرازوی هێــز دەرنەدەکەوت، دەوڵەتە دیموکراســییەکان لە ڕووی ســایکۆلۆژی و ماددیەوە زاڵبوون، لە سەرەتا تەنها هەندێک دەوڵەت هەستیان بەوە دەکرد، کە کۆنگرە دەرفەتێکە و ڕەخساوە. بەڵام دواجـار ئیـدارەی فـۆرد سـەرکەوتنێکی سـتراتیژیی تۆمـار کرد، هەرچەندە ئەم سەرکەوتنانە شکسـتی بە تۆمەتەکـانی نـاوەخۆ هێنـا، کە گـوایە لە پێناو یەکێتیی سۆڤیەت ناپاکی لەگەڵ بیروبڕواکانیدا کردووە.

وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتی فیاشسلاف مولگوتوف یەکەم کەس بوو لە ١٩٥٤، پێشنیاری بەستنی کۆنگرەیەکی گشتگیری کرد، بۆ ئاسایشی ئەوروپی، چونکە ئەوکات ئەمریکای لێ دەرکردبوو، بۆیە بە فێڵ درایە قەڵەم و ئەو بیرۆکە ڕەتکرایەوە، بەڵام سیاسەتی سۆڤیەتی (بەتایبەتیش ڕووسی) بە گەرمی هەوڵدەدا ئەوەی لە ڕێگەی فرتوفێڵەوە لە دەستی داوە، بیگێڕێتەوە، ئەوکات وەکو ئێستا ڕۆژنامەی ئازاد لە مۆسکۆ نەبوو تا ڕەخنە لە سەرکردەکانی بگرێ، بەڵام کە لەگەڵ دەوڵەتە دیموکراتەکان مامەڵە دەکەن دبلۆماتکارە سۆڤیەتییەکان پێداگر و ڕکەلەبنەرن. کاتێک دەوڵەتانی هاوپەیمانی وارسۆ (مانفێستی ئاشتیی و ئاسایش لە ئەوروپا)ی دەرکرد، سۆڤیەت بیرۆکەی بەستنی کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپیان لە حوزەیرانی ١٩٦٦ نارد. دوای ئەوە لە حوزەیرانی ١٩٦٧، کۆنگرەی حزبە کۆمۆنیستە ئەوروپییەکان دەبەسترێ.

لە کانونی یەکەم لە هەمان ساڵ هاوپەیمانی ناتۆ وەڵامی دایەوە، ڕاپۆرتێکیان لەسەر چارەنووسی ناتۆ لەلایەن وەزیری دەرەوەی بەلژیک (بییر هارمل) ئامادەکرد، پێشینەی کارەکانیان بەڕووی دەوڵەتە کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا کراوە بوو، هیچ کاتێک ئەمە پێشینە نەبووە، بەڵام وەکو بەرپەرچدانەوەیەک کرایە پێشینەی کارەکان.

وەکو بەشێک لە هەڵمەتی هێورکردنەوەی تورەیی جەماوەر لە داگیرکردنی چیکسلۆڤاکیا لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە، سنوردارکردنی کاری سەرۆکی ئەمریکی نوێ بوو، کە سۆڤیەتییەکان بە توندیان دەزانی، دووبارە داوای کۆبوونەوەی هاوپەیمانی ناتۆ کرا، لە ١٧ی ئاداری ١٩٦٩، ببەسترێ. گوایە پێشنیارێکی دبلۆماسییە دەبێ ئەم جارەیان وەڵامی بدرێتەوە. هەروەها داوای بەستنی کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی کرا بۆ مەبەستێکی ئاشکرا ئەویش چاککردنی پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و بڕیاردان بە قەدەغەکردنی بەزاندنی سنورەکانی ئەوروپی، لەگەڵ دانانی هێڵی دابەشکردنی نێوانیان هەردوو ئەڵمانییەکە.

لە ٣ی نیسان، باڵوێزی سۆڤیەت (ئەناتۆلی دوبرینن) گرنگی ئەو پێشنیارەی دووپاتکردەوە، کە سەرکردایەتی سۆڤیەتی ڕادەستی کۆشکی سپیی کردووە، بە گوتەی خۆی دوو سازشی لە خۆ گرتبوو:

١/ کشاندنەوەی ناڕەزایی سۆڤیەت لە سەر بەشداری ئەمریکا.

٢/ لە خشتەی کارەکانی کۆنگرە داوای هەڵوەشاندنەوەی ناتۆ نەکات.

یاداشتەکەی دوبرینن نیشانەی سەرهەڵدانی ناکۆکیی بوو لە نێو سیاسەتی سۆڤیەتی، ئەگەر ئێستا لە سیاسەتی دەرەوەی بەدی بکرێ. ئەم یاریەی سۆڤیەتی یاریەکی کلاسیکی بوو، دەستبەرداربوون لە دوو مەرجی سەرەکی لە یەک لایەن دەبێ چاوەڕوانی دەستبەرداری بیت لەلایەن ڕۆژئاواوە، دواتر ئەم دوو دەستبەرداریيە ئەگەر بەهایەکی ئەوتۆشیان نەبێ، بەڵام ئەمە ئاماژەیەکە بۆ دەستدرێژی لەسەر ئازادی یاریەکەی سۆڤیەتی، هەر کە کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی سور نابێ شوێن هاوپەیمانی ناتۆ بگرێتەوە، دانیش بە ئەمریکا دەنێ وەکو هێزێکی ئەوروپی. ئێستا سیاسەتی سۆڤیەتی خۆی لە هەڵوێستی بەرگری دەبینێتەوە. ئامانجی سەقامگیری و هاوسەنگی لە پەیوەندییە سەربازییەکان، هەرچەندی لەلایەن لایەکیان خۆرسک بێ و لە لای ئەوی تر بەزۆر، ئەمە مانای ئەوەیە مۆسکۆ سەبارەت بە ئەوروپا لەمڕۆ بە دواوە هەڵوێستی بەرگری دەگرێتە بەر.

نە من نە نیکسۆن بە پێویستمان نەزانی خەڵاتی یەکێتی سۆڤیەت بکەین، لە بەرانبەر ئەوانەی بەسەر واقیعەکەدا سەپاند، لە یاداشتێکمدا بۆ سەرۆک نووسیم:

نابی سۆڤیەتییەکان لە نواندی ئەو هەڵوێستانەیاندا وا هەست بکەن، کە چاکەیان بەرانبەر بە ئێمە کردووە.

دەوڵەتانی ناتۆ سوربوون لەسەر ڕەزامەندی پێشنیارەکانی سۆڤیەتی، لەگەرمەی حەز و ئارەزووەکانمان بۆ پەلکێشکردنی دەنگدەرانمان، کە بڕوای ڕادیکاڵیستیان بەرز ببووەوە لە ئەنجامی دژایەتی لە شەڕی ڤێتنام وگواستنەوەی بۆ نێو ئەمریکا. هاندراین

بۆ قبوڵکردنی کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی، دیارە هەنگاوەکانی داهاتوو دەبێ دانوستان بـن بـۆ ئەم پرسـە، ویلـی براندت بە دروسـتکردنی چەترێـک لە هاوپەیمانـانی ڕازی بە سیاسەتی کرانەوە لە ڕۆژهەڵات کاری لەسەر ئەم پرسە کرد، ئەم پرسە خـۆی گرتبـوویە دەست و لەسەروبەندی دانان بوون بە هێڵی دابەشـکردنی هەردوو ئەڵمانییـەکە: جـورج پۆمپیدۆ ویسـتی بیکـاتە ئامرازێـک بە هـۆیەوە ڕێـگە لەوە بگـرێ سیاسـەتی کـرانەوەی ڕۆژهەڵات بکـرێتە پرۆژەیەکـی ئەڵمـانی نیشـتمانی. بە نزیـک بـوونەوەی هـەڵبژاردنەکان هارولد ویلسون ویستی کاریگەری میانڕەوی لە نیکسۆن بەدەرخا.

ئیدارەی نیکسۆن ئارەزووی لە دانوستانێک نەبووبێ، کۆتایی و فرە جەمسەربێ. نەخشەی کاری دیار نەبێ و دواجاریش یەکێتی ئەوروپا لاواز بکا. سوربوو لەسەر ئەوەی ئەم دانوسـتـانە دەبـێ قەوارەی هێزەکـانی ئەوروپـا دیـاری بکـا ، بەهـۆی ئەوەی ڕێـک نەدەکەوت ئەم کـۆنگرە بەبـێ ئـێمە ببەسـترێ توانیمـان کـۆنگرەی ئاسایشـی ئەوروپـی بکەینە ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی هەندێک پرسی گرنگ. جگە لەوەی بەو هۆیەوە توانرا ڕەفتارەکـانی سـۆڤیەت لە مـاوەی ئەو چـوار سـاڵە تـا تەمـوزی ١٩٧٣، زیـاتر بەرەو میـانڕەوی بەریـن. ئەوکـات گەیشـتنە ڕێککـەوتن لەسـەر کەم کـردنەوەی هێزەکـان و هاوسـەنگ کردنیـان (MBFR) کە دانوسـتانەکانی لە کـانونی دووەمـی ١٩٧٣ دەسـت پێکرد و لە ماوەی ڕێککەوتنی ١٩٧١، بە ئـازادی گەیشـتنە بەرلینـی مسـۆگەر کـرد. بە مەرجێک ئەم پرسە جارێکی دیکە سەر هەڵـنەدا، تـا کـاتی ڕووخـانی ڕژێمـی ئـەڵمانیای ڕۆژهەڵات لە ١٩٨٩.

لەگەڵ بەستنی کۆنگرە لە تەموزی ١٩٧٣، نـاوی فەرمیـی وەردەگـرێ: کـۆنگرەی ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا ( CSCE). چەند مانگێک بە گوتوبێژ بەسەر دەبردرێ تا لە کانوونی دووەمی ١٩٧٤، لەسەر ڕەشنووسـی بەڵگەنـامەکە ڕێـک دەکەون. هەر زوو کێشەکان لەسەر ئامانجەکانی ئەو کۆنگرە و ناوەڕۆکی سەریان هەڵدا. کە لە داهـاتوو لە ژێر ناوی (بەڵگەنامەی هلسنکیی کۆتایی) باسی لێوە دەکەین.

بۆ یەکێتی سۆڤیەت ئامانجی سەرەکیی لەو بەڵگەنامە ئەوەبوو ببێتە مانفێستێک تێیدا هەموویان لەسەر ئەو دۆخەی حاڵی حازری ئەوروپا ڕازی بن. لە پێناوپێدانی ئەوپەڕی ڕێز، یەکێتی سۆڤیەت پێشنیاری کرد، دوا کۆبوونەوە و واژۆکردنی بەڵگەنامەکە لەسەر ئاستی لوتکەبێ.

وەکو دواتر دەرکەوت دانوستانەکان بەرەو ئەو ئاراستە نەڕۆیشتن، کە کرملین مەزندەی دەکرد، چونکە دەوڵەتە دیموکراسییەکان گەیشتنە ئەو بڕوایە ئەگەر کۆنگرە ڕووبەڕووی هیچ کارەسات نەبێتەوە، دەکرێ لەوە باشتر وەدەست بێنن، کە ئامانجی سەرەتای بوو، بەڵام پەیتا پەیتا گۆڕدرا بۆ دەرفەتێکی ستراتیژی ڕۆژئاوا.

نەدەکرا ئەمە وەکو ئاماژەیەک سەیر بکرێ، کە وڵاتێک ململانێ لەگەڵ ئەمریکا بکات و خاوەن هێزێکی زەبەلاح و چەکی ئەتۆمی بێ، داوای بکا سنورەکانی لەلایەن ئەو وڵاتانە نەبەزێندرێ، کە داگیری کردوون، لە میانی زنجیرەیەک لە ڕێککەوتن لە نێوان دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دواییینیان ئەو پەیماننامەی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی بە سەرۆکایەتیی ویلی براندت بوو، بەو سنورانە ڕازی دەبێ کە دیاریی کردوون، لە نێوایاندا هێڵی دابەشکردنی هەردوو ئەڵمانیاکە.

پرسە نوێیەکەی کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی ئەوەبوو ئەڵمانیای فیدراڵی توانی بابەتی گۆڕینی سنور بە شێوەیەکی ئاشتیانە بوروژێنێ. ئەمە لە داهاتوو هێزی یاسایی پێ وەدەست دێنێ، کە بتوانێ ئەڵمانیا یەکخاتەوە.

لە هاوپەیمانێتییەکی دوو قۆڵی نێوان براندت و بریژنێڤ لە ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧١ کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی بەو حاڵەتەی کە هەیە بەبێ مەرج ڕازی دەبێ. بەڵام لە کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی، کە کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی لەلایەن هاوپەیمانانییەوە پشتگیریی لێ دەکرا، بە تایبەت ئەمریکا توانی ئەو بڕگە بەدەست بێنێ کە دەڵێ (بەپێی یاسا دەکرێ سنور بگۆڕدرێت، بە ڕێگەی ئاشتی و ڕێککەوتن) سەرکردە ئەڵمانییەکان چاکەی ئەم دەستکەوتەیان بۆ ئەمریکا دەگێڕایەوە.

ئەو بـڕگەی دەڵـێ؛ ئـازادی هـزر و گەڕانـی تـاک و دابینکردنـی پاسـەوانی بـۆ (مافەکانی مرۆڤ ئـازادی سیاسـی) کە دەوڵـەتە دیموکراسـییەکان سـوربوون لەسـەری ، هەمـان گرنگـی هەبـوو. مەبەسـتمان لێـرە هــەوڵەکانی سـۆڤیەتی بـوون بـۆ کپکردنـی ئازادییەکان و دامرکاندنەوەی شۆڕش و ڕاپەڕینـی گەلان کە مـاوەیەک بـوو لێـرە و لەوێ سەریان هەڵدەدا وەکو ئەوەی لە مەجەر لە ١٩٥٦ ڕوویـدا و لە چیکسـلۆڤاکیا لە ١٩٦٨ ڕوویـدا، خەبـاتگێر و چالاکوانـان لە نموونـەی لـیخ ڤاویسـا و فـاکلاف هاڤـل توانیـان لە پەنـای ئەم بـڕگەوە خــەڵک کـۆکەنەوە و بەگـژ چەوسـاندنەوە و داگیرکاریـدا بچـن دژی دیکتاتۆرەکان لە دونیای کۆمـۆنیزم. تـا دواجـار تـوانرا ئەوروپـای ڕۆژهـەڵات ئـازادبکەن. سـەرەڕای ئەمــانە وڵاتە ئەوروپییەکــان سـوربوون لەســەر ئەوەی هەنـدێک چاکسـازی ئاسایشی لەسەر ئاستی سەربازی ئەنجام بـدرێن، دانوسـتانەکان لەسـەر کەم کـردنەوەی هێزەکـــانی (MBFR)بـــن، کە ئەوکـــات لە ڤیەننـــا کرابـــووەوە. بەڵام دەوڵەتە دیموکراسـییەکان وێـڕای ئەوەی هەنـدێکیان لە ژێـر چەتـری سـۆڤیەت دابـوون، لەسـەر بڵاوکردنەوەی هێزەکان لە ئەوروپا داوای کۆتوبەندی زیاتریان دەکرد.

سـەرەتا سـتراتیژیەتی ئەمریکـا بریتیـی بـوو، لە دروسـت نەکردنـی ئاسـتەنگ لەبەردەم دانوسـتانەکان، بەڵام پەلەی لـێ نەکـرێ. بەسـەرچوونی کـات لە بەرژەوەنـدی ڕۆژئاوادا بوو، چونکە بۆ سۆڤیەت وەکو خوێن لێبەربـوون وابـوو، کە ئەم ئامـانجە هـاتە دی، دەسـتمان لە پرسـە گرنگەکـان وەردا. وەکـو ڕێکارەکـانی متمـانە دروسـتکردن و بڕگەکـانی مـافی مـرۆڤ، ئەڵمانییـەکان هــەوڵی زیـادکردنی ئەم دەسـتەواژەیان دا بـۆ (گۆڕانی ئاشتییانەی سنور). بەم شێوازە پرسەکە لە قازانجی دەوڵـەتە دیموکراسییەکان تەواو بوو، لە سەرەتای ١٩٧٤ دەرکەوت کە سـۆڤیەتییەکان سـودێکی ئـەوتۆیان دەسـت نەکــەوتووە، پڕۆســەی هەمــوارکردنەوەی ڕەشنووســەکەش قــورس و نهێنــی بــوو. ســۆڤیەتییەکان هەوڵیانــدا دڕکە ئازاربەخشــەکەی مــافی مــرۆڤ دەرکەن، لە ڕێـگەی دیبــاجەیەکەوە تێیــدا ئەو بڕگــانە قەدەغە بکــات، کە پێوەنــدییان بە دەسـتێوەردانی کاروباری نـاوەخۆی ئەو وڵاتـانەوە هەیە، کە واژۆیـان لەسـەر ئەم بەڵگەنـامەیە کـردووە.

دیارە ئەمەش هەموو ئەو بڕگانە پوچەڵ دەکاتەوە کە تایبەتن بە مافەکانی مرۆڤ، لە کۆتایی یاریەکەی سۆڤیەتی سوکتر دەکرێتەوە.

دەستەواژەی (گۆڕینی ئاشتییانەی سنورەکان) کێشەی نایەوە، چونکە دەستەواژەی (رێزنان لە سنورەکان) لە دیباجەکەدا هاتووە، سۆڤیەتییەکان بیر لە (گۆڕینی ئاشتییانەی سنورەکان) دەکەنەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەو سنورەی ئێستا هەیە ریزی لێبگیرێ و دەستکاری نەکرێ، ئەڵبەت ئەڵمانەکان لەم پێ ئالینکانە گەیشتن، داوای هاوکاریان لە ئەمریکا کرد، پرسەکەیان بۆ یەکلایی بکاتەوە. خۆ زیادکردنی بڕگەیەکی دیکەش بۆ گۆڕینی ئاشتییانە ئەوە ناگەیەنێ دەستکاریی سنورەکان نەکرێ، بەڵکو دەبێ ڕەزامەندی هەردوولا لەسەر ئەو گۆڕینە هەبێ، کە ئەوانەی واژۆیان لەسەر ئەو ڕێککەوتنە کردووە مافی جیابوونەوە و سەربەخۆییان هەبێ.

لە ئەنجامی ئەمانە و زۆربوونی لیژنەی پسپۆڕان زیاتر شاشی لە دەستەواژەکان ڕوودەدا، لەم میانە ژمارەیەک بیرۆکە بۆ چارەسەری سەریان هەڵدا لەوانە:

١/ یەکلایی کردنەوەی هۆڵەندی.

٢/ نەخشەکانی فینلەندی .

٣/ پێشنیارەکانی ئەڵمانی، ئەم ڕێگە چارانە بەریتانییەکان بۆ چەند سەبەتەیەک پۆلێنیانکردن:

سەبەتەی یەکەم/ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە ئاسایشییەکان.

سەبەتەی دووەم/ لەگەڵ کاروباری ئابووری.

سەبەتەی سێیەم/ لەگەڵ مافی مرۆڤ و ئازادی هاتوچۆ و ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن پێیانەوە.

ئەو گەورە دانوستانکارانەی خۆیان بۆ ئەم کارە تەرخان کرد بەهۆی ئەو پرسانەوە خۆیان لە ژێر بارێکی قورسدا بینییەوە، گرۆمیکۆ شارەزایی باشی هەبوو

لەسەر ئەو پرسانەی پەیوەندیان بە یەکێتی سۆڤیەتەوەیە. بەڵام ئەو بەرێزەش بەهۆی هەندێک پێشنیاری بێگانەکانەوە لێی تێکچوو.

من شانازیم بە زانینی وردەکارییەکانی ئەو دانوستانانە دەکرد، کە بە بڕیاری من دەردەچوون. تەنها من بەدروستی نەمتوانی ( کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپا) هەرسکەم، ڕاستە ئێمە دەمانزانی چی دەکەین و مەبەستمانە چی بکەین، بەڵام بەهۆی وردەکارییەکانەوە تێگەیشتنەکانم لێڵ بوون. من هەرگیز ئەو جیاوازیەم نەدەزانی کە لە نێوان ( جێبەجێکردنی یەکسان) و (بەردەوامی کاریگەری یەکسانی بۆ بیروبڕواکان) چییە، کە ئەو شەڕەی لە پێناودا ڕوویدا، پێدەچوو گرۆمیکۆش هەمان کێشەی هەبێ، بۆیە دەستەیەکی ئۆپۆزسیۆنی سۆڤیەتیی بۆ سەبەتەی سێیەم دامەزراند، لەسەر بنەمای بەرگری لە بنەما ڕەوشتیەکانی سۆڤیەتی، بە پشت بەستن بە برگەی (ئازادی هاتوچۆ) ، گوایە ئەم ئازادیە ڕێگە بە سەماکەرە هۆڵەندیە نیمچە ڕگوتەکان دەدا بێنە نێو خاکی سۆڤیەتی و پێگە و خاکی پرۆلیتاریا گڵاو بکەن.

ڕێکارە سەربازییەکان بۆ بنیادنانی متمانە هەمان مشتومڕی دروست کرد. وڵاتە ڕۆژئاواییەکان داوای پابەندبوونی هێزەکانیان کرد لە کاتی جوڵەکردن دەبێ بە شەست ڕۆژ پێشتر ئاگادار بکرێنەوە، لە بەرانبەردا یەکێتی سۆڤیەت داوای ئاگادارکردنەوەی کرد بۆ هەر مانۆڕێکی سەربازی سی ڕۆژ پێشتر دەبێ ئاگادار بکرێنەوە.

سەرۆک دەوڵەتەکان ئەم ئامۆژگاریانەیان بۆ وەزیرەکانیان گواستەوە، ئەمانیش بە زوترین کات دایانە دەست دەوروبەر و پسپۆڕەکانیان. بۆ بەختی باشمان یاریدەدەری وەزیری دەرەوەمان (ئەرثەر هارتمان) دانوسانکاری سەرەکی ئێمە بوو، زیرەک و بەتوانا بوو شاندەکەی ئێمەی زیرەکانە برد بەرێوە.

لە ناکۆکییەکانەوە دەرکەوتن کە سۆڤیەت لەسەر دەستەواژەی (گۆڕانی ئاشتییانەی سنورەکان) و مافەکانی مرۆڤ کێشە دروست دەکات، لە ئایاری ١٩٧٤ ڕێککەوتن دەستی پێکرد، پرسە گرنگەکان بۆ سەرۆکەکان هێڵدرانەوە، بەڵام لەم ساتە کۆچی پۆمپیدۆ و جێهێشتنی هیث و براندت و نیکسۆن پۆستەکانیان بەم خێراییە،

کەلێنێکی نوێ لەم بوارە دروست دەکا. ئیتر کەسێک نەما لە ڕەشنووسەکە بگا جگە لە هەندێک دبلۆماتکار و سیاسەتوانی پسپۆڕ و یاساناس نەبن، ئەوانیش وەکو پیاوانی ئاینی و دێر و کەلیسەکان بوون. دەستیان بەسەر لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەستەواژە پیرۆزەکانی سەدەی ناوەنجیدا گرتبوو.

لە ڕوویێکەوە کارێکی دبلۆماتکاری سەرلێشێواویی بە کۆمەڵ بوو، یەکێک لە ئامانجەکانی بەستنی کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی، مافی ئازادیی زیاتر بە وڵاتە بچووکەکان بدا لە نێو ئەم پێچوپەنایە، بۆیە وڵاتە مەزنەکان دەبووایە هۆشیار و بە ئاگابن. ئەوەتا یەکێک لەو دەستدرێژیانەی سەر لایەنەکانی دیکە دو مینتوف بوو، سەرۆک وەزیرانی ماڵتا، لەوکاتەی کۆنگرە لە تەواوبووندا بوو، ئەو گرفتێکی دروست کرد بەهۆیەوە کۆنگرە سێ ڕۆژ دوا دەکەوێ، فینلەندیە خانەخۆیەکان لەم هەڵوێستەی بێزاربوون، چونکە ئەوان ناتوانن ئامادەکاری بۆ کۆتاییهێنان بە کۆنگرە بکەن تا کاتی کۆتایی هاتن دیاری نەکرێ. لە ماوەی یەک ڕۆژدا نەتوانرا بگەنە دوم مینتوف، باڵوێزی ماڵتا و گوتی بۆ سوار سوارێن دەرچووە. هەرچەندە دۆزینەوەی لە نێو ئەو دوورگە بچووکە کارێکی قورس نەبوو، دومنتوف داوای دواخستی دوو ڕۆژی کردبوو بۆ ئەوەی دەستکەوتی زیاتر وەدەست بێنێ. دواجار فینلەندییەکان کە لەو ماوەی بەستنی کۆنگرە جوامێرانە لەسەرپێ وەستابوون بە زیرەکیی خۆیان، توانیان ئەم کێشە ببڕن، بەڵام لە ڕاستییدا بیرم نەماوە چیبوو ئەو ڕێگە دەرچوونە لەم گرفتە.

تەنانەت فۆردیش ڕکەی لەسەر دواخستنی بەستنی کۆنگرە گرتبوو بۆ هەفتەیەک دوابخرێ، تا وەڵامی نامە بێ ماناکەی گرۆمیکۆ دەداتەوە. لەم ساتانە ئامادەکارییەکان تەواو دەبن بۆ بەستنی کۆنگرە، ئیتر ڕۆڵی ڕەخنەگران دێت هێرش دەکەنە سەر کۆنگرەی هلسنکی، گوایە بیرۆکەیەکی مەترسیدارە چۆتە مێشکی دوو سیاسەتوان (فۆرد و کیسنجەر) ژێربەژێریش نیکسۆن، بۆ کرانەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

ڕۆژنـــامەی نیویـــۆرک تـــایمز لە لاپەڕەکـــانی خۆیـــدا لە ڕۆژی ١٩٧٥/٧/٢١ لە سەرگوتارەکەیدا دەنووسێ:

نەدەبووایە ئەم کۆنگرە کە ٣٥ سەرۆک دەوڵەت لەخۆ دەگرێ لەسـەر ئاسـایش و هاوکاری ئەوروپا ببەسـترێ. کە ئێسـتا پـاش ٣٢ مانـگ لە مشـتومڕ و بیـنە و بـەردە گەیشـــتۆتە لوتکـــەی، پێشـــتر ئەوەنـــدە بە کۆنگرەکـــان مانـــدوو نەبـــوونە کـــۆنگرەیەک ڕاگەیاندنەکەی لە ١٠٠ لاپەڕ پێک بێت، لەسەر بابەتی نیازپاکی لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا، ئەنجامەکانی لاواز و مەترسیدار دەبن.

هەروا دەرچـــوو دوای ئەوەی ژمـــارەیەک لە پســـپۆڕ و شـــارەزا و دبلۆماتکـــار بە داڕشتنی بڕیاری دوایی کـۆنگرە خەریـک دەبـن، بڕیـارەکە نـاکرێتە یاسـایەکی زۆرەملـێ، چونکە ئەمریکا و کەنەدا و ٣٣ دەوڵەتی دیکە بە سـنورەکانی حـاڵی حـازر ڕازی دەبـن، واتە بە دابەشبوونی ئەڵمانیا و ئەو هەرێمانەی سۆڤیەت دەستی بەسەردا گرتووە.

ڕۆژنامەی وۆل ستریت جورنال لە ٢٣ی تەموز پاساو دێنێتەوە و دەڵێ:

کـۆنگرەکە سـیمبولی بـوو، سـیمبولەکەش نیشـانەی زاڵبـوونی سـۆڤیەت بـوو بەسەر ئەوروپا. ئەو ڕێککەوتنەی واژۆ دەکرێ دەبێ دەقە فەرمییەکەی لە ماڵتا بێ.

ئورزفالد ئەکمنتنز جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی لاتفی و گوتی:

ســەرۆکی ئەمریکـا جیرالـد فـۆرد لەســەر هـاوپەیمنێتییەکی نەزۆک واژۆ دەکـا، ئەمریکـا نییـە ئومێـدی ملیۆنـان هـاولاتی و گەلـی ئەوروپـای ڕۆژهـەلات بـۆ ئـازادی و سەربەخۆیی لە گۆڕ دەنێ. هاوپەیمانێتییەک میساقی ئەتڵەسی لەگۆڕنا لەگەڵ ئومێـد و خواستی گەلانی لاتفی و لیتوانی و ئەستونی و ئۆکرانی و پۆڵەندی و هی تریش.

هەمووی شێواندنی ڕاستییەکانە، کە فۆرد بووە سـەرۆک کۆمـار سـاڵێک بەسـەر بەسـتنی کـۆنگرەکەدا تێپەڕیبـوو، ٣٥ دەوڵەت پابەنـدی بـوون، لە نێویانـدا فاتیکـانیش چـونکە وەکـو دەوڵەتیکـی سـڤیلی ئەوروپـی بـوو، سـەرکردەکانی نـاتۆ بـۆ بەسـتن و کۆبوونەوەی سەرکردەی ولاتەکـان بە پەرۆشـبوون تـا کـۆنگرەکە تەواو بـکەن و کۆتـایی

پێبێنن، بڕگەکانی بڕیارەکەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوونتر دەبوون و وڵاتە دیموکراسییەکان هەڵوێستیان باش دەبوو، ، کشانەوەی ئەمریکاش لەم قۆناغە دەستکەوت بوو بۆ ئەوروپییەکان و سۆڤیەتییەکان، بەڵام ئەمریکا هیچی لێ وەدەست نەهێنا، لە ڕاستیدا پەیماندان بە پاراستن و ڕێزگرتن لە سنورەکان بۆ دەوڵەتە بچووکەکان سودی هەبوو، مەترسی لەو وڵاتانە نەما کە خاوەن هێزن و توانای داگیرکردن و سنوربەزاندنیان هەیە و هاوسنورن لەگەڵ وڵاتە بچووکە دیموکراسییەکان. لەگەڵ ئەمەشدا تاقە سنور کە لە سەردەمی شەڕی سارد بەزێندرا سنوری ئەو وڵاتانە بوون، کە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت هاوسنوربوون و لەلایەن سوپای سورەوە سنورەکانیان بەزێندرا، وڵاتە ئەوروپییە ڕۆژهەڵاتە دیلەکان لە ڕۆژئاواییەکان زیاتر هەستیان بەو ڕاستییانە دەکرد، جیمس کالاهان لەسەرخوانی نانی بەیانیان ئەم ڕاستییانەی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپای بۆ باسکردین:

کالاهان: سەرۆکی هەنگاریا جانوس پێی ڕاگەیاندین.

کیسنجەر: (پیرۆز ڕاگرتنی سنورەکان) لە بەرژەوەندی زۆربەی دەوڵەتەکان بووە، ئەگەر بە یەکێتی سۆڤیەتیان بەراورد پێ بکەین.

کالاهان: هیچ حکومەتێکی سۆڤیەتی ناتوانێ پاساو بۆ داگیرکارییەکانی بێنێتەوە.

کیسنجەر: کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی نەیتوانی ڕێگریی لێ بکا.

ئەو دەوڵەتانەی ڕەخنەیان لە بەیاننامەی کۆتایی دەگرت، دەرکەوت بەهێزترین لایەنگری بوون. هەروەکو ئاماژەمان پێی دا کۆماری فیدراڵی بڕگەی گۆڕانی ئاشتییانەی بە سەرکەوتنێکی مەزن دەزانی. ئەو داننانەی دووپاتکردەوە کە ئەم چاکەیە بۆ ئەمریکا دەگەڕێتەوە، دوای پانزە ساڵ ئەو دەستەواژە دەرفەتێکی یاسایی دروست کرد، بۆ یەکخستنەوەی هەردوو ئەڵمانیاکە، دەوڵەتەکانی واژۆیان لەسەر ئەو بڕگە کردووە ( سنورەکان قابیلی گۆڕانن بە ڕێگەی ئاشتیانە و بە ڕێککەوتن و بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، مافی ئەوەشیان دەبێ ببنە ئەندام یا نەبنە ئەندام لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ببنە لایەنێک لە هاوپەیمانییە دووقۆڵی یا فرە قۆڵی.

ئەگەر ئەو دەستەواژە هیچ مانایەک ببەخشێ ئەوا بنەماکانی بریژنیف هـی سـاڵی ١٩٦٨ پوچەڵ دەکاتەوە، کە مۆسکۆ بە پشتبەستن بەو بنەمایانە چیکسلۆڤاکیای داگیـر کرد بە پاساوی پاراستنی یەکپارچەیی ئوردوگای سۆشیالیست و پاساوی خروشـۆف بـۆ داگیرکردنی مەجەر لە ١٩٥٦ گوایە ویستویەتیی لە هاوپەیمانی وارسۆ دەرچێ.

دەوڵەتە ئەوروپیـیـە ڕۆژهـەڵاتییەکانی سـەر بە یەکێتـی سـۆڤیەت بە نهێنـی ئاگادریـان کـردینەوە، کە بەیاننـامەی کۆتـایی زیـاتر کێشـە بـۆ داگیرکـاری ئوردوگـای سـۆڤیەتی دروسـت دەکـات و سیاسـەتی دەرەوەشـی لە پێنـاو بەرژەوەنـدی نیشـتمانی دەبوژێنێتەوە. لە لایەکی ترەوە هەندێک لەوانەی ڕەخنەیـان لـێ دەگـرتین بەیاننامەکـانی سـەرکردەی ئەوروپیـیـە ڕۆژهـەڵاتیەکانیان بەوە لێکـدایەوە کە لە بـواری مەکـر و شێتانگەرایی کرملین شـارەزان. بەڵام ئەوانەی لە نێومـان دژی کۆمـۆنیزم بـوون و ڕۆژانە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی ژێرچەتری سۆڤیەت مامەڵەیان دەکرد، بە ئاگاتر بـوون. بە پێـی هەندێک لەو خاڵانەی لە بەیاننامەی کۆتاییدا هاتووە دەبێ هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپـای ڕۆژهـەڵات هاوکاریـان لەگەڵ هێزەکـانی داگیـرکەر کردبـێ، مەبەسـتی سـەرەکیی وڵاتـانی وەکو پۆڵەندا و مەجەر و ڕۆمانیا ئەوەبوو زیاتر بینە و بـەردە لەگەڵ یەکێتـی سـۆڤیەتدا بـکەن. پێـدەچوو هەموویـان ئەو بڕوایەیـان هەبـێ، بەڵام بە ڕێژەیەکـی جـودا کە بیروبڕواکانی کۆمۆنیزم ڕەونەقی خۆی لە دەست داوە.

سـەرەڕای هەمـوو شـتێک ڕاپەریـن و خۆپیشـاندانەکانی گەلەری (میللـی) لە وڵاتە پیشەسازییەکان لەسەر خاکی خۆیـان ڕوویـدا، نەک لە مـۆڵگەی سـەرمایەداری هەروەکـو مارکسـیزم پێشـبینیی دەکـرد. چـونکە سـەرکردەکانی پۆڵەنـدا و مەجەر و ڕۆمانیـا و چیکسلۆڤاکیا درکیان بەوە کرد، کە چارەنووسیان لەسەر توانایان وەسـتاوە، تـا چەنـد خۆیان لە نەتەوە و مێژووی وڵاتەکەیـان نزیـک دەکەنەوە. بـڕوا و بنەماکـانی کۆنگرەی ئاسایشـی ئەوروپیـان بەوپەڕی گرنگـی زانـی لە پێنـاو ڕێگەگـرتن لە داگیرکارییەکـانی سۆڤیەتی و دروستکردنی گرفـت لە دەسـتوەردان لە کاروبـاری ناوەخۆیـان، یوگسـلاڤیای بێلایەن بە سەرۆکایەتیی جوزیف بروس تیتۆ پێداگریی لەسەر ئەم خاڵە کرد.

لەسەر ئەم هۆکارانە فۆرد پێی وابوو بەستنی کۆنگرەی کۆتایی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپی لە بەرژەوەندی نەتەوایەتیی ئەمریکا دەکاتەوە. بە مەرجێک بتوانین ئامانجەکانمان لەو خاڵانە بەدی بێنین وەکو:

ا/ گۆڕینی ئاشتییانەی سنورەکان.

ب/ مافەکانی مرۆڤ.

ج/ ڕێکارەکانی دروستبوونی متمانە، هەروەکو باقی بڕیار و کۆبوونەوەکان سەرۆک هێمن و لەسەرەخۆ بوو ئەوەندە بایەخی بە کۆتاییەکە نەدا، لە ٥ی ئایار کۆبوونەوەکانی کۆتایی نزیک ببوونەوە و کۆبوونەوەی لوتکەش لە سەروبەندیدا بوو، لە نوسینگەی سپی لەگەڵ فۆرد کۆبوومەوە و هۆشداریم دایێ:

کیسنجەر: جاکسۆنەکانی دیکە لەسەر لوتکەی کۆنگرەی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپا هێرشت دەکەنە سەر. دەڵێن ئەمە فێڵە پێویست بە لوتکە ناکا، کۆچبەرانی بەلتیق و ڕۆژهەلاتی ئەوروپات لێ کۆدەکەنەوە، کۆنگرە هیچ لە دۆخی وڵاتانی بەلتیق ناگۆڕێ.

فورد: پێم وایە ئەگەر ئێمە بەشداری نەکەین بە ڕووگرژ و توند دەناسرێین، وەکو ئەوەی بمانەوێ بۆ شەڕی سارد بگەڕێینەوە.

فۆرد ڕازی نەبوو بەدواداچوونی بۆ بکرێ، تەنها ئەگەر ئامانجەکانی ئەمریکا هاتنەدی. لە ٢٦ی ئایار ١٩٧٥ لە شێوازەکەی سۆڤیەتم ئاگادارکردەوە کە بڕگەکانی لەسەر بنای متمانە و مافی مرۆڤ و سەبەتەی ٣ بوون ، گوتم دەبێ هەڵوێستێکی توندت هەبێ، ئەگەر سۆڤیەتییەکان کۆنگرەیان بووێ دەبێ سازش بکەن. من گوێ دەگرم بەشداری نەکەم، ئەگەر توانیمان بگەینە چارەسەریەکی گونجاو، ئەگینا با چەند مانگێک چاوەڕوان بین.

فۆرد ڕازی بوو گوتی: پێم وایە دەبێ سەبر بگرین. دوای گەیشتنی فۆرد بۆ لوتکەی دەسەڵات لە ئەمریکا، هاوکارییەکانی سەرکردە ئەوروپییەکان کارئاسانییەکی

باش بوو بۆی، کە بیگەیەنە ئەنجامێکی ئەرێنـی، لەو کاتـانەی کـۆنگرە بە پێچوپەنـایی بەرەو کۆتایی هەنگاوی دەنـا. هاوپەیمانەکـان ڕاهـاتبوون لەسـەر بەسـتنی کۆبـوونەوەی نـۆبەتی بـۆ هەمـاهەنگی و یەکخسـتنی هەڵوێسـتەکانی سـتراتیژیی هـاوبەش. لە پێنـاو گەیشـتن بە ئەنجامێـک یەکێـک لە وڵاتە هاوپەیمانەکـان جـڵەوی ڕابەرایەتیـی پرسـێک دەگـرێتە دەسـت و بانگێشـتی دەوڵەتـانی دیـکە دەکـات، بەم شـێوە فەرەنسـا زۆربەی دانوستانەکانی پرسی (سەبەتەی ٣)، (مافی مرۆڤ)ی گرتبووە دەست. بەریتانیاش پرسی (سەبەتەی٢) و ( پێداچوونەوەکانی سەربازی بۆ بنیادنانی متمـانە). ئەمریکـاش پرسـی (سەبەتەی ١) کە برِگە و مەرجەکـانی (گـۆڕینی ئاشـتییانەی سـنور)ی دەگرتەخـۆ، ئەم دۆستایەتیە لەو نامە دەردەکەوێ کە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا (جـان سـوفا نـارگ) لە نیوەی مانگی حوزەیران بۆی ناردم:

خۆشەویستم هنری:

سوپاسـت دەکەم کە تـۆ لە هەشـتی حـوزەیرانی ١٩٧٥ نیازەکـانی سـۆڤیەتت پێڕاگەیاندم لە مانۆڕە سەربازییە مەزنەکەی کە لە کۆنگرەی ئاشتیی و هاوکاری ئەورووپا نەخشەی بۆ کێشرابوو. بە ڕوونتر بڵێم نیازەکانی لەسـەر بەرفراوانکردنـی دەسـەڵاتەکانی لەو ناوچەیە، هەروەکو دەیزانی بنیادنانی متمانە لەو کۆنگرە بۆ فەرەنسا هیچ نـاگەیەنێ و بە خاڵێکی گرنگی نازانێ، سەرەڕای ئەمە هاوڕام لەگەڵت لەسەر ئەوەی نـاوچەیەک بە قوڵایی ٢٥٠ کم لە ناوەوەی خاکی سۆڤیەتی، بۆ سـۆڤیەت سازشـە، هیـوادارم بەم زوانە بگەینە ئەنجامێک، من ڕێنماییەکان دەدەمە شاندی خۆمان لە ژنێڤ و پێیان ڕادەگەیەنـم لەم ڕووەوە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ شاندی ئێوە و ئەورووپی بکەن.

**لەگەڵ گەرمترین سڵاوم..**

بەرجەستە بوونی شێوازێکی نوێی پرۆسەی دروستکردنی بریاری سۆڤیەتی، بە پێچەوانەی شێوازەکانی رابردووی، کە پێداگری و رکەگرتن بوو. ئەوەتا لە شێوازی خۆگنخاندن و رکەگرتنەوە بۆ شێوازی خێرا و پەلەکردن لە گەیشتن بە رێککەوتن و لە کۆتایی نزیک بوونەوە دەگۆردرێ، وەکو ئەوەی کۆمیتەی جێبەجێکردنی حزبی کۆمۆنیست نەگیشتبنە بریارێکی رەها و کۆدەنگی لەسەر شێوازێک، تەنها لە رێگەی رکەگرتنەوە نەبێ، هەرکە سەرکردەکانی دانوستان پابەندی خۆیان بۆ کاتی کۆتاییهێنان رادەگەیەنن لایەنی بەرانبەری توند و توش لە کتوپر دڵەکوتە دایاندەگرێ و ئەگەری لە دەستدانی چەند مانگێکی دانوستانیان لێ بەدی دەکرێ.

بە پێی ئەزموونەکانم رۆژانی دوایی کۆنگرە زیاتر سازش لە سۆڤیەتییەکان وەدەر دەکەوێ لەوەی رۆژانی بەرایی. یا مانگەکان یا ساڵەکانی بەرایی. ئەمە لە دانوستانی سنوورداركردنی چەکی ستراتیژی لە ساڵی ١٩٧٢ و جارێکیش لە فلادیفوستوک لە ساڵی ١٩٧٤ روویان داوە، بۆیە لەم کۆنگرەیەش لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٥ هەمان هەڵوێست لە شاندی سۆڤیەتی دووبارە دەبێتەوە و پرسە هەڵواسراوەکان چارەسەر دەبن. یەکێتی سۆڤیەت هەڵوێستەکانی لەگەڵ هەڵوێستەکانی وڵاتانی دیموکرات نزیک دەکاتەوە لەسەر هەموو پرسە هەڵواسراوەکان لەوانە مافی مرۆڤ، گۆرینی ئاشتییانەی سنور، رێکارەکانی بنیادنانی متمانە، ئێستا رێگەی لوتکەی هلسنگی خۆش و قیرتاوە.

لەگەڵ نزیک بوونەوەی کاتی لوتکە، مشتومری سیاسی لە ئەمریکا بە توندی دەتەقنەوە، پارێزگارەکان ترسیان لە لوتکە لەگەڵ سەرکردەکانی سۆڤیەتی ئەوەبوو؛ ئاژاوە لە وڵاتە پیشەسازییەکان سەرهەڵدەدا، بەڵام ئەوانەی پارێزگار نەبوون تازە گەیشتبوونە بەرەی دژ بە کۆمۆنیزم و لە گەرمەی شەری ئایدیۆلۆژیدا بوون نەک یاریەکی دبلۆماسی، سەرکردەکانیان لە نموونەی رۆناڵد ریگن و هنری جاکسۆن ئامادەبوون پرسی کرانەوە بۆ کاتی هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٦ بکەنە کەرەستەی ناڕازی بوون و بیتەقێننەوە، یەکەم رەخنەی ریگن لە فۆرد گوتی:

مـن دژی ئەوم پـێم وایە دەبـێ هەمـوو ئەمـریکییەک دژی بێـت. سـیناتۆر جاکسۆنیش بە هەمان شێوە ڕەخنەی لێگرت. لیبراڵیستەکان پێیان وابوو لە بەیاننـامەی کۆتایی بە پێی پێویست جەخت لە مافی مـرۆڤ نەکـراوەتەوە، ئـێمە وامـان دەبینـی کە ئەو هەمـوو بۆچـوون و تێبینیـیـە ناکۆکـانە بە سـەردانە دراماتیکییەکەی سۆلجینتسـین یەکدەخرێن، کە بەر لە کۆنگرەی لوتکەی هلسنکی بە یەک مانگ بۆ واشنتۆن دەیکا.

هەمان سیناریۆی هیندی چینی لە ڕووخانی فەرمانبەرانی کۆشکی سپی دووبارە بووەوە، زۆربەیان پێیان وابـوو بە دابڕانـدنی فـۆرد هەنـدێک لەو سیاسـەتانەی پیادەیـان دەکا، نائارامییەکـان چارەسـەر دەبـن. هەنـدێکیش بەوە گرنگـی ئەنجامەکانیـان بێبـایەخ دەکـرد، ئەمە پێشـنیارێکی سـەیرە بەڵگەنـامەیەک خەریـکە سـەرۆک واژۆی لەسـەربکا و بێبـایەخ بکـرێ بە بیـانوی جـۆراو جـۆر، ئەگەر هەنـدێک بـڕگەی لـێ وەلانـرێ، یـا مـن بەرپرسیاریتیەکە بگرمە ئەستۆ دەبێـتە تەکتیکێکـی بـاش. هـیچ مەبەسـتێکی دبلۆماسـی ناپێکی و تەنها لەسەر ئاستی ناوەوە فۆرد لاواز دەکا، هیچ چارەسـەریەکی دیکە نییـە، لە نێوان ڕاگرتن و بەرێکردندا.

کاتێک بە بەیاننامەی کۆتاییدا هاتینەوە لەسەر بڕگەی گۆڕینی ئاشتییانەی سنور شتێکی ئەوتۆی تێدا نەبـوو، جیـاواز بـێ لەو ڕێکەوتـنە ئاشـتییانەی کە هاوپەیمانـان لە ١٩٤٦-١٩٤٩ واژۆیان لەسەر کـردووە. کە لەسـەردەمی ویلـی برانـدت بـووە ئەمریکاشـی گرتبووەوە، هیچ کاتێک ئەوروپـا هەڕەشـەی لە ئەمریکـا نەکـردووە و هێـزی بـۆ گـۆڕینی سنورەکانی ئەوروپا بەکـار نەهێنـاوە، لە ڕاستیشـدا هـیچ وڵاتێکـی دیموکراسـی جگە لە ئەمریکـا ئەو هێـزەی نییـە ئەم جـۆرە هەڕەشـانە بکـات، لە کۆتـایی کێشـەی ئەوروپـای ڕۆژهـەڵات لە سـنور و جوگرافیـادا نییـە، بـەڵکو لە ئایـدیۆلۆژیاکە دایە، کە سـۆڤیەت مەبەستییەتی بەهێز بەسەریاندا بسەپێنی.

ئەو باجەی یەکێتی سۆڤیەت لە بڕی هـەوڵە نەزۆکەکـانی دای بـۆ وەدەسـتهێنانی شەرعییەت، ڕەزامەنـدی بـوو لەسـەر پەسـندکردنی گـۆڕانی ئاشـتییانەی سـنورەکان. کە ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە یەکخستنەوەی ئەڵمانییەکان. بەهەمـان شـێوە بـۆ پرسـی مـافی

مرۆڤ لە (سەبەتەی ٣) کە لە خۆیەوە زۆر بەسەیر سەر هەڵدەدا، کۆمکاری هلسنکی بۆ چاودێری لە زۆربەی دەوڵەتانی ئوردوگای ڕۆژهەڵاتی بڵاو بوونەوە، بەناوبانگترینیان بە ناوی (میساقی ٧٧) هاتە ناسین لە چیکسلۆڤاکیا، بەڵگەنامەی کۆتایی هلسنکی بەوە لێکدرایەوە کە مافی مرۆڤیان لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی یەکخست، ئەم بۆچوونە ئێمەش پشتگیریمان لێی دەکرد.

دەبێ هەر ڕێککەوتنێک لە نێوان دوو لایەن گرەنتییەک بە دوارۆژ بدا. یەکێتی سۆڤیەت بەو ئومێدە لە کۆنگرەی ئاشتیی و هاوکاری ئەوروپا هەوڵی دەدا کە تواناکانی وڵاتانی دیموکرات لاواز بکا و دۆخی حاڵی حازریان تووشی بەستەڵەک بکا. وڵاتە دیموکراسییەکانی ڕۆژئاواش لە پێناو (سەبەتەی ٣) و گۆڕینی ئاشتییانەی سنور فشاریان دەخستە سەری.

# ئەلیکساندەر سۆلژنیتسین

Aleksander Solzhenitsyn



ئەلیکسەندەر سۆلژنیتسین نووسەرێکی بەناوبانگە بە سەرچاوەی هێزی سەردەم دێتە ئەژمار. بڕواکانی سیاسیی بووە هاندەر و بزوێنەر لە خەباتی دژ بە دکتاتۆرییەتیی کۆمۆنیستی. وێڕای قورسی لە پێناسەکردنی بۆ دڵسۆزیی بۆ بیروبڕواکانی دیموکراسیی و فرەڕەنگیی و فەرهەنگیی ڕۆژئاوایی، من بە ڕۆمانەکانی سەرسام بووم (ئەرخەبیلی گولاک؛ مێژووە بە سێ بەرگ لەسەر زیندانی ئوردوگای کار). ئەم ڕۆمانەی کاری لەسەر دەرونمدا کرد. ئەوکاتەی فۆرد دەبێتە سەرۆک، بەرگی یەکەمی ئەو ڕۆمانەم پێی دا و جەختم لەوە ککردەوە کە بیخوێنێتەوە تا لە هەڕەشەکانی سۆڤیەتیی بگات.

لە ترسی ئەو فشارانەی لە لایەن سۆڤیەتەوە خرابوونە سەر ئەو خەباتگێرە، داوام لە دوبرینن کرد ڕێگە بەو نووسەرە بدا وڵات جێبێڵێ. پێم گوت ئەم داواکاریەم لە ڕوانگەی مرۆڤایەتییەوەیە ئەمریکا سوود لە ئاوارەیی ئەو نووسەرە وەرناگرێ بۆ مەرامی سیاسی، سەرسامیم بەو نووسەرە زیاد دەبێ کە نووسینەکانی لەسەر مێژووی دژایەتی تۆتالیتاریزمی کۆمۆنیست دەخوێندەوە.

سۆلژنیتسین لە شوباتی ١٩٧٤ لە یەکێتی سۆڤیەت دەردەکرێ، دوای چەند مانگێک دەگاتە ئەمریکا. کۆمەڵەی یەکێتی کاری ئەمریکی و کۆنگرەی ڕێکخراوە پیشەسازییەکان ( AFL-CIO ) بە سەرۆکایەتیی جۆرج مینیی ڕکابەری کۆمۆنیستەکان بانگێشتی ئاهەنگێکی نانخواردنی دەکەن لە واشنتۆن لە ٣٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٥. بەر لە چوونی فۆرد بۆ واژۆکردن لەسەر بەڵگەنامەی کۆتایی کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی کاتەکە بە هۆشیاری دیاریکرا، چونکە ئەگەر سۆلژنیتسین بۆچوونەکانی خۆی دەربڕێ ئەوا پشتگیری لە نارازیبووانی کۆنگرەی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپی دەکا. سۆلژنیتسین ماڵی خۆیانی ئاهەنگی بێئومێد نەکردن، لە گوتارەکەیدا هێرشی توندی کردە سەر ڕژێمی سۆڤیەتی، داوای لە وڵاتە دیموکراتخوازەکان کرد سیاسەتێکی ڕووبەڕووبوونەوە بگرنە بەر، داواشی کرد سنورێک بۆ سازشییەکانی یەکلایەنە دابنێن. کە بە دیدی ئەو سەرجەم دانوستانەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتی هەر لە دانانی ڕووزفلتەوە تا دەگاتە یاسای بەکرێدان و خواست. هانی ئەمریکای دا هەڵمەتێک لە دژی کۆمۆنیزم لە ناوەوەی یەکێتی سۆڤیەت بەرپا بکا. پاساوی بۆ ئەو بیانویانە هێنایەوە کە گوایە ئەمە دەستوەردانە لە کاروباری ناوەخۆ. دەپاڕایەوە دەیگوت زیاتر و زیاتر دەستوەردەن بە قەدەر توانا دەستوەردانە کاروبارەکانی ناوەخۆیان، لێتان دەپاڕێمەوە کە دەستوەردەن.

لە ٢ی تەموز سیناتۆر جیسی هولمز و سیناتۆر ستروم ثورموند پەیوەندیان بە ڕاوێژکاری فۆردەوەکرد (جاک مارش) داوای دیاریکردنی ژوانێکیان کرد بۆ سۆلژنیتسین لەگەڵ سەرۆک فۆرد، گوتیان ئەو ژوانە دەبێ بەر لە ٥ی تەموز بێ، کە بڕیارە دواتر سۆلژنیتسین واشنتۆن جێبێڵێ. بڕیاربوو فۆرد ڕۆژی دواتر گەشتی سینسیناتی و کفیلاند

بکات واتە لە ٣ی تەموز. گەر وابێ ئەو دیدارە دەبێ لە ٤ی تەموز ئەنجام بدرێ، ئەو ڕۆژەش پشووی فەرمییە.

فۆرد ئەم داوایەی بە ڕوودامانزانی تا لە بەرانبەر باڵی ڕاستڕەوی کۆمارییەکان لە ڕوودابمێنی. بۆیە بەهۆی پڕی خشتەی ژوانەکانییەوە بڕیاریدا سۆلژنیتسین نەبینێ. ئەم بڕیارەی پەیوەندیی بە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواوە نەبوو کارێک بوو پەیوەندیی بە کۆشکی سپییەوە هەبوو(هەرچەندە فەرمانبەرانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتیی لە توانایاندابوو ئەو ژوانە ڕێکخەن، ئەگەر سەرۆک مەبەستی بووایە) ئەگەر لە واشنتۆن بوومایە پێشنیارم بۆ سەرۆک دەکرد دانیشتنێکی هێمنانە ئەنجام بدا، دوای بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی هەردوو بژاردەکە خرانە بەردەمیان بەڵام سۆلژنیتسین ڕەتیکردەوە. زۆر کەم خۆشی بە دیداری قارەمانان دەکرێ لەسەر ئاستی تاکەکەسی، ئەگەر پرسم پێ بکرابا من ڕێگەم نەدەدا دیدارێکی فەرمیی سەر شاشەکان ئەنجام بدرێ، چونکە فۆرد لەسەروبەندی سەفەرکردندا بوو بۆ هلسنکی و لەوێ چاوی بە برژنیف دەکەوت کە لەبەر و لەسەر داوای کۆشکی سپی و بە هۆکاری مرۆیی بەر لە چەند مانگێک سۆلژینیتسینی ئازاد کردووە، ئێستا لەم میانە ڕۆڵێکی ناشیرن بۆ من دروستکرا، گوایە من ڕەخنەگرێکی سیاسەتی کرانەوەم ڕزگار کردووە.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە ١٦ی تەموز، ئاماژەم بە ئەسڵی بڕیارەکەدا کە ڕەتکردنەوەی دیدارەکە تەنها پەیوەندیی بە خشتەی دیدارەکانی کۆشکی سپییەوە هەبوو، نەک لەسەر بنەمای سیاسەتی دەرەوەبێ، لەگەڵ ئەمەشدا بە هۆکاری تایبەت بە سیاسەتی دەرەوە پشتگیریم لە بڕیارەکەی فۆرد کرد، هەروەها جیاوازیم بە ناوەڕۆکی گوتارەکەی سۆلژینیتسین کرد و خۆشحاڵیم بۆی دەربڕی:

من سۆلژنیتسین بە یەکێک لە نووسەرە مەزنەکانی ئەم سەردەمە دەزانم، دیارە من بەهۆی پۆستەکەمەوە ئێستا تەنها نامە نهێنییەکان دەخوێنمەوە. کار و نوزسینەکانی سۆلژنیتسین یەکێکە لە نووسینە ئاشکراکان کە من دەیانخوێنمەوە. بۆیە ڕێزو ستایشی زۆرم بۆ ئەم نوسەرە مەزنە هەیە.

دووەم: پێم وایە ئەم وڵاتە دەتوانێ ئێستا گوێ لە کەسایەتییەکی وا بگرێ، بێ دڵەڕاوکێ و لە بەرژەوەندی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادایە. سەبارەت بە دیداری پیاوە مەزنەکان، دەکرێ لە ڕوانگەی سیاسەتی دەرەوەوە سەیر بکرێن، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەکرێ کاریگەریەکی سیمبولیی کەم زیان هەبێ، ئەمەش هیچ پەیوەندییەکی نە بەو پیاوە نە بە نامەکەیەوە هەیە.

دەرگاکانی دۆزەخ کرانەوە، جاکسۆن بەیاننامەیەکی دەرکرد، تێیدا لایەنگریی گوتەبێژی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت، لە باتیی لایەنگریی لە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی دوان، ڕۆژێکی دڵتەنگە بۆ وڵات.

ڕۆژنامەی (وۆل ستریت جورنال) بەم شێوە هێرشەکانی دەست پێ دەکا:

سەرۆک فۆرد لەسەردەمی حوکمڕانییدا گوێی لە نادادپەروەرترین بڕیار دەبێت، هەندێک لە ڕاوێژکارەکانی سەرۆک ئامۆژگاریان کردبوو کە داوەتکردنی سولجینستین لە لایەن کۆشکی سپییەوە هەستی کرملین بریندار دەکات.

هەروەها ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز سەرۆکی بە بەزاندنی هێڵی جیاکەرەوەی نێوان سیاسەتی کرانەوە و سیاسەتی ڕازیکردن تۆمەتبار کرد. هەندێک لە ئەکادیمیستەکانیش لە زانکۆی هارڤارد نامەی ناڕەزاییان بۆ ڕۆژنامەکان نووسی.

ئەوەی من و سەرۆک فۆردیان بە نیان لەگەڵ کۆمۆنیستەکان تۆمەتبار دەکرد ئەوکات ئیدارەی بەرەنگاربوونەوەی هێزی کۆمۆنیستەکانیان دەکرد لە ئەنگۆلا، هەر هەمان دەستە لە لایەن لایەنگرانی خۆیانەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبوونەوە کە هەڵوێستیان توندە بەرانبەر بە ناڕازی بوونیان لە بەشداری پێ نەکردنی هیچ حزبێکی کۆمۆنیستی لەحکومەتەکانی هاوپەیمانی ناتۆ.

هەروەکو بە ئاشکرا ڕامگەیاند من لەگەڵ ئەو پێناسەی سۆلجینیتسینم کە لەسەر ڕژێمی سۆڤیەتیی کردووە، لە گەلێک بۆنە ئەمەم ڕاگەیاندوە زیاتر لەو کەسانەی

ڕەخنەمان لێ دەگرن لەسەر لوتکەی هلسنکی. هـاوڕابووم لەگـەڵی دا لەسـەر هەڵەکـانی دەستبەرداربوونمان لە هیندی چینی.

کاتێکیش بە ڕابردوومدا دێمەوە، دەکەومە ئەو بڕوایەی ئـێمە لەسـەر هەق بـووین کە گوێمان بە داواکەی ئەندامی ئەنجومەنی پیران نەدا بۆ سازدانی دیداری سۆلژنیتسـین لەگەڵ سـەرۆک فـۆرد لە ٤ی تەمـوز، ئەگەر ئەوکـات سۆلژنیتسـین و یـاوەرانی هەمـوو هەوڵەکانیان بخستبایەتە گەر بۆ ئەوەی هـیچ ڕوونەدا، ئـەو دەمـە تواناکانمـان تووشـی شکسـت دەهـاتن بـۆ ڕاگرتنـی سیاسـەتێکی هاوسـەنگ لەگەڵ یـەکێتیی سـۆڤیەت و ڕووبەڕووی زیان دەبووەوە، ئەگەر ئەمە بەراورد بکەین لەگەڵ حاڵەتێکی تر کە بە دوایدا بگەڕاباین بۆ ئەنجامدانی دیدار لەگەڵ ئەم قارەمانە.

لەمیانی گۆڕینی سەردانەکەی سۆلژینیتسین بـۆ زۆرانبـازیی سیاسـی. لایەنگرانـی فشاریان دەخستە سەر سەرۆکێکی هەڵنەبژێردراوی تازە دەستبەکار بوو، تا هەڵمەتێکـی گێرەشێوێن دژی هێزێکی ئەتۆمیی زەبەلاح ڕابگەیەنی، دوای تێپەڕبوونی تەنها دوو مانگ لە شکستی هینـدی چینـی، لە گەرمەی دانوسـتانەکان و هەسـتیاری دۆخـی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت کە هێشـتا دۆخەکـان لەسـەر لێـواری تەقینـەوەن، لە ئەنگـۆلا دۆخەکـان لە شـێوەی گرکـان جـۆش دراون، لێکۆڵینەوەکـان توانـای دەزگـەی هـەواڵگریمانی لەبەیـن بردوە. کۆنگرێس داوای کەم کردنەوەی ژمارەی هێزەکانمـان دەکـات لە دونیـا، خەریکـی داڕشتنی پرۆژەیەکە بۆ قەدەغەکردنی هێزی سەربازی لەسەر تورکیا، ئەمـانە لەو کـاتەدا بوون، کە فـۆرد خـۆی بـۆ دیـداری برژنیـف ئامـادە دەکـرد لە هەفتەکـانی داهـاتوو، لەم دۆخەداین و ڕەخنەگرانمان بایەخیان بەوە دەدا کـۆنگرەی ئاسـایش و هاوکـاری ئەورووپـا بـــخەنە ســـەر ســـەرکەوتنەکانی دیـــکەی خۆیـــان لە ڕووخـــانی یاســـای بازرگـــانی و بەستەڵەککردنی دانوستانی سنوردارکردنی چەک.

سیاسەتی سەرکەوتووی فۆرد بریتییە لە سیاسەتێک ئەمریکا بە هـۆیەوە بتـوانێ ئەو مانـدوو شـەکەتییەی لە ڤێتنـام و واتەرگێـت Watergate چەشـتی قەرەبـووی

بکـاتەوە. لەگـەڵ هانـدانی دەوڵەتە دیموکراسـییەکان بەرەو پـێش. ئەم دەربڕینـانە لە چاوپێکەوتنێکیدا لە ڕۆژنامەی تایم بڵاوکرایەوە.

دەبـێ ئـێمە ئەو گرفتـانە لەبەر چـاو بگـرین کە لە ڤێتنـام و لە ئەنجـامی دانوسـتانەکانی کـۆنگرێس هـاتنە ڕێمـان، چیتـر گەلەکەمـان ڕووبەڕووی ئاسـتەنگ و مەترسـی نەکەیـنەوە چـونکە ئەمە دەچێـتە خـانەی ڕووبەڕوو کـردنەوەی سیاسـەتی دەرەوەمان بۆ شکست. پێم وایە ئەو سیاسەتەی لەگەڵ یـەکێتیی سـۆڤیەت گرتمـانە بەر دۆخ و پـێگەی ئـێمەی بەرانـبەر بە سـۆڤیەت بەهێزتـر کـردووە، باشـترین هەڵوێسـتە لە بەرانبەر بەرگریکردن لە ئەگەری بەرەو پێشچوونی سیاسەتەکانی سۆڤیەتی.

جەختم لەوە کردەوە کە ئێمە دەتوانین لەسەر ئەم بـڕوایە بەردەوام بـین، چـونکە پێمـان وایە کـۆنگرەی ئاسایشـی ئەوروپـی خـاڵێکی دیـارە بـۆ ئامـاژەدان بە بەرەو پێشچوونی پرسەکە. هەروەها فۆرد بە شێوازێکی ئاسایی و خاکیانە بەر لە سـەفەری بە ڕۆژێک بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی لوتکە گوتی:

ئەگەر سەرنەکەوتم دۆخی ئەوروپا لە ئێسـتا خەراپتـر نـابێ. ئەگەر سـەرکەوتم؛ گەلێک لە گەلانی ئەوروپای ڕۆژهەلأت دۆخەکانیان باشـتر دەبـێ لەوەی ئێسـتا و پرسـی ئازادیش هەنگاوێکی باش دەبڕێ.

بەشـێکی زۆر لە ڕێککـەوتنەکە سـەرکەوتنی بە دەسـتهێنا، لە کۆتـایی دۆخـی گەلانی ئەوروپای ڕۆژهەلأت بە گشتیی باشتر بوو هەروەکو بە چاو دەیبینین.

# پێشەکی بۆ هلسنکی



لە ٢٦ی تەمـوز کاتێـک فـۆرد بەرەو هلسـنکی ڕۆیشـت و وڵاتێکـی دڵتەنـگ و خەمباری بەجێهێشت. سۆلجنیتسین لە گوتارەکەیدا لە بەردەم یەکێتی کاری ئەمریکیـی و کۆنگرەی ڕێکخراوە پیشەسازییەکان، هێرشی توندی کردە سەر ئیدارەی ئەمریکـی، کە لە بواری مافی مرۆڤ سازشـی بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت کـردووە. لـە کاتێکدا دەبـووایە لە هەزاران یەک ئەمە ڕوویـدابا، هەنگـاوی دواتـری هێرشـکردن بـوو بـۆ سـەر هلسـنکی بە گشتی:

ئەمە چ جۆرە ڕێککەوتنێکە؟ ڕێککەوتنە پێشنیارکراوەکە تەنها تەرمی ئەوروپـای ڕۆژهەڵاتە، مانای ئەوەیە ئەوروپای ڕۆژئاوا تا هەتایە دەستبەرداری ئەوروپـای ڕۆژهـەڵات دەبێ، واتە خۆشحاڵە بەوەی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بە چەوساوەیی ببینێ، زمانحاڵەکەشـی دەڵێ: بەڵام تکایە بێزارمان مەکەن.

سۆلجینتسین لایەنگری دڵسۆزی بۆ خۆی دۆزیەوە، ڕیگان و جاکسۆن و نیویۆرک تایمز و وۆلستریت جورنال لە ڕێککەوتنێکی کەموێنەدا بوون، جێگـری وەزیـری دەرەوەی پێشـوو جـورج بـوول هێرشـی تونـدی دەکـرد و داوای کۆتـایی هێنـانی دەکـرد بـۆ (ڕێککەوتنـی خۆوەدەسـتەوەدان). ئەمـریکییە یەکگرتووەکـانی ئەوروپـای ڕۆژهـەڵات لە بەردەم کۆشکی سپی مانیـان گـرت، مانشـێتی ڕۆژنـامەی وۆلسـتریت جورنـال هـی ڕۆژی ٢٣ی تەموز؛ (جیری مەڕۆ) بوو.

خۆپیشاندانەکانی ئامـاژەدەر بە هەڵوەشـانەوەی یەکێتـی نیشـتمانی تەنهـا دژی پرسەکانی سۆڤیەتی نەبوون، بەر لە دوو ڕۆژ لە سەردانییەکەی فۆرد بۆ ئامادەبوونی لە کـۆنگرە، کە لەوێ چـاوی بە سـلیمان دیمیریلـی سـەرۆک وەزیرانـی تورکیـا دەکەوێ، ئەنجومەنی نوێنەران بەڕەکە لە ژێر پێی فۆرد دەردێنن، کاتێک هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ڕاگرتنی پێدانی چەک بە تورکیـا ڕەتـدەکەنەوە. لە ئەنجـامی ئەو بڕیـارە ئەنـقەرە داوای داخستنی بنکەکانمان دەکات لەسەر خاکی خۆی، کە پشتگیرییەکی گرنگ بوو بۆ ئـێمە، بۆ چاودێریکردنی موشەکەکانی سۆڤیەتی و سەربازگەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

نەخشەکە وا کێشرابوو کە سەردانییەکەی فۆرد بۆ هلسنکی سیمبولی ئەمریکا بێ، لە گەشتەکەیدا لە ئەڵمانیا بەڕێ بکەوێ و لە پۆڵەندا پشوویەک بدا. لە گەڕانەوەشدا لە ڕۆمانیا و یوگسلاڤیا وچانێک بدا. هیچ لایەنێک هۆکارێکی بەهێزی نەبوو تا لە دۆخی ئێستای ئەڵمانیای فیدراڵی ناڕازی بێ. ڕەخنەگران پێیان وابوو کە ئەم دۆخە لە بەیاننامەی کۆتاییدا هاتووە، بەڵام سەرکردە ئەڵمانییەکان کۆنگرەی هلسنکی و بەیاننامەی کۆتاییان پێ سەرکەوتنێکی مەزن بووە، هەریەک لە شمیدت و گینشر دەستەواژەی (گۆڕینی ئاشتییانەی سنور) یان پێ تاقە ڕێگەی کرانەوە بوو لەبەردەم ئەڵمانیا بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانی.

وارشۆ و بۆخاریست و بەلگراد دەستنیشانکران بۆ ئەوەی فۆرد سەردانیان بکات، وەکو ئەو پایتەختانەی هەوڵی زۆریان داوە بۆ وەدەستهێنانی ئازادی لە چنگ یەکێتیی سۆڤیەت، وارشۆ لە ناوەوە لە ڕێگەی یاوەر و لایەنگرانی سیاسەتی سۆڤیەتییەوە هەوڵی خۆ بەهێزکردنی دەدا، بەو هۆیەوە ئەوەندەی نەمابوو لەگەڵ ئەمریکا ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە، بەڵام ڕۆمانیا بە پێچەوانەی ئەوبوو، ئابووریی ستالینستیی تێکەڵاو کردبوو لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی نەتەوەخوازی. هەرچی تیتۆ بوو بە درێژایی چارەگە سەدەیەک خۆی لە هەژموونی سیاسەتی دەرەوە و ناوەوەی سۆڤیەتی ڕزگار کردبوو. گەشتەکەی فۆرد سۆڤیەتی ناچار کرد بە هاوپەیمانیەتیی ناتۆ و یەکێتی ئەڵمانیا پابەند بێ. لەم کەشوهەوایە پڕ لە ئومێد و پێشکەوتنە، دوای ئەوەی دڵنیا دەبێ لە جێگیر و ڕەچاوکردنی ئومێدەکانی ئەڵمانی شمیدت بەوپەڕی دڵخۆشییەوە پێشوازیی لە فۆرد کرد. پشتگیرییەکانی ئەمریکا کاریگەر و ئەنجام بەخشی ئەم دەستەکوتانە بوون، شمیدت بە پێویستی نەزانی کاتی زۆر بۆ پەیوەندیەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا تەرخان بکەن، گەشتێکی دەریاییان بە ڕووباری ڕایندا ڕێکخست، جگە لە خوانێکی ئێوارانی شایستە بە بەشداری سەرۆکی شاند و چەند کەسانێکی نزیک لە ڕاوێژکارەکانیان.

قەیرانی وزە بووە پرسە سەرقاڵکەرەکەی شمیدت. ئامارەی بەوەدا کە پیشەسازیی ئەڵمانیا و فەرەنسا بە ڕێژەی٦٥% کەمی کردووە و هی بەریتانیاش زیاتر،

گوتی هەڕەشەکانی سەر دیموکراسییەکان فشارە سەربازییەکانی یەکێتی سۆڤیەت و کۆمۆنیزم نین، بەڵکو پاشوەچوونی زیندوویی ئابوورییە:

ئەگەر قەیرانەکە سەربازی بێ ئەوا سەرکردە سیاسییەکان کۆدەبنەوە و باسوخواسی لەسەر دەکەن، بەڵام کێشە و قەیرانەکە ئابوورییە و دەبێ وەزیرەکانی دارایی لەسەری کۆببنەوە. ئەگەر پێنج ساڵێک ئەم پرسە پشگوێ بخەین، کارەسات ڕوودەدا.

شمیدت یاداشتێکی نهێنی دوای چەند ڕۆژێک دایە دەست فۆرد (واتە حکومەت پێی نەزانیوە)، پشتگیریی لە پێشنیارێکدا کرد کە پێشتر دیستان پێشکەشی کردبوو، تێیدا گوتبووی پێویستە بەر لە کۆتایی ساڵ سەرکردەی وڵاتە دیموکراسییە پیشەسازییەکان کۆنگرەیەک ببەستن بۆ مەبەستی ئەگەرەکانی ئابووریی جیهان و سیستەمی دراوی. دەوڵەتە بەشداربووەکانیش ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و گریکسان و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا بن، ئەوکات یەکەم کۆنگرەی ئابووریی سالآنە لە ساڵی ١٩٧٥ەوە دەبێت، پۆڵەندا بە گەرمی پێشوازیی لێ کرد. مرۆڤ ناتوانێ سەردانی ئەو دەوڵەتە قارەمانە بکات، تەنانەت ئەوکاتەی لە ژێر حوکمی کۆمۆنیستەکانیشدایە، بێ ئەوەی ئەو دڵسۆزیەیان لەبەرچاو نەگرێ.

لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم پۆڵەندا لە نێوان بروسیا و نەمسا دابەشکرا. بەڵام هەمیشە بۆ ئازادی خەباتی دەکرد، باشترین ڕێگەچارە بۆ گێڕانەوەی ڕزگاری پۆڵەندا، یەکخستنی خەباتی نیشتمانیانە لەگەڵ خەباتی گەلانی دیکەی ژێردەست. بۆیە ئەو خەبات و جەنگانەی گەلان لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی کردیان بە خوێنی هەندێک لە پۆڵۆنییەکان ئاودرا.

هیچ گەلێک بە قەدەر گەلی پۆڵۆنی لە پێناو بەرگری لە بیروبڕواکانیاندا ستەم و ئازاریان نەچەشتووە، یا ڕووبەڕووی هێرش نەبوونەتەوە لە لایەن دراوسێکانیان.

لە جەنگی دووەمی جیهانی سەرکردەکانیان یەکەمجار لەسەر دەستی نازیەکان ڕووبەڕووی کوشتن هاتنەوە، دواتریش لەسەر دەستی کۆمۆنیستەکان، نازیەکان

پایتەختەکەیـان بە تەواوەتـی کـاولکرد، لە کاتێکـدا سـوپای سـور هەر چەنـد مەترێـک لێیـانەوە دوور بـوون و لێیـان دەڕوانـین. هـیچ پۆڵەنـدیەک کوشـتارگەری دارسـتانەکانی کاتین لەبیر ناکا، کە تێیدا ئەفسەرە پۆڵۆنییەکان بوونە قوربـانی ئەوانەی سـوپای سـور لە ساڵی ۱۹۳۹ دیلیان کردبوون.

کاتێکیش جەنگی دووەمی جیهانی دەست پێدەکات، سـنورەکانی پۆڵەنـدا وەکـو کورسیی گەڕۆک جوڵەیان دەکرد و دەخولانەوە، لە ڕووی ڕۆژهەڵاتەوە یەکێتـی سـۆڤیەت بە سەدان میلی خستە ناو سـنورەکانی خـۆی، لە قەرەبـووی ئەوە پـارچەیەک لە خـاکی ئـەڵمانیای پـێ دەبەخشـێ، ئەم هەنگـاوە لای مۆسـکۆ گونجـاو بـوو بـۆ ئەوەی هەرگیـز تەبایی لە نێوان ئەڵمانیا و پۆڵەنـدا ڕوو نەدا. بە دووری دەزانـم گەلێـک ئەم دیـرۆکەی لەگەڵ سـۆڤیەتدا هەبـێ و خـۆی بە لایەنگـری بزانـێ، هەسـتی نەتەوایەتـۆی لای پۆڵەندیۆەکان زۆر بەهێز بوو، بەڕادەیەک سەرکردەکانی دەوڵەتە کۆمۆنیستـەکان خۆیـان هەستیان بەوە دەکرد، ناچارن بە پێی دیزاینە کۆنەکە وارشۆ ئاوەدان بکەنەوە .

بەڵام بەشـداریی سـتالین تەنهـا بریتیـی بـوو لە ئەپارتمانێـک. لە سـاڵی ۱۹٥٦ دووبارە پۆڵەنـدییەکان شـۆڕش هەڵدەگیرسـێننەوە، لە کۆتـایی حەفتاکـانیش لە ڕێـگەی بزوتنەوەی هەماهەنگی هەمدیسان شۆڕش دەکەن. دەسەڵاتدارانی کۆمۆنسیت لە شۆڕشی ۱۹٥٦ فێربـوون، کە سیاسـەتێکی نیشـتمانی پیـادە بـکەن، بە تـایبەتی لە پەیوەنـدییە نێودەوڵەتییەکان، لێرە و لەم ڕوانگەیەوە پێشوازیان لە کۆنگرەی ئاشتیی ئەورووپـی کـرد وەکو سوککردنی پەنجەگیریی سۆڤیەتی لەسەر وڵاتەکەیان.

بەم پاشـخانە، سـەردانەکەی سـەرۆک دەبێـتە دەرفەتێـک بـۆ پۆڵەنـدییەکان بـۆ نوێکردنەوەی پابەندیان بە ئازادی بە شێوەیەک کاریگەری خۆی هەبوو، تەنانەت لەسـەر هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاش پێیەوە دیاربوو.

فـۆرد ئەو پێشـوازیە گەرمەی پۆڵەندییـەکانی بە ڕەتکـردنەوەی کۆمـۆنیزم و هەیـمەنەی سـۆڤیەت لێکـدایەوە. فـۆرد بەم پێشـوازیە فریـو درا، بـۆیە لە دیبەیـتە تەلەفزیۆنییەکەیدا لەگەڵ جیمـی کـارتەر لە ٦ی تشـرینی یەکەمـی سـاڵی ۱۹۷٦ دەڵـێ:

پۆڵەندا لە ژێر هەیمەنەی سۆڤیەتیدا نییە، وێنەیەکی دروستی هەستی پۆڵەندییەکانی کێشا، نەک ئەو دیفاکتۆیەی بەسەر وڵاتەکەدا سەپێندراوە، کە لە ژێر داگیرکاریی درندانەی سۆڤیەتدایە، زۆربەی چاودێرەکان دەڵێن ئەو مشتومڕەی لە ئەنجامی ئەو لێدوانە ڕووبەڕووی فۆرد بووەوە، بووە هۆکاری شکستهێنانی.

لە وارشۆ فۆرد لەو کۆشکە دانیشت کە تاقە کۆشک بوو لە سەردەمی باروخ لە ساڵی ١٥٥٠-١٧٠٠ بە هەڵکەوت لە دەست تاڵانی و کاولکاری سۆڤیەتییەکان و ئەڵمانەکان ڕزگاری دەبێ. یەکێک لە دیدارەکانی لەگەڵ (ئەدوارد جیریک) سکرتێری حزبی کۆمۆنیستی پۆڵەندی لەو کۆشکە ئەنجامدرا، دیدارەکەی دیکە لە بینا حکومییە وێرانەکە کرا، کە سەنتەری فەرماندەی هێزی پارێزگاری ڕووسی بوو، بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی.

جیریک لە نەوەی دووەمی سەرکردەکانی حزبە. هەرچەندە ژیانی هەمووی لە نێو حزب بردۆتەسەر و پێگەیشتووە، بەڵام ئارەزووی لە ئیدارە و تەکنۆکرات بوو، نەک ئایدیۆلۆژیا. هەرچەندە بوارەکانی ئابووری، لە دەرەوەی دەسەڵاتەکانی دابوو، بەڵام پێی وابوو بە خاوبوونەوەی ئاڵۆزییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەرفەتێکی هەناسەدان دەخوڵقێ.

بۆیە سوربوو لەسەر ئەوەی دەستبەرداری ئەو کارنامەیە بێ کە پێویستی بە ڕەزامەندی سۆڤیەت هەیە، سوربوو لەسەر هاوپەیمانێتی، هەرچەندە دڵنیابوو لەوەی ناتوانێ پەیوەستییەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بکاتەوە، بەڵام ستایشێکی کەم وێنەی هاوپەیمانی کرد. نەک تەنها لە پێناو خۆی، بەڵکو بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و پۆڵەندا لە کاتە ناسکەکاندا ئەوەندە هەستیار نەبن. هەرچەندە ئەمە ڕێگایەکی قورسە بتوانی بەهۆیەوە فشارەکانی کە لە لایەن دراوسێکەیەوە خراونەتە سەری بۆ کەم کردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا سووک بکات.

جیریک بەردەوام دەبێ لە ستایشی ڕۆڵی ئەمریکا لە دونیا و ئەورووپا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتەکەی، جیریک ئاماژەی بە ئامانج و مەبەستەکانی ئەمریکادا

لە بەستنی کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی، کە بۆ ئەوەی چی تر پۆڵەندا چارەنووسی خۆی بە یەکێتی سۆڤیەت نەسپێرێ و ڕۆڵی خۆی بگێڕێ بە تایبەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

پۆڵەندا پرسەکانی (سەبەتەی ٣)ی بە هەمان توانا دەزانی لە نواندنی سیاسەتی نیان. گوتەکەی بە سوپاسکردنی فۆرد کۆتایی پێ هێنا و گوتی:

ئەمە هەستی ئێمەیە.. ئێمە بەشداری ئێوە و هاوبەشەکانتان بەهەند وەردەگرین و ڕێزی لێ دەنێین. ئاشکرایە کە پۆڵەندییەکان لایان ڕوون بوو، بەڵگەنامەی کۆتایی لە سەروبەندی واژۆکردنە و ئەم بەیاننامەیەش تا ئاستێک ئازادیکردن و ئیدی زیندانی نابنەوە.

## هلسنکی

فۆرد لە ناو هێرشەکانی ڕەخنەگرانییەوە واشنتۆن جێدەهێڵێ. بەڵام لە هەلسنکی کە لە ٢٩ی تەموز پێیدەگا دەبێتە کەسایەتییەکی تەوەری، هەر چاودێرێک خاوەنی ئەقڵێکی کراوەبێ، ڕووبەڕووی ئاستەنگی بە یەکگەیاندن و هەماهەنگی لە نێوان مشتومڕەکانی ناوەخۆی ئەمریکا، کە لە حاڵەتی پاشەکشەدابوو، ببووە قوربانیی فرتوفێڵەکانی سۆڤیەتی و پێگەی فۆرد، وەکو سەرۆکی دەوڵەتێکی مەزنی بنەڕەتی دەبێ. کە سەرکردەکانی ئەوروپی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا مەبەستیان بوو بۆ مەرامەکانی خۆیان بەکاری بێنن، سەرجەم سەرکردەکانی ڕۆژهەڵات مەبەستیان بوو بە تەنیایی لەگەڵی دانیشن، خشتەی چاوپێکەوتنەکانی فۆرد زیرەکانە دارشترا، چونکە فۆرد هەستی بەوە دەکرد کە پێویستە لەگەڵ سەرجەم سەرکردەکان دانیشێ و گوێیان لێ بگرێ، بە تایبەت سەرکردەی دەوڵەتە ئەوروپییە بچووکەکان.

ئامادەبوونی فۆرد منی ناچارکرد، لە جێگەی خۆم بمێنمەوە، هەرچەندە من ناوە ناوە دەمتوانی بچمە دەرەوەی هۆڵەکە و چەند دیدار و کۆبوونەوەیەک ئەنجام بدەم. گرنگییەکە لە دیدارە دوو قۆڵییەکاندا بوو، گرنگترین دیدارەکانی فۆرد لەگەڵ بریژنێف و سەرکردەکانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەریتانیا بوو.

ئەو کۆبوونەوەی هەموو ئەندامەکان تێیدا بەشداربوون لە هۆڵی فینلەندا ئەنجامدرا.

فینلەندییەکان هۆڵەکانیان جوان ڕازاندبووەوە، بە پێی ئەبجەدی شوێنەکانیان تەرخان کردبوو، شاندی ئەمریکا لە پێشەوە جێگەی بۆ دیاریکرابوو، بەلام شاندی یەکێتی سۆڤیەتی لە دواوە بوون، ئەگەر وەکو تۆڵەسەندنەوەش نەبێ لە یەکێتی سۆڤیەت، لە ئەنجامی ڕۆڵی ستەمکاریی لەسەر ئەو وڵاتە، بەلام بەهۆی ڕۆڵی کاریگەری ئەمریکا لەو کۆنگرە ئەم شوێنەی بۆ دیاریکرابوو.

فۆرد دەیان دیدار و چاوپێکەوتنی ئەنجامدا، لە هەموویان جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەمریکا سورە لەسەر جێبەجێکردنی بڕگەکانی کۆنگرە، بە تایبەت ئەوانەی پەیوەندیان بە مافەکانی مرۆڤەوە هەیە (سەبەتەی ٣):

ئەمریکا وای دەبینێ ئەو بنەمایانەی ئەم کۆنگرە لەسەری پێکهاتووە لە جێماوە مەزنەکانی شارستانێتی ئەوروپایە. کە ئێمە بۆ بەرژەوەندی مرۆڤایەتی هەمیشە خەونی پێوە دەبینین. بۆ وڵاتەکەم ئەمانە تەنها وشە و نووسین نین، بەڵکو بنەمای کاری جددیمانن. گرنگ ئەوەیە بزانن کە گەلی ئەمریکا چەندە دڵسۆزە بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی.

بڕگەی کۆتایی بەهێز بوو دەڵی:

مێژوو بڕیار لەسەر ئەم کۆنگرە دەدا، بەلام نەک لەسەر ئەوانەی گوتمان، بەڵکو لەسەر ئەوانەی بەکردار دەیکەین. نەک لەسەر ئەو پەیمانانەی بۆ جێبەجیکردنیان دەیاندەین، بەڵکو ئەو پەیمانانەی بۆ ڕەتکردنەوەیان دەیاندەین.

فۆرد لە یادەوەریەکان ئاماژەی داوە کە خۆی چاوی لە بریژنێف بووە ئەو وشانە دەڵێتەوە. سەرکردەی هێزە مەزنەکەی دیکە پێنەدەچوو وەکو نوێنەری شەپۆلی داهاتوو ڕەفتار بکا. دیارە ئەو مێشک وەستانەی بەر لە هەشت مانگ تووشی هات لە کاتی گەڕانەوەی لە فلادیفستوک کاریگەری هەبووە. لەو کاتەی لە ناو هۆڵەکەدابوو بێتاقەتیی پێوە دیاربوو، هیچ کاتێک لە توانایدا نەبوو بە قەدەر فۆرد سەرنجەکان بە لای خۆیدا ڕاکێشێ. تەنانەت لەنێو سەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتیش، لە ڕاستیدا بریژنێف لەو دۆخە ڕازی نەبوو.

مانــدوو دیــاربوو، ســاتەکانی وردبوونەوەشــی کەم و دیــاربوون. لە دوو کۆبوونەوەکەی لەگەڵ فۆردا مەوداکەی دیاربوو لە دوو کاتژمێر تێپەڕی نەدەکرد، کاتێک لە کۆتایی نزیک دەبووەوە، لەوچە لەوچی دەکرد، هەرچەندە گرۆمیکۆ لەو هەموو ماوەی کۆنگرە لە پۆستی وەزارەتی دەرەوە نەمایەوە، بەڵام کاتێک ئەو جڵەوی دەگرتە دەست دۆخەکانی ئارام دەکردنەوە لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی بریژنێف و زاڵبوون بەسەر بابەتەکەدا دەبوو.

بەهۆی باری تەندروستیی بریژنێفەوە چەندین بابەت ئاڵوگۆڕیان پێکران، هەرکە پرسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرایەوە، ئارەزووی هەبوو زوو کۆتاییان پێبێ، واپێدەچوو لەسەر ستراتیژییەکەمان ڕازیە کە دبلۆماسییەتیی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشدار نەبێ، تەنها بۆ ئەوەی کۆتایی بە کۆبوونەکە بێ. ڕووی لە گرۆمیکۆ کرد بە گوێیدا چرپاند کە تێناگا بۆچی نەگەیشتنە چارەسەری ئەم پرسە، پرسەکە پەیوەندیی بە سیاسەتەوە هەیە، من لێرە قسەکانم پێیان بڕی و گوتم:

کیسنجەر: ئایا ئەمە گوتوێژێکی تایبەتییە، یا ئاڕاستەی ئێمەیە؟

سوخودریڤ: (وەرگێڕ) بەڵێ گوتوێژێکی تایبەتییە.

گرۆمیکۆ: تایبەتییە، بەڵام نهێنی نییە (پێکەنی).

کیسنجەر: ئەگەر دەمەقاڵەیەکی تایبەتییە دەتوانین بەشداری بکەین؟ (پێکەنی)

بریژنیف: ئەم کێشەیە ئاڵۆزە زۆر، بۆ ئێمە و بۆ عەرەب و بۆ ئێوەش ئاڵۆزە.

فۆرد: جەنابی وەزیر بڕواناکەم هەندێک لە وڵاتەکان وەکو ئێمە گوتوبێژ بکەن. دڵنیام ئەگەر ئەوانیش هەمان تێگەیشتنیان هەبێ لەسەر پێویستی و ئارەزووی گفتوگۆ، ئەوکات بەهۆی ئەوانەوە دەگەیشتینە چارەسەریەک.

بریژنیف: ئەگەر پرسەکان ئاستەنگیان تێکەوت، باشترین ڕێگەچارە دەرکردنی ڕێنمایە بۆ کیسنجەر تا دەستبخاتە نێوی.

گرۆمیکۆ: بەڵام تەنها لەگەڵ ئێمە بەشداری بکا.

ئێستا هەڵوێستەکانی بریژنێف ئەگەر بەراوردیان پێبکەین لەگەڵ فلادیفستوک چەند گۆڕانی تێکەوتوە خەریکە خۆی دەدا بە دەستەوە. ئەوکات پێداگریی لەسەر بەشداری پێکردنی یەکێتی سۆڤیەتی دەکرد لە دبلۆماسییەتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێستا کەسایەتیی چەندە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لە ئەمریکا باسیان لێی دەکرد، گوایە هەوڵی لە دەست دەرهێنانی پرسەکانە لە ئەمریکای لاواز و بێتوانا.

لە کۆتایی کۆبوونەوەی یەکەمدا، فۆرد پێشنیاری ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی ئاڵوگۆڕی کرد، لە نێوان بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی ئەمریکا بە نەوتی سۆڤیەت، بەڵام دوای دابەزاندنی نرخی نەوت، مەبەستمان زیادکردنی بەرهەمی نەوت بوو، تا دەوڵەتە بەرهەمهێنەکانی نەوت بترسێنین.

پێشنیارەکە بایەخەکانی بریژنێفی وروژاند (لە بەشی ٢٢ قسەی لەسەر دەکەم). بەڵام بێتاقەت بوو لەو ڕێککەوتنەی لە نێوان من و گرۆمیکۆ ئەنجامدرا، نەگەشایەوە و پێنەکەنی تا ئەوکاتەی گرۆمیکۆ بە گاڵتەوە گوتی: کیسنجەری جوتیار بیرۆکەکە بۆ بریژنیف پێکەنیناوی بوو. پێدەکەنی و لەبەر خۆیەوە دەیگوت کیسنجەری جوتیار، بەڵام من و گرۆمیکۆ لە مامەڵەکە بەردەوام بووین. هەموو سەرکردەکان چاویان لە فۆرد بوو بۆ پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قوبرس و دواڕۆژی هاوکاری ئابووری، لە نێوان وڵاتە ڕۆژئاواییەکان.

فراوینی سەرکار لەگەڵ چوار هێزە ڕۆژئاواییەکە بوو( دیستان، ولسۆن، شمیدت و وەزیرەکانی دەرەوەیان)، هەرچەندە ئەمە وەکو دروشمێکی یەکێتیی ڕۆژئاواییەکان بوو، بەڵام دەوڵەتە دیموکراسییەکان لەسەرەتاوە باشتر یەکگر دیاربوون.

بەم شێوە ئەو دەستپێشخەریەی بەر لە بیست ساڵ لەل ایەن یەکێتیی سۆڤیەتەوە پێشکەشکرا بەمەبەستی دەرکردنی ئەمریکا لە ئەوروپا، لە هلسنکی بە بەهێزکردنی ئەمریکا ڕازێندرایەوە لەگەڵ دووپاتکردنەوەی نەریتە ئەوروپییەکان، وێڕای هەیمەنەی سۆڤیەتی لەسەر ئەوروپا. دووپاتکردنەوەی ڕۆڵی ئەمریکا لە ئەوروپا و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ (سەبەتەی ٣) لە ڕێککەوتنێکی مەزنی نێودەوڵەتی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتی و توانستی گۆڕینی سنورەکان بە ڕێگەی یاسایی و ناچار کردنی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ ملکەچکردن بۆ مەرجەکان بە گشتی، ئەمانە زۆر گرنگتربوون لە ڕێککەوتنێکی سنورداری دووسەرە بۆ پیرۆزکردنی سنورەکان، لە هلسنکی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا توانیان پانتایی خولی یاریەکانیان بەرفراوانتر بکەن، ئەمەش سەربەخۆیی زیاتری پێبەخشین.

## ئەنجامەکە

گەشتی گەڕانەوە بە ڕێگەی بۆخارێست و بەلگرادا بوو، سەردانی پایتەختی ڕۆمانیا لە ژێر دەسەڵاتی نیکۆلای چاوشیسکۆ ئەزموونێکی ئاوارتەیە. لە هیچ وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا وەکو ئەم شوێنە بەناو یەکسانیی بیروبڕواکانی کۆمۆنیزم بوونی نییە، ژیانی پادشایەتیی بەناز و نیعمەتی دەسەڵاتداران، لەسەر ئەم بنەمایە میوانە فەرمییەکان لە میوانخانە و شوێنێکی خۆشگوزەر دادەبەزن، هەموو ئامرازەکانی خۆشیی تێدابێ دابین کراوە. هیچ شوێنێک وەکو بۆخاریست لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات نابینی ئاوەها سەقامگیری سیاسیی تێدابێ، لە لایەک سەرۆکی ڕۆمانی کە نزیکترین کەسە لە

دیکتاتۆرییەتیی ستالینیزم لە هەموو ئەو دەوڵەتانەی لە گەردونی سۆڤییەتدان، بەڵام لە لایەکی دیکەوە هەستی بە پێویستی پشتگیری ناوەخۆ دەکرد لە ڕێگەی پیادەکارانی سیاسەتی دەرەوەی هەڵقولاّ و لە ناخی بەرژەوەندی نیشتمانیی دوور لە هەژمونی یەکێتی سۆڤیەت ( لە ١٩٦٩ چاوشیسکۆ بەهۆی سەردانی نیکسۆنەوە، سەردانییەکەی بۆ لای بریژنێف دوادەخا، ئەو پۆستەرانی لە دیوارەکانی فرۆکەخانە درابوون کە بەخێرهاتنی بریژنێفیان لێ نوسرابوو، هەمویان بە بۆیاغ سرپیەوە، هەروەکو چاوشیسکۆ لە سەردانی ئامادەکاریمدا لە تشرینی دووەمی ١٩٧٤ پێی ڕاگەیاندم کە ئامانجی ڕۆمانیا کورتکردنی دەستی سۆڤیەتی بوو لە دەستوەردانی کاروباری ناوەخۆی وڵاتەکەی.

بۆ چاوشیسکۆ سنورداركردنی دەسەڵاتەکانی وڵاتە مەزنەکان مانای خۆی هەبوو، بیانوی ئەوەبوو؛ کە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە ئەنجامی یەکلایی بوونەوەی کاتی و بێدەسەڵاتیاندا هەست بە مەترسی دەکەن. کە تەنها ئاگربەستێکی کاتییە لە بۆتسدام بەر لە سی ساڵ واژۆ کراوە. هەروەها بەهۆی ئەو مافەی بە سەرکەوتوو لە جەنگی دووەمی جیهانی دراوە دژی دەوڵەتی دەستدرێژکارەکان بێنەدەنگ، ئەم مشتومڕە ئێمەی گەیاندە ئەمە:

کیسنجەر: پێم بڵێ، ئێوە دەوڵەتێکی دژی یەکێتیی سۆڤیەتین؟

چاوشیسکۆ: وەکو یاسا، نەخێر بەڵام ماددەی ٥٣ لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێگە دەدا دەست بخەینە نێو کاروباری وڵاتە دوژمنە کۆنەکانەوە و دەتوانرێ لێکدانەوە بۆ ئەم مادەیە بکرێ .

سەبارەت بە چاوشیسکۆ کێشەکە لەوەدایە دەستەواژەی (پارێزی سنورەکان) واتە سنورەکانی یەکێتی سۆڤیەتی گشتی بۆ ئەو قەدەغەیە.

ئەوەی لە وارشۆ جیریک بە ئاماژەیەکی شاراوە گواستیەوە، چاوشیسکۆ بە ڕوونی و ئاشکرا لە بۆخارێست ڕوونیکردەوە.

هەروەکو جیریک، چاوشیسکۆش تامەزرۆی ئەوەبوو ئاستی لایەنگرانی لەبەردەم سەرۆکی ئەمریکا بەرز نیشانبدا، لەم میانە گەشتێکی شەمەندەفەریی لە قەڵای پادشای کۆنەوە دەستپێکرد، لە وێستگەکان چاویان بەو خەڵکە زۆرە دەکەوت کە لە پێشوازیاندا بوون، چاوشیسکۆ ئەو دەربڕینەی فۆردی لا خۆشبوو، کە گوتی سەرکردە ئەوروپییە ڕۆژهەڵاتییەکان لە کۆنگرەی هلسنکی ئەوانەی چاوی پێکەوتوون زیاتربوون لە سەرکردە ئەوروپییە ڕۆژئاواییەکان:

ئەمە واتا تۆ لە ڕۆژهەڵات لە پێگەیەکی بەهێزدای. هەرچۆنێکی کاتێک خەڵک بە زمانی دژ بە ئیمپریالیزم دەدوێن نابێ ببێتە هۆکاری دڵ لە دڵدان و بێزاری، چونکە گوتەکانت هەڵگری چەندین مانان.

ئەوەی چاوشیسکۆی سەرقاڵ کردبوو کۆنگرەی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپی بوو، پێی وابوو ئاسۆکانی سنورداربوون سەبارەت بە پەیوەندیی بە یوگسلاڤیاوە هەموو مەبەستەکانی نەپێکا.. لەو بڕوایەدابوو ئەوەی لە هلسنکی واژۆی لەسەرکرا، ڕێگە لە هەر دەستێوەردانێک دەگرێ، بەڵام تێبینییەکانی دووبارە کردنەوە و گوتی: گومانم لە توانای ڕێککەوتنەکەیە، کە بتوانێ ئەو دەوڵەتان بپارێزێ کە لە جەنگی دووەمی جیهانی دژی وڵاتە مەزنەکان بوون، ئەو دەوڵەتانە بەهۆی پەیماننامەی بۆتسدامەوە پارێزراون، دیارە چاوشیسکۆ بیری لەوە دەکردەوە، یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا حاڵەتی شەڕ دەگەیەنێ و دەبێتە لەناوبردنی یاساکانی ڕێگر لە دەستێوەردانی یەکێتی سۆڤیەت لە کاروبارەکانی ناوەخۆی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات.

بە هۆکارێک کە ئێستا لە یادم نەماوە، وەڵامم دایەوە و گوتم:

من پێشبینی ئەوە دەکەم ئەڵمانیا لە ماوەی ١٥ساڵدا یەک بگرێتەوە، من ئێستا ناتوانم ئەوە بسەلمێنم چۆن ئەم بۆچوونەم هەبوو.

بەهەرحاڵ ئەوەی چاوشیسکۆ جەختی لەسەر دەکردەوە بە پێچەوانەی ڕەخنەگرانی کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی بوو، هەر ئەوەندە نەبوو پێی وابێ یەکێتیی سۆڤیەت مافی دیکەی لەم کۆنگرە وەدەست نەهێناوە، بەڵکو بڕوای وابوو، گرفتی بۆ

دروستکراوە لەبەردەم دەستێوەردان لە کاروباری نـاوەخۆی وڵاتـانەوە. نـوێنەری ڕۆمانیـا تاقە کەس بوو جەختی لەسـەر ئەو گرفـت و ڕێگریـانە دەکـردەوە، کە دەخـرێنە بەردەم یـەکێتیی سـۆڤیەت بـۆ دەسـت نەخسـتنە نێـو کاروباریـانەوە، ئەو سـۆڤیەتی لە خـانەی دوژمنە کۆنەکانی دانابوو.

بەڵام ڕێگەی گەیشتن و هەستکردن بە کۆنگرە لە ئەمریکـا جـودا بـوو، ڕۆژنـامەی نیویۆرک تایمز لە گوتارێکیدا ئەو کۆنگرەی ڕەتکردبووەوە، پێی وابوو لەدەستدانی کاتە. ڕۆژنـامەی نیوزویـک گـاڵتەی بە لوتکـەی هلسـنکی دەکـرد، وەکـو ڕێوڕەسـمی ئـاهەنگی دەدایە ناسـین، بـێ ئەوەی ئامـاژە بە نـاوەڕۆکی بکـات، ڕۆنالـد ڕیگـن لە هەڵمەتـی هەڵبژاردنیـدا دەڵـێ فـۆرد ئەو مەودا دوورەی بـڕی تـا بە مـۆری ئەمریکـا ڕێککـەوتنێک لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتیی سۆڤیەتی لەسەر ئەورووپای ڕۆژهەڵات واژۆبکا، کاتێکیش فۆرد لە ڕیگان دەباتەوە لە دەستنیشانکردنی کاندیدی حزبـی کۆمـاری بـۆ پۆسـتی سـەرۆک، بە جیاوازیی چەند دەنگێکی کەم، ناچار دەبێ ئەو بۆچوونە ناشیرنانە بگەیەنێـتە سـەکۆی کۆماری:

(ئەو ڕێککـەوتنانەی ئێسـتا دانوسـتانیان لەسـەر دەکـرێ، نـابێ لە پشـکی ئەو بێبەشکراوانە ببڕین کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە ئومێدی سەرکەوتنن).

باشـتر وایە ئەو لایەنە نەرێنیـانەی لە میـدیاکان وەکـو تـۆمەت خـرانە پـاڵ ئەو ڕێککـەوتنە پشـتگوێیان خەیـن. ئـێمە نەبـووین لە هلسـنکی هەڵوێسـتێکی بەرگریمـان گـرتبێتەبەر، بـۆ یەکەمـین جـار بـوو لە دوای جەنـگ مافەکـانی مـرۆڤ و ئـازادیە بنەڕەتییەکان ببنە بابەتی دانپێدانراو لە گوتارەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

دەوڵەتە دیموکراسییەکان مەرجێکیـان بـردەوە، دوای ١٥ سـاڵ ئـەڵمانیاکان یەک دەگـرنەوە، ئەو دەوڵەتـانەی لە گەردونـی سـۆڤیەتی دەخـولانەوە، ڕووخـان. دەوڵەتـانی بەلتیـک سـەربەخۆییان وەرگـرت، یەکێتیـی سـۆڤیەت بە ئاشـتیی هەڵوەشـایەوە، بە پێچەوانەی ڕەخنەگرانی کۆنگرەی هلسنکی.

ئیدارەی فۆرد عیلمی غەیبی نەبوو. پیاوانی دەوڵەت و سیاسەتوانانی پشتیان بە ئەگەر و بەلاداشـــکانەوە گرتبـــوو. نەک بە بـــڕوا و مســـۆگەری، درکمـــان بە هەمـــوو ئەنجامەکـانی سیاسـەتەکەمان نەدەکـرد، سـەرەتا مـن یەکێـک بـووم لە ئەنجامەکـانی (سەبەتەی ٣) بە گومـان بـووم، لەو بـڕوایەدا نەبـووین یەکێتیـی سـۆڤیەت بەو خێـراییە دەڕووخێ.

پشـتگیری پرسـەکانی مـافی مرۆڤمـان کـرد بـۆ ئەوەی هەنـدێک چاکسـازی لە حـوکمڕانی کۆمۆنیزمـدا بکەیـن، لەگەڵ جەختکـردن و دامەزرانـدنی هەنـدێک پێـوەر بـۆ ڕێگەگـرتن لە سـەرکوتکارییەکانی سـۆڤیەتی لە شۆڕشـەکانی چیکسـلۆڤاکیا و مەجەر بە نموونە ، دەکرێ پشت بەوە ببەستین کە ئەنجامماندا بێ ئەوەی هـەوڵ و ڕۆڵـی پیـاوە مەزنەکان لەبیـرکەین وەکـو: هافـل و فالسـیا و ئەوانەی لەو سـەردەم ژیـان کە پـڕۆژەی دبلۆماسیان گۆڕی بۆ سەرکەوتنی گیانی مرۆڤایەتی.

## ٢٢

# قەیرانی وزە

نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم هەرگیز قەیرانی وای بەخۆوە نەبینیبوو کە لە پایزی ١٩٧٣ بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت چوار بەرانبەر ڕووبەڕووی بووەوە، لە ماوەی سێ مانگ سیستەمی سیاسیی ئابووریی جیهانی ڕووبەڕووی پرسێک بووەوە هەڕەشەی لە ستونی حوکمڕانی دەکرد.

خوێنبەردان لە وڵاتە پیشەسازییەکان بۆ مەرامی بەرهەمهێنان بووە مایەی کورتهێنانی بازرگانی سالآنەی سەربار، کە پێشتر ئەمە لە بوودجەی دەوڵەتانی (ڕێکخراوی هاوکاری و ئابووریی و بووژانەوە) ڕووی نەدابوو، ئەم پەککەوتنە بە چل ملیار دۆلار مەزندە کرا. نرخی نەوت کارەساتی نایەوە بە تایبەت لە دەوڵەتە بێ نەوتەکان، بووە هۆی دروستبوونی کەم کردنەوەی سالآنەی، ڕەتیکرد لەو هاوکاریانەی لە وڵاتانەوە پێیان دەگات.

بەر لە شەش مانگ، کەس لەو بڕوایەدا نەبوو ئەم قەیرانە ڕوودەدا. دەوڵەتە پیشەسازییەکان لە ژێر سایەی نرخی هەرزانی نەوتدا بە خۆشی دەژیان، ئێستا لە ناکاو ڕووبەڕووی ئەم دابەزینە لە ئاستی بژێوی خەڵک بوونەوە کە پێشتر خۆشگوزەرانییەکە سەقامگیری سیاسیی دروست کردبوو. لە بەرانبەر دروستبوونی ئەم قەیرانە جگە لە ڕزگارکردنی هاوڕەگەزەکانیان لەبەردەم فۆرد و دەوڵەتە دیموکراسییەکان هیچی دیکە نەمابوو، بە کەمێک ڕوونتر بڵێن مانەوەی سیاسیان، لە بەردەم ئەو هێرشە کتوپڕەدا.

لە میانی ڕکەلەبنان و سەرکەوتنیان بەسەرجیۆپۆڵەتیکی شەڕی ساردا، سەرکردەی دەوڵەتە دیموکراسییەکان تێگەیشتنیان بۆ ئەو دۆخە هەبوو، زیاتر بڕوایان

بە خــۆ هەبــوو لە خۆڕاگریــان بەرانــبەر بە هەڕەشــەکانی سیاســیی و ســەربازیی کۆمۆنیستەکان. تا ڕادەیەک لەسەر ئامرازەکانی بەرگری ڕێککەوتن، بۆ ئەو ڕێککەوتنانە لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانەوەی ئەزمونیان لەم بوارە هەیە کۆبوونەوەیان ڕێکخستبوو.

هـیچ کاتێـک بەم شـێوە کـۆدەنگی لەسـەر پرسـێک نەبـووە وەک ئەوەی لەسـەر قەیرانی وزە هەبوو، زۆربەی دەوڵەتە بەکاربەرەکـانی نـەوت دوودڵ بـوون لە گـرتنەبەری ڕیکـارێکی هـاوبەش دژی وڵاتـانی بەرهەمهێنـی نـەوت، نەبـادا دۆخەکـان تونـدتر بـکەن. زۆربەی دیموکراتییە پیشەسازییەکان کەوتنە زۆنگاوەوە، چونکە ژمارەیەکی کەم لە بڕیار بەدەسـتەکان لەوە دەگەیشـتن، کە ئەو دۆخەی مـاوەی دوو نەوە درێـژەی کێشـا نـەوتی تێدا هەرزان بوو ئێستا کۆتایی هات.

تا ساڵی ١٩٧٢ پێگەی ئەمریکا کاریگەریی لەسـەر دیـاریکردنی نرخەکـانی نـەوت هەبـوو، چـونکە لە پشـکی خـۆی کەمتـر بەرهەم دەهێنـا. بـۆیە لە ڕێـگەی زیـادکردن و کەمکردنی بەرهەمەکانییەوە دەیتوانی یاری بە نرخەکانەوە بکا.

لە ١٩٧٢ هێڵــی ئاســنینی شــەمەندەفەری تکســاس ئەم دەزگــەیە ســنورەکانی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا دیاری دەکا، ناچار دەبێ بڕیـارێکی چارەنوسسـاز دەربکـا، کە سەرنجی کەسی بە لای خۆیدا نەکێشا. لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی نـەوت هەڕەشـەی لەدەست دەرچوونی دەکرد. ئەوکات دەزگە ڕێگەی بە زیادکردنی ڕێژەی بەرهەمهێنانیـدا، وا پێـدەچوو ئەم بڕیـارە تەکنەلـۆژییە نیشـانەی ئەوەبـێ، پرسـەکە لە توانـای ئەمریکـا دەرچووبێ، تا بتوانێ نرخی نەوتی جیهانی دیاری بکا.

لە ســەرەتای حەفتاکــان وڵاتــانی بەرهەمهێنــی نــەوت دامەزراوە نــەوتییەکانیان خۆماڵیکردن، بەم کارە دەسەڵاتی کۆمپانیا نەوتییەکانی جیهانیی زەبەلاح ( کە هی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بوون) کۆتاییان هات. دوای ئەوە وڵاتە بەرهەمهێنەکـان خۆیـان لە ڕێـگەی دانوستان و ڕێککەوتن لەسەر ئاستی بەرهەمهێنـان، نرخـی نـەوتیان دیـاری دەکـرد، بەم شـێوە دەسـەڵاتی دیـاریکردنی نـرخ و ئاسـتی بەرهەمهێنـان لە دەسـت دەسـتەی هێڵـی

ئاسنینی تکساسەوە دەگواسترێتەوە بۆ بارەگای کۆبوونەوەکانی (ئۆپیکOPEC) (ڕێکخراوی دەوڵەتە بەرهەمهێنەکانی نەوت).

(Organization of the Petroleum Exporting Countries)

ئاسەواری ئەم گۆڕانکارییە مەزنە وا بە ئاسانی ناڕوا، لەو ماوە مامەڵەکردن لەگەڵ وزە لە ڕێگەی لایەنی بەرپرسیار لە کاروباری ناوەخۆ لە ئیدارەی نیکسۆن بێ بەشداری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتیی دەبردرا بەڕێوە. هەرچەندە نرخەکان بە ڕێژەی ٤٠% لە ١٩٧٢ گران بوون، بەڵام لەسەر بنەمایەکی نزم دەستیان پێکرد، دۆخەکانی دارایی و ئابووریی دیموکراسییەکانی پیشەسازیی بە سەقامگیری هێشتەوە، شەڕی ١٩٧٣ پاساوی بە دەوڵەتە بەرهەمهێنەکان دا تەکانێک بە هێزەکانیان بدەن. لە ١٦ی ئۆکتۆبەر ١٩٧٣ ئۆپیک نرخەکانی نەوتی بە ڕێژەی ٧٠% بەرزکردەوە . لە ١٧ی مانگ وەزیرانی نەوت لە ئۆپیک لە کوێت کۆدەبنەوە، لەسەر دابەزاندنی نرخەکان بە ڕێژەی٥% ڕێککەوتن.

لە ١٨ی هەمان مانگ پادشانشینی سعودیە وەکو دەستپێشخەری و هەماهەنگی لەگەڵ پرسی عەرەبی بە ڕێژەی ١٠% نرخی نەوتی دابەزاند، لە ٢٠ی تشرینی یەکەمیش سعودیە گەمارۆی گشتیی خستە سەر ئەمریکا بۆ هەناردەکردنی نەوت، وەکو ناڕەزایی لەسەر پردی ئاسمانی ئەمریکیی بۆ ئیسرائیل، هەروەها خستە سەر هۆڵەنداش گوایە هاوکاری ئیسرائیل دەکات.

کاریگەری ئەم بڕیارانە بۆ ماوەی دوو ساڵ درێژەیان بە قەیرانەکەدا. چونکە بڕیار بەدەستانی ئەوروپا لە بازاڕی نەوت نەدەگەیشتن، بۆیە کاردانەوە بەراییەکانیان دۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد. جەختی زۆری ئەمریکا بۆ هەڵگرتنی گەمارۆکە دەبێتە بەڵگە بۆ دۆزینەوەی کارتی فشار و بێزارکەر بۆ سازشکردن.

دیارە کە نەوت کاڵایە دەکرێ لە سەرچاوەی جۆراوجۆر وەدەست بێندرێ، گەمارۆکەی سعودیە دەکرێ لە وڵاتە ناعەرەبییەکانی دیکەی بەرهەمهێن قەرەبوو بکرێتەوە، وەکو فەنزویلا و نێجیریا و ئێران (کە تا ئەوکات دۆستی ئەمریکا بوو)، بەڵام ئەوەی بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت گەمارۆکە نەبوو، کەم کردنەوەی

بەرهەمیش نەبوو، دەوڵەتە بەکاربەرەکانی نەوت دەستیان بە نـەوتە داکراوەکەوە گـرت، بەرێژەیەکی زیاد لە پێویست، بەوهۆیەوە کەمی هەنـاردەی نـەوت سـەقامگیریی لە بـازاڕ نەهێشت.

لە ٢٢و ٢٣ی کـانوونی یەکەم دوای دوو مانـگ لە کۆتـایی هـاتن بە شـەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەوڵەتانی کەنداو ئەوانەی ئەنـدام لە ڕێکخـراوی ئۆپیـک لە تـاران کۆدەبنەوە و نرخەکانیان دوو قات بەرزکردەوە و کردیان بە ١١،٦٥ & بۆ هەر بەرمیلێک نەوت، ئەم زیادە بە ڕێژەی ٣٨٧% واتە لە ماوەی هەشت حەفتە، دوای چەند مانگێکی دیـکە دیـاربوو کە دەوڵەتـانی بەرهەمهـێن لە پێگەیەکـدا بـوون لە تواناياننـدا بـوو دیموکراسییە پیشەسازییەکان بێزار بکەن، بەرانبەر بە هەرزانکردنی نرخی نەوت.

بەم شێوە ماوەی چەند سـاڵێک وڵاتـانی بەرهەمهێنـی نـەوت یاریـان بە بـازاڕ و سەقامگیری سیستەمی دارایی جیهانی دەکرد.

هەرگیز پێشتر ئەمە ڕووی نەداوە دەوڵەتانی لاواز لە ڕووی توانـای سـەربازییەوە بتـوانن ئـاوا مەرج و کۆتوبەنـد بەسـەر سیسـتەمی دارایـی جیهانیـدا بسـەپێنن. بەر لە سەدەیەک دەوڵەتە بەرهەمهێنەکان بەرگریان لە داگیرکردنـی کـێڵگە نـەوتییەکان دەکـرد، وەکو دەیبینین ناوە ناوە ئەمریکا هەڕەشەی ئەنجامدانی هەمان کردە دەکرد، بەڵام هـیچ پشتگیرییەکی لە دیموکراسییە پیشەسازیەکانەوە نەبینی.

# ستراتیژییەتێکی نوێ سەرهەڵدەدا

سـەبارەت بە قوربانیـانی هێـتمەی نـەوتییەوە، پێشـینەکان لەسـەر ئەوەبـوون چارەنووسیان بکەوێتەوە دەست خۆیان. لە کۆبوونەوەیەکی داخـراوی بـاڵوێزانی ئەمریکـا لە ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاســت، کە لە ڕیــاز لە ١٩٧٥/٢/١٥ دەبەســترێ جەخــت لەســەر پێویستبوون بە بەرنامەیەکی هەمیشەیی و درێژخایەن بۆ گەڕاندنەوەی تواناکـان کـرا. لە گەشـتێکی ئەم سـەرو ئەوسـەرمدا کە نـاوەڕۆکەکەی لە بەشـی ١٣ ئامانجەکـانیم دیـاری کردووە بەم شێوەیە بوو:

ئێمە هەوڵ دەدەین هێزی ئۆپیک لاواز بکەین و ئاستی پشت پێبەستنمان کەمتر کەیـنەوە، ئـازادی ڕۆژئـاواش بـۆ دەسـتکراوەیی بـۆ بگێـڕینەوە، بەبـێ ئەم هەنگـاوانە مەترسییەکان زیاد دەکەن، تا ئەوکاتەی وڵاتە بەرهەمهێنەکان بەهەوەستی خۆیـان زیـان دەگەیەنن ئیتر ناتوانرێ چارەسەر بکرێ.

ئێمە بێ خاڵی بەهێز نین، ئەوەتا دوو لە دەوڵەتە مەزنەکانی بەرهەمهێنی نەوت کە ئاستی بەرهەمی نەوت دەپـارێزن، پشـتیان بە هاوکارییەکـانی ئەمریکـا بەسـتووە بـۆ سەقامگیری ناوەخۆیان و پاراستنی ئەمریکا بۆ ئاسایشی دەرەوەیان، ئەوانـیش ئێـران و سعودیەن.. هیچ کامیان ناتوانن دۆخەکان بگەیەننە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەمریکا.

سەرەڕای ئەمە دەوڵەتە بەرهەمهێنەکان تـا ئێسـتا لە پرسـەکە نـاگەن، ئەو چـاو برسێتییەیان ڕووبەڕووی قەیـران و کێشـەیان دەکـات، هەریەکە لە خـانەوادە و دەسـتەی حوکمڕان، بۆ خۆیـان بڕێکـی بـاش لە داراییـان پاشـەکەوت کـردووە، ئەم مەودا دوورەی نێـوان ئەوان و برسـێتیی تـۆی شـۆڕش دەچێنــی، کـاتێکیش ئەو داهاتەیـان لە بـواری بووژانەوە خەرج دەکرد لە تەکنۆکراتی دەسەڵاتدارەوە دژایەتیی بۆ چینـی مامناوەنـدیی دروست دەبوو. ئەگەر بەبێ ئەژمـاریش داهاتەکەیـان خـەرج بکردبـایە، ئەوکـات مەترسـی ئاژاوەی ناوەخۆ سەری هەڵدەدا. ئەگەر داواکاریەکانیشیان لە وڵاتە بەکاربەرەکان زیـادی

بکردبا دیسان ڕووبەڕووی مەترسیی لەناوچوونی سیستەمی دارایی جیهانی دەبوونەوە، کە خۆیان بۆ پاشەکەوتی داهاتیان پشتیان پێی دەبەست.

لە پێشینەی ئیدارەی فۆردو نیکسۆندا نەبوو لە ڕێگەی وێرانکردنی ئۆپیکەوە نرخەکانی نەوت دابەزێنن. ڕەنگدانەوەی ستراتیژیی تەنها لەسەر بنەمای لێکدانەوەی ئابووریی نەبوو، بەڵکو سیاسیی و ڕەوشتیش بوو. لە توانای دیموکراسییەکانی پیشەسازییدا نەبوو، وەکو بینەر سەیری ئەو دۆخە بکات، چۆن دەوڵەتە بەرهەمهێنەکان بە مەکرەکانیان یاری بە کۆمەڵگە بکات.

لە پێناو تێکدانی هێزی ئۆپیک دەبووایە هەماهەنگی و یەکڕیزی لە نێوان دیموکراسییەکانی پیشەسازی لە ڕووی سیاسیی و ئابووریی بێتەدی. بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم مەرامەش سەرۆکایەتیی ئەمریکا بۆ ئەم پرسە پێویست بوو، ئەمەش کارێکی قورس و هەستیارە، شکستهێنان لە بەرانبەر هەڕەشەکانی سۆڤیەتی ئەنجامەکەی باش نابیت، ئەنجامەکانی شکستهێنان لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی وزەش تا بە تەواوەتی ڕوون دەبێتەوە کاتی دەوێ.

پشت بەستن بەو بڕوایەمان کە ڕوودانی قەیرانی دارایی و بەرتەسکبوونەوەی مەزن ڕووداوێکی مسۆگەرە، ئەگەر هەماهەنگی و یەکدەنگی دەوڵەتە بەکاربەرەکان دروست نەبێ. هۆشداریمان دا تا چارەنووسی دیموکراسییەکان بەدەست خۆیانەوە بمێنێتەوە، پێگەی ئەمریکا لە هی زۆربەی هاوپەیمانانی بەهێزتر بوو، هەرچەندە ئێمە لە بەشی خۆمان تێر نەبووین، بەڵام ئێمە وەکو دەوڵەتی بەرهەمهێن مابووینەوە، لەکاتێکدا زۆربەی دیموکراسییە پیشەسازییەکان بۆ پێویستییەکانی وزەیان، دەبووایە هاوردە بکەن، بۆیە لە تواناماندا بوو بەرگەی فشاری بەرهەمهێنەکان بگرین، لە نێویاندا هەڕەشەی سەپاندنی گەمارۆی نوێ تا ئەو ئاستەی دەوڵەتە بەکاربەرەکانی وزەش لە پشکی هاوردەمان بەشدار دەبوون.

لە کۆنگرەی وزە لە شوباتی ساڵی ١٩٧٤، لە واشنتۆن بەسترا، گەیشتنە ئەو ڕێککەوتنە؛ ئامرازی گونجاو بۆ پەرەپێدانی ستراتیژییەتێکی یەکگرتوو بدۆزنەوە،

سـەرەڕای نـاڕەزایی فەرەنسـا، دەرهاویشـتەی ئەو کۆنگرەیـە بریتیـی بـوو لە لیـژنەیەک بەناوی (کۆمەڵەی هەماهەنگی کاروباری وزە ( ECG) لە ١٢ دەوڵەت پێکهـات، هەرکە ئەوساڵ ڤالیری جیسکار دیستان بە سەرۆکی فەرەنسا دێتە هەڵبژاردن، ئیتر فەرەنساش دێتە نێو ئەو کۆڕبەندە.

لە لوتکەی سـاڵی ١٩٧٤ هەوڵمانـدا ئەو (کـۆمەڵەی هەمـاهەنگی کاروبـاری وزە) بکەینە دامەزراوێکی هەمیشەیی و بەرنامەیەکی تێر و تەسەلمان بـۆی دارِشـت، کە فـۆرد دەبێتە سەرۆک دبلۆماسیەتیی تەرخانکراو بـۆ دامەزرانـدنی ئاژانسـی وزەی نێـودەوڵەتیی خەریکی تەواوبوون بوو، لە چاوەڕوانی ڕەزامەندیی سەرۆکدا بوو بۆ دانـانی بەرنـامەیەکی تێر و تەسەل.

لە ١٧ی ئـاب دوای یەک هەفـتە لە سـوێندخواردنی فـۆرد دۆخەکـانم بـۆی ڕوون کردەوە و گوتم:

دەبـێ ڕێـگەیەک بـدۆزینەوە بـۆ لەنـاوبردنی کوتلەبـازی، ئەمەش بەبـی هاوکـاری دەوڵەتانی بەکاربەری دیکە ناکرێ. نابێ لە ئەگەری ئەوەدابین دەوڵەتێک دانیشـتوانی لە ٤٠ ملیـــۆن کەمتـــر نەبـــێ بتـــوانێ دەوڵەتێکـــی خـــاوەن ٨٠٠ ملیـــۆنی لە دەوڵەتە پیشەسازییەکان بێزار بکات. دەبێ هۆشیارانە هەنگاو بنێین و پەلە نەکەیـن و ڕێـگە لە هاوپەیمانانمـــان بگـــرین بەرەوپـــێش بچـــن و ســـوودە ئابوورییەکـــان کەم کەنەوە. ئەمە ئامانجی کۆنگرەی واشنتۆنی وزە بوو.

پێگەمـــــــان لەوەدا نەبـــــــوو بەر لە ناوەڕاســـــــتی ١٩٧٥ ڕووبەڕووی دەوڵەتە بەرهەمهێنەکان ببینەوە.

بەرنامەکەمان بەم شێوە کورتکردەوە:

ا/ یەکڕیزی بەکاربەرەکان.

ب/ لەگەڵ بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ حاڵەتی ئاوارتە.

ج/ پاراستنی وزە ئەمبارکراوەکان.

د/ پەرەپێدانی کارا بۆ سەرچاوەکانی جێگرەوەی وزە.

ە/دروستکردنی تۆڕێکی پارێزراوی دارایی.

هەرچەندە ئەم بەرنامە لە چەند ڕوویێکەوە بۆ فۆرد نوێ بوو، بەڵام واژۆی لە سەرکرد. کە شیکاریم بۆ بڕگەیەک کرد لەسەر پرسی دبلۆماسیی و شێوازی جێبەجێکردن، لە وەڵامدا گوتی: پرسەکان لای من گرنگ نین، گرنگ ئەنجامەکانە.

بەرنامەکەی وزە کە سەرۆک واژۆی لەسەرکرد تەنها چارەسەری قەیرانەکە ناکات، بەڵکو بەرنامەی گێڕانەوەی هاوسەنگەکانیشی لەخۆگرتووە، لەم بۆنەیە ژمارەیەک لە دەزگە و بەشی جۆراوجۆر لە ئەمریکا بەشدارییان تێداکرد، هەماهەنگییەک بۆ کاروباری وزە لەسەر ئاستی نەخشە و بەرنامەکانی ناوەخۆ لە کۆشکی سپی دامەزرا. یەکەمجار جون سوهیل و دواتر فرانک زارب بەرپرسیارێتی کەمکردنەوەی هاوردەی نەوتی گرتە ئەستۆ. وەزارەتی دارایی لە لایەنی دارایی نێودەوڵەتی بەرپرسیار بوو، وەزارەتی دەرەوەش ئەرکی دۆزینەوەی چوارچێوەی کاری سیاسیی گرتە ئەستۆ. منیش وەکو ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوایەتیی بە ئەرکی هەماهەنگی لە نێوان سەرجەم هێڵە سیاسییەکان هەستام.

ئەستەم بوو بەم کارە مەزنە هەستم ئەگەر دۆستایەتیی من و وەزیری گەنجینە (ولیام سایمون) نەبووایە، بەهۆی جیاوازیە نوێکانەوە پەیوەندیەکانمان لە قالبی ئاسایی دەرچوبوو، دیارە هەردووکیشمان بەرگریکاری دەسەڵاتی بیروکراسی بووین.

سیمون لە بواری بانکیدا کاری دەکرد، من پێم وابوو ئەو قەیرانە لە ئەنجامی دەستێوەردانی سیاسەت بووە لە کاروباری بازاری. داوای دەکرد ئەمریکا فشار بخاتە سەر ئەو دەوڵەتانەی بە دیدی ئەو بەرپرس بوون لەو قەیرانە (من پێم وابوو هەڵەیە): ئێران لە نێویاندا، داوای دەکرد پێدانی چەک و هاوکارییەکان لە ئێران ڕاگرێت و هەڕەشەی هەڵگرتنی پارێزی ئەمریکا لە شا بکرێت. سایمون کەسێکی بە زەوق و خۆشگوزەر و چالاک بوو، ئەم بانگەوازەی لە سەردانەکەیدا بۆ کەنداو لە تەموزی ١٩٧٤ بۆ دەوڵەتانی کەنداو گواستەوە. بە گوتەی خۆی توانیی وەزیری سعودیە؛ ئەحمەد زەکی

ئەلیەمانی ڕازی بکات لە پشکی دیاریکراوی خۆیان زیاتر هەناردەی نەوت بکات، بەو شێوە هاوسەنگی بگەڕێتەوە نێوان نمایش و داواکردن، بەم هەنگاوە نرخەکان دادەبەزن.

سایمون بە ئەنجامێک دەگەڕێتەوە کە پێشبینیی لە دەوڵەتانی کەنداو نەدەکرد. نرخەکان خەریک بوو بە ڕێژەی ٣٠% لەو نرخەی ئۆپیک دیاریی کردبوو دادەبەزین ، دەبووایە وڵاتانی دیکەی ئەندام لەم ڕێکخراوە هەنگاوێکی هاوشێوە بنێن. سایمون پێی وابوو بەم هەڵوێستانەی دەتوانێ دۆخەکان باش بکات، لە فشارەکانی بۆ سەر دەوڵەتێکی ستەمکاری هاوپەیمانی وەکو شا بەردەوام دەبێ، کە ڕۆژانە ٦ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێ، دوای لێدوانەکانی لێی پاشگەز دەبێتەوە هەوڵی ڕاستکردنەوەیان دەدا، گوایە میدیا بە ڕێگەیەکی خراپی دەرخستووە، شا وای دەرخست بڕوای بە پاساوەکان بووە، بۆ چاککردنەوەی دۆخەکان، سایمون ئاشکرای ناکا بە چ هۆکار و پاساوێک پادشای پادشاکان بە گەوج ناودەبا، ئاخر ئەم سوکایەتییە بۆ؟

بەر لەوەی هۆکاری فشار خستنە سەر دەوڵەتانی تەوەری سۆڤیەتی بخەینە بەردەستی سەرۆکە نوێیەکە، ئاگاداری سعودیەمان کردەوە (ئەمەشم چاوەڕوان دەکرد) کە ئەو گفتانەی بە سایمۆنی داون نەخراونەتە بواری جێبەجێکردن، چونکە ناڕەزاییەکی توندی وڵاتە ڕادیکاڵیستەکانی عەرەبی سەریهەڵدا. لەگەڵ ئەوەشدا سایمون بەردەوام دەبێ لە فشار خستنە سەر ئێران، بەڵام من دژی بووم، لەبەر:

یەکەم / من پێم وابوو شا ئامانجە سیاسییە هەڵەکەیە فشاری بخەنە سەر، هەرچەندە لەگەڵ وەزیرە توندڕەوەکانی لە هەموو کۆبوونەوەکانی ئۆپیک داوای بەرزکردنەوەی نرخی نەوتیان دەکرد، بەڵام بە گوتاری بریقەدار نرخەکان دیاری ناکرێ. بەهۆی چەند ڕەفتارێکی دیار بازار لەدەست دەردەچێ. بەتایبەتی کەمکردنەوەکانی عەرەبی لەسەر بەرهەمەکانی نەوت، شای ئێران کە دەوڵەتێکی عەرەبی نییە، بەرهەمەکانی نیوەی بەرهەمەکانی دەوڵەتانی کەنداو کەمکردنەوە و ڕەتیکردەوە لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبیەکان گەمارۆ بخاتە سەر ئەمریکا، بۆیە کاریگەریی لەسەر جوڵەپێکردنی بازاڕ کەمتر بوو، جگە لەو گوتارەی وەکو پاڵپشتی بۆ دۆستە بەرهەمهێنەکانی دەیدا.

بێگومــان شــا پێشــوازیی لە بەرزبــوونەوەی نرخــی نــەوت کــرد، چــونکە ئەو بەرنــامەیەکی جــودای هەیە لە گەڵ دراوســێکانی وێــڕای چــاوتێبڕین و حەزەکــانی لە چاککردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ دراوسێ عەرەبەکـانی، پـاش ئەوەی ڕەتیکـردەوە لە شەڕی ١٩٧٣ هاوکاریان بکات، بەڵام تاقە ڕێگـە لەبەردەم شـا بـۆ بەرزکـردنەوەی نرخـی نەوت، کەمکردنەوەی بەرهەمەکانییەتی، کە ئەو بەلای ئەم حەزەدا نەدەچوو.

بنەمای جیۆسیاسیی ڕەتکردنەوەی ستراتیژییەتیی سایمون، مەزنترین کاری گرنگ بـوو. ئەوەتـا دوای ڕووخـانی شـا دەرکـەوت چەنـدە گرنـگ بـوو ئەو شـایە بـۆ پرسـی سـەقامگیری سیاسـیی و ئاسایشـی نـاوچەکە. بەردی بنـاغەی سـتراتیژیەتمان بـوو بـۆ کەنداو، لە شەڕی ١٩٧٣ی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست لەتەکمـان وەسـتایەوە، تـاقە دەوڵەتـی دراوسێی سۆڤیەت بوو کە ڕێگەی بەفرۆکەکانمان دەدا بەسەر ئاسمانییەوە بفڕن، ئێـران وزەی بەکەشتیگەلی ئێمە دەدا لە زەریای هیندی، لە دانوسانەکانماندا لە پاریس لەسـەر ڤێتنـام گەلێـک لایەن پشـتیان بە زیـادەی عەمبـاری سـایگۆنی فـرۆکە شـەڕکەرەکانمان بەستبوو، بەر لە ڕێککەوتنەکە، دوایی شا ژمارەیەکی زۆری فـرۆکەی بـۆ ئامـادە کـردین، لەو ڕۆژەی نیکســۆن دەســتی لەکــار کێشــایەوە لە بەیەکگەیشــتنی پێــداچوونەوە لەدۆخەکان، کە ژمارەیەک لە بەرپرس ئامادە دەبن لە ٣ی ئـابی ١٩٧٤، مـن بە سـایمونم گوت:

من لەبەر سێ هۆ دوودڵم لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران:

١-لە کاتی پێویست و ئاوارتە پێویستمان بە نەوتی دەبێ.

٢-نامەوێ پاڵی پێوەبنێین لەگەڵ ڕکابەرانی ئیسرائیل هاوپەیمانی گرێدا.

٣-بڕواناکەم ڕووبەڕووبوونەوە سودی هەبێ، تا لەگەڵی پێدابچین.

مەبەســتم لە پێــداچون لەگەڵیــدا ئەوە نەبــوو پشــتی مەزنتــرین هاوپەیمانمــان بشکێنین، تاقە هاوپەیمان کە بتوانین بەهۆیەوە فشـار بخەینـە سـەر یەکێتـی سـۆڤیەت،

کاتێک شا دەڕووخێ دوای پێنج ساڵ بەهۆی بێ متمانەیی سەقامگیری دۆخەکانەوە نرخی نەوت دووبارە بەرز دەبێتەوە.

هەمان پاساو لەسەر سعودیە جێبەجێ دەکرێ، بەڵام بە پلەیەکی بەهێزتر. ئەگەر بنەماکانی سایمۆنمان جێبەجی بکردبا دەبووایە لەسەر سعودیەی جیبەجێ بکەین، چونکە ئەو توانای بەرزکردنەوەی بەرهەمەکانی هەیە، بە ڕێژەی لانیکەم ٥٠٪.

بەڵام بڕوای تەواوم هەبوو کە سعودیە بەم شێوە شەرمەزاریە خۆی لە براکانی جودا ناکاتەوە، خانەوادەی پادشایەتیی سعودیە توانیویەتیی کەشتیەکە لەم ئاوە لێڵەی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیرەکانە ببەن بەڕێوە، کە خۆیان نەخەنە سەنگەری پێشەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕۆژئاوا، ئەمیش لەبەر پێویستی هاوکاری سەبازیی و دبلۆماسییان و ترسی لە ڕژێمە عەرەبییە ڕادیکاڵیستەکان، کە توانای هەڕەشەیان هەیە لە ناوەخۆی سعودیە. ڕەفتار و مامەڵەی خانەوادەی سعودیە زیرەکیی و بەتواناییی پێوەدیار بوو. چاوی لە پاراستی گوتاری سیاسیی خۆپارێزی هەبوو لە ڕووی ناوەخۆ و دەرەوەیدا لە ڕێگەی هاوسۆزیی لەگەڵ ئەمریکا و سەرقاڵی بە نرخی نەوتەوە.

دیالۆگی سایمۆن لەگەڵ یەمانیی وەزیری نەوتی سعودیە یەکێک لە شێوازە تەکتیکەکانی سعودیەمان بۆ دەردەخا. لە دیکۆر و پۆشاکی یەمانییەوە بێ لە بەڕێوەبەری کۆمپانیایەک ناچێ، چونکە ئەو دانوستان لەسەر نەوتی سعودیە دەکا و بە ئازادی سەردانی دەرەوە دەکا، بەڵام لە ڕاستیدا لای خانەوادەی پادشایەتیی سعودیە یەمانی تەنها پسپۆڕێکی نەوتە زیاتر نا، بڕیارەکان لە ناو خانەوادەوە دروست دەکرێن و دەردەچن.

لە بۆنەیەکدا بە یەمانیم گوت: تاقە وەزیرێک مافی ڕاهێنان و تواناکانی تۆی هەیە ئەویش پشتگیری دەزگەکانی سعودیە دەکا، بەڵام هەزارانی وەکو ئەو تێکی دەدەن.

لە دانیشتنێکمدا لەگەڵ مەلیک فەیسەل، لەو دانیشتنە تەنها ڕاوێژکارەکان زنجیرەیان بەستبوو خۆی داوای یەمانیی هەر نەکردبوو، بەڵام لە دوورەوە دانیشت بوو،

گـوێی لە گوتەکـانی نەدەبـوو، ئەگەر پێویسـت بکرابـا بەشـداریمان لەگەڵـدا بکـات، هەرچەنـدە ئەمە ڕووی نەدا چـۆن دەبـێ لە پرسـە هەسـتیارەکانی وەکـو ئەگەری جـودا بوونەوە لە دەوڵەتانی بەرهەمهێن، قسەی هەبێ.

نەدەکرا بەراورد لە نێوان هەڵوێستی یەمانیی و سەرۆکی کۆمپانیـا نـەوتییەکانی ڕۆژئـاوادا بکەیـن، بە ڕاشـکاوی بڵێـین بیرکردنەوەکـانی خـۆی لە کێشـە ئاڵۆزەکـانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاک نەکردبووەوە، دوای چەندین ساڵ لە ١٩٩١ ئـێمە لە خـوانێکی میوانداری لە بۆن دانیشتبووین ، یەمانیی پێی گوتم:

من تۆ لە هەڵگیرسانی شەری کەنداو بە بەرپرسیار دەزانم، گوتی: شەڕ لەسەر کوێـت نەبـوو، بەڵکـو بـۆ پاراسـتنی نرخـی نـەوت بـوو لە ڕێـگەی دوورخسـتنەوەی بەرهەمەکانی ئێراق لە بازاڕی نەوت. سەرکردە ئەمریکییەکان بە مەکرەکانیان سـەدامیان بەرەو تەڵەیەک پەلکێش کرد، کە نەتوانێ خۆی لێ ڕزگار بکات، چـونکە کەسـی زیـرەک لە ئیدارەی بۆشی باوک نەبوو بە لێهاتوویی ئیدارەی ئەو تەڵەیە بکـا و جێبەجێـی بکـا، بۆیە پەنجەی تۆمەت بۆ تۆ ڕادەکێشرێ، وەڵامێکی پڕ بە پێسـتم لا نەبـوو تـا بڵـێم مـن ئەوەندە زانا نیم ئەم جۆرە پیلانانە ببەم بەڕێوە، بەتایبەت کە من ماوەی چواردە سـاڵە حوکمڕانیم جێهێشتوە، ئەمە ئەو ڕاستییە بوو کە یەمانیی دەگەیاندە بڕوا.

پێشبینیم دەکرد پلانی سایمۆن بۆ زیادکردنی بەرهەم هەرەس دێنی، لە دیداری کۆمەڵەی پێداچوونەوە کە لە گەورە بەرپرسان پێکهاتبوو لە ٣ی ئابی ١٩٧٤، کە پێشتر ئاماژەم پێیدابوو بە سایمۆنم گوت:

لە کـاتی ڕووبەڕووبوونەوەمـان لەسـەر هـاوردەکردنی نـەوت، جەزائیـر بە هەمـوو توانایەکییەوە لە ڕووی سیاسییەوە دژایەتیمان دەکا، دوای ئەو سوریە، سـعودیە دەبێـتە تاقە دەوڵەتی عەرەبی لە دەرەوەی هەمـاهەنگی و یەکرێـزی عەرەب دژی ئیپریالییەکـان، ئەم سیاسەتە پراکتیکی نییە، من ناڵێم سعودیەکان فێڵت لێدەکەن، لەو سـەردانەی کە بۆ ئەوێت کردبوو، بەڵام مەبەستم ئەوەیە بەدەر لەوەی دەیڵێن یان مەبەسـتیانە، هەڵەیە ئەگەر بۆ هەر ڕووبەرووبوونەوەیەک پشـتیان پـێ ببەسـتی. ئەم مانـایەم لەبەردەم فـۆرد

دووبـارە کـردەوە، گـوتم سـایمۆن دەیەوێ لەگەڵ شـا ڕووبەڕووو ببێـتەوە، پێـی وایە کە سعودیەکان ئەگەر شا ڕازی بێت سعودیە نرخەکان دادەبەزێنی، مـن گومـانم لەوەدا هەیە کە سعودیەکان لە پێشەوە بووەسـتن، پـێم وایە ئەوان یـاریەکی زیرەکـانە دەکەن، هەوڵ دەدەن ئاگادارمـــان بـــکەنەوە نیازیـــانە بەرهەمەکـــان بەرزبـــکەنەوە، ئەگەر ئەم ڕێگـــەیە ســـەرکەوتن بەدەســـت نەهێنـــێ، پێیـــان ڕاگەیانـــدین کە لە توانایـــان دایە بەرگەی نرخـــی کەمتریش بگرن بەڵام لە پێناویدا شەڕ ناکەن.

ڕاهـــاتبووم ئامۆژگارییەکـــانی بە حکـــومەتم دەدا لە ڕۆژنامەکـــان بە ئاشـــکرا ڕامدەگەیانـد، لەگەڵ ڕۆژنـامەی بـریچ ویـک چـاوپێکەوتنم ئەنجامـدا و لە ڕۆژی ١٣ ی کانوونی دووەمی ١٩٧٥ بڵاوکرایەوە:

تاقە ڕێگەی خێرا بۆ دابەزاندنی نرخی نەوت ڕاگەیاندنی شەڕێکی سیاسییە لەگەڵ هەریەک لە سـعودیە و ئێـران، بـۆ ئەوەی سـەقامگیریی سیاسـیی و ئاسـایش بکەوێـتە مەترسی، ئەمەش باجێکی مەزنە لەم پێناوە دەیدەین.

ئەگەر مەبەست ڕووخانی ڕژێمی سعودیەیە تا قەزافییەکی دیکە دەسەڵات بگـرێتە دەست. یا مەبەست تێکدانی وێنەی ئێـرانە گـوایە دەتـوانێ بەرگـری فشـارەکانی دەرەوە بکات، ئەوا دەرگا بەڕووی لایەنە سیاسییەکانی دیکە دەکرێتەوە تا ئامانجە ئابووریەکـان تێکوپێک بـدەن، لە لایەکـی دیـکە فشـار و ئامـانجە ئابووریـیەکان پێویسـتیان بە کـاتە، بەبـێ یەکرپـزی بەکـاربەر هـیچ کـاریگەریەکی نـابێ، دواتـر ئەگەر ئەو ناسـەقامگیریەی باسـمانکرد بیخـولقێنین ئەوا ڕووبەڕووی ڕەخـنە دەبیـنەوە لە لایەن ئەوروپـا و ژاپـۆن و یەکێتیی سۆڤیەتی.

# ستراتیژییەتیی دوورخایەن

دوای گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆر بە درایژایی مانگی تەموز و ئابی ١٩٧٤ مـن و سایمۆن لەسەر ستراتیژییەتێکی دوورخایەن ڕێککەوتین، لەوکاتەوە پەیوەندییەکی کاری بە یەکەوەی بەستینەوە. لە دارشتنی نەخشـە ڕێگـەمان ئەو خۆشـیی بەگێڕانـی ڕۆڵـی پۆلیسـی شـەڕانی و سـەربەگێچەڵ دەبینـی منـیش بە پۆلیسـی نیـان و بـاش. قورسـایی هاوسـەنگیی نێوانیشـمان ئەرثەر بینـزی سـەرۆکی دەسـتەی فیـدراڵیی یەدەگ بـوو. ئەو وەکـو سـەرۆکی ئاژانسـێکی سـەربەخۆ، پێویسـتیمان بە ڕاوێـژی ئەو نەبـوو . لەلایەکـی دیکە، وەزیری گەنجینە (یان دەرەوە) بە بەردەوامی گفتوگۆی لەگەڵ سەرۆکی دەسـتەی یەدەگی فیداڵیی دەکرد.

مـن وەکـو ڕاوێژکـاری ئاسایشـی نەتەوایەتـی و سـایمۆن بە زیرەکیـی و بلیمەتـی خـۆی، کۆمـەڵەیەکی ئاراسـتەکردنمان دامەزرانـد، بە سـەرۆکایەتیی خـۆم و ئەنـدامێتی سـایمۆن و بیرینـز و فرانـک زارب لەگەڵ جـورج شـولتز(کۆنە وەزیـری گەنجینـە دواتـر سـەرۆکی کۆمپانیـای، بکتـل کوربووریشـن)، کۆمـەڵەی کـاری لاوەکـیش بەسـەرۆکایەتیی یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری ئابووریی تومـاس ئەنـدرز، ئەرکـی پەرەپێـدانی سپاردە و پێشنیارەکانی پێسپێردرا.

بژاردەیەکـی سـەرکەوتوو بـوو لە تشـرینی یەکەمـی ١٩٧٢ سـەرنجم بۆیچـوو، ئەوکاتەی سەردانی ڤنوم پنەم کرد، مەزندەی ئەوەش دەکرا شەڕی ڤێتنام کۆتایی بێت، سـەردانییەکەم بـۆ گفتوگـۆکردن بـوو لەسـەر دەرفەتەکـانی بەردەم کەمبۆدیـا، ئەنـدرز نمایشێکی جوانی دوور لە دووڕوویی پێشکەشکرد، ئەو جێگری نێردەمـان بـوو، بڕیارمـدا بەخێـرا داوای بـکەم بێـتە واشـنتۆن، کە بـوومە وەزیـری دەرەوە، ئەو دەرفەتەم لە سـەپتەمبەری ١٩٧٣ بـۆ ڕەخسـا. پێویسـتیم بە شـیکاری ئـابووریی زەرور هەبـوو بـۆ بەرنامەی وزە کە بە هۆکاری ستراتیژی و جیوپۆڵەتیک هەولم بۆی دەدا.

شێوازی ئەندرز کاریگەر نەبوو بەهۆی ئەوەی پلەی لە یاوەرانی نزمتر بوو. دیارە خاکیبوون نابێتە خەسڵەتێکی تایبەتی، لاری ئیبلگر ڕاهاتبوو وهەردەم بڵێ: ئەندرز تاقە کەسە درێژییەکەی دوو مەترە و پەتای گرێی ناپلیۆنی هەیە. بەوە ناسرابوو پەند و گوتەی نەستەقی هەبوو، جارێکیان دەڵێ: چاکەکانی لێ وەرگرتم، زیاتر لەو چاکانەی لە وەزیری دەرەوەی وەرگرت کە لە ژێر فەرمانی ئەودا کاری دەکرد.

ئەندرز هەرگیز شەڕی دژی ئیدارەکان ڕانەدەگەیاند، بیرم نایە چەندجار بەرپرسەکان لە لای من سکالآیان لە ئەندرز کردبێ، نەک بەهۆی جیاوازی بیروڕا، بەڵکو بەهۆی ڕێزنەگرتنی لە ئیمتیاز و مافە بیروکراتییەکان. من هەمیشە سەرزەنشتم دەکرد، دواتر زوو ستایشی کارەکانیم دەکرد، زۆرجار بیل سایمۆن سروشتی شەڕانی بوو، بە ناچاری پێدەکەنی.

لەسەرووی خشتەی کارەکانی کۆمەڵێک ئاراستەی بەرنامەی دەستپێوەگرتنی وزەی ئەمبارکراو بوو. دەوڵەتە بەرهەمهێنەکان لە ڕێگەی کەمکردنەوەی بەرهەمەکانیان نرخی نەوت بەرزدەکەنەوە، بە مەزندەی ئێمە لە ڕێگەی دەستگرتن بە وزە ئەمبارکراوەکانەوە، بەڵکو نرخەکان دابەزێنینەوە، (جاک ف، بینت) یاریدەدەری وەزیری گەنجینە کە لە بواری پیشەسازی نەوت کاری کردبوو بەر لەوەی بێتە ناو حکومەت. دۆخەکانی لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی پێداچوونەوەی پێکهاتوو لە گەورە بەرپرسان بەم شێوە نمایش کرد:

دەکرێ بە بەرنامەیەکی کاریگەر و کارا بۆ دەستگرتن بە وزە ناچاریان بکا (بەرهەمهێن) بەرهەمەکانیان کەمکەنەوە بە ڕێژەی ٣٠٪، واتە هەندێکیان بە ڕێژەی ٦٠٪، ئەوکات لیبیا و جەزائیر و هەندێکی دیکە لێیان جودا دەبنەوە..

دووەم/ لە پێناو بەهێزکردنی توانای بەکاربەر و بەرگریکردنی بێزارییەکانی بەرهەمهێن، پێشنیار دەکەم هەر دەوڵەتێکی بەکاربەر بۆ پێویستی ٩ ڕۆژ یەدەگی وزە دابکات، لە کاتی ئاوارتە دەوڵەتی بەکاربەر ئەو بڕەی دایکردووە دابەشی دەکات.

سێیەم/ لە ڕێگەی دەرکردنی زیادەی دارایی بەرهەمهێنەکانەوە هەوڵ دەدەین توانای دارایی بەرهەمهێنەکان لاواز بکەین، هاوکاری داراییش بە دەوڵەتە بەکاربەرەکان بدەین لە حاڵەتی ڕوودانی قەیراندا.

دواجار هەوڵەکانمان دەخەینەگەڕ بۆ دارشتنی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ پەرەپێدانی ئەلتەرناتیفی وزە. لە ڕێگەی کۆکردنەوەی بەرهەمە نوێیەکەی ئەمبارکراوەوە ئومێد دەکەین توانای مساوەمە بەرهەمهێنەوە بگوازینەوە بۆ بەکاربەر.

(کۆمەڵەی هەماهەنگی کاروباری وزە) کە کۆنگرەی واشنتۆن بۆ وزە دایمەزراندبوو، هەموو ئەم پێشنیارانەی لە ١٩٧٤ لە کۆبوونەوەی برۆکسل لەخۆگرت، دواتر دەبێتە دەزگەیەکی هەمیشەیی بەناوی ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی (IEA) خزمەتی باشی پێشکەش بە دیموکراسییەکانی پیشەسازی دەکرد، لیژنەی هەماهەنگی لەو بەرپرسانە پێکهات کە لەسەر ئاستی یاریدەدەری وەزیر بوون، بۆیە ڕێککەوتن پێویستی بە ڕەزامەندی حکومەتە پەیوەندیدارەکانەوە هەبوو.

هەوڵی ڕێکخستنی بەکاربەرەکان تاقە ئەرکی ناو هەگبەکەمان نەبوو، بۆ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ بەرهەمهێنەکان دەبووایە سەرەتا هەماهەنگی و یەکڕیزی لە نێو دەوڵەتە بەکاربەرەکان بێنینە کا، بەڵام ئەمە دوا بژاردەمان بوو، باشتر بوو یەکەمجار تامەزرۆیی نیشانی بەرهەمهێنەکان بدەین تا بەشداری لە بووژانەوەی ئابووریی جیهانیدا بکەن، بۆ ئەم کارەمان پۆلێنی دەوڵەتە بەرهەمهێنەکانمان کرد بۆ دەوڵەتە ڕادیکالیست و دەوڵەتە مامناوەندییەکان لە ئەندامانی ئۆپیک، دوای ساڵێک لە دیسەمبەری ١٩٧٥ لە لوتکەی ڕامبۆلی گوتم:

ئێمە هاوڕاین لەسەر پێویستیمان بە هاوکاری بەرهەمهێنەکان، بە هاوکاریکردنمان دەتوانین ئەندامە ڕادیکاایستەکان لە ئەندامە مامناوەندیەکانی ناو ئۆپیک جودا بکەینەوە، هەروەها دەوڵەتە کەم پێشکەوتووەکان لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی ئۆپیک و بەرپەرچدانەوەی گەلێک دەوڵەتیش ئەنجام بدەین.

بەم ڕۆحیەتە فۆرد لە ٢٩ی ئابی ١٩٧٤ نامەیەکی بۆ شا فەیسەل نووسی:

هیوادارم دەوڵەتە بەرهەمهێنەکان بە ڕابەرایەتیی شکۆداریتان نموونەیەکی جوان بنوێنن، هەڵوێستێکی سیاسیی حەکیمانە ببێتە مایەی نرخاندنێکی گونجاو لەگەڵ ئابووریی جیهان بێتەوە.

دەوڵەتە بەرهەمهێنەکانی نەوت ڕاستیان دەگوت کە بەرهەمە نەوتییەکان بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پیشەسازی کە ناچارن لە دەوڵەتە دیموکراسییەکانی ڕۆژئاوا بیکڕن، زۆر هێواشتر لەم بیست ساڵەی دوایی بەرزبوونەتەوە.

لە پێناو چارەسەریەکی هاوکاریانە، لەسەر ئاستی وەزارەتەکان لەگەڵ دەوڵەتانی ئێران و سعودیە لیژنە و دەستەمان پێکهێنا بۆ بووژاندنەوەی دوولایەنەی ئابووری. هەرچەندە دەرگای بەشداریمان بە کراوەیی جێهێشت، بەڵام ئامانجی ئەو لیژنە و دەستانە لاوازکردنی هەماهەنگی دەوڵەتە بەرهەمهێنەکانی ئۆپیک و بەرتەسککردنی بڕە سەرمایەی دەستیان  بوو، بۆ ئەوەی شەڕی ئابووری دژی دیموکراسیبەکانی پیشەسازی ڕانەگەیەنن لەگەڵ گەڕاندنەوەی هەندێک لەو بڕە پارەی دەست بەسەرداگیراو بۆ ناو ئابووریمان. بەرهەمی بەرنامەکەمان نزیک بوونەوە بوو لە دەوڵەتە هەژارەکانی بێ نەوت. لە پێناو دوورخستنەوەیان لە ئۆپیک و ڕێگریکردن لە یەکبوونیان هەوڵمان دا ئەلتەرناتیفێک بۆ سیاسەتی بێزارکردن بدۆزینەوە، چەند پێشنیارێکمان پێشکەشکردن بەمەبەستی سەقامگیربوونی نرخی کانزای خاو و چەسپاندنی ئاسایشی خۆراک بۆ دەوڵەتە هەژارەکانی دونیا، ستراتیژەکەمان بریتیی بوو لە پێدانی پێشینەی پاراستن بە دەوڵەتە بەرهەمهێنەکانی نانەوتی  ئەگەر بە ڕەزامەندی ئۆپیک ڕووبەڕووی مەترسیی بوونەوە.

لەسەر داوای فۆرد لە ڕامبۆلیە هێڵە پانەکانی ستراتیژیمانم بۆ سەرۆکی دەوڵەتە ئامادەبووەکان پوختکرد:

دەبێ ئەوە تێک بدەین کە  (هیلموت شمیدت) بانگەوازیی بۆ هاوپەیمانی ناپیرۆز دەکرد، کە دەوڵەتە کەم پێشکەوتووەکانی ئۆپیکی کۆدەکردەوە، دەتوانین ئامانجەکانیش بەدەست بێنین، ئەگەر بزانین ڕەفتارە تێکدەریەکانی گفتوگۆی سەر کاڵا

ڕادەگرێ، یا باج دەخاتە سەر هاوکارییەکان، یا هەناردەکانی سەربازی، بەم شێوە دەتوانین بەرگری لە ملکەچیمان بکەین لە پێناو وەدەستهێنانی نەوت، لە ڕێگەی ستراتیژییەتێکی هاوسەنگ.

## جێبەجێکردنی بەرنامەی وزە

لە ١٨ سەپتەمبەری ١٩٧٤، فۆرد لە نەتەوە یەکگرتووەکان گوتارێکی دا، گوتارەکە بە تایبەتی ئاڕاستەی دونیای سێیەمی کردبوو، بۆ جوداکردنەوەی دەوڵەتە کەم پێشکەوتووەکان لە برا بەرهەمهێنەکانیان، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، فۆرد نەوت و خۆراکی بەو کاڵایە ناوبرد کە شوێنکەوتنی جیهانیان هەیە، باسی لەو فشارە کرد کە لە ئەنجامی کەمی ئەو دوو کاڵایە خراوەتە سەرمان، پەیمانی دا کە من لە کۆنگرەی خۆراکی جیهانی، دوای شەش هەفتەی دیکە لە ڕۆما دەبەسترێ، دەستپێشخەرییەکی خۆراکی ئەمریکیی دەستکراوەمان هەبێ. لە ئاست ئەوە وەستاین ڕووبەڕووی ئەو دەوڵەتە نەوتییانە ببینەوە، کە خۆراک و نەوتیان قۆرخ کردووە. هەرچەندە فۆرد بە فەرمیی ڕەتیکردەوە خۆراک وەکو چەکێکی سیاسیی بەکاربێنین، بەڵام زۆربەی سەرکردەکان لەوە نەگەیشتن ئەگەر دۆخەکان پاڵمان پێوە بنێن و ناچارمان بکەن ئەم چەکە بەکار دێنین.

بۆ ئەوەی گوتارەکەی فۆرد لەبەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان تەنها گوتار نەبێ لە پێناو گوتار. دوای کەمتر لە یەک هەفتە لە ٢٣ی ئەیلول لە کۆنگرەی نێودەوڵەتیی حەوتەمی وزە لە دیتویت پەیوەندیی نێوان خۆراک و وزەی دووپاتکردەوە ، ئەمجارەیان ڕاشکاوتر بوو:

نابێ دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکان ڕێگە بدەن لە ڕێگەی یاریکردن بە نرخی بازاڕ و کاڵاکانی جیهانییەوە بەرنامەیان بەسەردا بسەپێنن و چارەنووسیان بۆ دیاری بکەن، کەس مەزندەی ئەو زیانە ناکات چەندە، ئەگەر ئەو دەوڵەتانەی سروشت کانزای

بۆ سودەکانی مرۆڤایەتی پێ بەخشیون و ئەوانیش ڕێگە نەدەن بەشداریان لەگەڵدا بکەن. کەس نازانێ ئەنجامەکەی بە چ کارەساتێک کۆتایی دێت.

فۆرد بە ئەنقەست ئەنجامی کارەساتەکەی بە کراوەیی جێهێشت: ئایا ئەنجامەکەی دارمانی ئابووری دەبێ کە ئۆپیک هۆکارەکەیەتی یان لە ئەنجامی کاردانەوەی قوربانیانی تووڕە دەبێتە هۆکاری؟

هەر ئەو ڕۆژە و لە گوتاری سالآنەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەبەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان، بە دەستەواژەی توندتر لە دەستەواژەکانی فۆرد باسم لە ئەنجام و کاریگەرییەکانی قەیرانی وزە کرد لە سەر دەوڵەتە بەکاربەرەکان. بڕیارە سیاسیەکانیشم خستە ئەستۆی ئەو قەیرانە:

ئاماژەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری ڕوونە. بە پێچەوانەی نرخەکانی کالآو خۆراک، بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە ئەنجامی هۆکارەکانی ئابووری نییە، واتە کەمکردنەوەی وزە یا گۆڕان لە نمایش و داواکاری بێ. بەڵکو لە ئەنجامی چەند بڕیارێکە بۆ سنوردارکردنی بەرهەمەکان لە پێناو وەدەستهێنانی نرخێکی گونجاو.

هەروەکو فۆرد منیش ئەلتەرناتیفێکی هاوشێوەم پێشکەشکرد پشتبەستوو بە هاوکاریکردن.

دەوڵەتە بەرهەمهێنەکان وەلآمیان دایەوە بەوەی دیموکراسییەکانی پیشەسازی مافی ئەوەمان نییە، ڕەخنە لە ڕێکارەکانیان بگرین، کە بەهۆیەوە ئابوورییان دەبووژێتەوە و هەندێک دەوڵەتی ئۆپیک ڕەخنەی توندیان لە ئەمریکا دەگرت. ئەوان هەقیان بوو هێرشیان دەکردینە سەر، شا هۆشدارییدا کە لە مەبەستمان دەگا و گوتی دەوڵەتانی پیشەسازی لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک دەبێ زیانمەندبن، بە هەمان شێوە سەرۆکی جەزائیری ڕادیکالیست (هەواری بوومەدیەن) لە سەرەتای تشرینی یەکەم نامەیەک بۆ کۆرت ڤالدهایم ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنێری، تێیدا هەندێک لە دەوڵەتە پیشەسازییەکان بەوە تۆمەتبار دەکا، کە هێرش دەکەنە سەر

دەوڵەتە بەرهەمهێنەکانی نەوت، دەپرسێ: ئایا ئامادەن لە پێناو دەبەزاندنی نرخی نەوت ڕەگەزی مرۆڤ بەرەو هەڵدێری ببەن؟

لە ٢٥ی ئەیلول فۆرد نامەیەکی کراوە لە ڕێگەی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزەوە بڵاودەکاتەوە، ،کارلوس ئەندریس بیریز سەرۆکی فەنزوێلا وەڵامی دەداتەوە و لە ڕێگەی بەرگریکردن لە نرخێکی دادپەروەری نەوت ڕەخنەی لێدەگرێ.

بۆ بەخترەشی لەگەڵ سەرهەڵدانی ترس لە نێودەوڵەتە بەرهەمهێنەکانی نەوت، دۆخێکی ترسنۆکی باڵی بەسەر دەوڵەتە بەکاربەرەکاندا کێشا. ڕۆژی دوای گوتارەکەی بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان، وەزیری دەرەوەی فەرەنسی (جان سوفانارگ) لەمیانی ڕێوڕەسمی ئاهەنگێکی خوانی فراوینی لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆچوونە زاڵبووەکەی هاوپەیمانانی دەربڕی. دیاربوو لەگەڵ بۆچوونەکانم یەکیان دەگرتەوە.

گوتار و گوتارەکان تا ڕادەیەک ئامانجەکانیان پێکان، وێڕای ئەوەی ئۆپیک ڕەتیکردەوە نرخەکان دابەزێنێ، بەڵام لە کۆبوونەوەی ئەیلولی ١٩٧٤ ڕایگەیاند؛ نرخەکان لە ماوەی شەش مانگی داهاتوو بەرز نابنەوە.

بەهۆی هەڵاوسانی زۆری سەر دەوڵەتە پیشەسازییەکان، وەکو دابەزاندنی نرخەکانی نەوت وابوو، ئیتر زیادەی نرخەکانی وزە بە درێژایی ماوەی سەرۆکایەتیی فۆرد مایەوە.

لەسەر داوای بانکی ناوەندی و سەندوقی کاشی نێودەوڵەتی، وەزیرەکانی دارایی و بەڕێوەبەرانی بانکە ناوەندییەکان لە دەوڵەتانی دونیا کۆبوونەوەی ساڵانەیان ئەنجام دەدا، لە هەمان وادە وەزیرانی دەرەوە لە نیویۆرک لە دانیشتنی کردنەوەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەیەک دەگەن، ئەم بۆنە بۆ داواکردنی وەزیرانی دەرەوە و دارایی بەریتانیا و کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی و فەرەنسا و ژاپۆن بەکارهات بۆ بەستنی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لەگەڵ وەزیری گەنجینەی ئەمریکا سایمۆن لە کامپ دیڤید لە ٢٨ و ٢٩ی ئەیلول. مەبەست لە کۆبوونەوەکە خۆشکردنی هەماهەنگی بەکاربەر بوو. لە ڕاستی کۆبوونەوەکەمان بە سەرکەوتوو دایە ناساندن.

ئەگەر هاوپەیمانەکانمان داوەت نەکردبا هەموویان ئامادە نەدەبوون، دیموکراسییە پیشەسازییەکان لە نێوان خۆیان بەسەر پشتگیری جیهانی و دبلۆماسیەتیی ئەمریکیی دابەش و لەت لەت ببوون، هەروەها بەهۆی مۆتەکەی ترسی ئەوەی هەماهەنگی بەکاربەر قەیرانێک لە نێو ڕیزەکانی بەرهەمهێن دروست بکات. ڕاستە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە لەسەر دۆخی حاڵی حازر ناکۆکن، بەڵام هیچ کاتێک نەبوونە بەرەنگاری بۆ توێژینەوەکانمان، کەچی هاوپەیمانان ڕازی نەبوون بڕیاری لەسەر بدەن.

گروپی کامپ دیڤد ئاگادار نەکرابوونەوە، بەڵکو ئامارەیەک بێ بۆ واقیعی ئێستای، باران ڕێگەی بە کەشتییەکان نەدا بگەنە هەوارگەی سەرۆکایەتی، ناچاربووین کۆبوونەوەکە ببەینە وەزارەتی دەرەوە، کاردانەوەی میوانەکانمان ڕەنگدانەوەی کەش و هەواکە بوو، هەندێکیان ترسیان لەوە هەبوو ئەو کۆبوونەوە نەخشەیەکی کار لەسەرکراوبێ ئەنجامەکەی بتەقێتەوە، دینیس هیلی وەزیری گەنجینەی بەریتانیا وەکو هۆشداری و گوتی: کارێکی مەترسیدارمان کرد ئەم کۆبوونەوەمان ڕێکخست، دەبێ مەودای چالاکییەکانمان دیار بکەین.

ئەمە نەیترساندم، نەخشەیەکی بنەڕەتیم لەسەر بەرنامەی گروپی کار لەسەر هاوکاری لە کاروباری وزە پێشکەشکرد:

کێشەی وزە چارەسەر نابێ تەنها لەسەر بنەمای یاسا نەبێ، گرەوەکان نرخی نەوت و ئابوورییان تێپەڕاند، گەیشتە چوارچێوەی پەیوەندییە سیاسییەکانی داهاتوو. ئەگەر بەرهەمهێنەکان بەردەوام بن لە یاریکردن بە نرخەکان و بەردەوامبوونی بەکاربەر لە بێدەنگی وەڵامدانەوەی، ئەگەری گۆڕانێکی مەزنی هێز هەیە لە لایەکەی دیکە ڕوویدا. بەهۆی توانای بەکارهێنانی ڕێکاری دارایی لە بەرژەوەندی خۆیان، بەرهەمهێنەکان دەتوانن بوومەلەرزە لە سیستەمی بانکی جیهانی ئەنجام بدەن، داهاتی نەوتیشیان دەبێتە سەرچاوەی کێبڕکێی پڕچەککردن کە هەڕەشە لەسەر ئاشتیی جیهانی دروست دەکا، ئەگەر دیموکراسییەکانی پیشەسازی ئامادە نەبێ بیرێک لە چارەنووس و تواناکنی بکاتەوە، یەکێتیی ڕۆژئاوا هەڵدەوەشێتەوە.

دوای ئەوە سایمون هەندێک ڕاسپاردەی لەسەر سێ بوار پێشکەشکردن:

١/ دەستگرتن بەسەر نەوتی داکردە.

٢/ هەماهەنگی دارایی.

٣/ ڕێکخستنی سیاسەتی ئابووری.

پێشـــوازی کەم بـــوو، لەگەڵ ئەوەی میوانەکانمـــان داوای ڕەزامەنـــدییان لە توێژینەوەکەمــان کــرد، بەڵام ڕێگریــان لە پێشــنیارەکانمان کــرد لەســەر ڕاگەیانــدنی دامەزراندنی یانەیەک بۆ بەکاربەران، چونکە لایەنی بەرانبەر ڕێکخـراوی ئۆپیکیـان هەیە، لە ترسی کاردانەوەی ئۆپیک هاوپەیمانان سووربوون لەسـەر ئەوەی بەیاننـامەی کۆتـایی دەبێ ناو لەم کۆبوونەوە بنێ کۆبوونەوە بۆ پێداچوونەوەی دۆخەکان.

ئەمە ساتەکانی پاڵەوانیترینی هاوپەیمانان نەبوو، بەڵام داڕشتنی زیرەکانە دەبێ تەمـومژاویکردنی ڕاسـتییەکان بـێ، نەک گـۆڕینی، ڕاسـتییەکان دەڵـێن: ترسـنۆکترین دەوڵەتی بەکـاربەر لە کۆتـایی زۆرتـرین ترسـی لە گۆشـەگیربوون دەبـێ ئەگەر بەراوردی پێبکەین بە ترسان و ڕقی دەوڵەتە بەرهەمهێنەکان. بۆیە (گرووپی کار) بۆ دیراسـەکردنی پێشـنیارەکانی ئەمریکیــی بە ســەرۆکایەتیی ئەمریکـا دامەزرا. ئەمە ڕێـگەی دواخسـتنی ساتی بڕیاردانی هاوپەیمانانمانە.

لە هەمــان کاتــدا ئەوەی دەســەڵاتی بەســەر خشــتەی کارەکانــدا دەشــکێ ئەو پێگەیەکی بەهێزی دەبێ بۆ داڕشتنی ئەنجامەکە، بەتایبەت کە هیچ ڕێککەوتنێک لەسـەر توێژینەوەی سیاسی، لە نێواندا نابێ و کەسێکی وەکو تومـاس ئەنـدرز لەسـەر کورسـیی سـەرۆکایەتیی دادەنیشـێ. ڕەنگدانەوەی قەیـرانە ئـابوورییەکە لەسـەر دیموکراسـییەکانی پیشەسـازی، ناچـاریکردن بیـر لە چارەسـەریەکی بەپەلە بـکەنەوە بەر لەوەی کارەکـان لەدەست بچن، لە کۆتایی مانگەکانی پاییز سەرجەم نەخشە و بەرنامەکانی پێشـنیارکراو لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوە بۆ جێبەجێکردن بەڕێوەبوون.

کەچی پلانی هەماهەنگی دەوڵەتە بەکاربەرەکانیش ڕێچکەیەکی باشی گرتبووە بەر، هەرچەندە سایمون بەر لە چەند هەفتەیەک پلانی ڕووبەڕووبوونەوەی دانابوو بەڵام جیسکار دیستان لە کتوپڕ لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤ پشتگیریی لە ستراتیژیەتی ڕازیکردنی گشتی کرد. بە ئاشکرا پێشنیاری بەستنی کۆنگرەیەکی ئامادەکاریی دەوڵەتە بەرهەمهێنەکانی وزەی کرد. لەگەڵ دەوڵەتە پیشەسازیە بەکاربەرو دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکانی بێنەوت. ئەورووپاش وەکو یەک قەوارە بەشداری دەکات، بۆ ئەوەی پێشنیارەکەی لە لایەن دەوڵەتە بەرهەمهێنەکان مایەی ڕەزامەندی بێت ڕایگەیاند؛ فەرەنسا واژۆ لەسەر ڕێککەوتنێک بەشداری ناکات لەسەر نەوت لە نێوان دوانزە دەوڵەتە بەکاربەرەکان. لەبەرئەوەی بەرنامەی بەشداریکردن لە نەوت بریتیی بوو لە ڕێکخستنێکی بەرگریکارانەی گشتی نەوت بەکار نەهێنرێت تەنها لە کاتەکانی ئاوارتە نەبێت، ئەویش لە کاتی سەپاندنی گەمارۆی نەوت لە لایەن عەرەبەکانەوە، دیستان ئەمەی بە سەرەتای ڕووبەڕووبوونەوە زانی و گوتی: دەبێ لەم مەترسییە دوورکەوینەوە، لەم میانە هێرشی کردە سەر ئەو دەوڵەتانەی ئامانجیان سەپاندنی دەسەڵاتە واتە (ئەمریکا).

بۆ بەرزکردنەوەی نرخی نەوت لە داهاتوو بوارێکی بۆ ڕێکخراوی ئۆپیک جێهێشت، وا پێدەچوو لەسەر بەستنەوەی نرخەکانی نەوت بە ناوەندی بەرزبوونەوە ڕازی بووبێ.

لەگەڵ فەرەنسا تووشی گومان و دڵەڕاوکێ بووین، پێشنیارەکەی فەرەنسامان بە تەحەدیەکی دیکە هاتە بەرچاو، وا پێدەچوو بە پێچەوانەی ئاماژە ڕازیبووەکانی بوو، کە پێشتر لەگەڵ ئێمە دەریدەبڕی، لاریمان نەبوو لە بەستنی کۆنگرە بۆ بەرهەمهێنەکان، بەڵام مەبەستمان بوو مەرجمان بۆ بەکاربەرەکان هەماهەنگی و یەکخستن هەبێ، بەبێ ئەو هەماهەنگییە لات و پەرتەوازە دەبن. ئەوەی پێشنیارەکەی فەرەنسای بە لاوازی نیشان دەدا، داوانەکردنی بەرهەمهێنەکان بوو بۆ کۆبوونەوەی لەگەڵ بەکاربەرەکان.

بروسکەیەکی توندی بۆ فۆرد نارد. من ئەوکات لە گەشتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووم، کورتەی نامەکە دەڵێ:

دیستان بانگێشتی چەند دەوڵەتێكی بەرهەمهێن و بەكاربەر و كەم بوژاوە كردووە بۆ گفتوگۆكردن لەسەر وزە. پێشنیاری لەسەر سیستەمێك كردووە ناوەندی نرخەكان و بەرزبوونەوە بەیەكەوە ببەستێتەوە. چونكە ناوەندی هەڵاوسان لە دەوڵەتە بەكاربەرەكان بەرز دەبێتەوە، بۆیە بەدڵنیاییی نرخەكانیش بەرز دەبنەوە، ئەم جۆرە كۆبوونەوانە لەگەڵ ستراتیژیمان و ستراتیژییەتیی سەرجەم كۆمپانیاكانی فەرەنسا ڕەزامەندیان لەسەر داوە ناكۆكن، كە بریتییە لەوەی یەكەمجار دەبێ بەكاربەر پلانێكی هاوبەش داڕێژێ بەر لەوەی لەگەڵ بەرهەمهێنەكان بكەوێتە گفتوگۆ، دیارە فەرەنسا بەر لەوەی بێتە ڕیزی گروپی هەماهەنگی كاروباری وزە ئەمەی ڕەتكردۆتەوە.

ئەگەر ئەم پلانە هەندێك شۆك بوون دێنێتە كا، بەڵام سەركەوتنی مەحاڵە، دیدار لەگەڵ بەرهەمهێنەكان بێ ئەوەی بەكاربەرەكان هەڵوێستێكی هاوبەشیان هەبێ، ئەمە پشتگیریە لە ڕووبەڕووبوونەوە یا خۆڕادەستكردن. دیستان داوای لە نۆ دەوڵەتە ئەوروپییەكە كرد وەكو یەك قەوارە كار بكەن، ئەڵمانیای فیدراڵ و بەریتانیا لە مامەڵەكردن لەگەڵ ئێمەدا دوودڵ بوون. بێ ئەوەی بتوانن كار لەگەڵ فەرەنساشدا بكەن. چونكە لە كۆتایی دەبێ ئەو دەوڵەتانە مامەڵە لەگەڵ ئێمەدا بكەن.

پێناسەی دیستان بۆ ئەلتەرناتیفمان بە بژاردەی گفتوگۆ یا ڕووبەڕووبوونەوە نەناسی. بژاردە ڕاستەقینەكە پەیوەندیی بە سروشتی گفتوگۆكەوە هەیە. ئەو فشارەی كردبوومان ئەنجامەكەی بووە سەقامگیربوونی نرخەكانی نەوت بۆ ماوەی نۆ مانگ، هەڕەشەكانی سەربازیشمان سەنگاییەكی بۆ سەرۆك دژی گەمارۆی نەوت دروستكرد . حەزمان لێی نەبوو ئەو دەستكەوتانەمان لە یانەی فرە دەوڵەتان بەم شێوە بپوكێنەوە، دەوڵەتە بەرهەمهێنەكان تێیدا لە هەڵوێستێكی بەهێزدا بن بتوانن دژایەتیی هەندێك لە دەوڵەتانی بەكاربەر دژی ئەمریكا بووروژێنن.

لە باتیی ئەمە بڕیارماندا پێشنیارەكەی دیستان وەكو هێزێك بۆ بەرژەوەندی خۆمان بەكار بێنین، ئەمەش لە ڕێگەی ڕەزامەندی دەربڕین لەسەری بەو مەرجەی لە كۆتایی كۆنگرەیەك بۆ بەكاربەر و بەرهەمهێن بێتە گرێدان و بە مەرجی: یەكەم لەسەر

بەرنامەی پراکتیکی- ڕواڵەتی هاوکاری لە نێوان بەکاربەرەکان ڕێککەون. لە کۆبوونەوەی هاوپەیمانی ناتۆ لە ١٢ی کانونی یەکەمی ١٩٧٤، بە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا (سوفانارگ)م ڕاگەیاند ئێمە ڕەزامەندی لەسەر هیچ دیدارێکی سەرەتایی نادەین لەگەڵ بەرهەمهێنەکان تا پلانی هەماهەنگی لە نێوان بەکاربەران نەچەسپێ.

فەرەنسا بۆیە ئەمەی بە بیانوی ئەوە پێشکەشکرد تا درێژە بە دەستپێشخەریەکەی بدرێ. تەنانەت ئەگەر بەشداریش لە نەخشە و پلان و بەرنامەکانی هاوکاری بەکاربەرەکانیشدا نەکا. بەڵام گرفتی بۆ دروست نەدەکرد. خۆی بەرنامەی بەشداریکردن لەگەڵ بەکاربەر لە حاڵەتی ئاوارتە، بۆ دەوڵەتە بەکاربەرەکان جگە لە فەرەنسا ڕێگە پێدراو بوو تا بەشداری لە نەوتی داکردە بکەن، لەسەری ڕێککەوتوون. ئیتر دەوڵەتە بەکاربەرەکان دەستیان بە جێبەجێکردنی بەرنامەی داکردنی وزە کرد.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەم پێکهاتە بخەینە سەر ستراتیژییەکەمان، کە بۆ وزە دامانتابوو: دامەزراوەیەک هاوکاری لە دووبارە بەکارهێنانەوەی دارایی داهاتی وزە بکات. نرخە بەرزبووەکان داهاتێکی باشیان بۆ دەوڵەتە بەرهەمهێنەکان دابین دەکرد، کە گوژمەیەکی زۆری دەکرد بە ٧٥ ملیار دۆلار خەملێندرا، ئەمەش دەوڵەتە پیشەسازییەکانی دەخستە مەترسی، چونکە کوتلەی دەوڵەتە بەرهەمهێنەکان، نیازی قەرزی بچووکیان هەبوو، بەڵام بانکەکان لە شێوەی قەرزی درێژخایەن دووبارەیان دەکردنەوە. بەو هۆیەوە دەوڵەتە بەرهەمهێنەکان لە ڕێگەی قەرزوەرگرتنەوە تواناکانیان بەرز دەبنەوە، ئەگەر بەرهەمهێنەکانیش سەرمایەکانیان بگواستبایەتەوە بانکەکان ئەوکات توانای دارایی زیاتریان دەبوو و دەبووە چەکێکی سیاسیی مەترسیدار.

بۆ ئەوەی لە گرنگی ئەوە بگەین کە ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین تا مەترسییەکان دووربخەینەوە، لە گوتارێکی سەرەکیمدا لە ماوەی ئەو دە ڕۆژەی نێوان گەشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست و لوتکەی فلادیفستوک لە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤ لە شیکاگۆ گوتم:

داهـاتی بەرهەمهێنەکـان دووبـارە لە دەوڵەتە پیشەسـازییەکان وەبەرهەم دێـتەوە. هیچ جێبەجێکارێکی دیکە نییە. بەڵام ئەمە نـاچێتە بـوودجەی دەوڵـەتە پێویسـتەکان کە کێشـــەی بوودجەیـــان هەیە. بـــۆیە زۆربەی دەوڵـەتەکـــان توانـــای پڕکـــردنەوەی کەمـــی بوودجەیـان نـابێ و هەموویـان ئەگەری مەترسـی ئەوەیـان لەسـەرە، ڕۆژێـک لە کتـوپڕ سەرمایەکانیان بکێشنەوە.

بەڵام ئەگەر ئەمە ڕوو بدا دەوڵەتە پیشەسازییەکان لەتوانایاندایە ئەم لاسـەنگییە ڕاسـتکەنەوە و مەترسـییەکان سـووکتر کەن، هەروەکـو بەرهەمهێنەکـان ئـازادن لەوەی شـوێنی دانـانی سـەرمایەکانیان دیـارکەن، بەهەمـان شـێوە دەبـێ بەکاربەرەکـانیش لەوە ئـازادبن لە دابەشـکردنی سـامانەکانیان بـۆ پێویسـتییە تایبەتییەکـان و دەوڵـەتە تـازە پێگەیشتووەکان.

لە ڕووێکی دیکەدا سەلمێندرا کە پەرەپێدانی ئەلتەرناتیفی وزە کارێکی قورسـە و تێچووی زۆری دەوێ. کە نزیکەی ٢٥ ملیـار دۆلاری پێویسـتە لە مـاوەی دە سـاڵ، بـۆیە دەکـرێ پـێگەی بەرهەمهێنەکـان لە ئاسـتێکی وادابـێ بتـوانن سـتراتیژیەکەمان تێکـدەن، ئەمیش لە ڕێگەی دابەزانـدنێکی تەکتیکیـی پەیتاپەیتـای نرخەکـانی نـەوتەوە. کە دواتـر سەرچاوە ئەلتەرناتیفەکان توانای ڕکابەریان نابی.

لە گوتارێکـــدا لەبەردەم یـــانەی ڕۆژنامەنووســـانی نیشـــتمانی لە ٣ی شـــوبات، پێشـــنیارم کـــرد بـــۆ بەرپەرچـــدانەوەی ئەو مەترســـیانە دوو دەســـتە لە نێـــو ئاژانســـی نێودەوڵـەتیی وزە دابمەزرێندرێ:

یەکێکیان/ بایەخ بە پەرەپێدانی وزەی پیشەسازی بدا.

دووەمیان/ بایەخ بە توێژینەوە و پەرەپێدانی وزە بە گشتیی بدا.

مەبستیش لەم دەستانە بەرگریکـردن لە شـێوازی دزیکـاری کە ئۆپیـک گرتـویتە بەر لە دابەزانـدنی نرخـی نـەوت بەمەبەسـتی زاڵ بـوون بەسـەر ڕکـابەرێتی، ئەمەش لە ڕێگەی سەپاندنی باجی هاوردە .

ئامانجمان ئەوەبوو: بەرهەمهێنەکان بخەینە بەردەم دوو بژاردە:

یـــا ڕازیبـــوون بە دابەزانـــدنێکی گەوهەری لە نرخـــی نـــەوت بەرانـــبەر بە سەقامگیریەکی درێژخایەن، یا ڕووبەڕووبوونەوە و تێکدانێکی دراماتیکی لە نرخەکـان بـۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی لەسەر بەرنـامەی ئەلتەرنـاتیفی وزە هەبـێ، هەرچەنـدی چـاوەڕوانی ئۆپیک درێژەی دەبوو ئەوەندەش تواناکانمان لەسەر سازش بەهێزتر دەبوون.

لە ٥ی شوبات ئەمریکا لێکدانەوەی بۆ دەستەواژەی (لانیکەمی نرخ) بۆ ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتیی کرد.

بەو هەموو توانا و داهێنانەی دەرکەوت، کە نەخشەی لانیکەمی نرخ تـاقە خـاڵە لە ستراتیژییەکەمان جێبەجێ نەکراوە. هیلموت شمیدت لە ڕامبۆلی لە تشـرینی دووەمـی ١٩٧٥ ڕاستی گـوت کە ئامـاژەی بەوەدا بیـردۆزەکە بـێ هەڵە و کەموکـوڕیە، بەڵام هـیچ پشـتگیرییەکی سیاسـیی نەبـوو، چـونکە بە دیـدێکی دوورخـایەن دەیڕوانـی . چـونکە دەسەڵاتدارە سیاسییەکان کە ئەم بڕیارە دەدەن لە کـاتی چنینـی بەرهەمەکـان بوونیـان نابێ. گرفتێکی دیـکە هەبـوو. دیموکراسـییە پیشەسـازییەکان ئەوەنـدە گەرم نەبـوون لە دابینکردنــی پارێزبەنــدی لەســەر ســەرچاوەکانی ئەلتەرنــاتیفی وزە، کە بەزۆری لە ژێـر دەســەڵاتی ئەمریکــادا دەبــێ. دواجــار ئاژانســی وزەی نێــودەوڵەتی بە دەســتەواژەی (لانیکەمــی نرخەکــان) ڕازی دەبــێ. بەڵام هــیچ یەک لە ئەنــدامان و کـۆنگرێس لەســەر دەرکردنــی یاســای جێبەجێکــردن ڕازی نەبــوون. دەرکــەوت ســوودە ســەرەکییەکەی ئەم بیرۆکە وەکو سیمبولی سووربوونی ئەمریکایە لەسەر پێداگریی لە ڕێکخستنەکانی نەوتی حاڵی حازر.

## هەماهەنگی بەکاربەران:
## کۆبوونەوە لەگەڵ دیستان لە مارتینیک

دیـدارە سـەرەتاییەکانی فـۆرد لەگەڵ ئـەڵمانیا و فەرەنسـا و بەریتانیـا لەسـەر چۆنێتیی بووژاندنەوەی ئابووریی و هەمـاهەنگە سیاسـییە ئـابووریی و دیموکراسـییەکانی پیشەسـازی بـوو، هەرچەنـدە ناونیشـانە سـەرەکییەکان خۆیـان بەسـەر خشـتەی کـاری پەیوەندیەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەپاندبوو.

لەسـەر تێـڕوانین و ئەزمـوونی چەنـد سـەدەی ڕابـردوو، کارنـامەی گوتـوبێژی کۆنگرەکانی لوتکە، سروشتی بۆچوونەکانی ئابووریی دەردەکەون. لە نێوان ساڵی ١٩٧٤ و ١٩٧٥ سەرۆک حکومەتەکانی ئەورووپی هانی فۆردیان دەدا هەنگاو دژی ئەو هەنگاوانە بنێ کە ماوەی بیست ساڵە پیادەی دەکەن، ئێستا ترسـیان لە زیـادبوون زیـاترە لەوەی لە کەمبوون.

شـمیدت یەکەم ڕاوێژکـاری ئـەڵمانیا بـوو لە بەیەکگەیشـتنی لەگەڵ سـەرۆکی ئەمریکا سووربوو لەسەر ئـابووری زیـاتر لەوەی ئاسـایش. زۆر بـایەخی بە ڕێگەگـرتن لە هەڵاوسان دەدا. مۆتەکە هەمیشەییەکەی ئـەڵمانیا لەوەتەی لە بیسـتەکان بەسـەر چینـی مامناوەندیەوە زاڵ بووە، ویستی دڵنیابێ لەوەی ئەمریکا هەوڵ دەدا بە تەنیا چارەسەری قەیرانەکە بکا، بەڵکو لەسەر ئەرکی هاوپەیمانانیبێ.

فۆرد لەوە گەیشت کە ئەو پێداگریە سـایکۆلۆژییە هەسـتیارە، تـوانیی لە ڕێـگەی تیمـی ئـابووریی فـۆردەوە لە کـاتی یەکەم سـەردانیی بـۆ واشـنتۆن لە ٥و٦ی کـانونی یەکەمی ١٩٧٤ شمیدت هێور و ڕازی بکا. شمیدت پێشوازیی لە تێبینییـەکانی دەربـارەی

ئابووریی جیهانی کرد، پێی وابوو چارەنووسی ئابووریی وڵاتە دیموکراسیەکان بەیەکەوە بەستراوەتەوە. جەختی لەسەر بووژانەوەی جیهانی دەکردەوە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستیان بە کورتهێنانی بوودجەی ئەمریکایە.

فۆرد لەسەر ناڕەزابوونی کورتهێنانی بوودجەی ئەمریکیی بۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕی، جەختی لەسەر هەماهەنگی دەوڵەتە بەکاربەرەکان دەکردەوە و گوتی:

ئامادە نییە بەشداری لە کۆنگرەی بەکاربەر/ بەرهەمهێنەکاندا بکات، کە دیستان پێشنیاری کردووە، تەنها لە حاڵەتی بوونی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ بەکاربەران نەبێ، لە حاڵەتی نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان دەوڵەتە بەکاربەرەکان کێشەی دیموکراسییە پیشەسازییەکان لەبەردەم بەرهەمهێنەکان دەتەقنەوە کە خۆیان هۆکاری دروست بوونیانە. شمیدت ڕازی بوو لە نزیکبوونەوەی فۆرد و ئامادەبوونی بۆ هاوکاری لە ڕازیکردنی دیستان. ڕێککەوتنە نافەرمییەکە ئەوەی دەرخست، شمیدت پێویستیی بە هاوکاریی فۆردە بۆ بووژاندنەوەی ئابووریی و چالاکییەکانی ئەڵمانی، ئەو پێویستیانە زۆر لە پێویستییەکانی پشتگیری فەرەنسای سیاسیی لە ئەورووپا زیاتربوون.

ئەو پەیوەندییە خۆشەی نێوان شمیدت و فۆرد بووە هۆی ئەوەی ئەگەری یەکتربینینی فۆرد و دیستان دوای یەک هەفتە لە مارتینیک ڕووبدا، ئەو کۆبوونەوە لە دۆخێکی نائاسایی تەوافقی ڕوویدا. هەرکە برگەی بووژانەوەی ئابووریی دەبێتە خاڵێکی سەرەکی، ئیتر فەرەنسا ئەو بیانویەی لەدەستدا کێشەی یاسایی و بیروکراسی بوروژێنی وەکو ئەو کێشانەی کە دەستپێشخەریی (ساڵی ئەورووپا)ی پێ تێکدا.

لە دیداری دوو قۆڵییدا لەگەڵ فۆرد دیستان بۆ یەکەمجار ڕایدەگەیەنێ کە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و فەرەنسا لە بواری وزە ناکرێ لەیەک جیا بکرێنەوە:

ناکرێ ڕێککەوتنێک ئەنجام بدەین بەبێ ڕەزامەندی و پشتگیری ئەمریکا. ئەگەر هەنگاوی لەوە زیاتر بنێین ، ئەوکات ناتوانین خۆمان لە ڕووبەڕووبوونەوە دوور بگرین.

گرنگ ئەوەیە ئێمە مەبەستمانە ڕێکەگوتنێک ئەنجام بدەین ئەگەر سەرینەگرت ئەوسا ڕوو لە ڕێگە چارەیەکی دیکە دەکەینەوە.

بە مانایەکیتر، ناکۆکیی سەر کۆنگرەی بەکاربەر/بەرهەمهێنەکان تەکتیکی بوو: ئایا بەر لە گفتوگۆ فشار بخرێتە سەر بەرهەمهێن. بۆ ئەوەی ببێتە پاساوی ڕووبەڕووبوونەوە یا باشترە یەکەمجار هەماهەنگی نێوان بەکاربەر پتەوبکرێ؟ لەم ڕووانگەیەوە لەگەڵ بەرهەمهێن بەرەو گفتوگۆ دەچین.

ئێمە پلان دانانێین تا بچینە کۆبوونەوە لەگەڵ بەرهەمهێنەکان لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوە، بەڵکو دەبی بەیەک هەڵوێست و بە خشتەیەکی تۆکمەی کارەکانەوە بچین. دەبێ خۆشی بە هەماهەنگی نێوان بەکاربەرەکان ببەین.

ئێمە بەر لەوەی لەگەڵ بەرهەمهێنەکان دانیشین پێویستیمان بە هەماهەنگی هەیە، ئەگینا هەندێک لە دۆستانمان جیا دەکەنەوە ئەوانەی هەڵوێستیان لاوازە. ئەمەش هەڵوێستی ئەمریکا و فەرەنسا لاواز دەکا و ناتوانن کێشەکان چارەسەر بکەن، پێویستیمان بە بەڵگەنامە نییە، بەڵکو بە پێدانی بیرۆکەیە تا هێز بداتەبەر بەکاربەر بۆ بەرووداوەستان لە بەرانبەر بەرهەمهێن کە زۆر باش ڕێکخراون. چۆن دەتوانن سکاڵا بکەن لە کاتێکدا خۆیان سێ مانگ جارێک کۆدەبنەوە؟

بەر لە کەمتر لە ساڵێک جۆرج پومبپیدۆ لە کۆنگرەی وزە لە واشنتۆن ڕەتیکردەوە بیرۆکەی دامەزراندنی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە پەسند بکا. دیستان کە پشتی بە پشتگیری دیگۆلیەکان بەستووە و هاوبەشیەتی لە حکومەت لە توانایدا نەبوو خۆی لەم مەترسییە بدا و ئەو بڕیارە ڕەتکاتەوە، بەڵام ڕەزامەندیی لەسەر ئەوەدا کە دژی هەوڵەکانی ئاژانس نەوەستێتەوە بۆ تەواوکردنی بەرنامەی دەستگرتن بە وزە داکراوەکەیان بۆ کاتی پێویست و ئاوارتە، پەیمانیدا بە هەوڵەکانی فەرەنسی هاگوتەریب پشتگیری لەم سیاسەتە بکات.

دیستان پەیمانەکەی خۆی گەیاندەجێ، لە ڕاستیشدا هەوڵەکانی فەرەنسا بۆ داکردنی نەوت لە ئاستی خۆی ڕەتیکرد، هەروەها دیستان ئاماژەی بەوەدا، کە پشتگیری

لە دامەزراندنی دەزگەیەکی دارایی ئاوارتە دەکات بۆ یارمەتیدانی خولاندنەوەی سامانی بەرهەمهێنەکان، کە لە رۆژئاوا دایانکردووە، دوا وادەی ئەم هەنگاوانە کۆتایی کانوونی دووەمی ١٩٧٥ دیاریکرا.

هەماهەنگی بەکاربەران بووە راستی، هەردوولا ئەم دەستکەوتەیان بردەوە بەو هۆیەوە هاوکاریەکانیان بەردەوام دەبن، دیستان گفتی پابەندبوونی لە ئەمریکا وەرگرت بۆ جێبەجێکردنی پێشنیارەکانی کە ئەنجامدانی گفتوگۆی نێوان بەرهەمهێن و بەکاربەر بوو. فۆرد هاوکاری فەرەنسای بە دەستهێنا بەرلەوەی سێ کلیلە ستراتیژییەکەی ئەمریکا دەست پێبکا کە بریتیی بوون لە:

١/ پاراستنی داکراوی یەدەگی.

٢/ بەشداریکردن لە حاڵەتی ئاوارتە.

٣/ هەماهەنگی و رێکخستنی دارایی.

بەڵکو گرنگترین بڕیارەکانی کۆبوونەوەی مارتینیک دامەزراندنی گروپی نافەرمی بێ لە راوێژکاری باوەڕپێکراو و دیموکراسییە پیشەسازییەکان. رێنمایی پێویستیش بۆ سەرۆکی حکومەتەکانیان دەرکران تا کۆبوونەوەی دەوری ئەنجام بدەن، بۆ دانانی نەخشەی سیاسەتەکانی هاوبەشی تایبەت بە قەیرانی نەوت و بووژانەوەی ئابووری.

جارێکی دیکە بانگێشتی جورج شولتزمان کرد کە هاوڵاتییەکی ئاسایی بوو ئەوکات، بەر لەوەی ببێتە وەزیرێکی دیاری دەرەوە: شمیدت (ولفرید گوث)ی سەرۆکی بانکی (دوچ بانک) دەستنیشان دەکات، دیستانیش (ریمون بار) کە دواتر دەبێتە سەرۆک وەزیران، ولسونی بانکیی ناسراو بە (ئیریک رۆڵ)، نوێنەری ژاپۆنیش (نوبووهیکو ئوشیبا) باڵوێزە خانەنشینەکەی واشنتۆنی نارد.

گروپە نافەرمییەکە کە بە درێژایی ماوەی سەرۆکایەتیی فۆرد یەکتری دەبینن ئاسانکاریان بۆ گفتوگۆی دیموکراسییە پیشەسازییە سەرەکییەکان کرد، ئەوان لە رێکارە بیروکراسییەکان و فشاری سەرۆکەکانیان دووربوون، پەیوەندیی راستەوخۆشیان لەگەڵ

سەرۆکی حکومەتەکانیان هەبوو، یەکەم بەرهەمی کارەکانیان دوای ساڵێک، ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئابووریی ساڵانەی لوتکەیی بوو بۆ دیموکراسییە پیشەسازییەکان.

لە ڕێگەی گەڕانەوەمان لە مارتینیکەوە فۆرد نامەیەک بۆ شمیدت دەنێرێ، منیش پەیوەندیم بە جیمس کالاهانەوە کرد. هەردووکمان ئەنجامی کارەکان و ڕێککەوتنەکانمان پێیان ڕاگەیاند لەگەڵ ئاماژەدان بە پێویستی بەرنامەی جێبەجێکردن بۆ بەکاربەران بەر لەوەی بچنە سەر قۆناغی گفتوگۆ لەگەڵ بەرهەمهێنەکان. کالاهان گوتی: ڕێنمای تایبەتی بۆ نوێنەری بەریتانیا دەردەکەم، بۆ ئەوەی سەرۆکایەتیی گروپی سەرپەرشتیی پەیوەندییەکانی نێوان بەرهەمهێن و بەکاربەر دەکات لە نێو ئاژانسی وزەی نیودەوڵەتی، تا بەدواداچوون لەسەرم ئەم کارە بکات. شمیدت ستایشی پلانی دامەزراندنی گروپی ڕاوێژکارە باوەڕپێکراوەکانی ناحکومیی دەکات.

لە نێو ئەو هەموو کێشە و پرسە ئاڵۆزانەی ئەوکات کە سەرقاڵی دانوستانەکانی سنوردارکردنی چەک و یاسای جاکسۆن-فانیک و کێشەی قوبرس و لێکۆڵینەوەکانی ئاژانسی هەواڵگری و گەشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستمدا، لە کۆتایی ١٩٧٤ نوێنەرایەتیی ئیدارەی فۆردم کرد، بۆ بەرنامەی نەخشەسازی سیاسەتی جیهانی وزە بوو.

هاوکاری و هەماهەنگی نێوان بەرهەمهێن و بەکاربەر بووە بەشێک لە نەخشە و پلان و دەستپێشخەرییەکانی نوێی کە لەسەری ڕێککەوتبووین.

لە ١٣ی کانونی دووەم فۆرد دەقە لۆکاڵییەکەی پێشکەشکرد، کە ڕەنگدانەوەی هەوڵە نێودەوڵەتیەکانمان بوو. تێیدا جەختی لەسەر بەرنامەی پاراستنی یەدەگی داکراوی دەکرد. کە لە کۆتاییدا بە سەرکەوتووترین بەرنامە دەرچوو لە سیاسەتەکانی جیهانیمان لەسەر وزە. لە ترسی ئەوەی بەرهەمهێنە خۆجێیەکان دەستکەوت و سودی خۆجێیی مەزندە نەکراو بە دەستبێنن، کۆنگرێس سیستەمی نرخەکانی لە هەردوو ئاست هێشتەوە. لە ڕاستیدا پشتگیریی لە نەوتی بەکاربەری هاوردەکرد لەگەڵ دروستکردنی گرفت لەبەردەم پەرەپێدانی هاوردەی خۆجێیی نوێ.

لەم کاتە دڵنیابووین لە یەکبوون و هەماهەنگی نێوان بەکاربەران بە شێوەیەک بەرهەمهێنەکان دڵنیا بکاتەوە کە لە کاتی بەسەردا سەپاندنی گەمارۆی نەوت ناچارنابن بیر لە بەکارهێنانی هێز بکەنەوە. من ناڵێم هیچ دۆخێک نایەتە پێش ناچاربین هێز بەکار بێنین، بەڵام بەکارهێنانی لە حاڵەتی ناکۆکی لەسەر نرخ و خنکاندنی دونیا بەم هۆیەوە، ئەمە شتێکی دیکەیە.

هەڕەشەی داپۆشراو بە شێوازی ڕەتکردنەوەش هانی هاوپەیمان و وڵاتانی بێلایەنیدا داوای ڕوونکردنەوە بکەن. بەڵام ئێمە پێداگریمان لە هەڵوێستەکانماندا کرد. لە ٥ی کانونی دووەمی ١٩٧٥، گوتەبێژی فەرمیی سەرۆکایەتی (ڕوون نیسین) لە میانی وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنوساندا بە وردی دەریخست کە هەندێک لە بەرپرسانی کۆشکی سپی کە ناوی نەهێنان، زمانی گوتارییم ئەوانی بێزار کردووە. پێداگریی لەوەدا کرد کە تێبینییەکانم ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی سەرۆکن، منیش لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ بیل مویرز لە ١٥ی کانوونی دووەم ئەوەم دووپات کردەوە:

من بە گریمانە قسەم لەسەر حاڵەتێکی توندڕەوی دەکرد، کە دواتر دەوڵەتان بەهۆیەوە بێزارمان دەکەن، پێموابوو کە نابێ ئەمریکا ڕێگە بدا تووشی ئەو خنکانە ببێ، بەڵام هەستم نەدەکرد کێ بەم هەوڵە هەڵدەستێ.

تەنانەت ئەو دەوڵەتانەی ڕەخنەشیان لە ئێمە دەگرت سوودیان لە گوتارەکەمان کرد من ئەمەم لە لوتکەی ڕامبۆلی گوت لە تشرینی دووەمی ١٩٧٥:

دوای کاردانەوە توندەکەی دۆستانمان، دەوڵەتە بەرهەمهێنەکان هاتنە لامان نمایشی هاوکاریەکانیان دەکرد بۆ ئەوەی لە کاری سەربازی دوورکەوینەوە. بەهۆی دەوڵەتە میانڕەوەکانی ئۆپیکەوە نرخی نەوت پارێزرا، کە لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە ئەمریکا پشتیان پێ دەبەستێ. ئەگەر دۆستەکانمان لێمان جیا نەبووبانەوە بەڵکو بمانتوانیایە گەلێک شت بکەین، پێشبینی هاوارێکی بەرزمان لە بەرهەمهێنەکان دەکرد، بەڵام ئەگەر دۆستەکانمان دەستبەردارمان نەبونایە توانای ڕووبەڕووبوونەوەمان هەبوو.

بە درێژایی ماوەی مابووەوە لە حوکمڕانی فۆرد بەرهەمهێنەکان هەڕەشەی گەمارۆی نەوتیان دووبارە نەکردەوە.

## ئاڵوگۆڕی نەوتی جودایی

ڕێکارە هەرەوەزیەکانی دەوڵەتانی بەکاربەر گرتبوویانەبەر، بەرهەمهێنەکانی ناچارکرد بڕێکی زۆر لە نەوتی بەرهەمهێنراو لای خۆیان گل دەنەوە، بۆ ئەوەی نرخی نەوت بە بەرزی بمێنێتەوە. دڵنیابووین کە یەکێکیان زوو یا درەنگ ڕیزەکە شەق دەکا.

یەکەم هەژان لە هاوینی ١٩٧٥ بەر(ئۆپیک) کەوت کاتێک شا بە نهێنی نەوتی بە نرخێکی نزم لە دەرەوەی پشکی دیاریکراوی بە ئێمە فرۆشت. ئەو نەوتە دەخرایە سەر بڕی یەدەگی ستراتیژی پارەکەشی بە فاتورە دەدرا. مامەڵەکە ئەنجام نەدرا، چونکە سایمۆن لە ڕازیبوونی شا دوودڵ بوو. ئەو شای بە بەرپرس لە قەیرانی نەوت دەزانی، دواتر چونکە کۆمپانیا مەزنەکانی نەوت کە دژی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بوون هاوکاریان نەکرد، ئەو نمایشەی شامان بە هەشیارکردنەوە دەزانی: پرەنسیپەکانی ئۆپیک سەریان هەڵدا، ئەگەر شا لە ١٩٧٩، نەڕووخابا کەم بوونەوەیەکی دیکەش ڕووی دەدا، دواتر مەترسیی بە شێوەیەکی دیکە بڵاوبوونەوە .

هانی هەندێک لە دەوڵەتانی دەرەوەی نەوتماندا بەڵکو تامەزرۆیان بکەین بۆ ئەوەی نەوت بنێرنە بازاڕەکان، لە ١٩٧٥ کە یەکێتیی سۆڤیەت ڕووبەڕووی کەمی خۆراک دەبێتەوە ئەوسا ئێمە هەست بەو دەرفەتە دەکەین، نمایشی فرۆشتنی ١٥ ملیۆن تەن دانەوێڵەمان کرد، بەڵام بە مەرجی ئاڵوگۆڕی لەگەڵ نەوتی سۆڤیەتی، فۆرد ئەم پرسەی لەگەڵ بریژنیڤ لە هلسنکی لە ١٩٧٥ وروژاند ، سەرۆکی سۆڤیەتی لە ڕووی پێشەکییەوە ڕەزامەندیی دا، لە پێناو دوور کەوتنەوە لە تۆمەتی نواندنی نیانی لەگەڵ

یەکێتیی سۆڤیەت، کە نەوتمان لێی کڕیوە، وا بڵاوکرایەوە کە بە نرخێکی هەرزان نەوت لە یەکێتی سۆڤیەت کڕاوە، ئەوکات بریژنێڤ مامەڵەکەی ڕاگرت.

دەرکەوت ئەمەش حاڵەتێکی دیکەی نوێیە لە ڕێگرییەکانی دەستکەوتی سیاسیی و ئابووری، بەهۆی جەدەلی مشتومڕی ناوەخۆوە. سوودی ئەمریکا لە کڕینی نەوتی سۆڤیەتی بێکارکردنی گەمارۆی ئۆپیک بوو، چونکە زیادبوونی نەوت لە بازاڕەکان بەرهەمهێنەکان ناچار دەکا نرخی نەوت دابەزێنن، دواتر فشاری ناوەخۆشیان لەسەر زیاد دەبێ.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥ دوای ئەوەی هەماهەنگی و یەکڕیزی لە نێوان وڵاتانی بەکاربەر دێتەکا، ڕەزامەندیمان لەسەر بەستنی کۆنگرەی بەرهەمهێن/بەکاربەرەکان دا، کە لە ٧ی نیسان لە پاریس دەستیان بە کارەکان کرد. لەسەر ئاستی جێگری وەزیرەکانبێ، لە لایەن ئەمریکاوە یاریدەدەری وەزارەتی دەرەوە (چارلز ڕووبنسون) نوێنەرایەتیی دەکرد. بەڵام بەهۆی ناکۆکیی لەسەر خشتەی کار کۆنگرە بە بەربەست گەیشت، بەرهەمهێنەکان سووربوون لەسەر گفتوگۆکردن لەسەر کەرەستەی خاو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ شێوازی باڵ باڵێنی ناو ئۆپیک دەبێ لەسەر کاڵاکان جێبەجێ بکرێ، ئێمە زۆر بەتوندی دژی ئەو بۆچوونە بووینەوە، بەو هۆیەوە کارەکان دوادەکەون، ئەمەش مەبەستی ئێمە بوو، کارمان بۆ ئەوە دەکرد ناچاربین مامەڵە لەگەڵ باڵی مەزنی دەست ڕۆیشتوو بکەین، کە بەرهەمهێنی سەرجەم کەرەستەکانی خاوی لەگەڵدا بوو. ڕێگەی داخراوی کۆنگرە ستراتیژییەتیی ئێمەی سەلماند، کە گۆشەگیرکردنی ئۆپیک بوو، چونکە دیموکراسییەکانی پیشەسازی لەگەڵ دەوڵەتە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنی کەرەستەی خاو، هەردووکیان پێشنیارەکانی خشتەی کاریان ڕەتکردبووەوە.

# لوتکەی ڕامبۆلی

سەرەتا ئەو بژاردە باڵی بەسەر لیژنەدا کێشابوو، ئاخۆ باشتر وایە مامەڵە لەگەڵ باڵی دەوڵەتانی نەوت لە ڕێگەی گفتوگۆوە بکرێ یا لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوە. ئەمە بووە پڕۆژەیەکی بەکۆمەڵ بۆ نەخشەسازی دواڕۆژی ئابووریی هاوبەشی دیموکراسییە پیشەسازییەکان. گروپی ڕاوێژکارە نافەرمییەکانی دیستان پێشنیاری کردبوو فۆرد لە مارتینیک بڕیاری لەسەردابوو کاری باشیان کردبوو. ئەمە هانی دیستانی دا لە یەکی ئاب پێشنیار بکات سەرۆکی حکومەتەکان هەمان کۆبوونەوە ئەنجام بدەن بە بەشداری چەند کەسێک لەو ڕاوێژکارانە.

لە نێو حکومەتەکەماندا هەندێک کەس وایان لێکدەدایەوە ئەو بینە و بەردەی حکومەتی ئەڵمانی و فەرەنسی دەیکەن، بۆ ئەوەیە ئەمریکا لە سستی بووژانەوەی ئابووریی بەرپرسیار بکەن. وەزارەتی گەنجینە ترسی لەوەبوو ڤالیری جیسکار دیستان لوتکە بۆ ڕازیکردنی فۆرد بەکاربێنێ لە گەڕانەوە بۆ سیستەمی نرخی خەرجی کە لە ساڵی ١٩٧١ دەستبەرداری ببوون.

فۆرد بە بیانوی دەستگرتن بە نەخشەی چارەنووسسازی هاوبەشی دیموکراسییە پیشەسازییەکانەوە ئەو پێشنیارەی ڕەتکردەوە. لە سەرەتای ئەیلول من و فۆرد و جورج شولتز بۆ دانانی ئەجندا کۆبووینەوە.

سەرەتا شولتز لەگەڵ هەریەک لە شمیدت و دیستان و ولسون بە جودا کۆبووەوە، لەم کۆبوونەوانە کۆمەڵێک کار و ڕەنگدانەوەی لێ وەدەرکەوتن لەوانە کاری هاوبەشی نێوان شولتز و ڕیمون بار و کارل ئوتوبولی ڕاوێژکارە نزیکەکەی شمیدت و سیر جون هنت ئەمینداری گشتیی حکومەتی بەریتانیا.

دەرکوت ئەو ناکۆکییە لەسەر نەخشەی کار نەبوو کە بە زوویی ڕەزامەندیی لەسەردرا، بەڵکو لەسەر بانگێشتەکانی کۆنگرە بوو، شمیدت و دیستان پێیان باش بوو،

تەنها پێنج دەوڵەتەکەی لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوە و دارایی لە وسنتۆن لە مانگی ئەیلول بەشداربوون ئەوان ئامادە بن ( ئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، ژاپۆن) بەڵام فۆرد بە پشتگیری ولسون لەوە ناڕازی بوو، پێشنیاری کرد ئیتاڵیا و کەنەداش بەشداربن، دواجار دیستان ڕازی دەبێ، چونکە ئەو وەکو خانەخوێ بەپێی پرۆتۆکۆڵی دبلۆماسیی مافی ئەوەی هەبوو بە فەرمی داوەتنامەیان بۆ بکا.

بەڵام لەسەر کەنەدا دیستان بە توندی دژی بوو، بیانوی بۆ ئەو ناڕەزایەتییە بەشداری پێنەکردنی دەوڵەتانی ئەوروپای قەوارە ناوەنجی بوو، وەکو بەنەلۆکس (هۆڵەندا، بەلژیک، لۆکسەمبوورگ) دیارە فەرەنسا وەکو زمانحاڵی ئەوروپا مافی خۆی بوو لەو ناڕەزایەتییە، لەم هەڵوێستەی دیستان فۆرد تورە دەبێ، چونکە پێی وایە دیستان ئەو جیاوازیە تەقەنییە لەبەرچاو ناگرێ و دواتر چونکە کەنەدا دۆستی ئێمەیە. سەرەتا بیری لە بەشداری نەکردن لەو کۆنگرە دەکردەوە، بەڵام دواجار بە ساردی مامەڵەکردن لەگەڵ دیستان بڕیاری بەشداریکردنی دا، ئەم هەڕەشە هەر لە نیو کاتژمێری سەرەتای دیدارییان بە بانگێشتی کەنەدا بۆ کۆنگرە بوونی نامێنێ.

هەرچەندە ئەو لوتکە بە لوتکەی هێزە ئابوورییە سەرەکییەکان ناونرابوو بۆ دەستاودەستکردنی ناڕەزاییەکانی ئەو دەوڵەتانەی بانگێشت نەکرابوون، بەڵام ئەو کۆنگرە جۆرێک لە ئیدارەی بۆ سیاسەتی دیموکراسییەکانی پیشەسازی فەراهەمکرد، لە گوتارێکمدا بەر لە بەستنی کۆنگرە لە ١١ی تشرینی دووەم. دووپاتم کردەوە کە یەکێتی دیموکراسییەکان (نەک کرانەوە لە پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت) جغزی بایەخی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆک فۆردە:

ئەرکە گرنگ و ڕاستەوخۆکەی کۆنگرە چارەسەری پرسە ئابوورییەکانە، بەڵام وردتر بڵێین بایەخدان و خۆشترکردنی هاوکاریەکانی نێوان دەوڵەتە هاوپەیمانەکانە لە هەموو بوارەکان و لە ساتە هەستیار و ناسکەکاندا. لوتکە ناتوانێ هەموو کێشەکانی ئابووریی چارەسەرکا، بەڵام دەتوانێ نەخشەی ئامانجە سیاسییە هاوبەشەکان و ئاڕاستەی کاری هاوبەش دارێژێ.

بیانوی ئەوەم دایە دەست، کە مەترسییە مەزنەکان ئابووریی نین، بەڵکو نەمانی متمانەی خەڵکە بە دواڕۆژی کۆمەڵگەکەیان، لە ئەنجامی بڕوانەبوون بە ئامرازەکانی دیموکراسی. ئامانجی لوتکە ئەوەیە ئەو متمانە لە دڵی هاوڵاتیان دروستکاتەوە، کە ئێوە جڵەوی چارەنووستان بەدەستەوەیە و لە ژێر هەژموونی هێزێکی نەبینراوی دەرەکیدا نییە.

ڕامبۆلی بریتییە لە قەڵایەکی بچووک. لەوێ بەیەک گەیشتین، لە ماوەی چوار ڕۆژدا (١٥ تا ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥) لە ژوورە تەنگ و تەسکەکاندا کە تەنها سەرۆکی حکومەتەکان لەسەر مێزە چوارگۆشەکان دادەنیشتن لەگەڵ یەک ڕاوێژکار بۆ هەر سەرۆکێک لە دواوە دادەنیشتن، من و بیل سایمون لە تەنیشت سەرۆک دانیشتین ڕۆبەر هۆرماتس لە دواوەمان بوو، لە کاتی پێویستیش یاریدەدەرانی سەرۆک ئامادە دەبوون.

ژمارەی ئامادەبووان لە هۆڵەکە لە بیست کەسی ڕەت نەدەکرد. بەو ئەگەرەوە گفتوگۆکانی نێوان سەرۆک حکومەتەکان تایبەتی و کەسی بوون، چونکە دەقەکان ڕانەگەیەندرابوون بۆیە دەتوانرا ڕاستەوخۆ بەشداری لە گفتوگاکاندا بکەیت، دوای چەند ساڵێک بەهۆی بە سیستەماتیککردنی کۆبوونەوەکان و جەختکردنەوە لەسەر ئەولەویاتی کارپێکراوی پەیوەندییەکانی گشتییەوە ئەم سیستەمانە دەگۆڕدرێن.

ئەجندای ڕامبۆلی خۆی لە چوار تەوەر دەبینییەوە:

١/ دۆخی ئابووریی جیهانی.

٢/ بازرگانی.

٣/ پرسەکانی کاش.

٤/ وزە.

شمیدت پرسی ئابووریی جیهانیی گرتە دەست. تاکیو میکی سەرۆک وەزیرانی ژاپۆنیش پرسی بازرگانی، دیستانیش کاروباری دارایی، فۆردیش وزە. لەمیانی

باسکردنی پرسی (ساڵی ئەوروپا) کە لە بەینبرابوو، پێشنیارمان کرد کۆبوونەوەیەکی ڕێکوپێکی وەزیرانی ئابووریی و دارایی ببەسترێ. فەرەنسا ئەمەی بە بیانوی ئەوەی لە دەرەوەی پرسەکانی ئەتڵەسە، ڕەتکردەوە. بەڵام کاتێک فۆرد ڕوونیکردەوە کە هاوکاریی نێوان کۆمەڵگە دیموکراسییەکان کارێکی گرنگە، وەڵامەکەی لە دیستان سەندەوە، گرنگ ئەوەیە هەمووولایەک بزانێ ئەگەر بووژانەوە ئەنجام نەدرێ بەیەکەوە بە قارەمانی ڕووبەڕووی ئەم پرسە دەبینەوە. ئەو نامەی ڕامبۆلی ئاڕاستەی جیهانی دەکا گەلێک گرنگە.

ئەو کاتەی فۆرد ڕاپۆرتی خۆی لەسەر وزە پێشکەشکرد، من ستراتیژییەتیی نێودەوڵەتییم باس لێوە کرد. لەم میانە لێدوان و تێبینیی سەرکردەکانی ئاماژە پێدا لەسەر ئەو ئاستەی پێی گەیشتووین، شمیدت باسی لە هاوپەیمانی ناپیرۆز کرد لە نێوان ئۆپیک و دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکانی دیکە. ستایشی هەوڵەکانی ئێمەی کرد لە توندکردنی پەیوەندییەکان. دوای ئەوە ولسون درێژەی دایێ و گوتی: دەرفەتێکمان بۆ خۆمان ڕەخساند تا هەناسەیەکی تێدا بدەین.

تاقە هاوکاریی ئارەزوومەندانە سەرۆکی وەزیرانی ژاپۆن بەرجەستەی کرد. جگە لە بەیاننامەی کردنەوە لەسەر بازرگانی بوو ئەوانی دیکە هەمووی لەسەر کێشەکانی ژاپۆنی نیشتمانی بوون لە باتیی ئەوەی لەسەر سیستەمی ئابووریی جیهانیی بێ. میکی خەو هاتنی پێوە دیار بوو، ئەمە شێوازێکی بە ڕەوشتانەی ژاپۆنییە بۆ خۆدوورخستنەوە لەو گوتارانەی تێبینیان لەسەری هەیە. ئەمە سایمۆنی ناچارکرد هەڵوێستێکی بێڕێزانەی بەرانبەر بنوێنی.

ئەم ڕەفتارەی میکی سەرچاوەیان لە کولتوورێکی سیاسییەوە گرتوە، لە ژاپۆن بڕیارەکان ڕەنگدانەوەی کۆبوونەوەکانن، نەک لە ئیرادەی تاک هەڵقولابن، هەروەکو ڕۆژئاوا. بۆیە سەرۆک وەزیرانی ژاپۆن ناتوانێ بچێتە ناواخنی گفتوگۆکان، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە خاوەنی دەسەڵاتێکە بتوانی بۆچوونەکانی بگونجێنێ یان هەمواری بکا لەگەڵ گوتوبێژەکە، ئەو ڕێگە پێدراوە هەڵوێستەکانی ژاپۆن بۆ بەرانبەری ڕوونبکاتەوە،

نەک بەشێوەیەک هەمواری بکا لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەوانی تردا بێنەوە، بێ ڕەزامەندی یاوەرانی.

دووەم: سەرکردەکانی هاوتەمەنی میکی پسپۆڕیان لە پێش جەنگی دووەمی جیهانی بەرجەستە بووە، بۆ ئەوان کارێکی ئاستەمە بتوانن خۆیان لەگەڵ دەستەواژەکانی سیستەمی جیهانی یان ڕێکخستنی نێودەوڵەتی بگونجێنن. کۆمەڵگەکەیان لەسەر ژیانی هەژاری لە دوورگەیەکی کەم دەرامەت ڕاهاتبوون، ژاپۆن لەسەر ئەو دۆخە خۆی گونجاندبوو تا ئەو کاتەی تەکنەلۆژیا بنیاد دەنێ، ژاپۆن بۆ پاراستنی سیما و تایبەتمەندێتییە تاک وێنەی خۆی هاتە نێو سیستەمی بازرگانیی نێودەوڵەتی. نەک بۆ ئەوەی لە نێو دەریای کولتووری گلۆبالیزم یا ئابووریی جیهانیدا بتوێتەوە. وێڕای پڕپەوشتی شاندی ژاپۆنی لە کاتی بەدواداچوون لە سەر بەرژەوەندییەکانی نیشتمانی ژاپۆنی، شاندەکە خۆشحاڵیی پێوە دیاربوو، ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە میکی لە پێشنیارەکانی خۆش بووە یا واژۆ لەسەر بەیاننامەی کۆتایی دەکا، بەڵام ڕەفتارەکانی ئاماژەن بۆ پێدانی پاساوی پێویستییەکانی وڵاتەکەی بۆ گەیشتن بە جۆرێک لە کۆدەنگی جیهانی، ئەمە ناخۆشترین شتە لەسەر سەرۆک وەزیران بگوترێ.

دەستەی ڕۆژنامەنووسانی تووڕە کە یاوەری سەرۆک بوون بۆ ڕامبۆلیە ڕاپۆرتێکی هەمان شێوەیان پڕ لە گومان دەرکرد، کە بەر لە سێ مانگ لە هلسنکی دەرکرابوو. هەروەکو باسیان دەکرد شتێکی ئاوەهای ئەنجام نەدابوو لەو ئامانجانەی بەر لە کۆنگرە ڕایانگەیاندبوو، بە نموونە؛ ئەو بەرهەم و دەرەنجامانەی لە دیدارە ڕێک و پێکەکانی وەزیرانی بەرپرس لە کاروباری ئابووریی وەدەستهێنابوو.

بەڵام هەروەکو دۆخی هلسنکی لە پێکانی ئامانجەکان بە هەڵە ڕۆیشت، وەکو ئەوەی لوتکەی هلسنکی خاڵی وەرچەرخانی پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بووبێ.

دوای ئەوە لوتکـەی ڕامبـۆلی سـەردەمێکی نـوێ دێنێـتە کایـەوە، بـۆ هاوکـاری ئابووریی و سیاسیی، کە دەبنە دەزگەی چەسپیوی ستونی بۆ دەوڵەتە دیموکراتەکان.

قەیرانی نەوت لە گەرمەی شەڕی سارد بە کتوپڕی بە ڕووی جیهاندا دەتەقێـتەوە، لەم ڕووداوە یەکێتی سۆڤیەت هۆکارەکەی نەبوو، دوژمنی ئێمەش نەبـوو لەوکـات تـا لەو پێگەیەدابێ کاری بکەیـنە سـەر. دەرکـەوتنی لە هەمـوو بوارەکـان بەدی دەکـرا جـگە لە بواری سەربازی نەبێ، زاڵبوون بەسەر قەیرانـی نـەوت واتە سـەرکەوتنی ڕۆژئـاوا بەسـەر شەڕی سارد دەگەیەنی بیرکردنەوەکان بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو دوو حاڵەتە بریتیی بوون: هەندێکیان پێیان وابوو بەرگرییکـردن بێسـوود و مەترسـیدارە، هەنـدێکیش پێیـان وابـوو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانە لە ڕێگەی بەرگرییەکی بەکۆمەڵی یەک هەنگـاو پێویسـتە. لە سەرەتای شەڕی سارد دۆخەکان گونجاو نەبوون بۆ کردەیەکی لەمە دراماتیکی تر بـۆ لەخۆگرتنی دۆخەکە:

یەکەم/ لە ڕێـگەی سیاسـەتی دەرکردنـی جەسـتەی کوشـندەی مەترسـییەکانی دوژمن، دوای ئەوە بواردان بە هێزە بنەڕەتییەکان بـۆ لەبـاربردنی، کـاتێکیش ئەمە دێتە ئەنجام ئیتر دیموکراسییەکانی پیشەسـازی لە دۆخێکـدا دەبـن بۆیـان دەلـوێ ئاڕاسـتەی کارەکان بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانیان وەرچەرخێنن، بەمەرجێک ئامادەبن بـۆ نوانـدنی چالاکی. من لە بەردەم یانەی ئابووریی لە ٢٤ی تشرینی دووەم ڕەزامەنـدیم لەسـەر ئەمە دەربڕی:

ئەمە لەبیر نـاکەین گرنگتـرین پەیوەنـدیەکانمان لەگەڵ ئەو لایەنـانەن، کە بـڕوا و بەرژەوەندییەکان و شێوازی ژیانمان کۆمان دەکاتەوە.

ئێمە بە هەمـوو توانایەکمـانەوە پشـتگیری لە بڕیارەکـانی ڕامبـۆلیە دەکەیـن، کە سەرۆک فۆرد و سەرکردەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و ژاپۆن و ئەڵمانیا وازۆیان لەسـەر کـردووە، بەیەکەوە گەیشـتینە ئەنجـامی هـاوبەش و بەرپرسـیارێتیی هـاوبەش، هەریەکەمان بەرپرسی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتە لە حکومەتەکەی، دڵسۆزی ئازادییەکـانی

تاک و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵایەتین کە سەرکەوتنەکانمان پتەو دەکەن، لە ڕاستیشدا ئەمە سەرکەوتنێکی گەوهەریی کۆمەڵگەی دیموکراسییە لەهەر شوێنیک بێ.

## دیالۆگی بەکاربەران / بەرهەمهێنەران

لەگەڵ سەرکەوتنی لوتکەی ڕامبۆلی یەکریزی دەوڵەتە دیموکراتەکان پتەگوتر دەبی ئیتر ئامادە دەبین بۆ بەستنی کۆنگرەی بەکاربەران / بەرهەمهێنەران کە دیستان بیری لێدەکردەوە، کاتێک لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٥ کۆنگرە لە پاریس دەبەسترێ بەشێک لە ستراتیژیەکانمان دێتە دی کە بریتی دەبێ لە جیاکردنەوەی دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکانی بێ نەوت لە دەوڵەتانی ناو ئۆپیک، ئەم شانۆگەریەمان لە ڕێگەی چەند دەستپێشخەریەک ئەنجامدا، بۆ ڕەخساندنی دەرفەت لەبەردەم دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان تا چارەنووسیان لەگەڵ دیموکراسیە پیشەسازیەکان ببەستنەوە لەجیات ئەوەی لەگەڵ ئۆپیک ببەستنەوە.

دەستپێک بەو گفتە دەستپێکرا، کە فۆرد لە پایزی ١٩٧٤، لەبەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان دابووی بۆ هاوکاری خۆراکی، فۆرد هێڵێکی جیاکەرەوەی کێشا لە نێوان مامەڵەی دەرکردەی خۆراک کە ئێمە بەسەریاندا زاڵین لە مامەڵەی ئۆپیک لە پێگەی دەستبەسەرداگرتنی نەوت، لە گوتارێکی تریشیدا پێشنیاری بەستنی کۆنگرەی خۆراکی جیهانیی دەکا، بۆ بەرجەستەکردنی بڕواکانی فۆرد لە بواری جێبەجێکردن، ئیتر هەر دوای ئەوە سەرۆک مەرج و کۆتوبەندەکانی لۆکاڵی لەسەر بەرهەمەکانی خۆراک هەڵدەگرێ.

کۆنگرەی خۆراکی جیهانی لە ڕۆما لە تشرینی دووەمی ١٩٧٤، دەبەسترێ، هەرچەندە ئەم جۆرە کۆنگرانە وەزیرەکان ئامادەی نابن، بەڵام من گەشتەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستم بڕی تا گوتارێکی تێدا بدەم و پێشنیارێک بە پێنج خاڵ پێشکەش بە کۆنگرە

بکەم، پێشنیارەکانم بوونە مایەی بەرزکردنی ئاستی دەرکردەی خۆراکە زیادەکەی دەوڵەتان لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی خۆراک لە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان لە ڕێگەی هاوکاریەکانی ئەمریکا لەگەڵ دۆزینەوەی ڕێگەی باشتر بۆ پاراستنی خۆراک لە حاڵەتەکانی ئاوارتە.

بڕگەی دووەم لە خشتەی کارەکانمان بریتیی بوو لە هاوکاریکردنی دەوڵەتانی کەم پێشکەوتوو لە مامەڵەی بێزارکەری ئۆپیک، بۆ ئەم مەبەستە پێشنیاری دامەزراندنی (خزمەتگوزاری نەوتی تایبەتی)مان کرد لە نێو سندوقی کاشی نێودەوڵەتی، لە پێناو هاوکاریکردنی دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان کە بڕگەی ئەو زیادەیە ناگرن کە ( خزمەتی تایبەتی) داینــاوە. لە ١٤ی تشرینی دووەم پێشنیاری دامەزراندنی (خزمەتگوزاری تایبەتی)ی دووەمم کرد.

دواجار لە یەکی ئەیلولی ١٩٧٥ سەرجەم نەخشە و پلانەکانمان بۆ پێشکەوتنی دونیا لە هەموو بوارەکان خستنە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان کە دانیشتنێکی تایبەتیان بۆ مەبەستی بووژاندنەوەی ئابووریی تەرخان کرد. مەبەستم بوو بەدەستی خۆم نەخشە و پلانەکان پێشکەشکەم، بەڵام بەهۆی سەرقاڵیمەوە بە گەشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ڕێککەوتنی (ساڵت٢)ی لێ دەرکەوت، (بات موینیهان) باڵوێزی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکانم ڕاسپارد لە باتیی من پێشکەشیان بکا.

گوتارەکەی بات موینیهان دوو کاتژمێری خایاند دوا بڕگەی بریتیی بوو:

- پێشنیاری هەنگاوی ڕێکاریم کرد بۆ چاککردنی ئاسایشی ئابووریی بنەڕەتی بۆ پاراستنی ئابووریی جیهانی.

- پێشنیاری ڕێکاری چاککردنی توانای دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکانم کرد، بۆ وەدەستهێنانی سەرمایە و تەکنەلۆژیای نوێ و توانای ئیداری بۆ دەرچوون لە بەستەڵەکی.

- پێشنیاری چاکسازیمان بۆ سیستەمی بازرگانی جیهانیی کرد، دەبێ لە ڕێگەی دانوستانی بازرگانی فرەلایەن ئەنجام بدرێ، ئەمەش بۆ ئەوەی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو لە ڕێگەی بازرگانییەوە سوودمەند بن.

- پێشنیاری لەیەک نزیککردنەوەیەکی نوێمان کرد بۆ چاککردنی دۆخی بازاڕی خۆراک و کالاّ بنەڕەتییەکان.

- پێشنیاری چەندی ڕێگەمان کرد بۆ هاوکاری تایبەتی و پێویستییەکانی بوژانەوەی دەوڵەتە هەژارەکان.

- حکومەتەکەم ئەم پێشنیارانە وەکو کاری خێرخوازی پێشکەش ناکات، هەروەها نابێ دەوڵەتانی دیکە مزایەدەی لەسەر بکەن. ئێمە دەزانین کە ئابووریی جیهانی خۆراکمان پێدەبەخشێ و بەخێومان دەکا، ئێمە لەسەر گەردونێک دەژین لە گەشە و پاشەکشەدایە.

گفتوگۆکانمان دەبێ باس لە گرفتی چارەگێک ئادەمیزاد دەکا کە ئەمڕۆ هەژاری دەیانهاڕێ، ئەم جۆرە دەوڵەتانە لە بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و داهات و هەناردەی ئازارێکی زۆریان چەشتووە ئەمەش کاری زۆری کردۆتە سەر چەقبەستوویی جیهانی.

لەم جۆرە دەوڵەتانە لە هەر پێنج کەس چواریان نەخوێندەوارن، لە هەر دە منداڵ یەکیان لە تەمەنی منداڵیدا دەمرێ، ناوەندی تەمەنی ژیانی مرۆڤ لەم شوێنانە لە پەنجا ساڵی دایە.

لە کۆنگرەیەکی دیکە ئاماژەمان بە دونیای چوارەمدا و ئامادەیی خۆمان بۆ هاوکاریان دەربڕی. لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە ئەمە ببێتە تاقیکردنەوەیەک بۆ بنیادنانی سیستەمێکی جیهانی.

دەربڕینی دەستەواژەی (سیستەمی جیهانی) لە ساڵانی دوایی بە شێوەیەک بەرتەسک دەبێتەوە، دەبێتە دەستەواژە و دەربڕێکی بێزارکەر. لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوەرۆکیدا مەبەست ئاڕاستەکردن نییە بەقەدەر ئەوەی مەبەستی کرداربێ. بۆیە لەسەر هەموو نەوەکانە باش لێی تێبگا و بچێتە ژێر باری، یا ئەوەتا ئەوانەی لە سایەی هەر

سیستەمێکی جیهانییدان، لە توانایاندایە، خۆیان ڕێک بخەن بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و ڕێگە بدەن چارەسەریەکی ئاشتییانە بۆ کێشەکان بدۆزنەوە و خۆیان لەگەڵ دۆخەکان بگونجێنن یان خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ژمارەیەک شۆڕش و ناکۆکی دەبیننەوە کە ئەمەش بەر لە ئەنجامدانی ئەم ڕێکخستنانە ڕوویداوە.

بەم شێوە ئەو نەوانە خۆشبەخت دەبن و لەژێر سایەی ئەو سیستەمە جیهانییەدا دەژین، بە پرسێکی دەزانن کە دەربڕی بنەمای سیستەمێکی پێکەوەژیان بێ، چەرخەکانی کەمتر خۆشبەخت ئەوانە بوون کە لە سەردەمی ململانێدا دەژیان، هیچ نەوەیەک ناتوانێ بەرەنگارییەکان بژاردە بکات، بەڵام دەتوانێ هەوڵی سوود وەرگرتن بدا لە وەدەستهێنانی دەرفەتەکان. ئەمە ئەو تاقیکردنەوە بوو، کە قەیرانی نەوت بەسەر دیموکراسییەکانی پیشەسازییدا سەپاند، کە لە گوتاری کۆنگرەی پاریس بەم شێوە کورتم کردۆتەوە:

بەرەنگاریەکانی سەردەمی ئێمە بریتییە لە بنیادنانی جیهانیی سەقامگیری دادپەروەر، بۆ ئەم ئەرکە دوو تێڕوانینی سەرەکی هەن:

١/ پێویستی بە ئاشتی، واتە کێشە کلاسیکیەکەی پەیوەست بە ئاسایش.

٢/ چارەسەرکردنی کێشەکان و کەمکردنەوەی توندوتیژی، ئەمەش ئەو پرسانەن کە خۆیان بەسەر خشتەی کارەکانی پەیوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا سەپاندووە، دواتر پێویستی بە دادپەروەری لە پێویستییەکانی دیکە کەمتر نییە و یەکێکە لە پێویستییەکانی پێشکەوتنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی جیهان، ئێستا ئەمانەن پرسەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. ئامانج ئاستی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیی لە ڕێگەی گۆشەگیری نایەتە دی، بۆیە دەبێ لە هەردووک داواکە

## بەشی حەوتەم

# ئەمریکای لاتینی


## ٢٣

# پەنەما و مەکسیک و (دیالۆگی نوێ)

بەر لە شـەڕی سـارد پەیوەنـدییەکانی ئەمریکـا لەگەڵ نیـوەی ڕۆژئـاوای دونیـا (ئەمریکـای بـاکور، مەکسـیک، ئەمریکـای ناوەڕاسـت و باشـوور) نزیـک بـوو لە ئاسـتی سیاسەتی دەرەوەی جێگیر و هەمیشەیی، لە ساڵی ١٨٢٣ لەبـارەی بنەماکـانی مـۆنرۆوە سوربوونی خـۆی لەسـەر دروسـتکردنی بەربەسـتێک لە نێـوان خـۆی و نیـوەی ڕۆژئـاوای دونیا ڕاگەیاند بۆ جیاکردنەوە و پاراستنی هاوسەنگی هێزەکانی ئەورووپی و ململانێکـان. ئەگەر پێویسـتیش کـرا ڕوو لە هێـز بکـا، بە درێژایـی نـزیکەی یەک سـەدە دوای ئەو مێژووە، هۆکارەکانی بەشداربوونی ئەمریکا لە هەموو شەڕەکان لەم شوێنە کۆ ببوونەوە:

دژی مەکسـیک و ئیسـپانیا و هەڕەشـەکانی بەکارهێنـانی هێـز بـوو بـۆ کۆتاییهێنـان بە هەوڵەکـانی نـاپلۆلیۆنی سـێیەم بە دانـانی ڕەچەلەکێکـی ئەورووپـی بـۆ حوکمڕانی مەکسیک.

بە درێژایـی ئەو لەگـەڵ ئەو پـارچەی نیـوەی ڕۆژئـاوای دونیـا وەکـو نـاوچەیەکی تاکوێنە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە نەک وەکو مەیـدانێک لە سیاسـەتی دەرەوە، واتە وەکـو مانا کلاسیکییەکەی کە دەبێتە مافی ڕەوامان بە دەستوەردان لە کاروباری ناوەخۆیـان و دەستگرتن بەسەریاندا.




بەڵام دواجار تەنها پەیوەندییەکانی ئاڵوگۆڕ دەبنە بنەمای سیاسەتی دەرەوەی جێگیر، ئیتر کاتێک ڕەفتارەکانی ئەمریکا لە ناوچەکانی باشووریدا دەبنە ڕەفتاری (باوکانەی) ناشیرن، ئاسان نابێ ڕووبەڕووی بەرەنگارییەکان ببنەوە.

بۆیە دووفاقی پەیوەندییەکانی گەمارۆدا، ئەم حاڵەتەش ئەوکاتە دەخولقێ کە ئەمریکا لەسەردەمی حوکمڕانی فرانکلین و ڕووزفلتدا لە باتیی ئەوەی بەجودا مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتەکاندا بکا، وەکو یەک لایەن مامەڵەی لەگەڵ ناوچەکەدا دەکرد، سیاسەتی (خۆشگوزەرانی دراوسێتی) ئەوکات باوی بوو، ئەمەش بووە مایەی کەم گرتنەبەری

ڕێکارەکانی کشاندنەوەی هێزی دەریاوانی لە هاییتیی داگیرکراو. دوای جەنگی دووەمی جیهانی ئەمریکا هەوڵی چاککردنی پەیوەندییەکانی دا لەگەڵ نیوەی ڕۆژئاوای دونیا، ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی (OAS)ی نوێ دامەزراو بەپێی بەشی هەشتەمی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ بەرجەستەکردنی سیستەمێک بۆ چارەسەری کێشەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی لە هەردوو ئەمریکا.

ئەم ڕێکارانەی بۆچوونی ئەمریکای لاتینی لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەگۆڕی. دراوسێکانمان زمان لووسی و ماستاویان بۆ دەکردین، بەڵام پەشۆکابوون: پێشوازیان لە هاوکاریەکانمان کرد، بەڵام ترسی دەستێوەردانیان لێمان هەبوو، ئامادەیی خۆیان بۆ بەستنی پەیوەندییەکان ڕادەگەیاند لە پێناو پاراستنی ئاسایش و ئارامی خۆیان، بەم شێوە نرخی دەستکەوتەکانی ئەمریکای لاتین بەرانبەر بە پابەندبوون بە ئاسایشی بەکۆمەڵی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەوڵەتانی ئەمریکی لە ساڵی ١٩٤٨، پەیمانێکی ئەمریکا بوو کە دەست لە کاروباری ناوەخۆیان وەرنەدا، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ و بە هەر هۆکارێکی ناوەخۆبێ یا دەرەکی، تەنانەت بەکارنەهێنانی هەڕەشە و هاندانیش دژی دەوڵەتان بۆ ڕق لێبوونەوە یا فشاری ئابووریی یا سیاسیی بۆ سەردانواندی ئیرادەی سەربەخۆ بکاتە سەریان. ئەمانە ئەو پابەندیانەبوون کە لە ئەمریکا وەرگیران لە بەرانبەر بە ئاسایشی بە کۆمەڵ.

بەرنامە سەرەکییەکەی بە تایبەتی بۆ ئەمریکای لاتین تەرخان کرابوو لە ماوەی شەڕی ساردا، بەرنامەی ئیدارەی کنیدی بوو(هاوپەیمانی لە پێناو پێشکەوتن) کە لە ١٩٦١ ڕایگەیاندووە. هەرچەندە ئەمریکا بۆ یەکەمینجار بایەخی بە پرۆسەی بووژانەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و بە یەکسانی لەگەڵ ئاسایش داوە. هەرکە ئاڵۆزی دەکەوێتە نێوان پەیوەندییەکانی هاوپەیمانی و دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا، بەرنامەی ئێمەی قبوڵکرد، کە بریتیی بوو لە بووژاندنەوەی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و لە هەمان کاتیشدا لیی بێزاربوون. بۆیە قبوڵیان بوو تا هاوکارییەکانی دەرەکی و بووژانەوەی ئابووریان پێ بگا. بەڵام کاتێک هەوڵی چاکسازی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی دەدەن بەهۆی ئەو هاوکاریانەوە گوایە هاوکاری (داگیرکاری بێگانەن) ڕووبەڕووی هێرش دەبنەوە، ستایشی

بەرنامەکەیان دەکرد وەکو ئاماژەیەکی ئەرێنیی ئەمریکا، ڕەخنەشیان دەگرت چونکە لە ئەمریکا درووست کراوە.

لە شەستەکان گرفتی زیاتر بەرۆکی کاروانی هاوکاریەکانی گرتەوە، شێوەی ململانێ و ناکۆکییەکانی نەتەویی و ڕادیکاڵی و تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵایەتیی وەردەگرن، کە لە سەرجەم ناوچەکانی ئەمریکای لاتین بڵاو دەبێتەوە. لە ١٩٦٨ ئەرجەنتین و بەرازیل و پاراگوای و پۆلیڤیا و پیرۆ و نیکاراگوا و پەنەما لە ژێر حوکمڕانی سەربازیدا بوون، بەڵام هاییتی و نیکاراگوا و کوبا لە ژێر دەسەڵاتی مەدەنیدا بوون، لە زۆر دەوڵەتانیش بەرهەمهێنەکانی بێگانە سنوردارکران، کۆمپانیاکان خۆماڵی کران، بازاڕەکان داخران، باجی گومرگ زیادکرا، لەسەر بنەمای (ئەلتەرناتیفی هاوردە) کە یەکەمینجار ئابووریناسی چیلی ڕائول بریبیش دایناوە کاری بازرگانی دەکرا، ئەم بنەمایەش لەگەڵ بەرهەمهێنی بێگانە ناکۆک بوو، پشتگیری لە بەکارهێنانی سامانی گشتی دەکرد، بۆ بووژانەوەی پیشەسازیی و بازرگانی خۆجێیی. بەرپرسیارێتیی نەهامەتی و نەداری و کارەساتەکانیان خستنە ئەستۆی پشت بەستنی زیادە بە ئەمریکا. کاردانەوە لە سەر پڕۆسەی ئەمریکا لە کۆماری دۆمنیکا (لە سەردەمی جونسون) ترسی ئەمریکای لاتینی زیادکرد لە دەستێوەردانی ئەمریکی.


UNITED
STATES
Gulf of
Mexico
MEXICO
Mexico City
BAHAMAS
CUBA
HAITI
DOMINICAN
REPUBLIC
PUERTO RICO
BR. HONDURAS
(BELIZE)
Guatemala
City
HONDURAS
JAMAICA
Santo
Domingo
Atlantic
Ocean
GUATEMALA
EL SALVADOR
COSTA RICA
NICARAGUA
Caribbean Sea
Panama
City
San
José
PANAMA
Caracas
VENEZUELA
GUYANA
SURINAME
FRENCH GUIANA
Bogotá
COLOMBIA
ECUADOR
BRAZIL
PERU
Lima
Brasília
BOLIVIA
PARAGUAY
CHILE
Pacific
Ocean
Santiago
Buenos
Aires
URUGUAY
ARGENTINA
ئەمریکای لاتین
١٩٧٦
Falkland/Malvinas
Islands
0 400 miles
0 400 kilometers

هەستی نەتەوایەتی لە ئەمریکای لاتین یەکسان بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی هەستی گۆشەگیری نوێ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە ١٩٦٨ ئیدارەی جونسون نەیتوانی خەرجی پێویست بۆ (هاوپەیمانی پێشکەوتن) تا ململانێیەکی توند لەگەڵ کۆنگرێس دەکا. لەگەڵ کۆتایی هاتنی ویلایەتی جونسۆن، کۆنگرێس چەند ڕێکارێکی تۆڵەسەندنەوە لەگەڵ دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین ئەنجام دەدا، لەسەر دەستگرتنیان بەسەر چەند بەلەمێکی ڕاوچیانی ئەمریکی.

## نیکسۆن و (هاوبەشی پێگەیشتوو)

ئەوکاتەی لە ١٩٦٨ بە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوایەتیی دامەزرام، شارەزاییەکی ئەوتۆم نەبوو، لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکای لاتین. بایەخی ئەکادمیم لەسەر شەڕی سارد چڕکردەوە، کە بە تەواوەتی باڵی بەسەر ئەوروپا و ئاسیادا کێشابوو. منیش هەروەکو زۆربەی هاوتەمەنانم کێماسیم لە دیدی جوگرافیدا هەبوو. لەندەن و پاریس و ڕۆما و بۆنمان لێ نزیک بوون، بەڵام شاری مەکسیکمان لێ دوور بوو، ڕیودی جانیرۆ و بیونس ئایرسیش بەهەمان شێوە دووربوون سەفەری ئەوروپام پێ کارێکی ناوازە نەبوو بۆ مەبەستی کۆنگرە لە کۆتایی پشووی هەفتە بۆی بچم، سەردانی مەکسیکیش ببووە پرۆژەیەکی ئالۆز و سەخت بۆ جێبەجێکردنی.

تاقە دەوڵەت کە سەردانیم کردبێ بەرلەوەی بچمە نێو حکومەتەوە، بەرازیل بوو لە سەردەمی سەرۆک جواو بلکوار مارکیز گولارت، سەرۆکی پارتی کرێکارانی چەپی توندڕەو بوو. لەمێژ نەبوو جانیو داسیلفا کوادروس دەستی لەکار کێشابووەوە و لە شوێن ئەو گولارت دەسەڵات دەگرێتە دەست و بەرازیل بەرەو ڕادیکاڵیزم دەبا، چەپە ڕادیکاڵیستەکان گەمارۆی بازنەی سەرکردایەتیان دابوو، بەو هۆیەوە بەرەو مارکسیزم ئاڕاستەی گرتبووە بەر و دەسەڵات دەست دەگرێ بەسەر ئابووریی وڵاتدا، بەڵام ئەم

ڕادیکاڵیزمیەش نەیتوانیوە هیچ لە خۆرسکی وڵات بگۆڕێ، سەردانیم هاوکات بوو لەگەڵ وەدەستهێنانی کاسی جیهانیی تۆپی پێی ساڵی ١٩٦٢، ئەمەش دەبێتە مایەی ئاهەنگگێڕان لە سەرتاپای وڵات بەم بۆنەیەوە.

بۆچوونەکانم لەسەر ئەمریکای لاتین سەرچاوەیان لە پەیوەندیەکانم بە نلسون ڕۆکفلرەوە گرتبوو، لە سەردەمی ڕووزفلت یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بوو بۆ کاروباری ئەمریکای لاتین، بەهۆی بڕوابوونی بەوەی چارەنووسی ئەمریکا کە پێی وایە دەبێ ڕابەرایەتیی دونیا بکا، لەسەر ئەم بنەمایە دەبووایە ڕۆڵی گرنگ لەم بوارە بگێڕین لە پڕۆژەی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا، کە کۆمەڵگەی ڕابەرن.

سەرەڕای ئەوەی ئامادە نەبووم دەستبەرداری بیرۆکەی پێشینە بۆ ئەورووپا بێ، بەڵام هاوسۆزبووم لەگەڵ بۆچوونەکانی ڕووکفلر. دوای بڕیاردان لەسەر گرنگی بابەتەکە، ڕووکفلەر هەمان کێشەی تووش دەبوو بۆ دیارکردنی مانای ئالوگۆڕی کە لە سەرەتاوە پەیوەندییەکانی ئاڵۆزکردبوو.

بەر لە دامەزراندنم وەکو ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوایەتی، نیکسۆن سەردانی سەرجەم دەوڵەتانی ئەمریکای ناوەڕاست و باشووری کردبوو، سەرەڕای ناوچەی کارییبیش. لە ژێر کاریگەری بەرزبوونەوەی ئاستی نەتەوەپەرستی و ڕادیکالسیتی ئەوکاتە بوو، کە کاتێک نیکسۆن وەکو جێگری سەرۆک ئەیزنهاوەر لە ١٩٥٨سەردانی فەنزویلا دەکا، کاروانەکەی ڕووبەڕووی هێرش دەبێتەوە، هێرشەکە بە ئاستێک مەترسیدار و توند بوو داوا لە هێزەکانی ئاسمانی دەکرێ لە ئامادەباشی دابن بۆ هاوکاریکردنی نیکسۆن، ئەگەر پێویستی کرد.

لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ١٩٦٨، نیکسۆن داوا دەکا سیاسەتێکی نوێ لەگەڵ ئەمریکای لاتین پیادە بکرێ بە توندکردنی بازرگانی لە باتیی هاوکاریەکان و بە پشتگیریی لە بەرهەمهێنە تایبەتییەکان پیادە بکرێ. لە ڕۆژی یەکەمی دەست بەکاربوونیدا نیکسۆن داوا لە گالوبلازا لاسو، ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی دەوڵەتە ئەمریکییەکان دەکا سەردانی کۆشکی سپی بکا بۆ ناساندنی ڕاسپاردەی سەرکردەی

دەوڵەتانی ڕێکخراوەکەی بۆ دانانی نەخشـەیەکی نـوێی سیاسـی. گـالوبلازا داوایکـرد ئەم ئەرکە بە نیلسون ڕووکفلەر بسپێردرێ: لە هەمان ڕۆژ نیکسۆن داوای لێم کرد ئەم بڕیارە بۆ ڕووکفلەر دەرکا.

ڕۆکفـلەر بـۆ ئەم مەبەسـتە گروپێکـی ئاسـتبەرزی لە سـێ نێـردە پێکهێنـا بـۆ دەستنیشانکردنی ڕاستییەکانی ئەمریکای لاتینی.

بەڵام بەهۆی پابەندی نوێیەوە بە ناوچەکە پێشـوازییەکی ئـەوتۆی لـێ نەکـرا، لە گەلێک شوێن خۆپیشـاندان دژی ئەمریکـا ئەنجامـدران بەو هـۆیەوە ئەرکـی لەو شـوێنانە تێک دەچێ. دیارە بەهۆی کاری تێکدەران لە چیلـی و کێشـەی مـافی ڕاوچیـان لە بیـرۆ ناتوانێ سەردانی ئەو دوو وڵاتە بکـا. دواجـار ڕووکفـلەر ناچـار دەبـێ زنجیـرەک ڕێکـار و ڕێنما بۆ بنیادنانەوەی پەیوەندییەکان لە نێوان دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا دەربکا، تێیدا نیازپاکی خۆیان لە سەروەری و سەربەخۆیی ئیرادەیان ڕابگەیەنن. لەگەڵ ئەوەشدا خاڵێک مایەوە نەتوانرا چارەسەریی بۆ ببیندرێتەوە ئەویش تایبەت بوو بە سیاسەتەکانی هەرەوەزی. لەسـەر داوای نیکسـۆن دەوڵەتـانی ئەمریکـای لاتینـی بۆچـوونی خۆیـان ڕاگەیانـد، کە دامەزرانـدنی ڕێکخراوێکـی تـایبەت بەخۆیـان بـوو (دەوڵەتـانی ئەمریکـای لاتینـی) بەنـاوی (CECLA)هەر بەنـاو ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکایـان لـێ بەدەرکرد. لە ئایاری ١٩٦٩ لە ڤیەننـا بـۆ داڕشـتنی بەرنـامە و پەیـامی خۆیـان یەکتـری دەبینن ، تێیدا گفتوگۆی نێوان دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین دەردەبڕن و داوا لە ئەمریکـا دەکەن سیاسەتەکانی بگۆڕێ بە پێداگرییەکی زۆر لەسـەر بازرگـانی. خۆیـان لەوە دزیەوە ئاخۆ ئەو سیاسەتانە چین کە داوادەکەن ئەمریکا بیانگۆڕێ.

ڕاگەیاندنی ڤیەننا دەستی خستە سەر ئاستەنگی مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتانی نیـوەی ڕۆژئـاوای دونیـا وەکـو یەک گـروپ. چـونکە لە ڕووی ئامـانجی نیشـتمانییەوە دابەشکراون ، توانی لەسەر ئەوەو ڕێکیان بخا، کە وەکو یەک گروپ داواکانیان ئاڕاستەی ئەمریکا بکەن. نەک لەسەر نەخشەکێشانی ستراتیژی لەگەڵیاندا.

لە ئەمریکا دووفاقییەکی ناکۆک هاوشێوە هەبوو، لەسەر هەیمەنەتی کۆشکی سپی لەسەردەمی نیکسۆن بەسەر سیاسەتی وەزارەتی دەرەوە زۆریان نووسی، بەڵام ئەمە بڕوا ناکرێ، تەنها لەسەر پەیوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ڤێتنام نەبێ لەگەڵ سیاسەتی مامەڵە لەگەڵ چیندا. بۆ حاڵەتی ئەمریکای لاتین ڕاست نەبوو. سەرەتا نیکسۆن جڵەوی خستە دەست وەزارەتی دەرەوە، بەڵام بەهۆی بێباکی وەزیری دەرەوە ناچار دەبێ خۆی یا کۆشکی سپی دەیگرێتە دەست. وەزارەتی دەرەوە دۆخی باش دەبوو کاتێک لەگەڵ پرسە ناوەخۆییەکان مامەڵەی دەکرد باشتر لە پرسی پەرەپێدانی نەخشە دوورخایەنەکان. بەهۆی سەرقاڵی بیروکراسییەت بە ناردنی سەدان بروسکە لە سەرجەم وڵاتەکانی دونیاوە، سەرنج و بایەخەکانم لەسەر پرسە کورتخایەن و سکاڵا ڕاستەوخۆکان چڕ کردنەوە.

ئەوکاتەی وەزارەتی دەرەوە لە پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی سیاسیی شکست دێنێ، سەرۆکەکان هەوڵ دەدەن  لە ڕێگەی گوتاردان ئەو کەلێنە پڕکەنەوە، تا ببێتە ئاماژەیەک بۆ مەبەستەکانی کۆشکی سپی. نیکسۆن ئەمەی لە ٣١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩ لە دیداری ساڵانەی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکی گوتار دەخوێنیتەوە پیادەکرد. زۆربەی بڕگەکانی دوو پسپۆڕ لە کاروباری ئەمریکای لاتین بۆیان نووسیەوە (فیرون بی، فەرمانبەری بەرپرس لە خزمەتگوزاری دەرەوە بوو  لەگەڵ ئەرنولد ناشمانوڤ) یەکەم گوتاری لە ڕێگەی مانگەکانی دەستکردەوە لە سەرجەم دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا پەخش دەکرا، نیکسۆن داوای شەراکەتی ڕاستەقینەی کرد، کە هیچ لایەنێک هەژموونی خۆی بەسەر لایەنەکانی دیکەدا نەسەپێنی، لە ناوەرۆکیدا ئامادەیی خۆی لە ڕازی بوون بە سیاسەتی سەربەخۆ دەربڕی، کە دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین پشتی پێدەبەستن و پیادەی دەکەن. هەروەها ئاماژەی بەوەدا ئامادەیە  بیر لە سیستەمێکی بازرگانی باشتر بۆ دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین بکاتەوە، بە فراوانکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی فرەلایەن بۆ دابەشکردنی هاوکاریەکانیان. ئامانجەکەش نەهێشتنی ترسی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینە لە فشاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەریان و تۆخکردنی ناسنامەی هەرێمایەتیان.

ئەم بیرۆکە پێش سەردەمی کەوتبوو. لەباتیی کۆکردنەوەی هێزە دیموکراتەکان، نیکسۆن بە ئاشکرا دابەشییەکانی بڵاوکردەوە. مشتومڕ لە نێوان ئەوانەی نزیکن لە نیکسۆن لەگەڵ لایەنگرانی بازرگانی جیهانی، ئەوانەی هەموو جۆرە مامەڵەیەکی تایبەتیان لەگەڵ ئەمریکای لاتینی ڕەتدەکردەوە دروست بوو. دوای ئەوەی لە ١٩٧١ جون کوناللی دەبێتە وەزیری گەنجینەی ئەمریکا، ڕاڕایی وەزارەتەکان بووە نارەزاییەکی ڕاشکاوانە. هەموو پابەندییەکانی ئەمریکای تایبەت بە هەوڵەکانی بووژاندنەوەی نیوەی ڕۆژئاوای دونیاوە ڕەتکردنەوە. بەم شێوە هیچ یاسایەک نەخرایە بەردەم کۆنگرێس، تایبەت بەم پرسە تا تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر گوتارەکەی نیکسۆندا. ئەوە جێگیربوو؛ کۆنگرێس دوودڵە لە دابەشکردنی دەرماڵەکانی لە ڕێگەی ئاژانسەکانەوە، لە ١٩٧٠ هاوکارییەکانی بۆ (بەنکی بووژانەوەی باڵوێزخانەکانی ئەمریکی) کەمکردنەوە.

قەیرانی ئابووریی جیهانی کە لە ئابی ١٩٧١، ڕوویدا کۆتاییان بە هەوڵەکانی لایەنەکان هێنا لە نیوەی ڕۆژئاوای دونیا بە درێژایی ویلایەتی یەکەمی نیکسۆن. کاتێکیش سەرۆک سیاسەتی ئابووریی نوێ ڕادەگەیەنی ڕێگەدەدا بە ڕێژەی ١٠% باجی هاوکاریەکانی کەمکاتەوە و بە هەمان ڕێژەش بۆ هاوردەکان زیاد دەکا، دراوسێکانمان هەستیان بە ستەم دەکرد، ڕۆشناییان دەخستە سەر ئەو سوودەی ئەمریکا لە دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین دەکا، پێیان وابووە سیاسەتێکی نوێ لە یەکلایەنەوە ڕاگەیەندراوە، گوایە پاشگەزبوونە لە پەیمانەکانی، ئەمە کاردانەوەیەکی سۆزدارییە و هیچ ئامآژەیەکیان بۆ لێبووردنی ڕێژەی ١٠% نەکرد، کە سەرۆک دایبەزاندبوو، دیارە نەتوانرا ڕاوێژکارەکانیش بنێردرێنە ئەو شوێنانە بۆ هێورکردنەوەی توڕەیی خەڵکەکە، تاقە سەرقاڵیمان بە ئەمریکای لاتینەوە بووە پرسی سلفادۆر ئەلەندی لە هەڵبژاردنی ١٩٧٠ سەرکەوتن وەدەست دێنی ئێمەش بەو هۆیەوە پێیەوە سەرقاڵ بووین بۆ ئەنجامدانی دانوستانێک و دۆزینەوەی دۆخێکی یاسایی بۆ کەناڵی پەنەما.

لە سەرەتای ویلایەتی دووەمی نیکسۆن دوو ڕووداو ئێمەی ڕاچڵەکاند تا بایەخی زیاتر بە دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا بدەین:

یەکەمیـــان: ســـووربوونی دەوڵەتـــانی تـــازە پێگەیشـــتوو لەســـەر دووبـــارە دابەشـــکردنەوەی ســـامانەکانی دونیـــا لە میـــانی دەنگـــدان لە یـــانە و مەحـــافلی نیودەوڵەتییەوە.

دووەمیـان: بەڵگـەنامەی مـاف و ئەرکەکـانی ئـابووریی دەوڵەتـان کە سـەرۆکی مەکسیک (لویس ئیشفیریا ئالفارێز) پێشکەشی کردبوو، نموونەیەکی ڕوونـی زنجیـرەیەک لە داواکاریی یەکلایەنە بـوون کە ئاڕاسـتەی دەوڵەتـانی پیشەسـازی کرابـوو. کاتێک لە شەڕی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و قەیرانـی وزە پەیوەنـدییەکانی دەوڵەتـانی پیشەسـازی و دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو پڕ بایەخ دەبێ، بەو هۆیەوە ئەم کێشە مەزن دەبێ.

لە هەمان کاتدا، پێمان باش بـوو هەوڵ بـدەین ستراتیژیسـەتمان لە ژێـر چەتـری هاوکاریی ڕاستەقینە پەرە پێبـدەین لەباتیی ڕووبەڕووبـوونەوە لەگەڵ دەوڵەتـانی نیـوەی ڕۆژئاوای دونیـا. لەم میـانە ئامـادەبووین دۆخێکـی تـایبەتی بـدەینە دراوسـێکانمان، ئەم هەوڵانە تەکـانێکی بە کۆتاییهێنـانی شـەڕی ڤێتنامـدا. نیازمـان وابـوو دوای ڕێککـەوتنی پاریس ١٩٧٣ بایەخی زیاتر بە پەیوەندیەکانمان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە بدەین لە ئەورووپـا و هەردوو ئەمریکا، کە لە گەلێک ڕووی مێژوویی هاوبەشین.

بەم هەسـت و ڕۆحـیەتە جـوانە دوای دوو ڕۆژ لە دەسـتبەکاربوونم وەکـو وەزیـری دەرەوە لە ٢٤ی ئەیلـــولی ١٩٧٣، گوتـــارێکم لەبەردەم کـــۆمەڵەی گشـــتی نەتەوە یەکگرتووەکانـدا، بـۆ پەیمانـدان بە چـالاککردنی هاوبەشـیمان لەگەڵ نیـوەی ڕۆژئـاوا ی دونیا. دوای نزیکەی دە ڕۆژ لە ٥ی تشرینی یەکەم لە سـەروبەندی هەڵگیرسـانی شـەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەسەر مێزی خوان، کە سـەرۆکانی شـاندی هەردووک ئەمریکـا بـۆ نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادە کردبـوو، دانیشـتبوون (زۆربەیـان وەزیـری دەرەوە بـوون)، داوای گفتوگۆیەکی نوێم لەسەر بنەمـای یەکسـانی ڕێزگـرتن لە سـەروەرییەکانی یەکتـری کرد، داواشـم لە میوانەکـان کـرد هەریەکە و بە پێشـنیار و تێبینییـەکانی بەشـداری لەم داوایەم بکا.

وەڵامی دەوڵەتانی ناوچەکە ئەرێنی بوو، لانیکەم لەسەر هەنگاوەکانی ڕێکاری. وەزیری دەرەوەی کۆلۆمبیا (ئەلفریدو فاسکیز کاریزاسا) لە بووگاتا کۆبوونەوەیەکی سازدا بە ئامادەبوونی ١٦ وەزیری دەرەوەی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی. لەگەڵ حەوت نوێنەری دیکەی دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا، بۆ دانانی خشتەی کاری (گفتوگۆی نوێ) لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەروەکو هەموو جارێک ئامادەبووان دابەشبوون بەسەر ئەوانەی بەدوای دەرفەتی هاوکاریدا دەگەڕێن: ( بەرازیل و کۆلۆمبیا و چیلی و پۆلیڤیا و ئوروگوای و پاراگوای و لەگەڵ زۆربەی دەوڵەتانی ئەمریکای ناوەڕاست). لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی بەدوای دەرفەتی گونجاودا دەگەڕێن، بۆ پەلبەستکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: (ڤەنزویلا و ئەرژەنتین و پیرۆ و تا ڕاددەیەکیش پەنەما). مەکسیک و جامایکاش هەردووک حاڵەتیان گەرەک بوو، لە کۆتایی کۆبوونەوەکان گەیشتنە ئەو ڕێککەوتنە بەیاننامەیەک بە بنەماکان دەرکەن بە خۆدوورخستنەوە لە کێشەی کوبا، بەڵام پشتگیریان بۆ پەنەما دەرخست کە سەروەریی پارێزراو بێ، لە ناوچەی کەناڵی پەنەما، سەبارەت بە پرسی ئابووری، دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی دووفاقیان نواند. بابەتی کردنەوەی دانیشتنەکە بریتیی دەبێ لە داواکردن لە ئەمریکا، سنورێک بۆ دەستتێوەردانەکانی دابنێ لە کاروباری دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی، لەهەمان کات، داوا لە ئەمریکا دەکەن، پابەندی سیستەمێک بێ پێشینە بداتە ئەو لایەنەی بازرگانی لەگەڵدا دەکا. لەسەر زاری تالیراند گواسترایەوە کە گوتویەتی:

(دەستتێوەردان وشەیەکی نامۆیە، هەمان مانای دەستتێوەرنەدان دەدا).

لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٣، ڕاگەیاندنەکەیان بەهۆی وەزیری دەرەوەی کۆلۆمبیا لە (بۆگۆتا) گەیاندە دەستم. ڕەزامەندیم لەسەر کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتانی ناوچەکەدا کە لە شاری مەکسیک لە شوباتی ١٩٧٤ ببەسترێ.

## دانوستان لەسەر پەنەما: قۆناغی یەکەم

دانوستانەکانی پەنەما مینێکی دیکەی دانراوی ئیدارەی جۆنسۆن بوو بۆ سەرۆک نیکسۆن. لە ١٩٦٤ ئاژاوەکانی پەنەما ٢٩ کوژراو و تێکدانی پرۆژەکانی ئەمریکای لێکەوتەوە، کە بە دوو ملیۆن دۆلار مەزندە دەکرا. ئەم رووداوە جۆنسۆنی گەیاندە ئەو بڕوایە دەست بە دانوستانەکان بکا بۆ هەموارکردنەوەی دۆخی حاڵی حازری پەنەما، کە ئەوکات دابەشی دوو لەت ببوو لە نێوانیان، پانتاییەک جیای دەکردنەوە، لە دەرەوەی دەسەڵاتی پەنەمادا بوو، بە درێژایی کەناڵەکە بە پانی ٥ میل، لە ژێر دەسەڵاتی ئەمریکا بوو، لە پەیماننامە ئۆرجیناڵەکە وەکو بەخشینی کاری (سەروەری) ناوبردرابوو.

لە ١٩٦٧ ڕەزامەندی لەسەر ٣ پەیماننامەی نوێ درا. بەڵام کە هەواڵەکە دەگاتە ڕۆژنامەی (شیکاگۆ تریبیون) بەر لە واژۆکردنی، شەپۆلێکی نارەزایی توند لە کۆنگرێسەوە دەردەچێ، جۆنسۆن ناچار دەبێ بۆ دوای هەڵبژاردن دوایخا. بەم شێوە بارە قورسەکە کەوتە سەر شانی نیکسۆن. ڕازی بوونی ئیدارەی پێشوو بە هەموارکردنەوەی دۆخی یاسایی کەناڵ بە مەرج، تا ماوەیەکی دوور مایەی مشتومڕ بوو..

کاتێک پەیماننامەیەک لە هەردوولا مایەی ڕەزامەندی نابێ، ئەستەمە پەسند بکرێ. بەڵام بۆ ئەو دۆخەی ئەوکاتی پەنەما لە ١٩٦٧ هەبوو. ئۆپۆزسیۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە پەرۆشتربوون بۆی. کاندیدی سەرۆکایەتیی ١٩٦٨ ئەرنولفو ئاریاس بوو. زۆر بە گەرمی خۆپیشاندانەکانی دەوروژاند. بەڵام سەرۆک مارکو ڕووبلز زاتی ئەوەی نەدەکرد ڕەشنووس بداتە کۆمەڵەی نیشتمانی، کاتێکیش ئاریاس لە هەڵبژاردن سەردەکەوێ و دەسەڵات لە ئۆکتۆبەری ١٩٦٨ دەگرێتەدەست، هەر زوو داوای گەڕاندنەوەی ناوچەی کەناڵ دەکات بۆ ژێر دەسەڵاتی یاسایی پەنەمی. هەڵچوونی دەبێتە مایەی گاڵتەپێکردن کاتێک کودەتاچییەکان لە پاسەوانی نیشتمانی دوای چەند هەفتەیەک ناچاری دەکەن داوای پاراستن لە هێزەکانی ئەمریکی بکا بۆ ناوچەی کەناڵ.

لەوێوە بە فڕۆکە دەگواسترێتەوە بۆ فلۆریدا. بە درێژایی ویلایەتی نیکسۆن و فۆرد خەڵکی هار دەکرد بۆ گەڕانەوەی بۆ سەر دەسەڵات و گرفتی بۆ ئەو دانوستانە دروست دەکرد، کە ئێمە پێی هەڵدەستاین.

بە هاتنی ساڵی ١٩٦٩ دەسەڵاتی نوێی پەنەما بە سەرۆکایەتیی جەنەراڵ عومەر توریخوس هیریرا ئاماژەی بە دەستپێکردنی دانوستانی نوێ کرد.

هەروەکو پرسی ڤێتنام ئیدارەی پێشوو ئێمەی لەبەردەم بژاردەی قورس هێشتەوە، لەسەردەمی دژایەتیی داگیرکاریدا، کارێکی قورس بوو بتوانرێ دەست بەو دۆخەی ئێستای پەنەمادا بگیرێ ، کە وڵاتێکی خاوەن سەروەری بۆ دوو لەت دابەشکراو بمێنێتەوە. تێیدا خۆپیشاندان و فشار و تیرۆر و تەنانەت شەڕی پارتیزانیش هەموویان لە دژی ئێمە لە ئەمریکای لاتین کۆدەبنەوە، دواتر لە هەموو یانەکانی نێودەوڵەتی گۆشەگیریمان بەسەردا دەسەپێنن.

لە هەمانکاتدا و بەهۆکاری جیۆپۆڵەتیکەوە ئامادە دەبین دەست بە دانوستانەکان لەسەر دۆخی یاسایی ناوچەکە و کەناڵ بکەین. سووربووین لەسەر ئەوەی دەستبەرداری تواناکانی ئەمریکا نەبین لە بەرگرییکردن لە مافەکانی یاساییمان لە کەناڵ. لە ٣ی ئەیلولی ١٩٦٩ لە ڕێگەی سەرفرازکردنی کۆمەڵێک پسپۆڕ، نیکسۆن بڕیاری دەستپێکردنی دانوستانی دا، لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی بژاردە کراوەکانی ئەم پرۆسە، بەڵام بڕیاریدا ئەم ڕێکارانە دەبێ لەگەڵ دیراسەکانی وەزارەتی بەرگریی بێنەوە، نیکسۆن نیازی نەبوو درێژە بە هەنگاوەکانی بدا لەم بوارەوە، تەنها لەسەر بنەمای کۆنگرێسێکی یەکگرتووی پشتیوان. ئەگەر کۆتوبەندەکانی ناوەخۆ دانوستانەکانیان لە بەین بردن. ئەوکات گورزێکی مەترسیدار بەر پێگەمان دەکەوێ لە نیوەی ڕۆژئاوای دونیا.

پرسێکی تایبەتی سەریهەڵدا، بووە مایەی دروستبوونی کەلێن و دابڕانێک لە هەوڵەکانمان. نیکسۆن، ڕووبێرت ئەندرسونی دانوسانکار بەناوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و نێردەی تایبەتیی سەرۆکایەتی لە پەنەما لە پۆستەکەی خۆی هێشتەوە، ئەو

پۆستەی لە ڕۆژانی ئیدارەی جۆنسۆنەوە بەدەستیەوە بوو. چونکە مەبەستی نەبوو هیچ لە دۆستانی سەردەمی ئیدارەی ئایزنهاوەر دوورخاتەوە.

لە سەرەتای ۱۹۷۳ توریخوس کە لە ژێر فشاری بە هێزی پەنەمادابوو، هەوڵی دروستکردنی فشاری نێودەوڵەتییدا بۆ پەلەکردن لە دانوستانەکان، بە پشتگیری دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی، ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتیی ڕازیکرد دانیشتنێکی تایبەتی بۆ پەنەما سازکا، لە ژێر چەتری گفتوگۆی ئاشتی و ئاسایش لە ئەمریکای لاتین.

ئەو دوو دانیشتنەی لە ۱٥و ۲۱ی ئادار ئەنجامدرا ،هەستی هاولاتیانی هەردوو وڵات لەسەر پرسی پەنەمای وروژاند، بۆیە پێمان وابوو بە سوود نەبوو. توریخوس دانیشتنەکەی بە هێرشێکی توند بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەست پێکرد و گوتی: ئەمریکا بەنیازە کۆلۆنیالێک لە ناوەڕاستی وڵات دروست بکات. لەوکاتەی ڕائول ڕووا (وەزیری دەرەوەی کوبا) داواکانی پەنەما دەخوێنێتەوە پشتگیریەکی ئەوتۆی لێ نەکرا. کوبا ماوەیەک بوو ڕێگەی پێنەدرابوو، گوتار لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی بخوێنێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان ڕێگەی پێدرابوو هەرچەندە ئەندامیش نەبوو لەو ئەنجومەنە. بڕیارێک لەلایەن پەنەما و پیرۆ ئامادە کرابوو تێیدا پشتگیری لە مافەکانی پەنەما دەکرێ بێ ئەوەی ئاماژە بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بدا. بڕیارەکە ڕەزامەندی گشتیی لەسەردرا، جگە لە بەریتانیا، کە دەنگی نەدا، ئەمریکاش دژی ئەو بڕیارە مافی ڤیتۆی بەکارهێنا. ڕێنماییەکان بە باڵوێزی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان (جون سکالی) درابوون، کە ئەم ڕێکارانە چەندە هەڕەشەن لەسەر کاریگەری ئەنجومەنی ئاسایش.

دواجار دەمەوێ ئەو پێشنیارە بکەم، ئێمە بە ئەسپایی سروشت و ئەنجامەکانی ئەم کۆبوونەوە هەڵدەسەنگێنین، بە شێوەیەک خۆمان لە دووبارە بوونەوەی ڕێکارەکان دوورخەینەوە، کە بەدووری نازانین زیان بە ڕۆڵ و ناوبانگ و ڕۆڵی ئەنجومەنی ئاسایش بگەیەنێ. مایەی داخە ئەنجومەنی ئاسایش بکرێتە نموونەیەکی بچووکی کۆمەڵەی گشتی

و تواناکـانی لاواز بکـرێ لە مـامەڵەکردن لەگەڵ پرسـەکانی کـاریگەر لەسـەر ئاشـتی و ئاسایش.

دواتـــــر ئەوەش ڕوون بـــــووەوە، کە کـــــاریگەری کۆبـــــوونەوەکە لە ڕووی دوورخایەنییەوە، شایانی زیاتر بوو لەوەی لە گوتارەکە پێی درا.

لە هەمـان کاتـدا ئەوەی لە ئەنجـامی کۆبـوونەوەکە کـرا، بـووە مـایەی ئەوەی توریخوس لەو جیاوازیە بگات، کە لە نێوان بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان و پێشـکەوتنی دبلۆماسـیی کـارادا هەیە. دەرکـەوت کە سـەرۆکی پەنەمـا خـاوەنی توانـایەکە زیـاتر لە ئاستی گوتارەکەی. گوتارەکە بۆ وەلانانی ئالۆزی و وەدەستهێنانی هەندێک پێشوەچوون بێ، بێ ئەوەی سنورەکان ببەزێنێ، نمایشکردنی هەنگاوەکانی دانوستان بە دوو قۆناغ:

ا/ڕاگەیاندنی بڕواکان .

ب/ دانوستان لەسەر دەقی پەیمانەکە.

هەرچەندە سەرۆک نیکسـۆن لە مـاوەی سـەرۆکایەتییدا بە هەسـتیاری مـامەڵەی لەگەڵ پرسی پەنەمادا کردووە. بەڵام سووربوو سەرکەوتن بەدەستبێنێ، کێشەکە ئاسـان نەبوو، دوای ئەوەی نیکسۆن بڕیار دەدا، پێشینەکان بۆ دانوستـانی پەنەمـایە لە مـاوەی سەرۆکایەتی دووەمی. بەڵام دواجار ئەندرسـۆنی گەورە دانوسـتانکار بە بالیسـورث بنکـر دەگۆڕدرێتەوە، کەم کەس هەبوو لە فەرمانبەران بەقەدەر ئێمە ڕێزی بۆ ئەو پیاوە لەڕوو لاوازە هەبێ، بنکر کاری بـاڵوێزیی لە سـایگۆن و نـوێنەری ئەمریکا لە کـۆنگرەی ژنیـف کردووە. دواتر لە تەمەنی ٧٩ ساڵییدا لە ژمـارەیەک سـەفەردا دەبێـتە یـاوەرم، کەسـێک بـوو بەدەر لە خۆپەرسـتی و بەرژەوەنـدی پەرسـتی، دەسـتپاک و ورد لە کارەکـانی. خزمەتکردنی نیشتمان لای ئەو ئەرکی سەرەکیی بووە. خاوەنی پێگەیەکی هاوشێوە بـوو لەگەڵ کۆنگرێس و دەزگە سەربازییەکان، کە بۆ ئەو پشتگیریەکی گەوهەری بوو.

لەمیـانی یەکەم سـەردانی بـۆ پەنەمـا لە کۆتـایی تشرینی دووەمـی ١٩٧٣، مـن بوومە وەزیری دەرەوە، نیکسۆن ڕەزامەندی لەسەر نزیـک بـوونەوەکەی توریخـوس دەدا.

دوای سەردانەکەی ئاماژەی بە ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکدا لەسەر ڕاگەیاندنی بڕواکان. هەشت بڕواکە مەرجی پابەندبوونی هاوبەشی دانابوو تا بگەنە ڕێککەوتنێک تێیدا سەروەری یاسایی ناوچەی کەناڵ بۆ پەنەما بگەڕێتەوە، تێیدا پشکێکی یەکسانی داهاتەکان مسۆگەر بکرێ، بە پێی ئەو ڕێککەوتنە پەنەما بەشداری لە کار و بەرگری لە کەناڵ دەکا و مافی ئەوەش بە ئەمریکا دەدا کە ئەوەی پێی وایە زەرورە لە ناوچەکانی وشکانی و دەریایی و ئاسمانی بیکا لە پێناو بەرگرییکردن لە پەنەما بیکا، ڕاگەیاندنی هاوبەش کاریگەریی هەبوو لەسەر هێورکردنەوەی دۆخەکان.

دوای ئەوەی خاڵی نەگەڕانەوە بەرەو دواوەمان تێپەڕ کرد. من و نیکسۆن هەستمان بەوە کرد وەکو دەستپێشخەریەکی سیومبولی، من بە نوێنەرایەتیی ئەمریکا لە شوباتی ١٩٧٤، بچمە پەنەما بۆ واژۆکردن لەسەر ڕاگەیاندنی هاوبەشی بڕواکان، لە پێناو کۆدەنگی نێو خۆییدا داوای چوار سەرکردەی لیژنە لاوەکییەکانی تایبەت بە پەنەمای نێو کۆنگرێسم کرد یاوەرم بن لەم سەفەرەمدا.

پێشوازیەکی گەرمی جەماوەرییمان لێ کرا. هەرچەندە گومانمان لەوە نەبوو تۆریخوس ئەم هەستە گەرمەی جەماوەر ئاوەژوو کاتەوە. لە لێدوانی گەیشتنمدا گوتم:

من هەوڵ دەدەم دانوستانەکە بجوڵێنم لە ئاستی تەقەنییەوە بۆ ئاستی سیومبولی. وەکو نموونەیەکی ڕووناک بۆ نزیک بوونەومان لەگەڵ دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا: من هاتوومەتە ئێرە تا بە نوێنەرایەتیی سەرۆکمان پێتان ڕابگەیەنم، کە ئێمە پابەندی تەواوی بنیادنانی کۆمەڵەیەکی زیندووین لە دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا.

بە کورتی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی و کاریبی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەریەک بە دیدی تایبەتی خۆی دەتوانێ دیدێکی هاوبەشیان هەبێ بۆ دونیا و ناوچەکە.

دواتر لەگەڵ توریخوس بەیەک گەیشتین، سەرکردەیەکی نەتەوەیی بەهێز بوو. پێدەچوو کەسێک بێ گومانی لە بەرانبەر هەبێ و یاری بە ئاگر بکا، بەڵام لە هەموو

هەنگاوەکانی دەیزانی لەکوێوە ئەو ئاگرە دەکوژێنێتەوە، کاتێک باسی ڕۆڵی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیمان کرد لە پێشوەچوونی دانوستانەکان، باسی لە بیردۆزی ڕێژەیی خۆی کرد (من هەمیشە لەسەر بنەمای ڕاستی دەستپێدەکەم، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوە بزانین ئەوەی ئەمڕۆ ڕاستییە مەرج نییە بەیانیش لەگەڵ گۆڕانی دۆخەکان ڕاستی بێ) توریخوس گوتی گوتارە نەتەوەییەکەی و دانوستانەکانی لەگەڵ خوێندکارە شۆڕشگێرەکان لە ماوەی ویلایەتیی جونسۆن، پێنج ساڵ ئاشتیی لێکەوتەوە، دواتر هەریەکەمان لەلای خۆمانەوە باسمان لە کۆتوبەندە ناوەخۆییەکان کرد، کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە:

توریخوس: سەردانەکەت سوودی دەبێ بۆ دابینکردنی ئاشتی. من و وەزیرەکانم پێمان وایە سەردانەکەت توڕەیی هەڵپە هەڵپکاران بۆ ماوەی دوو تا چوار هەفتە هێور دەکاتەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆری ئەوانەی کاریان نانەوەی کێشەیە بۆ نەگەیشتن بە ڕێککەوتن، لەسەر ئەو کێشەیە دەژین.

کیسنجەر: زۆر لە ئەمریکییەکان نایانەوێ ئێمە بگەینە ڕێککەوتن، کێشەکە لەوەدایە زۆربەی ئەمریکییەکان بێباکن، کەمینەیەکی بچووک دژی هەر ڕێککەوتنێکن، بەڵام هیچ گروپێک لەگەڵیدا نین.

لە ڕاستیدا داواکانی هەردوو لایەن بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانە بوون. توریخوس پێویستی بەوەبوو بە گەلەکەی بڵێ سوورە لەسەر ئەوەی زیاتر لەوە وەدەستبێنێ کە مەزندەی دەکا. دانوستانکارە ئەمریکییەکان ناچاربوون پێشکەوتنی دانوستانەکە بە پرسی هەڵبژاردن ببەستنەوە، هەموو کەسێک ئەوە دەزانێ دوا مشتومڕ لە ئەمریکا دەبێ لەو ساڵەدا بێ، کە هەڵبژاردنی تێدا ناکرێ، ئەگەر دانوستانەکان لە پایزی ١٩٧٥ کۆتاییان نەیەت، کە ئەمەش کارێکی دوورە لە ڕوودان، ئەوا تا دوای هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٦، تەواو نابێ.

# مەکسیک و دیالۆگی نوێ

ڕەزامەندیمان لەسەر پێشنیاری وەزیری دەرەوەی مەکسیک (ئەمیلیو ڕاباسا)دا، کە یەکەم کۆبوونەوەی دیالۆگی نوێ لە شاری مەکسیک بکرێ، ئەم دەوڵەتە بەڵکو بەهۆی نزیکییەوەبێ لە ئێمە بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا زیاتر شارەزامانە، هیچ بژاردەیەک لە بەردەم مەکسیکدا نەمایەوە، جگە لە بەستنی پەیوەندیی دۆستانە نەبێ لەگەڵ ئەمریکا. دیارە فاکتەری جوگرافیا و مێژوو و ئابووری ئەمە دەسەپێنێ، بەڵام بیرەوەریەکانی مەکسیک لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکان دڵخۆشکەر نین، مەکسیکییەکان هەرگیز ئەمە لە بیرناکەن، کە لە سەدەی نۆزدەهەم بەهێز ناچار دەکرێ سێیەکی زەویەکانی بۆ ئەمریکا جێبێڵێ. هەروەها ڕووبەڕووی هێرشی سەربازی ئەمریکاش دەبێتەوە لە ١٩١٦. ئەمە لە ناخی ڕەفتارەکانی مەکسیکیەکان دەردەکەوێ لە هەڵوێستیان بەرانبەر بە ئەمریکا، ئەوەتا لە ناوجەرگەی پایتەختی مەکسیک لە شابوولتیبیک پەیکەری منداڵە پاڵەوانەکان بەرز کراوەتەوە، وەکو زیندوو ڕاگرتنی بەرگرییەکانی ئەو شارە دژی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە فەرماندەیی (وینفیلد سکگوت) لە ١٨٤٧.

ئەم بۆچوونەی لای خەڵک باو بوو، گوایە ئەمریکا و مەکسیک مێژوویێکی هاوبەش و هاوشێوەیان هەیە، ئەمە تەنها گوتەیەکی ڕووت بوو، دوور بوو لە ڕاستی. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەیەکی بێ دانیشتوان جێگیر بووە، لە مێژوویدا دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ڕۆڵی پەراوێزیان هەبووە، کەچی مێژووی مەکسیک بە کرانەوەی ئیمپراتۆریەتێکی چالاک دەست پێدەکات. دەکرێ بە کۆمەڵگەی ئەورووپی بەراورد بکرێ جگە لە (کولتووری شەڕانگێزی)، هەرچەندە زۆربەی هیندیە سوورەکان لە ناودەچن، بەڵام هەر وەکو فاکتەرێکی کاریگەر دەمێننەوە. بەڵام دانیشتوانە ئەورووپییەکان وەکو چینی باڵا مانەوە. کۆمەڵگەی مەکسیکی بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەمریکی

فرەچینن. دانیشتوانەکەی مێژووی خۆیان لە داگیرکردنی مەکسیکەوە دەست پێناکەن، بەڵکو لە مێژووی ملکەچ بوونی دانیشتوانە ڕەسەنەکەیەوە دەست پێدەکەن.

لە کاتێکدا سیاسەتی مەکسیک سەرچاوەی لە شۆڕشی فەرەنسییەوە گرتووە، بەڵام بە پێوەری ئەمریکای لاتین دیموکراسی نییە، بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو مەکسیک ماوەی هێمنی و هەندێکجاریش نائارامیی بردۆتە سەر، لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەهۆی شەڕی ناوەخۆوە ڕێژەی ١٠%ی دانیشتوانی مەکسیک لە بەین دەچن، لەوکاتەوە ئیتر بە درێژایی ٧٥ ساڵی ڕابردوو مەکسیکیەکان پەندیان لەو شەڕە نەگریسە وەرگرتووە لە یادەوەریەکانیدا کار لەسەر خۆدوورخستنەوە لە ئاژاوە و بەگژ یەکداچووندا دەکەن. دەربڕی ئەو حەزەی خۆدوورخستنەوە لە شەڕ و مەترسییەکانی حزبی شۆڕشگێری دامەزراندن، کە بە درێژایی چوار نەوە خۆی بەسەر سیاسەتی لۆکاڵی و نیشتمانی مەکسیکیدا سەپاندوە .

ئەم حزبە نوێنەرایەتی کاروانی نێوان دیکتاتۆرییەت و ئاژاوە دەکا، لە ڕێگەی لەخۆگرتنی چەند کەسایەتییەکی دیموکراتخواز، بێ ئەوەی خۆی لە مەترسییەکانی ئەو فرەحزبییە بدا، کە ئەمریکای باکووری پیادەی دەکا. وێڕای خۆسەپاندنی ڕەهای حزب، بەڵام جیاوازە لەگەڵ حزبە تۆتالیتاریەکان لەمیانی دروستکردنی کۆدەنگی نیشتمانی و هەڵبژاردن و دابینکردنی هۆکاری ئازادی ڕادەربڕین. ئەم دۆخە لە توانای سەرۆک بە تەنهادا نییە بیخولقێنی ئەگەر هێز و لایەنی دیکە هاوکار و بەشداری نەکەن.

بە چاوپۆشین لە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکەکانی مەکسیک، ئەوان لە ڕێگەی هەوڵی دروستکردنی کۆدەنگییەوە توانیویانە حوکمڕانی مەکسیک بکەن بە کۆبوونەوە لە دەوری حزبی شۆڕشگێڕی دامەزراندن، دەسەڵاتەکانی سەرۆک دەسەڵاتی ڕەها بوون کە لە گەلەوە پێی درابوو، ماوەی حوکمڕانیی شەش ساڵ بوو، بە تەواوبوونی ماوەکەی، سەرۆک لەبیر دەکرێ، ئەمەش بۆ ڕێگەگرتنە لە دروستبوونی دیکتاتۆرییەتی کەسییە.

لە پیادەکردنی ئەم سیاسەتەدا هاوسەنگییەکی فرەڕەنگی سیاسەتی ناوەخۆیی بۆ پێکەوەژیان دروستبووە، تێیدا ڕەگەز و توێژی نەتەوەیی و چەپڕەوی حوکم دەکا،

بەهۆی مێژووی داگیرکاری و دەستێوەردانەکانی ئەمریکا لە مەکسیک، هیچ سەرۆکێکی مەکسیکی ناتوانی ڕووی نیان و خۆشی بە ئەمریکا نیشان بدا. لە ماوەی حوکمڕانیی نیکسۆندا پەیوەندییەکانی مەکسیک و کوبا لەیەک نزیک بوون، بەلای پشتگیری لە هەڵوێستە ڕادیکاڵیەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا دەشکایەوە، لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، ناوە ناوە لەگەڵ ئەمریکا هەڵوێستی بەگژیەکداچوونی نیشان دەدا.

بە درێژایی ئەو ماوەی لە حوکمڕانیم بردەسەر، لویس ئیشفیریا سەرۆکی مەکسیک بووە، ئەوکاتەی وەزیری ناوەخۆش بوو، خۆپیشاندانی خوێندکارانی لە ١٩٦٨ بە شێوازێکی خوێناوی سەرکوت و کپ کرد، بۆیە گومان دەکرا سەر بە باڵی ڕاستڕەوی حزبی شۆڕشگێری دامەزراندنە. ئەمەش وەکو هاوشێوەکانی دیکەی لە سەرۆکانی مەکسیک، ئەگەر بەهۆی توند و سەرگەرمییەوە بێ یان سروشتی ڕەفتارەکانی، ئیشفیریا لە هەموو سەرۆکەکانی پێشتری سەرسەختتر بوو، بۆ پشتگیری لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم.

لە کۆبوونەوەیەکی فەرمانبەرانی وەزارەت لە ١٠ی کانونی دووەمی ١٩٧٥، توڕەیی خۆم بەرانبەر بە هەڵوێستەکانی ئیدارەی سەرۆک ئیشفیریا دەربڕی:

مەکسیک- هۆکارێک هەیە بۆ ئەوەی سەرۆک ئیشفیریا بەم شێوە باڵی چەپ دەلاوێنێتەوە. ئەگەر مەبەستی کوبا نەبێ، ئەمە بەڵگەیەکە (ماف و ئەرکی ئابووری) بەردەوام وەرچەرخان هەبووە لەسەر دژایەتییکردنی ئەمریکا، ئەگەر وابێ دەبێ لە داهاتوو دان بە کاسترۆشدا بنێین و لە کوزومیل چاوم پێی بکەوێ. ئەمانە ئەو هەڵوێستانەی ئیشفیریان کە لێی ناڕەحەتین، هەرچەند هەفتەیەکە و پێی وایە کە پێویستی چەپەکانە، بەڵام کە سەرۆکەکانی مەکسیک بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن بەرانبەر بە چەپەکان، ئیتر پێویست ناکات لە گوتارەکانیان بە شان و باڵیاندا هەڵبڵێن، بەڵام ئیشفیریا وانییە، هەرکە ئەرکێک پەیوەندیی بە پەیوەندییە دووقۆڵیەکانەوە بێ، بە کردار هەڵوێستێکی ڕازیکردن دەنوێنی، ئەو دیدارانەی لە سەردەمی سەرۆک نیکسۆن و فۆرد لەگەڵ سەرۆکی مەکسیک ئەنجامدران بە ئامادەبوونی من بوون.

وێڕای هەستی ناڕەحەتی و توڕەیی لە هەردووک لا، پەیوەندییەکانی دوو قۆڵی نێوان مەکسیک و ئەمریکا لە سەردەمی نیکسۆن و فۆرد پەیوەندیی خۆش و بنیادنەر بوون. بەڵکو هۆکارەکەی بۆ ئەو دەستکەوتە دراماتیکیانە بگەڕێتەوە، کە من و نیکسۆن گفتوگۆکانمان پێی تامەزرۆکردن بەو ئومێدەی ڕێگە چارەیەک بۆ کێشەکانی مەکسیک بدۆزینەوە، بێ ئەوەی دیارکەین ئەو ڕێگەچارانە چین.

پەیوەندییە خۆشەکانی نێوان ئێمە و سەرۆکەکانی مەکسیک ڕەنگیان دایەوە سەر ئارەزوەکانی ئیشفیریا بۆ نزیک بوونەوەی لێمان و هەستکردنی بە بەرەژوەندییەکانی مەکسیک. وێڕای گوتارە بەدەنگ و دۆڵەکانیان، ئەوان درکیان بە چارەنووسە تێکهەڵکشراوی هەردوو وڵاتەکە دەکرد، دیارە ئەوان بە ڕووداوەکانی ڕابردوو و نابەرانبەری ئاست و پێگەی وڵاتەکەیان لەگەڵ ئەمریکا خۆشحاڵ نەبوون. هەموو جارێک بە یاریدەدەرەکەمم دەگوت هەرکاتەی ڕاباسان بڕیاری سەردانی دا، ئەوا بە مسۆگەری کارێکی نەشیاوی ئەنجام داوە، بەڵام زۆرکەم ئەم بێزارکەریانە گەیشتونەتە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوە، دانوستانکارانی مەکسیکی سنوری گوتارەکانیان دەزانین، تەنانەت ئەگەر هەستی شانازیش ڕێگر بووایە ئەوان لە سنورەکە دەر نەدەچوون. لە نێو یانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دۆخەکان جودا بوون. لە ١٩٧٥ مەکسیک لە بەرژەوەندی ئەو بڕیارە دەدا، کە زایۆنیزم بە شێوەیەک لە شێوەکانی ڕەگەزپەرستی دەناسرێ، ئەمەی لە بڕوا پێبوونەوە نەبوو تەنها بۆ ئەوەبوو بیسەلمێنی کە ئیدارەی ئیشفیریا لە باوەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا نییە، سەرۆکی مەکسیک هەوڵ و توانایەکی زۆری لەپێناو ئەوەدا پشتگیری لە دەستپێشخەریەک بکا، کە دراوەتە نەتەوە یەکگرتووەکان و بریتییە لە بانگخوازی (بەڵگەنامەی ماف و ئەرکە ئابوورییەکانی نێودەوڵەتی)، کە داوای یەکسانی و دادپەروەریی لە دووبارە دابەشکردنەوەی داهاتەکانی جیهانیی دەکا. لە کاتێکدا ئیشفیریا بە ناڕەزایی و بەرنامەی ئەلتەرناتیفی ئێمەی دەزانی، بەڵام ئەو ئەم پێشنیارەی لە دانیشتنی کۆمەڵەی گشتیی لە کۆتاییەکانی ١٩٧٤، خستەڕوو و ئێمەش ناچاربووین دەنگمان لە دژی دا. ئەمەشی هەر بۆ ئەوە بوو نیشانی بدا، مەکسیک خاوەنی سەربەخۆیی بڕیارەکانییەتی.

ئەوەی سەیر بوو ئیشفیریا هەڵوێستەکانی ئێمەی بەلاوە گرنگ نەبوو. بە نزیک بوونەوەی ماوەی سەرۆکایەتی، ئەوەی تووشی شۆکیکردن ئەو داوایەی بوو لە ئەمریکا، کە پشتگیریی لێ بکەن بۆ پالاوتنی بۆ پۆستی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، بیانووی ئەوە بوو دەبێتە قسەکەرێکی پاک بە ناوی جیهانی سێیەم. لام سەیر بوو ئەو ڕاستییانەی لەبیر خۆی بردۆتەوە، کە پێشتر بە هەڵوێستەکانی دژی ئێمە لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەری بڕیوە، ئێمە وەڵامەکەمان بۆ دوای کۆتایی ماوەی سەرۆکاتییەکەی هەڵگرت. بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوانمان بێ ڕووبەڕوو بوونەوە.

هەرکەسێک لە سیاسەتی نێودەوڵەتیی خوێندبێ، ئەو ڕاستییە دەبێ بزانێ کە مەکسیک بۆ ئەمریکا وەکو هەر دەوڵەتێکی دیکە نییە، لە بەرژەوەندی ئێمەشدا نییە هانی توڕەیی و بێزاریەکان بدەین، بۆ نانەوەی ناکۆکیی لەگەڵ دەوڵەتێکی دراوسێی خاوەن سەد ملیۆن دانیشتوان، هەر سەرۆکێکی ئەمریکا هەست بە پێویستی دروستکردنی پەیوەندی دەکا لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتە دراوسێیە.

لە کۆتایی ١٩٧٦ کاتێک مەکسیک ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی دەبێتەوە، یاریدەدەری وەزیری گەنجینە ئیدیو بە سەردانێکی ئاشکرا دەگاتە مەکسیک و ئەم ئامۆژگاریەیان پێ دەدا:

لە بیرت بێ وەکو دۆست مامەڵە لەگەڵ (ئیشفیریا) بکەیت، پێویستیەکانی ناوەخۆیی هەردوو وڵاتەکە ئەو زەرورەتانە ناگۆڕن، کە پشت بە یەکتری ببەستن گرنگی خۆشگوزەرانی پەیوەندییەکانیش بە هەمان شێوە، بەڵام قورس بوو، بتوانرێ لە ڕێگەی بەرنامە و نەخشەکانەوە ئەم پشتبەستنە دەبڕێ. پێویستی بە کۆمەڵێک دیالۆگ و پرس بەیەکتری کردن هەیە، هەر لە ئاوی سوێری ئاودانەوە تا دەگاتە پرسی کۆچبەری. بەڵام دەبێ چاوەڕوان بین تا جۆرج بۆش و کارلوس سالیناس دی گورتای دەگەنە سەر حوکم بۆ ئەوەی ڕێککەوتنێکی بازرگانی ئازاد لە ئەمریکای باکوور واژۆ بکەن (NAFTA)، کە پرۆژەیەکی بەسوودە لە ڕووی بازرگانییەوە بۆ هەردوو وڵات.

وەزیری دەرەوەی ئیشفیریا، ئیمیلور ئاباسا- پاریزەرێکی دانیشگەیی بوو، بە شێوەیەکی دیکە ڕەفتاری کرد، هەوڵی دروستکردنی پردێکی دا لە نێوان دووری گوتاری سەرۆکەکەی و پێزانینی، بەوەی سنورێک هەیە بۆ قبوڵکردن لە ئەمریکا، لە پێناو ئەمەدا پەیوەندیەکانی لەگەڵ من خۆش کرد و پەرەی پێدان. هەرچەندە سەرەتا بە هۆکارێکی تەکتیکی ئەم پەرەپێدانە دەکرێ، بەڵام دواجار دەگاتە ئاستێکی خۆش لە هەردووک لا.

لە ١٩٧٢ کاتێک بە سەردان لە ئاکابول بووم، ئەو هاتە دیدارم و یەکتریمان بینی. هاتنەکەی بۆ مەبەستی باس لێوەکردن بوو لە کێشەی مەکسیک،کە بریتیی بوو لە زیادەی ئاوی سوێر لە ڕووباری کولورادۆ، کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بۆیان دەهات و ئەوان بۆ مەبەستی کشتوکاڵی بەکاریان دەهێنا، دیارە ئاوی سوێریش دەبی بپاڵێورێ ئەگینا بۆ کشتوکاڵ بەکار نایەت، ئەمەش لەگەڵ پەیماننامەی ١٩٤٤ ناکۆکە کە ڕووزفلت واژۆی لەسەر کردووە، من هیچم لەسەر ئەو بابەتە نەدەزانی، بەڵام پەیمانم پێی دا بەدواداچوونی بۆ بکەم، کاتێک گەڕامەوە بە وەزیری دادی سەردەمی ئەیزنهاوەر(هیربرت براونیل)م ڕاگەیاند، ڕەشنووسێکی ڕێککەوتن لەگەڵ مەکسیک دارێژن، بە شێوەیەک لە بەرەژەوەندی نیشتمانیدا بێت، براونیل زیرەکانە توانیی لە ١٩٧٤، ئەم کێشەیە چارەسەر بکات.

ڕاباسا تامەزرۆی ئامادەبوونی (دیالۆگی نوێ) بوو، کە لە شاری مەکسیک دەبەسترا، بۆ مەبەستی جوانکردنی وێنەی سەرۆکەکەی و خۆشکردنی نامەی پشت پێبەستن بوو لە نێو دەوڵەتانی ئەمریکی. من ڕازی بووم چونکە پێم وابوو ڕاباسا خۆپاریز دەبێ، چونکە خاوەن ماڵە، مەبەست لە (دیالۆگی نوێ) تێپەڕکردنی بەرگی گوتارە دەنگە ناوازەکان و دۆزینەوەی بنکەیەک بوو، بۆ نزیک کردنەوەی هاوبەش لە نیوەی ڕۆژئاوای دونیا. دیارە مەکسیک نموونەی ئەو بەرەنگاریە بوو، تاقی کرابووەوە، دەرفەتی باشی هەیە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری.

## کۆنگرەی تلاتیلۆلکۆ (Tlatelolco)

وەزارەتــی دەرەوەی مەکســیک تــا ئێســتا لە لێــواری پــایتەختە، بە نــاوە ئەزتیکـیەکەیە کـۆنەکەیەوە دەناسـرێتەوە (تلاتیلۆلکـۆ)، دەکـرێ ئاسـەواری سـەردەمی ئەزتیکییەکان لە پەنجەرەی چێشتخانەکەوە ببینی. بە هـۆی گرنگـی ئەو کۆبـوونەوە بـۆ دانانی نەخشەیەک، بەر لە چەند هەفتەیەک بانگێشتی گەورە ئەندامانی کۆنگرێسم کـرد: کـارل ئەلبیرتـی سـەرۆکی کـۆنگرێس و سـەرۆکی لیـژنەی لاوەکیـی کاروبـاری ئەمریکـای لاتینی لە ئەنجومەنی نـوێنەران، دانتـی فاسـیل و گرنگتـرین ئەنـدامی کەمینەکـان ولیـام میلیارد و سەرۆکی زۆرینە لە ئەنجومەنی پیران مایک مانسفیلد و سەرۆکی کەمینە هوگ سکوت و سەرۆکی لیژنەی لاوەکیی ئەمریکای لاتـین لە لیـژنەی پەیوەنـدییەکانی دەرەوە گیل مکگی.

خاوەن خوانە مەکسیکییەکانمان بـایەخێکی ئـەوتۆیان بە پێشـنیارەکەی ئەمریکـا نەدا، کە دانیشگایەکی یەکگرتوو بوو، هەموو ئامادەسازیەکان کرابوون، بۆ ئەوەی نیشان بدرێ، کە ئەم کۆنگرە جۆرێکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەوڵەتانی ئەمریکـای لاتـین لەگەڵ ویلایەتە یـەکگرتووەکانی ئەمریکـا، لە دانیشـتنی کـردنەوەدا، دوو لە وەزیرانـی دەرەوەی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی یاوەری سەرۆک ئیشفیریا بوون بۆ ناو هۆڵەکە، دوای ئەوەی ئیشـفیریا کـردنەوەی کـۆنگرە ڕادەگەیەنــێ، وەزیـری دەرەوەی کۆلۆمبیـا ئەنجامەکـانی کۆبــوونەوەی بوگوتــا ڕادەگەیەنــێ، دەنــگە کــزەکەی ڕازی بــوونی ئەو هەســتەی پــێ نەشاردرایەوە کە چەند داواکاریەکی یەکلایەنە لە ئەمریکا ڕاستیان هەیە.

لەمیانی دووپاتکردنەوەم لە دەستەواژەی کۆمەڵەی هاوبەش لە ناوچەی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا وەڵامم دایەوە:

لە سەدەی نـۆزدەهەم و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم، ویـلایەتە یـەکگرتووەکانی ئەمریکـا ڕایگەیانـدوە کە ئەو دەوڵەتــانەی لە دەرەوەی نیــوەی ڕۆژئــاوای دونیــان، ئەو

کارانەی بۆ دیاریکردوون، کە نابێ لە دەرەوەی سنورەکانیان بیکەن، لە سیەکانیش ئەو پەیمانەماندا، کە ئەمریکاش بەهەمان شێوە ئەوە نەکات.

ئەرکی ئێمە لەم دیدارە لە گرنگیەکانی مەزنترە، بەڵکو خشتەی کارەکانیشی بریتییە لە دیاریکردنی ئاڕاستەیەکی هاوبەش و دانانی ئامانجێکی نوێ بۆ هەوڵەکانمان، بۆیە خۆمان لە ڕووبەڕووبوونەوە دوور خستۆتەوە، ئەگەر پێویست نەکا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەموو وەڵامەکانی هەبی، ئەوا پێویست ناکا داوای چوونە ژێرباری هەموو بەرپرسیارێتییەکان لە ئەمریکا بکرێ، دەبا هەموومان بگەینە پابەندیەکی نوێی گروپی ئەمریکای هاوبەش.

دواتر بەرنامەی ئەمریکام پێشکەش کرد کە لە شێوەی جەدەلێکی فەلسەفی لە نێو حکومەتی ئەمریکا بەڕێوە چووبوو، من پێشنیاری (دیالۆگی نوێ)م کردبوو بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی تایبەتی نوێ لە ناو دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا، لەسەر ئاستی دەستەواژەیی/بیردۆزی. هاندەرەکە بەرگریکارانە و بنیادنەرانە بوو، بەرگریانە بوو، چونکە ئێمە نەماندەویست ڕێککەوتنێک لە نێوان بەرهەمهێنانی کالآ ئەنجام بدری بۆ بەرزکردنەوەی نرخەکانیان.

بنیادنەرانە بوو، چونکە مەبەستمان بوو ئەلتەرناتیفێک بۆ سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوە بدۆزینەوە، کە یانەکانی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم هانی دروستکردنی دەدەن. لە کۆبوونەوەی بەرپرسانی دەرەوە و گەنجینە ئەوانەی کاریان لە پەرەپێدانی بەرنامەی کۆنگرەی تلاتیلۆلکۆ دەکرد، تێیدا ستراتیژیەکانم بەم شێوە کورتکردنەوە:

ئەوەی لێی دەترسم ئەوەیە دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین بەرەو دەوڵەتانی بێلایەن بشکێنەوە، دەکرێ بۆ ئەو بەلادا شکانە لێکدانەوە و مانای خۆی هەبێ، دەمەوێ ئەو هەستە بە دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین بدەم، کە پەیوەندییەکی تایبەتیان لەگەڵ ئێمەدا هەیە، دەمەوێ لە مەکسیک شتێک بڵێم کە گرنگیەکانمان بە ئەمریکای لاتینی نیشان بدا.

نوسینگەی ئەمریکای لاتینی لە وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی گەنجینە ئەم نزیک کردنەوەیان بە پێویست نەدەزانی.

بە پێچەوانەی نوسینگەی کاروباری ئەفریقیا لە وەزارەتی دەرەوە ، کە دەستی بەکار نەکردبوو تەنها لەگەڵ پاشەکشێی بڵاوبوونەوەی داگیرکاری لە ئەوروپا نەبێ، نوسینگەی کاروباری ئەمریکا خاوەنی ئەرشیف و ئەزمونێکی دوور و درێژە، کادیر و پسپۆڕی بە توانا لەخۆ دەگرێ.

نوسینگەی ئەمریکای لاتینی ئامادەبوو دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی لە نیازەکانی ئاگادار بکاتەوە، بەڵام بەو ئاستە نا کە جوڵەکانمان سنوردار بکا.

پرسە گرنگەکە سیاسەتی ئەمریکا بوو لە مەحافلی نێودەوڵەتی، کە قەیرانی وزە و جیهانیی نوێ ببوونە پرسێک؛ لێدەرچوونی ئاستەم بوو. ئایا باشتر وابوو بۆ هەر پرسێک بە جودا پشتگیری و ڕێکخستنمان هەبێ، یا باشتر وابوو هەموویان وەکو یەک پاکێج کۆ بکەینەوە؟ وەڵامەکە بەشێکی لەسەر تێگەیشتنی دەستەواژەی سیستەمی جیهانیی نوێ بوو، وەزارەتی گەنجینە، نوێنەرەکەی یاریدەدەری وەزیر (بوول فولکەر) بوو.

من دەزانم سیاسەتی باڵباڵێن ناکۆک بوو، لەگەڵ ئەوەی ئێمە تا ئێستا پیادەی دەکەین، ئەوروپییەکان کوتلەیەک پێکدێنن، پەیوەندیی تایبەتیان لەگەڵ زۆربەی دەوڵەتاندا هەیە، داوای قەرەبووی زیانەکانمان بکرێتەوە، کە بەر بەرژەوەندییە بازرگانییەکانمان کەوتوون. بەڵام ئەمە تەنها کارێکی خۆپارێزی بوو. ئێمە تاقە دەوڵەت بووین کە مابووینەوە، ئەمەش لە بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانەدایە، کە مەبەستیانە کوتلە پێکبێنن.

ئیشفیریا بانگێشتی وەزیرانی دەرەوەی کرد بۆ خوانێک لەسەر مێزێکی چوار گۆشەی مەزن لە شوێنی نیشتەجێ بوونیان. خشتەی کارەکان بریتیی بوون لە ئاڕاستەکردنی کۆمەڵێک پرسیار لەلایەن وەزیرانی دەرەوەی بەشداربوو لەسەر مانای گوتارەکەم.

ناتوانم بڵێم کاردانەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەمریکای لاتینی لەسەر وەڵامەکانم بەسۆز بوون، تەنها هاوسۆزیان بۆ زۆربەی پێشنیارەکانم دەربڕی، ئەوە نەبێ هەندێکیان تێبینیان لەسەر چارەسەری کێشەکان هەبوو لە ترسی دەستوەردان لە کاروباری ناوەخۆ. لەسەر دەستەواژەی (گروپ) ترسیان هەبوو وەزیری دەرەوی فەنزویلا لەسەر ئەم دەستەواژە و گوتی ئاخۆ ئەم دەستەواژە بەمانای دامەزراندنی دامەزراوە دەگەیەنێ، یان ئەوەتا دەستەواژەیەکی نوێیە بۆ ڕێکخستنی کارەکان بەکارهاتووە؟

دیارە ترسیان لەوە هەبووە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا شێوازێکی نوێی بۆ چاوتێبڕین و خۆسەپاندن دۆزیبێتەوە، لە پێویستی ئامادەبوونم بۆ ئاڵوگۆڕی پەیوەندیەکان ناڕازی بوون.

بە درێژایی ئەو ماوەی لە حکومەتدا بووم دۆستەکانی ئەمریکای لاتینیم گلەییان لە پەراوێزخستنیان هەبوو لەوکاتەوە ئەو دۆستانە پێم ڕادەگەیەنن، کە هەندێک ئەرک هەن دەبێ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرانبەر بە ئەمریکای لاتین بەجێیان بگەیەنێ، بەڵام هیچ لایەکمان ناتوانین بانگخوازی بوونی گرنگیدانێکی تایبەتی بکەین، بێ ئەوەی پەیوەندیی تایبەتیمان نەبێ، کاتێک باس لە ئاڵوگۆڕی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکادا دەکەین، مانای ئەوە نییە داوای قەرەبووی یەکسانی دەکەین. مانای ئەوەیە ئێمە بڕوامان بە پەیوەندییەکی تەندروست هەیە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە یەکتری.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر، دۆستەکانی وەزیرانی دەرەوە وەڵامەکانیان دایەوە، کە پێشنیاری بڵاوکردنەوەیان کردبوو، گوایە بەیاننامەیەکی فەرمییە. وەڵامەکە شێوازی پەیوەندیەکی نوێ پێشنیار نەکردبوو بەڵکو تەنها لیستی ئارەزووەکانی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی بوو، کە زنجیرەیەک لە داواکاریی یەکلایەنەی لە خۆگرتبوو، بۆ هەمواری سیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

بەڵام کاردانەوەکەم وەکو هەموو جارێک کلاسیکی نەبوو. ئەو هەنگاوەم گرتە بەر، کە ئامادە نەبووم گفتوگۆ لەسەر تەنها ڕەشنووسەکەش بکەم. سووربووم لەسەر ئەنجامدانی ڕێککەوتنێک هەماهەنگی و یەکێتی دەستەبەر بکا لە نێوان دەوڵەتانی نیوەی

ڕۆژئاوای دونیا. یا بەیاننامەیەکی ئاسایی بێ تێیدا ئاماژە بدا بەوەی یەکتریمان بینی و دیدارەکانیش درێژەیان دەبێ لە مانگی نیسان لە واشنتۆن. دەرکەوت کە پڕۆژەی (دیالۆگی نوێ) لە یەکەم دانیشتنیدا مەترسیی ڕێگایەکی داخراوی لەسەرە.

وەزیری دەرەوەی بەرازیل (ماریو گیبسون باربووسا) یارمەتیی دا بۆ چارەسەری ئەو کێشە، کە دواتر منیش ڕەزامەندیم لەسەری دا. ئەو وەکو نوێنەری وڵاتێکی مەزن و خاوەن پێگەی تایبەتی پێی باش نەبوو لە ڕێگەی چەند پێشنیارێکەوە ڕۆڵ و پێگەی وڵاتەکەی لاواز بکرێ. بۆیە بەشداری لە (دیالۆگی نوێ) دەکا، بەڵام ئامانجە سەرەکییەکە دەبێ دوورکەوتنەوە بێ لە دەرکردنی بەیاننامە و ڕاگەیاندنی بەدەنگ و دۆڵ و دوورکەوتنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بەر لە دانیشتن، گیبسون باربووسا لە وەڵامی تێبینییەکمدا گوتی دەوڵەتانی عەرەبی بەرهەمهێن تەنها ڕێز لە هێز دەگرن. ئەمەی بە دەستەواژەیەکی ترسناک و گوماناوی گوت (بەڵێ، بەتایبەتی هێز).

وەزیری دەرەوەی بەرازیل پێشنیارێکی زیرەکانەی کرد و گوتی: ڕاستی ڕەخنە و ناڕازی بوونم لە پێشنیارەکان لەسەر ئەوەیە ڕەشنووسی بەیاننامەکە بە زمانی ئیسپانی نووسراوە، ئەم زمانەش درێژ دەکاتەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە نزیکترە لەوەی لە کۆکردنەوە، داوای لە ئینگلیز زمانەکان کرد دەقێکی هاوشێوە بە ئینگلیزی بنووسنەوە، داوای کرد من و وەزیری دەرەوە گویانا (سونی ڕامفال) لیژنەی داڕشتن پێکبێنین. نمایش و داوایەکی سەیر بوو، گویانا لە ڕیزی پێشەوەی ڕادیکالیستەکانی یانەی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم بووە، وەکو هەموو دەوڵەتانی ژێردەستی ئەورووپی لە ناوچەی کاریبی وابوو. گویانا یەکێک نەبووە لە سیستەمی مێژوویی ئەمریکا، تەنانەت ئەندامیش نەبووە لە ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی، ئەمە یەکەم کۆبوونەوەی دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا بوو. دواتر کێشەی سنوری لە نێوان گویاناو فەنزویلا هەبوو. هەڵوێستی خۆشگوزاری ئەمریکا بۆ ئەم دۆخە سوودی دەبێ، لە هەمووی گرنگتر ڕامفال بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر چووبووە ناو ئینگلیزیەوە، زۆر زەوقی بە ڕۆڵی خۆی هات، چونکە سەلیقەی بە ئینگلیزی خۆش بوو، دواجار هەردووکمان توانیمان شێوە

ڕەشنووسێک دارێژین زیاتر نزیکی کەینەوە لە مەبەستەکانی (دیالۆگی نوێ)، مژدەی دواکۆبوونەوەمان بە دۆستانماندا، لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە شوێنەکانمان گرت. دۆستە مەکسیکیەکان و ئەمریکیەکانمان ڕازی نەبوون بەیاننامەی کۆتایی ببێتە گرفت لەبەردەم ئاهەنگ گێڕان بەم بۆنەیەوە. وەزارەتی دەرەوەی فەنزویللا بە بۆنەی کۆتایی کۆبوونەوەکان و بەیاننامەی کۆتایی بە شێوازێکی شایستە ئاهەنگی گێڕا، کە دژی بۆچوونەکانی گیبسون بوون، گوایە زمانی ئیسپانی زمانی ئاشتەوایی و ڕازیکردن نییە.

دوای ئەوە سەرجەم وەزیرانی دەرەوە یەکیان گرت، بۆ کۆکردنەوە و یەکخستنی ڕەشنووسەکان لە یەک بەیاننامەی شایستە:

کۆنگرە لە جودی بەسترا، دوور لە هەڵوێستە کلاسیکییە توندەکان، کە زۆربەی جارەکان دەبوونە گرفت لەبەردەم گەیشتن بە ڕێککەوتن لە نێو یانە و مەحافلە نێودەوڵەتییەکان. بەشداربووەکان وەکو یەکسان قسەی خۆیان کرد بە هەستکردن بەوەی ئەو سیاسەتی لێرە دەردەچێ مانای مێژوویی خۆی هەیە. لەپێناو ئەمەدا دەبێ دان بەوەدا بنێین، کە ئێمە لەبەردەم ساتێکی هەستیاردایین دەبێ خۆمان لە پێناو ئەمەدا تەرخان بکەین، بۆ ئەوەی بگەینە ئاسۆیەکی نوێ و تێگەیشتن و هاوکاری.

وەزیرانی دەرەوە لەسەر ئەوە ڕێکبوون، کە پشتبەستن بە یەکتری بۆتە پێویستییەکی زەرور و داوایەکی مادی و گەوهەری.

بەیاننامەی کۆتایی زۆربەی خاڵەکانی نەخشەکەمانی پەسندکرد، هەرچەندە هەندێکیان لە شێوەی ڕاسپاردە بوون نەک داواکاری، بۆ مەبەستی دیراسە پێشکەش کرابوون، پرسی سزاکانی سەپێندراوی سەر کوبا، کە ناکۆکیی توندی لەسەر بوو. لە خشتەی کارەکان دوور خرابووەوە و لە بەیاننامەی کۆتاییش هیچ ئاماژەیەکی پێنەدرابوو، ئەگەر گروپی دەوڵەتانی ڕادیکالیست بەتایبەت دەوڵەتی (ئەمیلو ڕاسبا) نەبووایە، ئەم سەرکەوتنە بەدەست نەدەهات، هەڵوێستێکی ئاشتییانە بوو بۆ کێشە دوو قۆڵیەکە، لە نێویانیشدا کێشەی ئاوی سوێری کلۆرادۆ.

سەرۆکی زۆرینە لە ئەنجومەنی پیران (مانسفیلد) لە ڕاپۆرتەکەیدا بۆ هاوڕێیانی ئەمەی نوسیبوو:

گیانی کۆمەڵە لە کۆنگرەوە دەردەچێ، (بە بۆچوونی ئەو) ڕاستییەکی گەوهەریە، ئەگەر بە بۆچوونێکی گشتیش نەبێ لە ئەمریکا، بەڵام خزمەتەکانی کۆنگرە سوودی زۆر بوو ، دەنگ و هەستی ڕق لێبوونەوە، کە سەری هەڵدابوو کپ کرایەوە، بەڵام درێژەپێدانی ئەو ڕۆحیەتە، ئەمە پرسێکی دیکەیە.

# کۆتایی دیالۆگی نوێ

دوای کەمتر لە دوو مانگ (١٧-١٨ نیسان) لە واشنتۆن بەدواداچوون بۆ (دیالۆگی نوێ) کرا، کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوە گرێدرا تێیدا ڕەزامەندیان لەسەر دامەزراندنی گروپی کاری بەرهەمهێنان و گواستنەوەی تەکنەلۆژیا درا. نیکسۆن داوەتی وەزیرانی دەرەوەی کرد بۆ خوانی نیوەڕۆ لە کۆشکی سپی، تێیدا گوتاریان خوێندەوە و بەرنامە و دەستەواژەکانی لە تلاتیلۆکۆ نمایش کرابوون پەسندکران.

بەڵام نەمانتوانی خۆمان لە مشتومڕی سەر کوبا دووربخەینەوە، هەروەکو لە تلاتیلۆکۆ توانیمان، زۆربەی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین بێزاری خۆیان پێ نەشاردرایەوە لەو قەیرانەی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکا خستویانەتە سەر ئەو دوورگەیە. بەتایبەتی ئەو قەیرانەی لەلایەن کۆمپانیاکانی ئەمریکیی نیشتەجێ لە ئەمریکای لاتینەوە خراوەتە سەر کوبا. توانیمان خۆمان لە دەنگ لەسەردانێکی فەرمی ڕزگار بکەین، بەڵام ئەوەمان بۆ دەرکەوت، سیاسەتی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکا کە تایبەتە بە سزاکانی سەر کوبا لە کۆبوونەوەکانی داهاتوو ناتوانێ دریژەی هەبێ. زۆربەی دەوڵەتان داوایان کرد، کە هەر دەوڵەتە ئازادبێ لە سیاسەتی سزادان، ئەم هەستەی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین لە گوتاری وەزیری دەرەوەی ئەرژەنتین ( ئەمبیر توفیجیس) هەست پێدەکرا کە گوتی: داوەتی کوبا دەکەین بۆ دانیشتنی داهاتووی (دیالۆگی نوێ)، کە بڕیارە لە بووینس ئایرس لە ئاداری ١٩٧٥ ببەسترێ. منیش هۆشداریم دا ئەگەر کوبا ئامادە بێ و ئەم دانیشتنە بکەنە دانیشتنی فشار خستنە سەر لە پێناو کوبا ئەوا ئێمە ئامادە نابین.

لە پێناو ئەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکا سزاکان فەرامۆش بکەن، ڕەزامەندیمان لەسەر دانیشتنێکی تایبەتی دەوڵەتانی ڕێکخراودا بۆ ئەوەی لەسەر پرسی ئازادبوونی دەوڵەتان لە سەر سیاسەتی سزادان گفتوگۆ بکەین، ئەمەشمان گوت کە ئەگەر ڕێکخراو سزاکانیش هەڵگرێ ئەوا ئێمە ئەو سزایانە لەسەر دەوڵەتی کوبا

هەڵناگرین کە پشتگیریی لە تێکدانی جیهان دەکات. لە پەیوەندییەکانی دا لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت و لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکا، کە لە تشرینی دووەمی ١٩٧٤، لە کیتۆی پایتەختی ئەکوادۆر بەسترا لەم هەوڵی هەڵگرتنی سزاکاندا سەرکەوتوو نەبوون. دوای ئەوە زۆربەی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین بەرپرسیارێتی چارەسەرنەکردنی کێشەکانیان لە ڕێگەی فشاری نیودەوڵەتی خستە ئەستۆی ئێمە.

ئەمە بووە مایەی ئەوەی پرسی کوبا لە خشتەی کارەکانی دیداری نێوان دەوڵەتانی ئەمریکا بمێنێتەوە، ئەم پرسە زۆر لە تواناکانی بەهەدەردا، دواجار لە کۆبوونەوەی مانگی ئایاری ١٩٧٥ی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی، داوای دانیشتنێکی تایبەتم کرد بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەمواری پەیماننامەی ڕێکخراو.

یەکێک لەو هەموارانە، پێشنیاری ڕێگەدان بە کۆتاییهاتنی سزاکانی ڕێکخراو کە زۆر زەرورنین و خراونەتە سەر کوبا. ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر ئەو بڕگەیە درا بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ، کە بەناو ناوی کوبا نەهێندرا، ئەوکات سزاکانی سەر کوبا هەڵدەگیرێ.

کادیری نەخشەسازی سیاسەتی سەر بە وەزارەتی دەرەوە، بە سەرۆکایەتیی (وینستون لورد) چەند یاداشتێکی بەسوودی لەسەر ئەم بابەتە پێشکەشکرد. (لویجی ئینودی) پێداگری لەسەر چەند دیاردەیەکی ناکۆکدا کرد، کە تا ئێستا مایەی دابەشبوونی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینە، دەوڵەتانی وەکو مەکسیک و پیرۆ و ئەرژەنتین (دیالۆگی نوێ)یان بۆ مەرامی یەکخستنەوەی کوبا لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە قبوڵ کردووە. کەچی بەرازیل لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆدەکاتەوە، بە هەڵە لێک دەدرێتەوە کاتێک وا تێدەگەن پەیوەندییەکان ئازادی کردار و جوڵە سنوردار دەکا. سەبارەت بە دەوڵەتانی بچووکتری ئەمریکای لاتینی، سیستەمی ڕێکخراو بۆ ئەوان تا ئەوکات وەکو پارێزەر و پاسەوان وابوو لە دژی دەستدرێژی دراوسێ زەبەلاحەکان و ویلایەتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕاپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوە ئەم دۆخەی بەم شێوە باس لێوە کردووە:

ڕاستیی سەپێندراو ئەوەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تاقە دەوڵەتە لە نیوەی دونیای ڕۆژئاوا توانای هێشتنەوەی یەکێتیی هەرێمایەتیی هەیە لە دژی یەکتری.

ڕەخنە و دژایەتی دەوڵەتان بەرەو هەڵکشان چوو، هەر ئەمەش بوو پێشبینییەکانمان، فەنزویلا و پیرۆ پێشڕەوی ئەو ناڕەزاتیانەیان دەکرد کە هەردووکیان ئەندامی ئۆپیک بوون، ڕاشکاوانە ناڕەزاتیەکانیان دەردەبڕی، سەرۆکی فەنزویلا بە ئاشکرا ئەو یاسایەی بە دوژمنکاری دایە ناسین و گوتی کارێکە لە کارە دوژمن کاریەکانی ئابووریی و فشاری سیاسی، بە پێشێلکارییەکی مەزنی پەیماننامەی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی دەزانی، ئەکوادۆر هەڕەشەی بەشدارنەبوونی لە کۆبوونەوەکانی وەزیرانی دەرەوە کرد، کە بڕیار بوو لە ئادار لە بووینس ئایرس ببەسترێ، حاکمی سەربازی پیرۆی چەپڕەو (فیلا سکو ئەلفارادو) پێشنیاری بێبەشکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەرمیکای لە (دیالۆگی نوێ) کرد، وەکو ڕەتکردنەوە و ڕەزامەندنەبوونی لەسەر یاساکە و سیاسەتی ئەمریکا ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکاشی بە تێوەگلان لە کاری تێکدەری ناوەخۆی تۆمەتبارکرد. بەرازیلیش هەڕەشەی ڕێکاری خۆپارێزیی کرد. پەنەما و مەکسیک ڕەخنەی توندیان لە یاساکە گرت، فەنزویلا و ئەکوادۆر داوای کۆبوونەوەیەکی تایبەتی ئەنجومەنی هەمیشەیی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکا کرد، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر یاسای بازرگانی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەریکردووە، مایەی گاڵتەجاری بوو یاسای بازرگانی توانیی ئەمریکای لاتینی بە شێوەیەک یەکخا، باشتر لە یەکبوونیان لە (دیالۆگی نوێ). لە ڕێگەی دەنگدان لە ئەنجومەنی هەمیشەیی سەر بە ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی (ئەمریکا لێی ئامادە بوو) . تێیدا بیست دەنگ بەرانبەر بە هیچ لێی کۆکرایەوە لەسەر ناساندنی یاسای بازرگانی بە (تەرەفگیر و ڕق لێبوونەوە)، کە دژی مەرجە گەوهەرییەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکییە. لە هەمان کات هەریەک لە فەنزویلا و ئەکوادۆر بڕیارە بایکۆتی کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوە

بكەن، بەهۆی دوورخستنەوەی كوباوە، كەچی چیلی زۆر بە ئاشكرا ڕایگەیاند ئەگەر كوبا بەشداربێ ئەو بایكۆتی دەكا.

لە ئەنجامی ئەو ئاژاوە و شاشیەدا حكومەتی ئەرژەنتین لە كۆتایی مانگی كانونی دووەمــی ١٩٧٥، هەڵوەشــاندنەوەی كــۆنگرەی ڕاگەیانــد. لە پێنــاو هەنــدێک ســوودی سیاسیس لە چەپڕەوەكان ڕایگەیاند، كە هەڵوەشاندنەوەی كۆنگرە وەكو نەڕەزایەتییە لە یاسای بازرگانی، وەكو پێداگری لەسـەر بڕیـارەكەی ڕایگەیانـد، كە هەركاتێـک ویـلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكـا ئەو بڕگـانەی لە یاسـای بازرگـانی هەڵوەشـاندەوە، كە زیـان بە دەوڵەتانی ئەمریكـای لاتینـی دەگەیەنـێ، دەكـرێ گفتوگۆكـان بەردەوام بـن. بە درێژایـی سـاڵێكی تەواو سیاسـەتی ئەمریكـای لاتـین ببـووە جەختـی چڕكـردنەوەی سـەرەكی بـۆ سیاسەتی دەرەوە. نزیكەی پێـنج جـار لەگـەڵ هاوڕێیـانم وەزیرانـی دەرەوەی دەوڵەتـانی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا كۆبوومەوە، سەرباری چەنـدین دیـدار و گفتوگـۆی تاقەكەسـی. لە ئاداری ١٩٧٤ خـاتو نیكسـۆن سـەرۆكایەتی شـاندی ئەمریكـای كـرد، بـۆ ئامـادەبوون لە ڕێوڕەسـمی دانـانی سـەرۆک كـارلوس بیریـز لە فەنـزویلا و سـەرۆک ئەرنسـتو گیزیـل لە بەرازیل. وەزیری گەنجینە جورج شولتز سەردانی هەردوو دەوڵەتی كـرد، جـگە لە چیلـی بـۆ گفتوگـۆ لەسـەر ژمـارەیەک لە دەستپێشـخەریی ئـابووریی و بازرگـانی، بـاڵوێز ولیـام ئیبیرل نوێنەری بازرگانی ویـلایەتە یـەكگرتووەكانی ئەمریكـا، سـەردانی یـانزە دەوڵەتـی ئەمریكـای لاتینیـی كـرد بـۆ دووپـاتكردنەوەی پەیمانەكانمـان و زانینـی بۆچـوونی ئەو دەوڵەتانە لەسەر دانوستانەكانی بازرگانی فرەلایەن.

وێـڕای ئەو هەمـوو دەستپێشـخەریانەمان، دراوسـێكانمان لە دەوڵەتـانی نیـوەی ڕۆژئاوای دونیا لەسەر هەڵوێستی خۆیان سووربوون لە دژایەتییكردنی یاسای بازرگانی و هەماهەنگیان لەگەڵ پەنەما لەسەر فشارەكانی بۆ چارەسەری پرسی كەناڵی پەنەما.

لە كۆتایی یاریدەدەری وەزیری دەرەوە ولیام ڕووجز بەم شێوە پرسـەكەی كـورت كردەوە:

ئێوە هانمان دەدەن تا ئەمریکا زیاتر بەدوای ئەوەدا بگەڕێ ڕێگە چارەیەک بدۆزێتەوە بەپیر پێشنیارەکانی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتیندا بچێ، شتێک کە نیوەی ڕۆژئاوای دونیا یەک بخا لە پێناو ئامانجێکی نوێی هاوبەشدا، بەڵام ئێمە پێشنیارێکی لەو بابەتەمان بەرچاو نەکەوت، کە بە ڕاستگۆیی پێتان بڵێین ئەمە پێگەیشتووە و پێشکەشی دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا بکەین و ئەو دەوڵەتانەش ئامادەبن گوێ لە ئەمریکا ڕابگرن.

دەرکەوت گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ئەرزیەتێکی گونجاو و هاوبەش و خشتەیەکی کار بۆ دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین و کاریبی تێیدا نەخشتەی کار و گوتارە بریقەدارەکان تێپەڕ بکەن، کارێکی زوو بوو. زۆربەی حکومەتەکان ستەمکارن حزبە مارکسیستەکان کاریگەریان لەسەر سیاسەتی سەرەکیی دەوڵەت هەیە، جێبەجێکردنی دەستەواژەی گروپی هاوبەشی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا، کارێکی ئاستەم بوو، پێویست بوو هەموویان بەرگریی لە دیموکراسییەت بکەن لەگەڵ دۆزینەوەی ناوچەیەک بۆ بازرگانی ئازاد لە نیوەی ڕۆژئاوای دونیا تا ساڵی ٢٠٠٥، لە چاوەڕوانی دوو هۆکاردا بووین:

١/ تا ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکیی بتوانێ بەرنامەیەکی نوێی ئاسایشی بەکۆمەڵ لە ماوەی ویلایەتی بووش داڕێژن.

٢/ تا لوتکەی میامی لەگەڵ سەرکردەکانی هەرێمی لە کانونی یەکەمی ١٩٧٤ ببەسترێ. لە ماوەی ویلایەتی کلنتون، دیالۆگی نوێ مۆژدەی بیرۆکەیەکی دەرنەکەوتووی دا.

## ٢٤

# بەرازیل و چیلی و یەکڕیزی، نیوەی ڕۆژئاوای دونیا

لە دوو ساڵی دوایی لە سەردەمی حوکمڕانیی سەرۆک فۆردا. کەلێنی نێوان پەیوەندییەکانی دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا بە شێوەیەکی نائاسایی زیاتر دەبێ. گفتوگۆکانی ئاشکرا پڕبوون لە هەڵبەستنی تۆمەت بۆ یەکتری: لە لایەنی ئەمریکای لاتینەوە دژی یاسای بازرگانیی ساڵی ١٩٧٤ و ڕیسواکردنی چالاکییەکانی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکی لە ئەمریکای لاتینی، لە لای خۆشمانەوە هەستمان بە نائارامیی دەکرد لە هاتنە ڕیزی فەنزویلا و ئەکوادۆر بۆ ناو ڕێکخراوی ئۆپیک و تورەیی لە دەنگدانی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی لە بەرژەوەندی بڕیارێک تێی دا (زایۆنیزمی وەکو شێوەیەک لە شێوەکانی ڕەگەزپەرستی دایە ناسین)، کە لەلایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ١٩٧٥ دەرکرا.

هەر ئەوکات گفتوگۆ فەرمییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچەکە، نیانتر و بەجۆشتربوون لەوەی لەگەڵ دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکان و بەڵکو لەگەڵ هاوپەیمانانیش. لە یەکی نیسانی ١٩٧٦ لە ناتۆ لەبەردەم ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی پیران دوای گەشتیی ئەمریکای لاتینم ئاماژەمان بەو جیاوازیەدا:

دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین لە ناوەوە پاداشتی دژایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەردەگرن. کەچی لە هیچ شوێنیک بەقەدەر ئەوێ هەست بە ئارامیی ناکەم، جیاوازیەکە ئەوەیە ناتوانین ئەوەی بمانەوێ بیکەین، بەڵام ئێمە گروپێکی هاوبەشین. دەوڵەتانی کاریبی بەشداریان لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکیدا کرد، وەکو لایەنێکی نامۆ مامەڵەیان دەکرد. کەچی لەگەڵ دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین ئێمە هەست

بەوە دەكەیـن، كە یەک خـانەوادەین، تەنـانەت لە پیـرۆ (ئەوكـات لە ژێـر دەسـتی دەسەڵاتێكی سەربازیی ڕادیكالیستدا بوو).

لەمیانی سەرۆكایەتی فۆرد، كات و توانـایەكی زۆرم بـۆ نیـوەی ڕۆژئـاوای دونیـا تەرخان كرد، سەرەڕای ئەوەی دەوڵەتانی ئەمریكای لاتینـی بەزمـانی بەرەنگـاربوونەوەی ڕاسـتەوخۆ ڕووبەڕوومـان دەبـوونەوە، هـیچ سوودیشـی نەبـوو. نـاوە نـاوە بەشـداریان لە كـۆنگرەی نێـودەوڵەتیی نێـوان دەوڵەتـانی پیشەسـازی و دەوڵەتـانی تـازە پێگەیشـتوو دەكــرد، كە پێــی دەگــوترا سیســتەمی ئــابووریی نــوێ، بەڵام بە دەگــمەن ڕۆڵــی یەكلاكەرەوەی دەگێڕا، چونكە یاریكەری سیاسیی نەبوون.. (دیـالۆگی نـوێ) دەریخسـت ئەستەمە بگەیتە یەک دەستەواژە بۆ پەیوەندییەكانی نێوان دەوڵەتـانی نیـوەی ڕۆژئـاوای دونیا. پەیوەندیەكانیان مانایەكی دیكەی دەبەخشـی ئەوان چەنـدین جـار ڕەخنەیـان لە جێبەجێكردنـی (ویلسـنیزم) دەگـرت لە پێنـاو ئامـانجی تـایبەتی خۆیـان و پیـادەكردنی سیاسەتێكی تایبەتیان.

هەڵەیەكی گەورە بوو مـامەڵەكردن لەگەڵ (ویلسـنیزم) بە هەوەسـێكی تـایبەتی چەنـد بیرمەنـدێكی ئەمریكـی پیـادە بكـرێ. لەبـاتیی ئەوە، ئەو دەربڕینێكـی خۆرسـک و زگمـاكی بـوو بـۆ دامەزرانـدنی كۆمەڵگـەیەک بەهـۆی كـۆچبەرانەوە دروسـت بكـرێ، كە بڕوایان بە ئازادی و دادپەروەری گشتگیری هەیە. لە پێناو جیاكردنەوەی كۆمەڵگەكەیان لەگەڵ كولتوور و ڕەفتارەكانی دونیای كـۆن. سیسـتەمێكی جیهـانی، كە لەسـەر بنەمـای بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی دامەزرابـێ نـاتوانێ درێـژەی هەبـێ و وەكـو شـارێكی سـەر گـرد بدرەوشێتەوە.

لە زۆربەی شوێنەكانی دونیا هیچ بژاردەیەكی دیكەمان نییە، جگە لە پیادەكردنی دبلۆماسییەتیی (دونیای كـۆن) نەبـێ، بەڵام پەیوەنـدییەكانمان لەگەڵ نیـوەی ڕۆژئـاوای دونیا و ئەوروپای ڕۆژئاوا دەقێكی ئاڵۆز بوو لە (ویلسنیزم)، كە باشترین بژاردە بوو بـۆ ئێمە لە گەلێک ڕووەوە، بە نموونە لە هەردووک ناوچە ئاستەم بوو جەنگ لە نێـوان دوو وڵاتی مەزن ڕووبدا، تەنانەت ئەگەر ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ ئێمە نـاكۆكیی و جیاوازیشـیان

هەبووایە ، لەسەر بنەمای بڕوا پێبوون و کۆدەنگی چارەسەر دەکرا. دیارە هێڵی جیاکردنەوە لە نێوان ئەو دوو حاڵەتە جێگیر نییە و هێزی زەبەلاحی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش ناکرێ لەبەرچاو نەگیرێ، هەرچی پەیوەندییەکانمانە لەگەڵ ئەورووپای ڕۆژئاوا و نیوەی ڕۆژئاوای دونیایە زیاتر پشتمان بە کۆمبوون و ڕازیکردن بەستووە، ئەگەر بەراوردیان پێبکەین بە ناوچەکانی دیکە.

لە کاتی نەهامەتییەکانی هیندی چینی زۆر بە پەرۆشەوە بەدوای ئەو یەکبوون و کۆدەنگییە مۆراڵیەی ئەورووپای ڕۆژئاوا و نیوەی ڕۆژئاوای دونیادا دەگەڕاین، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دوو ناوچەیە وەکو یەک پارچە، هەروەکو بۆمان دەرکەوت زوو بوو.

دەستپێشخەرییەکانی (ساڵی ئەورووپا) و (دیالۆگی نوێ) لە ئەنجامی ئەمە، تێداچوون. لە ئەورووپا لە نزیک کردنەوەی گشتییەوە بازماندا بۆ هەوڵدانی بنیادنانی متمانە، ئەمیش لەمیانەی ستراتیژییەتێکی هاوبەش لەسەر وزە و کۆنگرەکانی لوتکەیی ساڵانە، لەبەر هەمان هۆکار و بەهۆی دیالۆگی نوێ، لە نیوەی ڕۆژئاوای دونیامان پچڕاند بەرەو کۆمبوون لە ڕێگەی دیالۆگی دووقۆڵیەوە هەنگاومان نا.

لە کۆتاییدا وێڕای ڕەخنەکانی ئاڕاستەی ئەمریکا کران، هیچ دەوڵەتێک لە دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی جگە لە کوبا، بوونی پەیوەندیی تایبەتیان لە نێوان دەوڵەتانی دونیای ڕۆژئاوا ڕەتنەکردەوە. لەلای خۆمانەوە لاریمان نەبوو لە پابەندبوون بە هەندێک بەشداریی هەستپێکراو بە ئامانجی هاوبەش.

یانەی جیهانی، کە لەگەڵ دراوسێکانی باشوورمان، لەوێ یەکتریمان دەبینی ئەوان داوای گفتوگۆی نێوان نەتەوەکانی پیشەسازی و تازەپێگەیشتووی باشوور و باکووریان کرد. کە لە نیسانی ١٩٧٥ لە پاریس دەستیان پێکرد، دەوڵەتانی باشوور لیستێکی داواکاریان لە باکوور پێشکەشکرد، کە بەهۆیەوە دەکرا ڕێکارەکانی بازاڕ لە بەرژەوەندی خۆیان بگۆڕدرێ، ئەمە تەنها بەرنامەیەک بوو بۆ ئەوەی دەوڵەت بچێتە نێو بازنەیەکی جیهانییەوە، بەڵام ڕێخۆشکەرەکە پەیماننامەی سەرۆکی مەکسیک (لویس

ئیشفیریا) بوو، کە لەسەر ماف و ئەرکەکانی ئابووریی دەوڵەتان دابووی، شاندی فەنزویلیش ئازایانە بەرگریان لەو بەرنامە دەکرد.

بەرگرییەکی زۆرمان لە دووبارە ڕێکخستنەوەی بازاڕی جیهانیی کرد، ئەمەشمان لە ژێر دەستەواژەی (ئەلتەرناتیفی هاوکاری جیهان)یەوە کرد، لەوە دڵنیابووین ئەگەر ئێمە هەنگاوێک بۆ دیاریکردنی سیستەمی ئابووریی نوێ نەهاوێژین، ڕووبەڕووی دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکان دەبینەوە، کە بە دڵنیایی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینیش دەچنە پاڵیان و دوای ئەوەش ژمارەیەکی دیکەی دیموکراسییەکانی پیشەسازی ئەوانەی تینووی ئەوەن ڕای گشتی بەرەو ئاڕاستەی چەپڕەوان بەرن بەشدار دەبن. لە پێناو دوورکەوتنەوە لەم ئەگەرە، فشارم دروست کرد، تا خشتەیەکی کاری ئەمریکی داڕێژین بۆ هاوکارییکردن لە ڕێگەی دامەزراندنی دەستە و لیژنەی دوو قۆڵی بۆ هەرەوەزی جیهانیی و بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو. هەروەکو لە ئایاری ١٩٧٥، بە سەرۆکم گوت ستراتیژییەتیی ئێمە بریتییە لە نیشاندانی ئەمریکا بە شێوەیەکی پێشکەوتوو، بەڵام ئەمەم بۆ چەواشەکردنی گوت، چونکە من مەبەستم نەبوو بە سیستەمی ئابووریی نوێ ڕازی بم.

ئەم ستراتیژییەتە لەگەڵ بۆچوونەکانی وەزیری گەنجینە (بیل سایمون)ی هاوڕێم ناکۆک بوون، کە سووربوو لەسەر سەنگەرگرتن لەو بیرۆکەی لە کۆشکی سپی لە پشتی دەرگا داخراوەکان گفتوگۆی لەسەر دەکرا. سایمون پاساوی بۆ بۆچوونەکانی ئەوە بوو وەک ئەم دروشمانە ڕاستە ڕواڵەتین، بەڵام مەبەستی بوو بیرۆکەی سیستەمی ئابووریی نوێ لە ڕەگەوە هەڵکێشێ، چونکە لەگەڵ لیژنە دوو قۆڵیەکاندا نەبوو، کە لەگەڵ هەر دەوڵەتە و بەجودا گفتوگۆ بکرێ، بۆیە لە گوتارەکەم ناڕەحەت بوو، ئەو هەڵوێستەش وایکرد پرسەکە بگاتە بەردەم سەرۆک، کە لە ٢٦ی مایسی ١٩٧٥، بە وردی ستراتیژییەتە پێشنیارەکەمم بۆی ڕوونکردەوە:

ئەرکی ئێمە گفتوگۆ دەبێ لەسەر چەند پرسێکی دیار و ڕووداوی دابەشبوونی دەوڵەتانی کەمتر پێشکەوتوو. ئەم ئەرکە لەسەر بنەمای بڕواکانی لاهوتی ئەنجام نادرێ،

دەوڵەتە کەم پێشــکەوتووەکان یەکـدەگرن و پێشــکەوتووەکانیش دابەش دەبــن، ئەگەر ئێمەش ئەوکات ئەمە ئەنجام بدەین حاڵمان باش دەبێ و سوودی بۆ دەوڵەتان دەبێ، بۆ ئەوەی لە دەرەوەی پرۆسەکە نەبین دەبێ ئامادەیی خۆمان بۆ هاوکـاری دەربـڕین، نـابێ بیانخەینە هەڵوێستیک بەهۆی بەرگرییکردن لە یەکرتییەوە یەکبگرن.

سایمون بە شێوازی زۆربڵێیـی خـۆیەوە بەرگرییەکـی تونـدی لە ئەلتەرنـاتیفەکەی کرد کە بریتیـی بـوو لە گـۆڕینی یـانەی فـرەلایەن بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوەیەکی ئایـدیۆلۆژی (زۆر دەوڵەت چاویان لە ئێمەیە بەرگریی لە ڕژێمەکەیان بکەین، ئەگەر ئـێمە بەرگرییـان لێ نەکەین تووشی شۆک دەبن).

ئەو پرسـەی لە مێشـکمدا دەخـولایەوە بەرگریـی نەبـوو لە بڕواکانمـان، بەقەدەر ئەوەی بــژاردەی مەیــدانی شــەڕ بــوو. ڕووبەڕووبــوونەوە لەگەڵ دەوڵەتە تــازە پێگەیشتووەکان لە کولتوور و ستراتیژییەتیی ئێمەدا نییە، باشـترین چارەسـەری ئەوەیە ئەو پرسانەی داوای سیستەمێکی ئابووریی نوێ دەکەن هەڵیانوەشێنینەوە، بە شێوەیەک کە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووە میانڕەوەکان وا بزانن ئەمە یاریەکی مەترسیدارە، زیـان بە بەرەی یەکگرتووی دژ بە دیموکراسییەکانی پیشەسازی دەگەیەنێ.

لە ١٠ ئایاری ١٩٧٥ لەگفتوگۆیەکمدا لەگەڵ وەزیـری دەرەوەی فەنـزویلا ڕامـوس ئاسـکوفار سـالوم ئەوەی لە مێشـکمدا بـوو پێـیم ڕاگەیانـد و بـۆیم ڕوون کـردەوە کە کاردانەوە و ڕەنگدانەوەکان بەچی دەگەن.

کۆنگرەی پاریس لە نێوان باکوور و باشوور، فەنزویلا لە جەزائیرەوە نزیـک بـوو تا لە ئەمریکا. ئەگەر پێوەری دەوڵەتـی پێشـکەوتوو دەوڵەتـی تـازە پێشـکەوتوو ببێـتە مەرجی لەیەک نزیـک بـوونەوەی دەوڵەتـان، ئەوا ڕووبەڕووبـوونەوە مسـۆگەرە و حـوکمی هێــزیش ئامــادەیە، چ زوو چ درەنــگ. مانــای ئەوە نیــیە بەو یەکگــرتنە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان ئفلیج دەبن، ئەوەی هاتە بیرم بایەخدان بوو بە گفتوگۆ لەسـەر بـابەتی زانستی و تەکنەلۆژیـا و سیاسـەت. ئەمەش دەکـرێ لە ڕێـگەی لیـژنە هاوبەشـەکانی دوو قۆڵی ئەنجام بدرێ هەروەکو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیادەکرا.

بوار بۆ پەیوەندیی فەرمیی و نافەرمیی زیاتر والاکرا، ئێمە ناتوانین ئەمە لەگەڵ سەرجەم دەوڵەتان ئەنجام بدەین، بەڵام بیرمان لەوە کردەوە پەیوەندی بە فەنزویلاوە بکەین، کە پێگەیەکی هەستیاری هەیە لە نێو دەوڵەتە پێشکەوتووەکان و دونیای سێیەم. فۆرد ڕێگە چارەیەکی دیکەی دۆزیەوە بۆ پرسی ستراتیژی لە دیالۆگی نێوان باکوور و باشوور:

من تا سەرئێسقان بڕوام بە سیستەمی پڕۆژەی ئازاد هەیە، هەردەم پشتگیریی لێدەکەم، هیچ هۆکارێکی ئەرێنی نابینم بۆ گۆڕین. لە لایەکی دیکەوە بڕوای تەواویشم بە پراگماتیکییەت هەیە. پێم وایە هەندێکجار باشترە بایەخ بە چارەسەری کێشەکان بدەین لەباتیی زمانی داڕشتن. هەرچەندە هەندێک بایەخدان بە وشەکان بۆ چارەسەری کارێکی باشە، من پێم وانییە لە ڕێگەی پەنا بردن بۆ زمانی داڕشتن بتوانین چارەسەری کێشەکان بکەین. بەڵام هەروەکو ڕوونە دەستبەرداری فەلسەفەمان نابین.

سایمۆن بە دڵێکی فراوان شکستی بیرۆکراسیی قبوڵکرد و بووە هاوبەشێکی کارا بۆ گەڕان بەدوای ستراتیژییەتێکی هاوبەش. بەر لە دانیشتنی حەوتەمی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بڕیاربوو لە ئەیلولی ١٩٧٥ ببەسترێ من و سایمون بەیەکەوە کارمان بۆ یەکخستنی کۆمەڵێک پێشنیار کرد؛ پێشنیارمان کرد لیژنەی تایبەتی جودا بۆ هەر بابەتێک لەگەڵ دەوڵەتە سەرەکییەکان پێک بهێندرێ. بە تایبەت سعودیە و ئێران و بەرازیل و فەنزویلا. چونکە دۆست و هاوپەیمانامان لەم پێشنیارەمان سوودمەندبوون ئەگەری ئەوە نەبوو ڕێگریمان لێ بکەن و بە ڕووماندا بوەستنەوە.

گواستنەوە لە نزیکبوونەوەی فرەلایەنییەوە بۆ دوو قۆڵی، هاوکات بوو لەگەڵ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە نیکسۆنەوە بۆ فۆرد. لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی سەرۆکی نوێ لەگەڵ باڵوێزی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی کۆبووەوە، بەڵام بە درێژایی مانگەکانی دواتر خۆی بە شێوەیەکی گەمارۆدراو لەناو کێشە جێماوەکان بینییەوە. فۆرد ناڕازی بوو لەو سزایانەی خرابوونەسەر ئەو دەوڵەتانەی ئەمریکای لاتین، کە ئەندامن لە ئۆپیک لە ڕێگەی یاسای بازرگانییەوە، بەڵام تەواوی یاساکەی ڕەتنەکردەوە.

قۆناغی گواستنەوەم بۆ گۆڕانکاری لە سەرۆکایەتیی نوسینگەی ئەمریکای لاتینـی لە وەزارەتی دەرەوە سوود لێ وەرگرت. هەرچەندە سـەرۆک و ئەنـدامە کۆنەکـان ئەرکـی خۆیان بە تەواوەتـی دەبـرد بەڕێـوە، بەڵام جێگرەوەشـیان کەسـانی زیـرەک و لێوەشـاوە بوون (ولیـام پـی ڕووجەرسWilliam P. Rogers) جێگـرەوەی سـەرۆکە کـۆنەکە مەیلـی لیبرالیزمـی هەبـوو: لە هەڵمەتـی مـاکجفرنی هـەڵبژاردنی سـەرۆکایەتیی ١٩٧٢ سەرۆکی تیمەکە بوو. هەندێک گوتاری ڕۆجەرس سەرنجی ڕاکێشابووم، بەشداریەکانی لە سیاسەتی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا بە ڕۆحیەتێکی ناحزبیانە هێز و توانای پێبەخشـیبووم، لەسەر ئەو بنەمایانە فۆرد ڕەزامەندیی لەسەر ڕاسپاردەکەمدا و ئەو پۆستەی پێ سپارد، ڕۆجەرس شایسـتەی ئەو شـوێنە بـوو، کە تـاقە فەرمـانبەر بـوو لە دەرەوەی وەزارەتـی دەرەوە پۆستی سەرۆکی هەرێمایەتیی لە وەزارەتی دەرەوە دەگرێتە ئەسـتۆ، سـوپاس و ئومێدم بۆ ئەو دۆستە دێرینەم، کە سیاسـەت یەکمـان دەخـا  و هاوکـار و هاوبەشـە لە جێبەجێکردنی سیاسەتێکی داهێنەر لە نیوەی ڕۆژئاوای دونیا .

# یەکەم سەردان بۆ ئەمریکای لاتینی

## فەنزویلا، پیرۆ، کۆلۆمبیا، بەرازیل

هەر کە ڕۆجەرس دێتە ناو وەزارەتی دەرەوە، پلانێکمان لە شوباتی ١٩٧٥، بۆ سەردانی ئەمریکای لاتینی داڕشت. ئاڕاستەی گەشتەکەمان لە فەنزویلاوە بۆ ئەرژەنتین و چیلی و بەرازیل و پیرۆ و کۆلۆمبیا و کۆستاریکا دەستپێکرد، بەمەبەستی نزیک کردنەوەی جەمسەرەکان بوو. لە دوا ساتەکاندا پێویستکرا گەشتەکە دوا بخرێ تا سەردانی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست بکەم، بۆ وەستان لەتەک پرسی دانوستانی سینای نێوان ئیسرائیل و میسر، کە کاتی سەردانییەکەمان دیار کرد دووبارە قەدەرێکی تر خۆی دەکاتە ژوورەوە، هەرەسهێنان لە هیندی چینی بووە ئەگەری مانەوەم لە واشنتۆن، قەیرانی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستیش درێژەی بە مانەوەمدا.


ولیام روجەرس
William p Rogers

لە تەموز دەبووایە لە کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپی ئامادەبم، لە ئاب بەهۆی کۆتایی هاتنی دانوستانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوور دەخرێمەوە، لە ئەیلول بەهۆی قەیرانی ئەنگۆلا و دانوستانەکانی (سالت) و گەشتی سەرۆکایەتی، بۆ چین و هیندی چینی و فلیپین و دواتریش لوتکەی ڕامبۆلیە دیسان لەم پرسە دوور دەکەومەوە.

ئەمانە هەمووی بوونە هۆکاری دواخستنی گەشتەکەم، کە ماوەی یەک ساڵی خایاند.

ئەمانە کەلێنێکیان دروستکرد، لە پێناو پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە دیدارێکم لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی ئەمریکای لاتینی ئەنجامدا، بەتایبەت فەنزویلا و ئەرژەنتین و مەکسیک و بەرازیل و پیرۆ و لەگەڵ ئەنجامدانی ژمارەیەک گوتار لەسەر هەمان بابەت.

یەکەم سەردانیم وەکو وەزیری دەرەەو بۆ ئەمریکای لاتینی، کاراکاس (فەنزویلا) و لیما (پیرۆ) و برازیلیا (بەرازیل) و بووگاتا (کۆلۆمبیا) و سان خوسیە (کۆستاریکا)ی گرتەوە، لە ڕووی دیدی ستراتیژیمانەوە بەرازیل گرنگترین وێستگەمان بوو، نەخشەیەکمان دانا کە پەیوەندیەکانمان لەگەڵ بەرازیل نموونەی پەیوەندیی باش بێ بۆ نیوەی ڕۆژئاوای دونیا. لە کاتێکدا بەرازیل بەشێکە لە ئەمریکای لاتینی، بەڵام بەهۆی زمان و کولتوورەوە جیاوازە لەگەڵ دراوسێیە ئیسپانییە زمانەکەیەوە، جگە لە مێژووە پڕ ئارام و ئاسودەکەی، دواتر مێژووی بەرازیل مێژوویێکی جیهانیی هەیە، کاتێک دەبێتە ناوەندی ئیمپراتۆریەتیی پۆرتوگالی ئەوکاتەی سوپای ئیسپانیا پۆرتوگال داگیر دەکا و ئیمپراتۆر ڕادەکاتە بەرازیل، بۆیە ئەو بڕوایەی بەرازیل بە خۆیەوە هەیەتی دەوڵەتانی دیکەی ئەمریکای باشووری نیانە، بەڵکو جگە لە ئەرژەنتین، دواتر بەرازیل هەژموونی ئەمریکای نەچێشتووە و هێزی ئەمریکاشی تاقی نەکردۆتەوە.

بەرازیل خاوەنی دانیشتوان و خاک و داهاتێکی زۆری خۆی بوو لەگەڵ هێزی سەرەکی لە نێو جیهاندا، هەرچەندە ئەو پێشکەوتنەی بۆ جێگیربوونی پێگەی خۆی پچڕپچڕ بوو. وەزیری دەرەوەی لە ئاستێکی باڵای هۆشیاری و بەتواناییدا بوو دبلۆماسیەتی بەرازیلیەکان پێداگربوون لەسەر بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان بەشێوەیەکی

سەیر سوور و پێداگر بوون، زۆرکەم بە هـزری دەهـات کە ئەوان بە ئاڕاسـتەیەکی دوور لە ئامانجە نەتەوەییەکان هەنگاو دەنێن.

هەر لەو پێناوەدا ئەمریکـا و بەرازیـل هەماهەنگیـان هەبـوو لە ڕێکخسـتنی نێـوان نیـوەی ڕۆژئـاوای دونیـا و ویـلایەتە یـەکگرتووەکانی ئەمریکـا بـۆ بـاکوور و بەرازیـل و باشوور، تا سالآنی شەستەکان لە سەدەی ڕابردوو بەرازیل وەکو دڵسۆزترین هاوپەیمـانی هاوکارییەکانی خۆی پێشـکەش بە ئەمریکـا دەکـرد، هـەروەکو ئەوەی بەریتانیـا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەوروپا پێشکەشیکرد. هەر کە گیتولیو فاراگاسی سـەرۆکی ئەوسـا بەسـەر بێلایەنیـدا زاڵ دەبـێ، لە جەنگـی دووەمـی جیهـانی دێـتە تەک ویـلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تیپێکی بەرازیلی لە ئیتاڵیـا پشـتگیری و هاوکـاری ئەمریکـای کـرد لە چـوونە نـاو خـاکی دۆمنیکـا لە ١٩٦٥، لە سـان دومنیگـۆش چەنـد یەکەیەکـی بەرازیلی هاوشانی هێزەکانی ئەمریکا بوون.

جێگـری فەرمانـدەی گشـتیی هێزەکـانی ڕێکخـراوی دەوڵەتـانی ئەمریکـی جەنەراڵێکی بەرازیلی بوو. هەروەکو ئێسـتا لە بەریتانیـا هەیە، بە دەرنەکـەوتنی گرنگـی زیاتر دەبێ.

لەگەڵ بەسـەرچوونی کـات دوای چەنـدین سـاڵ سـەنتەری سـەرنجی سیاسـەتی دەرەوەی وڵات نەختێک دەگۆڕدرێ. دەسەڵات لە ١٩٦٤ دەکەوێتە دەست سوپا، ئیدارەی جونسۆن نەختێک پەیوەندیەکانی بەرازیـل و ئەمریکـای کـاڵکردنەوە، تەنـانەت نیکسـۆن خۆی نەیتوانی بیرۆکراسییەت ڕازی بکا، بگەڕێنەوە ئاستی جارانی پەیوەندییەکان.

لەلایەن بەرازیـلەوە تـین و جۆشـی پەیوەنـدییەکان نـامێنێ، بەهـۆی کێشـە و قەیـرانە ناوەخۆییەکـانی ئەمریکـا و بەهۆکـاری ڕووداوەکـانی ڤێتنـام و واتەرگێـت Watergate و لێکۆڵینەوەکانی هەواڵگری و ئەنگۆلاوە، بەرازیل بە ووردی چـاودێری یاری و ڕووداوەکـانی دەکـرد، ئەوەنـدە تینـوی دیـالۆگی نـوێ نەبـوو، چـونکە ترسـی لە لاوازبوونی فرەلایەنی پەیوەندییەکانی ئەمریکای لاتینی بوو لەوەی پـێگەی بەرازیـل لاواز بکا، بەڵام دبلۆماسییەتیی بەرازیلی ڕێگر نەبوو ئەوەی لە توانایاندا بوو خسـتیانەگەڕ تـا

زیانیان پێ نەگەیەنرێ. هەرەسهێنانی (دیالۆگی نوێ) ڕێخۆشکەر بوو بۆ بەرازیل تا داوای گەڕاندنەوەی پەیوەندییەکان بکاتەوە لەگەڵ ئەمریکا، ئەم ڕاستییە بەهۆی مامەڵەکردنم لەگەڵ وەزیری دەرەوەی بەرازیل ئەنتۆنیۆ ئەزیرودودا سیلفییرا و سەرۆکەکەی ئەرنستۆ گیزل سەلمێندرا.

له ١٩٧٦ له ڕێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە دەسەڵاتی بەرازیل دەکەوێتە دەست سەربازەکانەوە، سوپا سەرۆک جواو گولارتی بە ئاشتی لەسەرکار لادا، کە لە ئەنجامی ڕووداوێکی سەیر دەسەڵات دەگرێتە دەست ئەویش ئەوکاتە دەبێ جوانیۆ (کاودرۆسی) سەرۆکی ئەوسا بەهۆی ململانێی لەگەڵ کۆنگرێس دەست لەکار دەکێشێتەوە. کوادرۆس پێی وابوو، کە کۆنگرێس لە جێگری سەرۆکی ئەوسا (گولارت) بەهۆی مەیلی ڕادیکالیستیەوە دەترسێ، بەڵام ئاگای لەوە نەبوو، کۆنگرێس بەهۆی ڕاو بۆچوونە سەیرەکانییەوە لێێ دەترسن، کە ئاڕاستەی دەسەڵاتەکە بگۆڕێ، ترسی ئەو لە ترسی ڕادیکالیزمی گولارت خەتەرناکتر بوو، بەم هۆیەوە کوادرۆس گرەوەکە دەدۆڕێنێ و خۆی لە دەرەوەی دەسەڵات دەبینێتەوە، گۆلارت بە شێوەیەکی جێگیر وڵاتی بەرەو چەپڕەوی برد، تا ئەوکاتەی لە ڕێگەی کودەتایەکەوە لە ١٩٦٤ دەسەڵاتی لێ دەسێندرێتەوە.

بە پێی پێوەرەکانی ئەوسای ئەمریکای لاتینی دەسەڵاتی سەربازیی بەرازیلی ئەوسا دەسەڵاتێکی سەربازیی تا ئاستێک مامناوەندی بووە. حاکمی بەرازیل دەستی بە جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی ئابووریی خێراوە گرتبوو، کە پشت بە ڕێکاری بازاڕی ببەستێ بە ڕابەرایەتیی وەزیری نەخشەدانان (روبرتو کامبووس) لەباتیی توندوتیژی. ئۆپۆزسیۆنیش لەباتیی بەندیخانە و گۆڕستان، بەرەو دەرەوە دەڕۆیشتن.

حکومەتی بەرازیل لە ژێر ڕەخنە و سەرزەنشتی میدیای ئاڕاستەکراو لەلایەن کۆنگرێسەوە دەینالآند، لەسەر پێشێلی مافەکانی مرۆڤ کەمتر ڕەخنە دەگیران لەوەی لەسەر گەڕانەوەی وڵات بۆ باوەشی دیموکراسی بە شێوەیەکی هێواش و لەسەرەخۆ.

ڕژێمی سەربازی بەرازیلی توانای بەردەوامیان لەسەر دەسەڵات نەبوو، هـەروەکو فۆرد باسیکرد: (هیچ هەستێک لێرە نییە، کە سەربازەکان عەسایەکی ڕژێمێکی نوێ بن، بەڵکو تەنها هەوڵێکی نیشتمانی بێت، هیچکامیان بە جلی سەربازییەوە کـاری وەزیفیـان نابەن بەڕێـوە. حکومەت لەلایەن وەزیرەکـان و بەرەپرسـان دەبـردرا بەڕێـوە بە تـایبەت وەزیری دەرەوەیان. بێ سەرۆکی دەوڵەت و سوپاسالار بوون ئەوان. گولبەر کە فـۆرد بە مامۆستای ماتماتیکی سەرەتایی دابووە ناسین، وەکو فەیلەسوفێک دەدوا، سەرپەرشـتی چاکسازی سیاسیی دەکـرد، پێـی ڕاگەیانـدم کە بەرازیـل قۆنـاغی دکتـاتۆرییەتیی تێـپەڕ کــردووە، ئێســتا لە قۆنــاغی (پرۆســەی نەهێشــتنی فشــاری سیاســی)دان، کە بەرەو دیموکراسی هەنگـاو دەنـێ و گـوتی پرسـەکە لە (خێرایـی گۆڕینـدایە نەک بـوونی). مـن هەڵوێستم بەرانبەر بە بەرازیل لە ڕاپۆرتێکمدا بۆ فۆرد بەم شێوە کورت کردەوە:

بەرازیلییەکـان دیـدێکی جیهـانی بنیـاد دەنـێن، جـگە لە گرنگیـدانی بەرازیـل بە کاروباری جیهانی (سـاڵت) و پرۆسـەی کـرانەوە بە ڕووی چـین و ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت، گرنگییەکی تایبەتیی هاوکارە، چونکە ئەوان پێیان وایە کە ڕۆڵێکی جیهانیی دەگێڕن.

وەزیری دەرەوە سیلفییرا هەموو هەوڵەکانی خستنەگەڕ بۆ هێنانەوەی پاسـاو بـۆ ئەو بۆچوونە. ئەوە جێماوەیەکی کۆنی نەریتەکانی بەرازیلی بوو، کاری باڵوێزی بەرازیلی کردبوو لە ئەڵمانیا و ئەرژەنتین، دواتر سەرۆکایەتیی شاندی بەرازیل دەکا بۆ واشـنتۆن، بە زیرەکـی و زمانلوسـی ناوبـانگی دەرکردبـوو. شـێوازی زۆر جیـاوازیی هەبـوو لەگەڵ شێوازی هاوڕێیانی وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی، کە بە ئەرکی خۆیان دەزانـی، دەبـێ نـاوە لە ڕێککـەوتنەکانی لەگەڵ ویـلایەتە یـەکگرتووەکانی ئەمریکـا ئامـاژەیەک هـاوپێچکەن تێیـدا نیشـان بـدەن، کە ئەوان لە ژێـر هەژمـوونی ویـلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا نین، سیلفییرا هەستی بەم فشارە نەدەکـرد، سـووربوو لەسـەر ئەوەی دەبێ ئەوانی دیکە گوێی لێ بگرن، چونکە پێی وابوو، کە بەرازیل تـاقە دەوڵەتە سیاسەتێکی جیهانیی پیادە دەکات.

سـیلفییرا ڕۆڵێکـی جەسـتەبەری لە خێراکردنـی پرۆسـەکەدا گێـڕا، بەتـایبەت ئەوکـاتەی لە کۆبـوونەوەی ڕێکخـراوی دەوڵەتـانی ئەمریکـا لە سـانتیاگۆ، پـێم ڕاگەیانـد؛ بەرازیـل پێویسـتی بەو فشـارانە نییـە، چـونکە بە مسـۆگەر بەرازیـل دەبێـتە یەکێـک لە دەوڵەتە گرنگەکان. وەڵامی دایەوە و گوتی: سیاسـەتی دەرەوە وا دەکـا، دەوڵەت پـێش سـەردەمی خـۆی بکەوێـتەوە. بەپێـی بۆچـوونی سـیلفییرا بڕوابەخۆبـوونی بەرازیـل کـاریگەرییەکی مەزنـی هەیە، چـونکە دابەشـبوونییەکانی ناوەخۆمـان ناچارمـان دەکـا ئاڕاستەیەکی دیکە بگرینەبەر، کە هەرگیز مەزەندە نەدەکرا:

دەبـێ پشـت بەخۆمـان ببەسـتین، لەگەڵ هـەڵبژاردنی سـەرۆکێکی نـوێ حکومەتەکەتان دەسەڵاتێکی زیاتری دەبی، ئەمرۆ ئەم ئەرکە قورسـە، دۆسـتەکانتان بە دوژمنتان دەزانن، ئێوە سۆڤیەت دەناسن، یەکەمجـار چەکتـان پێدەدەن، بەڵام ویـلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە پێچەوانەوە کار دەکات. دەمانەوێ بە ئارامی بمێننەوە ئەگینا بە تەنیا دەمێنینەوە.

هـێمن و ئـارام واتە بەرازیـل خـۆی سـنورەکانی خـۆی بکێشـێ، نەک بە دروشـمی بریقەدار، بەڵام دەبێ بە مسۆگەرکردنی ستراتیژییەتیی هێـزە مەزنەکـان بـێ، بەرازیـل لە پێناو لاوازکردنی ویـلایەتە یـەکگرتووەکانی ئەمریکـا نییـە پەیوەنـدیی لەگەڵ دەوڵەتـانی جیهانی سێیەم بەستووە، بەڵکو بۆ ئەوەیە پێگەی دەوڵەتێکی مەزن مسۆگەر بکات.

سیلفییرا: دەبێ بەرازیل جەخت لە ڕۆڵی خۆی بکا، ئەو وەکـو دەوڵەتێکـی تـازە پێگەیشتوو، تا بتوانێ بەشـداری لە بەرنـامەی گشـتیی پرسـەکاندا بکـا، بە پـێچەوانەوە توانای پیادەکردنی فشاری نامێنی.

کیسنجەر: دەتانەوێ فشار لەسەر کێ دروست بکەن؟

سیلفییرا : نا، بەڵام دەبێ بەرازیـل پـێگەی خـۆی لە جیهـان پـڕ بکـاتەوە، مـن خەون نابینم.

لە گەرمەی ئەوەی زۆربەی دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا بە جوانكردنی خەسڵەتەكانیان بوونیان بە دەوڵەتی جیهانی سێیەم نیشان دەدەن، سەربەخۆییان بەوە پێناسە كرد، كە دووركەوتنەوەیە لە هەڵوێستە هاوبەشەكانی ئەمریكا، بەڵام بەرازیل ڕێچكەی بەرانبەری گرتەبەر. لە پەیوەندییەكانی لەگەڵ دەوڵەتانی جیهانی سێیەم سووربوونی خۆی ڕادەگەیاند لەسەر سیاسەتی هاوبەش لەگەڵ ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، لە گوتەیەكیدا سیلفییرا دەڵێ:

ئێوە پێویستیتان بە تێڕوانینێكی نوێ هەیە لە پەیوەندییەكانتان لەگەڵ بەرازیل، تا بتوانن لەسەر ڕێكارەكانی دیالۆگی بنیادنەر لەگەڵ دەوڵەتانی دیكە، هاوكاری ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بكەن. كاتێكیش لێیان پرسی مەبەست لە دەوڵەتانی دیكە كێیە. سیلفییرا گوتی پاراگوای، پۆلیڤیا، ئۆرۆگوای. لە سەدەی بیستەم بەو دەوڵەتانە دەگوترا ( پانتایی لایەنگران)، بەڵام ئێستا لە ژێر ناوی (میركوسور) دێتە ناسین یا بڵێین سەرەتای كوتلەبازی لە ئەمریكای باشوور بە سەرۆكایەتی بەرازیل.

دەستەواژەی سیلفییرا زیاتر گشتگیری بوو لەوەی دابەشیی نیوەی ڕۆژئاوای دونیابێ بۆ پانتایی لایەنگران: هەوڵیدا بەشداری لە ڕۆڵی جیهانیی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا بكا. لە گەرمەی ناكۆكیبەكانمان لەگەڵ ئەنگۆلا، سكاڵام لە بەرازیل كرد لەسەر داننانی بە گروپێكی كۆمۆنیستی لە ئەنگۆلا. سیلفییرا گوتی: لە پێناو بەرژەوەندییە نیشتمانییەكانی بەرازیلدا ئەمە دەكا و هەموو سامانەكانی ئیسپانیاش لە ئەفریقیا دەپارێزێ، بەرازیل هەستیكردووە لە ڕەفتارەكانیدا ئازادە، بۆیە لە پێناو بەرژەوەندییەكانی نیشتمانی ئەم هەنگاوەی ناوە، چونكە پابەندی ئامۆژگاریەكانیان نەبووین بۆیە لە نیازەكانیان نەگەیشتین:

ناكرێ ئەمریكا و بەرازیل نیو هاوپەیمان بن، نابێ ئەمریكاش هەندێك زانیاری لە بەرازیل بشارێتەوە، نەمانزانی ئێوە دەچنە نێو ئەنگۆلا ئەگینا لەبەرچاومان دەگرت، هیچت پێ نەگوتم ئێمە بەرپرسیارێتیی تایبەتیمان لە ئەنگۆلا هەیە، ئێمە لە هەوڵەكانتان دەگەین بە وەستاندنی سۆڤیەت، بەڵكو وا لێكبدەنەوە، ئێمە لەبەر خاتری

هەندێک لایەن دانمان بەو گروپە ناوە، بۆ ئەوەی خۆمان لەبەردەم دەوڵەتانی جیهانی سێیەم دەرخەین، نەخێر! بۆیە ئەمەمان کرد، چونکە ئێمە بەرژەوەندیمان لەو بەشەی ئەفریقیا هەیە.

بیرۆکەی سیلفییرا لەسەر پەیوەندییەکانی بەرازیل، کە بریتیی بوو لە راوێژکردنی پێشوەخت لەگەڵ بیرۆکەکەمان لەسەر هاوکاری نێوان دەوڵەتانی نیوەی رۆژئاوای دونیا هاوکات بوو. ئەگەر لەسەر بنەمای فراوانی ناوچەکە سەرنەکەوێ، لەگەڵ دەوڵەتە پێشکەوتوەکانی ئەمریکای لاتینی کە خاوەنی دانیشتوانەکی زۆرن سەردەکەوێ، بۆیە من و سیلفییرا لە ٢١ی شوبات یاداشتێکی لەیەک تێگەیشتنمان لە کۆتایی سەردانییەکەم بۆ بەرازیل واژۆکرد. ئەمەش بووە مایەی دروستبوونی گفتوگۆ لەنێوان وەزیرانی دەرەوەی هەردوو وڵات، بۆ هەر ساڵێ دوو جار. هەروەها پێکهێنانی چەند لیژنەیەکی دوو قۆڵی لە بواری سیاسەت و ئابووریی و زانستی. ئەم پەیوەندییە تایبەتیە ئارەزوەکانی بەرازیل کەم دەکاتەوە بۆ سەرۆکایەتیی کردنی کوتلەیەک لە دەوڵەتانی جیهانیی سێیەم، یا ئەمریکای لاتینی بۆ دژایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە هەمان کاتدا، دەبێ بەرژەوەندییەکانی بەرازیل لە مەحافلی نێودەوڵەتی بپارێزین و بیخەینە نێو سیاسەتی دەرەوەمان. دەکرێ ببێتە سەرەتای هاوپەیمانییتێکی نوێ، لە نیوەی رۆژئاوای دونیا.

سیلییفرا کە بۆتە هاورێم، دڵنیام لەوەی دەستبەرداری بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی نابێت. زوو یان درەنگ بەرازیل رۆڵی سەرۆکایەتیی لە ئەمریکای لاتینی دەگێرێ، ژمارەی دانیشتوان و تواناکانی مەسۆگەری بەم بۆچوونەم دەدەن، لەو ماوە بیرۆکەیەکم بۆهات، ئەویش پەرەپێدانی ئەو هاوپەیمانییتییەیە، بۆ ئەوەی ببێتە کاکڵی پرۆژەیەکی مەزن، کە هەموو ناوچەکە بگرێتەوە، تا ئێستاش دیار نییە ئاخۆ ئەم بیرۆکە جێبەجی دەکرێ یان نا.

کاردانەوەی هەندێک لە دەوڵەتانی ناوچەکە نەرێنی بوو، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هاندەر بوون. نەرێنی بوو، چونکە ئێمە رۆڵێکی تایبەتیمان بە بەرازیل دابوو،

هاندەر بوو چونکە مەبەستیان بوو هەمان تایبەتمەندیی بە بەرازیلمان داوە بە ئەوانیش بدەین لە دروستکردنی پەیوەندییەکان، بۆ وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کێشەیەکی بە چێژ بوو، کاتێک دەوڵەتانی ناوچەکە پێشبڕکێ لەسەر دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەن، هەستم بە خۆشی کرد، کە وەزیری دەرەوەی ئەرژەنتین پەیوەندیی بە ڕۆجەرسەوە دەکا و گازاندەی ئەوەی لێ دەکا کە ئێمە پەیوەندیی تایبەتیمان لەگەڵ ڕکابەرەکەیدا دروستکردووە بۆ ئەوەی ڕۆڵی سەرۆکایەتیی دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا بکا، درێژە بە گوتەکانی دەدا و دەڵێ: هەموو کارەکان بە ئاسایی دەڕۆن، ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەمان بایەخ بە ئەرژەنتین بدا.

بەشێوەیەکی گشتی دروستکردنی پەیوەندییەکان و جێبەجێکردنی داخوازیەکانی دەوڵەتانی دیکە ئاسان بوو، سەرەڕای هەموو ئەو پێشنیارانەی لە دیالۆگی نوێ پێشکەشمان کردن لەسەر بنەمای فرەلایەنی، کاتێک لە بۆگۆتا لە سان خوسیە دابەزیم، هەمان گازاندەمان لێکراو هەمان ئامادە باشیمان پێگەیشت لە دروستکردنی پەیوەندیی تایبەتی لەگەڵیاندا و دەربڕینی ئامادەیی بۆ بەهێزکردنی ئەو پەیوەندیانە. لە ٢٤ی شوباتی ١٩٧٦ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە سان خۆسیە لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتم:

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناتوانێ دەوڵەتێک بە سەرۆک و فەرماندەی ئەمریکای لاتینی دامەزرێنێ. ئامادەیە لەگەڵ هەر دەوڵەتێک لە نیوەی ڕۆژئاوای دونیا پەیوەندیی دۆستانە ببەستێ کاتێک ڕێکارە ڕاوێژکارییەکان تەواو دەبن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ لایەنێکی دیکە پەراوێز بخەین.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەر بە ئەنجومەنی نوێنەران، توماس (دوک) موگان ئاماژەی بەوەدا، بەرازیل ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وەکو هێزێکی پاڵپێوەنەر بەکاردێنی بۆ داگیرکردنی پێگەی هێزێکی جیهانی، وەڵامم دایەوە گوتم:

جەنابی سەرۆک ئەم ڕێککەوتنە بەرازیل ناکاتە هێزێکی جیهانی. دانیشتوانی بەرازیل سەد ملیۆنن، خاوەنی توانایەکی ئابووریی بەهێزە، ئێستا بەرازیل خۆی دەبێتە هێزێکی جیهانی. ئەرکی ئێمەیە لە سیاسەتی دەرەوەمان مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکەین.

لە کۆتایی ئەم ڕێککەوتنە ئەو کاریگەرەی نییە کە بیری لێدەکەینەوە، لە سەردەمی فۆرد بڕگەکانی یاسای بازرگانی بە جۆرێک هەموارکرانەوە کە هیزە ناوەخۆییەکان ڕازی بکا، کە ئاستەم بوو دانوستانکارەکان پێی ڕازی بن، تەنانەت دوای گەڕانەوەشم لە ئەمریکای لاتینی، بێ ئاگاداری پێشوەخت باجی زیادەم خستە سەر هەناردەی پێڵاوی بەرازیلی.

ئەگەر فۆرد لە هەڵبژاردنەکان سەرکەوتبا، بە مسۆگەری بەسەر ئەو کێشانەدا زاڵ دەبووین، بەڵام ئیدارەی کارتەر فشاری خستە سەر بەرازیل، بۆ گەڕانەوە بۆ حکومەتە هەڵبژێردراوەکەیان. لە گفتوگۆکاندا پێشینە درایە پرۆسەی دیموکراسی کە لەلایەن بەرازیلەوە بایەخی کەم بووەوە.

گەڕاندنەوەی پێشکەوتن لە پەیوەندییەکان ڕێچکەی فرەچەشنی وەرگرت، بەهۆی ڕۆڵی جیهانیی بەرازیلەوە پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەرازیل تۆکمەتر دەبن، بەڵام بەهۆی هەندێک هۆشداریی لەلایەن بەرازیلەوە ئاستی هاوکارییەکانی قەیرانی دارایی دادەبەزن. ئێمە سەرقاڵی پرسە ناوەخۆییەکان بووین، ئەم هۆگریە بە درێژایی ڕۆژ دەبێتە هۆکاری دروستبوونی ناکۆکیی لە نێوان دەوڵەتانی ڕێککەوتنی (نافتا)، کە ویلایەتی یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرۆکایەتیی دەکا لەگەڵ ڕێکخراوی ( میرکوسور) کە بەرازیل بەسەریدا زاڵە، ئەم ململانێیە زۆر نزیکە لە ئەگەری ڕوودانی. لە حاڵەتی ڕوودانی دەبێتە کارەسات بۆ هەردووک وڵات، لەگەڵ باقی دەوڵەتانی نیوە دونیای ڕۆژئاوای.

لە کاتی وەستانم لە کاراکاس لە مانگی گەشتەکەمدا بۆ هۆی سەرچاوەی وزە لە فەنزویلا و داکشان و هەڵکشانی لە نێوان ڕادیکالیستەکان و دەوڵەتانی پەیوەست بە

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بە مەبەستی فرەڕەنگکردنی حوکمی سەربازیی و تاکڕەوی پیرۆ و چاوتێبڕینە ناسریزمە سۆشیالیستەکەی، لیماش تێکەڵکرا، ئەمەش بووە جێی حەز و بەرچاوی یەکێتیی سۆڤیەت و کوبا. مەبەستیش لە وەستان لە بوگاتا بەهێزکردنی پەیوەندییەکان بوو لەگەڵ دەوڵەتێک کە سیومبولی پێداگریی و بەرەنگارییەکانی ئەمریکای لاتینە، حکومەتێکی هەڵبژێردراوی میانڕەو بەهۆی شەڕی پارتیزانییەوە لاواز دەبی، کە لەلایەن چەند گروپێکی ئۆپۆزسیۆن و مادە هۆشبەرەکانەوە هێرشی دەکرایە سەر، دەستنیشانکردنی سان خۆسێش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، پایەختی درێژترین تەمەنی دیموکراسییە لە ئەمریکای لاتینی، چونکە ئومێدی ئەوەشمان هەبوو کۆستاریکا ببێتە نموونەی ئاشتەوایی لە سیاسەتی خۆجێیی دیموکراسیی و باقی دەوڵەتانی دیکەی ناوەڕاست، چاوی لێ بکەن.

بە ئاشکراو شایستەیەتی، فەنزویلا دەبێتە یەکێک لە دەوڵەتانی کۆمەڵەی ڕادیکالیستی لە نێو بزوتنەوەی دەوڵەتانی بێلایەن، لە ڕاستیشدا سەرکردەکانی فەنزویلا کەم بایەخیان بە جێگیرکردنی پێگەی وڵاتەکەیان دەدا بۆ ئەوەی ڕۆڵی سەرۆکایەتیی لە جیهانی سێیەم بگێڕێ، بەڵام تێگەیشتن کە فاکتەری جوگرافیی و سروشتی داهاتی وڵاتەکەیان هانیان دەدا لە دواجار پەیوەندیی پتەو لەگەڵ ئێمەدا ببەستن.

سەرۆک کارلوس ئەندریس بیریز کەسایەتییەکی بە توانا و فەرماندەیەکی بەهێز بوو، هەردەبێ ڕەخنەی توندی لە یاسای بازرگانی یا ئیمپریالیزم ئابووریی ئەمریکا گرتبێ، ئامادەیی خۆی دەربڕی لە بەشداریکردن بۆ دامەزراندنی سندوقێک بۆ دژایەتییکردنی هەژموونی ئابووریی ئەمریکی، بەڵام کاتێک دەگەمە کاراکاس زۆر بەڕێزەوە پێشوازیم لێ دەکا و تامەزرۆی گفتوگۆ بوو لەسەر پرسی هاوکاری.

هۆکارەکە دوو بەرانبەر بوو، سەرەڕای ئەوەی فەنزویلا نەوت و کانزاکانی خۆماڵی کردبوو، بیریز هەوڵی وەدەستهێنانی هاوکاریە تەکنەلۆژییەکانی ئێمەی دا و کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکای لە نەوتی داکردەی خۆیانی بەشداری پێکرد و بەرهەمەکانی فەنزویلای گەیشتنە بازاڕ. جگە لەمانە بۆ هەڵوێستە خۆش و نیانەکانی بیریز لەگەڵ

ئەمریکا هۆکاری سیاسیی هەبوون، کە لە پشتی پەردە و دوور لە دەنگە ئاوازخوێنەکانی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم دەیبرد بەڕێوە. لەسەرەتای تەمەنی پیشەییەوە، کە وەزیری ناوەخۆ بووە بیریز ڕووبەڕووی هەوڵی زۆر بۆتەوە لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی بۆ دەسەڵات گرتنە دەست، هیچ ترسێکی لە کوبا نەبوو، بە هەمان شێوە لە هەموو دەوڵەتە کۆمۆنیستەکانی هاوشێوە لە ئەمریکای لاتین، فشاری دەخستە سەرمان بۆ هەڵگرتنی گەمارۆ و سزاکانی سەپێندراو بەسەریدا، ڕووخانی هیندی چینی و ئەنگۆلا بوونە هۆکاری ئەوەی بیریز چالاکانەتر بیر لەوە بکاتەوە پشت بە ئەمریکا ببەستێ بۆ بەرگرییکردن لە فەنزویلا، دژی دەستدرێژییەکانی کوبی. ولیام ڕۆجەرس دوای گەڕانەوەمان لە کاراکس کاردانەوەکانی بیریزی بۆ شیکردمەوە:

باشترین دەربڕی هەڵوێستی گشتی، ئەوەیە ئەگەر بگونجێ بەسەر هەموو ئەمریکای لاتینی گشتگیر بکرێ، ئەوە بیریزی سەرۆکی فەنزویلایە، کە خاوەنی تەنها ژمارەیەک جەنگاوەرە لە جیهانی سێیەم، هەوڵ و بایەخەکانی نەشاردەوە لە بەرتەسککردنەوەی هێزەکانی ئەمریکی.

بەم شێوە لە میانی سەردانەکەم بۆ کاراکاس بیریز ڕەزامەندیی لەسەر فاکتەری کردنەوەی ستراتیژییەتیی نیشتمانی دا، ئەمەش لە ڕێگەی ڕازی بوون لەسەر پێکهێنانی لیژنەی ئەمریکیی فەنزویلیی هاوبەش لە بوارەکانی هاوکاری زانستی و گواستنەوەی تەکنەلۆژیا و لێکۆڵینەوەکانی وزە، تەنها بوونی ئەم لیژنانە ئەوە دەگەیەنێ کە فەنزویلا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پشت بەیەکتری دەبەستن، بە تایبەتی لەو بوارانەی لیژنەیان بۆ پێکهێناوە.

لە ویلایەتی دووەمی حوکمڕانییدا، دوای چەندین ساڵ، کارلوس ئەمدریس بیریز دەبێتە بەرگریکارێکی توندی چاکسازی لە بازاڕی ئازاد.

بە پێچەوانەی ئەمە سەردانییەکەم بۆ لیما زیانەکانی بەرتەسککردنەوە. سەرکردە سەربازییە پیرۆییەکان خۆیان وەکو پێشڕەوی شێوازێکی نوێی شۆڕشی ئەمریکای لاتین دەزانی.

تا ئەوکات دەسەڵاتی سەربازیی ستەمکار لە پیرۆ لەسەر ئاستی بازرگانی و دارایی بە دەوڵەتانی ستەمکارەوە بەسترابووەوە. دید و بەرنامەکانی کۆمەلایەتیی و ئابوورییان لەگەڵ دید و بەرنامەکانی ڕژێمە ڕادیکالیستەکانی جیهانیی سێیەم دەقا و دەق بوو، بۆ وەدەستهێنانی ئامێرە سەربازییەکانی سۆڤیەتی و پێشوازیکردن لە ڕاوێژکارە کوبییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەتوندی دژی کۆنیستەکانی ناو پیرۆ بوو، لە ڕاستییدا پیرۆ سەر بە حکومەتێکی دیکتاتۆری سەربازیی بوو، پەیوەندییەکانی لەگەڵ فەنزویلای دیموکراسیی تێکدابوو.

بەهۆی چەند کردەیەکی دەست بەسەرداگرتن کە کۆمپانیاکانی ئەمریکیی گرتەوە لەوانە دەستگرتن بەسەر چەند بەلەمێکی ڕاوە ماسیی ئەمریکی، لەسەر ناکۆکیی لە درێژەی ئاوی هەرێمی، باری پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و پیرۆ قورس دەبێ. لەباتیی شەڕکردن لەسەر بیرورا، گرنگیمان بە قەرەبووکردنەوەیەکی خێرا و دادپەروەرانەدا، دواتر ڕێگریمان لە هەڵگیرسانی شەڕێکی دیماگۆگی کرد لە نیوەی ڕۆژئاوای دونیا لەسەر مافی خۆماڵییکردن.

پەیوەندییەکانم لەگەڵ وەزیری دەرەوەی پیرۆ (میگیل ئەنجل دیلافلور فال) بەباشی پاراست، من دڵنیابووم لەوەی سەرکردە سەربازییەکان لە دوا قۆناغیاندا لە پیادەکردنی سیاسەتەکانیاندا دەست بە پرسی نەتەوەییەوە دەگرن، نەک سۆشیالیستی. لە ئەنجامی ئەمە، پیرۆ بە گشتی، وێڕای هەڵوێستە ئایدیۆلۆژیەکانی ڕۆڵی بنیادنەرای گێڕا لە یانە نێودەوڵەتیی و مەحافلی دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا، تەنها لە پرسی کوبا نەبێ.

کاتێکیش لە کۆنگرەی تلاتیلۆکۆ هەندێک سووربوون لەسەر ڕەشنووسەکە، دیلافلور پشتگیریی لە بەیاننامەی ئاشتەوایی کرد، کە من و وەزیری دەرەوەی گویانا دامان ڕشتبوو. لە کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتە ئەمریکییەکان هەوڵی سەپاندنی ئەجندای ڕادیکالیستیی خۆی نەدا.

لە ٢٢ی شوبات گەیشتمە بۆگاتا، کە نموونەی دووفاقی بوو. کۆلۆمبیا خۆشیی بە حکومەتێکی دیموکراسیی میانڕەوی دۆستی ئەمریکا دەبرد، بەڵام لە هەمانکاتدا کەوتبووە نێو جەنگێکی ناوەخۆیی توند لەگەڵ گروپی بازرگانانی مادەهۆشبەر و چەتە و ڕێگرەکان، ڕاگرتنی ئەو شەڕە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە داهاتی ئەو گروپانە لە داهاتی حکومەت گەلێک زیاتر بوو، بەو هۆیەوە دەسەڵاتی گروپە ڕادیکالسیتەکان لە پیادەکردنی سیاسەتی ناوەخۆ بە بەراورد لەگەڵ ژمارەیان زۆر بوو.

جیاوازیی نێوان بۆگاتا و کاراکاس ئەوەندە لەیەک نزیک بوو، بەقەدەر جیاوازیی نێوان شیکاگۆ و بوستن بوو. دەزگەکەنی فەنزویلی خۆیان، خۆیان دروست و پێگەیاندووە، شێوازیان لە شێوازی توندی دانیشتوانە سنورییەکان دەچوو، هەرچی بۆگاتایە توند و بەهێزتر بوو دەزگە دادوەری و یاساییەکانی لەلایەن خانەوادەکان دەگێڕدرا، کە خاوەنی دیرۆکێکی دوور و درێژ بوو لە حوکمڕانی، بەڵام لە تواناییاندا نەبوو ڕێگری لە شەڕی پارتیزانی بکەن و بەسەر بازرگانانی مادده هۆشبەرەکاندا زاڵ بن.

لە ئەنجامی ئەمەدا تەنها چەند دەوڵەتێکی کەم نەبێ لە دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا ناکۆکیی لە نێوان گوتە و بڕواکانی سەرۆکیاندا هەبێ، سەرۆکی ئەوکاتی کۆلۆمبتا ئەلفونسو لوپیز میشلین بوو وەکو خانەدانێکی ئینگلیزی دەهاتە بەرچاو. خۆی وەکو موڵکدارێکی مەزنی زەوی و زار دەزانی، لە ڕاستیشدا خۆی لەو جۆرە خانەوادە خانەدانانە بوو. وەزیری دەرەوشیان ئەندالیشو لیفانۆ بوو، هەردووکیان لەسەر ئەو بۆچوونە کۆکبوون، کە لە داهاتوو جۆرێک لە بنیادی کۆمەڵایەتیی دادەمەزرێنن، کە لە نیوەی ڕۆژئاوای دونیا تاک وێنەبێ، هەر لە سەرەتای ویلایەتی دووەمی نیکسۆن لیفانو داوای دامەزراندنی سیستەمێکی بازرگانی نوێی بۆ ناوچەکە دەکرد، بەڵام لەلایەن بیرۆکراسییەکانی نێو وەزارەتی گەنجینە و دەرەوە دژایەتییەکی توندی لێکرا، ئەگەر ئەم تەگەرشی تێپەڕ کردبا، ئەوا لە کۆنگرێس ڕەت نەدەبوو.

بەڵام ڕێورەسمی ڕێز و ستایشی لێ گیرا، بەهۆی ڕەتکردنەوەی مانەوەم لە بووگاتا بەدرۆ خرایەوە، گوایە لە ترسی خۆپیشاندانەکان ڕێگەی پێنادرێ لە بۆگاتا بمێنێتەوە.

سەرۆک لوبییز بۆ گەشتیاری تایبەتی خۆی داوەتی کردم، کە بیست میلێک لە پایتەختەوە دوور بوو، لەم کەشە ئارام و دڵەڕاوکێی خۆی بۆ دەربڕیم لە سەرکەوتنی کوبا لە ئەنگۆلا، چونکە زۆربەی سەربازە کوبییەکان ڕەشپێستەکانن. ترسی لەوە بوو کاتێک دەگەڕێنەوە وڵاتەکانیان دەستەی چەکداری پێکبێنن لە دژی هێزەکانی ئەمریکی لە دەستێوەردانی لە ئەمریکای باشوور، لوبییز ناوچە کەنارییەکانی کۆلۆمبیای بە ناوچەیەکی تایبەتی لە ڕووی ئەتەنییەوە ناساند، کە زۆربەیان سپی پێستەکانی لێ نیشتەجێن، بۆیە مەترسیی لەسەرە لە دەسەڵاتی کوبییەوە.

بەیانییەکەی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لوبییز دوودڵی خۆی لە دەسەڵاتی کاسترۆ لە کۆلۆمبیا دەرخست، بەڵام ئەوەی بە شەو بەنهێنی بەر لە چەند کاتژمێرێک پێی ڕاگەیاندم ئاماژەی پێنەدا، ڕەتیکردەوە ئیدانەی دەستێوەردانی کوبی لە ئەنگۆلا بکا، لە ڕاستیشدا بە کارەکانی ئەمریکیی بەراورد پێ کرد، کە لە ڤێتنام ئەنجامدراون، ئەمە یەکەمین جار نییە دەوڵەتیک لە بەشێکی دیکەی دونیا دەست دەخاتە نێو کاروباری دەوڵەتێکی دیکە لە دەرەوەی وڵاتەکەی.

# چیلی و مافەکانی مرۆڤ و ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی

دەبێ بگەینە هەر پێشینەیەک، بایەخ بە پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان دەدا هاوتەریب بێت لەگەڵ پەیوەندییەکانی دەوڵەتانی تری نیوەی ڕۆژئاوای دونیا، چونکە ئەم دەوڵەتانە بە ڕێک و پێکی وەکو گروپێک بەیەک دەگەن یان لە کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی یا لە بۆنەی تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشە هاوبەشەکانیان، بە پێچەوانەی کۆبوونەوەکانی هاوپەیمانی ناتۆ، کۆبوونەوەکانیان لەسەر بنەمای مەترسیی هاوبەش ڕێک ناخرێن، هەروەکو ئەمریکا چەندین جار بووە مایەی ڕەخنە لەلایەن دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی، پاشخانی کولتووریان بۆتە سەرچاوەی یەک ئاڕاستەیی لە گوتار و بەیاننامەکانیاندا بە بەراورد لەگەڵ کۆبوونەوەکانی هاوشێوەی ناتۆ، بەڵام دواجار ئەم جۆرە کۆبوونەوانە خەسڵەتی خانەوادەیی وەردەگرن، بەدەر لە خەسڵەتی دراوسێکانمان ئەگەر پێداگربن یا نیان یا مامناوەندی، هەرچۆنێکی بێ لەسەر بنەمایەکی گەوهەری پەیوەندی و مامەڵەکانیان لە گەڵ نیوەی ڕۆژئاوای دونیا دادەمەزراند، بەڵکو دەستەواژەی یاسایی (یەک گروپی ئەم ناوچە)یان ڕەتدەکردەوە هەروەکو لە کۆنگرەی تلاتیلۆکۆ کردیان، بەڵام هەڵسوکەوتیان وەکو ئەوەی یەک چارەنووسمان هەبێ وا بوو، ئەمەش هەستێکی بەهێز بوو تەنانەت بۆ دەوڵەتە بچووکەکانیش، کە هەست بە ئازادی بکەن، بێ ئەوەی ترسیان لە هیچ سزایەک هەبێ ئەگەر سەرزەنشتی ئەمریکا بکەن.

لەسەر ڕۆشنایی ئەو پێشینەی بە ئەمریکای لاتینمان دابوو، زۆر بە پەرۆشبووم بۆ کۆبوونەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی، کە بڕیار بوو لە حوزەیرانی ١٩٧٦ ببەسترێ، خۆی بڕیاربوو کۆبوونەوەکە لە سانتیاگۆی پایتەختی چیلی بەبسترێ،

هەڵویستمان لەو کۆبوونەوە هەستیار دەبوو، چونکە برگە سەرەکییەکەی ئەو کۆبـوونەوە ڕاپۆرتی لیژنەی ئەمریکیی بوو، لەسەر مافەکـانی مـرۆڤ کە ڕەخـنەی لە سیاسـەتەکانی چیلی دەگرت لەو بوارە.

مـن و فـۆرد پێمـان بـاش نەبـوو لە ڕووبەڕووبـوونەوە ڕابکەیـن، لەگەڵ نزیـک بـوونەوەی هەڵبژاردنەکـانی ئەمریکـا پـێم بـاش بـوو هەڵوێسـتی ئەمریکـا لە پرسـە گەوهەرییەکان دیاری بکەین، بەتایبەت لەسەر بابەتی مافەکـانی مـرۆڤ، مـن پێشـوەخت ئەمینداری ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی ( ئەلیخانـدر و ئـورفیلا)م ئاگـادار کردبـووەوە کە:

ئەوەی مەبەستمە بیکەم ئەوەیە گەلی ئەمریکـی شـانازی بە سیاسـەتی دەرەوەی وڵاتەکەی بکا، بۆیە بە درێژایـی هـاوین و پـایزەکەی بەشـداری لە هەمـوو کۆبـوونەوە و دیــدارەکان دەکەم و تێیــدا لە گوتارەکــانم پێــداگری لەســەر بەردەوامــی سیاســەتی دەرەوەمان دەکەم، بەدەر لە کەسایەتیی سەرۆک لە ساڵی داهاتوو.

زۆرچاک هەستم دەکـرد، کە پرسـی چیلـی بـۆتە پرسـێکی نـاڕەحەتی نـاوەخۆ و دیــالۆگ لەگەڵ دراوســێکانمان، دەســتەواژەی (ســلفادۆرئەلیندی) بــووبێتە شــەهیدی دیموکراسی، کە ڕژێمەکەی لەلایەن دەستەیەک لە سەربازانی ستەمکاری نیمچە فاشیست دەڕوخێندرێ، گوایە ئەو دەستە لەلایەن ئیدارەی نیکسۆنەوە چاوپۆشیان لێ کـراوە. نە باڵی چەپ لە حزبی دیموکراسیی و نە بزوتنەوەی ناڕازیە چەپەکانی ئەورووپـی هەسـتیان بە هەمـان ئاسـتی مەترسـییەکان نەکـرد، وەکـو ئەوەی لە ئـێمە دیـاربوو دروسـتبوونی دەوڵەتێکی کۆمۆنیستی لە ئەمریکای لاتین لە گەرمەی شـەڕی ساردا. دوای ئەو هەمـوو ئەزمـونە تـاڵەی لەگەڵ کاسـترۆ هەمـان بـوو لە کوبـا. لە نێویانـدا قەیرانـی مووشـەک و چالاکییەکانی شەڕی پارتییزان و تیرۆرلە چەندین دەوڵەتی ئەمریکای لاتینـی، بەتـایبەت لە چیلیی دراوسێکەمان.

کەسیان ئامادە نەبوو دان بەوە بنـێن، کە ئەلینـدی بەو ئاڕاسـتە هەنگـاو دەنـێ، کەچی هەموو ئامارەکان ئەوەیان دەگەیاند، هەوڵی دامەزراندنی حکومەتێکی هاوشـێوەی

حکـومەتەکەی کاسـترۆ دەدا لە باوەشـگرتن و دالـدەدانی تیـرۆر و شـۆڕش لە نیـوەی ڕۆژئـاوای دونیـا. ئەلینـدی لە هەڵمەتـی هەڵبژاردنیـدا لە ١٩٧٠ ڕایگەیانـد، کە کوبـا لە کاریبی و چیلیی سۆشیالیست لە گومبەتەی باشـوور، شۆڕشـی ئەمریکـای لاتـین بەرپـا دەکەن. دوای ئەوە ڕۆژنامەنووسـی ڕادیکالیسـتی فەرەنسـی ڕیجـیس دوبـریە، کە لە هەوادارانی چی گیڤارا بوو یاوەری بووە، دەپرسێ دواتر کێ بەکاری دێنی؟ ئەلینـدی بـۆ بنیادنانی دیموکراسی یا بە پـێچەوانەوە؟ ئەلنـدی وەڵام دەداتەوە: وەڵامەکە: پرۆلیتاریـا دەبێ. دەڵێ ئەگەر پرۆلیتاریا بوونی نەبووایە من ئێسـتا لێـرە نەدەبـووم. سـەبارەت بە دەوڵەتی بۆرژوا. لەم کاتە ناسکە ئێمە دەمـانەوێ بەسـەریدا زاڵ بـین و بیـڕوخێنین. لە دەستپێشخەرییەکی چاوەڕوان نەکراودا کاسترۆ مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧١، لە چیلـی دەباتە سەر.



Salvador Allende (١٩٧٠ – ١٩٧٣)

دوای ڕووخانی ئەلندی گوتەیەکی بێ بنەما بڵاو دەبێتەوە، دەڵێ: گوایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێگەی بەرنامەیەکی دارێژراو کودەتای بەسەردا ڕێکخستووە، بۆ نانەوەی ئاژاوە لە چیلی، لە ڕاستییدا دوای ئەوەی لە ٣ی تشرینی دووەمی ١٩٧٠، ئەلندی دەسەڵات دەگرێتە دەست، هەموو بەرنامە نهێنییەکانی نانەوەی کێشە و گرفت وەستێندران، ئەمەش پەیوەندیی بە بودجەوە هەبوو، کە دواتر دێینە سەر باسکردنی. لە سەردەمی سەرۆک ئەدوارد مونتالفا، سەرۆک فۆرد پەیتا پەیتا هاوکاریەکان دەبڕێ، لە کاتی دەستبەکاربوونی ئەلندی تەنها هەندێک بەرنامە مانەوە، حکومەتی ئەلیندی بڕی ١٧ ملیۆن دۆلاری وەکو هاوکاریە مرۆییەکانی ئەمریکیی وەردەگرت لەگەڵ بڕی ٨٢،٥ ملیۆن دۆلار لە سندوقی کاشی نێودەوڵەتی، ئەمە دوای ئەوەدێ کە ئەمریکا دەنگی لەسەر پێدانی ئەو گوژمە پارەیە دەدات (٤٢) ملیۆن دۆلار، وەکو هاوکاری سەربازیی و ٢٥٠ ملیۆنیش وەکو قەرز.

هەرچەندە کۆی هاوکاریەکان نەگەیشتە ٣٥٠ ملیۆن دۆلار لەگەڵ ئەوەشدا بە دەستبەکاربوونی جەنەراڵ ئوگستۆ پینوچیت، کۆنگرێس سەرجەم هاوکاریەکان دەبڕێ.

ناڕەزایانی پرۆسەی نانەوەی نائارامیی لە چیلی، مەبەستیان هاوکاریکردنی دامەزراوە مەدەنییەکان بوو، تا فشار بخەنە سەر ڕژێمی ئەلیندی. دیارە بۆ ئەم مەبەستە هاوکاری نهێنی گەیندراوەتە حزبە دیموکراتخوازەکان و سەندیکاکانی کرێکاری و ڕۆژنامەکان، کە هەموویان لەلایەن ئەلیندیەوە خنکێندرابوون. لەو قۆناغە مەبەستمان ڕووخانی ئەلیندی نەبوو، بەڵکو پاراستنی ئۆپۆزسیۆن و ڕێکخراوە دیموکراسییەکان بوو.

لە لێکۆڵینەوەکانی لیژنەی چیرشی سەر بە ئەنجومەنی پیران دەرکەوت، ئەمریکا هیچ ڕۆڵیکی لە کودەتاکەی چیلیدا نەبووە، دواتر پینوچیت خۆی لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانیدا دەڵی: من وەکو کریستیەک دەتوانم سوێند بخۆم، هیچ پەیوەندیەکم لەگەڵ CIA، یا باڵوێزێکی ئەمریکیی دا نەبووە، من ویستومە لە ڕەفتارەکانمدا ئازادبم.

لە ئەیلولی ١٩٧٣ کارەکان بە خاڵی قەیران گەیشتن، ئەمەش بەهۆی دەستێوەردانی ئەمریکاوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی بەرگری دەزگە دیموکراسییەکانی

چیلیەوە بوو، پێیان وابوو ئەلیندی بە ڕێژەی ٣٦% بۆتە سەرۆک نابێ ڕۆڵـی دیکتـاتۆر لە وڵات بگێڕێ، ئەوەتا هەزاران میلیشیا بە چەکـی کـوبی، پـڕ چەک دەکـرێن، ئـاژاوە و گێرەشێوێنی لە وڵات بڵاو دەبێتەوە، کۆمەڵەی نیشتمانی حزبی دیمـوکراتی کریسـتی، لە مـانگی ئایـار ئەلینـدی تۆمەتبـار دەکەن، کە هۆکـاری ئەو ئـاژاوەیە بـێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ؛ حزبی کۆمۆنیست دەستی کردووە بە کاری سـتەم و زۆرداری لە ژێـر پەردەی (دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا).

لە ١٩٧٣/٥/٢٦ دادگـەی بـاڵای چیلـی ڕاگەیانـدن بـڵاو دەکـاتەوە و دواتـریش لە ١٩٧٣/٧/٢ چـاودێری گشـتیی و دوای ئەوەش لە ١٩٧٣/٨/٢٢ ئەنجـومەنی نـوێنەران، بڕیار دەدەن ژمارەیەک لەو بڕیارانەی ئەلینـدی دەری کـردوون نایاسـایی و نادەسـتورین. کار گەیشتە ئەوەی پەرلەمان داوا بکا چەند ئەفسەرێک بخرێنە نێـو حکـومەتەوە، پـارتە دیموکراتخوازەکـان پێشـوازیان لە بڕیارەکـانی سـوپا کـرد بە خۆتێهەڵقورتانـدنیان بە پرسەکەوە، ئیتر ئەوەبوو کەسایەتییەک کە گومان لە دیموکراسـییەتی نـاکرێ، سـەرۆکی پێشووی وڵات بوو.

(فیری) پێشوازیی لە کودەتا و سەرنگونکردنی پینوچیـت دەکـا، ئەم هەسـتەی بەم چەنـد وشـە دەربـڕێ (زۆربەی لایەنگـران و پاڵپشـتانی ئەلینـدی دوورن لە پرسـی دیموکراسییەت) دواتر دەڵێ:

(سوپا ژیـانی ئـێمە و چیلیـی ڕزگـارکرد، هەرچەنـدە تـا ئێسـتاش ژیـانی ئـێمە بەهۆی ئاشکرابوونی ڕۆژانەی چەکی شاراوە پارێزراو نییە، کە بە شـێوەیەکی ڕێکخـراو و بەرنامە دارێژراو کار بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی ناوەخۆ کراوە، لەلایەن مارکسیستەکانەوە، ئەمەش ئەو ڕاستییەیە کە دونیا پێی نازانێ و ئامادەش نییە بیزانێ.

باتریشیو ئیلوین سەرۆکی پارتی دیموکراتی کریستی تا بەر لە کودەتـا کە دواتـر دەبێـتە جێگـرەوەی پینوچیـت وەکـو سـەرۆکی چیلـی، لە دیـداریکی ڕۆژنامەوانییـدا لە تشـرینی یەکەمـی ١٩٧٣ دەڵـێ: لە ڕاسـتییدا ئەوەی سـوپا و پـۆلیس پێـی هەسـتان و ئەنجامیان دا تەنها کارێکی خۆپارێزی بوو، نە پێشینەی ئەو کودەتایە بوو کە حکومەت

بە هاوکــاری نــزیکەی دە هەزار میلیشــیای بێگــانە نەخشــەی بــۆ دارِشــتبوو، تــا دیکتاتۆریەتێکی کۆمۆنیستی دامەزرێنێ.

دوای بەسەرچوونی چەند هەفتەیەک لە کودەتاکە هەرچی نەرێنی و دەستەواژەی پێشێلی دیموکراسییە لە رەفتارەکانی رژێمی پێشوو وەدەرنران و باسیان لێوە نەکرا، لە ناوهێنانی پینوچیتدا وەکو سەرۆکی هەڵبژێردراو ناوی دەهات.

هــیچ ئامــاژە و روونکــردنەوەیەک نەهــات لەســەر ئەو پابەنــدیەی ســوپا بە بریارەکانی سەردەمی پینوچیت و دواتر ئەنجامدانی کودەتا و پاشان ناوهێنانی وەکو ســەرۆکی هەڵبژێــردراو، ئەم دوو فــاقیەی هەڵوێســتەکان، روونکردنەوەیــان بــۆی نەدرا تەنــانەت ئەو لێــدوانەی (فیــری) بەر لە کودەتــا رایگەیانــدبوو ئەویشــیان لەگەڵ هەڵوێستەکانی دوایی نەدەهاتنەوە و بێ رونکردنەوە مانەوە. هیچ ئاماژەیەک بەو کارە توند و تیژیانە و شەری ناوەخۆ نەدرا کە چەپی چیلیی هۆکاری بوو.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئارەزوو خواستە تایبەتیەکان بوونە رەنگدانەوە لە نێــو کۆنگرێســدا، بەڵام هەریەک لە ئەدوارد کیندیــدی و فرانــک چیــرش و هەنــدێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵوێستێکی دژایەتیان لە دەستەی سوپای دەســەڵاتدار وەرگرت، هەر کە دڵنیــابوون لەوەی نــاکرێ سیســتەمی دیموکراتی پیــادە بکــرێ، حــزبە دیموکراتخوازەکانیش دێنە پــاڵ ئەو هەڵوێستەیان، لەو کــاتەی خــۆم ئامــادە دەکــرد بــۆ بەشداربوون لە کۆبوونەوەی رێکخراوی دەوڵەتــانی ئەمریکــی، کــۆنگرێس لە ئامادەکاریــدا بــوو بــۆ برینــی هاوکارییەکــان لە چیلــی، تەنــانەت ئەو بەرنامــانەی بــۆ حکــومەتی پینوچیتیان ئامادە کردبوو ئەوانیشیان وەستاندن.

بەهۆی لەدەسـتدانی هـزری دەزگـەیی هەوڵ دەدەم ئەوە روونـکەمەوە چـۆن لەو کـاتە ناسـکەی ئەوێ رۆژێـدا کە چەنـد کێشـەیەکی ئاڵۆزمـان لەبەردەسـتدا بـوون لەوانە واتەرگێت Watergate و شەری سـارد و گواسـتەنەوەی دەسـەڵاتی سـەرۆکایەتیی و شەری رۆژهەڵاتی ناوەراست و پرسی کوبا، ئێمە چۆن چۆنی مامەڵەمـان لەگەڵ پرسـی چیلییدا دەکرد.

ئەوکات ئەوەی پێی دەگوترێ گومبەتەی باشووری ئەمریکای لاتینی، لەلایەن هێزە ڕادیتکالیستەکان و دژە دیموکراتەکان و ئەوانەی بەرهەڵستی بازاڕیان دەکرد ڕووبەڕووی هێرش دەبوونەوە. لە ئەرژەنتین پرۆسەی هەرەسی دیموکراسی دەستی پێکردبوو، بەڵام دواجار خوان بیرون کە بیست ساڵ لە تاراوگە دەژی، دەستی پێوە دەگرێ و دەیگێڕێتەوە، لە گەڕانەوەیدا مێژووی دژایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دێنیتەوە، لە ڕێگەی تیرۆر و تۆقاندن دۆخێکی ئاژاوەگێڕی و نائارامیی لە ئەرژەنتین خولقاند، ئەمەشی بۆ ڕێخۆشکردن بوو بۆ هەڵکشان بەرەو دەسەڵات. هەمان دۆخی نائارامیی لە ئۆرۆگوای خولقابوو، بیرۆ هەروەکو پێشتر باسمان لێیەوە کرد لە ژێر دەسەڵاتی سەربازە چەپەکانی ستەمکاردا بوو .

لە نێو سەرکردەکانی ئەو ناوچە، پێمان وابوو کە ئەلیندی لە هەموویان زیاتر دژی بەرەژوەندیەکانمانە، هەر بە ئاشکرا دژایەتی خۆی بۆ ئەمریکا و لایەنگری و پشتیوانی بۆ کوبا ڕاگەیاند، سیاسەتی ناوەخۆشی هەڕەشە بوو بەسەر ئازادی و دیموکراسیی و مافەکانی مرۆڤ، هەروەکو کۆنگرێسیش ئەمەی دووپاتکردەوە، هەرچەندە ئەمریکا دەستی لە کودەتاکەدا نەبوو، بەڵام پێمان وابوو کودەتاکە چیلیی لە ستەمکاری و حوکمی گشتگیری (تۆتالیتاری) ڕزگار کردووە و گومبەتەی باشوری ئەمریکای لاتینیشی لە هاوبەشی ڕادیکالیزمی دوور خستۆتەوە، ڕەفتارەکانی پینوچیتمان پێ باش نەبوون، بەر لە چەند هەفتەیەک بە وەزیری چیلی (ئیسماعیل هویرتای)مان ڕاگەیاند کە لەو ڕەفتارانەی ناڕەحەتین. پێیمان ڕاگەیاند هەرچەندە ئێمە سەرکەوتن بۆ حکومەتەکەتان دەخوازین، بەڵام لەوە ئازادین هەنگاو بنێین ئەو کەسانە ڕزگارکەین کە پەنایان بردۆتە بەر باڵوێزخانەکان و بە هەزاران کەس مەزندە دەکرێن. کارمان لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی سەرۆکی حزبی کۆمنیتسی چیلیی بە جیابووەیەکی سۆڤیەتی کرد کە لای ئەوان گیرابوو.

بەڵام جیاوازیەکی مەزن لە نێوان نزیک بوونەوەی ئێمە لە حکومەتی پینوچیت لەگەڵ نزیک بوونەوەی ڕەخنەگران لە کۆنگرێس و دەزگەکانی میدیا هەبوو، ئەوان سووربوون لەسەر ڕووخانی پینوچیت، بەڵام ئێمە سووربووین لەسەر فشار خستنە سەر

دەزگـە سـەربازییەکانی سـەر بە پینوچیـت، بـۆ ئەنجامـدانی هەنگـاوی دیموکراسـیی و چاکسازی، لەسەر پرسـی مافەکـانی مـرۆڤ و ئەدای دەزگـەکان، ئەم هەڵوێسـتەی ئـێمە سەرچاوەی لەوەوە گرتبوو کە بڕوامان وابوو هێزە شۆڕشگێڕ و ئاڵۆزییەکانی ڕادیکالیست لە ئەمریکـای باشـوور مەزنتـرین هەڕەشـەن بـۆ سـەر ئـێمە، ئیتـر ئیـدارە یەک لەدوای یەکەکان لەسەر ئەم بڕوایە مانەوە تا ئەوکاتەی پینوچیت لە ڕێگەی ڕیفرانـدۆمێکەوە لە ١٩٨٩ لەسەر دەسەڵات لادەچێ.

ئێمە لەو دووفاقیەی پینوچیت بە ئاگابووین کە لە دوای کودەتا پیادەی دەکـرد، بەڵام چەپەکان چاوپۆشیان لە ڕەفتارەکانی دەکرد ئەوەتا چەپـی ئەورووپـی بە هاوشـانی ڕەخنەگرتن لە ڕەفتارەکانی کاسترۆ ڕەخنەیان لە پینوچیـت نەدەگـرت، بەڵام حکـومەتی سۆشیالیستی سویدی دوای ٤٨ کاتژمیر لە کودەتا، بێ ئەوەی هیچ پێشێلیەک لە بواری مافەکانی مرۆڤ لێی ببینێ هەموو هاوکاریەکانی لە چیلیی بڕی.

هەمان هەستیاریان بەرانبەر بە دەسەڵاتی ستەمکاری هانۆی بەکار نەهێنـا، کە سوید لە پشتگیری و هاوکاریکردنی بۆ ماوەی دوو دەیە بەردەوام دەبێ.

سیاسەتی ئاژاوەگێڕان بەرانبەر بە ئێمە هەرچییەکی بێت، ئێمە هەوڵی باشماندا بـۆ بە دیموکراسـییکردنی دام و دەزگـەکان لە ئەمریکـای لاتینـی، ئەم ئامـانجەش بـووە کرۆکی سیاسەتی پیادەکراومـان. ڕقمـان لەو سیاسـەتەی سـەردەمی شـەڕی سـارد بـوو، پەیوەنـــدی لەگەڵ دەوڵەتە ســـتەمکارەکانی ئەمریکـــای لاتـــین ببەســـتین، بەڵام دەسەڵاتەکانمان لە پێناو بە دیموکراسـییکردنی دام و دەزگـەکان بەکارهێنـا، بـێ ئەوەی زیان بە بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بگەیەنین. ئەمەش لە ڕێگەی هەمـاهەنگی لەگـەڵ دام و دەزگـەکان کـرا لەبـاتیی ڕووبەڕووبـوونەوە، هـەروەکو هەنـدێک لایەن مەبەستیان بوو ناچاری ئەم ڕەفتارەمان بکەن.

مشتومڕ لەسەر ئەوەی ئایا شێوازی بەشداری یا فشار کامیان باشترە، ئەمە بووە پرسێکی ڕەوشـتی. لە ڕاستیشـدا هێڵێکـی جیـاکەرەوە لە نێوانیانـدا نییـە. لە حاڵـەتی نموونەیی دەبێ هەردووک شێواز بەکار بێنی. سـەرکەوتنیش ئەوکـاتە بەدەسـت دێـت کە

هەردووک لایەنی کۆنگرێس و دەسەڵاتی جێبەجێکردن هاوکاری یەکتری دەکەن و ڕۆڵی گونجاو دەگێڕن، کۆنگرێس ئەو ڕێگە گونجاوەیە کە دڵەڕاوکێ و بایەخی ئەمریکای لێ دیارە، ئەوکات دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەتوانێ لەگەڵ هەڕەشەکانی یاسادانان خۆی بگونجێنی کە لەگەڵ ئاسایشی نەتەوایەتی دێتەوە (بە ڕەچاوکردنی ئەوەی هەندێک پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ وەکو کۆکوژی ببێتە بەشێک لە تاکتیکەکان).

ئەم دابەشکردنەی ڕۆڵ پێویستی بە هەماهەنگییەکی باشی نێوان کۆنگرێس و دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەیە، لە ناوەڕاستی حەفتاکان لەسەر پرسی چیلیی ئەم بڕوا و متمانەیە نەبوو. لایەنگرانی مافەکانی مرۆڤ لە کۆنگرێس ئیدارەیان بەوە تۆمەتبار کرد، کە لەم بوارە هیچ جوڵەیەک ناکا، تەنها لە ژێر فشاردا نەبێ. ئێمەش لە لای خۆمانەوە پێمان وابوو، کۆنگرێس بیر لە ئەجندای ئایدیۆلۆژی و سیاسیی یەکلایەنە دەکاتەوە. تا ئەو ڕادە کەوتبوومە گومان، کە پێم وابوو ئیدارە زیان بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان یا جیۆپۆڵەتیکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەیەنی. یا لانیکەم لێی بێ ئاگایە. لە هەردووک بۆچوون هەندێک ڕاستی دەبینرێ. دیارە من وەکو وەزیری دەرەوە، دەبێ ئەم ئەگەرانەم لەبەرچاوبێ و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە چوارچێوەیەکی ستراتیژیدا ببینم، بەڵام بڕوام بەوە بوو، کە دەستەواژەی ئابڕوی مرۆڤایەتیی دوا پەیوەستی پەیوەندییەکانمانە لە نیوەی ڕۆژئاواکەی دونیا، بۆیە پەیوەندییەکانی خۆم لەگەڵ سیناتۆر کینیدی و نوێنەر، فریزر پاراست کە هەردووکیان لایەنگری سەرەکیی سیاسەتی کۆنگرێس بوون بۆ سزادانی چیلی.

سەردانی و گەشتەکەم بۆ کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی لە سانتیاگۆ ئەمانەی بەرجەستەکردن. لەو ماوەیەی پێشوو ڕێگە بە تیمێکی ئەمریکیی مافی مرۆڤ نەدرابوو سەردانی چیلیی بکەن، بەڵام مامەڵەیان لەگەڵ پرسە سادە و ئاسابییەکاندا دەکرد نەک پرسی کۆکوژی، کە لەماوەی ڕابردوو ڕووی دابوو. بەر لەوەی دەست بە سەردانەکەم بکەم ئاگاداری باڵوێزی ئەمریکام کردەوە، ئەمریکا پشگیری لە ڕاپۆرتی سانتیاگۆ دەکا، منیش بۆچوونەکانی ئەمریکا دەردەبڕم، پێداگریشمان لەسەر ئەوەدا کرد، کە لە بواری مافەکانی مرۆڤ لە چیلیی پێشوەچوون بەدەست بێ.

حکومەتی چیلی نیازی ئازادکردنی ٣٠٠ زیندانی سیاسیی ڕاگەیاند، لە مانگی ئایاریش بە گەیشتنی وەزیری گەنجینە بیل سایمون ٤٩ دەستبەسەری ئازاد کرد، بەر



لەوەی منیش سانتیاگۆ جێبهێڵم دیسان ژمارەیەکی دیکە ئازاد دەکا.

Augusto Jose Pinochet

بۆ ئەوەی گومان لەسەر پێشینەکانمان نەمێنێ، وەستانی سانتودومنیگو (پایتەختی دۆمنیکان)م بە هەلزانی، لە خوانی نیوەڕۆ کە سەرۆکی دۆمنیکان بالاگویر لە ٦ی حوزەیران بۆی سازدام، جەختم لە بایەخدان بە مافەکانی مرۆڤ لە سنتیاگۆ کردەوە:

خەسڵەتی کولتوور و نەریتەکانمان لە نیوەی ڕۆژئاوای دونیا، پێشکەوتنی ماددی بۆ کەسایەتیی مرۆڤ بەس نییە، ئێمە دانیشتوانی هەردوو ئەمریکا ئەرکێکی

تایبەتیمان بەرانبەر بە دونیا و خۆمان لەسەر شانە، ئەویش پاراستن و چاککردنی پێوەرەکانی جیهانی بۆ دادپەروەری و ئازادییە.

لەم گەشتەمدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، خەبات لە پێناو ئابڕوی مرۆڤایەتی، چەقی بووژانەوەی نیشتمانی و هاوکاری نیو دەوڵەتییە، من پێشنیاری بەهێزکردنی ڕۆڵی (لیژنەی ئەمریکا بۆ مافەکانی مرۆڤ) دەکەم.

گوتاری پینوچیت لە کردنەوەی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی لە ٤ی حوزەیران کە بەر لەوەی من بگەم خوێندبوویەوە، بەرگریی لە دۆسیەی مافەکانی مرۆڤ لە چیلیی کردبوو. گوتبووی چیلی شکستی بە کودەتایەکی کۆمۆنیستی هێنابوو و بنیادی دیموکراسیی و دەوڵەتی یاسای کردووە و لەم ماوەیە زنجیرەیەک لە بڕیار و چاکسازیی لە بواری مافەکانی مرۆڤ ڕادەگەیەنی، بە شێوەیەک کە دەستورەکەی ببێتە باشترین و پێشکەوتووترین بەڵگەنامە لە هەموو دونیا. لەمیانی هەوڵەکانیدا بۆ لاوازکردنی ڕۆڵی لیژنەی ئەمریکیی مافەکانی مرۆڤ، پینوچیت پێشنیار دەکات ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی، دەزگەیەک بە ناوی مافەکانی مرۆڤ دامەزرینێن ( دواتر ئەم پێشنیارە لەلایەن کۆمەڵەی گشتیی ڕەتکرایەوە، ئێمەش لەگەڵ زۆرینە دەنگمان لەسەردا).

لەمیانی جوانکردنی وێنەی چیلی، پینوچیت بانگێشتی ئەمینداری گشتیی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکیی کرد، (ئورفیلا) بۆ سەردانی ئۆردوگای گرتوخانەی بەدناو (تریس ئالاموس) و لەم ماوەیەش بڕیاری ئازادکردنی ٤٩ زیندانی دابوون. لە کاتی کۆبوونەوەکاندا ڕێگەی بە ڕۆژنامەکان دەدا ڕاپۆرتێک لەسەر مافەکانی مرۆڤ بڵاو بکەنەوە، کە تێیدا ڕەخنە لە حکومەتی چیلیی دەگرن، ئەم ڕاپۆرتانە لە ڕۆژنامەی ( ئال میرکیوریو) و زۆربەی ڕۆژنامەکانی دیکە بڵاو کرایەوە. لەگەڵ ڕاپۆرتەکە وەڵامیکی دوور و درێژی حکومەتی چیلیی لەگەڵ بڵاو کرابووەوە.

بە مسۆگەری فشارەکانی کۆنگرێس ڕۆڵ و کاریگەریان لەسەر گرتنەبەری ئەو ڕێگە چاکسازیە هەبوو، بەڵام ستراتیژییەتمان ئەو بۆنەی گرتەبەر بۆ چاکسازی و

وروژاندنی پرسی مافەکانی مرۆڤ، وەکو تاقیکردنەوەیەک لە دروستکردنی پەیوەندیی نوێ لەگەڵ چیلی، سەبارەت بە بابەتی چیلی، جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوان ئیدارەی فۆرد و ڕەخنەگرانی بژاردنی حاڵەتی نائارامیی بوو. ئەوان هێزی ئەلیندیی ڕادیکالیستیان لە پینوچیت پێ باشتر بوو، جا ئەگەر هەر چییەکی لەسەری بوەستێ لە بەرژەوەندییەکانی جیۆپۆڵەتیک یا دیموکراسییەت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە ڕاستییشدا هەندێکیان پێیان وابوو توندوتیژی ڕادیکالیستەکان پێویستە و ئەلتەرناتیفی نییە. ئەگەر ئازاربەخشیش بێ، ئەمەش مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ دامەزراندنی دونیایەکی نموونەیی، لەلایەکی دیکە، ئیدارەی فۆرد بەم ئاستە سیاسەتێکی زیانبەخشی پیادە نەدەکرد تا ئەو دەنگۆیە بەرز بێتەوە.

نەگەیشتوینە ئاستی هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی پینوچیت، بەڵام هەڵوێستەکانمان لەسەر مافەکانی مرۆڤ ڕوونکردنەوە.

لە کاتی دووان لەسەر چیلیی دانم بەو پێشکەوتووانەدا نا کە هاتونەتە دی، بەڵام: بۆ لیژنەکەم دووپاتکردەوە، کە پێشێلی بەردەوامە، ئەمەش لە سەر ئاستی پەیوەندییەکانی دووقۆڵیمان و نێودەوڵەتیی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرنگە، ئەم گرنگییە لای کۆنگرێس و دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەنگاوی بۆ دەهاوێژرێ، لەو هەنگاوانە کۆت خستنەسەر هاوکارییەکانی سەربازیی و ئابووریی بوو، کە بە چیلیی دەدرێن.

حاڵەتی مافەکانی مرۆڤ پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چیلیان لاوازکردن، ئێمە پێمان خۆشە ئەم پەیوەندییانە باش و پتەوبن، هەموو دۆستەکانی چیلییش حەزیان لێبوو ئەو گرفتانە وەلا بنرێن، بەڵام ئەگەر لەسەر دووفاقی بەردەوام بێ ئەوا لەگەڵ ڕێبازمان ناگونجێ.

ئەو کەسانە ناتوانن خزمەتی پرسی ئابڕوی مرۆڤایەتیی بکەن، کە ئاژاوەچیی و یاریکەرن بە مافەکانی مرۆڤ، ئەوانەش ناتوانن ئەو دەوڵەتانەیان بژاردووە، کە دژی بۆچوونە سیاسیەکانیانن تا ڕەخنەیان لەسەر پرسی مافەکانی مرۆڤ ئاڕاستە بکەن.

بەر لەوەی ئەو گوتارە بدەم پینوچیت لە بینایەکی نەخشێندراو لەسەر شێوازی ئیسپانی لە نوسینگەی خۆی پێشوازیی لێکردم، هیچ چاودێرێک ناتوانێ حوکم لەسەر خۆشی پەیوەندیەکانمان بدا، پینوچیت بە ساردی پێشوازیی لێکردم، بێ ئەوەی لە بابەتەکە دەرچێ، هیچ خۆشەویستییەکی نە بۆ ئەمریکا، نە بۆ نوێنەرەکانی دەرنەبڕێ. ئەو سەرەڕای ڕاگەیاندنی دۆستایەتیی لەگەڵ ئەمریکا، بەڵام لە ئەلیندی زیاتر لە ژێر فشاری ئەمریکادا بوو، هیچ دەرفەتێکی دەرباز نەدەکرد، بێ ئەوەی هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نەکا و پێگەی لە ڕۆژئاوای نیوەکەی دونیا لاواز نەکات.

لە کۆتاییدا دەرکەوت، هەریەکەمان لە پێناو دۆخی بابەتێکی جودا هەوڵ دەدەین:

سەبارەت بە خۆم، ستراتیژەییەتیی ئێمە پەیوەندیی بە ئەمریکای لاتینەوە هەبوو، بە پشتگیرییەکانی ناوەخۆی سیاسەتەکانی دەرەوەی گشتیمان، کە لەسەر دۆسیەی چیلیی مافەکانی مرۆڤ گرەوی لەسەر دەکرا، بەڵام پینوچیت سەرقاڵی ئەو توندوتیژییە بوو، کە ڕادیکالیستەکانی ناوەخۆ پیادەیان دەکرد و هەڕەشەیان لە هەڵوێستی پیرۆ دەکرد، ئەوان لەلایەن سوپای سۆڤیەتەوە پرچەک دەکردان و کوبییەکانیش مەشقیان پێدەدان.

دەبووایە کاتێکی باش لەگەڵ پینوچیت تەرخان بکەم بۆ گفتوگۆ لەسەر مافەکانی مرۆڤ، کە گرفتێکی مەزن بوو لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و چیلی. ئەو گوتارەم بۆی کورتکردەوە، کە دەبووایە لە بەردەم ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکیی بیدەم، پینوچیت هیچ تێبینییەکی لەسەر نەدا. بە درێژایی ئەو ماوەی مابووەوە جەختم لەسەر ئەوە دەکردەوە، ئێمە هاوسۆزین لەگەڵ ئامانجەکانی چیلی، لە پێناو جێبەجێکردنی ئارامیی و سەقامگیری و ئابووریی بازاڕ و بەرگرییکردنی کۆمۆنیستەکان، کە ئێمە بۆ ئەوە نییە فشار دەخەینە سەر چیلیی لەسەر بابەتی مافەکانی مرۆڤ تا لاوازی بکەین، بەڵام دەبێ پینوچیت لەمە تێبگات:

مافەکانی مرۆڤ ئەو کێشەیە، کە پەیوەندییەکانمان و هەوڵەکانی دۆستانی چیلی تێک دەدا، من ئەمڕۆ بە دروستی لەسەر مافەکانی مرۆڤ لە بەردەم کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکا دەدوێم، من بە ئەنقەست گوتارەکەمم دواخست، تا لەگەڵ ئێوە بدوێم، دەمەوێ لە هەڵوێستم بگەن، دەمەوێ لەمیانی بڕوای مۆڕاڵی و ڕەوشتییەوە مامەڵە بکەین، نەک لەمیانی سزا یاساییەکان.

دانم بەوەدانا، زۆربەی ڕەخنەگرانی پینوچیت، بەهۆی ڕووخاندنی حکومەتێکەوە هێرشی دەکەنە سەری، کە دواتر دەبێتە حکومەتێکی کۆمۆنیستی، لەگەڵ ئەوەشدا:

ڕووبەڕووی کێشەیەکی پراکتیکی دەبێتەوە دەبێ بە هەندی وەرگرێ. باشتر وایە ئەو ڕێکارانەمان پێ بڵێی کە لە بواری مافەکانی مرۆڤدا جێبەجێیان دەکەیت.

بە ئەرکی خۆمم دەزانی  بە ڕێگەی سیاسەتی تێگەیشتن لە مەترسییەکانەوە هانی حکومەتی چیلیی بدەم، زیاتر بەرەو دیموکراسییەت هەنگاو بنێ، بێ ئەوەی گڵۆپی سەوز بۆ ئەو هێزە داگیرسێنێ کە ئەلیندی لە شۆڕشەکەیدا پشتی پێ بەستبوون.

بەهەرحاڵ، هەموو ئەوەی هەمبوو لەیەک تێگەیشتن بوو، بەڵام مەترسییەکانی چیلیی لە کردە تێکدەرییەکانی ناوەخۆ و فشارەکانی پیرۆ بوو، کە بە مووشەکی دوورهاوێژی سۆڤیەتی، پڕ چەک کرابوو و لەسەر ئەو سنورانەیان بڵاوەیان پێکرابوو کە کێشەیان لە نێواندا لەسەری هەیە، پینوچیت پێی ڕاگەیاندم؛ سۆڤیەت پشتگیری لایەنگرانی بە ڕێژەی ١٠٠% دەکات.   ئێمە لە پشتتانین، تۆ فەرماندە و سەرکردەیت، بەڵام ئێوە سیستەمێکی سزابەرداریتان هەیە بۆ دۆستەکانتان. دووبارە گەڕامەوە بۆ بابەتەکەم، جەختم لەسەر ئەوە کردەوە،  هاوکاریە مەزنەکەمان پەیوەستە بە پێشوەچوونی پرسی مافەکانی مرۆڤ.

لە ١٨ی حوزەیران کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی بە پاڵپشتی ئێمە بڕیارێکی دەرکرد، هانی چیلیی دا تا بەردەوامبێ لەسەر ڕێکارەکانی چاکسازی لە مافەکانی مرۆڤ و لیژنەی ئەمریکیی مافەکانی مرۆڤیش هاوکاریی پێویست لەم بوارە

پێشـکەش بکـات، بڕیـارەکە بە زۆریـنەی ١٩ بەرانـبەر بە ١ دەنـگ بڕیـاری لەسـەر درا، جامایکا تاقە دەوڵەت دەبێ کە دژی بوو، چیلیی و بەرازیلیش دەنگیان نەدا.

دوای ئەوەی پینوچیت ئاژانسی هـەواڵگری دژە تیـرۆر هەڵدەوەشـێنێتەوە، ترسـم لێنیشت لەسەر پێشێلکردنی مافەکانی مـرۆڤ، سـەردانی و ئامـادەبوونم لە کۆبـوونەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی، خزمەتێکـی سـتراتیژیی دوورخـایەنی کـرد، بـووە مـایەی دروستبوونی یانەیەکی فرەلایەن لە نێوان دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا.

لە گوتـارێکی دیکەمـدا لە ٩ی حـوزەیران پەیمـانم دا، ئیـدارەی سـەرۆک فـۆرد پابەندی ئەم خالآنە دەبێ:

- جەختکـردنە سـەر ئـارەزوو و داخوازیەکـانی ئـابووریی ئەمریکـای لاتینیـی، لەو بوارانەی ئازادیی لە دەسەلآتی جێبەجێکردندا هەیە.

- یەکخستنی هەڵوێستەکانمان لەسەر پرسی ئـابووری، کـە بـۆ نیـوەی ڕۆژئـاوای دونیا گرنگ بێ، بەر لەوەی لە گوتوبێژەکانی نێودەوڵەتی باسی لەسەر بکرێ.

- بیرکردنەوە لە دووبارە ڕێکخستنەوە لە بوارەکانی ئـابووری لە نـاوچەکە، وەکـو گواستنەوەو پەرەپێدانی تەکنەلۆژیا.

- هەموو هەوڵەکان بخرێنەگەڕ لە پێناو هەموارکردنی یاسای بازرگانی کە ئەمریکا دەریکردووە.

پێشـنیاری کۆبـوونەوەیەکی تـایبەتی کۆمـەڵەی گشـتیی ڕێکخـراوی دەوڵەتـانی ئەمریکـام کـرد لە ئـاداری ١٩٧٧، بـۆ مـامەڵەکردن لەگەڵ کێشـەی وڵاتـانی تـازە پێگەیشتووی داهات مامناوەندی، کە زۆربەی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی دەگرێتەوە، بە هەمان ڕۆحیەتیش وەزیری دەرەوەی ئۆرۆگوای (خوان کارلوس بلانکو)م ئاگادار کـردەوە کە:

لاریم نییە لە پێدانی هاوکـاری بە هەژارتـرین دەوڵەت، بەڵام دەبـێ جیـاوازی لە نێوان هاوکاری و بەهاناوەچووندا بکەین، هەروەها ڕێگـایەک بـدۆزینەوە تـا ژمـارەیەک لە دەوڵەتـانی داهـات مامناوەنـد لە لیسـتی هاوکـاریکردن وەدەر نێـین چـونکە ئەوان لە

دەرەوەڕا سەرمایە وەدەستدێنن، هەڵەیەکی مەزن دەکەین ئەگەر بە ئاستی ئێوە هاوکاری ئەوان بکەین.

دەمزانی کارکردن بەم پێشنیارە دەنگێکی ناساز لە واشنتۆن لەسەر پرسی ئەمریکای لاتینی بەرز دەبێتەوە، بەڵام دڵنیابووم لەوەی سەرۆکە تازە هەڵبژێردراوەکە لەو ئاستەدایە پێداگری لەسەر دەستەواژەکە بکات.

دوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی بە ڕاپۆرتێکی تایبەتی ئەمەم بە سەرۆک فۆرد دا:

ڕەنگدانەوەی سەرکەوتنی ئەم کۆبوونەوانە لە سیاسەتی دەرەوەمان لەسەر ئەمریکای لاتینی بەدی دەکرێ، بە بەراورد لەگەڵ چوار ساڵی ڕابردوومان. ئەمڕۆ لەسەر هەموو پرسە گرنگەکانی ئەمریکای لاتینی ڕا و بۆچوونی خۆمان دەرخست. ئەو ڕاوبۆچوونەش بە ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا کرا، ڕۆڵێکی پێشەنگمان لە پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان مافەکانی مرۆڤ و توانای زانستی لە گفتوگۆی چاکسازی لە ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکیدا گێڕا. لەگەڵ ئومێد و پاکی لە مامەڵەکردن لە پرسی بازرگانی و بووژانەوە.

# پەنەما Panama

لە هۆکارەکانی سەرکەوتنمان لە ئیدارەدانی پەیوەندییەکانمان لە نێوان دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا لە کۆبوونەوەکانی سانتیاگۆ بڕوابوون بوو بەو دانوستانەی لەسەر پەیمانی کەناڵی پەنەما ئەنجامدرا، بڕوامان وابوو جولان بەرەو ئەم ئامانجە قوفڵی سەرکەوتنەکانمانە. سەرجەم دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی ڕازی بوون بە گۆڕینی ئەو مەرجانەی، کە ناوچەکەیان بە دوایین ئاسەواری کۆلۆنیالی نە هاتە ناسین و هاوپەیمانێتییەکی هەموارکراویش ببەسترێ، کە خزمەتی بەرژەوەندییەکان بکات و لە قەیرانی هەمیشەیی لەگەڵ ئەمریکای لاتینی ڕزگاری بێ.

لەگەڵ کۆتایی کۆبوونەوەکانی سانتیاگۆ دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی لەوە گەیشتن، ئێمە بەرەو بەرجەستەکردنی باوەڕێکدا هەنگاو دەنیین تێیدا هاوپەیمانی ١٩٠٣ هەڵدوەشێنینەوە: دەستبەرداری ناوچەی کەناڵ لەگەڵ بەکارخستنی کەناڵی پەنەما و داننان بە سەروەریی، بەڵام بە مانەوەی مافی بەرگرییکردن.

وا بەدی دەکرا پرسەکانی مابوونەوە ڕێگر نەبوون لەبەردەم وەدەستهێنانی سەرکەوتن، بەڵام نەزانرا کەی و چۆن ئەو پەیماننامە تەواو دەبێت، دەبووایە هەوڵێک لەگەڵ وەزیرانی دەرەوە بدەین بۆ هاوکاریکردنمان لە ئەنجامدانی هاوپەیمانییەتییەکە، دەبووایە تەواوبوونی هاوپەیمانییەتییەکە دواخەین بۆ کاتی ئیدارەی نوێ لە ١١ی حوزەیران، لە سەنتیاگۆ چاوم بە وەزیری دەرەوەی پەنەما کەوت (ئەکویلینو بوید) و پێم ڕاگەیاند:

دەبێ ئەوە بزانی کە بەردەوامبوون لە پڕۆسەی دیراسە بە شێوەیەکی فەرمی لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ ئێمە شتێکی سەرنج ڕاکێشە. ئێمە ئێستا دەسەڵاتمان نییە، خەڵکیش لای ئەوەندە گرنگ نییە ئەگەر لە کارەکەی دەرکرێ، ئەگەر

دیموکراتخوازەکـان سـەرکەون بەدوای سیاسـەتەکانمان پیـادە دەکەن، خـۆ ئەگەر فـۆرد دەرچوو تۆ دەزانی چی دەکـا، گرنـگ ئەوەیە لەم چەنـد مـانگەی دادێ شـتێک ڕوو نەدا ببێتە کێشە.

مـن و بوویـد بەیاننـامەیەکی هاوبەشـمان دەرکـرد، تێیـدا سـووربوونی خۆمـان دەرخست لەسـەر درێـژەدان بە دانوسـتانەکان و پابەنـدیمان بە ئەنجامـدانی پێشـکەوتن. کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی بە کۆی دەنگ ڕەزامەندیی لەسەردا.

کـاردانەوەی ویـلایەتە یـەکگرتووەکانی ئەمریکـا بەم شـێوە ئەرێنـی نەبـوو، لە ماوەی سەرۆکایەتیی خۆیدا سەرۆک فـۆرد چەنـدین بڕیـاری بـوێرانەی دا، هەنـدێکیان بە نموونە پشتگیرییکردن لە زۆرینەی گەلی ئەفریقی بوو، هیچ سوودێکی بۆ ئەو نەبـوو، بە زیانترین بڕیارەکانیشی دەربڕینی ئامـادەیی بـوو بـۆ هەمـوارکردنی پەیماننـامەی پەنەمـا، هیچ دەنگدەرێک لە ئەمریکا پشتگیری ئەمەی نەدەکـرد، لە کاتێکـا ناڕازییەکـان بـۆی بە پەرۆش بوون.

لە مانگەکانی بەرایی حوکمڕانییدا فۆرد بەو کێشـانەوە سـەرقاڵ بـوو، کە بـۆی جێمابووەوە، بەڵام وەکو بنەمایەکی سەرەتایی ڕازی دەبێ پەیماننـامەیەکی نـوێ لەسـەر پەنەما واژۆ بکات.

لەم ڕووەوە ئیلیسـورت سـەرفراز دەکـا بەدوای ئەم ئامـانجەدا بـڕوا، خـۆی کەسایەتیی بنکر مانای پاکی و بێگەردی نیازەکـان دەگەیەنـێ، هێـورکردنەوەی کێشـە و ململانێی نێوان وەزارەتی دەرەوە و بەرگریی بوو.

بنکـر بە توانـایەکی نـاوازە دەسـتی بە ئەرکە پێسـپێردراوەکە کـرد، بـڕگە سەرەتاییەکانی بۆ ویلایەتی فۆرد مابووەوە پەیوەندییان بە مـاوەی مـانەوەی ئەمریکـاوە هەبوو لە بەکارهێنانی کەناڵی پەنەما و لەگەڵ ماوە درێژەکەی، کە مافی ئەمریکایە یەک لایەنە بەرگریی لێ بکا، لەمیانی مشتومڕەکانمان و بۆچوون و سـەرنجەکانمان گەیشـتینە ئەو کۆدەنگییەی ماوەی بەکارهێنانی کەناڵی پەنەمـا بکـرێتە بیسـت سـاڵ و لەگەڵ چـل ساڵیش بۆ بەرگرییکردن، یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە دوای بیست ساڵی دیکە کـەناڵی

پەنەما کۆن دەبێ لەگەڵ سەردەم و پێداویستییەکانی ناگونجێ و پێویستی بە گۆڕان دەبێ.

کێشەکەم خستە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی، بۆ یەکەمجار بوو لە سەردەمی ویلایەتی فۆرد لە ١٥ی ئایار ١٩٧٥ و بە شێوەیەکی خەسڵەتی بەم شێوە خستمە بەردەم سەرۆک فۆرد:

یەکەم: پرسەکە پەیوەندیی بە ئێوەوە هەیە، ئامادە بیت ڕەزامەندی لەسەر بیرۆکەی جیاکردنەوەی پرسی بەکارهێنان و بەرگریدا بکەیت. سەرجەم ئاژانس و دام و دەزگەکان لەسەر ئەم نزیککردنەوە ڕازین. هەرچەندە پرسەکە پەیوەندیی بە ژمارەوە نییە، بەڵام ئاستەمە پێشبینی ڕووداوەکانی بیست ساڵ بکرێ.

دووەم: ئەگەر ئامادەیت ئەم ڕەفتارە بگریتە بەر، کەمترین ئاست چییە، کە ئێمە پێی ڕازی دەبین؟

سێیەم: ئەگەر ئێستا ئەو هاوپەیمانەتان ناوێ، دەبێ ئەو هەنگاوانەمان بۆ دەستنیشان بکەن، کە لە ئێستاوە دەبێ یەکلایەنە بیانگرینە بەر تا دۆخەکان لە پەنەما ئارام و هێمن بمێننەوە، هەنگاوەکان دەستبەرداری خاک دەبێ، بەڵام پەیوەندیەکان وەکو خۆیان دەمێننەوە، ئەوەی لە کۆبوونەوەکانی ئەم دواییە ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکا هەستم پێی کرد و زۆربەی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی تێیدا گوتاریان خوێندەوە، ئێمە هیچ هاوکاریەکیان لێ وەرناگرین، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هیچ دوو دڵی نانوێنن لە بەشداریکردنی کێشەکانماندا.

شلیسنجەر بە شێوەیەکی زمانلووسی باسی لە هۆکارەکانی دوای ئەو دەستپێوەگرتنەی پەیماننامە و بەرگریی لە گۆڕینیدا کرد.

سەرۆک داوای توێژینەوەیەکی لەسەر تێچوو و دەستکەوتەکان کرد لەسەر ئاستی ناوەخۆ و نێودەوڵەتی. بۆ مەبەستی تەواوکردنی پەیماننامەکە لەبەرانبەر دواکەوتنی.

دەبووایە توێژینەوەکە بایەخ بە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بدات، هەروەکو گوتی، نەک بەرژەوەندیی تەسکی کۆمەڵێکی بچووک لە کارمەندانی ناوچەی کەناڵ.

لە ٢٣ی تەمموز فۆرد داوای کۆبوونەوەیەکی دیکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کرد، لەبەردەم سەرۆک کۆدەنگییەکەم خستەبەر دەستی، بریتیی بوو بە ڕازی بوون لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی بەکارهێنان بۆ بیست ساڵ و لەخۆگرتنی بەرپرسیارێتیی بەرگریی بۆ چل ساڵ، بەڕێوەبردنی دانوستانەکان بە درێژایی ماوەی هەڵبژاردن، بەڵام بێ واژۆکردنی پەیماننامەکە:

کارەکە وا ئاسان نییە، بەڵام پێموایە ئەگەر ئەو ڕەفتارە بگرینەبەر دەتوانین ئەنجامی بدەین، هەڵەیە ئەگەر دەستبەرداری هەموو شتێک بیت لە پێناو مانەوەی پەردەپۆش. دەبێ ڕێنماکان بگۆڕدرێن، ئێستا داوا لە بنکرد دەکرێ کار لەسەر بیست و پێنج ساڵ بکا بۆ مانەوە، چل و پێنج ساڵیش بۆ بەرگری، نابێ ئەلتەرناتیفەکە قبوڵ بکرێ، کە بیست سال بۆ بەکارهێنان و چل ساڵ بۆ بەرگرییە، ئێمە لەسەر وردەکارییەکان سوور نابین، پرسیارەکان ئەمانەن:

یەکەم/ ئایا هاوپەیمانیتان دەوێ؟ دەتانەوێ دانوستانەکان بەرەو پێش هەنگاو بنێن؟

دووەم/ لەسەر گۆڕینی ڕێنماکان ڕازین؟

سێیەم/ کەمترین ڕادەتان چییە، کە نابێ بیبەزێنین؟

شلیسنجەر لەسەر ناڕازی بوونی خۆی سووربوو، کە لە کۆبوونەوەی پێشتر ڕایگەیاندبوو. بیانوکەی ئەوە بوو، ئەگەر دەستبەرداری سەروەری بین ئەو ماوەی تێیدا هەموو مافەکانمان بەکار دێنین، ڕووبەڕووی فشاری نوێ دەبینەوە، بەڵام یاریدەدەری وەزیری بەرگریی بیل کلیمنست، کە خۆی بە پسپۆڕی کاروباری ئەمریکای لاتینی دەزانی، بە پێی ئەوەی لە تیکساسەوە هاتووە، هەڵوێستەکانی لە هەڵوێستی سەرۆکی جودا کردەوە، ئەو کە پێشتر لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتیش قسەی نەکردبوو، وەک ئاماژەیەک بوو بە بوونی ناکۆکی لە نێوان ئەو دوو پیاوە:

ئەگەر بمانەوێ پەیوەندیەکانمان لەگەڵ ئەمریکای باشوور بپارێزین و بە گرنگیان بزانین، ئەوا پێویستیمان بە بۆچوونێک هەیە ڕوونتر بێ لە بۆچوونی مانەوەی سەرەوەریمان لەسەر کەناڵی پەنەما. ئەگەر ئەمەمان کرد و سوپاش هەمان شتیان کرد، چوارچێوەیەکی دروستمان بۆ کارەکانمان کێشا، ئەوکات دەتوانین پەیوەندییەکان بپارێزین.

براون ڕەزامەندیی لەسەر فەلسەفەی شیلسنجەر و پێشنیاری کلیمنتس دا، بەڵام چونکە بڕیاری دەست هەڵگرتن بەر لە دوو ساڵ لەلایەن سەرۆک جۆنسۆنەوە دەرچووبوو، ئێستا پاڵپشتی لەو ئاڕاستە دەکا، کە ئێمە پێی گەیشتووین (من و کلیمنتس و بنکر).

لەسەر ئەم بنەمایە فۆرد لەو ڕاسپاردانە ڕازی دەبێ کە ماوەکە دیاری دەکا، هەروەها لە دواخستنی گەیشتن بە ڕێککەوتنیش ڕازی دەبێ کە بۆ دوای هەڵبژاردنەکان دوایخەن. بۆ ئەم مەبەستە ڕێنماکانی بۆ بنکر دەنێرێ تێیدا پشتگیری و نیازپاکیی بۆ هەنگاوەکانی دەردەخات.

بەر لەوەی بنکر دەست بە دانوستانەکانی بکات، لە سەپتەمبەری ١٩٧٥بە سەردانێکی ئاگایی خواستن  بە یاوەری وەزیری بەگریی کلیمنتس و جەنەراڵ براون و یاریدەدەری وەزیری بەرگریی بیل ڕووجەرز دەگاتە پەنەما. مەبەستی سەرەکیی ئەم سەردانە ڕێکخستنی کارەکان بوو لەگەڵ جەنەراڵ توریخوس، شاندەکە بە جودا لەگەڵ توریخوس دانیستن، ساتێکی هەستیار بوو، کە کلیمنتس بە ڕاشکاوی لەگەڵی دەدوێ: ناتوانین بەر لە هەڵبژاردن دانوستانەکان تەواو بکەین، بەڵکو بتوانین دواتر کێشە هەڵپەسێردراوەکان بەپەلە چارەسەر بکەین، تۆریخوس بە وردی گوێی لێگرت و گوتی پەنەما لەسەر دواخستن کێشە دروست ناکات.

بەڵکو جەنەراڵ براون بە لێدوانەکەی لەبەردەم میدیا بەشداریی لە یەکلایی کردنەوەی پرسەکەدا کردبێ، کاتێک بە فەرمی ڕایدەگەیەنێ؛ دەزگە سەربازییەکان لەگەڵ ئەنجامدانی پەیماننامەیەکی نوێدان، تۆریخۆس ئەو دڵنیاییەی دا، کە دەستەی

سوپاسالاری هاوبەش و وەزارەتی بەرگریی پابەندن بە گەیشتن بە هاوپەیمانییەتییەکی نوێ. ئێمەش پشتگیری تەواوی هەوڵەکانی باڵوێز بنکر دەکەین.

دوا گفتوگۆی گرنگ لە شوبات ئەنجامدرا. بەبۆنەی سەردانیم بۆ ئەمریکای لاتینی بە توندی داوام لە سەرۆکی فەنزویلا (بیریز) و سەرۆکی کۆلۆمبیا (لوبییز میشلسن) کرد هانی ئارامیی پەنەما و ئەمریکای لاتینی بدەن لە ماوەی هەڵبژاردنەکان، لە دیدارمدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکای ناوەڕاست لە سان خوسیە لە کۆتایی گەشتەکەمدا لە ١٩٧٦/٢/٢٤ مەبەستەکانم بۆی بەم شێوە کورتکردنەوە:

تا ئەوکاتەی پڕوپاگەندە نەبن دەتوانین کار بکەین، لە ڕووی تیۆریشەوە تا کۆتایی ساڵ دەتوانین بگەینە ڕێککەوتنێک، داڕشتنەکەی نەختێک کاتی دەوێ، بەڵام لە پێناو ڕێککەوتندا دەتوانین بە هەڵمەتێک دەست پێ بکەین، پرسەکە دەبێتە کێشەیەکی ناوەخۆی ئەمریکی نەک کێشەی ئێوە، ئەمە ئەو بەرنامەیە، کاری لەسەر دەکەین.

هەڵوێستەکە ڕەشبین نەبوو، بەڵام دڵنیابووین لەوەی کاندیدە سەرەکییەکانی دیموکراتەکان لە هەڵوێستەکانمان ڕازی دەبن.

سەلمێندرا ئومێدەکان ڕێگری لەوە دەکەن دانوستانەکان بکرێنە گەمەیەکی سیاسی، لە پایزی ١٩٧٥ کاندیدەکان هەڵوێستی خۆیان لە پرسی پەنەما ڕوونکردەوە، ڕۆنالد ریگان بە توندی هێرشی کردە سەر بیرۆکەکە، لە کانونی یەکەمی ١٩٧٥ لە میامی لەگەڵ سەرۆکی پێشووی پەنەما (ئەرنولفو ئاریاس) چاویان بەیەک دەکەوێ و ناڕازی بوون و بۆ دژایەتییکردنی پەیماننامەی نوێ گوتوێژ دەکەن، ئەو لە داڕشتنی نەخشە و پلان بۆ گەڕانەوە بۆ سەر دەسەڵات بەردەوام بوو، لە ڕاستییشدا ئاریاس لەسەر بنەما و لە ڕوانگەیەکی دیکە دژایەتیی پەیماننامەکەی دەکرد، (چونکە ڕاستەوخۆ کەناڵ ناگەڕێتەوە)، بەڵام جون کونالی دەڵێ لە پێناو گەڕانەوەی کەناڵ بۆ ژێردەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەجەنگێ.

لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا فۆرد لە هەر وێستگەیەک دەوەستا لەسەر پەیمانی پەنەما پرسیاریان لێ دەکرد، وەڵامەکانی لە پێشبینی و چاوەڕوانییەکانی هاوڵاتیان

بەهێزتر بوو، لە مانگی شوباتی ١٩٧٦ کاتێک لە ئەمریکای لاتینی بووم ڕیگان ئیدارەی بە دەستبەرداربوون لە پەنەما تۆمەتبار کرد، گوایە سەرۆک زانیاری تەواوی لە وەزارەتی دەرەوە وەرنەگرتووە. بەو هۆیەوە گەلی ئەمریکی چەواشە دەکرێن، دواتر داوای

کۆتاییهێنان بە دانوستانەکان دەکا: ئێمە کڕیومانە، نرخەکەیمان داوە، مولْکی خۆمانە، دەبێ توریخوس و هاوبەشەکانی لەوە ئاگادار بکەینەوە کە دەستی لێبەرنادەین.



**عومەر توریخوس / حاکمی پەنەما لە ١٩٦٨ تا ١٩٨١**

لە هەڵبژاردنەکانی سەرەتایی دەرکەوت کە پرسەکە دژوار و کاریگەرە بۆ کاندیدی سەرۆکایەتی لە تکساس. لە ١٠ی نیسان کەوتە ژێر کاریگەری ئارەزووەکانی هاوڵاتیان و گوتی ئەمریکا هەرگیز دەستبەرداری مافەکانی نابێ لە بەرگرییکردن لە پەنەما، هەرگیز دەستبەرداری مافی بەکارهێنانیش نابین.

بەهۆی ئەوەی ئەم لێدوانە پێچەوانەی ئەوەبوو، کە دانوستانمان لەسەری دەکرد، کۆشکی سپی ناچار دەبێ لە ١٥ی نیسان ڕوونکردنەوەیەک دەرکا، کە ڕەنگدانەوەی دۆخەکان بێ، دواجار فۆرد هەڵوێستی هێرشکردنی گرتەبەر. ڕێگنی بەوە تۆمەتبار کرد، خۆی ناخاتە ژێر بەرپرسیارێتیی ڕەچاوکردنی دۆخەکانی دانوستان، سەرۆک باسی لە کەناڵ کرد، وەکو بابەتێکی گرنگ لە ڕووی ئابوورییەوە و لەگەڵ بەسەرچوونی کاتەکان، ئەو کەناڵە بۆ ئەمریکا یەکلایی دەبێتەوە و دەتوانێ بەتەواوەتی دەستی بەسەردا بگرێ، بەڵام لێدوانەکەی تورەیی خەڵک، نە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، نە لە پەنەما هێور ناکاتەوە.

وەزیری دەرەوەی پەنەما (بووید) کاردانەوەکانی توریخۆس لەسەر گوتەکانی سەرۆکی بەم شێوە باس لێوە کرد:

( دەیانەوێ چیمان پێشکەش بکەن؟ وردەواڵەیەکی داڕزاو!).

سیناتۆر باری گولدوتر لە سەردانەکەی بۆ پەنەما گرژییەکانی کەمێک خاوکردنەوە، کاتێک خۆی وەکو لایەنگری هاوپەیمانێتییەکی هەمووارکراو نیشاندا. فۆرد خۆشحاڵ بوو بە لێدوانەکانی ئەو سیناتۆرە و پێی ڕازی بوو، بەڵام فۆرد هەڵبژاردنەکانی سەرەتایی لە تکساس وەکو کارەسات دۆڕاند. هەندێک لە سەرکردەکانی کۆماری دۆڕانەکەیان کردە ئەگەری پەنەما. داوایان کرد بنکر لە ئایار بگەڕێتەوە پەنەما بۆ درێژەدان بە دانوستانەکان، ڕەخنەشی لە من گرت بەهۆی ئەوەی فۆردم لە هەڵوێستێکی ئاشکرا جێهێشتووە. دیارە ڕەخنەکە سوکتر بوو لەو ڕەخنەی بەهۆی ئەفریقیاوە لێم گیرا.

دوای ئەوەی فۆرد کاندیدی کۆماری بە جیاوازیەکی کەم مسۆگەر کرد، مشتومڕەکانی سەر ئەم بابەتە بەردەوام دەبن، کاندیدی دیموکراتەکان جیمی کارتەر هەڵوێستێکی خۆپارێزانەی گرتەبەر. لە گوتارێکیدا لە حوزەیران پەیمانیدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستبەرداری پەنەما نابێ و درێژەش بە دانوستانەکان دەدا.

ڕوون نەکرایەوە چۆن دەتوانێ ئەم ئامانجە بەجێ بگەیەنێ، یا جیاوازیی چییە لەگەڵ هەڵوێستەکانی ئیدارە، لە دیبەیتی تەلەفزیۆنییدا لەگەڵ فۆرد لەسەر سیاسەتی دەرەوە کارتەر دووبارەی کردەوە، کە پێی باشە درێژە بە دانوستانەکان بدا، بەڵام گوتی: لە کەناڵ دەستبەرداری دەسەڵات نابین، فۆرد لەمیانی وەڵامدانەوەیدا جەختی لەسەر پێویستی پاراستنی گەیشتن بە کەناڵ گوتوانای بەرگرییکردنی کرد. بە پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانەوە لە کەناڵ. لەگەڵ بوونی زانیاریی تەواویان لەسەر پرسی پەنەما هەریەک لە فۆرد و کارتەر لە دەرەوەی ڕاستییەکان دەخولانەوە بە یارییکردن بە دەستەواژەکانی (ئازادیی گەیشتن، دەسبەسەرداگرتن، بەرگرییکردن).

دوای دەرچوونی کارتەر لە هەڵبژاردنەکانی ٢ی تشرینی دووەم، سەرکردەکانی پەنەما داوایان لە ئیدارەی نوێ کرد ئاماژەیەکی نیازپاکیان پیشاندەن، ئومێدی درێژەدانی دانوستانەکانیان دەربڕی، بنکر ڕەزامەندییدا لە ماوەی گواستنەوەی دەسەڵاتدا دانوستانی نافەرمیی ئەنجام بدرێن، پێم وایە دەبێ دەرفەتێک بە ئیدارەی نوێ بدا تا سیاسەتەکانی دادەڕێژێتەوە، هەرچەندە وا نابینم جیاوازییەک لە نێوان سیاسەتی ئیدارەی هەریەک لە ثورموند و هیلمز دا هەبێ، بە پاڵپشتی ئوتین هاچ و هیتر هەوڵییان دا، وێنەیەکی ناشیرن بۆ پەیماننامەی نوێ و کۆنی پرسی پەنەما هەبێ.

لە شوباتی ١٩٧٧ دوای ئەوەی سول لینوفیتز وەکو دانوستانکار بۆ شاندەکەی بنکەر زیاد دەکرێ، دانوستانەکان بەردەوام دەبن، لینوفیتز پارێزەرێکی بەتوانا بوو، دواتر دەکرێتە باڵوێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی، لە مانگی ئاب لە ڕووی بڕواوە لەسەر خاڵە بنەڕەتییەکان ڕێککەوتن بۆ پەیماننامەیەکی نوێ .

دەقی پەیماننامەکە بریتیی بوو لە دەسەڵاتی کەناڵ و ناوچەی کەناڵ لە ساڵی ٢٠٠٠ بخرێتە ژێر دەسەڵاتی پەنەما. مەرجەکانی فۆردی تێدا بەرجەستە کرابوو. بیست ساڵ بۆ کارپێکردن و چل ساڵ بۆ مافی بەرگریی لێکردن. پەیمانێکی بەجودا واژۆکرا، تێیدا مافی ئەمریکا دەبێ، بێلایەنی پەنەما بپارێزێ، ئەم مەرج و خاڵانە هەموویان

لەلایەن ئیدارەی فۆردەوە ڕێککەوتنیان لەسەر کرا، ئەمە مانای ئەوە نییە ڕۆڵی ئیدارەی کارتەر لەم بوارە ون بکرێ.

لە ٧ی ئەیلولی ١٩٧٧ جەنەراڵ عومەر توریخوس دێتە واشنتۆن بۆ واژۆکردن لەسەر پەیماننامە نوێیەکە، مەیدانی شەڕ گواسترایەوە ناو هۆڵی کۆنگرێس. ثورمون و هیلمز بە پشتگیری ئورین هاچ هەوڵیاندا ئەو ڕێککوتنەکە بە شێوەیەکی سازش و دەستبەرداری ئەمریکا لە بەرژەوەندییەکانی نیشانی خەڵک بدەن.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ من و فۆرد لەبەردەم لیژنەی کاروباری تایبەت بە ئەنجومەنی پیران دانمان بە پەیماننامەکەنا. سەختترین پرس لە دانیشتنی گوێگرتن لەسەر ڕوونکردنەوەدان بوو لەسەر مافی ئەمریکا، سەبارەت بە پاراستنی بێلایەنی پەنەما، لە ئەنجامی کۆبوونەوەیەکی دیکەی فۆرد و تۆریخوس لە ناوەندی تشرینی یەکەم، بەیاننامەیەکیان دەرکرد تێیدا مافیان بە ئەمریکادا، بەرگری لە پەنەما بکات، لە کاتی هەر مەترسیی و هەڕەشەیەک بۆ سەر کەناڵ. تەنانەت دژی ئۆپۆزسیۆنی پەنەمیش ئەگەر پێویستکرا، لە بەیاننامە هاوبەشەکەدا هاتبوو؛ ئەمە مانای ئەوە نییە ماف بە ئەمریکا بدات، دەست لە کاروباری ناوەخۆی پەنەما وەربدا. گفتوگۆ و مشتومڕەکانی لە ئەنجومەن ئەنجام دەدران بە هەموو ناکۆکیی و کێشەکانییەوە، لێکۆڵینەوەیەکی یاسایی بوو، لەسەر سیاسەتی دەرەوە، لەم ڕووەوە پەنەما ڕۆڵی خۆی لە هاوکاریکردنماندا گێڕا.

لە ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٧ گەلی پەنەمی ڕەزامەندیی لەسەر هەردوو پەیمانەکەدا بە ڕێژەی دوو بە یەک. تۆریخۆس ئامادەیی خۆی دەرخست لە دەست لەکار کێشانەوە، ئەگەر ئەو ببێتە گرفت لەبەر دەم کۆنگرێسی ئەمریکی، بۆ ڕەزامەندیدان لەسەر هاوپەیمانێتییەکە، هەرچەندە تۆریخۆس خاوەن لایەنگرێکی زۆر بوو لە پەنەما، بەڵام دۆسییە و پاشخانی لە بواری مافەکانی مرۆڤ ببووە کارتی فشاری دەستی ئۆپۆزسیۆن بۆ هێرش بردنە سەر هەردوو پەیماننامەکە.

دواجار ئەنجومەنی پیران لە ١٦ی ئادار و ١٨ی نیسانی ١٩٧٨ بە زۆرینەی دەنگی ٦٨ بەرانبەر بە ١٢ دەنگ، ڕەزامەندیی لەسەر دەدا، دوای مشتومڕێکی زۆر هەردوو حزبەکە ڕەزامەندی لەسەر پەسندکردنی دەدەن، کە سەرکردەی کۆمارییەکان هواری بیکر دێتە پاڵ دەنگدەران مەترسیی لەسەر خۆکاندیدکردنی دروست دەبێ.

هەمواری پەیماننامەکە وێڕای ئازار و قورسایەتی، بەڵام فتیلی قەیرانی دەرکرد و ئەگەری دروستبوونی تەقینەوەی لەسەر دۆخەکان دوورخستەوە. لەگەڵ نزیک بوونەوەی ساڵی ٢٠٠٠، هەردوولا لاریان نەبووە لە هەموارکردنەوەیەکی دیکەی پەیماننامەکە، بەڵکو ڕۆڵێکی تازە بە ئەمریکا دەبەخشێ لە کەناڵی پەنەما.

## ٢٥

# کوبا

لەوکاتەی کاسترۆ لە ١٩٧٥ دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، ئیدارەی فۆرد ئامادەسازیی کردووە، تا پەیوەندییەکانی لەگەڵ نیوەی ڕۆژئاوای دونیا خۆش بێ<بۆ ئەوەی هەوڵەکانی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کوبا سەرکەوتوو بن. داوامان کرد کۆتایی بە گۆشەگیری ئابووریی و سیاسیی بێنین ئەگەر کاسترۆ دەست لە هاوکاریکردنی شۆڕشەکان بێنێ. لەگەڵ کەمکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و پەیمانی چاکسازی بدا لە بواری مرۆڤایەتی. کاسترۆ ئەمەی ڕەتکردەوە لە جیاتی قەبوڵکردن هێزی چاوساغیی ناردە ئەنگۆلا، کە ژمارەیان گەیشتە ٤٠ هەزار سەرباز، بۆ پشتگیری حکومەتێکی کۆمۆنیستی.

کوبا لە ماوەی شەستساڵی سەربەخۆیی، بەدەست پەراوێزی ئەمریکاوە دەناڵێنێ. لەم ماوەیە هەندێکجار باش و هەندێکجاریش خراپ بووە، دوای ئەوەی کاسترۆ لەسەر شانۆ دەردەکەوێ ئیتر کوبا ڕوو لە پەیوەندیی نیمچە دەست بەسەرداگرتندا هەنگاو دەنێ، دوورگەی کاریبی بە کەنارەکانیەوە لەلایەن ئەمریکا ناسراو بوو. نزیکبوونەوەی سۆڤیەت بە ٩٠ میل لە کەنارەکانی ئەمریکی وەکو ڕکەلەبنان بوو بۆ سەرکردە مێژووییەکانمان.

لەدایکبوونی دەسەڵاتی کاسترۆ لافاوێکی کۆچبەرانی بۆ ئەمریکا هێنا کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەیان زیاد دەکا، ئەمەش کار دەکاتە سەر سیاسەتی ناوەخۆمان بەتایبەتی لە فلۆریدا، لە نیوەکەی دیکەی گۆی زەوی ململانێکەی کاسترۆ بۆ ئەمریکای زەبەلاح و ڕزگاربوونی لە دوورگەی بەرازەکان لە ١٩٦١ و قەیرانی مووشەکەکانی کوبی

لە ١٩٦٢ و پەیوەستبوونی سەربازیی بە یەکێتی سۆڤیەت ئەمانە هۆکاری بە ئامانجکردنمان بوون.

لە ١٩٦٢ ئەمریکا گەمارۆیەکی ئابووریی خستە سەر کوبا، تەنانەت ئەو کۆمپانیایانەشی گرتەوە کە لە دەوڵەتانی بێگانە و کەشتیەکاندا کار دەکەن و دوای مامەڵەکردنیان لەگەڵ کوبا لە بەندەرەکانی ئەمریکا وچانێک دەدەن.

لە ١٩٦٤ ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی کە لە ١٩٦٢ کوبای لە ڕیزەکانی خۆی وەدەرنابوو، سزای کوبای دا، بەپێی پەیمانی ( ڕیو) دەبێ سەرجەم دەوڵەتانی ئەندام لەو ڕێکخراوە پابەندی بن.

ئیدارەی نیکسۆن کاتێکی کەمی بۆ کوبا تەرخان کرد، دوژمنکارییەکەشی وەکو دیفاکتۆ دەزانی. نیکسۆن زۆر ڕقی لە کاسترۆ دەبۆوە، ئەو شکستی هەڵبژاردنەکانی خۆی لە ١٩٦٠ لەو دەزانی، کە نیکسۆن بە ئۆپەراسیۆنی دوورگەی بەرازەکانی دەزانی کە زۆر نهێنی بوو، زۆر بە توندی حاشای لە بوونی نەخشەی ڕووخانی کاسترۆ کرد. لە کاتێکدا کینیدی ئەوکات کاندیدی سەرۆکایەتی بوو ئەو زانیاریی لەسەر ئەو نەخشەیە هەبوو. نیکسۆن دڵنیا بوو لەوەی قەیرانی مووشەکەکانی کوبیی ساڵی ١٩٦٢ بووە هۆکاری شکستەکانی لە هەڵبژاردن لە بەرانبەر ڕکابەرەکەی لە کالیفۆرنیا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیکسۆن هیچ ڕێکارێکی بەرانبەر بە کاسترۆ نەگرتە بەر تا ئەوکاتەی دەسەڵات دەگرێتە دەست.

لە ئەیلولی ١٩٧٠ لە پڕ زانیمان، کە سۆڤیەت بنکەیەکی خزمەتگوزاری، ژێردەریایەکی مووشەک هەڵگر لە بەندەری سینفیوجوسی کوبی دادەمەزرێنێ. نیکسۆن پێی ڕاگەیاندم کە سۆڤیەت ئاگادار بکەمەوە، ئەم هەنگاوەیان بە تەواوەتی دژی ڕێککەوتنی ١٩٦٠ لە نێوان خروشۆف و کینیدیە کە بەهۆیەوە کۆتایی بە قەیرانی مووشەک هێنرا. بە پێی ئەو ڕێککەوتنە یەکێتی سۆڤیەت ڕازی دەبێ، مووشەکەکانی لە کوبا بکێشێتەوە و جارێکی دیکە دووبارە نەیانگەڕێنێتەوە. لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیمدا بە توندی پێداگریم لەسەر ئەوەکرد کە ئەم ڕێککەوتنە ژێرئاوییە مووشەک

هەڵگرەکانیش دەگرێتەوە، دوای ئەوەی نیکسۆن بڕیاری دا گەمارۆی دەریای کوبا بدرێ و دوای ئاڵوگۆڕی چەند نامەیەک و دواجار خرۆشۆف ڕازی دەبێ، کە ژێر ئاوییە مووشەک هەڵگرەکانیش ئەم ڕێککەوتنە دەیانگرێتەوە، کرملین پەیمانی دا کە ئەم ژێر ئاوییانە بۆ کوبا کار ناکەن و بۆ مەبەستی ئۆپەراسیۆنیش نە هێندراونەتە ئەوێ.

دوای ئەم گرژیە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و کوبا گەرانەوە ئاستی خۆیان. وردە وردە دیدی ئەمریکییە لاتینییەکان لەسەر هەڕەشەکانی کوبی گۆڕدرا، ئیتر ئۆقرەی بازرگانی بە زۆرەملێیان لێ بڕاو سەبریان نەما. دەنگی هەڵگرتنی گەمارۆکانی سەر کوبا لە نێو ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی (OAS) ووردە ووردە بەرز دەبوونەوە، دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای دونیا داوایان دەکرد خۆیان بڕیار لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کوبا بدەن.

هەندێک فەرمانی جێبەجیکردن هەبوون مێژووەکەی بۆ سەردەمی کینیدی دەگەڕایەوە، سزای دەخستە سەر ئەو دەوڵەتانەی کە هاوکاری لە ئەمریکا وەردەگرن، ئەگەر پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ کوبا ببەستن. لەکاتێکدا جێنشینبوونی بارەگای کۆمپانیایەک لە دەوڵەتێکی بێگانە زۆر لەوە ناکۆکتر بوو، کەنەدا و ئەرژەنتین هەڕەشەی تۆلەسەندنەوەیان دژی هەوڵەکانی یاسایەکی ئەمریکی دەکرد کە کۆمپانیایەک بە یاسای ئەوان کار بکات. سیاسەتی سزادان لەلای ئێمە زیاتر زیانی بە دۆستەکانمان دەگەیاند لەوەی بە ناحەزانمان، بڕیارماندا سیاسەتێکی گونجاوتر بۆ سزاکانمان دانێین. ناوەڕۆکی ئەو سیاسەتە بریتی بێ لە پێدانی ئازادیی تەواو بە دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای گۆی زەوی لە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیەکانیان، لە میانی ئەو کردارە ستراتیژیەتی ئەمریکی بەرانبەر بە کوبا دیاربکەین، هەروەکو لە شوباتی ١٩٧٥ ئەمەم بە فۆرد گوت:

ئەو مەترسییەی دروستی دەکەین (سیاسەتی سزاکانمانە) لە سەردەمی نیکسۆن لە کانونی دووەمی ١٩٧٤ دەستمانکرد بە پشکنین، پێداچوونەوە وەکو بەشێک لەو بەدواداچوونەی ئێمە مەبەستمانە بیخەینە بەردەم ئەمریکای لاتینی. لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیمدا گوتم:

هەڵوێستمان دژی سیاسەتی کوبایە لە هەناردەکردنی شۆڕش بۆ لاوازکردنی حکومەتەکانی نیوەی ڕۆژئاوای گۆی زەوی. ئەگەر کوبا سیاسەتێکی دیکەی نێودەوڵەتی بگرێتە بەر، ئێمەش سیاسەتمان بەرانبەری دەگۆڕدرێ. وەکو ئاماژەیەک بۆ کرانەوە بە ڕووی پەیوەندییەکانمان، ڕێگەمان بە فەرمانبەری سەرەکیی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی پیران دا، لە ئەمریکای لاتینی سەردانی کوبا بکا و چاوی بە کاسترۆ بکەوێ. کوبییەکان دبلۆماتکاریان لە واشنتۆن نەبوو، هەروەها دڵنیا نەبووین لە دۆخی دبلۆماتکارەکانی کوبی لە نەتەوە یەکگرتووەکان، چاوەڕوانی ئەوە نەبووین لە پەنای ڕەتکردنەوە کاسترۆ دەستکەوتێک وەدەست بێنی، بۆیە بەدوای میانگێرێکی نافەرمیدا دەگەڕاین بۆ گوێگرتن ئەمەش زۆر بەکەمی دەست دەکەوت، گەورە فەرمانبەرانی خۆیان تەرخان دەکرد بۆ ئەم ئەرکە یا ئەوەتا هۆکارێکی تایبەتیان بەدەستەوە بوو تا پێی بگەن یا پێیان وابوو خۆیان نزیک بوونەتەوە.

بەڵام کەم وا ڕێک دەکەوێ ئەو بۆنە برەخسێ میانگێڕەکان لە دەستپێشخەری نوێیاندا سەرکەوتن بەدەست بێنن بەتایبەتی لە دۆخە توندەکاندا.

وەکو پێدەچێ ئەم شێوازەمان لەگەڵ چین بەکارهێنا. پشتمان بە پەیوەندییەکان بەست، بەڵکو خۆی زۆر گرنگ نەبێ، بەڵام ئارەزووی دەرخا بۆ گفتوگۆیەکی جددی.

لە حوەزیران میانگێڕێک خۆی دەرخست، ئەویش فرانک مانکویس بوو، ڕۆژنامەنوسێکی ئازاد بوو، لە ڕووی سیاسیەوە لە ئیدارەی نیکسۆنەوە دوور بوو، بۆیە ڕاسپاردنی ئاسان بوو. ئەو وەکو ئامرازێکی لەیەک تێنەگەیشتن وابوو، چونکە بۆ نیکسۆن ئامرازی مەترسی بوو، ئەو وەکو گگوتەبێژی بەناوی ڕوبێرت کینیدی و ڕەخنەگرێکی توند، وەکو خۆی گوتی نوێنەری نیکسۆن (بۆ گروپی کینیدی)، کاتێک بۆ ماوەیەکی کەم ڕاوێژکاری کۆشکی سپی بووم لە سەردەمی کینیدی چاوم پێی کەوتبوو، لەو کاتەوە پەیوەندییەکانی دۆستایەتی و کۆمەڵایەتیمان پاراستبوون.

مانکوتیز ڕاوێژی پێکردم لەسەر ئەوەی بەمەبەستی دەرکردنی کتابێک چاوپێکەوتن لەگەڵ کاسترۆدا دەکا. ئامادەش دەبێ هەر نامەیەکی ئیدارەی ئەمریکی

بگەیەنێتە سەرۆک وەزیرانی کوبی. دووری مانکوتیز لە ئیدارەی دەبێتە مایەی ئەوەی دوور بین لە هەر بەرودامانیک کە بەرەو بابەتێک پەلکێشمان بکا کە ئێمە ڕازی نەبین قەبوڵی بکەین. من وەکو کەسایەتی بڕوام پێی بوو، ئەویش بە ڕۆڵی خۆی شکستی پێ نەدەهێنام.

نیکسۆن ئەوەندە دڵی بەو نێردە خۆش نەبوو، ئارەزووی نەبوو کە بڵێن هیچ دەست پێشخەریەکی نەکرد بەڵام لەسەر ئەم ڕونکردنەوەیە ڕازی بوو: ئەویش ئەوەیە کە مانکوتیز بۆچوونەکانمان بۆیان بخاتە ڕوو: ئەمریکا ئامادەیە پەیوەندییەکانیان چاک کاتەوە لەسەر بنەمای گفتوگۆیەکی نهێنی. دەمانویست وەکو نیازپاکی هەندێک ئاماژەی سومبولی نیشان بدەن، بەڵام هەر پێشکەوتنێک لەم ڕووەوە دەبێ لەلایەن کوباوە بێ.

لە سەرەتای مانگی ئاب مانکیوتیز لە کوبا گەڕایەوە، سەندوقێک جگەرەی بە دیاری بۆ هێنام گوایە لە کاسترۆوە بۆم هاتووە (ئەم دیارییە هیچ کاریگەرییەکی دەروونیی بۆ من نەبوو چونکە من جگەرە ناکێشم) نامەیەکی زارەکیی لە کاسترۆوە بۆ هێنام کە ئامادەیە ئەم گرژیە بڕەوێنێتەوە. نامەکە شتێکی گەوهەریی تیا نەبوو هەروەها باسێکی دیاریشی تیادا نەبوو، وەڵامی دەستپێشخەریەکەی ئێمەشی نەدابۆوە، تەنها ئەوەنەبێ ڕازی بوو مانکیوتیز ببێتە میانگێری نێوانمان ئەگەر هەردووک لا مەبەستیانە.

تا چەند مانگێک هیچ گۆڕانێک نەبوو، ئیدارەی فۆرد بە گواستنەوەی دەسەڵاتەکان و قەیرانەکانی ناوەخۆ و دەرەوە سەرقال بوو کە لە نیکسۆنەوە بۆی مابوونەوە. کاسترۆش چاوڕوانی دەرفەتێکی گونجاوی دەکرد.

دوای کەمتر لە یەک هەفتە لە دەستبەکاربوونی فۆرد لە ١٥ی ئاب دەست پێشخەریەکەی خۆمم بۆی باس کرد. بەهۆی فشارەکانی ناوەخۆی سەرۆکە نوێکە بە ساردی داوای دیاری کردنی ئامانجەکانمانی لێ کردم، منیش لیستیکی ئامانجەکانم بۆی نوسی لەوانە:


١- ئازادکردنی گیراوەکان.

٢- کردنەوەی دەرگای کۆچبەری.

٣- دەستوەرنەدان لە کاروباری نیوەی ڕۆژئاوای گۆی زەوی.

٤- کەمکردنەوەی هێزەکانی سەربازی سۆڤیەت .

٥- یەکلایی کردنەوەی هەندێک لە داواکارییەکان، فۆرد ئاماژەی بەوەدا کە کۆچی ئازاد کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی نارەزایەتییەکانی ناوەخۆ دەبێ.




لە ئەیلولی ١٩٧٤ فۆرد دووبارە دەگەڕێتەوە سەر پرسی کوبا:

- فۆرد: گفتوگۆمان لەسەر ڕۆجەرس و کوبا کرد، ئێمە ئێستا لە کوێین ؟
- کیسنجەر: پلانی ئەوەم دانابوو بە خێرایی قسەتان لەگەڵدا بکەم، دوو لایەن هەن: دوو قۆڵی و ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی (OAS) . وەزارەتی دەرەوە بە نیازە یاداشتێک بەم ئاماژەیە ئامادە بکا:

ئێمە بەرەو پەیوەندی بەستن لەگەڵ کوبا جوڵە دەکەین، بەڵام ئەمە نابێ لەبەردەم گەلی ئەمریکی نیشان بدرێ وەکو ئەوەی ئێمە ناچارین ئەمە بکەین، بۆیە لە ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی هەڵوێستێکی توند دەگرمە بەر، بۆ ئەم مەبەستە بەرازیل بەکار دێنم ، بەڵام دەبێ لە سەرەتادا لەسەر ئاستێکی نزم ئەم دانوستانە دەست پێبکەین بۆ ئەوەی بزانین ئێمە دەتوانین چی بەدەست بێنین، ئەگەر ئەمە نەکەین بەڵکو بە دەنگی زۆرینە ناچار بکرێین هەڵوێستێکی دیکە بگرینە بەر.

- فۆرد: دەبا بەڵگەنامەکە ببینم تا بزانم نرخەکەی چەندە وەریگرین؟
- کیسنجەر: هەندێک پەیمان لەسەر تێکدان، هەندێک بڕواش لەسەر دەستبەسەرداگرتنی پارە دانراوەکان، هەندێک جوڵەش لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە.
- فۆرد: هەڵوێستی سۆڤیەت دەبێ چی بێ؟
- کیسنجەر: زۆریان لەسەر دەوەستێ، ئێمە زۆر سود لە کوبا ناکەین، کاسترۆش ناتوانی لە پێناوماندا ئەوەندە بکا، کەمێک لە ڕوودامان لەبەردەم کۆبوونەوەکانی جیهانی سێیەم، دەبێ بە هێواشی جوڵە بکەین.

سەبارەت بە هەڵوێستی ئەم ئیدارەیە بەرانبەر بە کوبا، من لە گەلێک بۆنەدا ئەوەم ڕاگەیاندووە کە سیاسەتمان بەرانبەر بە کوبا لەسەر بنەمای سزاکانی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکیە، هەروەها گوتوومە ئەگەر کوبا سیاسەتەکانی لەگەڵ ئێمە و هاوبەشەکانمان لە ئەمریکای لاتینی بگۆڕێ ئێمەش ئامادەین سیاسەتەکانمان لەگەڵیدا بگۆڕین، بەڵام هیچ ئاماژەیەکمان نەبینیوە نیشانەی گۆڕینی ئەو سیاسەتە بێ.

لە کانونی دووەمی ١٩٧٥ ڕوما سانشیز بارودی کە بەرپرسێکی باڵای حزبی کۆمۆنیستی کوبیە پەیوەندی بە مانکویتزەوە دەکا کۆبوونەوەیەکیان بۆ لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکی ڕێکبخا لەسەر ئاستێکی باڵا، منیش (ئیگلبیر گیر)م دەستنیشان کرد بۆ ئەو دیدارە، دیدارەکە لە فرۆکەخانەی لاگاردیا ئەنجام درا . لە کافتریایەکی قەلەبالغ بوو بەڵام ئیگیلبیر حەزی لێبوو لە شوێنێکی ئارام بێ بەڵام چاوەڕوانی بۆ

مێژێکی خالی کاتی زیاتری دەویست. زۆربەی جارەکان ئەم جۆرە شوێنانە کەم مەترسیترن، لایەنی بەرانبەری گفتوگۆکە لە کوبیەکان بریتی بوون لە: سانشیز بارودی و نیستور گارسیا سکرتێری یەکەمی نێردەی کوبا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان. ئگیلبیر گیر خاڵەکانی گفتوگۆی بە کوبیەکان دا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە نەگەیشتۆتە ئاستی یاداشتی فەرمی تەنها بۆ چارەسەری دەستەواژەکانی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و کوبا بوون لەگەڵ چاککردنی شێوازەکانی:

ناکۆکیەکانی ئایدیۆلۆژیی نێوانمان زۆرن، بەڵام ئەم جۆرە گفتوگۆیانە چارەسەری هەموو ناکۆکیەکانی ئایدیۆلۆژی ناکەن، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ بڵێین بە سود نیە بۆ پرسەکانی هەردوولا.

گوتمان ئەم بەیەک گەیشتنەی یەکەمین جار ئەو پرسانە دیاری دەکا کە گفتوگۆیان لەسەر دەکەین و باشترین ڕێگەی گفتوگۆش بۆ گەیشتن بە چارەسەرییەکی گونجاو دیاری دەکەن، بەڵام شاندی کوبی سەربە مەدرەسەی هانۆی بوون، ئەمان هاتبوون تا گوێ لە ئێمە بگرن و ئاگاداری هاڤانای بکەنەوە، گوتیان هیچ شتێکمان نیە باسی لێوە بکەین تەنها یەک شت نەبێ: گواستنەوەی بۆچوونی تایبەتی کە کاسترۆ ڕازی نیە دانوستان لەگەڵ ئەمریکادا بکات ئەگەر ئەمریکا یەکەم جار مەترسیەکان لەسەر کوبا هەڵنەگرێ، ئەم هەنگاوە دۆخێکی ئاسایی دروست دەکا دەتوانین تیایدا دانوستان لەسەر پرسەکان بکەین، بەکارهێنانی دەستەواژەی بۆچوونی تایبەتی لەلایەن کاسترۆوە بۆ ئەوە بوو تا کاسترۆ بتوانێ خۆی لە بچووکترین نمایش دەربازکا کە پێشکەشی دەکرێ.

وەڵامەکەمان لە وەڵامی دانوستانەکانمان لەگەڵ هانۆی دەچون. کاسترۆ داوای سازش و دەستبەرداری مەزنی لە ئەمریکا دەکرد وەکو باجی دانوستانی زۆرتر، داوای ڕادەستکردنی گرنگترین چەکی لە ئێمە دەکرد لە پێناو ئاسانکاری دانوستانەکان لەسەر پرسی نادیار، پرسەکە بێ وەڵام مایەوە.

ئیگلبیر گیر داواکەی کوبای بەتەواوەتی ڕەت کردەوە ، پێشکەوتن تەنها ئەوکاتە بەدەست دێ کە سازش لە هەردوو لا پێشکەش بکرێ نەک یەک لایەنە. هەڵگرتنی مەترسیەکانیش لە دوایین قۆناغی دانوستاندا دەبی نەک یەکەم قۆناغ، دوو شاندەکە لە کۆتاییدا گەیشتنە ئەنجامە کلاسیکیەکەی بەستەڵەکی دبلۆماسی. دواتر ئەگەر لایەنێک شتێکی هەبوایە پەیوەندیی بە لایەنەکەی دیکەوە دەکرد.

دوای مانگێک لە ناوەڕاستی شوباتی ١٩٧٥ ڕێکارێکی هونەریمان گرتەبەر بۆ ئاسانکاری گفتوگۆ لەگەڵ کوبا: ڕێگە بە دبلۆماتکارە کوبیەکان درا لە نەتوەیەکگرتووەکان مەودای ٢٥٠ میل بخولێنەوە پاش ئەوەی مەوداکە ٢٥ میل بوو. ئەمەش بۆ ئەوە بوو تا دبلۆماتکارە کوبیەکان بتوانن بێنە واشنتۆن و بەدواداچون بۆ دانوستانەکانیان بکەن، دواتر گفتوگۆکان هەرەس دێنن، فۆرد پێی وابوو ئەم هەولانە بێ سودن، ئەوانەی لە کۆنگرێس پێشوازی لەم بیرۆکە دەکەن یارمەتیمان نادەن، ئەوانەش یارمەتیمان دەدەن بۆ ئێمە بە خراپە دەگەڕێتەوە.

لەوکاتەی ئێمە لە چاوەڕوانی وەڵامێکی کوبادا بووین، من و فۆرد یەکێک لە ئامارژەکانمان بەرانبەر بە کوبا بەکارهێنا بۆ نزیکبوونەوە لە کوبا، جارێک لە نالمان دا جارێک لە بزمار. سەبارەت بە دووەمیان فۆرد حەزی لێبوو هەڵوەستەیەک بکا تا ئەوکاتەی لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی ٢٦ی شوباتی ١٩٧٥ چاوێک بە سیاسەتەکانی کوبادا دەخشێنێتەوە گوتی:

گەلێک جار لەگەڵ وەزیری دەرەوە هنری کیسنجەر باسمان لە سیاسەتی ئەمریکای لاتینی کردووە، لە نێویاندا سیاسەتمان بەرانبەر بە کوبا، سیاسەت ئەمرۆ وەکو ڕابردوو هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە، ئەویش بریتییە لەوەی ئەگەر کوبا ئامادەبێ بە سیاسەتەکانیدا بێتەوە ئەوکات ئێمەش بە سیاسەتەکانماندا دێینەوە لەسەر کوبا، بەڵام تا ئێستا هیچ ئامارژەیەک نیە بۆ ئەوەی کاسترۆ سیاسەتەکانی گۆڕیبێ بەو ئەگەر ئێمە لە پێناو بەرژەوەندییە نیشتمانیەکانمان درێژە بە سیاسەتەکانمان دەدەین.

منیش وەکو سەربازێکی دڵسۆز لە گوتاری یەکی ئادارمدا لە هیوستن جەختم لەسەر بۆچوونەکانی فۆرد کردەوە و بە دوور و درێژی بیرۆکە وهزرەکانم خستنە ڕوو، سووربوونی خۆمانم دەرخست بۆ بەرەوپێشچوونی هەنگاو بەهەنگاوی هەردوو لایەنە:

من هیچ سودێک لەم تایبەتمەندییەی هەردوولاماندا نابینم ، ئێمە بە پلە یەک بایەخ بە سیاسەتی دەرەوەی کوبا و پەیوەندییە سەربازییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوەی نیوەی گۆی زەوی دەدەین، هەندێک هەنگاوی سمبولیمان نان وەکو ئاماژەیەک بۆ ئامادەییمان لە بەستنی پەیوەندییەکان ئەگەر کوبا سیاسەتەکانی بگۆڕێ. بەڵام ئەگەر کوبا لەسەر سیاسەتەکانی بەردەوام بێ و ڕیز لە ئیرادەمان نەگرێ پەیوەندییە نوێکان لەدایک نابن.

لە کۆنگرێس هانی گۆڕانی سیاسەتی سزادان دەدرا. لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا لە ٩ی شوبات سیناتۆر ئەدوار کینیدی گوتی: بایکۆتی بازرگانی هەڵە بوو. داوای لە ئەمریکا دەکرد پەیوەندی لەگەڵ کوبا ببەستێ. جۆن سبارکمانی سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکان لە وەزارەتی دەرەوە هەوڵەکانی ئەمریکای بە سەرنەکەوتوو دایە ناسین و داوای لێ دەکردین ئەم سیاسەتە بگۆڕین چیتر سیاسەتی سزادان لەگەڵ کوبا و ئەو دەوڵەتانەی مامەڵە لەگەڵ کوبادا دەکەن، نەکەین. کۆماریخوازێکی مەزنیش چووە پاڵی لە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، سیناتۆر جاکوب جافیتز و کالیبورن بیل لە پرۆژەیەکیاندا هانی فۆرد دەدەن پەیوەندەکانیان لەگەڵ کوبا ئاسایی بکەنەوە، لە دەرەوەی ئەنجومەنیش دەنگ بەرزکرانەوە بۆ بەستنی پەیوەندیی دبلۆماسی لەگەڵ کوبا، بەبێ بەشداری کاسترۆ لەم دەستپێشخەریانە لەسەر هیچ پرۆژەیەک ڕازی نەبووین.

لە ئایاری ١٩٧٥ کاسترۆ وەڵامیکی ئەو دەنگ و ئاوازانەی دایەوە بە هەڵدانەوەی لاپەرەیەکی نوێ لە کتێبی یارییەکانی هانوی، چونکە دەبوایە ئیدارە یان کۆنگرێس وەڵامیکی بدایەتەوە، هەنگاوێکی هاوبەش هاتە هاویشتن. پێشنیارێکمان کرد بەڵام بە شێوەیەک پێشینە بداتە دۆستەکانی کوبا لە کۆنگرێس، هەریەک لە سیناتۆر جورج ماکفرن و کەسایەتی شاشەکانی تەلەفزیۆن باربارا وۆلتەرز داوایانکرد سەردانی کوبا

بکەن، گوایە کوبا بڕی ٢ ملیۆن دۆلاری بارمتەی بۆ سێ ڕفێندراوانی فڕۆکە گێڕاوەتەوە، ئەمە بۆ کاسترۆ دەبێتە دەرفەتێک تا لە تەلەفزیۆنەکانەوە داوا لە ئەمریکا بکا گەمارۆی ئاسمانی لەسەر کوبا هەڵگرێ.

دەبێ ئێستا کاسترۆ هەستی بەوە کردبێ بایەکە لە بەرژەوەندی ئەودایە چونکە ئەم جموجۆلانە هەمووی بە گەمارۆکەی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکیەوە بەستراونەتەوە کە کەسیان ناتوانێ لێی دەرباز بی، بڕیاربوو کۆبوونەوەی داهاتووی ئەم ڕێکخراوە لە مانگی ئایار لە واشنتۆن ببەسترێ، دیارە هەڵگرتنی گەمارۆ و سزاکان لە واشنتۆن بۆ کاسترۆ دەبێتە سەرکەوتنێکی مەزن، هەوڵماندا بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەم بڕیارە لە واشنتۆن دەرنەچێ.

لە بەشی ٢٣ باسم لەوە کرد کە داوامان لە ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی ( OAS) کرد لە کۆبوونەوەی تایبەتی لە سان خوزیە لە کۆستاریکا کە لە مانگی تەموز بە پەیماننامەی (ریو) دادەچنەوە ئەم کۆبوونەوە داوا بکا هەڵگرتنی سزاکانی ڕێکخراو بکا لەسەر کوبا، دوای هەڵگرتنی سزاکان هەر دەوڵەتە و ئازاد بێ لە چۆنیێتی بەستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوبا، بەڵام ئەمریکا لەسەر سزادانەکانی بەردەوام دەبێ.

# گفتوگۆ

بە شێوەیەکی هاوکات لە کەناڵێک پەیوەندی لەگەڵ هاڤانا دروست دەبن، ئەگەر چی ئەم کەنالآنە بێ کێشەی هونەری و سیاسی نەبوون، بەڵام بە هەر شێوەیەک بێ بە نهێنی یا ڕێگایەکی دیکە کەناڵەکان دروست بوون و ژمارەی تایبەتی بە کوبا درا تا لە کاتی پێویست پەیوەندی بکا و بێینە سەر هێڵ، بۆ ئەم مەبەستە ژمارەی لاری ئیگلبیری گیر یان پێدرا، کاتێک ئیگلبیر پرسیاری ناوی دەکات دەڵێ ژمارەکە هەڵەیە، تا ئەوکاتەی واز لە مامەڵە هێنان بە ناوی خواستراو دێنن، بە ناو داوای لاری ئیگلبیر دەکەن ئیتر ئەوکات پەیوەندییەکان ئەنجام دران.

بڕیاردرا کۆبوونەوەی ٩ی تەموز لە ئوتێلی (بییر) لە وشنتۆن ببەستریّ لەو کۆبوونەوە ئیگلبیرگر نوێنەرایەتی ئێمەی دەکرد لەگەڵ یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری ئەمریکای لاتینی ولیام د. ڕوجەرس، لەگەڵ هەمان ئەو شاندەی کوبی دانیشتن کە لە کانونی دووەم لە فڕۆکەخانە لەگەڵیان دانیشتین. ئەم ڕێنمایانەم بە نێردەکانم دا:

بە ڕیزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن وەکو ئەوەی پێشوازی لە کەسێکی گرنگ دەکەن، بە ڕاستەوخۆ و بێ پێچوپەنا بدوێن، تێیان بگەیەنن کە ئێمە بە ئاڕاستەیەکی نوێ جوڵە دەکەین.

وەکو پێم ڕاگەیاندن هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردن و خوانی فراوینێکی باشیان بۆ ئامادەکردن کە دوای چەند ساڵێک ڕۆجەرس باسی لێوە دەکا: هەوڵێکی دبلۆماسیی باشماندا تا دۆخێکی باش بخولقێنین، ئوتێلەکە لە شوێنێکی تاریک هەڵکەوتبوو وەکو ئەوەی بە تایبەتی بۆ ئەم مەبەستانە دروست کرابێ.

لە شـوێنیکی تـایبەتیی شایسـتە  دانیشـتین بە ئامادەکـاری خـوانێکی بـاش کە سەرنجی شاندی کوبی ڕاکێشـیَ. ڕۆجەرس بـاس لە وردەکـاری دانیشـتن و سـەفەرەکەی دەکا کە ئاسانکاریان بۆیان دابین کردوە و تییان گەیاندو،ە کە مەبەستیانە دانیشتنەکان سەرکەوتوو بـن، بە ئاشـکرا پێیـان گوتـووە کە ئامـادەن کۆتوبەنـدەکان سست کەنەوە، گەمارۆکە سوککەن، هەنگاو بە هەنگاو تا پەیوەندییەکان ئاسایی دەکەنەوە، پێی گوتون کە ئێمە ڕێگر نـابین لەبەردەم ڕێکخـراوی دەوڵەتـانی ئەمریکـی بـۆ هەڵگرتنـی گەمـارۆ و سزاکانی سەر کوبا و ئازادکردنی دەوڵەتان لە بەستنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کوبا، بۆ دوارۆژیـش ئامـادەین سـزاکان هەڵگـرین بە شـێوەیەک لەگەڵ ئەم هەنگـاوانەی کوبـادا بێنەوە:

١-ئازادکردنی هەشت هاوڵاتیی ئەمریکی کە لە زیندانەکانی کوبا زیندانی کراون.

٢- ڕێگە بە دەرچونی هەشتسەد هاوڵاتی بدەن کە هەڵگری دوو ڕەگەزنامەن.

٣- ڕێـــگە بە ئەنـــدامانی خـــانەوادەی ئـــاوارە بـــدەن لە هەردوولا ســـەردانی خانەوادەکانیان بکەن یا یەک بگرنەوە.

٤- کۆتوبەند لەسەر پەیوەندیدە سەربازیدەکانی لەگەڵ یەکێتـی سـۆڤیەت دابنـێن، ئەگەر دانوستانەکانیش چونە قۆناغێکی گرنگ پێشـنیاز دەکەیـن گەشـتە ئاسـمانییەکانی چاوگێڕیی سۆڤیەتی کۆتاییان پێبیَ کە بۆ کەنارەکانی ڕۆژهەلاتمـان دەکەن، ئەو گەشـتە ئاسـمانیانە لە یەکێتـی سـۆڤیەتەوە دەردەچـن بەڵام بنەکـانی کوبـا بەکـار دێـنن، لەگەڵ کەمکردنەوەی کەشتی گەلی سۆڤیەتی بۆ کوبا.

٥- پشتگیری کوبا بۆ سەربەخۆیی پۆرتۆریکۆ ڕابگیریَ.

٦- دەستوەرنەدان لە نیـوەی ڕۆژئـاوای گـۆی زەوی، بە تەواوەتـیش گواسـتنەوەی چەکی سۆڤیەتی و مەشق پێکردنی گەریلاکان لە سەرجەم دونیا بوەستێندریَ.

٧- یەکلایی کـردنەوەی کێشـەی مولکـداری ئەمریکییەکـان، کە لە کوبـا دەسـتیان بەسەردا گیراوە .

داوامان لە کوبیەکان نەکرد ئەم داواکاریانەمان بە یەک پاکێج جێبەجی بکەن بەڵام هەنگاو بە هەنگاو بۆ سووککردنی سزا و گەمارۆکان تا لە کۆتایی هەموو هەنگاوەکان بە ئەنجام دەگەن و کۆتایی بە سزاکان دێت.

شاندی کوبی وەڵامی ئەوەیان داینەوە کە ئەزمونی دانوستانەکانتان لەگەڵ چین بە سازشیە، دوو لایەنیەکەی لە خوارەوە بۆ سەرەوە هەرگیز لەگەڵ کوبا دووبارە نابیتەوە.

چین بڕوای تەواوی بەخۆوە هەیە لە ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا، بەڵام ئەمە لای کاسترۆ نییە. ئەم هەنگاوانەمان بەڵکو بەرەو ئاساییکردنەوە دەمانبا و دەبیتە فاکتەری ڕێگری لە گرژییەکان کە ئەگەری ئەوە هەیە لە ڕەفتارەکانی کوبا دروست ببن.

بەم شێوەیە پاکێجەکەی ڕۆجەرس بە دڵی کوبیەکان نابێ، هەرچەندە ئەوان ئاشتەوایی ڤێتنامیەکانیان بە دڵ بوو، دانوستانەکانیشیان هەرگیز ڕەت نەدەکردەوە بەڵام پێیان وابو هەڵگرتنی گەمارۆکە سەنگی سەرکەوتنی دانوستانەکانە. لەگەڵ ئەوەی ئەوان ڕایانگەیاند کە دانوستانەکە ئەرێنیە بەڵام ڕەتیان کردەوە دانوستانێکی ڕاستەقینە بێ.

ناتوانین لە ژێر گەمارۆ دانوستان بکەین، پێمان خۆشە باس لە پرسێک بکەین گەمارۆکان سوککاتەوە. تا ئەوکاتەی بە تەواوەتی گەمارۆکان هەڵدەگیرێن.

هەروەکو سانشیز گوتی تەنها کەمێک نەبێ ئەگینا ڕەزامەندیان لەسەر هیچ نەکرد، لەسەر سەردانی خانەوادەکان کرد، بەڵام بۆ دوو ڕەگەزنامەیی ڕازی نەبوون ، سەبارەت بە پەیوەندییەکانی سەربازی کوبا و یەکێتی سۆڤیەت بارودی ڕەتی کردەوە هیچ مەبەستێکی دوژمنکاریی لە دواوەبێ، لەگەڵ ئەوەی کوبا مافی خۆیەتی دەست بە بڕیارەکانی سەروەری خۆیەوە بگرێ، لە گگوتەکانی دەرکەوت کە ئاستی هاوکارییەکانی سۆڤیەتی لەسەر ئاستی هەڕەشەکانی ئەمریکا دەوەستێتەوە. چونکە هێزەکانیش نابەرانبەرن بۆیە ناتوانن چاوپۆشی لە هاوکارییەکانی سۆڤیەتی بکەن.

بۆ پرسی دەستوێوەردانیش بارودی بەهەمان شێواز وەڵامی ئێمەی دایەوە کە دەبێ ئەمریکا دەست لە کاروباری دەوڵەتانی نیوەی ڕۆژئاوای گۆی زەوی وەرنەدا، گوتی کوبا هەمیشە ڕازیە لەسەر ڕاگەیاندنی ڕیزگرتن لە دەست وەرنەدان لە کاروباری ناوەخۆی یەکتری. بەڵام:

لەم ڕوانگەیەوە دەبێ لەسەر هەڵوێستەکانی ئەمریکا لە دەوڵەتانی دیکەی نیوەی ڕۆژئاوای گۆی زەوی  گفتوگۆ بکەین بەنمونە چیلی و دۆمنیکا، دەبێ گرەنتی ئەوەمان پێبدەن کە ئەوەی لە ڕابردوو ڕوویدا لە داهاتوو ڕوو نادا.

بە مانایەکی دیکە دەبوایە ئەمریکا دان بەو تاوانانە بنێ کە لە چیلی و کۆماری دۆمنیکان ئەنجامی دا لە داهاتوو دووبارە نابێتەوە. لەگەڵ ئەو نرخەی  کە کوبا داوای دەکا بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان، ئەویش ئەوەیە واشنتۆن ڕازیبێ کوبا ببێتە گوتەبێژی فەرمی بەناوی ئەمریکای لاتینی دژی ئاراستەکانی ئیمپریالیزم. ئەمە دەبێتە پەلکێش کردنی ئەمریکا تا دژی بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی بوەستێتەوە کە پێویستی بە وازۆی هاڤانا هەیە. کوبا پێی وایە بۆ ناسنامەی شۆڕشگێڕیی ئەوەندە بەس نیە کە فۆرد باسی لێوەکرد. بەتایبەتی لە میانی ڕەتکردنەوەی سانشیز بارودی بۆ داواکەی کوبا لە دوای پۆرتۆریکۆ:

مێژوی خەباتی هەریەک لە کوبا و پۆرتۆریکۆ لەیەک دەچێ، جیاوازییەکە ئەوەیە ئێمە ڕەنجی خەباتمان بە سەرکەوتن وەدەست هێنا بەڵام پۆرتۆریکۆ نا، دەبێ دان بەوەدا بنێین کە پۆرتۆریکۆ نەتەوەخوازێکی سەربەخۆیە. هەڵوێستمان لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە پۆرتۆریکۆ دەبێ سەربخۆیی وەرگرێ و پێویستی بە مافی چارەی خۆنووسینە. ئەوەی ئێستا هەیە لە پۆرتۆریکۆ ڕەنگدانەوەی داخوازیەکانی گەلی پۆرتۆریکۆ نیە . بارودی سووربوو لەسەر ئەوەی لە کۆبوونەوەکانی داهاتوو دەبێ پرسی چالاکیەکانی هەواڵگری ئەمریکی دژی کوبا بخرێتە خشتەی کارەکانیان. تاقە نیانیی هەڵوێستەکانی بارودی بابەتی سەردانی خانەوادەیی بوو.

ڕۆجەرس سەرفراز کرابوو دوو خول لە دانوستانی نهێنی لەسەر ئاستی وەزیری دەرەوە ئەنجام بدا، ئەگەرکوبا لە وەڵامی پێشنیارەکەمان داوایکرد. کاتێک ئەنجومەنی

ڕاوێژکـاری ڕێکخـراوی دەوڵەتـانی ئەمریکـی بە شـێوازی دەنگـدان ڕەزامەنـدیی لەسـەر هەڵگرتنی سزاکاندا، گگوتە بێژی وەزارەتی دەرەوە لە ٣٠ تەموز هەڵوێستی ئـێمەی بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

کوبیەکان دەزانن کە زۆر کەناڵ هەیە بۆ پەیوەنـدی کـردن پێمـانەوە، بە ئاشـکرا گوتمان سەرۆک و ئەمینداری گشتی ئێمە ئامادەین بە دروستی بچینە نـاو دانوسـتانێکی ڕاستەقینە، ئەوا ئەمرۆش دوبارەی دەکەمەوە.

لە ٢١ی ئاب وەزارەتی دەرەوە ڕایگەیاند کە سزاکانی سەر کۆمپانیا ئەمریکیەکانی دەرەوە هەڵگیرا. بڕیاربوو دەستپێشخەریی دوایی بۆ ئاشتەوایی لە گفوگۆکاندا بکـرێ، لە ئاب دانیشتنێکی تایبەتیی لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجـام درا کە تـایبەت بـوو بە کۆلۆنیەکانەوە. وێـڕای هۆشـداریمان بـۆ کوبـا بەڵام ئەو سـووربوو لەسـەر ئەوەی پرسـی سەربەخۆیی پۆرتۆریکۆ بخرێتە خشتەی کارەکانی، بۆ خوێ کردنەسەر برینەکە، کاسـترۆ داوەتی کۆنگرەی نێودەوڵەتیکرا، کە تایبەت بـوو بە پرسـی سـەربەخۆیی پۆرتۆریکـۆ لە سەرەتای ئەیلول لە کوبا بەسترا.

بەهـۆی هەلـی بیروکراسـیەوە لەو ڕۆژەی کە کوبـا لەسـەر پرسـی سـەربەخۆیی پۆرتۆریکـۆ هـانی نەتەوە یەکگرتووەکـان دەدا لە دژی ئـێمە، بڕیـاردرا سـزاکانی سـەر یـارمەتییە دەرەکیەکـانی کوبـا هەڵگیـرێ، بالوێزمـان لە نەتەوە یەکگرتووەکـان دانیـال مونیهان  لە هێرشی سەر کوبا تێوەگلابوو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنـێ کە ئەو بڕیـارەی لە مـانگی تەمـوز وەزارەتـی دەرەوە سـەبارەت بە هەڵگرتنـی سـزاکان دەریکردبـوو بەر لە گوتووێژەکانی سەر پۆرتریکـۆ هـیچ بەهـایەکی نەمینـێ، ئەوکـات تـازە درابـووە کۆشـکی سپی تا پەسندی بکا.

مونیهان لەگەڕانەوەیدا ئاماژەی بە لستێک کـرد تیایـدا نـاوی دەوڵەتـانی پـۆلین کردبوو بۆ ئەوانەی دژی ئێمە لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگیان داوە .

مەبەستی ئەوە بوو ئۆپۆزسیۆن بکەینە ئامانج بۆ تۆڵەسـەندنەوە لە دەوڵەتـانی یـاخی بـوو. بەڵام بیروکراسـیەتی وەزارەتـی دەرەوە نـارازی بـوو بەم ڕێکـارانە گـوایە

پەیوەنـدییەکانمان لەگەڵ دەوڵەتـانی تـازە پێگەیشـتوو تێـک دەچـێ. مـن ئەوکـات و دواتریش بۆچوونەکەیم پەسند کرد.

لەگەڵ فۆرد بەشداریمان لەو هەستە تورەییە کرد، لە ئەیلول سکۆکروفت پێـی ڕاگەیانـدین، ئەگەر کاسـترۆ بەردەوام بـێ لەم ڕەفتـارانەی ئەوا دەبـێ چـاککردنی پەیوەنـدییەکان لەگەڵ کوبـا لە بیـرکەین، دوایـین بزمـار لە تـابوتی پەیوەنـدییەکان درا کاتێک وەزیری دەرەوەی کوبا لە ئەیلولی ١٩٧٥ لە واشنتۆن ئامادە دەبـێ بە مەبەسـتی کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵام بەهیچ شێوەیەک خۆی لە قەرەی دانوسـتان یـا پەیوەندییەکان نادا، لە جیاتی ئەوە هێزەکانی کوبی لە ئەنگۆلا نزیک دەبنەوە.

لە ٢٤ی کـانونی دووەم لە دیترویـت لە گوتارێکمـدا هۆشـداریمدا کە ویـلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێگە بە چالاکییەکانی کوبی لە ئەنگۆلا نادا، ئەم بـڕگەم زۆر بە تونـدی گگـوتەوە ( ئەمریکـا ڕازی نـابی کوبـا ئەوەی ئێسـتا لە پۆرتۆریکـۆ دەگـوزەرێ تێکەڵکا بەوە دەستوەردان لە کاروباری ناوەخۆ) لە ٢٠ی کانونی یەکەم لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا فۆرد پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوبا بەتەواوەتی سڕ کردن:

ئەو کارەی کە کوبا دەیکـا لە پێنـاو ئـازادکردنی پۆرتۆریکـۆ و دوورکەوتـنەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تێکەوتنی لە کێشەی ئەنگۆلا لە ڕێگەی سـەربازییەوە، هەموو هەوڵەکان لەبەین دەبا.

دوو دیـدارەکەی دیـکە، پـلانە لەبەینچوەکەیـان گەیانـدە کەنـاری ئـارام لە ١٢ی کانونی دووەمی ١٩٦٧ داوایکرد لە کافتریای فرۆکەخانە خـولەکەی تەواوبکـا و داواشـی لە من کـرد چـاوی بـکەوێ بە ولیـام ڕۆجەرس لە فرۆکەخـانەی واشـنتۆنی نێـودەوڵەتی، ڕۆجەرس بە گارسیای ڕاگەیاند کە گواستنەوەی هێزەکان بـۆ ئەنگـۆلا و دەسـتوەردان لە کێشە ناوەخۆییەکان دەبێـتە گرفـت لەبەردەم گەیشـتن بە ڕێککەوتنێـک بـۆ چارەسـەری کێشەکان، گارسیا گوتی لەسەر تێبینیەکانی کاسترۆ لە ئەنگۆلا من نـاتوانم هـیچ بـکەم. چونکە بێ ڕێنمایی هاتبووە واشنتۆن، دیـارە کە بەرنـامەیەکی چەواشـەکاریی ئەنقەسـت بووە.

لە مانگی شوبات کوبیەکان داوای کۆبوونەوەیەکی دیکە دەکەن، ئیگلبیرگر لە ٧ی شوبات لە نیۆیۆرک چاوی بە گارسیا دەکەوێ، لە جیاتی ئەوەی وەڵامی تێبینیەکانمان بداتەوە داوای چاوپێکەوتنی خانەوادەکان دەکا کە ڕۆجەرس لە ٩ی تەموزی١٩٧٥ داوای کردبوو، وەڵامەکەی کوبا چەواشەیی بوو. داوای سەد سەردانیمان کردبوو لە یەک هەفتەدا و لە هەردووک لا لە یەککاتدا، تەنها لە ئەمریکاوە بۆ کوبا نەک بە پێچەوانە. وەڵامەکەی گارسیا زۆر خۆبەزلزانانەوە بوو:

سەردانیەکان وەکو نیشاندانی نیازپاکی کوبا دێت کە بەرانبەر بە ئەمریکا هیچ هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی نیە.

لێرەوە پەردە لەسەر دانیشتن و چاوپێکەوتنەکانی بەرپرسانی ئەمریکی و کوبی داخرا تا درێژایی ماوەی حوکمرانی فۆرد.

## هۆکاری ڕەفتارەکانی کوبی

دەبێ چۆن لێک بدرێتەوە ئەو ڕەتکردنەوەی کاسترۆ بۆ لەدەستدانی دەرفەتی ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و کوبا؟ ئیدارەی فۆرد نەخشەرێگایەکی ووردی دارشتبوو هەنگاو بە هەنگاو بۆ گەیشتن بە ئاسایی کردنەوەیەکی یەکجارەکی، کۆنگرێسی لیبرالیست لەسەر ئەو پرسە کراوە بوو چونکە مەرجەکانمان لەبەرژەوەندی کەم کردنەوەی ئازارەکانی هاوڵاتیانی سڤیلی دابوون لە پێناو پەیوەندییەکانی کوبیی ئەمریکی. ئەوکات داوامان لە کوبا نەکردبوو ببێتە بنکەی شۆڕشگێران لە نیوەی ڕۆژئاوای گۆی زەوی و بنکەی سەرهەڵدانی یەکێتی سۆڤیەت لەو هەرێمە و لە هیچ هەرێمێکی دیکەی دونیا. کاسترۆ بۆیە ئەو دەرفەتەی ڕەت کردەوە چونکە دڵنیا بوو کە ئەو ڕۆڵەی بۆخۆی نووسیووە بیگێڕێ لەگەڵ پەیوەندییەکانی

ئەمریکا نایەنەوە و ناگونجێن، بۆیە ڕەتیکردەوە. بەڵکو ئەوکات فەرماندەیەکی ڕاستەقینەی دەسەڵات بوبێ. ماو بە تەندروستی خۆی و هەڕەشەکانی سۆڤیەتەوە سەرقال بوو، یەکێتی سۆڤیەتیش لە ژێر سایەی نەوەی سێیەمی ڕزگار بوو لە ژێر دەسەڵاتی ستالین، ئەوەندە بە پرسی هەڵمەتی خاچپەرستە ئایدیۆلۆژیەکانەوە خەریک نەبوو، کاسترۆ بە پێچەوانەی ئەوان کەسێکی توندڕەو بۆ بیروبڕواکانی لە تاراوگەوە هاتبوو و لە شەری پارتیزانانەوە، بەسەر جەنگی دوورگەی بەرازەکاندا سەرکەوتبوو، بە پشتگیری بیری کۆمۆنیستیی لە قەیرانی مووشەکەکان ڕزگاریی ببوو.

کاسترۆ وەکو سەرکردەی بزوتنەوەی بێلایەن دەردەکەوێ. بە درێژای و پانی ئەمریکای لاتینی شەیدای ڕادیکالیزم بوو، ببووە خاڵی سەرنجی تەنانەت هی دەوڵەتە زەبەلاحەکانیش.

بە درێژایی دەیەک دوای تەواو بوونی قەیرانی مووشەکەکان کاسترۆ بێدەنگ دەبێ، پشتگیریی بۆ کارە تێکدەریەکان پەیتا پەیتا لە پاشەکشەدا دەبێ. لە کێشەی ئەنگۆلاوە بۆمان دەرکەوت کە کات کوشتن بوو نەک پشتگیری شۆڕشگێڕانە. ئیتر پێشینەکانی کاسترۆ بووە ڕووخانی ڕژێم نەک سەقامگیر بوون، دوودڵ نەبوو لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا لە پێناو سەربەخۆیی پۆرتۆریکۆ و دەستوەردان لە کاروباری ئەفریقیا.

کاسترۆ ڕقی لە لایەنگرانی سیاسەتی کرانەوە بوو لە کرملێن چونکە بە دیدی ئەو ئەوان لە پێناو بەرژەوەندی جوگرافیای سیاسی دەستبەرداری بیروبڕوا بوونە. پاساوەکانی بیروبڕوایی نەبوون بەڵکو ستراتیژی بوو، پرۆسەی کرانەوە ببووە ڕاستیەک هەردوو هێزە زەبەلاحەکە قوربانی بە کاسترۆ دەدەن. ئەمە ئەو پاساوەیە کە کاسترۆ کۆتوبەند دەخاتە سەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا، ئەگەر بە دانوستانەکانمان ڕازیبێ و پەیوەندییەکان ئاسایی بکاتەوە ئەوسا یەکێتی سۆڤیەت پەلە لە پرۆسەی کرانەوە دەکات و هێزی پشتگیری خۆی لە ناو دەبات چونکە ئەگەری ئەوەی دەبێ بکەوێتە ژێر کاریگەری بەرنامەکانی ئەمریکی و گۆڕانکاریی بەسەردا بێت و ئەوکات کاسترۆ خەسلەتە تایبەتەکانی لەدەست دەدات و لە پێناو مانەوەیدا ئامادە دەبێ کار بۆ

گروپێکی پیاوانی دەوڵەتی بۆرژوا بکات. بۆیە کاسترۆ پێویستی بە ئەمریکا هەیە وەکو دەوڵەتێکی دوژمن تا بتوانێ بە دەستێکی پۆلایین دەسەڵات بگرێتە دەست و سیاسەتی دەوڵەت دارێژێ و هاوکارییەکانی یەکێتی سۆڤیەتیشی بەردەوام بێ. دواتر دەتوانێ ئەوە بکاتە پاساوی سیاسەتی داخراوی، چونکە وڵاتەکەی لە ژێر هەڕەشەدایە بۆیە ناکرێ لەوە زیاتر کراوە بێ، لە ڕووی سیاسیی و ئابوورییەوە درێژەدان بە حوکمی کۆمۆنیزم هاوشان بە دۆستایەتی و پەیوەندییە، لەگەڵ ئەمریکا نایەنەوە.

کاتێک بواری هاوکاریکردنی مارکسیستە ئەنگۆلیەکان لە ساڵی ١٩٧٥ ڕەخسا، کاسترۆ لە ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا لاریی نەبوو، ئەوکات بۆچوونی زۆرینەی ئەمریکیەکان ئەوەبوو کە کاسترۆ بە بریکاری یەکێتی سۆڤیەت ئەمە دەکات، مونیهان لە ئەنگولا کوبیەکانی بە گورکاس دەناساند. بەڵام بەڵگەنامەکانی ئەوکات ئەوە دەسەلمێنن کە حوکمڕانیی ئەوکات هەڵە بوو.

هەوڵەکانی مۆسکۆ لە ئەنگۆلا نمونەی ڕەفتارەکانی بوو لە کۆنگۆ بەر لە ١٥ ساڵ کە بە چەک و ڕاوێژکار هاوکاریی دەکرد، ئەوەبوو کە مەبەستمان بوو پێمان وابوو دەتوانین لە ڕێگەی بەرنامەی نهێنییەوە مامەلەی لەگەڵدا بکەین .

بەڵام لە سەرەتای مانگی ئابی ١٩٧٥ ەوە کاسترۆ ئاسۆیەکی نوێی بە ئەنگۆلا بەخشی، بە هەزاران مەشقپێکەر و هەزاران جەنگاوەری بۆ نارد کە زۆربەیان بە فەرمانی کوبا و فڕۆکەی سۆڤیەتی بوون. هەرکە هێزەکانی کوبی دەگەنە شوێنی مەبەست سەرکەوتن بەدەست دێنن. مۆسکۆش بە پردێکی ئاسمانی هاوکارییەکانی دەگەیەنێتێ، کاسترۆ بوو نەخشەی بۆ هەرەس پێهێنانی گفتوگۆکانی نێوان خۆی و ئەمریکا دارشت، هەر ئەمەندە نا، بەڵکو نەخشەی بۆ هەرەس پێهێنانی ئاسەواری ئەم دوایپەی پرۆسەی کرانەوەش دارشت، بە ناشیرنکردنی بریژنێف لەسەر دەستەوەردانی لە کاروباری ئەنگۆلا.

هیچ گومانی تیادا نییە پێداگری کاسترۆ لە ١٩٧٥ بۆ هۆکاری دۆخ و سەردەم دەگەڕێتەوە، ئەو ساڵبوو هیندی چینی دەکەوێ، کۆنگرێس دەزگاکانی هەواڵگری دادەماڵی و کاریگەرییان کەم دەکاتەوە، لە ژێر ڕۆشنایی دابەشبوونی ئەمریکی کاتەکان گونجاو نەبوون بۆ دوورخستنەوەی کاسترۆ بە بیانوی ئایدیۆلۆژی و شۆڕشگێڕیی ،

بۆچی شێوازی بەیاننامەی ڕازیکاری ناگرینە بەر کە بەبێ سازش و دەستبەرداری ئەمریکا تەواو دەبن؟

مەبەست لە گرتنەبەری ئەم شێوازە تەکتیکییە داواکردنی کۆنگرێس و ڕۆژنامەوانەکانە تا فشاری گەل وەدەست بێنن، ئەوسا ئەمریکا ناچار بکا یەک لایەنە سازش بکا.

لە ١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٦ کاسترۆ لەسەر پچرانی دانوستانەکانی لەگەڵ ئەمریکا چیرۆکی خۆی بڵاوکردەوە.

ئەوەی چاککردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا ڕەت دەکاتەوە کوبا نییە، ئێمە لەگەڵ ئاشتی و کرانەوەداین لەگەڵ پێکەوەژیانین لە نێوان دەوڵەتان کە خاوەنی سیستەمی جیاوازی کۆمەلایەتین، ئەوەی ڕەتی دەکەینەوە، مەرجی شەرمەزارین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئێمەی دەوێ بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانمان چاککەین.

ئەوەی کەلێنەکەی ئەوەندە لەیەک دوور خستەوە کە هەرگیز ئەقل بڕوای پێناکا ئەوەبوو کە کاسترۆ داوای دەکرد ( ئەمریکا دەستوەرنەداتە ناو کاروباری ناوەخۆی کوبا لەبەرانبەردا کوبا دەستوەرنەداتە کاروباری دەرەوە) هەر بە کارا لەو کاتانەی ئەم داوایەی دەکرد دەستی لە کاروباری ناوەخۆی ئەنگۆلا. وەردەدا

بەشی هەشتەم

# پەیوەندییەکان
# لەگەڵ دونیای کۆمۆنیستی





باشوری ئەفریکا
لە ١٩٧٥-١٩٧٦

# ٢٦
# شەڕی ناوەخۆ لە ئەنگۆلا

## گردبوونەوەی هەوری پایتەخت

لە کەم وێنەترین بۆنە تەنها یەک سەردانی فەرمیی سیاسەتی نیشتمانیی ئەمریکا دەگۆڕدرێ. سەرۆک کینیت کاوەندا سەرۆکی زامبیا ئەمەی بەئەنجام گەیاند کاتێک لە ١٩ی نیسانی١٩٧٥ سەردانی واشنتۆن دەکا. ئەوکات سەرۆک فۆرد و منی گەیاندە ئەو بڕوایە، کە یەکێتی سۆڤیەت بە چەک و پسپۆری سەربازی دەست دەخاتە نیو ئەنگۆلاوە، دەبێ ئێمەش لە پێناو دراوسێکانی ئەنگۆلا ئەم گەمارۆیە بشکێنین.




سەبارەت بە خۆمان پێویستیمان بە قەیرانێکی دیکە نەبوو لە کیشوەرێکی دوور لە ئێمە و لە سەردەمی جەنگی ساردا. ئەم قەیرانە ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە لەیەک ترازانێکی ناوەخۆیی، ئەو مانگ هیندی چینی لە ڕووخاندا بوو. سەربەخۆیی کوردیش لەبەین بردرابوو، شۆڕشی پۆرتوگالیش بەرەو چەپ هەنگاوی دەنا، دبلۆماسیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش سڕ ببوو.

سـەردانیی کاوانـدا بەر لە یەک مانـگ بڕیـاری لەسـەر درابـوو، ئەو وەکـو سـەرکردەیەکی خەبـاتی ئـەفریقی لە پێنـاو سـەربەخۆیی ڕێـزی لێـدەگیرا. هەرچەنـدە چاوەڕوانی هیچ دەستپێشخەریەکی لێ نەدەکرا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیاسـەتێکی نـوێی چـاوەڕوان نەکـراوی خولقانـد. کاونـدا فـۆردی گەیانـدە ئەو بـڕوایە کە ئەو چەکـانەی بە لێشـاو لەلایەن سـۆڤیەتەوە بـۆ ئەنگـۆلا دەچـن دەکـرێ هاوکـاری بـزوتنەوەی گەلەری (میللی، میللی)ی ئەنگۆل ( MPLA)ا بدا کە بزوتنەوەیەکی مارکسیستیە و دەسەڵات بگـرێتە دەسـت، بـۆیە هاوکارییەکـانی ئەمریکـا بـۆ لەبەینبردنـی پیلانەکـانی سـۆڤیەتی زەرورن. ئەوکـاتەی زانیمـان کە ئەفسـەرە تونـدڕەوەکانی نێـو دەسـەڵاتی کۆلنیـالیزمی پۆرتوگـالیی لەنـاوچوو، عەمبـاری چەک و تەقەمەنیەکانیـان دەگـوازنەوە بـۆ ڕادەسـت کردنیان بە بزوتنەوەی میللی ئەنگۆلا

سیاسەتی دەرەوە تانها زاڵبوون و تەواوکردنـی هێـز بـوو، دەکـرێ ئەرکەکانمـان ئاسان بێ، ئەنگۆلا لە یەکێتـی سـۆڤیەتەوە دوور بـوو، ئەو دەوڵەتـانەی لە نزیکیشـیەوە بوون وەکو زائیـر بە ڕۆژئـاواوە بەسـترابوونەوە. ئەم هۆکـارانە بە گشـتی کە پیلانەکـانی سۆڤیەتی لەبەین برد بەر لە ١٥ ساڵ لە کۆنگۆی بەلژیکی کۆ ببوونەوە.

بەڵام ئێستا ساڵی ١٩٧٥ ە ئەمریکـا وەکـو جـاران بـێگەردی خـۆی نەپاراسـتووە. ڤێتنـام لە مێشـکی ئەمریکیەکانـدا مـابۆوە کە شـەری کۆمۆنیسـتەکانی لێـدەکرا. دەبـێ بەپێی ئەو مەرجانە و لێکۆڵینەوەکانی هەواڵـگری کـار بکەیـن کە بە نهێنـی بۆمـان دێ، ئەمەش تاقە ڕێگەیە بۆ بەرگریکردن لە زاڵبـوونی کۆمـۆنیزم لە ئەنگـۆلا. لیبرالیسـتەکان سـووربوون لەسـەر جیـاکردنەوەی ئـەفریقیا لە جەنگـی سـارد. هەرچەنـدە چالاکیەکـانی سـۆڤیەتی و دواتـریش کـوبی ئەم ئامانجەیـان کـردە خەون. پارێزگارەکـانیش کە لە سـەروبەندی بەشـداربوونی هەڵبژاردنەکـانن لە دژی فـۆرد بە کاندیـدی کلاسـیکی خۆیـان ڕۆنالـد ڕیگـن، ئەو دەرفەتەیـان دەربـاز نەدەکـرد کە جەنگێـک دژی ئیـدارەی فـۆرد هەلگیرسێنن، کۆنگرێسیش کە زۆرینەیان لایەنگری ماکفرن دژی هەر سەرەڕۆییەک بوون، بەتایبەت کە لەلایەن ئاژانسی هەواڵگریەوە دەبردرێ بەڕێوە.

بەڵام پێداگریی کاوندا سەرنجی ڕاکێشاین، هەر دوای چەند مانگێک لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٥ لە کینشاسای زائیر ئەم دەربڕینەم بۆ ئەفسەرانی خزمەتی دەرەوە دا:

بە مەزندەی من ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت بتوانێ بە دووری هەشت هەزار میل بە ڕێگایەکی دوور لە کێشە بگاتە زائیر و زامبیا و دەریا و دەستیان بەسەردا بگرێ، ئەوکات دەبێ باشووری ئەفریقیا لەو بڕوایەدابێ کە ئەمریکا دەستبەرداری بووە.

ئیتر لەبەردەم دوو بژاردەدا دەبێ: ئایا ئەنەگۆلا بەرەو چین دەڕوا یا بەرەو یەکێتی سۆڤیەت، ئەگەر بەرەو چین بڕوا ، بڕوام وایە هیچی باشمان لە ئەفریقیا پێنادەن، ئەم یەکێتیە بلاوە دەکا و تانزانیا و دەوڵەتانی دیکەش ڕوو لە چەپ دەکەن، ئەوکات کاریگەری زۆری لەسەر ئەفریقیا دەبی، بۆیە ئێمە بەرپرسیارێتییەکی مەزنمان لە ئەسۆدایە، دەبی پارسەنگی هێز ڕاگرین بەشێوەیەک کە سەربەخۆیانە نەبێ. تا ئێستاش من هەر لەسەر ئەو بڕوایەم.

## سەرەتای تێکەوتن

سەرۆکی زامبیا کینیت کاوندا کەسێکی ڕاستگۆ وخاوەن ئابڕو و هێزی ناوەخۆیە. لە نەوەی ئەو ئەفریقیانەیە کە سەربەخۆییان لەدەست داگیرکەران دەرهێنا. سەبارەت بە کاوندا ئەو باوکانەی ئەمریکایان دامەزراند، ڕۆشنبیرەکانی ڕۆژئاوا وەکو بەرجەستەکاری پێشکەوتنی لیبرالیزم سەیریان دەکردن. بەرەنگاربوونی داگیرکەران سەخت و دژوار بوو، ئەو پیشەیە نەبوو کە ژن و پیاوان بەدوای ژیانیکی خۆشدا دەگەڕان و لە خەیاڵی ئومیدێکی خۆشدا دەژیان.

پێشڕەوانی سەربەخۆیی ئەفریقی بەسەر کۆسپ و تەگەرێکدا سەرکەوتن کە لە کۆسپ و تەگەرەکانی ئەوروپی و ئەمریکی سەختتر بوو. دەوڵەتانی ئەوروپی خاوەنی یەک کەلتوری دێرین بوون، لە پێش هەموویان یەک زمانی، کەچی دەوڵەتانی ئەفریقی لە پاشماوە ڕزگاربووەکان بوون لە ژێر دەستی داگیرکەرە ئەوروپیەکان، سنورەکان بە هەوەست و ئارەزوی داگیرکەران دادەڕێژرا و دیاری دەکرا، بۆ ئەوەی زمانی داگیرکەر بەسەر ئەو دەوڵەتە ئەفریقیە بسەپێندرێ، سنورەکان لەسەر بنەمای خێڵەکی دەکێشران.

لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردە ئەفریقیەکان دەستیان دایە پرۆژە ناشیرنەکە بە دروستکردنی دەوڵەتی فرەکەلتور و فرەزمان، ئەمە لە جیاتی ئەوەی بە نەخشە دەستکردەکاندا بێنەوە و لەسەر بنەمای کەلتوری و ئەتەنی دەوڵەت دروست بکەن، ئەمەیان لەبیرچوبۆوە کە کاتێک هەستی ستەملێکراو دەگاتە ئاستی پێگەیشتن لە دژی داگیرکار و ستەمکاراندا، ئیتر هەماهەنگی و دەست لەناو دەستی دروست دەبێ بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی.

لەم میانە هەڵوێستی کاوندا وورد بو، کاتێک داوای لە فۆرد کرد لە ١٩ی نیسانی ١٩٧٥، ئەوکات وڵاتەکەی دە ساڵ دەبوو سەربەخۆیی وەرگرتبوو. لەکاتێکدا دەوری بە داگیرکەر درابوو، ئەوەتا زامبیا بە شێوەیەک دەوری بە داگیرکەر درابوو، مۆزەمبیق لە ڕۆژهەلاتیەوە کە بزوتنەوەی ڕزگاری مارکسیست حوکمی دەکرد ئەو ماوەیەکی کەم بوو سەربەخۆیی لە پۆرتوگالەوە وەدەست هێنابوو، لە باشووریەوە ڕۆدیسیا کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتی داگیرکاری بەریتانیادا بوو، ئێستا کەمینەی سپی پێست حوکمرانیی لێدەکەن و ڕۆژانە لەلایەن زۆرینەی ئەفریقیەوە هێرشیان دەکرێتە سەر، نامیبیا کە لە ژێر دەسەڵاتی باشووری ئەفریقیادابوو، زائیر لە ژێر ڕاسپاردەی بەلژیکادا بوو موبوتو سیسی سیکۆ حوکمی دەگێڕا کە حاکمیکی ستەمکاری توند بوو، لە ڕۆژئاواش ئەنگۆلا لە ژێر دەستی پۆرتوگالیەکاندا بوو لە مانگی تشرینی دووەم سەربەخۆیی وەرگرتبوو ئێستاش کەوتبووە ناو شەڕی ناوەخۆ.

لەکاتی سەردانیی کاوندا بۆ واشنتۆن خەمی مەزنی ئەنگۆلا بوو. کێشەی ئەو کێشەی مارکسیزم نەبوو بەقەدەر ئەوەی کێشەی نەخشەکانی سۆڤیەتی بوو بۆ پەلکێشکردنی هێزی سۆڤیەتی بۆ ئەفریقیا. کاتێکیش بەرەی ڕزگاری مۆزەمبیک لە ژێر دەستی پۆرتوگال ڕزگار دەبن، سەرەڕای خەسلەتی مارکسیستیانەوە هەر زوو دانمان پێیاندانا و پەیوەندییەکانی دبلۆماسیمان لەگەڵیاندا بەست. لە گینیا بیساویش هەمان هەنگاومان نا، کە پێشتر پۆرتوگال داگیری کردبوو.


لەگەڵ نزیکبوونەوەی ڕۆژی ڕزگاری ئەنگۆلا لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥، بۆ دەسەڵات گرتنەدەست سێ هێز ململانییان بوو:

١/ بەرەی نیشتمانی بۆ ڕزگاری ئەنگۆلا. لە باکور بەهێز بوو، چونکە سەرۆکەکەیان هۆلەندین ڕوبیرتو سەر بە خێڵی (باکانفو) بوو مۆبۆتۆی سەرۆکی زائیر کە دەکاتە خەزوری پشتگیریی لێ دەکرد.

٢/ لە باشوور خێڵی (ئوفیمبووند) بەهێزترینیان بوون، بزوتنەوەی ڕزگاریان دەبرد بەڕێوە لەوێ بەرەی یونیتا هەبوو( یەکێتی نیشتمانیی سەربەخۆی گشت ئەنگۆلا)

بە سەرۆکایەتی جوناسی زانیمبی بوو، هەروەکو زۆربەی سەرکردەکانی ئەفریقی ئامادەبوو یارمەتی هەرلایەنێک وەرگرێ. ماوەیەکی زۆر چین پشتگیریی دەکرد ماوەیەکیش دەوڵەتانی ئەسکەندنافیی ئەورووپی .

٣/ بەرەی میللیی مارکسیست کە ئوگستینهو نیتو سەرۆکایەتیی دەکرد، پیشەی دکتۆر بوو، کەمتر پشتی بە خێل دەبەست ئەو لە لواندای پایتەخت بەهێز بوو کە بالوێزخانەی دەوڵەتانی لێ بوو پشتگیری دەرەکیی لا باش بوو بۆ دانپێدانان.






ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئەنگۆلا نوێنەری نەبوو بەڵام لە پێکهاتە و جموجۆلەکان ئاگادار بوو، ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ساڵانە بە بڕی سەدهەزار دۆلار هاوکاری هۆلدین ڕوبیرتوی دەکرد، ئەمەش بۆ پێدانی زانیاری لەسەر پێکهاتەکان و زانینی ئاستی هێز و ئەگەری دەستگرتنی بەسەر دەسەڵات، لەکاتێکدا ڕوبیرتو پەیوەندیی خانەوادەیی هەیە لەگەڵ موبوتۆی سەرۆکی بەهێزترین دەوڵەتی ناوچەکە کە زائیرە، ئەنگۆلا لەو ناوە دەکولا بۆئەوەی بەلای لایەنێکدا بشکێتەوە کە بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا دێنەوە.

لە ١٠ی کانونی دووەم سێ لەو گروپانەی پورتوگالی لە ئەلفوردی باشووری پۆرتوگال بەیەک گەیشتن. لەم دانیشتنە لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە هێزەکانی پۆرتوگالی

لە ٣٠ی نیسـان بكشـێنەوە و هێزەكـانی ئەو سـێ گـروپە شـوێنیان بگـرنەوە، كە دواتـر حكومەتێكی كاتی پێكدێنن. ڕۆژنامەی نیۆیۆرك تـایمز پێشـوازیی لە ڕێككەوتنـی ئەلفـور كرد، پێی وابوو كە كاردەكاتە سەر بەرەوپێشچونی پرسی ڕۆدیسیا و باشووری ئەفریقیا. لەگەڵ ئەمەشدا پەیامنێریان لە ئەنگۆلا كە پسپۆری كاروباریانە لەسەر زمانی یەكێك لە چاودێران گـوایە گوتـویەتی (دوای یەك سـاڵی دیـكە دەبـێ كـام لەم سـێ سـەركردە لە ژیاندا مابن؟)

دوای ڕێككەوتنی ئەلفۆرد ئاژانسی هەواڵگری ناوەنـدی (CIA) لە ٢٢ی كـانونی دووەمی ١٩٧٥ داوای لە (لیژنەی چل) دەسەڵات كرد پشتگیرییەكانی هۆلدن ڕوبیرتو بۆ ٣٠٠ هەزار دۆلار زیاد بكـرێ. لیـژنە زیـادكردنی سـافیمبیی ڕەت كـردەوە، دواتـر گوتیـان زیـادكردنی ڕوبیرتـو بـووە مـایەی پەرەسـەندنی ئـاژاوە و تونـدوتیژی، ئەمە گەوجـیە، چـونكە ئـێمە لە بەڵگەنامەكـانی سـۆڤیەتیەوە دەزانـین كە نەخشـەی سـۆڤیەتی بـۆ پڕچەككردنی بەرەی میللی لە كانونی یەكەمـی ١٩٧٤ بڕیـاری لەسـەر دراوە، واتە بەر لە دوو مانگ، كوبیەكانیش بەر لە چەندین ساڵ بوو مەشقیان بە كەسانی ئەم بەرە دەكرد، چەك و تەقەمەنییەكانی سۆڤیەتیش لە ڕێگـای بەنـدەری بازافیـل لە كۆنگـۆ بەدەسـتیان دەگەیشت.

لەو كاتەی ئیدارەی فـۆرد دژی ماركسیسـتەكان بـوو ڕێگـر بـوو لە گەیشـتنیان بە دەسـەڵات لە ئـەفریقیا بەڵام پەیوەنـدییەكانمان لەگەڵ دەوڵەتە چەپەكـانی ئـەفریقی پاراسـت لە نمـونەی جەزائیـر و تەنزانیـا. هەروەكـو ئاماژەمـان پێێـدا دانمـان بە ڕژێـمە ماركسیستە یەك لە دوای یەكەكانی كۆلۆنیالەكانی پۆرتوگالیدا نا، هێڵی سوورمان تەنها دەسـتوەردانی دەرەكیـی بـوو بە كاروبـاری نـاوەخۆ و هـەژموونی مۆسـكۆ لەسـەر ئەو دەوڵەتانە.

ئەو نـامەی لە ١٩ی نیسـانی ١٩٧٥ ەوە لە كاونـدا پێمـان گەیشـت. دەڵـێ لە ئەنگۆلا هێڵی سوور بەزێندرا، كاوندا دەڵێ بە ناوی سەرۆكی هەموو دەوڵەتانی دەوروبەر قسـە دەكـا بەتـایبەت جۆلیـۆس نـایریری سـەرۆكی تەنزانیـا و موبوتـو سیسـی سـیكۆ

سەرۆکی زائیر و سامۆرا میشێل سەرۆکی مۆزەمبیق، وتی کێشەی سەرەکی لە ئەنگۆلا نە کێشەی ناوەخۆیە نە کێشەی ڕێکخراوی میللی یە... تەنها کۆمەڵێک مارکسیستە وەکو ڕێکخراوی بەرەی ڕزگاری مۆزەمبیق ئیدارەکەشی بەدەست مۆسکۆیە:

فۆرد: ئایا هیچ ناکۆکییەکی ئایدیۆلۆژی لە ناوچەکە هەیە؟

کاوندا: ڕێکخراوی میللی و سەرۆکەکەی نیتو سەر بە مۆسکۆن.

کیسنجەر: ئایا لەلایەن مۆسکۆوە هاوکاری دەکرێن؟

کاوندا: بەڵێ ئەم ڕێکخراوە لەلایەن مۆسکۆوە هاوکاری دەکرێ؟

لەبەر ئەم هۆکارانە و بەناوی سەرجەم سەرۆکەکان کاوندا داوای لە فۆرد کرد هاوکاری سافیمبی بکرێ وەکو سەرۆکی ئەنگۆلای تازە پێگەیشتوو. دۆستەکانمان کاتی خۆی سافیمبیان پشتگوێ خست، بەڵام ئەم جارەیان وەکو کەسێک دەرکەوت کە دەتوانێ چارەسەری دۆخەکە بکا. مۆبۆتۆ گوتی : نیتو لە ڕێکخراوی ناوبراوە، قەبوڵی نیە ڕوبرتو ببێتە سەرۆکی ئەنگۆلای ئازاد. هولدن ڕوبرتو لە ڕێکخراوی نیشتمانیی ڕزگاری ئەنگۆلایە نیتۆی قەبوڵ نیە، تاقە بژاردەی بەردەستمان ئەوەیە یەکێک لە ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقی لەدەست بدەین، لەگەڵ توانای هەریەک لە نیتۆ و ڕوبرتۆ لە بەڕێوەبردنی حزبەکەیان، سافیمبیش ببێتە سەرۆکی یەکلاکەرەوەی هەرسێکیان.

کاوندا پێشنیارەکەی پان و بەرینتر کرد ئاماژەی بەوەدا کە ئەم جۆرە ستراتیژیە لەلایەن سامۆرا میشێلی سەرۆکی مۆزەمبیق جێی ڕەزامەندی دەبێ"

ئەو کاتەی سافیمبی لە نێو دارستانەکان دەجەنگا، پشتگوێمان خستبوو.هەرچەندە داوای لە زامبیاوە کردبوو دانی پێدا بنێ، گوتبووی ئەگەر دانی پێدا نەنێ داوا لە ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقی دەکا ئەوانیش دانیان پێدا نەنێن. پێگەی خۆی لە ئەنگۆلا قایم کرد، گوتمان ئەگەر لوتکەی بۆ مسۆگەر نەکەین، سەرئێشەمان بۆ دروست دەکا ، بۆیە زامبیا ئەندامێتیی لە ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقی جێگیر کرد، دواتر داوامان لێی کرد ئامادەبی و لەگەڵمان گوتووێژ بکا لە (حزبی سەربەخۆیی نیشتمانیی

یەکگرتـوو) (UNIP) دڵسـۆزی و ڕاسـتگۆیی سـافیمبی کـاری تێکـردین، داوامـان لە سەرۆک جۆلیۆس نـایریری کـرد چـاوی بە موبوتـو سیسـی سـیکۆ بـکەوێ، هەردووکیـان کەوتبوونە ژێر کاریگەری.

سافیمبی پیاوێکی خاکی و خاوەن خەسلەتی چاک بوو، هەموومـان لە باشـووری ئەفریقیا کاریگەری کەسایەتیی ئەومان لەسەرە.

دواجار کاوندا داوای پشتگیری کۆلۆنیل ئیرنیسـتو ئوگسـتودی میلـو ئەنتونیـوس وەزیری دەرەوەی پۆرتوگال دەکا:

یەکەمجـار کە چـاوم بە میلـو ئەنتـونیس کەوت وەزیرێکـی بـێ وەزارەت بـوو، کـاتێکیش لەم دوایـیە چـاوم پێـی دەکەوێ وەزیـری دەرەوە دەبـی ، لێـیم پرسـی ڕا و بۆچوونت چیە لەسەر سافیمبی؟

گـوتی: لەسـەر نیتـۆ لە دڵەڕاوکێـدا بـوو. کە حزبـی کۆمۆنیسـتی پۆرتوگـالی پشتگیریی لێدەکرد، دواتر گوتی: پۆرتوگالییەکان دەتوانن پشتگیری نیتۆ بـکەن چـونکە ئەو چەندین جار ئەوانی توشی لە ڕووداماں کردووە، گوتی دەمەوێ پێتان ڕابگەیەنـم کە ڕاستگۆن لەسەر چەند پرسێکی دیار لە پێناو گۆڕینی ڕاوبۆچوونەکانی، ئەویش سـەر بە هێڵـی کۆمـۆنیزمە. لەبەر ئەم هۆکـارانە میلـۆ ئەنتـونیس پشـتگیری سـافیمبیی کـرد. بە میلۆم گوت ئێمە لەگەڵ زامبیەکانداین هەمان کێشەمان لەگەڵ نیتۆدا هەیە.

لێیم پرسی ئاخۆ ڕێکخراوی یەکێتی ئـەفریقی ڕەزامەنـدیی لەسـەر سـافیمبی داوە یان نا؟ ئایا ئەوو دوو گروپەی دوایی لە هەڵبژاردنەکان دوور دەخرێنەوە یان نا؟ کاونـدا کێشەکانی کۆدەکردنەوە، گوتی بەدەر لە ئەنجامەکـانی هەڵبـژاردن، سـافیمبی سـەرۆکە. ڕوونی نەکردەوە ئەمە چۆن دەکرێ، بەڵام هیچ گومانێکی نەبوو.

## مشتومڕەكانی ستراتیژیەتی ئەنگۆلا: نووسینگەی ئەفریقی

پێشنیارەكانی كاوندا فۆردی ڕازی كرد هەروەها بڕوای منیشی بەوە هێنا كە مەترسییەكانی ئەنگۆلا لە هاتنی حكومەتێكی ماركسیستدا نیە لە لواندا بەڵكو لە سەركەوتنە لە ئەنجامی بە لێشاو هاتنی چەكی سۆڤیەتی. ڕاپۆرتەكانی هەواڵگری دەگەیشتنە دەستمان ئاماژەیان بەو پردە ئاسمانیەی سۆڤیەت دەدا كە بۆ گەیاندنی چەك بە برازاڤیل دروست كراوە. لەوێشەوە بە كەشتی دەگەیەندرایە لوندا، دەوترا كە ئەو چەكانەی لە ڕێگەی دەریاوە گەیندراوەنەتە ئەوێ ٢٤ كەشتی دەبوون، ئۆتۆمبێلەكانی یوگسلاڤیش ١٦ بارهەڵگریان لە چەك و تەقەمەنی ڕادەستی لواندا كردووە. لە كاتی سەردانیی كاوندا نزیكەی حەوت هەزار تا دە هەزار جەنگاوەر لە بەرەی گەلەری (میللی) لەسەر دەستی سۆڤیەتی و كوبیەكان ئامادە و پڕچەك دەكران، ئەم ژمارە بۆ ئەفریقیا كەم نییە، هەر زوو ئەم توانایە كرایە فاكتەری هێرشكردنە سەر ئەندامانی حكومەتی كاتی و هێزەكانی ڕوبیرتۆ سافیمبییان لە پایتەخت وەدەرنا، كە لە شەڕەكانی لواندا سەركەوتبوون.

كاتێك زانیاریی زاترم لەسەر ئالۆزی سیاسەتی ئەفریقیا پەیدا كرد، زانیم كە مەبەستی كاوندا زۆر ئالۆزە. دوژمنایەتیی نێوان سەرۆكانی هەرێمایەتی زۆر ناڕوونە. كاوندا توشی كێشەی سیاسەتی ناوەخۆی بەرەی گەلەری (میللی) ببو ، پشتگیری باڵێكی جیابووەوەی دەكرد بە سەرۆكایەتی دانیال چیبەندا، گروپێك بوون نیتۆ شكستی پێهێنابوون، هەركە ئاشكرا بوو كە پشتگیرییەكانی جۆلیۆس نایریری بۆ سافیمبی ئەوەندە توند نیە وەكو كاوندا باسی دەكرد. دەركەوت كە ماچیل پشتگیری سافیمبی ناكا بە هیچ شێوەیەك.

ئەمانە نەبوونە ڕێگر لەبەردەم دەستێوەردانی سۆڤیەتی کە لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوو بەم ئاستە نەگەیشتووە، ئەگەر بەرگرییەک نەکرێ ئەوا ژمارەیەک لە حکومەتی بێتوانا و لاواز خۆیان لەگەڵ ئەو دۆخە دەگونجێنن کە بەسەریاندا دەسەپێندرێ، بۆیە دوای سەردانیی کاوندا لە نووسینگەی کاروباری ئەفریقیا لە وەزارەتی دەرەوم پرسی، ئەگەر حوکمەکانی سەرۆکی زامبیا ڕاست دەرچوون، چەند بژاردەیەک بۆ ئەمریکا دیارکەن، لە ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکام داواکرد بەرنامەی هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ سافیمبی دانێن، هەردوو بژاردە و بەرنامەش دەخرێنە بەردەم سەرۆک.

ئەمە ڕووبەڕووبوونەوەی لە نێوان ئارەزووەکانی حوکمڕان لە نووسینگەی ئەفریقیی سەربە وەزارەتی دەرەوە دروست کرد، کورتە گگوتەیەک لەسەر ڕێکخستنی فەرمانگە دەبێ باسی لێوە بکەم:

ڕاوێژکارە ئاسیاییەکانی وەزیری دەرەوە ، ئەمینداری نهێنیی یاریدەدەران بوون، هەر دەبێ ئەو بەرپرسانە لە ناوچە جیاجیاکان بن ، ئەمان لە نهۆمی شەشەمی وەزارەت دادەنیشتن، لەوێوە چاودێری ناوچەکانیان دەکەن و هزری سیاسەتی ئەمریکی دادەڕێژن. لە گوتوبێژەکانیشدا نوێنەرایەتی وەزیری دەرەوە دەکەن. زۆربەی ئەو بروسکانەی ڕێنماکانی بالوێزەکانی تێدایە ئەوان لە شوێن خۆیانیان دادەنین، ئەوان بەرپرسن لە دەستنیشانکردنی سەرنجەکان بۆ وەزیری جێنیش لە نهۆمی حەگوتەم، ئیتر یاریدەدەری وەزیر و فەرمانبەرانی دەسەڵاتێکی بەرفراوانیان هەیە لە دیزاینکردنی ئاڕاستەی سیاسەتی ئەمریکی.

لە بیرۆکراتیەتی مەزندا مەترسیی شاراوە بەدی دەکرێ. ئەمینداری گشتیی یاریدەدەر، لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی سەرۆک و وەزیری دەرەوە ئەوەیە کە دەبێ سیاسەتی ئەمریکی لە ناوچەکەی یەکگر و ئاڕاستەکراو و بە ئامانج بێ، کاتێک لەگەڵ وەزیر یەک ناگرنەوە دەبێ بە ڕاشکاوی پێی بڵێ. ئەگەر بەسەریدا سەپێندرا ئەوا دەبێ لە بەرژەوەندی نیشتمانی جێبەجێی بکا ، ئەگەر بینیی کە ئەمە لەگەڵ بڕواکانی نایەتەوە، ئەوسا دەبێ دەست لەکار بکێشێتەوە.

چـونکە یاریـدەدەری وەزیـر لە دیـاریکردنی سیاسـەتەکان و جێبەجێکردنیانـدا پێگەیەکـی گرنگـی هەیە، مـن ئەو فەرمـانبەرە بەتوانایـانەم لەم پۆسـتە دامەزرانـد کە خاوەنی داهێنان و توانایەکی کەم وێنەن، تاقە کەسی لە دەرەوەی وەزارەت لەم پۆستە دانرابی ولیـام ڕۆجەرس بـوو، ئەمەو لەگەڵ ژمـارەیەک لە ئەمینـداری گشـتیی یاریـدەرە لەوانە فیلیـپ حەبیـب لە ئاسـیا ووۆلتەرمونـدیل و دواتـر ئـارثەر هارتمـان لە ئەوروپـا و جوزیف سیسکۆ و داتـریش ڕووی ئەثرتـون لە ڕۆژهەلاتـی ناوەڕاسـت و ولیـام بـافیم لە کاروبـاری نێـودەوڵەتی و تۆمـاس ئیبنـدیرز لە کاروبـاری ئـابووری، دوای ئەوەی لەوە گەیشتن کە من پێویستیم بە ڕاوێژ وزانیاریی ئەوانە ڕاوبۆچوونی خۆیان بۆ دەرخستم.

تـاقە نووسـینگە کـە ڕێگەیەکـی تـایبەتیی هەبـوو لە مـامەڵەکردن، نووسـینگەی ئەفریقیا بوو، تا ئەوکاتەی مـن دەبـمە وەزیـری دەرەوە ئەوانەی لەو پۆسـتانە دانرابـوون زۆربەیان لە شوێنەکەی خۆیان مابوونەوە و کاریان دەکرد.

بەو هۆیەوە بە پێچەوانەی بۆچوونی ناوچەکانی پێشویان دەجولانەوە کە زۆربەی ژیانیان لێی بەسەر بـردووە، سـەبارەت بە کـاری ئەوانەی دیـکە لە فەرمـانبەرانی بـواری ئەوروپـا و ئاسـیا یـا ڕۆژهەلاتــی ناوەڕاسـت بۆچـوون و ئاڕاسـتەی کـاری ئەوان بە ستراتیژیەتی ئەمریکا بەسترابۆوە، چونکە هەریەک لەو ناوچانە هێزێکی مەزنی سۆڤیەتی لێ بوو لەژێر هەژموونی سیاسەتی سـۆڤیەتی دەبـردرا بەڕێـوە. دەبـوایە ئەوان لە دیـدی جیهانییەوە سەیری کێشەکانیان بکەن، بەڵام لە شـوێنە بـێ جوڵەکـان وەکـو ئەمریکـای لاتین یا ئەفریقیا، هانی بۆچوونەکانی جیۆپۆلەتیک نەدەدرا.

تا سالانی ئەم دواییەی حەفتاکان سەلیقەیەکی تایبەتی لە بـازنەی نووسـینگەی ئـەفریقیا کۆببـۆوە لەگەڵ حەز و ئارەزوەکانیـان دەگونجـا. چـونکە ئەو نووسـینگەیە لە جەنگی سـارد بەدەر بـوو، نمـونەی بـڵا کـردنەوەی دبلۆماسـیەتی بەسـتراو بـوو، لەسـەر بنەمـای سـەقامگیری ئـابووریی و ئاشـتی لە دەزگاکـانی ئـابووریی و پەیوەنـدییەکانی نێودەوڵەتی لەسـەر بنەمـای دبلۆماسـیەتی فـرە جەمسـەر و یاسـای نێـودەوڵەتی کـاری دەکـرد. بەهـۆی ئەوەی ڕەوتێکـی بنەرەتییـان لە سیاسـەت پێـک نەدەهێنـا زۆربەی

فەرمانبەرانیان بە ئەقلیەتی گەمارۆ و دابڕان بەرجەستە بوون. خۆیان بە بەرگریکار لە نمونەی ئەمریکا دەزانی کە توانیویانە خۆیان و ئەفریقیا لە جەنگی سارد دوورخەنەوە. بەهۆی ئەوەی سەرجەم هێزە زەبەلاحەکان لە ئەفریقیاوە دوور بوون بۆیە خۆم نەخستە بازنەی ڕووبەڕووبوونەوە، ئەو هەڵوێستە مانایەکی مەزنی دەبەخشی بەڵام لە ئەنگۆلا لە ساڵی ١٩٧٥ کێشەکە ئەوەبوو ئەوکات جەنگی سارد گەمارۆی ئەفریقیای دابوو، کاتێکی گونجاو بوو بۆ باسکردن لە چارەسەریی ئەفریقیا بەڵام نەدەکرا ڕووبەڕووی زۆرینەی ناکۆمۆنیست ببیتەوە لە ئەگۆلا یا ئەفریقیا و بەسەربەرەی گەلەری (میللی)ی چەکداردا زاڵ بیت، کە بە هێزی سۆڤیەتی و مەشقی کوبی ئامادە کراوە، بۆیە کێشەکە ئەوە بوو ئاخۆ لە بەرژەوەندی ئەمریکادایە ڕێگری لە سۆڤیەت بکا بەهێز دەست بەسەر ئەنگۆلادا بگرێ یان نا. ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی کرایە ئەو پرسیارەی من لە نووسینگەی ئەفریقیا کردم: تاوێک چەندایەتی گرنگی ئەنگۆلا لەبیرکەن، من گرنگی بە بۆچوونەکانی نایریری و کاوندا وموبوت و دەدەم کاتێک پێیان وایە ئێمە هیچ ناکەین.

وەکو نەریتێکی ئاسایی یاریدەدەری ئەمینداری گشتی کۆنووسی بژاردەکانی بەرگری ئامادە دەکات. بە تێچووی مەترسیەکانەوە، بەڵام ئەو فەرمانبەرەی بۆ پۆستی نووسینگەی ئەفریقیام ئامادە کردبوو ڕازی نەبوو کارە کلاسیکییەکانی نووسینگە درێژە پێ بدا، ناتانیل دیفر زیرەکانە و بوێرانە وەکو بالوێزی ئەمریکا لە چیلی لە ساڵەکانی نێوان ١٩٧١و١٩٧٣ خزمەتی کردبوو، لەنێویاندا ئەوکاتەی کودەتا سەربازییەکەی سلفادۆر ئەلندی ڕویدابوو لەوێ بوو، بەڵام ئەو نەیدەتوانی هیچ بکات چونکە ڕاستەوخۆ ڕۆڵی لە کودەتاکە نەبوو، بەڵام چالاکیی بەرانبەر بە لیژنەی کەلیسا هەبوو لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە.

من دەستنیشانی دیفیزم کردبوو وەکو یاریدەدەری ئەمینداری گشتی، بەڵام بینیم کە دادپەروەرانە کار ناکات بۆیە ترسم لەوەبوو پۆستێکی باڵای پێبدەن، دبلۆماتکاری پیشەوەر نابێ ڕووبەڕووی سزا بێتەوە چونکە پۆستەکەی هەستیارە.

ئەنـدامانی ئەنجـومەنی پیرانـی لیبرالیسـت لە لیـژنەی پەیوەنـدییەکانی دەرەوە بە توندی دژی دامەزراندنی دیفیـز بـوون، ڕێکخـراوی یەکێتـی ئـەفریقیش نـاڕازی بـوو بەڵام فۆرد ڕەزامەندیی لەسەر دا و ڕوونمان کردەوە کە بۆ ئەم بڕیـارە گەڕانەوە نیـیە ، ئەگەر دیفیز دوور بخرێتەوە بەدرێژایی ماوەی حوکمرانی فۆرد کەس بۆ ئەم پۆستە دانـامەزرێ، ئەوکات بە شێوەیەکی کاتی یاریدەدەری ئەمینداری گشتی بەو ئەرکە هەڵدەسـتێ، دوای شەڕێکی سێ مانگی دیفیز لەو شوێنە دادەمەزرێ، بەو هۆیەوە توانیی لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٤ شکست بە فۆلبرایت بێنێ. بەر لە دوو هەفتە لە سەردانیی کاوندا دیفیز سـوێندی یاسایی لە ٢ی نیسانی ١٩٧٥ دەخوا تا لە ئەنگۆلا کار بکا.

دیفیز بایەخی بە دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوەخۆ نەدەدا، بەڵام ئامادە نەبوو کاری نهێنی بکا یا ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی دیـکەی نـوێ لەگەڵ کـۆنگرێس بکـا، بە پێـی ڕاپۆرتەکان دیفیز ترسی لە هاوکـاریکردنی هولـدن ڕوبیرتـو هەبـوو کە لە کـانونی دووەم بڕیاری لەسەر درابوو. من لەوە ئاگادار نەبووم کە بەرنامەکە تا ئەوکات بەردەوامە، واتـا دیفیز ترسی لە کردە نهێنیەکان هەیە.

بەداخەوە هیچ ڕێگایەکی دیکە نەبوو تا دوای جەنگی ناوەخۆ خۆمان لە ئەفریقیا قەتیس کەین جگە لە ڕێگەی کردە نهێنییەکان نەبێ. ڕاگەیاندنی ئاشکرا بۆ دەستوەردان لە کاروباری نـاوەخۆی ئەنگۆلا لە جەنگـی ناوەخۆیـان ڕووبەڕووی نـارەزایەتی دەبیـنەوە لەلایەن ئـەفریقیا بەگشـتی. بەو دەوڵەتـانەی داوای هاوکاریشـمان لـێ دەکەن، بەڵکـو ئاسایی بێ داوای یارمەتیمان لـێ بـکەن بەڵام بێـدەنگ بـوون بەرانـبەر بە دەسـتێوەردان ڕێـگە بـۆ دەوڵەتـانی دیـکە خـۆش دەکـا هەمـان هەنگـاو بنـێن و دەسـت لە کاروبـاری ناوەخۆی وڵاتانی ئەفریقیا وەردەن، دیارە ئەم جۆرە دەستوەردانانەش نـاکرێ بە نهێنـی بن.

هەشت لیژنە لە کۆنگرێس داوای شـایەدنامە و چـاوگێڕی دەکەن، مـن لە ڕێـگەی چل شایەد و نـاڕەزایی دیفیـز بـۆم دەرکەوت کە ئەو پرسـەی سـەرۆک مەبەسـتیەتی بەو ڕێگـایە چارەسـەری بکـا دەبـی مـامەڵەی لەگەڵـدا نەکەیـن: بریتـی بـوو لە بەرژەوەنـدیی

ئەمریکـا لە ڕێگریکـردن لە چالاکیەکـانی یەکێتـی سـۆڤیەت لە باشـووری ئـەفریقیا بە ئامرازی پراکتیکی دەبێ نهێنی بێ.

ئەنگۆلا لەو گروپەیە کە دەبـێ بە نهێنـی کـردەی سـەربازیی لـێ ئەنجام بـدری هەروەکو گواتیمالا و دوورگەی بەرازەکان و شەری لاوس و ئۆپەراسیۆنەکانی کوردی کە جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئۆپەراسیۆنەکانی هەواڵگریی کلاسیکیی نهێنی، کە نهێنی نین. لە کاتێکدا هەمویان بە شێوەیەک لە شێوەکان تێکەوتونە کردەی سەربازی هیچ دەرفەتێک نەماوە دەبی درێژەی پێنەدەن، لایەنی نهێنی دوو ڕووی هەیە:

ڕووی یەکەمیان، کاتێک تێچوەکانی بە ڕێگەی کەناڵەکـانی بـودجەی سروشـتی کۆنگرێسدا تێناپەڕێ، دەرفەتێک هەیە کۆنگرێس لاریی نەبێ لەسـەر ئەو بـودجەی بەلای ئەودا تێنەپەرێــوە. ڕووی دووەمــی، حکــومەتی ئەمریکــا بە فەرمــی کــردەی نهێنـــی ڕاناگەیەنێ.

بەم هـۆیەوە حکومەتەکـانی دیـکە دەتـوانن هەڵوێسـتی بێـدەنگی هەڵبژێـرن. یاریکەرە سەرەکیەکان بە هەموو لایەکەوە ئاگادری ئەوەبـوون کە لە ئەنگۆلا ڕووی دەدا و دەگــوزەرا، بەڵام دانپێــدانانی ئاشــکرا لەلایەن ئەمریکــا واتە دەبــێ دەوڵەتــانیش هەڵوێستیان بە کراوەتر ڕابگەیەنن، ئەمەش چارەسەری دبلۆماسی قورستر دەکات.

هۆکارێکی دیکە دەبێتە مایەی ئەوەی نووسـینگەی ئـەفریقی هەڵەکـانی پەرش و بڵاو بکا ئەوەیە، هەر بەرنامەیەکی نهێنی لەسەر ئەنگۆلا دەبێ پشت بە زائیر ببەسـتێ و داواش لە موبوتۆی سەرۆکی بکا. کە تا ئەوکات هەڵوێستی ڕسواکەر بوو، لە بەشی سی دێمە سەر باسی موبوتو، سەبارەت بە دۆخە ناهەموارەکانیش ئەوەندە بەسە ئاماژە بەوە بدەم کە لە دەوری ئیدارەی ئەمریکی ئەورووپی کۆ ببوونەوە، چونکە ترسیان لە ڕوودانـی ئاژاوە هەبوو لە زائیر، زیـاتر لە ترسـی ڕووبەڕوو بـوونەوە لە ڕەفتارەکـانی موبۆتـۆ. بە درێژایــی ٤٠ ســاڵ حکــومەتە یەک لەدوای یەکەکــانی ئەمریکــا پشــتگیری و هاوکــاری سەربەخۆیی زائیر و حوکمی مۆبۆتۆیان کردوە، هەریەک لە سەرۆکان کینیـدی و فـورد و کارتـەر و ڕیگان لە پێناو یەکپارچەیی خـاکی زائیـر و پاراسـتنی لە دراوسـێکانی هـاواری

مۆبۆتۆیان کرد، من بە دروستی بەدواداچونم بۆ سیاسەتە مارکسیستەکانی کردوە، دۆسیەی لە بواری مافەکانی مرۆڤ پڕ بوون لە ئازار و ئەشکەنجە و پێشێلکاری.

درێژترین سنورەکانی زائیر لەگەڵ ئەنگۆلا بوو. ئێستاش خێلە هەمە جۆرەکان لە هەردوو بەرەکەی سنورەکاندا دەژین، لە ١٩٧٥ مۆبۆتۆ بەشداریی لە شەری ناوەخۆی ئەگۆلا کرد، لە ١٩٩٧ ئەنگۆلا بەشداریی لە کۆتایی پێهێنانی حوکمی مۆبۆتۆدا کرد.

لە ١٩٧٥ بۆ بەشداریکردنی ئەمریکا لە پرسی زائیر هەر دەبوایە هاوکاریەکانی لۆجستیکی لە زائیرەوە بنکە بگرێ و لەوێوە بیانگەیەنێت..لە کۆبوونەوەیەکی فەرمانبەراندا من گوتم دۆستێکی دیکەی مۆبۆتۆم پێ باشترە. بەڵام هەر ئەو لە مەیدانەکە بوو، ئەلتەرناتیفەکە دەبوایە بە نەخشە و بەرنامەکانی سۆڤیەتی ڕازی بێ، ئاسانترین شێوازی مامەڵە ئەوەبوو لەگەڵ مۆبۆتۆ بێینەوە لەسەر حکومەتێک کە مۆسکۆ بەسەریدا زاڵە.

کاتێک بیرۆکراسیەتی دەرەوە هەڵدەبژێری نابێ دژایەتی سیاسەتێک بکەیت کە تۆ پێی ڕازی بووی ، ئەو پێشنیارانەی کە من داوام لێی کردبوو پێشکەشی نەکردم، لە جیاتی ئەوە ئازاری پێبەخشیم کە لەگەڵ کێشەکە نەدەهاتەوە، لە ٧ی ئایار یاداشتێکم لە نووسینگەی ئەفریقی پێگەیشت لەلایەن دیفیزەوە واژۆکرابوو، دژی هەر دەستێوەردانێکی ناوەخۆیی بوو بۆ خەباتی سیاسیی ئەنگۆلا بەر لە سەربەخۆیی. بەلکوو پێگەی ئەمریکا لە ئەنگۆلا لە ڕێگەی هاوکاریەکاندا لە کاتی سەربەخۆیی بەرفراوان دەبی. بەڵام ئەگەر لە کاتی سەربەخۆیی شەری ناوەخۆ لە ئەنگۆلا ڕوویدا ، چی دەبێ؟ زیادەڕۆیی لە دەستێوەردان مانای چییە؟ ڕاسپاردن واتە دەبێ ئەمریکا هاوکارییەکانی ئابووریی زیاد نەکا؟ تەنانەت ئەگەر پردێکی ئاسمانی لەلایەن سۆڤیەت و ڕاوێژکارەکانی سۆڤیەت و کوبیەکانەوە بۆ حکومەتی ئەنگۆلای کۆمۆنیستی دروستکرا؟

دیفیز وەڵامی ئەو پرسیارانەی نەدایەوە. لەجیاتی ئەمانە دەچێتە ئەفریقیا و خۆی وەکو یاریدەدەری نوێی وەزیری دەرەوە دەناسێنێ، لە ٢٤ی ئایار کاتێک ئەم ڕاسپاردە وەردەگرێ، دەگەرێتەوە:

ئـێمە وای نـابینین کە بەرژەوەنـدیەکانی ئەمریکـا لە ئەنگـۆلا بەم شـێوەیەیە تـا ئاستی پابەنـدیەکانی بەرز کـاتەوە بەتـایبەتی پێشکەشـکردنی چەک. دواتـر بەڵگەیەکـی ئەوتـۆ نـیە کە یەکێتـی سـۆڤیەتی بە ئاسـتێک چەک و تەقەمەنیـی داوەتە ئەنگـۆلا کـار بکـاتە سـەر تێکچـونی هاوسـەنگی لە کێشـەی ئـەفریقیا. ئەمەبـوو هەڵوێسـتی ئاسـایی نووسینگەی ئەفریقیا لە کێشەکانی ئەفریقیا.

ئەم پرســیارەش کــرا، بەرژەوەنــدیەکانی ئەمریکــا لە کــوێین یــا بــۆچی. لە ڕووبەڕووبــوونەوەی چەکپێــدانی ســۆڤیەتیی بەردەوام بە گــروپە مارکسیســتەکان یــا هاوکاریکردنی گروپی ناکۆمۆنیست بە چەکی ئەمریکـی ، کـارێکی ڕەتکـراوە. نـاکۆکی لە بۆچوونەکانی من و دیفیز لەم مشتومڕە ڕەنگی دایەوە کە لە ١٦ی تەموز ڕوویدا:

دیفیز: ئەگەر ئەوەمان کردە بژاردە کە هیچ نەکەیـن، دەکـرێ لەلایەن کـۆمەڵەی ئەفریقیەوە ببینە کاریگەر .

کیسنجەر: لە کوێ؟ لە زائیر؟ لە زامبیا؟

دیفیز: کۆبوونەوەی ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقی (OAU) لە ٢٨ی مانگ.

کیسنجەر: بەڵام کامە دەوڵەتە کە ئەم کاریگەریە دەیگرێتەوە؟

ئایا زائیرە لە بەشدار نەبوونمان؟

دیفیز: نەخێر..

کیسنجەر: ئەی زامبیا چیە؟

دیفیز: بەڵێ پێم وایە .

کیسنجەر: گومانم لەوەیان هەیە. ئەی نایریری (سەرۆکی تەنزانیا)؟

دیفیز: بەڵێ

کیسنجەر: ئەگەر کاریتێکرد.. ئەنجامەکەی چی دەبی؟

دیفیز: دەبێ ئەفریقیەکان بە ئەنجامی بدەن ، ئەوان خۆیان لە چارەنوسی خۆیان بەرپرسیارن.

کیسنجەر: گریمان بە ئەنجامیان گەیاند، چارەنوسیان بە چارەنوسی ئەوروپای ڕۆژهەلاتەوە بەستراوەتەوە، ئایا ئەوکات بۆ ئەنجامدانی هاوسەنگی چین بەکاربێنین؟

دیفیز: لە سەدەی ڕابردوو بە سەرکەوتنیان سەرسام بوون.

کیسنجەر: ئەمە بەرلەوە بووە کە سۆڤیەت یەکێکیان بباتەوە.

لە نووسینگەی ئەفریقی گەلێک وانەی وا هەبوون کە من لێی فێربم، من شارەزاییم لەسەر پەیوەندییەکانی ناوەخۆی نێوان سەرکردە مەزنەکانیدا نەبوو.

دوای ئەوەی دیفیز لە ٢٤ی ئایار یاداشتەکەی بەدەست دەگات، دووبارە دەستی بە گەشتێکی دیکەی کرد بۆ ئەفریقیا. بەهۆی فشارەکانی ئەنگۆلا و ژوانەکانی ئەم دوایەی. جێنیشیی کاتیی ئەنجامێکی پراکتیکیی هەبوو لەسەر ئەوەی سەرۆکی نووسینگەی ئەفریقی دەستپێشخەری ئەوە بکا بڕیارەکان لە واشنتۆنەوە وەرگرێ. لە ١٨ی حوزەیران دوو لە گەورە فەرمانبەرانی ئیدارەی وەزارەتی دەرەوەمان نارده زائیر تا لە نزیکەوە چاو لە دۆخەکە بکا. ئەوانیش هەریەک لە ( شیلدون فاس، بالوێزی پێشوی ئەمریکا لە زائیر و وۆلتەر کاتلەر ی بەڕێوەبەری هەرێمیی زائیر بوو) ڕاسپاردەکانی پێیان درابوو، گفتێک لە مۆبۆتۆ وەرگرن کە گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانەیان لەگەڵ ئەنجام بدا لەسەر ئەگەرەکانی ئەنجامەکە. بە پێی ئەزمونەکانم لەسەر مۆبۆتۆ، هەرچەندی ڕەفتارەکانی سەیر بێ بەڵام بۆچوون و شیکاریەکانی ورد و زیرەکانەن بۆ مانەوەی خۆی.

لە ٢٧ی حوزەیران فانس و کالتەر ، ئەدوار مولکاهیش لەگەڵیاندا پێیان ڕاگەیاندم مۆبۆتۆ نایەوێ لە نزیکیەوە حکومەتێکی کۆمۆنیستی هەبێ، داوای هاوکارییەکانی ئەمریکا دەکا بۆ تێکشکاندنی (ڕێکخراوی گەلەری (میللی)ئەویش

ئامادەیە پشتگیری هێزەکانی ئەمریکا بکا بە هەموو شێوەیەک، لە خـوارەوە بەشـێک لە گفتوگۆکانم لەگەڵ فانس و مولکاهی:

فانس: ئەوان پێیان وایە.

کیسنجەر: ڕای تۆ چییە؟

فانس: پرسەکە ئامۆژگاریەکی ڕاستەوخۆی دەوێ. پـێم وایە کەمتـرین مەبەسـتمان ئەوەیە ڕێگە نەدەین نیتۆ بیباتەوە.

کیسنجەر: وەسیەتم ئەوەیە ، ئەگەر ئەمە بکەین دەبێ هەوڵ بدەین بیباتەوە، ئایا سۆڤیەت دەتوانێ ئالۆزتری بکا؟

فانس: بەو خێراییە نا کە دەتوانین، ئێمە مەودایەکـی بەرینمـان لەبەردەسـت دایە کە دەتوانین لەوێوە هاوکارییەکان بگەیەنین، ئەوان ئەمەیان نیە.

کیسنجەر : دەبێ هەوڵ دەین کاونداش بەشداری بکا؟

فانس: زۆر ئاگاداری پەیوەندییەکانی کاوندا و مۆبۆتۆ نـیم . مۆبۆتـۆ و نـایریری پشتگیری سافیمبی دەکەن.

مولکـاهی: ئەوان هانمـان دەدەن بـۆ پشـتگیریکردنی سـافیمبی. پـێم وایە دەبـێ ڕێگە بدەین کە بزانن ئێمە هاوکارییان دەکەین، بەڵام بە ووردی نا.

لەوکـاتەی واشـنتۆن هێشـتان دوودڵ بـوو کەچـی بە لێشـاو چەک و جبەخـانەی سـۆڤیەتی دەگەیشـتنە ئەنگـۆلا، هێرشـەکانی ڕێکخـراوی گەلەری (میللـی) بـۆ سـەر هێزەکانی ڕۆبیرتۆ بەردەوام بـوون و توانیـان لە زۆربەی ناوچەکـانی لوانـدا و دەوروبەری وەدەریان نێن، هەر بەپێی لێدوانی جێگری سەرۆک وەزیرانی کـوبی کـارلوس ڕودریجیـز بێ لە ١٠ی کانونی دووەمی ١٩٧٦ گوایە تا کۆتایی بەهار ژمـارەی ٢٣ ڕاوێژکـاری کـوبی گەیشتونەتە ئەنگۆلا.

لەلای خۆمـانەوە ئاژانسـی هەواڵـگری ناوەنـدی ئەمریکـا هـیچ ڕێکـارێکی بەپەلە نەگیرانەبەر بۆ داخوازیەکانم لە هاوکاریکردنی کاوندا و سافیمبی، دواجـار ئـاژانس بڕیـار لەســـەر خەرجکردنـــی ٦ ملیـــۆن دۆلار دەدا، ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ خەرجـــی و تێچووەکانی سۆڤیەتی زۆر کەمە.

لە ١٦ی تەمـوز پرسـەکە بـڕایەوە کە دیفیـز پێـی ڕاگەیـانم کـاتەکە بەسـەرچوو چـونکە نیتـۆ سـەرکەوتنی تەواوی بەدەسـت هێنـا، ئەمە دوای سـێ مانـگ دێـت لە ڕاگەیاندنی نووسینگەی ئەفریقیا و ئاژانسی هەواڵگری کە پێیان وابوو هولدن ڕۆبیرتۆ لە نێو ڕکابەرەکانیدا لە هەموویان بەهێزترە، بۆیە هاوکارییەکی ئەوتۆی پێویست نییە. لە ماوەی ساڵی ڕابردوو چەندین جار داوام لە نووسینگەی ئەفریقیا کرد شـیکاریەک بـکەن بەڵام وەڵامیان ئەوە بوو کە کەسـیان نایبـاتەوە بـۆیە پێویسـت بە دەسـتوەردان ناکـات، ئەگەر یەکێکیان ئەگەری بردنەوەی هەبێ ئەویش هەر ڕوبیرتۆ یە.

قورسە لەم ڕاگۆڕینە بگەیت. بە دیفیزم ڕاگەیاند کە من ئامادەم هاوکاری نهێنیی هێزە نافەرمییەکانی ئەنگۆلا بکەم، ئامادەشم یاداشتی نارەزاییـت دژی پـرۆژەی سـەرۆک بەرز کەمەوە:

ئەگەر ئەنگـۆلا ببێـتە دەوڵـەتێکـی کۆمۆنیسـتی ئەوا کاریگەریـت لەسـەر زائیـر و زامبیا دەبێ، ئەم دەوڵەتانەش بۆیان دەرکەوتووە کە ئەمریکا لە باشووری ئەفریقیا هیچ ڕۆڵێکی نیە.

باجی ئەمە تا چەندین سەدە دەیدەین و کاریش دەکاتە سەر بۆچوونەکانی، ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێ سۆڤیەت دەتوانن ئەم پێشکەوتنە مەزنە بەدەست بێنن بەڵام ئێمە نا، کەوابێ ئەوان فاکتەرە بەهێزەکەن دەبێ مامەڵە لەگەڵ ئەواندا بکرێ. من پێم سەیرە پسپۆرەکان چۆن ناتوانن سەرنجی سـەرکردەکانیان بـۆ ئەم پرسـانە ڕاکێشـن، ئەوەی لە باشووری ئەفریقیا دەگوزەرێ کارێکی باش نییە.

ســەبارەت بە ئەنگــۆلا بەیــانی ڕاپــۆرتەکە بەرز دەکەیــنەوە، مــن دڵنیــام کە ڕەزامەندی لەسەر ٦ ملیۆن دۆلارەکە دەدا، بۆچوونی وەزارەتی دەرەوە بەرز دەکـاتەوە و

چاو بە ڕاپۆرتەکەی ئێوە و بۆچوونەکانی وەزارەتی دەرەوەدا دەخشێنێ، پێم وایە بەرەو پێش دەچێ.

واشنتۆن لە تەموزی ١٩٧٥ لە دۆخێکی سریالیدا بوو، زۆر بەتوندی لەلایەن ئەلیکسەندەر سۆلزنستین و پارێزگارەکانەوە هێرشمان دەکرایە سەر، چونکە ئێمە لەگەڵ کۆمۆنیستەکان زۆر توند نەبووینە. لەلایەن لیبرالیستەکانیشەوە ڕەخنەمان لێ دەگیرا گوایە ترسی کۆمۆنیستەکان دەمانتۆقێنی. لەگەڵ ئەمەشدا هیچ ڕێگە چارەیەکمان نەبوو بۆ خۆدەربازکردن لە ڕووبەڕووبوونەوە، فۆرد ئەم هەڵوێستەی لە ١٧ی تەموز باس لێوەکرد کاتێک ڕەزامەندیم لەسەر بەرنامەی نهێنیی پێشنیارکراو دا کە لەلایەن ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی پێشکەش کرابوو:

کیسنجەر: پێم باشترە کار بکەین. ئەگەر ئەمریکا دەستەوەستان بوەستێ و هیچ جوڵەیەک نەکا، ئەوکاتەی گروپەکانی سەربە یەکێتی سۆڤیەت دەست بەسەر دۆخەکەدا دەگرن ئێمە دەبێ ئەوە بزانین کە خۆیان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و چین دەگونجێنن. بۆیە هەردەبێ شتێ بکەین بەڵام کێشەمان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە هەیە کە دژی هەنگاوەکانمانن.

فۆرد: ئەی دیفیز چی؟

کیسنجەر: دەست لەکار دەکێشێتەوە و هەندێکیش لەگەڵ خۆی دەبا..

فۆرد: پاش ئەوەی من و تۆ کارمان بۆی کرد.

یاداشتەکەی دیفیزم دایە دەست فۆرد وهانمدا بیخوێنیتەوە و بەر لەوەی بگاتە بڕیاری کۆتایی دیراسەی بکا.

بەتایبەت بەرنامەی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی و بەتەواوەتیش ٦ ملیۆن دۆلارەکەی بۆ هێزی هۆلدن ڕوبیرتۆ تەرخان کراوە بەسەرپەرشتی زائیر. ستراتیژیەتی من بردنەوە بوو، بەڵام هەشت لیژنەکەی کۆنگرێس کە ماکنفرن سەرپەرشتیان دەکا دەبێ ڕاوێژیان پێبکرێ کەچی ئەوان هەرگیز ڕەزامەندیی لەسەر نادەن، پێیان وایە ئەمە

نزیکبـوونەوەی سـەربازییە. سـتراتیژیەتێکی بەسـتەڵەکی لەسـەر زەوی بە پڕچەککردنـی سافیمبی و ڕوبیرتۆ دواتر بە ئاشکرا فشار بخەینە سەر یەکێتـی سـۆڤیەت تـا ڕێگە بـدا ئـێمەش چەک و هاوکاریەکانمـان بگەیەنـین، وەکـو هەڵوەسـتەیەک لەم خـاڵە بە هاوسەنگکردنی گروپەکان و سەرکەوتنی لایەنـی ناکۆمۆنیسـت، پشـتگیری لە بـانگەوازی (ڕێکخـراوی یەکێتـی ئـەفریقیا) OAU دەکەیـن بـۆ کۆتـایی هێنـان بە هاوکـارییە سەربازییەکانی دەرەکی، بەم شێوەیە پرسەکە دەگەڕێنینەوە بـۆ باوەشـی ئـەفریقیا، مـن ئێستا دەڵێم هاوسەنگکردن کـارێکی قورسـە لەم کـاتەدا، هەوڵـدەدەم هاوسـەنگی بەرەو سەرکەوتن بەرم، بەڕێـوەبەری هەواڵگـری ناوەنـدی (CIA) ئەمەی کردبـووە پاسـاو تـا هەوڵەکانمان لە دوورەوە قەتیسکا، بەلکوو ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەکەم دەکـاتەوە بەڵام دواتر شکست و هەرەس مسۆگەرتر دەبێ.

لە بەرەبەیـانی ڕۆژی دواتـر ١٨ی تەمـوز فـۆرد لە کۆبـوونەوەیەکی ئاسـایی نووسینگەی کۆشکی سپی بڕیاری لەسەردا:

فۆرد: سەبارەت بە ئەنگۆلا بڕیارم لەسەریدا، پێم وایە دەبی بەرەو پێش هەنگـاو بنێین.

کیسنجەر: تۆ پەسندی دەکەیت.

فۆرد: من حەزم لێیەتی.

کیسـنجەر: شـلیدن فـانس دەنیـرینە لای مۆبۆتـۆ بە ملیۆنێـک دۆلار و بە یـاوەری فەرمـانبەریکی ئاژانسـی هەواڵگـری ناوەنـدی، پێـی دەڵـێن ٦ ملیۆنمـان هەیە و ئەگەر پێویستیشکرا زیاتر، داوای بەرنامەیەکی لێ دەکەین هەرچەندە کـاتەکە درەنـگە، چـونکە خەریـکە لاونـدا لەدەسـت دەچـێ، ئەگەر خۆمـان ئامـادە نەکەیـن دۆخێکـی نـاهەموار چاوەڕوانمان دەکا، داوا لە دیفیز دەکەین دەست لەکار بکێشێتەوە و ئێمەش نووسینگەی ئەفریقیا (AF) پاک دەکەینەوە.

فۆرد: بەڵام ئەگەر شتێک نەکەین ئەوسا باشووری ئەفریقیا لەدەست دەدەین. پێم وایە دەتوانین شتێ بکەین و پیویست ناکا بە نهێنی بێ بە ئاشکرا هەڵویستەکانمان ڕادەگەیەنین.

من و فۆرد باسمان لە کار و سیاسەتی کرانەوەمان کرد گوتم، سیاسەتی کرانەوە دەبێ سووربین لەسەری بەوهۆیەوە دەتوانین باشتر بەرگری لە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بکەین، چونکە بەو ڕێگەیەوە بوو سۆڤیەت سەرەکگوتەی دەکرد، بەرنامەکە هەرچۆنێکی بێ ئێمە دەستمان بە جێبەجیکردنی کرد.

دووبارە شیلدون فانس و وۆلتەر کاتلەرمان ناردەوە تا ئاگاداری مۆبۆتۆ بکەنەوە، لەلایەن فەرمانبەرانی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندیشەوە سەرکردەکانی دیکەی ئەفریقیامان ناچار کردن، ڕۆژنامە ئەفریقییەکانی بژاردە بە ووردی باسیان لەو دەستێوەردانەی سۆڤیەتی کرد لە ئەفریقیا و کاردانەوەی لە کۆنگرەی ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقی (OAU) کە بڕیاربوو لە نیرۆبی لە ٢٨ی تەموز ببەسترێ. کۆبوونەوەکان سودی بۆ حکومەتی چەپی پۆرتوگالی نەبوو بۆ هاندانی فەرمانبەرانی لە ئەنگۆلا تا هەڵوێستێکی پاک بنوێنن لە دابەشکردنی چەک بەسەر ڕێکخراوی گەلەری (میللی)، هاوکارییەکانی دارایش بۆ ئەنگۆلا بۆ ٢٠ ملیۆن دۆلار زیادکران.

هەرکە بەرنامەکە لەلایەن سەرۆک پەسندکرا دیفیز دەستی لەکار کێشایەوە. ماوەی زیاتر لە سێ مانگ لە نووسینگەی ئەفریقیا مایەوە و زۆربەی کاتەکانیشی بە سەردان بردە سەر، بۆئەوەی لە مشتومڕی دیفیز دوور کەوینەوە و ئێمەش ڕێز لە خزمەتی دەگرین بۆیە بە بالوێزی ئەمریکامان دامەزراند لە سویسرا.

سەرەتا کاردانەوەکان لە ئەفریقیا هاندەر بوون. مۆبۆتۆ و کاونداش دلخۆش بوون، سەرەڕای هۆشداری سافیمبی لە ڕێگەی زامبیاوە. لە ڕێگەی ڕاوێژکارێکی باوەر پێکراوەوە پەیوەندییەکانی هەواڵگری دروست کرا، ئەویش (مارک چونا) بووکە پێشتر لەلای کاوندا وەکو نوێنەری ئەرکە دبلۆماسیەکانی هەستیار کاری دەکرد.

## ستراتیژیی ئەنگۆلا

بڵێین ئاخۆ ئەم کارە چۆن کۆتایی هات بەتایبەت لە کاتی نووسینی ئەم لاپەڕانە، من لە خۆمم دەپرسی ئەگەر پرۆژەکە بەتەواوەتی جێبەجی بکرابا. لە خەسلەتی ئێمەدا نیە سێ مانگ بەڕێ بکەین بۆ شیکردنەوەی بژاردەکانمان. کاتێکیش هەستمان دەکرد کە لەم زوانە ڕووبەڕووی نارەزاییەکی توندی کۆنگرێس دەبینەوە. بە هەستیاری بەدوای پسپۆری بوێردا دەگەراین ئەرکی سەرەڕۆیی ئەفریقیا بگرنە ئەستۆ.

ئومێدمان دەخواست ئەگەر پرسەکە بگرینە ئەستۆ کۆنگرێس بە هەمان دید سەیری بکا، نەک لەوکاتەی کۆنگۆی بەلژیکی بەر لە ١٥ ساڵ سەربەخۆیی وەرگرتووە، ئەوکات هەوڵی جدی هەبوون لەلایەن سۆڤیەتەوە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی سیاسی لە ئەفریقیا بە ڕێگای هاوکاری سەربازی و ناردنی ڕاوێژکار. ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت بتوانێ دەست بەو ناوچە دوورانەدا بگرێ لە ڕێگەی هاوکاری لۆجستیکی و سەربازییەوە، ئەی ئەوناوچانەی لییەوە نزیکە چی دەیانپاریزێ و لە چاوتێبرینە نەتەوەییەکانی دوور دەخاتەوە، وەکو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست؟ دەوڵەتانی ئەفریقیا لەم کردارە چی دەهەلێنجن، کاتێک ڕەتیدەکەنەوە بەرگری لە سەرەڕۆکانی جەنگی سارد بکەن لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە؟ چۆڵکردنی مەیدان بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی سەربازی سۆڤیەتی، لە داهاتوو سەرزەنشتمان دەکەن کە ئێمە گوێمان بە باشووری ئەفریقیا نەداوە و پشتگوێمان خستوە، بە کورتی پرسەکە تەنها ئەنگۆلا نییە، بەڵکو کاردانەوەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕۆسی و پەیوەندییە درێژخایەنەکانی نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوایەتی.

من و فۆرد کەمێک گومانمان لەسەر ڕودانی داهاتوی ناوەخۆ هەبوو. هەر لەوکاتانەدا بوو کە داوامان لە هەواڵگری ناوەندی دەکرد بەرگری یەکێتی سۆڤیەت بکەن

لە ئەنگۆلا، هەواڵگری ناوەندی لەلایەن کۆنگرێسەوە کە ماکنزن کۆنترۆڵی کردبوو، بەڕێوەبەری هەواڵگری ناوەندیش توشی هێتمە ببو. پارێزگارەکان لەسەر (شیکی هیلسنکیی کۆتاییی کۆنگرەی ئەوروپا) هێرشیان دەکردە سەر فۆرد، پارێزگارە نوێکانیش ڕەخنەیان لە دەستەواژەی (ڕێککەوتنی ساڵ) دەگرت، دوای چەند سەدەیەک پاڵەوانانی ڕووبەڕووبوونەوەی تام کۆنەپەرست وتاریان لەسەر ئیدارەی فۆرد دەنوسی کە چارەسەری ئایدیۆلۆژیی نەبووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەرەسەندنی کۆمۆنیزم. ئەوان زۆر بەکەمی لە مەیدانی جەنگ دەبینران وەکو مەیدانی ئەنگۆلا کە ڕووبەڕووبوونەوەی لێ ڕوودەدا.

من و فۆرد هەستمان بە گۆشەگیری خۆمان دەکرد بەڵام لە هەمان کاتدا هەستمان بە بەجیگەیاندنی ئەرکی نیشتمانی سەرشانیشمان دەکرد، ئەم ئەرکەمان پرسیارێکی فەلسەفیی لەخۆ دەگرت، دەبێ وەڵامێکی بدرێتەوە: بەرپرسیارێتی ئەوانە چییە کە دەیانەوێ سیاسەتی نیشتمانی ببەن بەڕێوە، ئەگەر بەرژەوەندی نەتەوەیی لەگەڵ سیاسەتی ناوەخۆ بەگژ یەکدا چوونەوە؟ من و فۆرد پێمان وابوو کە دەوڵەتێکی بەهێزی وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرپرسیارێتییەکی زۆری لە ئەستۆیە، نابێ لەبەر ئەوەی هەندێک لە سەرکردەکان پێیان وایە ئەمە بەرژەوەندییەکی نەتەوەیی سیاسیی ناوەخۆیە مافی ئەوەیان نیە دەست بەرداری بی، سەرکردەکان لە پێناو زەرورەتی نەتەوەکانیان دەجەنگن.

ئەگەر کەم ئاوڕ لە کاروباری ناوەخۆ بدەینەوە ئەمە هەڵە نیە دەیکەین، بەڵکو هەڵە ئەوەیە بە زیادەوە ئاوڕی لێ بدەینەوە. ستراتیژییەتی کارامان کە گرتبومانە بەر گرنگیدان بوو بە نارەزایەتییەکانی کۆنگرێس و وەزارەتەکان، کە هیچ پەراوێزێکیان بۆ نەهێشتبووینەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە. ڕۆڵێکی زیاتر بە دیفیز درا بۆ گفتوگۆکردن. هەروەکو زانستی غەیبی هەبێ، کە خوێندمەوە و دامە دەست سەرۆک کاریگەری زۆری هەبوو:

چونکە ڕەشنوسی نەخشەی پێشکەشکراو مەبەستە، بۆچوونی ئەوەیە کە ئەو پێشنیارانەی دراون گونجاو نین بۆ جێبەجیکردن. ڕوون نەبو ئاخۆ دیفیز مەبەستی بوو دەستوەردانی سەربازی سەرکەوتوو نابێ یا ئەو ڕێگایەی پێشنیار کراوە گونجاو نییە بۆ گەیشتن بە ئامانج. ئەگەر دووەمی مەبەستبێ ئەوا ڕاست دەکا، کاتێک دروستکەرانی سیاسەت گومانیان لە جێبەجیکردنی بەرنامەکەیاندا هەبێ باجەکەی دەدەن، بڕیارە سەرەکیەکە ئەوە نەبوو ڕێگری لە کۆمۆنیستەکان بگیرێ دەسەلات لە ئەنگۆلا بگرنەدەست. بەڵکو لە ڕێگەی ئەم بەرنامە جێبەجێ دەکرێ، یەکێک لە کێشەکان ئەوەبوو فۆرد و سکۆکرۆفت و من لەم بەرنامە بەرپرسیار بووین.

بە لاوازی ڕەفتارمان دەکرد، دوای چەند ڕۆژێک لە وەرگرتنی بڕیاری ئەنگۆلا، فۆرد و ڕاوێژکارەکانی سەرەکیی دەچن بۆ هلسنکی و ویستگەکانی دیکەی ئەورووپی. منیش ماوەیەکی زۆر بە ڕێککەوتنەکانی نێوان ئیسرائیل و میسرەوە خەریک بووم. لە مانگی تشرینی یەکەم سەردانی چینم کرد بۆ ڕێکخستنی سەفەری فۆرد بۆ ئەوێ. لە مانگی تشرینی دووەم سەرۆک فۆرد و ڕاوێژکارەکانی سەفەریان کرد بۆ بەشداری لە لوتکەی ڕامبۆلیە. دواتر بۆ چین و ئەندەنوسیا و فلیپین. نووسینگەی ئەفریقیا کە بەرپرسیار بوو لە ڕێکخستنی ئەم جۆرە سەفەرانە بەهۆی دەست لەکارکێشانەوەی یاریدەدەری ئەمینداری گشتیی توشی ئفلیج ببو، بەم شێوەیە لە بۆشایی دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی ئەنجومەنی پیران یەکێک بۆ شوێنی ئەو دادەمەزرێنی.

دەکرا ئەم کێشە چارەسەر بکرێ ئەگەر بەرپرسەکانی خوار لوتکە زیاتر لە کارەکانیان دەست کراوە بوونایە. سەرۆک و وەزیری دەرەوە سەرپەرشتی کارەکانی ڕۆژانە ناکەن، کارە نهێنیەکانیش بەهەمان شێوە. لە پرۆسەی ئەنگۆلا کەلێنێکی مەزن هەبوو لە ئاستی سەرەوە، لەوەی کێ سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی کارەکان و جێبەجێکردنی بەرنامەکە دەکا.

خەرجکردن لە بودجەی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی (CIA)پێویست ناکا کارەکە لەلایەن کادرانی هەواڵگرییەوە ببردرێ بەڕێوە چونکە ئەوان مەشقپێکراو نین بۆ کردەی

سـەربازی و فەرمانـدایەتی یەکەی سـەربازی، بـۆیە پەنـا بـۆ کرێگـرتەی بێگـانە دەبەن. کاتێـک کارمەنـدانی ئـاژانس نەخشـە و بەرنـامەی کـارەکە دەبەن بەڕێـوە پێویسـتیان بە هەستکردن بە گونجاوی تەکتیکەکانیان هەیە، خۆیـان لە فرتوفێـل و چەواشـەکاری دوور دەکەنەوە، بایەخ بە ستراتیژیەتێکی توکمەی دوورخایەن دەدەن. ئەوەی لێمـان کەم بـوو فەرماندەی مەیـدانی بـوو کە شـارەزاو بەتوانـابن و شـارەزاییان لە پێکهاتەکـانی ئەنگـۆلا هەبێ.

لە ئەنجامی ئەمە ولیام کولبی بە هەڵە وەکـو فەرمانـدەی ئۆپەراسـیۆنی ئەنگـۆلا دەردەکەوێ، پەیوەنـدییەکان لە ڕێـگەی ئەو لە مەیـدانەوە دەگواسـترانەوە، ئەو لێـی بەرپرسـیار بـوو، ژمـارەیەک ئـاژانس هەبـوون لە ڕووی هـونەرییەوە کـۆلبی بەرپرسـیاری هەموویـان بـوو. لە ڕووی پـراکتیکەوە ئەو گروپـانە لە جیـاتی پێـدانی دەرفەت گرفتیـان دروسـت دەکـرد. هەرکە هەنـدێک لە کادرەکـان دەرفەت لەدەسـت دەدەن، ئەگەری ئەوە هەبوو بە کۆ ژمارەیەک مەترسی دروست کەن.

لێکدانەوەی کۆلبی بۆ (لیژنەی چل) ڕێبەری پراکتیکی واشنتۆنی وشیار کردەوە. ئەگەر بگەڕێینـەوە بـۆ ڕابـردوو دەبـوایە کەسـێک دامەزرینـین لە کۆشـکی سـپیەوە بـێ. کەسێک بێ بڕوای بەو کارەبێ کە دەیکا. کۆلبی مـاوەیەکی زۆربـوو لەبەردەم لیژنەکـانی لێکۆلینەوەی سەر بە کۆنگرێس هیچ بەرگرییەکی لە ئاژانس نەدەکرد.

بەهۆی دوژمنایەتی زۆری بۆ کردە نهێنیەکان، کەمترین ئامـادەیی نەبـوو بەرگـری لە کردەکانی ئەنگۆلا بکا. کەمترین ئامادەییشی هەبوو ڕووبەڕووی فشارەکانی کـۆنگرێس بێتەوە. ئەمەی لە ڕێگەی ڕونکردنەوەی تاکتیکیی کردەی ئەنگۆلاوە کرد .

لەوکاتەی (لیژنەی چل) هەوڵی ئەنجامدانی هاوسەنگیدا بوو لە نێوان هێزەکانی دانوستانکار. کەس گومـانی لەوەدا نەبـوو ئەوەی مـن پـێم بـاش بـوو لە (لیـژنەی چـل) بەشداری بکا گوتەبێژێک بێ بەناوی فۆرد ڕوونکردنەوەکانی لیبرالیستانە بێ.

هۆشیاری تایبەتیم دا لەوەی ئەزمونی هیندی چینی دووبارە نەبێتەوە، بەڵام لێکدانەوەکانی کۆلبی ئەوەیان دەگەیەناد کە هاوسەنگی دەبێتە مایەی بەستەڵەکی و گرفت دروستکردن لەبەردەم دەستپێشخەرییەکان.

باشترین ستراتیژ ئەنجامدانی گۆڕانکاری بوو بە زووترین کات و هەڕەشەکردن لە پەرەسەندنەکانی سۆڤیەتی. بەڵام کۆلبی سەرمایەکەی بەردەست (لیژنەی چل) لەسەر بنەمای مانگی بەسەر ساڵێکدا دابەش دەکرد. بەم شێوەیە دوو مانگی یەکلاکردنەوەمان لەدەستدا بەر لەوەی هێزەکانی کوبی بە ژمارەیەکی زۆرەوە بگەنە شوێنەکە.

هەموو کۆد و مەرجەکان توند کران. یەکێک لەو توندیانە قەدەغەکردنی چونی کارمەندانی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکی بۆ ناو ئەنگۆلا. جگە لەوانەی لە لواندان، لە ئەنجام کرێگرتەکان لە بەرازیلی یا پۆرتوگالی یا دەوڵەتانی ئەفریقی بوونە خۆبەخش بۆ کاری ڕاوێژکاری. لە هەرکوێیەک بکرابا هەواڵگری هانی ڕۆبیرتۆ و سافیمبیی دەدا، چەک لە بازاری کراوە و لە گیرفانی ئێمە بکرن، ئەمە لە جیاتی ئەوەی سەردانیان بکەین بەراستی ئەمە بێزاری کردم. لە بەرانبەر ئەم کۆت و مەرجانە بەرنامەکەمان بە سستی دەچوو بەڕێوە و لە هەمان کاتیشدا پردی ئاسمانیی سۆڤیەتی و گەیشتنی هێزی کوبی بەردەوام بوو.

لە ١٥ی ئەیلول بە تووڕەییەوە بەو فەرمانبەرانی لای خۆمم گوت:

شتێکی نابەجێ ( نالۆژیک) هەیە ، سۆڤیەت بتوانێ هێزەکانی بگوازێتەوە، بەڵام ئەمریکا بەو هەموو هێزەی دەریایی و وشکانی و ئاسمانیەوە ناتوانێ، بەراستی ئەمە کارێکە هەرسکردنی قورسە.

ئەم جۆرە هەڵوێستانە ئامانجە ستراتیژیەکان ناپێکن، بەڵکو دەبنە ڕێگر لەبەردەم گەیشتنیان بە کۆشکی سپی، خاڵە گرنگەکە ئەزمونی جون ستوکویلە. یەکێکە لە فەرمانبەرانی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکا، کە لە زائیر کاری دەکرد، ئەو پیاوە فەرمانەکانی بڕ کردن و سەردانی بەرەکانی جەنگی کرد لە نەگۆلا، گەیشتە ئەو

ئەنجامەی کە لەم جەنگە سەردەکەون، بۆچوونەکانی لە کتێبێکدا کورت کردەوە بەناوی ( لەگەڕان بەدوای دوژمناندا).

ئێمە دوو بژاردەمان لە ئەنگۆلا لەبەردەستدا بوون کە دەکرا جێبەجییان کەین. دەمانتوانی هاوکاری ڕێکخراوی FNLA و ڕێکخراوی یەکێتی نیشتمانی سەربەخۆی ئەنگۆلا بە تەواوەتی بکەین تا سەردەکەوتن. هەر زووش پاڵپشتی ئاسمانی و ڕاوێژکاریمان بگەیەندبایە لواندا و ڕێکخراوی MPLA مان وەدەر نابا بەر لەوی یەکێتی سۆڤیەت ڕەدمان بداتەوە، ئەگەر نەمانویست ئەمە بکەین دەبێ بەرژەوەندیەکانمان لەدەرەوەی ئەو ململانییە بپارێزین کە پشوودانە لە شوێن خۆمان یانیش چاودێریکردنی دۆخەکان بە هاوکارییەکی کەم ئەمەش دەکرێ ئاگرەکە خۆشترکا کە هەڵوێستێکی هەلوەشاوەیە.

جگە لە پشتگیری ئاسمانیی ئەمریکی دڵنیام کە چارەسەریەکە بە دڵ و ڕەزامەندی کۆشکی سپی و (لیژنەی چل) دەبێ.

بە ویژدانەوە بۆ کۆلبی بلێین لە یادمانە کە ڕەنگدانەوەی حەزەکانی بیلت وای (Belt Way) ی هەبوو، سەبارەت بە کۆشکی سپی جوڵەی یەکێتی سۆڤیەتی بەرەو ئەنگۆلا وەکو ڕکابەرییەکی ئەمریکا بوو بۆ جیۆپۆلەتیک. سەبارەت بە کۆلبیش ڕاستییەکەی ئەو شایەدنامەیەی بوو کە لەبەردەم ژمارەیەک لە کۆنگریسی ڕکابەر دای. کۆشکی سپی مەبەستی بوو لە مەیدان دۆخی ئەنگۆلا بگۆڕێ بەر لە ڕۆژی سەربەخۆیی ئەنگۆلا کە ١١ی تشرینی دووەم بوو. دەستپێشخەریی کۆلبی بە تەواوەتی پێچەوانەی ئەمە بوو. چونکە ناچار بوو لە هەر گرژیەک ڕووبەڕووی هەشت لیژنەی کۆنگرێس بێتەوە. زۆر بە وشیاری بیری دەکردەوە، بۆ ئەوەی هەنگاوەکان وورد و نادیارکا، لەگەڵ ئەم هەموو گرفتانە بەداخەوە کە لە سەرکەوتن نزیک بووین.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی ڕۆژی سەرکەوتنی ئەنگۆلا، ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی مەزندەی ئەوەی دەکرد یەکێتی نیستمانی سەربەخۆیی ئەنگۆلا بە ڕێژەی دوو لەسەر سێی دانیشتوان سەردەکەوێ (زیاتر لە ٦ ملیۆن) لە ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵگری

ناوەندی لە ٥ی تشرینی دووەم بۆ (لیژنەی چل) دەرکەوت کە سەرکەوتن لەبەر دەست دایە:

لەگەڵ نزیکبوونەوەی ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥ دەتوانین چاکبوونێکی باش لە هاوسەنگی سەربازی لە نێوان هەردوو بەرەکە تۆمارکەین، ئەمە سەرەڕای ناردنی بە لێشاوی چەک و تەقەمەنی و ڕاوێژکار و مەشق پێدەر لەلایەن سۆڤیەت و بەم دوایەش سوپای کوبی، یەکێتی نیستمانی بۆ ڕزگاری ئەنگۆلا FNLA یەکێتی نیستمانی سەربەخۆیی ئەنگۆلا UNITA چاودێری فشارەکانی سەر لواندایان دەکرد، توانیان پایتەختی چوار هەرێم داگیرکەن لە نێوایاندا دوو بەندەری سەرەکی : لوبیتو و بینگیولا.

لە بەرنامەکەماندا چەک کاراکتەرێکی بنەڕەتی بوو، هەروەها بەشداریی یەکەی زائیری دواتریش سوپای ئەفریقیای باشوور. بەرەی مارکسیست پایتەختی داگیر کردووە، لە ١٥ سەنتەر تەنها ٦ی داگیر کردووە، بەرە ڕەتیکردەوە سەرکەوتنی بەدەست هێنابێ، لە کاتێکدا هەردوو بەرەکەی دیکە ڕایانگەیاند کە بەشداری لە حکومەتی ئەنگۆلادا دەکەن کە جێگرەوەی ڕژێمی پۆرتوگالیە. ئێستا ئامانجی سەرەکیی بەرنامەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جێبەجێ بوو.

## چوارچێوەی دبلۆماسی

لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەم. هێزەکانی ڕۆبیرتۆ لە باکورو هی سافیمبی لە باشوور هێرشیان دەبرد و سەرکەوتنیان بەدەست دێنا، جوڵەی دبلۆماسی دەستیان پێکرد بۆ گەڕاندنەوەی کێشەکە بۆ باوەشی ئەفریقیا، لەم قۆناغە پێنج گۆڕانکاری بوونە ڕێگر لە بەردەم گەیشتنمان بە ستراتیژیەت:

١- بەرزبوونەوەی ئاستی هاوکارییەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕێگەی پردی ئاسمانییەوە.

٢- گەیشتنی هێزەکانی کوبی بۆ مەیدانی شەڕ.

٣- دەرکەوتنی هێزەکانی باشووری ئەفریقیا لە ئەنگۆلا.

٤- ئاشکرابوونی کردە نهێنیەکانمان لە ئەنگۆلا لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە و بەهۆیەوە کردە نهێنیەکان بوونە پرسێکی سیاسی.

٥- بڕیاری کۆنگرێس بە بڕینی هەموو هاوکارییەکان و یارمەتییە داراییەکانی ئەنگۆلا.

لە ١٨ی تشرینی دووەم، ڕاپۆرتێکی هەواڵگریی ناوەندی ئەمریکا دەڵێ لە ٣١ی تشرینی یەکەمەوە ١٣ فڕۆکە لە جۆری ئێن ٢٢ ی بارهەڵگری قورس و ٧ فڕۆکەی ئێن ١٢ی بارهەڵگری مامناوەندی، ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی برازافیلەوە ڕادەستی لواندا کراوە، ئەو بارهەڵگرە ئۆتۆمبێلانەی کە سۆڤیەت ڕادەستی ئەوانی کردوە بە ٢٠٠ ئۆتۆمبێلی گولە نەبڕ مەزندە دەکرێ. لە نێویاندا ٥٠ تانک و چەکی ئاسمانی و مووشەک و هاونی قورس و ٢٠ هەزار تفەنگ لە هەموو جۆرێک.

لە هەمان کاتدا ٨٠٠ جەنگاوەری کوبیان گواستنەوە بۆ ئەنگۆلا. قەوارەی هەوڵەکانی سۆڤیەتی هەرگیز مەزندە نەدەکرا، گەیشتنی هێزەکانی کوبیش دیسان ڕوداوێکی بیرلێکراو نەبوو، پێشتر یەکێتی سۆڤیەت بەم شێوەیە دەستی لە هیچ وڵاتێکی ئاوەها دوور وەرنەداوە. سەرەتا ئەم هەوڵانەمان بە کردەیەکی ئاسایی وەرگرت نەک بڕیارێکی ستراتیژی. بۆیە پێمان وابوو هەرکاتەی یەکێتی سۆڤیەت بزانێت ئەمریکا بەهۆی بەرژەوەندییەکانی نیشتمانیەوە دەست لەم پرسە وەردەدا ئەو دەکشێتەوە، تەنانەت ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت هەر سووربوو لەسەر مانەوەی ئەوا هاوکارییە لۆجستیکیەکانمان بەسەر هەوڵەکانی ئەواندا سەردەکەون، هەروەکو من و فانسی بالویزمان لە گفتوگۆکانماندا وامان گوت و بڵاوکرایەوە.

ئەم توێژینەوەمان دروست بوو ئەگەر لە سەرەتاوە بە تەواوەتی جوڵەمان بکردبایە ئەوکات سەرکەوتنمان مسۆگەر بوو. بەڵام ئێمە بە ناکۆکیەکانی ناوەخۆمانەوە

سەرقاڵ بووین تا هێزەکانی کوبی گەیشتن و هاوکارییەکانی سۆڤیەتیش ڕۆڵی خۆیان بینی.

دواتر سەرەڕۆییەکانی یەکێتی سۆڤیەتی لە ناوچەیەکی بێ پەیمانپێدراوی وەکو ئەنگۆلا ڕوداوێک بوو هیچ ئاژانسێکی هەواڵگری درکی پێ نەکردبوو، دەبوایە ڕوو نەدا چونکە هیچ سودێکی ستراتیژیی بۆ ئەو نیە. ئەگەر کۆنگرێس ڕێگریمان نەکا ئێمە کەمتر دابەشکراوین لە ڕووی ناوەخۆوە دەکرا بەسەر ئەو تەحەدییەدا سەرکەوین.

بالوێزی سۆڤیەتی ئاناتولی دوبرینن لە یادەوەریەکانیدا دەڵێ، بریژنێڤ لەلایەن بیروباوەڕپەروەرانی بیرۆی سیاسیەوە کە پشتگیری بزوتنەوە ئازادیخوازیەکانیان دەدا بەرەو ئەفریقیا هاندرا. جۆرجی ئەرباتوف ئەم ڕووداوەی بە لە خشتە بردن و هەڵپەرستی دایە ناسین، ئەم دۆخە لە ئەنجامی لاوازی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت دروست بوون، هەرەسهێنانی یاسای بازرگانی و هەمواری جاکسۆن و ستیشسون و بەستەڵەکبوونی پرسی سنورداری پڕچەککردن کە دەبوایە لە فلادیفستوک چارەسەر کرابێ و لەیەک دوورکەوتنەوە لەسەر بڕیاری کۆتایی کۆنگرەی ئەوروپی. ئەمانە هەموویان بوونە مایەی خۆدوورخستنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و هەڵوێست وەرگرتنی، بە هەمان شێوە دبلۆماسیەتمان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە بووە مایەی ڕێککەوتنی ئیسرائیل و میسر، بە دڵنیایی مایەی دلخۆشی سۆڤیەت نەبوو، ئەمانە بوونە هۆی بیرکردنەوە لە کاردانەوە، ئیتر باشووری ئەفریقیا بووە ئەو مەیدان و گۆڕەپانەی ئەم یاریەی لێ بکرێ.

ترسی یەکێتی سۆڤیەت لە چین بەڵکو هۆکارێکی دیکەی بێ: گروپی ئایدیۆلۆژیی ناو بیرۆی سیاسی بایەخیان بەدەستڕۆیشتویی چین دەدا لەناو بزوتنەوە ئازادیخوازەکانی ئەفریقی، پێیان وابوو ئیتر دەرفەتی وا نارەخسێ بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی. پێیان وابوو ئەنگۆلا دوا دەرفەت بوو کە سەرکردەکانی چینی بگەیەننە سنوری تواناکانی ئەمریکی و بڕیارەکانی، بەم شێوەیە بەڕە لەژێر پێی سیاسەتەکانمان دەردێنن.

دواجـار کـارتە بەهێـزەکە کە فیـدل کاسـترۆ بـوو، ئەوکـات پێمـان وابـوو لەلای سـۆڤیەت کـار دەکـا. پێمـان وانەبـوو بە هانـدانی خـۆی دەجـوڵێ تەنهـا ئەگەر لەلایەن مۆسکۆوە ناچار کرابێ تا باجی هاوکارییەکانی سەربازیی و ئابووریی بدا .

ئێســـتا ڕوون بـــۆوە کە پـــێچەوانەکەی ڕاســـتە، لە ١٩٧٥ کاســـترۆ لەوپەڕی گەشانەوەی ئایدیۆلۆژییدا بوو. وا پێدەچوو هەرەسی هینـدی چینیـی بە دەرفەت زانیبـێ گوایە ئەمریکای بە لاواز بینیوە تا خـۆی وەکـو سـەرکردەیەکی ئایـدیۆلۆژی نیشـان بـدا، کاسترۆ بە فیزەوە سەردەکەوێ تا پەیوەندییەکان گرێبدات، گروپێکی چـاوگێڕیی نـاردە ئەنگۆلا، ئەوکات جێگری وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ:

بروسکەیەکی بالوێزمان لە کۆناکری (گینیـا) خوێنـدەوە، دەڵـێ گـوایە بـالوێزی کوبا پێی گوتووە بەیانی فڕۆکەکانیان چەند یەکەیەک لە هێزەکانی دەگەیەنـنە کۆنـاکری بۆ وەرگرتنی سگوتەمەنی و درێژەدان بە گەشتەکەیان بۆ ئەنگۆلا، پرسیارم لە گرۆمیکۆ کرد، ئایا هیچ لەم بارەیەوە دەزانی؟ ئەویش پەیوەندیی بە ئەندرۆپۆفەوە کـرد سـەرۆکی (ک.ج.پ) و مارشال ئەنـدرێ گریشـکۆی وەزیـری بەرگـری، هـیچ کامیـان ئاگـاداری ئەم هەواڵە نەبـوون، هەموویـان دژی ئەم دەسـتێوەردانە بـوون بـۆیە هەر زوو بە بروسـکە ئاگاداری بیرۆی سیاسیان کردەوە و پێشنیاریان کرد کاسترۆ بوەسـتێنن، تـا نامەکەیـان نوسـی و ئاگـاداری کاسـترۆیان کـردەوە چەنـد کـاتژمێریکی بـرد ئەوکـات فڕۆکەکـان لە ئاسمان بوون، ئەمە چۆن دەبێ مافی خۆتە بپرسی: ئێمە ڕاستە هەندێک فڕۆکەمـان لە کوبـا هەیە لەگەڵ کەمێـک لە سـەرباز بەڵام ئەمە بە فڕۆکەکـانی سـۆڤیەتی کـراوە و بە ڕاوێژکارەکانمان، دیارە دڵنیا بوونە لەوەی ئەمە بە فەرمانی مۆسکۆ دەکرێ.

گێڕانەوەیەکـی بە هەمـان شـێوە، وەزیـری دەرەوە ئەلیکسـەندەر هیـگ لە پـایزی ١٩٨١ دەیگێـــڕێتەوە لە کۆبـــوونەوەیەکی نهێنیـــدا لە مەکســـیکۆ لەگەڵ فەرمـــانبەرە فەرمیەکانی کوبی کارلوس ڕافایل ڕودریگوس . ئەم دەرفەتەی قۆستەوە ، گوتی مۆسکۆ ســـەرەداوی ئەم پرســـەی لەدەســـتدا نەبـــوە، بەڵکـــو لەدەســـت کاســـترۆدا بـــوو نەک

بریژنێـڤ.هێزە جـوڵەپێکراوەکە لە پشـتی نـاردنی هێـزی سـەربازی بـوو بـۆ سـەرکردە شۆرشگێرەکانی ئەفریقی.

تەنـانەت لەم قۆنـاغە سەرەتاییەشـدا دەتـوانرا بەسـەر دەسـتێوەردانی کوبیـدا سـەرکەوین، ئەگەر کۆنگرێس بەرنـامەکەی ئـێمەی ڕەت نەکردبـایەوە ئەوکـات بەرنـامەی چارەسەری سیاسی لە ئارادا بوو.

لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەم. ڕوون بوو کە هاوسەنگی هێز دژی ڕوبیرتۆ و سافیمبی دەبێ، بۆیە چوار ڕێکاری دژ بەیەکمان گرتە بەر:

١-لە ١٤ی تشرینی دووەم داوای هەواڵگری ناوەندیم کرد، (لیژنەی کـار) بـودجەی زیادەی پەسند کرد بۆ قەرەبوی تێچوەکانی سۆڤیەت بکاتەوە.

٢-بە دبلۆماسی و ڕاگەیاندن ڕووبەڕووی کارەکانی سۆڤیەت دەبینەوە.

٣-دەستمان بە هەڵمەتێک کرد تا تامەزرۆیی بدەینە (ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقی) تـا دان بە (بەرەی گەلەری (میللـی)ی ڕزگـاری ئەنگـۆلا) MPLA نەدا و داوای کشانەوەی گشت هێزەکانی بێگانە بکا.

٤-دەستمان کرد بە دانوستان لەگەڵ فرەنسیەکان و داوامـان لێیـان کـرد هاوکـاری دەوڵەتە ئەفریقییە فرەنسی زمانەکان بکا بە ڕێگای دبلۆماسـیەت و سـەراوژێری ڕێـڕەوی شەڕەکە. ماوەی سێ مانگ بوو هەردوو زلهێزەکە بە بریکاری هەنـدێک لایەن لە جەنگدا بـوون بـێ ئەوەی هـیچ کامیـان ئەم پرسـە بـوروژێنن، بـۆیە لە ٢٠ تشـرینی دووەم بە شێوازی دبلۆماسی ڕوومان لە سۆڤیەت کرد. کاتێک لە هلسنکی فـۆرد وبریژنێـڤ بەیەک دەگەن باسی ئەنگۆلا ناکەن، بریژنێفیش باس لەو پرسە ناکا بەڵکو لەبەر ئەوەیبێ پێـی وابووە بەرەی مارکسیست MPLA بە مسۆگەری سـەردەکەوێ، دواتـر یاداشـتێکی بـێ واژۆی بۆ دوبرینن نارد ئەمەش لە گفتوگۆکردن فەرمیتـرە. تێیـدا هۆشـداری دەدا لەوەی ڕەفتارەکانی سۆڤیەتی لە ئەنگۆلا هەموو سنورەکانی ئاسایی بەزاندووە. ناڕازی بـوین لە داننانی یەکێتـی سـۆڤیەت بە (ڕێکخـراوی گەلەری (میللـی)ی ڕزگـاریی ئەنگـۆلی) کە لە

ڕاستیدا تەنها نوێنەری کەمینەیەکە لە دانیشتوانی ئەنگۆلا بە پانتایی یەک لەسەر سێی خاکی ئەنگۆلا دەگرێتەوە. بەهۆی هاوکارییەکانی یەکێتی سۆڤیەت و تۆخ بوونی پردی ئاسمانیی پێداگریمان لە هێشتنی ئەو هاوکاریانەکرد، چونکە ئەمە تەنها درێژە پێدان و توندبوونی شەڕ دەگەیەنێ، دانپێدانانی خۆشمان بە ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقی ڕاگەیاند. داوامان لە یەکێتی سۆڤیەت کرد دەنگی بخاتە پاڵ دەنگی ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقی بۆ وەستانی جەنگ و ڕێگەنەدان بە دەستوەردانی دەوڵەتانی بێگانە لە کاروباری ئەنگۆلا، دەرهاوێشتەی ئەمە ئەوەیە کە ئێمە تەنها بۆ مەرام و بەرژەوەندییەکانی خۆمان هەوڵمان نەداوە بەڵکو بە کاری دبلۆماسیی خۆمان هەڵساوین.

لە ٢٢ی تشرینی دووەم یەکێتی سۆڤیەت بە نامەیەکی دوور و درێژ وەڵام دەداتەوە، تیایدا سیمای ئایدیۆلۆژیی نێو بیرۆی سیاسیی پێوە دیار بوو. دوای ئەوەی لۆمەییمان خستە ئەستۆی (قۆرخکارییەکانی بێگانە)، یاداشتەکەم بەوە ناساند ئەوەی ئێمە دەیلێین دەستێوەردانی سەربازی هەیە، هیچ بنەمایەکی ڕاستیی نیە، ئەوەشم ڕەت کردەوە کە دەڵێن یەکێتی سۆڤیەت پابەندی بێسەروبەری ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی حالیحازر نابیت، هەرکە شەپۆلی تورەیی دەست پێدەکا یاداشتی سۆڤیەتی خۆش و نیان دێتە بەرچاو، مۆسکۆ پێی باش بوو سەرجەم هێزەکانی نیشتمانی یەکخا و دوورخاتەوە لە دەستێوەردانی دەرەکی هەروەکو گوتی:

ئامادە بوو ئەم جۆرە بەیاننامانە دەرکا و داوای لە ئێمەش کرد لێدوانێکی لەهەمان شێوە بدەین، یاداشتەکە ڕونی نەکردەوە مەبەستی لە (هێزە نیشتمانیەکان) چییە، هیچ ئاماژەیەکیشی بە هەوڵەکانی هاوکاریکردن نەدا، بۆیە بڕیارماندا فشارەکان زیاد کەین.

لە گوتارێکدا لە دیترۆیت لە ٢٤ی تشرینی دووەم تۆمەتەکانی لە یاداشتەکەماندا هاتبوو دووپاتم کردنەوە، ئەمەش هۆشدارییەکی ڕوونە بۆ یەکێتی سۆڤیەت کە سەبرمان تەواودەبێ:

ویلایەتی یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناتوانێ دەستەوەستان بوەستێ لە کاتێکدا هێزەکانی دەرەکی سیاسەتی دەستێوەردان پیادە دەکەن. لەگەڵ دەوڵەتێک کە دوورە لێیانەوە و لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ڕوسیی کلاسیکی نایەتەوە.

تائێستا دەرفەت لەبەردەم یەکێتی سۆڤیەت ماوە سیاسەتی دانبەخۆداگرتن بگرێتە بەر. کە ڕێگە بە ئەنگۆلیەکان دەدا خۆیان چارەسەری کێشەی خۆیان بکەن بێ دەستی دەرەکی، دلخۆش دەبین ئەگەر ئەم سیاسەتە بگرنەبەر بە پێچەوانەوە پەیوەندییەکانمان دەکەونە بەر هەڕەشە.

فۆرد بە زمانیکی نیانتر گوتەکانی منی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی پەسندکرد.

گوتارەکەی کیسنجەر لە دیترۆیت پەسند دەکەم، یەکێتی سۆڤیەت بەو کردەوانەی یارمەتی پرۆسەی کرانەوە نادات، هیوادارم پەیامەکە گەیشتبێ.

من و سەرۆک فۆرد وەڵامی تێبینیەکانی سۆڤیەتیمان دایەوە کە لە ٢٢ی تشرینی دووەم دابوی بە دووبارە دەربڕینی ئارەزوەکانمان لە بەشداری لەهەر چارەسەریەکی ئەفریقی لە ڕێگەی (ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقی) و دانوستان لە نێوان سێ لایەنەکەی ئەنگۆلی.

لەو گەشتە سەرۆکاتیەی بۆ چین و ئەندەنوسیا و فیلپینمان کرد لە ١تا٧ی کانونی یەکەم کەلێنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتم بۆ بەدەرکەوت. لە چین فۆرد لەبەردەم ماو ڕەتیکردەوە قەبوڵ بکا سۆڤیەت ببێتە ڕاسپێردراوی ئەنگۆلا، هانی چینی دا ئەویش دەسەڵاتەکانی بەم ئاراستە بەکار بێنی، ماو وەڵامی دایەوە کە لەم بوارە چاودەبڕێتە گریمانەکانی چین، بەتایبەتی لە ڕێگەی زائیرەوە، بۆ پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا ڕاگۆڕینەوە هیچ ناگەیەنێ.

لەو کاتاندا سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت بەرەو زیاتر بەرژەوەندی هەنگاوی دەنا، لە ٧ی کانونی یەکەم سەرۆکی (نووسینگەی ئەفریقی) لە وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەتی لەگەڵ بالویزی زائیر لە مۆسکۆ دوا، مۆبۆتۆ ئەمەی بە وە لێکدایەوە کە مۆسکۆ

دانپێدانانی خۆی لە بەرەی گەلەری (میللی) دەکێشێتەوە. لەوکاتە دبلۆماسیەتی خۆمان بەرەو ئـەفریقیا ئاراسـتە کـردن، بڕیـاردرا کـۆنگرەی ڕێکخـراوی یەکێتـی ئـەفریقی لە ناوەڕاسـتی کـانونی دووەم لە ئەدیـس ئەبابـا ببەسـترێ. سـتراتیژیەکەمان ئەوەبـوو دانوسـتانەکان بەرەو وەدەرنـانی هێزەکـانی بێگـانە ئاراسـتەکەین و لە ئەنگـۆلاو بگەیـنە ڕێککەوتنێک لەگەڵ گروپەکانی ئەنگۆلی.

ئەوکات داواکردنی دوورخستنەوەی هێزەکانی بێگانە لەسـەر ئەو هێـزانە جێبەجـی دەکرا کە سەربە باشووری ئەفریقیان و لە ڕێگەی نامیبیاوە هاتونەتە نێو ئەنگۆلا.

بۆ مانگی ئاب باشووری ئەفریقیا هێزەکانی گواستنەوە بۆ پارێزگـاریکردن لە پـڕۆژەی وزەی هایـدرۆلیک لە سـەر ڕووبـاری کبـوونین. کە بە سپۆنسـەری پۆرتوگـال و باشووری ئەفریقیا بوو. لە تشرینی یەکەم ئاژانسی هەواڵگری ڕایـدەگەیەنێ کە نـزیکەی ١٠٠تا١٥٠ ڕاوێژکاری باشووری ئـەفریقی لەگەڵ یەکەکـانی دواوەی سـافیمبی بینـراون. بە نەبـوونی هێزەکـانی ئەمریکـی لەو نـاوە بـاوەڕکردنی ئەم هەواڵانە ئاسـتەم بـوو بەڵام ژمارەکە بەمسۆگەری لەوە زیاتر بوون.

باشووری ئەفریقیا بەبێ ڕاوێژ لەگەڵ ئەمریکا بڕیاری دەستێوەردانی دابوو. ئێمە بەر لە ڕاپۆرتەکەی هەواڵگـری لە ٣١ی تشـرینی یەکەم هـیچ زانیاریەکمـان لەم بـارەیەوە نەبوو کەچی فەرمانبەرانی هەواڵگری پێیان دەزانـی. لەگەڵ چـونی هێزەکـانی کـوبی بـۆ ئەوێ ، بڕیارمان دا وەکو هێزێکی دەرەکی مامەڵە لەگەڵ هیزەکانی باشـووری ئـەفریقیا بکەین دەبێ بچنە دەر. لە ٢٩ی کانونی دووەمی ١٩٧٦ ئاگاداری کۆنگرێسـم کـردەوە کە دەرکردنی هێزەکانی باشووری ئەفریقیا ئاسانترە لە دەرکردنی هێزەکانی کوبی.

ئەوکات دەگوترا کە بەهـۆی جـوڵەی هێزەکـانی باشـووری ئـەفریقیاوە هێزەکـانی کـوبی دەتەقـنەوە. ئەوەی ئێسـتا لەسـەر ڕوداوەکـان دەیـزانین بە پـێچەوانەوە بـوو. هێزەکـانی کـوبی لە ئایـار دەچـنە نـاو ئەنگـۆلا لە تەمـووز کاتێـک ڕێکخـراوی گەلەری (میللی) MPLA خاکی دەخسـتە ژێـر ڕکێفـی خـۆی ئەوان پەلەیـان لێیکـرد، دواتـر ژمارەی هاوردەکانی کوبی زیاد دەکا تا گەیشتە ٢٠٠ ڕاوێژکار ئامانجیان مەشق پێکردنـی

هێزەکـانی ڕێکخـراوی مارکسیسـتی بـوو لەسـەر تەکتیکەکـانی سـۆڤیەتی و بەکارهێنـانی ئامێرەکانی .

لە ناوەڕاستی ئاب کاسترۆ پێشنیاری پەرەپێدانی ئۆپەراسیۆنەکانی بـۆ بریژنێـف کرد، هەرکە بریژنیف لێی دوودڵ دەبێ ئیتـر کاسـترۆ بەتەنها ئەم هەنگـاوە داوێ. ئیتـر مانگ لە دوای مانگ ژمارەی هێزەکانی کوبی زیاد دەکەن تا لە کۆتـایی بیسـت بەرانـبەر بە کاتی بڵاوبوونەوەی هێزەکانی باشووری ئەفریقیا زیاد دەبن.

لە دەسـتێوەردانی باشـووری ئـەفریقیا توشـی لە ڕوودامـانێکی سیاسـی هـاتین. لەگەڵ بەرەو پێشـــچونی هێزەکـــانی باشـــووری ئـــەفریقی دبلۆماســـیەتی ئەمریکـــاش دەسەوەستان ناوەستێ، ئـێمە هـانی دەوڵەتـانی ئـەفریقیمان دەدا تـا دان بە ڕێکخـراوی گەلەری (میللـی) بـۆ ڕزگـاری ئەنگـۆلا MPLA دا نەنـێن، لە ٢١ی تشـرینی دووەم نامەیەکم بۆ ئەمینداری گشتیی ڕێکخـراوی یەکێتـی ئـەفریقی نـارد تیایـدا پشـتگیریم بـۆ داواکەی ڕێکخـراو دەربـڕی لە ڕاگەیانـدنی ئاگربەسـت و داواکردنـی دانیشـتنی لایەنەکـان بەگشتی بەیەکەوە و چیتر یەکلایەنە دان بە گروپێک دانەنرێ:

ئەمریکـا لەلای خـۆیەوە هـیچ بەرژەوەنـدیەکی یەکـلایەنەی لەگەڵ ئەنگـۆلا نیـیە. هەروەکــو بە ئاشــکرا ئەمەی ڕاگەیانــدووە، تــاقە بەرژەوەنــدیی ئەمریکــا ڕزگــاری و یەکپارچەیی خاکی ئەنگۆلایە. ئێمە بڕوامان وایە کە گەلـی ئەنگـۆلی مـافی خـۆیەتی ئەو دەسەڵاتە هەڵبژێرێ کە خۆی دەیەوێ تا بە ئارامی و ئاشتی بژی.

لە کۆتــایی مــانگی تشــرینی دووەم تەنهــا ٢١ دەوڵەتــی ئــەفریقی دانیــان بە حکومەتی مارکسیستی لواندا نا لەگەڵ هەندێک دەوڵەتی دەرەوەی کشوەری ئەفریقیا.

لەسـەر بنەمـای ئەم پاشـخانە بڕیارمـان دا پرسـەکە لەگەڵ یەکێتـی سـۆڤیەت بگەیەنینە لوتکە. لە ٩ی کانونی یەکەم فۆرد بانگێشتی بـالوێزی سـۆڤیەت (دوبـرینن)ی کرد بۆ نووسینگەی کۆشکی سپی. لەو کۆبوونەوە کە منیش تیایدا بەشدار بووم سەرۆک خۆی لە بابەتە لاوەکیەکان دوورخستەوە و ڕاستەوخۆ چـووە نـاو پرسـەکە: ئەو دۆخەی لە ئەنگۆلا هەیە درووست نییە، چـونکە سـەرۆک پابەنـدی پرۆسـەی کـرانەوە بـوو بـۆیە

ئاسان نەبوو تێی بگەیەنێ بەرژەوەندیەکانی سۆڤیەتی لە چی دایە، ئەو ڕەفتارانەی سۆڤیەت دەیکا لە بەرژەوەندی ئاسایشی ئەودا نییە، دۆبرینن داوای پێشنیارەکانی ئێمەی نەکرد بۆ ئەم پرسە. من پێشنیاری کشانەوەی سەرجەم هێزەکانم کرد بە بەردەوامبوونی هاوکارییەکانەوە. دوبرینین وەڵامی دایەوە کە چارەسەری سیاسی سەرەتا دەبێ لەو هێزانەوە بێ کە دەیانەوێ بە ڕێگەی سەربازییەوە هەڵوێستێکی سیاسی دارێژن. فۆرد گوتی بوونی هێزەکانی کوبی بە دڵنیایی کارێکی خراپ دەکاتە سەر پەیوەندییەکانی ئەمریکا و سۆڤیەت، دۆبرینن دووبارە داوای چارەسەریەکی ئەمریکیی کرد و گوتی:

ئەنگۆلا گەلێک دوورە من ئەمە بۆ حکومەتەکەم دەگوازمەوە، ئەگەر هەر پێشنیارێکی دیکەتان هەیە جگە لەوەی کە دەڵێن (نابێ ئەمە بکەن...)

ڕۆژی دواتر دوبرینن گوتی: هەرگیز بەبێ ڕێنمایی لێدوانی نەداوە، بەتایبەتی کاتێک لەگەڵ سەرۆک دواوە. تێلی بۆکردم داوای کرد بە پێشنیارەکانی ئەمریکادا بچینەوە و بە هەماهەنگی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت داوا لە ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقی بکرێ هێزەکانی بێگانە لەو سنورە وەدەر نێن و بیر لە چۆنێتی گەمارۆ خستنە سەر پێدانی چەک بکرێتەوە.

لە ١٠ کانونی یەکەم پردی ئاسمانی هاوکارییەکان دەوەستێندرێ و دوبارە بەکارناخرێتەوە تا کۆنگرێس بڕیار لەسەر بەرنامەیەکی ئەمریکی نەدا بۆ هاوکارییەکانی ئەنگۆلا . لە ١٦ی کانونی یەکەم سەرۆکی سۆڤیەتی بۆدگۆرنی لەبەردەم بالوێزی بەریتانی کە بۆ سەردانێکی مالئاوایی چووە لای، دەڵێ ئەو هاوپەیمانێتییە حکومییەی لەسەر (ڕێکخراوی گەلەری) دایمەزراندووە دەتوانێ قەیرانی ئەنگۆلا چارەسەر بکا. ڕازی نابین بەو ڕێکخراوە مارکسیستە کە خۆیان تیایدا فاکتەری سەرەکی بن، بەڵام لێدوانەکەی بۆدگۆرنی وا لێکدرایەوە کە هەنگاوێکە بەرەو هەڵوێستەکانمان.

لەوکاتەی لە چاوەڕوانی وەڵامێکی یەکێتی سۆڤیەتدا بووین ، هەندێک ڕوداوی نوێ دێنە پێش لە پێناو پێداچونەوە بە ڕاگرتنی هاوسەنگی دژی دەستێوەردانەکانی

کـوبی. لەخوانێکـدا لە کـۆنگرەی بەرهەمهـێن و بەکـاربەردا لەگەڵ جیسـکار دیسـتانی سەرۆکی فرەنسی باسی ئەنگۆلام کرد چونکە فرەنسا گرنگیـی بەو کۆلۆنیـالانە دەدا کە پێشتر لە ژێر دەستی خۆیان بوون ئەوەتا زمانی فەرمیی زائیـریش فرەنسـییە سـەرەڕای ئەوەی کۆلنیالێکی (مستعمره) بەلژیکی بووە.

نەوەکـانی ڕیشـیلیۆ بڕوایـان بە گفـت و پەیمـان نەبـوو کە ئـەفریقیا لە دەرەوەی جەنگـی سـارد دەمێنیـتەوە. جیسـکار دیسـتان بـڕوای وابـوو دەسـتێوەردانی کوبـا و هاوکارییەکـانی سـۆڤیەتی دۆخەکە لە هەمـوو ئەو ناوچـانەی بە فرەنسـی دەدوێـن ناسەقامگیر و ئالۆز دەکا، نەک تەنها لە زائیـر. هەر لەو مـاوەی سـەرەڕۆییدا حکومەتی فرەنسـی بـایەخی بەو دۆخە دا. سـەرۆکی هەواڵگـری فرەنسـی کونـت ئەلیکسـاندەر دی مارنشیە، ئامۆژگارییەکی کـرد کە بەهـای تەواو نـابێ. لە ١٩ی تشـرینی دووەم جیسـکار دیستان نامەیەک بۆ فۆرد دەنێرێ، تێبینیم لەسەری کرد دەڵێ: تا ئەم دواییە یەکێتـی سۆڤیەت هاوکارییەکانی بۆ ڕێکخراوی مارکسیست کە (نیتـو) سـەرۆکایەتیی دەکـا، نەی بڕیوە و لێی بەردەوامە. پرسە ستراتیژیەکانیشی بەم شێوەیە خستەڕوو:

ئایـا سـۆڤیەت مەبەسـتیەتی هاوکـاری لایەنگرانـی بکـا تـا دەستپێشـخەرییەکانی سەربازییان بۆ بگێڕێتەوە یا مەبەستیەتی ڕێکخراوی مارکسی بەتوانـابێ ولە ئـابڕوچوونی بپارێزێ؟

سـەبارەت بە ئەمریکـا ئەم دەسـتێوەردانەی سـۆڤیەت کـار دەکـاتە سـەر پەیوەنـدییەکانی لەگەڵ هەردوو ڕێکخـراوە ئەنگـۆلیەکە لە ڕووی هاوکـاریکردنەوە؟ ئایـا ئەمریکا پێی وایە باشـترە بـگەنە ڕێککەوتنێکـی ئاگربەسـت و دامەزرانـدنی حکـومەتێکی هاوپەیمانیی سێقۆلی؟

ئەو پرسیارانەی لەلای من گرنگن ئەوەیە بۆچوونتان بزانم چونکە هەمیشە بابەتی ئەو پرسـەن کە لەلای سـەرکردە ئـەفریقیەکانەوە ئاڕاسـتەم دەکـرێ، ئەمەش هۆکـار و هاندەری نامەکەمن. مشتومڕەکانمان لە واشـنتۆن بەردەوام بـوون فـۆرد گـوتی سـۆڤیەت خـۆی دێنـێ و دەبـا بـۆ پێـدانی ڕۆڵێکـی سـەرکردە بە ڕێکخـراوی گەلەری (میللـی). بە

ڕاستی پێیان وابوو ئەم ڕێکخراوە تاقە حکومەتی شەرعییە. فۆرد ڕایگەیاند کە فاکتەرێکی سەرەکی لە بزوتنەوەکانی سۆڤیەتیدا هەیە ئەویش دژی چینە.

ئەوان ئومیدیان ئەوەیە بۆ سەرکردەکانی جیهانی سێیەم نیشان بدەن کە ناتوانن ئامانجە شۆرشگێرییەکانیان لە ڕێگەی هاوکارییەکانی سۆڤیەتیەوە بەجێ بگەیەنن. بۆ چینیش بسەلمێنن کە ئەمریکا ناتوانێ هێرشە دوژمنکارییەکانی سۆڤیەتی بۆ سەر ئەو شوێنە دوورە کە ئەفریقیایە بوەستێنی، فۆرد بۆی دەرکەوت کە نابێ لە ئاست ئەو یارییەی سۆڤیەتی بێدەنگ بێ، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە ئامادە بووین بەو چارەسەرییە ڕازی بین کە ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقی ڕایگەیاندوە:

١/ کشانەوەی هێزەکانی بێگانە.

٢/ وەستاندنی هاوکارییەکانی دەرەکی.

٣/ پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانی لە ژێر سەرپەرشتی ڕێکخراوی ناوبراو.

لە سەر سفرەی خوان جیسکار دیستان دانی نا بەو نامەیە و بە ڕاشکاوی ناوەڕۆکەکەی ئاشکرا کرد، پێی وابوو تێکشکاندنی بزوتنەوەکانی سۆڤیەتی لە ئەنگۆلا سەرکەوتنە بۆ فرەنسا و دۆستەکانی. بۆیە جیسکار دیستان ئامادە بوو هێزێک لە فرەنسیە ئەفریقیەکان و مەراکشیەکان پێکبێنی بە پێدانی چەند هەلیکۆپتەرێک بۆ تێکشکاندنی مووشەکەکانی سۆڤیەتیی ١٢٢ مل کە مۆرالی هێزەکانی ڕوبیرتۆ و سافیمبیان دادەبەزاند، فڕۆکەکانی میراج بۆ پشتگیریکردنی هەوڵەکانی دبلۆماسی لە دەوڵەتانی ئەفریقیی فرەنسی زمان لە زائیر دادەنێ. ئەم ڕێکارانەش کونت دی مارنشیە لە ڕێگەی فیرنون ولتەرزی جێگری بەڕێوەبەری هەواڵگری فرەنسیەوە ئەنجام دەدا.

لە ١٨ کانونی یەکەم وەڵامێکی سۆڤیەتمان بەدەست گەیشت لە گفتوگۆکەی دوبرینن و فۆرد، کە دان بە زمانی ئاشتەوایی دەنی و دەڵێ ئێمە ئەرکێکی هاوبەشمان لەسەر ئەستۆیە بۆ ئەوەی ئەنگۆلا لە تێکدانی پەیوەندییەکانی ئەمریکی و سۆڤیەتی دوورخەینەوە:

نابێ سەرۆک گرنگی بە چەند هەوڵێکی ناوەخۆی ئەمریکا بدا ڕووداوەکانی دەوڵەتێکی ئەفریقیش بکاتە فاکتەری تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان سۆڤیەت و ئەمریکا، چونکە ئەمە هیچ بنەمایەکی ڕاستیی نیە . ئێمە ڕاستی ئەو لادانە باش دەزانین، ئەرکی داهاتومان ئەوەیە دەستی باڵا نەبێتە هی ئەم جۆرە هەوڵانە.

مۆسکۆ ڕەتی کردەوە پاڵەوانی دەنگۆی شەڕی ناوەخۆ بێ، بەڵام لەسەر داوای دوورخستنەوەی هێزەکانی بێگانە ڕازی بوو:

ئەوەی ئێستا گرنگە بایەخی پێبدەین کۆتایی هێنانە بە دەستێوەردانە سەربازییەکانی بێگانە لەم وڵاتە و ڕێگە بۆ هاوڵاتیانیان خۆش کەین تا خۆیان شێوەی حوکمرانی خۆیان هەلبژێرن و ژیانێکی ئاسودە و ئازادی نوێ دیاری بکەن، بەبێ هەژموون و دەستێوەردانی دەرەکی.

یاداشتی سۆڤیەتی لەمەی زیاتر داواکرد، داوای دەرکردنی بەیاننامەیەکی هاوبەشی ئەمریکی و سۆڤیەتیی کرد بۆ ئەم مەبەستە:

ئێمە لەلای خۆمانەوە پشتگیری لەم بەیاننامەیە دەکەین، ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت ئامادەبی بەیاننامەیەکی هاوبەش دەرکا بۆ دوورخستنەوەی هەموو هێزەکانی بێگانە، ئەمە دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ کارە دبلۆماسیەکەمان، بە گریمانەی ئاگربەستەوە، ئێمە دڵنیا بووین دەتوانین کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقی ڕێکخەین تا پشتگیری خۆمان بۆ ئاگربەست لە نێوان دەوڵەتە ئەفریقیەکان ڕابگەیەنین، هەندێک کەلێن لەم کارەدا هەبوون، یەکێتی سۆڤیەت هەندێک کوبیی ڕەشپێستی بە هاوڵاتی ئەو دەوڵەتە دەزانین.

دوا بڕگەی یاداشتەکەی سۆڤیەتی دەڵێ ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەمریکا لەسەر ئەنگۆلا ڕوونەدا.

لە ئەنجام دەمانەوێ ئەمە دووپات بکەینەوە سەرۆک دەتوانێ دڵنیابێ کە لایەنی سۆڤیەتی هیچ پەیوەندیەکی بەوەدانیە ڕووداوەکانی ئەنگۆلا بکاتە پێگە و بیانویەک بۆ

ڕووبەڕووبوونەوەی مۆسکۆ و واشنتۆن یا تاقیکردنەوەی سیاسەتی هێورکردنەوەی ئالۆزییەکان.

بەشەکانی ستراتیژیەتمان کۆدەکردەوە، هاوکارییەکانی فرەنسی کۆی زیادەیەکی ئاسایی سەربازی دەکرێ ڕێگری لە سەرکەوتنەکانی سۆڤیەتی و کوبی بگرن و ببنە بنەمایەکی نوێی دبلۆماسی بۆ کشانەوەی هێزەکانی بێگانە. پشتگیری فرەنسی لەلایەن دەوڵەتانی فرەنسی زبان بە سەرۆکایەتی لیوبولو سنگور سەرۆکی سەنگال، دەبێتە هاندەر بۆ دەرکردنی بڕیارێک لەلایەن ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقی کە پشتگیری ئەو سیاسەتە بکا کە ئێمە گرتومانەتە بەر. کۆنگرەی لوتکەیی ڕێکخراو لە ناوەندی کانونی دووەمی ١٩٧٦ لە ئەدیس ئەبابا دوای ئەم چارەسەرییە بڕیاری دا هێزەکانی ڕۆژئاوا پابەندی هەموو نامە هەستیارییەکانی دەبن.

لەم خاڵەدا نەخشەکەمان بۆ کۆنگرێس ئاشکرا دەبێ.

## هەمواری توینی و کلارک

جیسکار دیستان دوو فڕۆکەی بارهەڵگری جۆری سی ٣٠ ی داواکرد بۆ گواستنەوەی بارهەڵگرەکان بە تەقەمەنییەکانیانەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مووشەکی ١٢٢مل ی کوبی لە ئەنگۆلا. هەرچەندە چەک و تفاقەکانی سۆڤیەتی و کوبی تەنها لە دەوروبەری لواندا یەکلاکەرەوە بوون ، بەشداری پێکردنی چەکی نوێ زەرور بوو بۆ دوورخستنەوەی لایەنی کۆمۆنیستی لە سەرکەوتنی کۆتایی. ئەمەش بەو بودجە ئەنجام نادری کە (لیژنەی چل) بۆی تەرخان کردبوو.

بۆ ئەم مەبەستە ئاستی هاوکاریەکانی هەرسێ لیژنەکەم بەسەر کردنەوە: ٢٨ملیۆن دۆلار یا ٦٠ ملیۆن یا سەد ملیۆن دۆلار. لە ترسی ڕەخنە گرتن هەواڵگری بڕە کەمەکەی هەڵبژارد، کۆلبیی سەرۆکی هەواڵگری ئەوکات لە کارەکەی دوورخرابۆوە بەڵام

لە شوێن خۆی مابۆوە تا ئەوکاتەی کۆنگرێس یەکێکی دیکە لە شوێن ئەو دادەمەزرێنێ کە جورج بوش بووە جێگرەوەی. دیارە کە کولبی حەزی لە زیادکردنی هاوکارییەکان نەبوو منیش داوای ٦٠ ملیۆن دۆلارم بۆ ئەم مەبەستە کرد.

فۆرد بە هاندانیی ڕاوێژکارەکانی ڕەزامەندیی لەسەر بڕە کەمەکە دا. کە ٢٨ ملیۆن بوو بۆ بەرنامەی ئەنگۆلا.

بەڵام لەو کاتەی فۆرد کۆنگرێسی جێهێشتوە بەر لە دوو ساڵ، کەوتۆتە ژێر هەژموونی ماکفرن کە لوتکەی ڕەخنە و دژایەتی دەستێوەردانی دەرەکی بوو، گومانیشی لە ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندی هەبوو، دژی کردەی نهێنی بوو بڕوای بە گگوتەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش نەبوو.

ئەمە لەسەر ئەنگۆلا جێبەجی کرا چونکە بەرنامەی نهێنی بووە بابەتی ناکۆک و ڕەخنە. لایەنی ئۆپۆزسیۆن لەسەر بەرنامەی نهێنی هیچ ناڕەزاتییەکیان نەبوو چونکە کۆنگرێس بەگشتی لێی ئاگادار بوون. لە ماوەی نێوان مانگی تەمووز و کانونی یەکەم فەرمانبەرانی وەزارەتی دەرەوە و ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی لە بەردەم لیژنەکانی کۆنگرێس و لیژنە لاوەکییەکان شایەدنامەی خۆیان دا. لەو ماوە ٤٠ شایەدنامە دران شەش مانگی خایاند. هەندێک لەو لیژنانە پێک هاتبوون لە دوو ئەندامی هەر حزبێک. هەندێکیان لە ١٣ ئەندام پێکهاتبوون. بژاردە لە دەست خۆیان بوو، خۆیان ١٢ ئەندامی ئەنجومەنی پیران بوون لەگەڵ ١٥٠ ئەندامی کۆنگرێس ١٠٠ فەرمانبەر لە هەردوو ئەنجومەن.

کۆنگرێس بەرپرسە لە پاراستنی نهێنی. دزەکردنی کەمێک نهێنی کار لە سەرچاوەکانی کۆنگرێس دەکا. لە کاتی ڕووخانی هیندی چینی کۆنگرێس ئەوەندە سوور نەبوو لەسەر گرتنە ئەستۆی بەرپرسیارێتی و کەوتنی دەوڵەتێکی دیکە بۆ باوەشی کۆمۆنیزم، لەگەڵ ئەوەی بەڵگەی ڕوون هەبوون بۆ بەشداری سۆڤیەت و کوبا لەم پرۆسە.

پێشبینی ئەوەم دەکرد دزەی تر ڕوو بدەن لە پێناو دامەزراندنی دیفیز وەکو بالوێز ئەمریکا لە سویسرا. ناکۆکیەکانی نێوان وەزارەتی دەرەوە و ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی توانیی دان بەخۆداگرتن بپارێزێ. لە کاتی جێگیرکردنی دیفیز لەلایەن لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی پیران لە ۱۹ی تشرینیی دووەم دەرگای لافاو کرایەوە.

ئەو کات نووسینگەی ئەفریقیا لەلایەن ئیدی مولکاهی بە شێوەیەکی پیشەییانە دەبردرا بەڕێوە. بۆیە ئەو دزەکردنە یا لەلایەن کۆنگرێسەوە ڕووی داوە یا لەلایەن یەکێک لە لایەنگرانی دیفیز لە ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی. هەر چۆنێکی بێ دژایەتی دیفیز وگومانەکانی برادەرانی لەلایەن ڕاگەیاندن بەهاراتی پێوەکرا و پشتگیری ڕۆژنامەگەریشی لەگەڵدا بوو.

کۆبوونەوە ئاشکراکە سنوری بۆ کۆنگرێس دانا بۆ قەبوڵکردنی بەرنامەی نهێنی چونکە کەم کەس لەوانەی شایەدنامەیان لێ وەرگیرا ئامادە بوون ڕووبەڕووی هێرش ببنەوە و بە ئاشکرا ئەوە بلێن کە بە نهێنی کردویانە. سیناتۆر دیک کلارک لە ویلایەتی ئیوا، وەکو سەرۆکی لیژنەی لاوەکی بۆ کاروباری ئەفریقیی سەر بە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی پیران کە گوێی لە زۆرترین شایەدنامەی سیناتۆرەکان گرتوە، بە ئازادی لە ٥ی کانونی یەکەم باسی لە ئەنگۆلا کرد وەکو ئەوەی شارەزابێ لە شەری ئەنگۆلای ناوەخۆ لە سەرچاوەکانی هەواڵەوە:

ڕاپۆرتەکانی چەند هەفتەیەکی ڕابردوو ئاماژە بەو چالاکییانەی سۆڤیەتی دەدەن کە پشتگیری لە بەرەی گەلەری (میللی)ی ئەنگۆلا دەکەن، هەندێک ڕاپۆرتی دیکە ئەوە ئاشکرا دەکەن کە چەند یەکەیەکی زائیری و باشووری ئەفریقی و کرێگرتەی سپی پێست لەگەڵ ئەو گروپانەی ئەنگۆلی دەجەنگن کە دژی (بەرەی مارکسین).

بەر لە دوو ڕۆژ ڕۆژنامەی (ذی نیوز) باسی لەو کاروانە چەکەی ئەمریکی کردووە کە بۆ ئەنگۆلای ناردووە، ڕوونە کە ئەم ڕاپۆرتانە پشتراست نەکراونەتەوە.

دوای چەنــد هەفــتەیەک لە ٢٩ی کــانونی دووەمــی ١٩٧٦ ســیناتۆر کــلارک بیرۆکەیەکی دیکەمـان بـۆ دێنیـتە گـۆڕێ، دەڵـی ئەو شـایەدنامانەی لەبەردەم کۆنگرێس دراون ڕاوێژکردنی بە زەرور نەزانیوە:

پرسـیارەکە ئەوەیە ئەو کەسـانەی گـوێ لە شـایەدنامەیان گیـرا ڕاوێژپێکردنیـان پێویست بوو. من وای دەبینم ئەو کەسـانە دەخەنە هەڵوێسـتیکی قـورس، ئەگەری ئەوە هەیە هەندێکیان وەڵام بە بەڵێ یا نەخێر بدەنەوە یانیش ئامـاژە بـدەنە هەمـوو چـالاکیە نهێنیەکان، خـۆ ئەگەر گوتیـان ئـێمە ڕێگریمـان لێـی نەکـردوە، بـۆئەوان ئەم هەڵوێسـتە ئاسان نابێ.

ڕاکـردن لە بەرپرسـیارێتی بە دوو حـزبەکەوە نوسـاوە، سـیناتۆر کلیفـورد کـیس سوور بوو لەسەر ئەوەی بێدەنگی کۆنگرێس نـابی بە قەبـوڵکردن لێـک بـدرێتەوە، ئەگەر وابێ، نابی بیر لە بەردەوامبوون بکەین.

کورتهێنان لە دەربڕینی ناڕەزاتیەکی ڕوون، بەتـایبەت کاتێـک لە ژێـر فشـارێکی نهێنی ئەو پێشنیارەدابیت کە لە تەمووز بڕیاری لەسـەر درا. نە هەسـتم کـرد نە هەست دەکەم کە ڕێگریمان لە دژایەتیی کانونی یەکەم کرد.

گوتی هەر دژایەتیەکی دەوڵـەتی بێگانە، پرسی دارایی تیایە، پێم وایە دەبـێ بە ئاشکرایی بێ، ئەمە ئەو بنەمایەیە کە ئەمریکا لە کاری هەوڵگری دوور دەخاتەوە.

سیناتۆر جوزیف بایدن کەسێکی دیموکراتخوازە لە ویلایەتی دیلارو لەدایک بووە، ئەو شـیکردنەوەیەکی دیـکەی لەسـەر هۆکـاری ڕێگریـی ئەنجـومەنی پیـران هێنـایەوە بـۆ ئەوەی کە لە مانگی تەموز ڕەزامەندیان لەسەردا:

لە دیدی یەک ئەندام، لەسەر چۆن دەسـتی پێکـرد... نـاتوانین بگەیـنە ئەنجـام، بـۆیە هـیچ لەرووداـانیکی نـاوەخۆیی نیـیە. یـا ئەوەتـا بەهـۆی ئەو ڕێگـایەی پێـی گواسترایەوە توانایان نەبوە.

بەمانـایەکی دیـکە چـونکە جەمـاوەر هیچـی لـێ تێناگـا بـۆیە ئەنجـومەنی پیـران ڕەزامەندی لەسەر بەرنامەکە دەدا.

لەم جۆرە دۆخە ئەنجامەکەی دیار بـوو، ئەنـدامانی کـۆنگرێس و پیـران گگـوتەی جارانیـان دووبـارە دەکـردەوە لەسـەر سازشـیەکانی ڤێتنـام کە نـۆ مانـگ بەر لە ئەمـرۆ ڕوویداوە، سیناتۆر کلارک لە ٢٩ی کـانونی دووەم دەڵـێ ئەمریکـا هـیچ بەرژەوەنـدییەکی زیندو و ئەرکێکـی سـەربازی یـا ئـابووریی لە ئەنگـۆلا نـیـیە، ئەو پرسـیارە دەخـاتە ڕوو، ئەگەر بەرژەوەندیەکانی ئێمە و ئەفریقیەکان ڕێگری بێت لە هێزەکانی سۆڤیەتی تا وەکو میانگێرێک لە ئەفریقیا دەرکەوێ.

چارلس بیرس لە شایەدنامەیدا وەڵامی ئەم پرسیارەی دەداتەوە نمونەشـی لەسـەر ڤێتنام هێناوە:

چونکە سۆڤیەت لەوێیە دەبێ ئێمەش لەوێ بـین؟ ئەمە هەمـان کێشـەمان بـوو لە ڤێتنـام، هـیچ بەرژەوەنـدییەکی زینـدوومان لە مەترسـیدا نـیـیە، بەڕاسـتی بـۆ مەبەسـتی لۆجستیک دوورە لێمان، پشـتگیریکردن کـارێکی قورسـە. ئـێمە هاوکـاری ئەو لایەنەمـان دەکرد کە بێ ورە و مۆڕالن.

بیرس بۆمانی ڕوون نەکردەوە ورە و مۆڕال چـۆن دەتـوانێ بەسـەر هاوکارییەکـانی سۆڤیەتی و هێزەکانی کوبییدا سەرکەوێ، بێ هاوکاری ئەمریکا.

سیناتۆر جاکوب گوتی دەبـێ ئەمریکـا ڕۆڵـی پۆلیسـی نێـودەوڵەتی بگێـڕێ ، ئەم گگـوتەیە سـیناتۆر بیـدن زۆر دەیگـوتەوە، ئەمە بەشـێک بـوو لە بیانوکـانی، نەتەوەی ئــەفریقی نەک چەتــری ئەمریکــی. قورســاییە کــاریگەریەکە کەوتبــووە شــوێن پێــی سۆڤیەتیەکان لە باشووری ئەفریقیا، بەڵام نەتەوەی ئەفریقیا چـۆن دەتوانێـت دەسـەڵات بگرێتە دەست لە کاتێکدا زۆربەی هێزە شەڕکەرەکانی (بەرەی گەلەری (میللی)ی ئەنگۆلا و چەکەکانیان کوبیی بوون، بە پشتیوانی پردی ئاسمانی سۆڤیەتی، ئەو پـردە ئەوەنـدە چەکی گەیاندە ئەنگۆلا کە لە هەموو ئەفریقیای دەشتایی بوونی نەبێ.

لەو کاتـانەی گفتوگـۆ و دیالۆگەکـان بە ئـارامی لە نێـوان سـەرۆک و کـۆنگرێس بەڕێوە دەچوو، ئۆپۆزسیۆن لە هەوڵی سەلماندنی بیردۆزی سیاسیی نێودەوڵەتیدا بوون کە جوگرافیـای سیاسـیی و هاوسـەنگ لەیەک دوور دەخـاتەوە، ئەمەش وێنەیەکـی بچووککراوەی سیاسەتی ویلسۆنیزمە کە دەڵێ: هێزی چاکە بە پشتیوانی چاکەکانیەوە سەردەکەوێ، نەک بە ستراتیژیەت بەتایبەتیش بەکارنەهێنانی هێز، بۆیە هێرشـەکان لە ڕێگەی کردە نهێنیەکانەوە بوونە ئەلتەرنـاتیفی دەستپێشـخەری هێرشـبردن بەو ڕێگـایەی سیاسەتی وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریکا بـۆ مـاوەیەکی دوور و درێـژ جەنگـی پـێ دەبـرد بەڕێوە.

مشتومڕ و دەمەقاڵێیەکانی سەر ڤێتنام دووبارە دەبوونەوە، بەڵام بەر لە تۆمانـگ لەسەر بابەتی ڕەوشـت و ئـابڕوی نیشـتمان بـوو. کشـانەوەی سـتراتیژی ئەوەنـدە گرنـگ نەبوو بەڵام لە ئەنگۆلا بەسەرماندا دەسەپێندرێ.

لە ١٨ی کــانونی یەکەم . شــەوێک بەر لە دەنگــدانە یەکلایــی کەرەوەکە، لە نووسینگەی سەرۆکی زۆرینە مایک مانسفیلد چـاوم بە سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی پیـران کەوت، ئەوەشم بە وەڵامـی سـۆڤیەتی و لەوێ سـتراتیژەتی خۆمـانم بۆیـان ڕوونکـردەوە، بژاردەی فرەنسی مسۆگەر کرد، دەبوایە من لەبەردەم لیـژنەی پەیوەنـدییەکانی دەرەوەی سەر بە ئەنجومەنی پیران ئەو شایەدمانییە بدەم، دوای مانگێک بۆیانم ڕوون کردەوە بـۆ دەبێ بەرنامەمان نهێنی بێ:

بۆیە شێوازی نهێنیمـان هەڵبـژارد چـونکە دەمـانەوێ ئامادەبوونمـان تـا ئاسـتێکی باش کەم کەینەوە. ویستمان مەزنترین دەرفەت بۆ چارەسەری ئەفریقیا وەدەست بێنین. هەستمان بەوە کرد کە هاوکاریی ئاشکرا پەرە بە پاساوی دەستێوەردان دەدا.

پاساوی دژایەتیمان لە دەستێوەردانی سۆڤیەتی دووپات کردنەوە.

ئایا دەمـانەوێ دونیـا ئەو دیـدەی لەسـەر ئـێمە هەبـێ کە هەرکـاتەی سـۆڤیەت و هێزەکانی کوبی دەستێوەردانیان کرد و هێزیان کۆکردەوە، ئەمریکا لە توانایدا نابێ هێـز کۆکاتەوە و بۆ هاوکاریکردنیان لە ڕووی داراییەوە؟ دەبێ مەزندەی ئەوە بکەین لایەنێـک

بەبی هاوکارییەکانمان ڕووبەڕووی هەڕەشەکان ببێتەوە بتوانێ بەرگری بکا؟ دەمێ ئەو دیدە لای ناحەزانمان پەسند بکەین کە هەر کاتێک ئەوان تەحەدای ئێمەیان کرد ئەمریکا بەهۆی دابەشبوونی ناوەخۆی و کێشەکانیەوە ناتوانێ بەسەر پرسە نێودەوڵەتیکاندا زاڵ بێ؟ ئەی دەبێ چۆن بیر لە هێزێکی زەبەلاحی جیهانی بکەینەوە کاتێک دەستوەردەداتە کاروباری ناوەخۆ ڕووبەڕووی هیچ هێزێکی نارەزایی نابێتەوە.

ئامانجەکانم بۆیان ڕوون کردەوە:

ئاگربەست، کۆتاییهێنان بە کۆکوژی، کشانەوەی هێزەکانی دەرەکی (سۆڤیەتی و کوبی و باشووری ئەفریقی) وەستانی دەستێوەردانی سەربازیی بێگانە. دەستکردن بە دانوستان لە نیوان گروپە ئەنگۆلیەکان.

ئەنجومەنی پیران بەدەم داواکەم هاتنەوە، سیناتۆری برادەرم هیوبورت همفری کە ڕیزی زۆرم بۆی هەیە گوتی:

پێم وایە دەبێ دەرفەتێک بە وەزیر بدەین.

بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر هەڵوێستی ئەنجومەنی پیران توند بوو، همفری گوتی: هەستەکان بەهێز بوون زۆر بە شێوەیەک ناتوانرێ برادرە لیبرالیستەکان و کاندیدەکان لەیەک جیا بکەیتەوە، جارێکی دیکە گوتی: نامەوێ دووبارە دڵم برینداركەن.

بەم شێوەیە مشتومڕەکانی هیندی چینیی دوای تۆمانگ تەنها دووبارە نابنەوە، بەڵکو توندتر، چونکە ئۆپۆزسیۆنی لیبرالیزمی کلاسیکی مەزندە نەکرابوو، ئەوەی لەو ناوە گوم ببوو ، هاوسەنگی پارێز بوو، کاتێک جیۆپۆلەتیکی سۆڤیەتی هەڕەشەی لێکردین هەندێک لە هەوادارانی مشتومرەکانی سولجنستین و هیلسینکی و ڕێککەوتنی سالت هاتنە ڕیزمانەوە.

لە هەندێک بابەتی وورد پارێزگار و پاریزگارە کلاسیکیەکان پشتگیریان لێ دەکردین، دەبوایە ئەوان لە پرسی ڕووخاندنی سۆڤیەت بێ سێ و دوو پشتگیریان لی بکردباین.

بەڵام هۆکارێکی دیکەی فەلسەفی لە پشت بێدەنگی پاریزگارانەوە هەبوو، لە هەڵمەتی یەکەم ئەوان هەڵوێستی خۆیان بۆ دژایەتی فۆرد ڕاگەیاندبوو، گوایە لەگەڵ کۆمۆنیستەکان نیانە، هەرچەندە دواجار پشتگیریان لە ئیدارە کرد بەڵام ئەوان دەبێ ئەوە بزانن کە جیاوازی لە نێوان ئێمە و ئەواندا تەنها تەکتیکە نەک بیروبڕوا، ئەوان نایانەوێ بەشداری لە شەڕێکدا بکەن لە کاتێکدا شەڕی ئەوانە. ئەوان ناتوانن هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنێکدا بکەن کە لە ڕیزەکانی پێشەوە شەڕ دەکا، شەڕی ناوەخۆی پارێزگاران دەرفەتی بۆ ئۆپۆزسیۆنی لیبرالیست خۆش کرد.

ئەم گردبوونەوەی هێزەکان شکستی بە ئەمریکا هێنا لە ئەنگۆلا. لە ١٩ی کانونی یەکەمی ١٩٧٥ ئەنجومەنی پیران بڕیاری هەمواری توینیی دا بۆ پڕۆژەی یاسای پێشینەکانی بەرگری، کە هەموو هاوکارییەکانی بۆ ئەنگۆلا وەستاندن، تەنها ئەگەر لە بودجەوە بۆی تەرخان کرابێ، ئەمەش واتا کۆتایی بەرنامەی نهێنیمانە، چونکە هەر هاوکارییەکی ئاشکرا دەبێ چاوەڕوانی یاسایەک بین لە خولی داهاتووی کۆنگرێس  کە چەند مانگێکی دیکە دەخایەنێ.

دواتر هیچ پێشبینیەکیشمان لەسەر گوتووێژەکان نییە بۆ پێدانی هاوکارییەکان. لایەنگرانی تیونی بە مسۆگەری دەنگ لەسەر بەرنامەی ئاشکرا دەدەن بۆ هاوکاریکردنی ئەنگۆلا. لە حوزەیرانی ١٩٧٦ هەمواری کلار هەمواری تیونیی  بە یەکجاری چەسپاند. پارێزگارە توندەکان دەنگیان نەدا، هنری جاکسۆن لەلایەک دژی سەرۆک دەنگی دا لەلایەکی دیکە دژی تیونی دەنگیدا. لە ١٩ی کانونی یەکەم دوای کۆتایی هاتنی دەنگدان لە ئەنجومەنی پیران سەرۆک بە توندی ڕەخنەی گرت و گوتی:

ئەم سستییەی نواندار لەلایەن زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی پیران بۆ ئەمریکا ئەنجامێکی خراپی دەبێ تا ماوەیەکی دوور بەتایبەتی و بۆ سیستەمی جیهانیش بە گشتی. بەرپرسیارێتیەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان، دەوڵەتێکی مەزن ناتوانێ لە بەرپرسیارێتیەکان ڕابکا، ئەگەر ئەمڕۆش ڕابکا بەیانی بە شێوەی قەیران و کێشە دەگەڕێتەوە و بەرۆکی دەگرێ، بۆیە داوا لە ئەنجومەنی پیران دەکەم ئەم بڕیارەیان

هەڵوەشێننەوە بەر لەوەی بڵاوە بە کۆبوونەوەکەیان بکەن. من پێم وایە زیانێکی مەزن بە ئەمریکا دەگا.

بەراستی هەموشتێک کۆتایی هات. لە ٢٤ی کانونی یەکەم پردی ئاسمانی سۆڤیەتی بە خێراتر کارا کرایەوە، لە مانگی دووەمیشدا ئاستی هێزەکانی کوبی لە ئەنگۆلا دوو بەرانبەر بوونەوە. تەنانەت تا ئەوکات ٢٢ دەوڵەتی ئەفریقی ڕەتیان کردەوە دان بە ڕێکخراوی گەلەریی ڕزگاری ئەنگۆلا دا بنێن لە کۆنگرەی لوتکەیی ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقی ( OAU )لە ئەدیس ئەبابا، دە بیربکەوە ئەگەر ئێمە هاوسەنگی سەربازیمان پاراستبایە چ سەرکەوتنیکمان بەدەست دەهێنا. یەکێتی سۆڤیەت ئامادە نەبوو گفتوگۆ لەسەر ئەنگۆلا بکا. دوای ئەوە هێزەکانی کوبی بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لەوێ دەمێننەوە و لەوێشەوە بەرەو ئەسیوبیا و سۆمال و یەمەنی باشوور بڵاوە دەکەن. لەوێ دەرناچن تا ئیدارەی ڕیگان هەمواری کلارک هەڵنەوەشێنێتەوە، بەرنامەی نهێنی کە جیرالد فۆرد ئامادەی دەستبەرداری بوو بڵاو کردەوە.

## ٢٧

# دوایین سەردان بۆ مۆسکۆ

## کۆمەڵکوژی جەژنی هەموو دێرینەکان

زستانی ١٩٧٥-١٩٧٦ بۆ جیرالد فۆرد کاتێکی بە ئازار و ناخۆش بوو، هەرکە پایزی ١٩٧٥ دادێ هەست بەوە دەکا هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندی ئەودا نابن. لە سەرەتای کانونی دووەمی ١٩٧٦ لەگەڵ سەرکەوتنی ڕۆنالد ڕیگن وەکو ڕکابەری لە حزبی کۆماری ڕێژەی لایەنگرانی بۆ خوار ٥٠% دابەزی، فۆرد حزبێکی دابەش بووی دەبرد بەڕێوە، بەو هۆیەوە سەرکردەکانی بەلای پرۆسەی ئاشتیدا شکابوونەوە. خۆی لە دۆخێکدا بینیەوە کە گەلێک دەرفەتی لێ تالان کرابوو. چی لەگەڵ کۆنگرەی دیموکراسی بۆ چەپەکەی یا لەگەڵ ڕکابەری سەرەکیی لە حزبی کۆماری لە ڕاستەکەی.

ئەو ئالۆزیانەی لە ئەنجامی کارەکانی کۆنگرێسی جێبەجێکردنەوە دروست بوون زۆربەی جارەکان گلەییەکانیان دەخستنە سەر ڕاوێژکارە بێتواناکان. بەڵام ڕوونە کە ئەمە خەسلەتی ئیدارەی فۆرد نەبوە. زۆر بەکەمی کۆنگرێس ڕاوێژی دەکرد. وەکو مەزندە دەکرا لەگەڵ سەرۆکێک کە تەمەنکی درێژی لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەران بردۆتەسەر، بەڵام دەبایە فۆرد فێری ئەو وانە ئازار بەخشە ببێ کە خۆشیەکانیش سنوریان هەیە بەتایبەت کاتێک سنورەکان پەیوەندییان بە سنوردانان هەیە بۆ کۆنگرێس. سەرۆکێکی هەڵنەبژێردراو و ناسراو کە بێ دەوروبەرە یارمەتی مسۆگەر کردنی کورسیی پەراوێز دەدا. ئەوکات سەرۆک هەڵوێستی لاواز دەبێ لە بەرانبەر کۆنگرێس.

چـونکە ڤێتنـام و واتەرگێـت Watergate  دیاردەکـانی پەیوەنـدیی تاکیـان شێواندبوون. سێ مانـگ بەسـەر پشـتگیری فـۆرد تێنـاپەڕێ بـۆ سـوێندی سـەرۆکایەتی کاتێــک کۆنگرێســێکی نــویی لیبرالیســت لە ئەنجــامی واتەرگێــت Watergate هەڵـدەبژێرێ. ڕەنگـدانەوەی پێکهـاتەکەی کـاری کـردە سـەر ئەنجامەکـانی هەڵبژاردنـی ســەرۆکایەتی. بەڵام بەهــۆی ڕاپەرینەکــانی نــاوەخۆ حزبــی دیموکراســی دەرکەوت کە کۆنگرێس دژی سیاسەتەکانی فۆردە و لە سیاسەتەکانی جورج مـاک گفـرنەوە نـزیکە کە دەنگــدەران بەر لە دوو ســاڵ ڕســوایان کردبــوو. هەرچەنــدە سیاســەتی دەرەوە لە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس لە ١٩٧٤ نەخرابووە ڕوو. بەڵام کۆنگرێسـی مـاک گفرنـی نـوێ هاوکارییەکانی سەربازیی لە تورکیا و ڤێتنام و کەمبۆدیا بڕی. یاسایەکی داڕشت کۆتایی بە هەوڵەکـانی وەسـتاندنی دەسـتێوەردانی کوبـا و سـۆڤیەتی لە ئەنگـۆلا هێنـا. هەرکە حزبی کۆماری لە نیو خۆیدا دابەش ببـو، بـاڵی ڕاسـتی کە قەیرانەکـانی نـاوەخۆی تونـد کردبـوون، بەوەی زانــی کە دەرفەتــی ســەرکەوتنی هەیە بـۆ هەڵبژاردنەکـانی ١٩٧٦ بە کاندیدکردنی ڕۆناڵد ڕیگن. زۆر لەو وڵاتانەی ئامادە نین ڕەخنە لە ئەمریکا  بگـرن گـوایە سەرچاوەی شەڕە لە دونیا، کاردانەوەکانیان لە سەر زیانەکـانی لە ئەنجـامی ڕسـواکردنی هیندی چینی پێیان کەوتوە نیشـانەی نیشـتمان پەروەریە. ئەوەی مـایەی گـاڵتەپێکردنە ئەم بۆچــوونە لەلایەن پارێزگــارە نوێکــان هــان دەدرا کە ئۆردوگــای لیبرالیســتەکان خســتبویانە گەڕ هەر لە دژی لیبرالیســتەکان، بەشــێوەیەکی تــر دژی جیرالــد فــۆردی پارێزگــار، کە بە سەرســوورمانەوە خــۆی دەبینێــتەوە تۆمەتبــاری دەکەن بەوەی لە کۆمۆنیستەکان بە ئاگا نیە.

ئەمـانە هەموویـان بەشـدارین، بـۆ دروسـت کردنـی وێنەیەکـی سـاختە بـۆ بەلاواز نیشـاندانی سـەرۆک، لەولاشـەوە خـانەی نـاوەوەی ئیـدارە خـۆی خـواردەوە، کێشـە و ململانێکانی نویسنگە کە هیچ چارەسەرییەکی بۆ نەبوو، هەسـتێکی وای دەبەخشـی کە گـوایە دەسـەڵاتی سـەرۆک پەیتـا پەیتـا دەڕوخـێ. هەنـدێک لە فەرمـانبەران لە سـاڵی یەکەمی سەرۆکایەتی فۆردەوە خۆیان بۆ قۆناغی دوای فـۆرد ئامـادە دەکـرد. لەم جـۆرە یــارییە سیاســیانە کە هەمیشــە لە کۆتــایی خــولی ســەرۆکایەتیی دووەم ڕوو دەدا،

بەرپرسەکان خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەخنەکانی باڵی پارێزگاران و پاریزگارە نوێکان دەدزیەوە.

فۆرد ماوەیەک بوو چاودێری ململانێی نێوان من و شلیسنجەر، دواتر ڕامسفیلد و نیلسون، ڕوکفلەرو بیل سایمون دەکرد بێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکی هەبێ. فۆرد وەکو نیکسۆن هانی ململانیی ناوەخۆی نەدەدا، چونکە پێی وابوو وڵات پێویستی بە سەقامگیری هەیە. فۆرد هەوڵی دەدا ژەهری چێندراو لە دەوروبەری دوورخاتەوە، خۆی نەدەخزاندە نێو کێشەکان، حەزیشی لەوە نەبوو دەوروبەریشی لەو جۆرە کێشانە تێوە گلێنی.

ئەوەبوو سەرۆک ناچار دەبێ لە ١٩٧٥ چارەسەری کێشەی ڕەتکردنەوەی سۆڤیەتی بکا کە لەسەر مەرجەکانی کۆنگرێسی دابوو، مەرجەکانی کۆنگرێس تایبەت بوون بە پەیمانی بازرگانی و قەیرانی سنوردارکردنی پرچەک بوون و ڕووخانی هیندی چینی و ڕووداوی مایاگویز. لەگەڵ دانوستانە پڕکێشەکەی نێوان ئیسرائیل و میسر و لێکۆلینەوەکانی هەواڵگری لەسەر ئەنگۆلا، زۆرکەم لە سەرۆکەکان توانیویانە لە ماوەی ئاشتی ڕووبەڕووی ئەم جۆرە ڕکەگیریە ببن لە ساڵی یەکەمی حوکمرانیاندا.

لەگەڵ هاتنی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٥ واتە دوای چواردە مانگ لە دەست بەکاربوونیدا، هیچ بژاردەیەک لەبەردەم فۆردا نەمایەوە جگە لەوەی ڕوو لە سیاسەت بکا. بۆی دەرکەوت کە پێویستی بە تیمێکی یەکگرتووتر هەیە، داوای لە ڕۆکفلەر کرد خۆی بۆ جێگری سەرۆک کاندید نەکات لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٦. دواتر بومەلەرزەیەکی لە ئەنجومەنی وەزیرانی دا بە گۆڕینی شلیسنجەری وەزیری بەرگری لە شوێن ئەو سوپاسالاری کۆشکی سپیی دانا (دونالد ڕامسفیلد) بیل کولبیشی بە جورج بوش گۆڕیەوە کە ئەوکات سەرۆکی پەیوەندییەکانی ئەمریکا بوو لە پەکین. ئیلۆن ریچاردسونی بالوێزی ئەمریکا لە لەندەن کردە وەزیری بازرگانی، هەر لەم پرۆسە داوای لێکردم دەستبەرداری پۆستی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوایەتی بم کە ماوەیەک بوو من دەمبرد بەڕێوە تەنانەت دوای ئەوەی نیکسۆن لە ١٩٧٣ پۆستی وەزارەتی دەرەوەم

پێدەسپێرێ، پۆستی ئاژانس هەر لەدەست خۆم دەمێنێتەوە، لەو گۆڕانکارییە پێنج پۆستی وزاری دەستکاری کران.

ئەم ئاڵوگۆڕانە لەلایەن فۆرد ئەنجام دراون لەوکاتەی من لە گەشتێکی ئاسیایی دابووم لە ١٧ی تشرینی یەکەم تا ٢٤ی تشرینی یەکەم بۆ مەبەستی ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەی لوتکەی لەگەڵ سەرۆکی چین. کە دوای چوار هەفتە لەو مێژووە ئەو کۆبوونەوە دەبەسترا، بۆیە نە بەر لە سەفەرم نە لەکاتی ئەم ئاڵوگۆڕیە فۆرد ڕاوێژی پێ نەکردم ، بەهۆی ئەوەی پێی وایە ڕێکخستنەوەی ناوماڵی ئیدارەی ئەمریکایە. ئێوارەی ٢٥ی تشرینی یەکەم لە گەڕانەوەمدا بۆ واشنتۆن ، فۆرد من و ڕامسفیلدی بانگی کۆشکی سپی کرد بۆ پێراگەیاندنی گۆڕانکارییەکە، بەڵام بە ڕوونکردنەوەیەکی زۆر کەم.

دیمەنەکە زۆر سەیر و ناوازە بوو، سەرۆک لەسەر کورسیە هێزۆکیەکەی لەبەردەم ئاگردان دانیشتبوو لەبەرانبەردا دوو کورسی بۆ من و ڕامسفێلد. من نازانم ئەگەر ڕامسفیلد پێشتر هیچ زانیارییەکی هەبووبێ بەڵام بۆمن لەناکاو بوو ئەو زانیاریانە دیارە ئەو ئاڵوگۆڕە و هێنانە پێشی ئەو کەسانە کە هەمویان لە کێشی قورسی سیاسی بوون، دەکرێ کاندیدی سەرۆکایەتیش بن، لەکاتێکدا من بەناوبانگترین و سەرنج ڕاکێشترینیان بووم، ئەلبەت ئاساییە ململانێ لە نێوان چینی باڵا ڕووبدا بەڵام ئێمە گفتمان بەیەکتری دابوو کە لەگەڵ یەکتردا هاوکار بین، کاتێک دەست دەکرێ بە جێبەجێکردنی کارەکان سەنگی مەحاک دەردەکەوێ تاچەند پابەندی ئەو بڕیار و گفتە دەبن.

ئێستا قسە لەسەر ئەوەیە کێ شوێن من دەگرێتەوە لە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوایەتی، ڕامسفیلد ، ئارثەر هارتمانی پێشنیار کرد، ئەوکات یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بوو بۆ کاروباری ئەوروپا، لەوکاتەی بالوێزی ئەمریکا بووە لە ناتۆ برادەری ڕامسفێلدە. من ڕیزم هەیە بۆ هارتمان بەڵام پێم گونجاو نەبوو فەرمانبەرێکی خۆم ئەم شوێنە پڕکاتەوە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سەرۆکدا هەبی بۆیە من برینت سکوکروفتم پێشنیار کرد. چونکە توانای ئەو کەسە و لێهاتویی بۆ ئەو شوێنەم پێ گونجاو بوو، فۆرد بێدەنگیی هەلبژارد و ئەوکات هیچ بڕیارێکی نەدا بەڵام دواتر سکۆکرۆفت دەباتە ئەو شوێنە.

فـۆرد بـاجێکی مەزنیـدا بەوەی ویسـتی چارەسـەری ئەو ڕکابەریـانە بکـا کە ڕووبەڕووی دەبنەوە لە ڕێگەی لێدانی یەک مامۆستا.

ئەو ڕاوێژکارانەی ماوەی چوارده مانگ بیریان دەکردەوە تا ئەو کاندیدە هەلبژێرێ بۆ ئەو پۆستە هەستیارە کە لەرووی بیردۆزەوە گونجاوە بەڵام لەرووی پراکتیکی گونجاو نییە، من وەکو ئەوەی بروسک لێیان دابی لێیـان دەپرسم، دەبـێ کێبـێ ئەو ڕاپەڕینەی ئەنجام دابی کارتی کاندیدکردنی ڕوکفلەر لەمەیدان وەلانێ، بەر لە کەمتر لە شەش مانگ لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی.

هەندێک لە لایەنگرانی فۆرد پێیان گوتم: ڕیگانیش دەبـێ بکشـێتەوە، هەرچەنـدە من پسپۆری سیاسی نیم بەڵام پێچەوانەکەیم پێ ڕاستە. چونکە ڕیگـان و ڕاوێژکارەکـانی بڕیاری فۆرد بە ئاماژەی ترس دەزانن. ئەوان هەوڵـی سـەرۆکایەتی دەدەن نەک قوربـانی دان، وەلانـانی ڕۆکفـلەری ڕکابەریـان ، تـامی دەمـی پارێزگارەکـانی پـێ خـۆش دەبـێ ، لەهەمـان کاتیشـدا فـۆرد لە خـزمەت و توانـای کەسـێکی خـاوەن ئەزمـون بێـبەش دەکا..دەبێ کاردانەوەکەم دڵی ڕوکفلەری خۆ کردبی کە دۆسـتێکی دێـرینمە، تائێسـتاس هێنانەخواری ڕۆکفلەر منی توشی شۆککردووە و بە خراپترین بڕیارەکانی فۆردی دەزانم.

دوورخستنەوەی ڕۆکفلەر لە زیان بەولاوە هیچ سودێکی نەبوو، دواتر وا گـوترا کە ڕۆکفـلەر خـۆی دەسـتی لەکـار کێشـاوەتەوە، لە ئـابی ١٩٧٤ بە جێگـری سـەرۆک هـاتە ناوزەدکردن، کۆنگرەی حزبی دیموکراسی سوور نەبوو لە بەشـداری پێکردنـی ئەو کەسـە لە هەڵبژاردنەکـانی پـایز، لە ١٩ی کـانونی یەکەمـی ١٩٧٤لە پێنـاو جێگیرکردنـی وەکـو جێگـری سـەرۆک، ڕۆکفـلەر ڕووبەڕووی ئاشـکراکردنێکی وردی سـامان و سـەروەتەکانی دەکـرێتەوە. ئێسـتاش دوای ئەوەی دە مانـگ لەو پۆسـتە خـزمەت دەکـا دەڵـێن دەسـت لەکار دەکێشێتەوە، بەراستی سەیرە.

ڕۆکفلەر لەو ماوە باشترین خزمەتی کرد هیچ کاتێک نەمبینی بێزاری دەربڕێ لەو مـامەڵە نەگونجـاوەی لەگەڵیـدا دەکـرێ تەنـانەت ئامـادە نەبـوو لەسـەر پرسـی دەسـت لەکارکێشـانەوەش هـیچ بڵـێ تەنهـا حەزی لـێ نەبـوو ئەم باسـە بکـرێتەوە. زۆر بـاش

پشتگیری فۆردی دەکرد تەنانەت دوای دەرچونیشی لە پۆستەکە بە نیانی و ڕێزەوە دۆستایەتی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ فۆرد هێشتەوە.

پرۆسەی گۆڕانکاری. دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان نەگرتەوە. بۆ فۆرد باشتر بوو ئەو گۆڕانکارییە بە ماوەیەکی دوور ئەنجام بدا و بە یەک جار، ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە بەر لە چەند مانگێکی کەم لە هەڵبژاردن دیارە کە هەواڵگری پێویستی بە سەرۆکێکی نوێیە ئەویش دەبێ لێکۆڵینەوەکان ئەنجام بدا و بگاتە کۆتاییەکانی، فۆرد هەروەکو من بە هەڵوێستەکانی کۆلبی توشی هێتمە بوو لە بەڕێوەچوونی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا مەبەستی فۆرد لەو کۆکوژیە، زیاتر شلیسنجەر بووە، بەڵام چونکە ڕاوێژی پێم نەکردوە و منیش ئاگاداری ئەم بابەتە نیم بۆیە هۆکارەکەی نازانم، بەڵام ڕاوێژکاری سیاسیی کۆماری بریس هارلو دوای ڕووداوەکە پێی ڕاگەیاندم کە کارێکی مەترسیدارە تا هەڵبژاردنەکان کەسێک لە پۆستی وەزارەتی بەرگری بمێنیتەوە کە هەردەم هێرش دەکاتە سەر سیاسەتی دەرەوەی سەرۆک. هەندێک ئالۆزی لە نێوان من و شلیسنجەر هەبوون. بەڵام لە هەفتەکانی دوایی ئارام ببۆوە.

شلیسنجەر یەکێک بوو لەو کەمە کەسانەی سەرۆک لێیان ناڕەحەت بوو، بەڵام هۆکارە سەرەکیەکە ئەو ڕەخنە توندە بوو کە شلیسنجەر دۆستی دێرینی سەرۆکی گرتبووەوە ( جورج ماهون)، هەرچەندە ماهون وەکو سەرۆکی پێشینەکان بوو لە ئەنجومەن بڕی پێشینەکانی وەزارەتی بەرگریی بەرز کردبۆوە، فۆرد ئەمەی پێ باش بوو بۆ پاراستنی بەرنامەی بەرگریی، بەڵام کە سەیری سروشتی ڕەخنەکانی دەکرد پێی ئاسایی و گونجاو نەبوو.

داواکردنی بۆ دەست لەکارکێشانەوەم لە پۆستی ڕاوێژکاری بۆ من وەکو لێدانی دەرونی وابوو.

کاری وەزیری دەرەوە و یاریدەدەری سەرۆکی ڕاوێژکاری سەرۆک بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوایەتی هەردووکیان دوو پۆستی هەستیار و پڕ بایەخ بوون. پێویستیان بە توانا و وزەی تایبەتی هەبوو. هەماهەنگی و گونجان لە نێوان ئەم دوو پۆستە قورسە دواتر شێواز و سروشتی ئەرکەکانی هەردووکیان لەگەڵ یەک نایەنەوە، وەزیری دەرەوە

نوێنەرایەتی سیاسـەتی ئەمریکا دەکا ئەو بژاردەکـان تـاوتوێ دەکا و دەیخـاتە بەردەم سەرۆک لە کاتێکدا پۆسـتی دووەم  دەبـێ سـەرۆک گـوێ لە ڕاوێژکاریەکـانی بگـرێ ئەو ڕۆڵی میانگیری دەبینی دوور لە لایەنگری.

ئەگەر لە توانای کەسێکدا هەبێ ئەم دوو پۆستە لە یەک کاتـدا ببـا بەڕێـوە ئەوا بابەتەکە دەبێ لە ڕووی ئەکادیمییەوە بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە وڵاتێکی وەکـو ئەمریکا دۆخەکـان لە بـابەتی دیـاریکراو لەیەک نـزیکن، دیمەنەکـان بە دژی یەک نیشـان دەدرێن.

لە دیدی بیرۆکراسییەوە، بـۆمن خـۆش گـوزەران بـوو، چـونکە لە دۆخێکـی تـاک وێـنە ڕاگـاریم دەبـی، دانیشــە لە کۆبـوونەوە لەگەڵ فەرمـانبەران و لەسـەر بابەتەکـان مشتومڕ ئەنجام بـدە، دوای ئەوەی ئێسـتا لە نهۆمی حەگـوتەم لە کۆبـوونەوەی وەزاری تەواو دەبم .

بەڵام ئەم خەیـاڵانە هەمـووی دەڕوخـێن کاتێـک ڕووبەڕووی ڕکـابەری دەبیـتەوە، بەدڵنیایی دەرەنجامی گۆڕینی وەزیری بەرگـری دەردەکەوێ. لەو میـانە ڕامسـفیلد لەگەڵ من نیان و خۆشگوزەر بوو بەڵکو ململانێکەی بۆ دوای هەڵبژاردن هەڵگرتبێ.

نەخشـە دروسـتەکە بەم شـێوەیە بـوو، نیلسـۆن ڕوکفلـەر لە ٤ی تشـرینی دووەم خۆی لە کاندیدکردن بکێشێتەوە، دواتر گۆڕانکاری لە وەزارەتەکان ڕووبدا و بڵاوبکرێتەوە دوای ئەوەش دیســان گۆڕانکـاری دیـکە ئەنجـام بـدرێ، بەڵام هەڵەیەک لە ڕۆژژمێـرەکە ڕوویـدا، وێـڕای ناکۆکییەکـانی نـاوەخۆ و کێشــەکانی فـۆرد ئەم بڕیـارەی بەر لە یەکەم سەردانی ئەنوەر سادات بـۆ ئەمریکـا ڕاگەیانـد، یەکێـک لە وچانەکـانی لەم گەشـتەیدا لە جاکسوفیل بوو لە فلۆەیدا. کە فۆرد و سادات بڕیاریان دابوو نەخشەی قۆناغی دووەمـی سـتراتیژیەکانی ڕۆژهەلاتـی ناوەڕاسـت لە دۆخێکـی ئـارام لە نـاو یەکێـک لە باخچەکـانی برادەرێکی بکێشن.

ڕۆژی شەممە یەکی تشرینی دووەم لەوکـاتەی مـن و فـۆرد خۆمـان بـۆ سـەفەری جاکسون فیل ئامادە دەکرد، لە بروس فان فورستەوە بروسکەیەکمان بەدەست گەیشـت، (پەیـامنێری نیوزویـک) ئەوکـات پێـی زانیبـوو کە مـن لە ســەروبەندی دەرچـونم لە

پۆستەکەمدا وەکو ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوایەتی. دەڵێ گوایە سەرۆک لە گەشتی چینم بۆ ئامادەسازی بێزارە. لەگەڵ ناکۆکیەکانی نێوان من و شلیسنجەرو پێشخستنی دانوستانەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست... من ئەو هەواڵەم ڕەت کردەوە کە گوایە من متمانەی سەرۆکم لەدەست دابێ. بەڵام دانم بەوەدانا کە پۆستی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوایەتیم لەدەست نەماوە. ئەگەر نکۆلیم لە هەردووکیان بکردبا، ڕاستگۆییم لەدەست دەدا بۆیە یەکیانم ڕەت کردەوە ئەویتریانیش پشتڕاستکردەوە. بەڵام ڤان فۆرست شارەزایی زۆری هەبوو لەم پرسە بۆیە بە ئەسپایی لێی پرسیم ئاخۆ مەبەستمە دەست بەرداری پۆستی لوتکەی ئاسایشی نەتەوایەتی ببم. ئەوکات هەستم بە ووردبوونەوە کرد، هەر ئەودەم پەیوەندیم بە فۆردەوە کرد و ئەوەی بوو پێیم ڕاگەیاند، گوتم تەنها چەند کاتژمێرێکە و هەموویان بەم هەواڵە دەزانن، بەم شێوەیە ئیتر فۆرد بڕیاریدا گۆڕانکارییەکە ڕابگەیەنێ. لە ڕاستیشدا دەبوایە لە پشووی هەفتە ڕابگەیەندرابا بەر لەوەی نیوزویک ڕۆژی دووشەم لە ٣ی تشرینی دووەم دەربچێ.

بەیانیی ڕۆژی ٢ی تشرینی دووەم فۆرد هەریەک لە شلیسنجەر و کولبیی بانگی نووسینگەی کۆشکی سپی کرد و هەواڵەکەی پێڕاگەیاندن کە لە خزمەت دوورخراونەتەوە. ڕۆژی دواتریش ڕۆکفلەری کێشایەوە هەروەکو نەخشەی بۆ کێشرابوو. هەندێک لە ڕۆژنامەنوسان توانییان ئەم ڕووداوە بە ڕوداوی بوردنی نیکسۆن ببەستنەوە کە ئەویش ڕۆژی یەکشەممە ڕویدا.

کارەکە ڤیندارو تۆمەتدار بوو، بۆ ئەم کردەی، فۆردیان بەوە تۆمەتبار کرد کە هەڵە و ڕسواکاری زۆری کردووە.

لە ڕاستیدا من لە هەڵوێستمدا بەرانبەر بە شلیسنجەر دڵنیا بووم. بەڵام هیچ گومانێکم نەبوو لە ڕازیکردنی سەرۆک، کاتێکیش بەوەی زانی کە من بەشێک لەم کتابە بۆ ئەو پرسە تەرخان دەکەم لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٧ نامەیەکی بۆ نوسیم، گوتی پێموایە گۆڕانکارییەکانی کۆشکی سپی بە گۆڕینی شلیسنجەر و کولبی کارێکی ئەرێنی بوو، هەردووکیان متمانەی سەرۆکیان لەدەست دابوو هیچ ئەگەرێکی درێژەدانیان لە کارەکانیاندا نەبوو.

فۆرد بۆ ئەم پرۆسە باجێکی مەزنی دا چونکە من و شلیسنجەر بڕیارمان دابوو تا دوایین لە پشتی بەرنامەکانیدا بین تا ئەوکاتەی ڕیزەکانی بۆ یەک دەخەین و کێشەکان یەکلایی دەبنەوە، ئەوەی ئازاریدام دواتر، شلیسنجەر دوای دوورخستنەوەی لە کارەکانی پێی ڕاگەیاندم کە هاوڕابوو لە بەرنامەکەیدا، زۆریش بە ئابڕو و جوامێرییەوە خۆی لە هێرشکردنە سەر من دەپاراست:

کیسنجەر: زیانێکی مەزن بوو پەیوەندییەکانمان بەم دۆخە گەیشت، من پێم وابوو من و تۆ بە هەماهەنگی دەمانتوانی ئەم بارە هەڵگرین، بەڵکو تەنها من و تۆ..

شلیسنجەر: هنری من دەترسم ئەو ڕۆژە شتێک هەبووبی، ئەمرۆ یەکێک گوتی: هینری باشترین ئەقڵی هەیە بەڵام دەبێ وشیاربین لێی، من بە هەمان شێوە بەئاگام لێت، شتی خراپی زۆر لە دەورت دەخولێنەوە.

دوای تەواو بوونی پرۆسەکە، ئەوەی لەبەردەم فۆرد مابۆوە، پاککردنەوەی ئاسەوارەکانی بوو، ڕاستەوخۆ شلیسنجەر شوێنەکەی جێهێشت و ئەنجومەنی پیرانیش ڕامسفیلدیان پەسند کرد، کولبیش مایەوە تا ئەوکاتەی یەکێکیان بۆی دامەزراند. قۆناغەکان جیا بوون فۆرد داوای لێکردم بە بۆش بلێم ئاخۆ پۆستی CIA وەردەگرێ یان نا. لێرە دەمەوێ بۆش خۆی لەسەر ئەو بابەتە قسە بکا کە من لە پەکین بووم ئەم بروسکەم بەدەست گەیشت:

یەکەم/ دەمەوێ ئەگەر کاتتان هەبی لەگەڵ یەک یا دوو هاوڕێی خۆشەویست لەسەر ئەو بابەتە بدوێم.

دووەم/ من سیاسەت لە دەرەوەی ڕێکخستنەکانی خۆمدا نابینم، من ئەمە بە کۆتایی چارەنوسی سیاسی دەبینم.

سێیەم/ من لێرە لەم شوێنە ناتوانم، کە لە دووری نیوەی دونیام. خەسڵەتی دۆخی حالیحازر دیاری بکەم، سەبارەت بەم کارە نوێیە.

چوارەم/ دەمەوێ بە مسۆگەری ئەگەر کاتم هەبێ باش بیری لێ بکەمەوە.

هنری تۆ باوکم ناناسی، بەڵام سەرۆک دەیناسێ، باوکم هەندێک نەریت و خەسڵەتی لە نێو ناخی منداڵەکانیدا چاندووە من سودم لێی وەرگرتووە و خزمەتی

كردووم، يەكێك لەو نەريتانە، دەبێ مرۆڤ خزمەتی نيشتمان و سەرۆكی بكا. بۆيە ئەگەر ئەوەی داوام لێ كراوە سەرۆك دەيەوێ بيكەم، من دەلێم بەڵێ دەيكەم.

ئەگەر ئەمە بڕياری من بوايە من ئەمەم هەڵنەدەبژارد، بەڵام ئەوەی سەرۆك دەيەوێ من خزمەتی دەكەم. بڕوام بەوەش نيە ئەو كارەی ئەو پێم دەسپێرێ كاريكی قورسە، پرسی دڵيشم من چارەسەری دەكەم.

بەم شێوەيە خزمەتێكی جياوازی پێشكەش كرد بێ ئەوەی زيان بە ديد و بۆچوونی سەرۆك بگەيەنێ.

گوايە پرۆسەی گۆڕانكاری زوو بوو كاريكردە سەر پرسی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و دانوستانەكان، لە جياتی ئەمە هەندێك گفتوگۆی پچڕ پچڕ ئەنجامدران ، بەمجۆرە كاتێك فۆرد باسی گۆڕانكارييەكانی بۆ كرد سادات هيچی نەگوت و هيچ كاردانەوەشی نەبوو، بەڵام كاتێك ياوەری ساداتم كرد بۆ فرۆكەخانە، نقومی خەياڵ ببو، وەكو ئاسايی خۆی، لە ڕێگا كەم دواين، بەڵام كاتێك گەيشتينە ڕێگا قيرتاوەكە، گوتی من دەزانم نيازی دەست لەكاركێشانەوەت هەيە، ئەمە مەكە، فۆرد كەسێكی باشە پيويستيمان بە تۆيە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست .

بەراستی ئەوكات بيرم لە دەست لەكار كێشانەوە دەكردەوە، من ببومە ئامانجی هەموو ئەوانەی دژی فۆرد بوون.

دواجار ئامۆژگاری جيم كالاهانم وەرگرت كە دەست لە كار نەكێشمەوە .هانی دام خۆم تاقی بكەمەوە ئاخۆ تواناكانی داڕشتنم لاواز بووە يان نا، ئەمەش يەك ڕێگا هەبوو تيايدا تاقی بكەمەوە :

ياداشتێكی دەست لەكار كێشانەوەم بۆ سەرۆك نووسی بێ واژۆكردن. گوتم ئەگەر ئەمە يارمەتيت دەدا و ڕەخنەكانی دژ بەتۆ كەم دەكاتەوە ئەوا واژۆی لەسەر دەكەم.

فۆرد گوتی: جێی مەهێڵە، من پێويستيم بەتۆيە، بڕوام بەوەيە كە دەيكەين، بەم شێوەيە پرسەكە كۆتايی هات.

دەبــوایە مــن بــاجێکی گــران بــدەم لە دوورخســتنەوەی شلیســنجەر بەڵام بە شێوەیەکی جیا، هیچ کەسێک کاریگەریی نیە لەسەر پەرەپێدانی هزریی مـن جـگە لە د. فریتــز ج ا.کـریمەر نەبــێ کە کـۆچبەرێکی ئەلمـانییە، بەڵام بە پــێچەوانەی دۆخــی مـن، چونکە ئەو بە بژاردەی خۆی بۆتە کۆچبەر و ئـاوارە. ئەو کـوڕی فەرمـانبەرێکی بروسـی بوو، کەسێکی تێگەیشتوو بوو زیاتر لەوەی وروژێنەر بێت، خۆی بۆ پرسی خۆی تەرخان کردبوو، لەوە نەدەچوو سەربازێکی ئەمریکی بـێ. چـونکە پابەنـدی نەریتـی کۆنەپـارێزی بوو. بەڵام وابوو ئیتر، لە کاتی جەنگی دووەمی جیهـان چـاوم پێـی کەوتبـوو ئەوکـاتەی سەربازێکی سریەی ج بوو لە تیپی پیادەی ٨٤. جەنەڕاڵی فەرماندە توانای ئەو کەسەی لە چاوەکـانیەوە بەدی کردبـوو بـۆیە لە بەشـی هەواڵگـری دایمەزرانـد لە ج٢ بەیەکەوە دەردەچـوون ئەفسـەرێکی یەک ئەسـتێرە ئۆتـۆمبێلەکەی لێـدەخوری تـا گوتـاری سـەرنج ڕاکێش لەسەر ئەلمانیا و ئەوروپا بۆ سەربازەکان بدا، هەموو پێیەوە سەرسام بوون، ئەو وەکو گوتارخوێنێکی بەتوانا هانی نامە نووسینی دام، لە گوتارێکیدا بـایەخی پێـدام ئەو مامۆستام بوو، هەرکە تیپەکەی دەگاتە ئەوروپا کاری گواسـتنەوەی منـی بـۆ بەشـی ج٢ ڕێکخســت، زۆربەی کاتەکــان تیــپەکەی ئــێمە لە جەنگــدا بــوو بەڵام کــریمەر لە دواوە خەریکی گوتار نووسین بوو منی تەمەن ٢١ ساڵ لەگەڵ خۆی کۆدەکردمەوە.

خزمەتی واشـنتۆنم کۆتـایی بەو دۆسـتایەتییە هێنـا، کـریمەر وەکـو مامۆسـتایەکی پسپۆر، لەسەر بنەمای ڕاستیەکان دەزانـێ، هەرچـی مـنم وەکـو دروسـتکەری سیاسـەت ناچارم لەسەر بنەمای گریمانە و ئاورتە مامەڵە بکەم.

لەگەڵ بۆچوونەکانی کریمەردا بووم لەسەر مەترسیەکانی کۆمـۆنیزم بەڵام لە نێـو ئالۆزییەکان و خۆپیشاندانەکانی داواکردنی ئاشتی لە ڤێتنـام، پـێم وابـوو وڵات بەرگەی شەڕێکی دیکە ناگرێ، من هۆکاری پشت ستراتیژیەکەمانم ڕوون کردەوە لە ڕکابەریکردنی کۆمۆنیزم لەسەر سەکۆی ئاشتی، کریمەر دژی چارەسەری کێشـەی ڤێتنـام و دانوسـتان لەگەڵ سـۆڤیەتدا بـوو. ئەوکـات ئەو تـوێژەر بـوو لە پنتـاگۆن، شلیسـنجەر ئەوی ڕازی کردبـوو کە لەگەڵ بۆچوونەکانیـدایە، بـۆیە کاتێـک شلیسـنجەر دوور دەخـرێتەوە ئەو بە سوکایەتی بە خۆی ئەژمار دەکا و گوایە ئەمە دەستی منە وای کـردووە، ئەویـش بڕیـار

دەدا نەکا جارێکی دیکە قسەم لەگەڵدا. هەر لەسەر بڕیارەکەی مایەوە بەڵکو هەر بمێنێتەوە تا دوایی، بەڵام لەدەستدانی ئەم دۆستەم برینێکی قوڵ بوو بۆ من بە قوڵترین برینی سەردەمی خزمەتم دەزانم.

## تیپە نوێکە لەسەر کارە

لەو ماوەی کۆکوژی جەژنی دێرینەکانی لێ ڕوودرا. پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا جۆرێک لە شاشیی لێ وەدەرکەوت، تیایدا هەماهەنگی دوو ڕکابەری ئایدیۆلۆژی لە گۆی زەوی بەدی دەکرا. بەڵام بەهۆی توانای هەردووکیان لە کاولکردنی دونیا، بە پێکەوەژیانی ئاشتیانە حوکم دراون. بۆ ئەوەی بسەلمێنین یا لانی کەم ئەو دەستێوەردانەی سۆڤیەتی ڕاگرین کە نمونەی نیە لەوەتەی بەر لە ١٥ ساڵ دەستی لە کۆنگۆ وەردا، هەروەها هەوڵی تەواوکردنی دانوستانەکانمان دەدا بۆ ڕاگرتنی چەکی ستراتیژی کە لە فلادیفوستوک لەسەری ڕێککەوتین، دەمانەوێ بۆ دۆست و هاوپەیمانانمان بسەلمێنین کە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی وەکو دوا دەرمانی چارەسەرییەکانە نەک باشترین ستراتیژی، ئەمە پابەندییەکی ناخۆشە لەو ساڵەدا ڕوویدا، کە هێندی چینیی تێدا ڕوخا، جگە لەوەی برینەکانی واتەرگێت Watergate هێشتا نوێ بوون.

بەم شێوەیە سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوە و هاوکاری بەیەکەوە، لەگەڵ ڕکابەرێکی مەزن. بەرەنگاربوونەوەی لەبەردەم کۆمەڵگایەکی دیموکرات پێ قورس بوو ببێتە ڕێژەیەکی ڕوون بۆ سیاسەتی پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی، گوایە یارییەکی بە ڕەوشتە.

ڕاستییەکە لەو مانگە دەرکەوت کە کۆکوژی جەژنی دێرینەکانی لێ ڕوودرا، هەردوو حالەت: ئالۆزکردنی ئەو دبلۆماسیەت و مەودای بەرینیی. لە ٨ی تشرینی دووەم دۆبرینن نامەیەکی زارەکیی بریژنێفی گەیاندە فۆرد تیایدا دەڵێ:

(ئامادەیە کێشەی ساڵت لەسەر بنەمای سازشی هەردووکلا چارەسەر بکا) هەروەها پێشنیاری ئەوەیکرد کە من لە کانونی یەکەم لە مۆسکۆ بۆ ئەم مەبەستە چاوم پێی بکەوێ. لە ١٠ی تشرینی دووەم فۆرد وەڵامی دایەوە و بڕیاریدا من لە ١٨-١٩ی کانونی یەکەم سەردانێکی مۆسکۆ بکەم. بریژنێڤ لە ١٣ی تشرینی دووەم ڕەزامەندیی لەسەردا.

لە میانی ئەم نامە گۆڕینەوانە هێزەکانی کوبی و سۆڤیەتی دەگەنە ئەنگۆلا، ئایا بریژنیڤ ڕاستگۆ بوو لە چارەسەرکردنی پرسی ساڵت یا مەبەستی بوو پێشبرکێی هێزەکانی بۆ ئەنگۆلا بباتەوە، بە مسۆگەری هەردووکیانی دەکرد، پیاوانی دەوڵەت بە هاوشێوەی یاریکەرانی شەترنج هەوەستیان بە فرە بژاردەکردن دێت، دواتر چاوەڕوانی کاردانەوەی بەرانبەریان دەکەن.

لە ٩ی کانونی یەکەم کاتێک من و جیسکار دیستان لە بیرکردنەوەی ناردنی هێزی دەرەکی بووین بۆ ناو ئەنگۆلا بۆ بەرەنگاربوونەوەی کوبیەکان، هۆشداریمان دایە دوبرینن کە ئەوەی سۆڤیەت دەیکا لەگەڵ پەیوەندییەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت نایەتەوە، پێشنیاری ڕێکاری هاوبەشمان بۆیان کرد بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکانی ئەنگۆلا، هەر دوای دوو ڕۆژ ئیتر پردی ئاسمانی سۆڤیەتی وەستا و دووبارە کاری نەکردەوە تا هەمواری هاسای تونی دەکرێتەوە کە لەلایەن ئەنجومەنی پیران داڕشترابوو، لەو هەموار ئەمریکا مەیدانی جەنگ بۆ کوبیەکان جێدەهێڵێ، بەڵام هەر لەوکات بە دۆبرینینمان ڕاگەیاند کە ڕێککەوتنی ساڵت مەرج نیە ئەنجام بدرێ، چونکە دووبارە سەردانیەکەم بۆ مۆسکۆ یەک مانگ دواخرایەوە.

ئەگەر ڕێککەوتنی فلادیفوستوک وەکو کە بەرنامەی بۆ دانرابوو جێبەجێ کرابا، سۆڤیەتیەکان بەسەر ئەنگۆلادا پازیان دەدا؟

ئەگەر ناکۆکیەکانی ناوەخۆمان نەبوایە لەتوانایاندا بوو بەردەوام بن ؟ یا دوای گەیشتنی هێزەکانی کوبی لەگەڵمان دەکەوتنە ڕێککەوتنێک بۆ چارەسەری؟

دیارە هەرگیز مێژوو بۆ دواوە ناگەڕێتەوە، لام ڕوون بوو کە ئێمە لە تواناماندایە لە ڕێگەی دبلۆماسیەتی گشتیی پەیوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ورۆژئاواوە لە ئەنگۆلا

بگەيـنە ئەنجامێـك. چەپەكانمـان لە كـۆنگرێس سـوور بـوون لەسـەر بە فيرۆدانـى هەوڵەكانمـان لە ئەنگـۆلا، ئەوان بەرگريەكانمـان لاواز دەكەن بە بيـانوى جيـاكردنەوەى ساڵت لە پرسەكانى ديكە، لە كاتێكدا ناحەزە ڕاستڕەوەكانمان هەردووك شـێوازيان پـێ هەڵە بـوو، ڕووبەڕووبـوونەوە لە ئـەفريقيا و دانوسـتانەكانى كـۆنترۆڵكردنى چەك، ئەوان مەبەستيان بو لەگەڵ سۆڤيەت بكەوينە جەنـگ، بـێ ئەوەى ديـارى بـكەن بە پشـتيوانى كێ. دەبوايە لەم پرسە كۆنگرێسى ماكفوفرن يا نا. بەبەردەوامى داوايان دەكـرد كۆتـايى بە پرۆسـەى كـرانەوە بێنـين لەگەڵ يەكێتـى سـۆڤيەت، كـۆنگرێس هەمـوو سياسـەتەكنى ئێمەى پوچەڵ كردبۆوە جگە لە گوتار ڕەوانى نەبێ.

سەركردەكانى سۆڤيەتى ئەوەندە سۆزدار نەبوون، دەبوايە كاتێك سۆڤيەتييەكانى ئەنگۆلايان بەو ڕەوشە دەگەياند ئێمە دانوستانەكانمان بوەستاندبايە.

لە ئەنجامى گۆڕانكارييە وزاريەكە ئيدارە وا خۆى نيشـاندا وەكـو ئەوەى يەكريـزن لە پشت هەڵوێستێك ڕێككەوتون، لە نێو حكومەت دەنگۆى ئەوە بڵاوبۆوە گـوايە لادانـى شليسنجەر ئەوە دەگەيەنێ كە فۆرد نيازى وايە پێشوەچونێك لە دانوسـتانەكانى سـاڵت ئەنجام بدا، پێشنياريان كرد درێژە بە دانوستانەكانى فلاديفوسـتوك بـدرێ وەكـو ئەوەى ڕێككەوتنێكى دە ساڵييە. بەڵام مـن يەك لە پێـداگرييەكانم لەسـەر سـكالاى شليسـنجەر ڕوون دەكەمەوە. داواى جيمس ويدم كرد نوێنەرى وەزارەتى بەرگرى لە نێو گروپـى كـار لە ئاژانسى هەواڵگرى تا ياوەرم بێ لە سەفەرى مۆسكۆ، پێشنيارى هەماهەنگيم كـرد لە نێـوان ويـد و هـال سـونيفيلدت و بيـل هايلانـد لە سـتونى وەزارى بە جۆرێـك تـا كۆبوونەوەكانى ئەنجومەنى ئاسايشى نەتەوايەتى بايەخى نەمێنێ.

من پێشتر لە بەشەكانى ديـكە باسـى پرسـە سـەرەكيەكانم كـرد. كە تـايبەتە بە چەند كەسێكى ديار. بەڵام لە بەسەرچوونى كات مـرۆڤ دەتـوانێ لەبيـر خـۆى ببـاتەوە. لێرە دەمەوێ بەكورتى باسى لێوە بكەم، هەرچەندە خوێنەر دەتوانێ خۆى ئاسـودە بكـا و بە بازدانى تا ئەوكاتەى چيرۆكەكە خۆى دەست پێدەكا.

يەكێك لە پرسـەكان ڕۆكێتـى سـۆڤيەتى بـو كە نـاتۆ نـاوى نابوو(بەكفـاير) ئەمە فڕۆكەيەكـى لە دەنـگ خێراتـر بـوو بە ٣٧٠٠كـم كە بە زيـادەى يەك لەسـەر سـێى

ڕۆکێتەکنمان بوو ( ڕۆکێتی کشوەربڕ ب٥٢) پنتاگۆن ڕێککەوتنی فلادیفوستوکی پەسند نەکردبوو. بە پرسێکی ناوەخۆی دەزانی، بۆیە ئەم پرسەی لەگەڵ سۆڤیەت نەوروژاند. لەمەش زیاتر بەکفایری بەوە نەدایە ناساندن کە ڕۆژێک دادێ بۆ مەبەستی کشوەربڕی بەکار دێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەر دوای ڕێککەوتنی فلادیفوستوک دەنگی هاوار بەرز دەبێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆکێتی بەکفایەریش بخرێتە نیو کۆی ڕۆکێتە ستراتیژییەکانی سۆڤیەتی. بیانووەکە ئەوەبوو ، ئەگەر وزەی پێبدرێ ئەو ڕۆکێتانە دەگەنە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. هەر بە پێی ئەو پێشنیارە ڕۆکێتەکان دەتوانن بۆ کوبا بفڕن و لەوێشەوە هێرش بکەنە سەر ئەمریکا، لە گەرانەوەیاندا، دیارە کە سۆڤیەت لە توانایدایە ٤٠٠ ڕۆکێتی لەم جۆرە دروست بکا، ئەمەش کار دەکاتە سەر کەمکردنەوەی هێزی ستراتیژی سۆڤیەتی بە ڕێژەی ١٦%، کە لە دانوستانەکانی فلادیفوستوک گفتوگۆیان لەسەر کرا، سۆڤیەت ئەم پێشنیارەی بە جۆرێک لە فێڵەکانی پێشێلی ڕێککەوتن دەزانی.

ئەوان بیانویان بۆ دەهێنایەوە گوایە لە فلادیفوستۆک سازشی ئێمەیان قەبوڵ کردووە بۆ مسۆگەرکردنی کۆی هێزەکانمان بە هێزەکانی ستراتیژی فرەنسی و بەریتانی، جگە لە هێزەکانی ئەمریکیی خاوەن بنکەی پێشکەتوو لە ڕۆکێت و مووشەک کە هەمویان خاوەن توانای تایبەتیی بەرزن، زۆر بەرزتر لە بەکفایر.

لە ڕاستیدا من پێم وابوو پرسی ڕۆکێتی بەکفایر بۆ وەستاندنی دانوستانەکان دروستکراوە. خۆی لە فلادیفوستوک باس لە هەموو مووشەک و ڕۆکێتەکانی سۆڤیەتیی قورس کراوە و سنوریان بۆی دیاری کردووە، بەڵام ئەوەی ناونراوە بە مووشەکی بالستی، دەبێ ڕوون بکرێتەوە، دیاری بکرێ، بۆئەوەی ڕێگە بە سۆڤیەت نەدرێ ئاستی مووشەکەکانی مامناوەندیی زیاد بکا.

جگە لەمە، تەکنۆلۆژیا لە داهێنان و دروستکردنی چەکی پێشکەوتوو بەردەوام بوو، یەکێک لەو تەکنەلۆژیا نوێیە مووشەکی بەربەستی (کورز) ەکە لە ڕاستیدا خۆی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانە. لە ١٩٧٣ پنتاگۆن لە ترسی کورتهێنانی بودجە مەبەستی بوو ئەم مووشەکە لە بودجەی وەزارەتی بەرگری وەدەرنێ.

ئەوکات پرۆژەی هێزی ئاسمانی و ڕۆکێتی ب١ و ژێردەریا تریدنت ی تایبەت بە کەشتیگەلی دەریایی پێشینە بوو. پێشنیارێک بۆ نیکسۆن بەرز کرایەوە، تیایدا داوای لێکرا پنتاگۆن چاوپۆشی بکا تا بتوانرێ هاوسەنگی هێز بپارێزرێ. کەچی ڕۆکێتەکانی بەربەست بووە پرسێکی نوێ و کێشەیەکی تایبەتی لە دانوستانەکان. چونکە دوورهاوێژیی ئەم ڕۆکێتە نەدەزانرا بۆیە پرسەکە ئاڵۆز بوو.

دواجار هەموو برگەکانی ڕێککەوتنەکە پێویستیان بە لێکۆڵینەوەیەکی وورد بوو.

ئەم پرسانە لەسەر مێزی ئاسایشی نەتەوایەتی لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتی لێکۆلینەوەی لەسەر دەکرا. کە بریتی بوون لە دەستەیەک بە نوێنەرایەتی ئاژانسی تایبەت بەو پرسە لەسەر ئاستی ئەمینداری نهێنیی یاریدەدەر، بۆ پرسە گرنگەکانیش سەرۆکی ئیدارە ئامادە دەبوو.

پاش ئەوەی ڕوون بۆوە کە دوای کۆکوژی جەژنی دێرینەکان کێشەکان سوک دەبن، کرۆکی هەڵوێستەکان توندتر دەبن، هۆکارەکەشی ئەوەبوو کە دوا ڕێگری لە ساڵت تەکنیکی نەبوو، زۆربەی جارەکان پرسی تەکنیکی دەبووە بیانوی دژایەتیکردن: .

چونکە پرۆسەی ساڵت بەڵکو دیموکراسییەتەکانی ڕۆژئاوا دڵنیا دەکاتەوە.

ئەوانەی بڕوایان بەو بیرۆکە هەیە بایەخیان بە کەمکردنەوەی گرنگی دانوستانەکان دەدا. ڕیچارد بیرل یاریدەدەری جاکسۆنی سەرۆک، زیرەک بوو لە پەنابردن بە پێشێلییەکانی سۆڤیەتی و خستنەڕووی پرسی ئالۆز کە نەتوانرێ وەڵامیان بدرێتەوە، ئەمەش بووە مایەی دروستبوونی دۆخێکی نائارام.

یەکێک لەو ڕێگایانەی بە ڕووی کۆنترۆڵکردنی چەک دەوەستێتەوە دانانی پێوەری سەرکەوتن بوو. کە هەرگیز جێبەجێ ناکرێ. ئەمە یەکێک لەو پلانانە بوو کە دەبوایە بەهۆیەوە بتوانرێ دەسەڵات بەسەر ساڵتدا بچێ بۆ چارەسەری هەر کێشەیەکی ستراتیژی کە ڕووبەڕووی ئەمریکا دەبێتەوە لە ئەنجامی بڕیاری یەکلایەنەمان. بۆ ئەنجامدانی ئەم ئامانجەش سێ ڕێگا هەبوون:

١/ سێجاکردنی هێزەکانمان، بە مانەوەی هێزەکانی سۆڤیەتی لە ئاستی خۆیان.

٢/ کەمکردنەوەی هێزەکانی سۆڤیەتی سێجاری کە هەیە، لەگەل مانەوەی هێزەکانمان لە ئاستی خۆیاندا.

٣/ دووبارەکردنەوەی پەیکەری هێزەکانی سۆڤیەتی بە شێوەیەک لە هێزەکانمان بکا.

ئەم گرفتانە هەڵە مەزنەکەی نیکسۆنیان مەزنتر کرد لە دەستەبژێرکردنی ناسیاوانی بۆ ئیدارەی دووەمی، لە دوایین کاتەکانی ئیدارەی نیکسۆنا بە پیر پێشنیارەکانی هینری کیسنجەرەوە چووبوو، کە ئەوکات هیشتا هاوپەیمانی بوو، بۆ بژارکردنی کەسانی بەتوانا بۆ سەرۆکایەتی و کۆنترۆڵکردن و داماڵینی چەک لە ئەمریکا، من کەسەکانم دەناسی و کارم لەگەڵیاندا کردوە دید و بۆچوونەکانیان لە هی من نزیک بوون بەتایبەت لەسەر مەترسییەکانی یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام گونجاو بوون بۆ کارکردن لە پنتاگۆن، ئەوان لە بیرکردنەوەی پارێزگارە نوێکانەوە نزیک بوون، تا ئەوئاستە هاوڕابوون کە یەکێتی سۆڤیەت بە پەیکەری هێزەکانیدابێتەوە و دەستبەرداری ڕۆکێتی بەکفایر بێ یا ژمارەیان دیاری بکا.

کاری نووسینگەیی لە واشنتۆن لە ڕێگەی دەستاودەستی سەرکەوتوو دەبێ، سەرۆکیش بە لەبەرچاو گرتنی ڕاوبۆچوونەکان و لەیەک نزیککردنەوەیان دەتوانی هەڵوێستێکی مامناوەندی وەرگرێ، ئەگینا ناچار دەبێ یا ڕەزامەندی لەسەر کۆی بۆچوونەکان دەدا یا دەبێ وابێ کە دەبێ ببێ. کاتێک لەگەڵی ناکۆک دەبن، گۆشەگیر و پەراویز و دوور لە هاوڵاتیان، بێ تۆڕی پارێزبەندی.

ئەمە لە دوا کاتەکانی سەردەمی نیکسۆن و سەردەمی فۆرد لەسەر پرسی کۆنترۆڵکردنی چەک ڕوویدا، لە هەموو گفتوگۆکانی نووسینگەیی کاتێک لەسەر پرسی کۆنترۆڵکردن و داماڵینی چەک لە ئەمریکا گفوگۆ دەکرا خۆی بەلای ڕاسترەوەکانی پنتاگۆن دەشکاندەوە. وەزارەتی دەرەوە و ستونی دەستەی ئاسایشی نەتەوایەتی لە لایەنگرانی پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی چەک بوون بە پاساو و لە ڕوانگەی بنەمای جیوپۆلەتیکەوە. لەو دۆخانە سوپاگەرایی بە نەخشەسازی حالیحازرەوە لکابۆوە. کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی لە سیاسەتەوە گۆڕدرا بۆ زماندرێژیی بیروکراسی لەسەر سەرۆک. تەنها بە بڕیارێکی سەرۆک دەتوانرا لەو گرفتە ڕزگاربین کە

ڕێککەوتنەکە بەرەو پێش ببا. بە پشتیوانیی وەزیری بەرگری کە ئەمەش دیارە ڕامسفیل قەبوڵی ناکا. جا ئەمە یا ئەوەتا لەگەڵ ناوەرۆکی دانوستانەکان ڕێک نەبوو یا پێی وابوو لەم ساڵدا؛ ساڵی هەڵبژاردن، گەوجیە هەنگاوێکی لەم شێوە بهاویشترێ.

کۆبوونەوەکانی دەستەی لێکۆڵینەوە بەگەیشتنە هیچ بڕیارێک، کۆمەڵێک بژاردەیان خستنە بەردەم ئەو لیژنە، تاقە بژاردەش هەر ئەوەبوو بەکفایر بەبێ بەرانبەر سنوردار کەن. ئەمەش لە ڕەزامەندی وەزیری بەرگریدا بوو.

داوا لە سەرۆک کرابوو سەرۆکایەتی دانیشتنەکە بکا، ئەمەش نیمچە کۆڕێک بوو لەسەر چەکی ستراتیژی بۆیە چەند بیرۆکەیەک لە ئارادابوو نەک سیاسەت. ئەگەر فۆرد مەبەستی بوایە بژاردەیەکی دیکە بخاتە ڕوو ئەوا دەبوایە بیسەپێنێ.

بۆ دەرچوون لەو تەنگەژە من لە ٢٦ی تشرینی دووەم پێشنیارم کرد لیژنەکە بە سەرجەم بژاردەکاندا بچێتەوە، ڕامسفیلد لەسەر پێشنیارەکەم ڕازی بوو بەو مەرجەی ئەم پێداجوونەوە لە ئەوروپا و بە هەماهەنگی ناتۆ ئەنجام بدرێ. منیش پێشنیارم کرد لیژنەکە بچێتە ئەوروپا و لە ١١ی کانونی یەکەم کۆببێتەوە.

سەرەتا ڕامسفیلد ڕازی بوو بەڵام دواجار گوتی دەبێ کۆبوونەوەکە لە واشنتۆن ببەسترێ. بەهۆی ئەوەی دوای کۆبوونەوەی دەستەی لێکۆلینەوە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی دەبەسترا، بەو هۆیەوە ناکرێ کۆبوونەوەی مۆسکۆ بەر لە ٢١ی کانونی یەکەم ئەنجام بدرێ. ئەوەبوو سەرۆک لە کۆبوونەوەی ٩ی کانونی یەکەم بە دۆبریننی ڕاگەیاند کە ڕەفتارەکانی مۆسکۆ لە ئەنگۆلا پیادەی دەکا هەڕەشەن بۆ سەر پرۆسەی کرانەوە، هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو بۆیە ناچار دەبێ داوای دواخستنی کۆبوونەوەی مۆسکۆ بکا.

دواتر دەرکەوت کە بڕیارەکە کوشندە بوو، ئەگەر سەفەرەکەم ئەنجام بدرابا دەکەگوتە بەر لە دەنگدانەکەی (هەمواری تونی) کە لە نیازمدا بوو داوا لە برژنێف بکەم کۆتایی بە پردی ئاسمانی بێنێ لە ئەنگۆلا و داواش لە یەکێتی ئەفریقیا بکەم هێزەکانی بێگانە لە ئەنگۆلا وەدەرنێن بەتایبەتی هێزەکانی کوبی و سۆڤیەتی، بە پێی یاداشتی

سۆڤیەت لە ١٨ی کانونی یەکەم، پێدەچوو دەرفەتی ئاشتەوایی یا لانیکەم گەیشتن بە ڕێککەوتنێک ڕەخسابێ.

جێگای داخە لەوکاتەی من پلانی سەفەرم دادەڕێژا بۆ مۆسکۆ کۆنگرێس یاسای (هەمواری تونی)ی دادەڕشت کە خالێکیان لەناودا دان بە خەسڵەتی سەرکەوتن لە ئەنگۆلا نانێ.

بە سەرکەوتنی هێزەکانی کوبی و سۆڤیەتی لە ئەنگۆلا ڕێچکەی جیۆپۆلەتیکی ساڵت بوونی نەما. یاسای (هەمواری تونی) تەنها حوکمی لەناوبردنی لەسەر ئەنگۆلا نەدا بەڵکو ئاماژەی سەرکەوتنیش بوو بۆ ئەوانەی هەوڵی هەلوەشاندنەوەی سیاسەتەکانمان دەدەن، سیاسەتی ڕۆژهەلات — ڕۆژئاوا. ئەوان بە خولقاندنی ئەم جۆرە دۆخانە باری سایکیۆلۆژیی تایبەت بە دانوستانەکانی کرملێنیان لەناو برد.

دواخستنەکە خزمەتی پەیوەندییەکانی ناوەخۆمانی نەکرد کەتایبەت بوو بە ساڵت. ئەو بەیانییەی دەبوایە سەفەری مۆسکۆ بکەم کۆبوونەوەیەکی دوو کاتژمێری دەبوایە لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی بکەم تا هەڵوێستێکی فەرمی وەرگرم. فۆرد پرسەکەی لە نێوان گومان و بڕوا یەکلایی کردەوە کاتێک لەبەردەم هاورێیانم گوتاری بۆ دام:

( تۆ دەچیتە ئەوێ. نەک بۆ ئەوەی تێبکەوی. بەڵکو بۆ ڕێککەوتن دەچی. گەشتەکەت دەبێ بکرێ و ئارەزوومەندیشە. هیچ گومانێک لەوەدا نییە، ڕێکنەکەوتنیش ناخۆشترین گریمانەیە)

بژرادە و هێڵە پانەکانی سەرۆک ئەوە نەبوون ببنە بابەتی دانیشتنەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی ، دیارە کە پنتاگۆنیش بژاردەی ٤ی لا پەسندە و لەسەر ئەوە وەستاوە بەکفایەر بکرێتە مووشەکێکی ستراتیژی. بۆ ئەوەی نەختێک نیانی بنوێنرێ بژاردەی ٤ی دەستنیشان کرد کە دەرفەتێک بە یەکێتی سۆڤیەت دەدا کە باکفایر ئەو کاتە دروست کراوە کۆتایی بە ڕێککەوتنی سالتی کاتی هاتووە لە ١٩٧٧ کە ١٠٠ تا ١٢٠ مووشەکی لێ دروست بکرێ، دواجار دەرکەوت کە بژاردەی ٣ کە لە ماوەی ڕێککەوتنی پێنج ساڵیی ١٩٨٢ هەڵدەسەنگێندرا.

فۆرد بڕیاری دا هەموو بژاردەکان لەبەردەستدا بن، دواتر ڕێنماییم بۆهات کە بژاردەی ٣ یەکەم جار بێ دواتر بژاردەی ٤ی هەموارکراو بێت، ئەگەر هەردووکیان ڕەت کرانەوە کە من چاوەڕوانی ئەمەم دەکرد، ئەوا بژاردەی ٣ هەڵبژێرین بەڵام دوای ئەوەی ڕاوێژ بە واشنتۆن دەکەین، فۆرد بڕیارەکەی بەم شێوەیە دارشت:

پاش ئەوەی هنری ڕۆژی چوارشەم لەسەر بژاردەی ٤ و بژاردەی ٤ی هەموارکراوی دانوستان دەکا، لەسەر هەڵوێست و کاردانەوەکانیان هەستێکی لا دروست دەبێ. ئێوارەی چوارشەمە بە کاتی ئێمە پەیوەندیم لەگەڵدا دەکا. منیش لەسەر بنەمای ئەو ڕێنماییانە لەگەڵ بیل کلیمنتز و ئەمیرال هولوی و فرید ئیکل و بیل کولبی کۆدەبمەوە تا لەسەر ناوەڕۆکی ئەو پەیوەندییە گفتوگۆ بکەین، دوای ئەو گفتوگۆیە مەزندەی ئەوە دەکەم بچینە سەر بژاردەی ٣.

پێم وایە سودمەند دەبێ ئەگەر بتوانین بریژنیف بە کەمکردنەوەی ڕێژەی ستراتیژیەت بۆ ٢٣٠٠ ڕازی بکەین. بە پێی ئەوەی کە گوایە سەرۆک گوتویەتی جەنەڕاڵ براون کە لەوێ بووە و ڕەتی نەکردۆتەوە گوایە ڕەزامەندیی لەسەر هاوسەنگی ٣٠٠و٤٠٠ ی باکفایر و هەمان ژمارەی مووشەکی کروزی سەرپشتی کەشتی داوە ببنە مامەڵەیەکی بەسود.

ئەزمونێکی بێ ئابڕو بوو، من لە ماوەی حەوت ساڵ بەناوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دانوستانم کردووە و ئازادی خۆمم تیا بەکارهێناوە لە وەرگرتنی بڕیارەکانمدا بەپێی ئەو پێوەرانەی سەرۆک دەیخستنە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی، گواستنەوەمان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک دەبێتە کارێکی ئابڕوبەری، ئەم جۆرە تەکتیکانە بە دڵنیایی دەمانگەیەنێتە ڕێگایەکی داخراو، چونکە لایەنی دووەم تامەزرۆ دەبی بۆئەوەی بزانێ لە برگەی دووەم چی دەبێ و چی بەدوا دادێ، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی گرفت لەبەردەم دانوستانەکە.

هەروەها هیچکاتێک داوام لێ نەکراوە بەر لە پێشکەشکردنی بژاردەکانی کە سەرۆک ڕەزامەندیی لەسەر داوە من ڕاپۆرت پێشکەش کەم. ئەمە منی بە لاواز نیشاندا

لە مۆسکۆ وەکو ئەوەی لەگەڵ واشنتۆن پچڕابم، لەگەڵ ئەوەی بژاردەی ٤ ڕواڵەتی نەبوو کە ماوەی پێنج مانگ بوو خستبومانە ڕوو.

کورتهێنان لە جێبەجێکردنی بۆمن دەبێتە شکست و جێی گلەیی و سەرزەنشتی کردن و لاوازبوونم لە مۆسکۆ چونکە بیرۆی سیاسیان دەبینن کە من ئازاد نیم لە بژاردەکان ڕۆڵی من تەنها دەبێتە ڕۆڵی نێرەر.

بەکارهێنانەکە نمونەیەکی جوان بوو لە یاریەکی ناوەخۆی ناوچەی پشدێن. لە جیاتی ئەوەی لە دانوستان بەهێزم کەن، کردەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی بووە پاڵتۆیەکی لاواز لەبەرمدا. هیچ بژاردەیەکم لەدەست نەمایەوە جگە لە دەست لەکارکێشانەوە یا بەردەوام بوون نەبێ.

چونکە بەر لە چەند ڕۆژێک من پەیمانم بە فۆرد دابوو ئەو ماوەی ماوە لەگەڵی بەردەوام دەبم، بۆیە لە ڕۆژی ١٩ی کانونی دووەم١٩٧٦ بەرەو مۆسکۆ بۆی دەرچووم، بەهەمان هەستی مەترسیدار، نە دۆخی نێودەوڵەتی نە دۆخی ناوەخۆ لەوە خراپتر نەدەبوون.

# کۆتایی دانوستانەکانی ڕۆژهەڵات — ڕۆژئاوا

ئەوکات سەردانیکردنی مۆسکۆ بە پێوەری پرۆتۆکۆلی ئەنجام دەدرا، پسپۆری بەتوانا ئەندرێ گرۆمیکۆ لە فرۆکەخانە پێشوازیی لە گروپەکەم دەکرد و بەرەو میوانخانەی ڕۆژئاوای شاری دەبردن، لە نزیک زانکۆی مۆسکۆ، بەدەم ڕێگاوە ئاڵوگۆڕی بیرۆکەکانمان دەکرد. لەم میانە گرۆمیکۆ گوتی باکفایر لەلای بریژنیف بۆتە پرسێکی گرنگ چونکە بریژنیف لە فلادیفوستوک مووشەک و ڕۆکێتەکانی بنکەکانمان ئازادکردن، چۆنی جوڵە بکەن یا داوای سازش لە ئێمە بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بریژنێف شتێکی نوێی لایە دەیەوێ بیڵێ، بەڵکو ڕێگا داخراوەکان دەکاتەوە.

لە ٢١ی کانونی دووەم لە نووسینگەی خۆی کە لە شێوەی ئەشکەوتێک دەچوو بریژنێف پێشوازیی لێکردین، سەرەتا میدیاکارەکان دێنە ژوورەوە، دواتر بریژنیف خۆی و تیپی دانوسانکاری دێن، لە نێویاندا میخائیل کوزولوف بوو جێگری یەکەمی سوپاسالاری سۆڤیەتی، بریژنیف قاتێکی شینی جوانی لەبەردا بوو، چوار مەدالیای پێوە هەلواسرابو، وەکو پاڵەوانی یەکێتی سۆڤیەتی و کاری سۆشیالیزمی پێیان ناساندین، هەڵگری پاداشتی لینین بۆ ئاشتی و پاداشتی جولیوت-کوری.

لەگەڵ چوونی شاندی ئەمریکی بریژنیف ویستی کەش و هەوایەکی خۆشگوزەر بخولقێنێ، یەکێک لە ڕۆژنامەنووسان بەم پرسیارە دەستی پێکرد، ئەگەر گفتوگۆکە گرەو لەسەر پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا دەکەن لە ماوەی ویلایەتی فۆردی داهاتوو:

- ڕۆژنامەنووس: ئایا ئەنگۆلا لە نێو بابەتەکانە؟
- بریژنێف: هیچ پرسیارێک لەسەر ئەنگۆلا نیە، ئەنگۆلا وڵاتی من نییە.
- گرۆمیکۆ: هەمیشە خشتەی بەرنامەکان بە ڕێککەوتنی هاوبەش ئەنجام دەدرێ.

- کیسنجەر: کەوابێ من گفتوگۆی ئەم بابەتە دەکەم.
- بریژنیف:تۆ لەگەڵ سونینفیلدت گفتوگۆ دەکەیت.

بریژنیـف دەیتـوانی وەڵامێکـی کلاسـیکیی بـداتەوە، بڵـێ هەر لایەنەو ئـازادە چ بابەتێک بخاتە ڕوو بۆ گفتوگۆ. دواتر کە وێنەگر و ڕۆژنامەنوسەکان هۆڵەکە جێ دەهێڵن بریژنێڤ دانیشـتنەکە دەکـاتەوە، پێـدەچوو مشـتومڕەکانی لە بیـر چـوبێتەوە کە لەسـەر گرێکوێری پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت کردمان، گوتی:

( د.کیسنجەر هەڵە نابم ئەگەر بلـێم تـۆ زۆر بـاش دەزانـی کە یەکێتـی سۆڤیەت وەکو حکومەت و وەکو حزب و منیش)، بەهـۆی پەیوەنـدییەکانمانەوە کە لە پەیوەنـدیی کاری ڕاسەقینە دەچن لەگەڵ ئەمریکا لەسەر ئاستێکی بەرین لە هەموو پرسەکان، دواتـر من نازانم هۆکاری پێشکەشکردنی ناڕەزایی و پێشنیاری ئالۆز چییە. بەمشـێوە بریژنیـڤ ئەوەی لەبەردەم ڕۆژنامەنوسەکان گوتی لێی پاشگەز بۆوە:

د، هنری ئەمە یەکەم دانیشتنمان نییە، دواتـر نەریتێکـی جـون هەیە کە لە مێـژە پیادەی دەکەین ئەویش خستنەڕووی هەموو پرسەکان بە ڕاشکاوی، ئێسـتا مـن دەمەوێ پێشنیار بکەم ئەمرۆ هەموو ئەو پرسانە گفتوگۆیان لەسـەر بکەیـن کە مەبەسـتمانە ، بە هەمان ڕۆحیەت.

ئەگەر بریژنیف ئەمەی لەبەردەم ڕۆژنامەنوسەکان بوتایە زۆر باشتر دەبوو. وەڵامی من دووپاتکردنەوەی تێبینیەکانی فۆرد بوو لەسـەر ڕێککەوتنـی سـاڵت، بەڵام بەر لەوەی بچینە سەر چەکی ستراتیژی، بە هۆشدارییەکی توند ئەمەم لەسەر ئەنگۆلا گوت:

بۆ ئێمە مایەی قەبوڵکردن نیـیە، لایەنێکـی ئەلتەرنـاتیفی نیـوەی ڕۆژئـاوای دونیـا هەڵسـێ بە داگیرکردنـی ئـەفریقیا. سـەرباری ئەمە هاوکاریەکـانی یەکێتـی سـۆڤیەت بـۆ هێزەکانی کوبی پاشخانیان هەیە دەبێ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێگریـی لێبکـا. یەکێک لە بنەماکانمان کە کردومانەتە بەرنامەی کاری هاوبەش ئەوەیە هێزەکانی مەزنـی دونیا دەبی پیادەی کۆنترۆڵی بکەن نەک هەوڵبدەن بۆ بەرژەوەنـدیی تـاک لایەنە. ئەگەر

دەستبەرداری ئەم بنەمایە بن ئەوا زنجیرەیەک لە کردە و کاردانەوەی ناخۆشمان دەبێ تا دەگەینە ئەنجامێکی نەخواستراو.

جارێکی دیکە، بە شێوەیەکی دیکە لە خۆهێنانوبردن، بریژنێڤ نارەزایی دەربڕی لەوەی یەکێتی سۆڤیەت تەنها بە چەک هاوکاری بزوتنەوەکانی دۆستی کردوە، ئەمەش هۆکارێک نیە بۆ ئەوەی کاغەزی ڕێککەوتنی فلادیفوستوک بدڕێن، مشتومڕەکە بە هۆشدارییەکی دیکە هات بۆ هەستی سەرەڕۆیی.

( دەبێ بەڕاشکاوی پێتان بڵێم، هێزەکانی کوبی بە چەکی سۆڤیەتی چونەتە ناو ئەنگۆلا، ئەمەش پرسێکی تا بلێی مەترسیدارە. هەروەها ڕازیم لەسەر ئەوەی دەبێ ئامادە بین بۆ کارکردن لەسەر چەکی ستراتیژی. ماوەی پێێج ساڵ کارمان لەسەر ئەو پرسە کردووە، ئێمە کار دەکەین بۆ تەواوکردنی کارەکانی فلادیفوستوک، کە پێمان وایە کارتەکەی نەدڕاوە.)

بەم شێوەیەیە چوینە سەر ئەو بابەتەی کە بۆی هاتبوومە مۆسکۆ، وەکو ڕێنما بژاردەی ٤ م خستەڕوو، هەروەکو پێشبینیم دەکرد بریژنیڤ ڕەتی دەکاتەوە، چونکە ئەم پرسە برگەی زۆر بوو کاتێکی زۆری دەویست بۆ گفتوگۆ، سێ کاتژمێری برد، سەبارەت بە بەکفایر، بریژنیڤ گوتی کە تیشکی جوڵەی (نیو بازنەی) نزیکەی ٢٢٠٠کم یا ١٤٠٠ میلە، داوای کرد ڕەزامەندی لەسەر گۆڕینی تایبەتمەندی فرۆکە و ماوەی بڕینی نەدرێت لەو ڕێککەوتنە. پێشکەوتنێکی باش لە بابەتی کۆمەڵەی چەک بەدەست هات کە پێشتر لە فلادیفوستوک گفتوگۆمان لەسەری کردبوو. هەروەها لەسەر مووشەکی قورس وچەند پرسێکی دیکە ڕێککەوتن بەدەست هات.

دواجار لە کۆتایی ڕۆژی یەکەم، گەیشتینە ئەو خاڵەی کە بتوانین لێیەوە دەست پێبکەین. توانیمان لە کاردانەوەی یەکێتی سۆڤیەت بگەین لەسەر بژاردەی ٤و ئەلتەرناتیفی.

ئێستا ئەو کاتە هاتووە هەنگاوی داهاتوو بخەینەڕوو کە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی بیرمان لێی دەکردەوە. داوامکرد ڕێگە بدەن هەنگاوی ٣ واتە هاوتاکردنی

٣٠٠ بەکفایر بە ٣٧٥ مووشەکی کرۆز، ئەمە لە کاتێکدا من لە هیچ دانوستانێکم لەگەڵ سۆڤیەتییەکان بەم شێوەیە ناچار نەکراوم بڵێم پێویستیم بە ڕاوێژ هەیە لەگەڵ واشنتۆن، کەچی بژاردەی ژمارە ٣هیچی شاراوە و نەزانراوی تیا نەبوو. تەنها شەش کاتژمێریش لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆمان کردووە.

لەو ئاماژانەی لە واشنتۆنەوە بۆمان هاتن ئەوەیان لێ بەدی دەکرا کە لە ماوەی ٤٨ کاتژمێری دوای سەردانییەکەمان بیروکراسییەتی نوێ سەری هەڵداوە. من ڕێنماییم بەدەست نەگەیشت بەڵکو قومبەلەم بەدەست گەیشت، لەجیاتی پەسندکردنەکەی پێشتر بەدەست فۆرد گەیشت ئەمجارەیان گۆڕانێکی سەرتاپایی لەو ٤٨ کاتژمێرە بەدەست فۆرد گەیشت سەبارەت بە هەڵوێستیان لە هەنگاوی ٣.

کرۆکی بژاردەی ٣ بریتی بوو لە ٣٠٠ باکفایەر و سەکۆی مووشەکی کروز بۆ ٣٧٥ مووشەک لەسەر پشتی ٢٥ کەشتی لە ڕێککەوتنێکی کاتی بۆ ماوەی ٥ ساڵ لە ١٩٧٧ ەوە. ئەمە زۆر ئێمەی سنوردار نەدەکرد چونکە مەبەستمان نەبوو مووشەکی کرۆز بەر لە ١٩٨٠ بڵاوەیان پێبکەین.

بەهەرحاڵ ئەو ئاماژانەی لە واشنتۆنەوە دەگەیشتن ئەوەیان دەگەیاندن کە پنتاگۆن ئەو بایەخەی بە مووشەکی کرۆز دەدا ئەوە نەماوە، لەگەڵ ئەوەی کە جەنەڕاڵ براون سوپاسالار لەم ڕووەوە وەڵامی فۆردی دابۆوە کە لە کۆبوونەوەی ١٩ ی کانونی دووەم لێی پرسی بوو:

فۆرد: لە ڕووی پراکتیکیەوە چەند کەشتی سەرئاو ئێستا دەبێ لەگەڵ مووشەکەکان بڵاوبکەیتەوە؟

براون: ئێستا لە ٢٠٠ کەشتی زیاتر لە تواناماندا نیە بۆ ئەو مووشەکانە تەرخان بکەین.

ئێستاش دوای ٤٨ کاتژمێر کودەتایەک ڕووی داوە، سەرۆکی ئۆپەراسیۆنی دەریاوانی. ئەمیرال جیمس هولوی، کە سوپاسالاری هاوبەشە لە جیاتی جەنەڕاڵ براون،

نکۆڵی لەوەکرد هیچ بایەخێک بە مووشەکی کرۆز بدرێ کە لەسەر پشتی کەشتدیەکان دەتەقێندرێ، هەروەکو هولوی دەڵێ واپێدەچێ دەریاوان دژی هەر ڕێککەوتنیک بێ بە ۳۷۵ مووشەک دیاری بکرێ، چونکە نەخشەی بۆ دروستکردنی ئەو ژمارە نەکێشاوە، بۆیە بژاردەی۳ یان بە سۆڤیەت دا کە ۳۰۰ باکفایەرە بەرانبەر بە هیچ، سکۆکرۆفت لە ڕاپۆرتەکەیدا دەنووسێ:

ئێستا لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی تەواو بووم کە دوو کاتژمێری خایاند. کۆبوونەوەیەکی سەیر بوو ناتوانم باسی بکەم، سەرۆک لە گوتەکەیدا باسی پێگەی ئێمەی کرد، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر سازشیدەکانی یەکێتی سۆڤیەت و چۆنیەتی مامەڵەکردنمان لەگەڵ مووشەکی باکفایەر و کرۆز، ئەوکات هولوی دەپرسێ، بەرنامە چی بوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مووشەکی کروزی سەرپشتی کەشتیەکان؟

هولوی لەوکاتە تێبینیەک لەسەر مامەڵەکە دەدا وەکو ئەوەی بڕوای پێ نەبێ، چۆن مووشەکی باکفایەر هاوتا کراوە لەگەڵ مووشەکی کرۆزی سەر پشتی کەشتی، پەلاری لەسەر لێدا وەکو ئەوەی ئەمریکا بەرنامەی نییە بۆ دروستکردنی مووشەکی کرۆزی سەرپشتی کەشتدیەکان، هێزی دەریاوانی بە هزری خۆیدا، ژێردەریای داناوە بۆ بەکارهێنانی تەقاندنی مووشەکی کرۆز. یەکەم سەرمایەی تەرخانکراو بۆ پەرەپێدانی مووشەکی کروز تا بودجەی ساڵی ۱۹۷۸ تەرخان نەکراوە.

لە ئەنجامی هاندانێکی زۆر لەلایەن جێگری وەزارەتی بەرگری (کلیمەنتز) دانی بەوەدانا کە دەتوانرێ ژمارەکە بگەیەندرێتە ۱۵ کەشتی ئەگەر تەوەرەکانی جۆری سبراونس دوبارە نوژەن بکرێنەوە.

دوای کۆبوونەوە سەرۆک زۆر تووڕە خۆی دەرکەوت، من هەرگیز سەرۆکم وا بە تووڕەیی نەبینیوە. تووڕەییەکەی لە هەڵوێستە جیاوازەکانی وەزراتی بەرگردیەوە بوو، گوتی ڕامسفیلد براون خۆیان کاتێک لە ڕێککەوتنی ساڵت سەرکەوتوو نەبوون داوای هاوکاری و گوژمەی زیاتریا دەکرد، ئەوان تووڕەبوون و بەرەو سەنتەری کینیدی دەچوون. ئەمە کارەساتە بەڕاستی من خۆم نازانم ئێمە لە کوێین. بەڵام من دەمزانی ئێمە لە

کوێین، دەبوایە لە ماوەی چەند کاتژمێرێکی دیکە چاوم بە بریژنیف بکەوێ بێ ئەوەی هیچ ڕێنماییەکی بڕاردەی ٣ م لەدەستدا بێ، ئەو بروسکەی کە ناردبومان وەکو هێورکردنەوەیەکی دەرونیم:

ئێستا ڕاپۆرتەکەتم لەسەر کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی خوێندەوە. هەندێک خاڵ هەن جەنابی سەرۆک دەمەوێ لەسەریان سووربم، یەکەم ئەوەیە ئێمە ئامادەکاریمان کردبوو بۆ دوو کۆبوونەوەی دەستەی لێکۆڵینەوە و چوار لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی لەسەر بڕاردەکانی پێشکەشم کردبوو ڕێککەوتین.

دووەمیان، لەسەر داوا و پێداگری گروپی بەرگری، سەرۆک ڕەزامەندیی دابوو کە بڕاردەی ٤ گەمارۆ بخاتەسەر مووشەکی کرۆز ئەوانەی لەسەر پشتی ژێرئاوەکان دەهاوێژرێن بە دووری ٦٠٠ کم ، ئەمە بە دەستنوس دراوەتە سۆڤیەت، بۆیە وابە ئاسانی ناتوانین خۆمانی لێ بشارینەوە.

سێیەم، سەرۆک ڕەزامەندیی لەسەر بڕاردەی ٣ دابوو وەکو یەدەگ، لە نێویاندا ژمارەی باکفایرەکانی سەر پشتی کەشتی.

لەنێو ئەم دۆخە لە ٢٢ی کانونی دووەم ١٩٧٦کۆبوونەوەم لەگەڵ بریژنیف ئەنجامدا کە ماوەی ٣،٣٠ کاتژمێری خایاند، یەکێک بوو لە قورسترین کۆبوونەوەکانم، چونکە من هیچ پێشنیارێکم لەدەستدا نەبوو دەبوایە جەخت لەسەر بنەماکانی ڕێککەوتنی فلادیفوستوک بکەمەوە:

+ کێشەی مووشەکی کروزمان چارەسەرکرد، کە هەر فڕۆکەیەک یەک دانە مووشەکی کروزی کشوەربڕی مەودا ١٣٢٠کم هەڵگرتبێ، جگە لەو مووشەکانەی مەودای دووریان لەسەرووی ٦٠٠کم ە.

+ ڕێگە بە فڕۆکەکان نادرێ مووشەکی سەرووی ٦٠٠کم هەڵگرن، جگە لە ڕۆکێتە قورسەکان نەبی هەروەکو باکفایر.

+ لەسەر ناساندنی مووشەکی قورس گەیشتینە ڕێککەوتن.

+ لەسەر دیاری کردنی پانتایی بینای کەشتیگەلیەکان ڕێککەوتین.

+ سۆڤیەت لەسەر دیاریکردنی بنکەی ڕۆکێتەکان ڕازی بوو .

ئەوەی مایەوە ئەوەبوو ئاخۆ سۆڤیەت ڕازی دەبن لە بەرانبەر هەندێک پێداگریەکانمان لەسەر مووشەکی کروز ئەوانەی لەسەر پشتی کەشتییەکان دەتەقێندرێن باکفایەر مان بۆ دیاری بکەن. ئەلبەت نەخشە و پلانی جێبەجیکردنی ئەم ڕێککەوتنانەش گفتوگۆیەکی زۆری دەوێ..

مشتومڕێکی زۆرمان لەگەڵ گرۆمیکۆ لەسەر پرسی سیاسی هەبوو. تیایدا کورتەی بۆچوونەکانی خۆمانم لەسەر ئەنگۆلا دووبارە خستەڕوو:

کاتێک لە حەفتەیەکدا بیست گەشتی فڕۆکەوانی لە کوباوە بۆ ئەنگۆلا بە فڕۆکەی سۆڤیەتی ئەنجام دەدرێ، لەگەڵ گواستنەوەوی ڕۆژانە ٢٠٠ سەربازی کوبی بۆ ئەنگۆلا، ئەمە کارێک نیە وا بەئاسانی حکومەتی سۆڤیەت بلّێ پەیوەندیی بە یەکێتی سۆڤیەتەوە نییە.

ئەمە یەکەمین جار نیە لە مێژوو ڕوویدا کە دواتر ئەنجامەکەی بەقەدەر گرنگیەکەی نەبێ.

بەم شێوەیە ئەو گەشتەم بۆ مۆسکۆ کۆتایی هات کە ماوەیەک بوو بە جیاوازیەک لە چاوەڕوانیدا بوین:

- سەرکەوتنی بەسەر مەرجەکانی ڕێککەوتن.
- ئفلیجبوونی لە ڕووی توانای پەرەپێدانی پراکتیکی.
- دەمارگیرانی ئایدیۆلۆژیستی لە سەرکردە سۆڤیەتی ئەوانی تامەزرۆ کرد کە پێشینە بە ئەنگۆلا بدەن.
- لەگەڵ دوورییان لەوەی کە پێناسەی مێژویی بەرژەوەندییەکانی نیشتمانی ڕوسیی پێداون. نەک هەرئەوەندە بەڵکو پەیوەندییەکانی ئەمریکی و سۆڤیەتیشیان خستە مەترسیەوە

لە ٢٣ی کانونی دووەم کە مۆسکۆم جێهێشت گفتم بە بریژنیڤ دابوو لە ماوەی دوو تا سێ هەفتەی دیکە وەڵامیان بدەینەوە. بەڵام دڵنیابووم لەوەی هاوسەنگی بیروکراسی لە واشنتۆن ڕێگر دەبێ لە واژۆکردنی ڕێککەوتنی ساڵت بەر لە هەڵبژاردنەکان. وەزارەتی بەرگری و ئاژانسی دەستبەسەرداگرتن وچەک داماڵین و ڕاوێژکارانی سەرۆک چاڵیان هەڵکەندبوو کە سۆڤیەت بەو ڕێککەوتنە ڕازی نابن. بینیم کە یاریی بژاردە دووبارە دەست پێدەکاتەوە.

لە ١٥ی شوباتی ١٩٧٦ لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ڕامسفیلد و فۆرد و من بووین، ڕامسفیلد گوتی شایەدی بۆ ڕێککەوتنی ساڵت دەدەم کە فۆرد بڕیاری دا لەسەر بنەمای بژاردەی ٣ بەردەوام بین. بەڵام بە ئەسپایی حاشای لە وشەی (پشتگیری) کرد. دوای کۆبوونەوە، داوام لە سەرۆک کرد بەر لە هەڵبژاردن دەستبەرداری هەوڵەکانی بەستنی ڕێککەوتنی ساڵت بێ . چونکە دەبێتە مایەی پەرتەوازەبوون و لەیەک جیابوونەوەیەکی زۆر، لە کاتێکدا تۆ سەرۆکایەتی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەکەیت دواتریش هەڵمەتی سەرۆکایەتی.

فۆرد بە ناخۆشی بە پیر پێشنیارەکەمەوە هات بەڵام تاقە بژاردەی قەبوڵکردنی دوا پێشنیاری پنتاگۆن بوو:

تەواوکردنی ڕێککەوتنەکە وەکو خۆی بە دواخستنی پرسی باکفایەر و مووشەکی کروزی دوورهاوێژ بۆ دانوستانی داهاتوو. تاقی کردنەوەی مەیدانی و بەرهەمهێنانی لەو قۆناغ ڕێگەی پێدەدرێ. کەچی ئەو پێشنیار لە میانی دانوستانەکانی پێشتر دوو جار ڕەت کراوەتەوە، بە مسۆگەری ئەو جارەش ڕەت دەکرێتەوە. هەڵوێستی پنتاگۆنیش ئەوەبوو کە باکفایەر بەم شێوەیە ئەوەندە گرنگ نییە، کارەکان بەوە گەیشتن کە بە ئازادی بفرێ لە پێناو جێگیرکردنی مافێکی نادیار و مووشەکی کرۆزی سەر پشتی کەشتیەکانیش بلاو بکرێتەوە.

لە ١٦ی شـوبات فـۆرد نـامەیەکی بـۆ بریژنیـڤ نوسـی، تیایـدا ئەو یەکلایـی کردنەوەی پێشنیار کرد، لە ١٧ی ئادار بریژنیڤ لە وەڵامێکدا ڕەتیکردەوە، بەم شـێوەیە دانوستانەکانی کۆنترۆڵکردنی چەک لە سەردەمی ویلایەتی فۆرد کۆتایی هات.

ئەو جیاوازییەی مایەی سەرسوڕمان بوو. کاریگەری گرفتـی بەرنـامەی بەرگـری و کـۆنترۆڵکردنی چەک لە نزمتـرین ئاسـتیدا بـوو. سـەرەڕای ئەوەی سـاڵت ١ لە ڕووی تەکنیکـیەوە لە ١٩٧٧ کۆتـایی دەهـات، بەڵام جێگرەوەکانمـان ژمـارەی بـارهەڵگرە ستراتیژیەکانیان زیاد نەکرد کە بەدەستیانەوە دەیانناڵاند. دواتـر گرفتەکـانی سـاڵت ٢ کاری تێنەکردن تا پەلە لە بەرنامەی ئیدارەی فۆرد ی تایبەت بە مووشەکی کروز بـکەن . ئیدارەی کارتەریش هەموو ڕێگاکانیان بەکارهێنا تا گەیشـتنە ڕێککەوتنـی سـاڵت ٢ کە هـیچ جیـاوازییەکی ئەوتـۆی نەبـوو لەگەڵ دوا سـەردانیەکەم بـۆ مۆسـکۆ، داگیرکردنـی سۆڤیەت بۆ ئەفغانستانیش بووە ڕێگر تا ئەو ڕێککەوتنە بـدرێتە ئەنجـومەنی پیـران بـۆ گفتوگۆ لەسەرکردن.

## ئەو بیروبڕوایەی کە تەنها :

## سونینفیلدت و ئەورووپای ڕۆژهەڵات نەبووە

هەرەس هێنـانی سـاڵت سـنوری بـۆ مشـتومڕەکانی تـایبەت بە پەیوەنـدییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دانەنا. ئەوکات هەردووک حزب لە نێوخۆیاندا دابەشی سەر دوو باڵـی ڕادیکالیست و میانڕەودا ببوون، لەگەڵ هەماهەنگی توندڕەوەکانی هەردووک حزب لە نێو خۆیاندا. پەیوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ببووە گۆڕەپانی هێرشـەکانی هەردوو بـاڵ، ئیدارەش لە هەوڵی کۆکردنەوەی مۆڕالی هیندیی چینـی دابـوو. ئۆپۆزسـیۆن ڕێکخـرا بـۆ سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکانی ئەنگۆلا. بە زارەکیش دژی کۆمۆنیستەکانی ئەورووپـا بـوون،

یەکێتی سۆڤیەتیش لە دەرەوەی دبلۆماسیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مایەوە. هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی کرد دژی ئابلوقەی نەوت، لە ڕێککەوتنی هلسنکی ڕۆڵی سەرەکیی گێڕا ( کە ڕۆڵی سۆڤیەتی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات سنوردار کرد) لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بە تۆمەتبار بینیەوە بەهۆی (نیانی) و (ڕەشبینی) و (شکستی) ەوە.

پرسە بنەڕەتیەکە سیاسەت نەبوو بەڵکو هەڵوێست بوو، ڕەخنەگرانمان لە هەوڵی شەڕی ئایدیۆلۆژیدا بوون دژی یەکێتی سۆڤیەت لەو جۆرە شەڕەی سولجنتسین هەلیگیرساندبوو. شەڕی ئایدیۆلۆجی بەڵکو ڕەنگدانەوەی بە هێزی کەسایەتی ئەمریکی بێ، بەڵام بە ڕووخانی ڤێتنام و سارێژ نەبوونی برینی واتەرگێت Watergate، بەر لە هەموو شتێک گێڕانەوەی متمانە و پێدانی وزە و هێز بۆ تاکی ئەمریکی زەرور بوو. ڕێگەنەدان بە ناکۆکییە ئایدیۆلۆژییەکانی ناوەخۆمان لە مەیدانی جیوپۆلەتیک دەرچین کە بە پراکتیکی شەڕی ئازادیمان تیا هەڵگیرساندبوو.

لە گوتارێکمدا لەبەردەم ئەنجومەنی بوستن بۆ کاروباری جیهانی کە لە ١١ی ئاداری ١٩٧٦ بەسترا، هۆشداریم لەو ئفلیجە دابوو کە لە خود ڕوو دەدا:

( ئەگەر چەند خاڵێک هەبن تواناکانی دانوستانەکانی کۆنترۆڵکردنی چەکیان سنوردار کردبێ و ڕێگرن لەبەردەم پتەوترکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام کۆمەڵێکی دیکە هەن کە مەبەستیانە بودجەی بەرگریمان کەم کەنەوە، ئەوە هەردووک گروپ ئەگەر بە ئەنقەست بێ یا بێ ئەنقەست دەبنە مایەی ڕووخانی توانای نەتەویمان بۆ بەهێزکردنی سیاسەتێکی توکمەی دەرەوە و حەکیمانە).

هەرئەوکات مشتومڕێکی زۆر لەسەر تێبینیەکانم دروست بوو کە لە کۆبوونەوەی بالوێزانی ئەمریکی دابوم لە کانونی یەکەمی ١٩٧٥. ئەمەش بە هەماهەنگی لە نێوان خۆم و هال سونینفیلدت ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوە، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی مشتومڕەکە توند و سەخت بێ، من ئەو تێبینیانەم بۆ یەکەم جار لە دەقێکی شێوێندراو لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بینی.

هال سونیسفیلدت دۆستی خۆمە، یەکێکە لە فەرمانبەرە کاراکانی نێودەوڵەتی، بەوە دەناسرێ کە شارەزایە لە یەکێتی سۆڤیەت، لە خزمەتیدا دەردەکەوێ کە لایەنگری هێڵی توندە سۆزداری نازانێ.

ئەوکات سونینفیلدت بەرپرسیاریتی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی لە ئەستۆدا بوو، وێڕای ئەوەی دۆستی یەکتری بووین بەڵام گیروگرفتمان لە نێواندا هەبوو، سۆنینفیلدت هەمان پاشخانی منی هەبوو، لە ئەلمانیا لەدایک ببوو لە ئەمریکا خوێندبووی، خزمەتی سوپای ئەمریکیی کردبوو. تەنانەت لە مامۆستای فێرکاریش هاوبەش بووین کە فریتز کریمر بوو.

هەندێک جار بەلای ئاسانکاری هاڵدا دەشکامەوە، چونکە زۆرم خۆش دەویست و بەهۆی خزمەتی زۆری کە لە ئاست پێگەیەکی بەرز دابوو. سەرەڕای ئەوەی هەندێک جار کارەکانی کەلەکە دەکرد، کۆنگرەی بالوێزەکان کە هال لە کانونی یەکەمی ١٩٧٥ گوتاری تیادا خوێندەوە دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی بالوێزەکانی ئەمریکا ڕاو بۆچوونەکانی خۆیان تیایدا دەرخەن. هەم لە نێوان خۆیاندا و هەم لەگەڵ وەزیری دەرەوە و ستونەکانی. وەکو هەمیشە ڕێگە بە وەزیری دەرەوە دەدرا ئامۆژگاری و ڕێنماکانی بە شێوەیەکی یەکگرتوو پێشکەش بکا.

ئەمانە هەموویان لە کۆبوونەوەی لەندەنی بالوێزانی ئەمرکا لە کانونی یەکەمی ١٩٧٥ ئەنجام درا. کە من بە گوتارێک لەسەر ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەسەرووی هەموشیانەوە کۆمۆنیزمی ئەوروپی کۆتاییم پێی هێنا. بەهۆی ئەوەی کۆنگرەی بالوێزانی ئەمریکا کۆتایی هاتبوو. هال وەکو خەسلەتی هەمیشەی کەلێنێکی تیا دۆزییەوە ئەوەی هەیبوو پێشکەشی بکا. وەکو ئەوەی هەستبکا کە من ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستم پشت گوێ خستووە. بۆیە پێشنیار دەکا ڕۆژی دواتر دانیشتنێکی نافەرمیی بالوێزان ڕێکبخرێ، من بیرم لەوە نەکردەوە لەو پێشنیارە شتێکی گرنگ ڕوو دەدا بۆیە ئامادە نەبووم، ئەمەش خۆی نیشانەی نافەرمیەتی بوو، جگە لە خۆم هیچ یەکێک لە

فەرمانبەرەکـانیش ئامـادە نـابن، بەڵام ئەگەر هـاڵ شـتێکی گرنگـی گوتبـا ئەوا زوو پـێم دەگەیشت.

خـۆ کـارەکە لەم ئاسـتە دەمـایەوە ئەگەر هـال دوای دوو مانـگ بە یاداشـتێک تیبینیە خۆرسکییەکانی بەرز نەکاتەوە تا نەک تەنها بالوێزەکـانی ئامـادەبوو سـودی لـێ وەرگرن بەڵکو ستونەکانیشیان. بـۆیە کـورتەیەکی ئامـادە کردبـوو نەک درێـژە و تەواوی گفتوگۆکە. لە یەکێک لە بڕگەکان لە ئەنجامی دەستکارییەکدا ئەوە دەردەخا کە ئەمریکا چاوپۆشـیی لە سـۆڤیەت کـردووە لە دەسـتگرتنی بەسـەر ئەوروپـای ڕۆژهەلات، ئەمەش دەقی بڕگەکەیە:

( سەبارەت بە ئەوروپای ڕۆژهەڵات، دەبێ لە نیـو بایەخمانـدا بـێ بـۆ مـاوەیەکی دووردرێژ، دەبێ کاریگەر بین لەسەر ڕوداوەکـانی ئەو نـاوچەیە بەهـۆی پەیوەنـدییەکانی ناسکی سروشتیی لەگەڵ یەکێتـی سـۆڤیەت، تـا لە ئێسـتا و دواییـدا نەتەقێـتەوە ببێـتە هەڵگیرسـانی جەنگێکـی جیهـانی، ئەم پەیوەنـدییە نـا سروشـتی و نـا جەسـتەییە بـۆ ئاسایشـی جیهـانی مەترسـیەکی مەزنە زۆر لەو ململانیـیەی نێـوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا مەترسیدار ترە.

بـۆیە دەبـێ سیاسـەتمان پەرە بەم پەیوەنـدییە بـدا کە ببێـتە پەیوەنـدیەکی جەستەیی نێوان ئەوروپای ڕۆژهەڵات و یەکێتی سۆڤیەت. زیادەڕۆییەک لە لایەن ئـێمەوە دەبێتە مایەی درێژەدانی ئەم پرۆسەیە بۆ ماوەیەکی دوور. سەرەڕای ئەوەی ئەم پرۆسـە دەبێ تا ماوەی ١٠٠ ساڵ بمێنی، بەڵام بۆ ئێمە ماوەیەکی درێژە لە چاوەڕوانی.

ئەگەر هــاڵ لەســەر بۆچوونەکــانم لێــی بپرســیبام، ئاگــاداریم دەکــردەوە کە داڕشتنەکە ناڕێکە . بەڵام بەهۆی بیرکردنەوەی توندی لێـی تێگەیشـتم مەبەسـتی چـیە: واتە دەبـێ هەوڵ بـدەین ئەوەی لە توانامانـدایە بـیکەین لە پێنـاو هەڵگرتنـی هـەژموونی سەربازیی ناسروشـتیی سـۆڤیەت لەسـەر ئەوروپـای ڕۆژهەڵات و دەبـێ سـووربین لەسـەر ئەوەی پەیوەندییەکان دەبێ ئاسایی بن.

هـیچ ڕۆژێـک لە ڕۆژان سیاسـەتمان لە ئەوروپـای ڕۆژهەڵات جـێگەی مشـتومڕانێ نەبـووە ، تـا ئەوکـاتەی داهێنانێـک بەنـاوی داهێنـانی سـونینفیلدت دەردەکەوێ گـوایە ڕسوابوونی مانگی سیاسیی ساڵی ١٩٧٦ ە. ئەوکاتەی هێزەکـانی سـۆڤیەت لەو هەرێمە بـڵاو ببـوونەوە ئەوسـاش هـانی شۆڕشـمان نەدەدا هەروەهـا هەردووک ڕاپەرینەکـانی هەنگاریـای ١٩٧٦ چیکسـلۆڤاکیای ١٩٦٨ بە ئـاگرو ئاسـن دامرکێنـدرانەوە دوور لە دیموکراسیەت، سیاسەتی ئیدارەی نیکسۆن و فۆرد لەسەر ئەوروپای ڕۆژهەلات ئەوەبووە کە هەموو هاوکاریەک دەکەن تەنها پشتگیریکردنی شۆڕش نەبێ.

لە ئەیلولی ١٩٧٦ هەڵوێسـتی خۆمـانم بـۆ وەزیـری دەرەوەی چـین (کیـاو گـوان هوا) لەسەر ئەوروپای ڕۆژهەڵات بەم شێوەیە ڕوون کردەوە:

بەرێگەی سەردانی سەرۆکایەتی و پەرەپێـدانی پەیوەنـدییەکانی سـەربازی لەگەڵ یوگسلافیا دەمانەوێ پێگەی یەکێتی سۆڤیەت لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات لاواز کەین، یەکێک لە چاودێرە سیاسیەکانی ژاپۆن سیاسەتی ئێمەی بەم شێوەیە ناساند کە ڕازی بوونە بە دیفاکتۆ (ئەمری واقع) لە پێناو گۆڕینی دیفاکتۆ.

لە گوتارێکمـدا لە ٢٥ی حـوزەیرانی ١٩٧٦ لە لەنـدەن دابـووم هەڵوێسـتەکانی خۆمانم دووپات کردەوە:

دەبێ سودەکانی هێورکردنەوەی دۆخەکـان هەروەکـو بە ئەوروپـای ڕۆژئـاوا دەگـا بەهەمـان ئاسـت بە ئەوروپـای ڕۆژهەڵاتـیش بگـا. هەروەهـا دەبـی خـراپ لە سیاسـەتی ئەمریکا نەگەن.

ئـێمە سـوورین مـامەڵە لەگەڵ ئەوروپـای ڕۆژهەلات لەسـەر بنەمـای سـەروەری و سـەربەخۆیی هەر دەوڵەتێـک بکەیـن، دواتـر ئـێمە دان بە نـاوچەی ژێردەسـەڵات و ژێـر دەست ناکەین.

- لەبەر ئەم هۆیانە درێژە بە هەوڵەکانمان دەدەین لە پێناو پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی دوو قۆلیی پیادەکراو لە مەیدانی ئابووری و مەیدانەکانی دیکە لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات.

- هەروەها درێژە بە ڕێکارەکانمان دەدەین بۆ باشترکردنی ژیان و بژێوی هاوڵاتیان لە ئەورووپای ڕۆژهەلات لە بوارەکانی مرۆڤایەتی سیاسی، بە نمونە پێدانی ئازادیی زیاتر بە کۆچبەران و یەکخستنی خانەوادەیان، لەگەڵ زیادکردنی ئاڵوگۆڕی ئابووری لە نێوان دەوڵەتان و پێدانی دەرفەتی زیاتر بۆ گەشتکردن.

- گوتاردان و ڕەوانبێژی نابنە ئەلتەرناتیفی کرداری خۆراگری، ئێمەش هیچ گریمانە و پێشبینیەکمان نەداوە کە نەمانتوانیبێ جێبەجیی بکەین، بەڵام ئێمە دەستبەرداری بڕواکانی سەرەتاییمان نابین کە خۆیان لە ئازادی مرۆڤ و مافی گەلان لە چارەی خۆنووسین دەبیننەوە.

- لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاندیدی سەرۆکایەتی و ناونانی، هەموو مشتومڕەکان کۆتاییان هات، لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن، دیموکراتخوازە لیبرالیستەکان دەستیان بە بیانوی کۆماریەکانەوە گرت بەبێ هیچ چاککردنیک، بڕواکانی سونینفیلدت ببوونە کەرەستەیەکی خاوی هەڵمەتی هەڵبژاردنیان وەکو داستانێک داڕشترابوون. ئەم هەڵوێستەش لە کاتی دیمانەی فورد وکارتەر بەدی دەکرێ کە فۆرد بەهۆی دەستگرتنیەوە بە بنەماکانی سونینفیلدت لە سوچێک دەئاخنرێ، بۆ بەدبەختی پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکە ئاڕاستەی دەکرێ لەسەر هەژموونی سۆڤیەتی لە سەر ئەورووپای ڕۆژهەلات.

من ئێستا سەرەڕای ئەوەی هەندێک لە لایەنگرانی لەگەڵم ناکۆکن وا بیر دەکەمەوە کە فۆرد لەسەر هەق بوو کاتێک هەستێکی گەرمی لەسەر بەرگریکردن لە ڕێککەوتنی ساڵتی ١٩٧٦ نەبوو. ئەنجامی ئەو مشتومڕەی لەو بۆچوون دەردەکەوت و وڵاتی بەرەو هەلدێر و پارچە پارچەی زیاتر دەبرد.

لە ماوەی ئیدارەی ڕیگان هەروەکو باسمان کرد، بەر لە ڕێککەوتنی ساڵت خۆیان دەهێنا و دەبرد تا پەسندی نەکەن. ڕەخنەگرانی ساڵت ئەو ڕاستییەیان قەبوڵ کرد کە

پێشــتر ڕەتیــان کردبــۆوە، پەرە پێــدانی پرۆســەکەش کە پێــیەوە ســەرقاڵ بــوون و پێـداگرییان لەسـەر داشـکانی دەکـرد، ئەگەری ئەوە هەبـوو لە مـاوەی سـەرۆکایەتیی دووەمـی فـۆردا گـروپەکەی بە هەمـان ئاڕاسـتە جـوڵە بـکەن کە لە دانوسـتانەکان لێـی سەرکەوتو بوون و دواتر لە لایەن ئیدارەی ڕیگانەوە گەیشتنە ڕێککەوتنی ساڵت.

من دڵنیام لە سەرەتای حەفتاکان بریژنیف مەبەستی بوو پەیوەندییەکی باشتری لەگەڵ ئەمریکـا هەبـێ. هەروەکـو ڕەخنەگرەکانمـان بیانویـان دەهێنـایەوە، بـۆئەوە بـوو بمـانگەیەننە کاولکـاری؟ یـا هەسـتێکی سـەرەتاییان هەبـوو کە ڕێکخـراوی سـۆڤیەتی پێویستی بە جێگیری هەیە؟

ئەگەر بریژنێڤ بە پرسەکانی ئابووریەوە خەفەتبارە، ڕەزامەنـدیی لەسـەر مـاوەی پشـو بـدابایە لەو دۆخەی نێـودەوڵەتیە. ئایـا ئەو گۆڕانکـارییەی بەرەو نـاوەخۆ دەنگـی هەڵبڕێ کە گورباچۆف بەرهەمی هێنابوو بە دەنگێکی بەرزتر دەبیسـترا؟ ئێمە هەرگیـز نـازانین، بەڵام کـاتی ڕووخـانی پرۆسـەی کـرانەوە، مانـای خـولێکی دیـکەی ڕووبەڕوو بوونەوەی یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکای دەگەیاند، بەر لە ڕوودانـی لـوتکەی ڕووداوەکـان کە لە سەرەدەمی ڕیگان و گورباچوف ڕوویاندا، کۆتاییەکەی باش بوو.. ئەمە ئەو بابەتە نیە کە مێژوونوسان لەسەری ناکۆکن.

## ٢٨

# پاراستنی پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا

لە بەهاری ١٩٧٤ دینگ هسیاو پینگ لە شوێن ژوئانلای دەبێتە دانوستانکارێکی سەرەکی لەگەڵ ئێمە لەلایەن چینەوە. وەکو ئەوەی منیش لەسەر ئاماژەکانی فەلسەفیی شاراوەی ماو ڕاهاتبووم، منیش پێویستیم بە هەندێک کات هەبوو تا خۆم لەگەڵ شێوازی دینگ هسیاو پینگ و دەستوەردانە ڕەشبینییەکانی ڕادێنم، ئەو دەهاتە ژوورەوە بە هەموو ئامادەکارییەکەوە بەڵام بە دەمارێکی توندی دڵەڕاوکێیی. دینگ زۆر بەکەمی کاتەکانی بە گاڵتە بەفیڕۆ دەدا. هەستی بەو زەرورەتە نەدەکرد تێبینییەکانی بە هێنانەوەی نمونە خۆش و نیانکا، هیچ کاتێکیش چیرۆکپۆش و داپۆشراوی نەدەکردن. ئەو وەکو فەیلەسوفێکی هاورێ مامەڵەی لەگەڵدا دەکردم.. هەڵوێستی دینگ هسیاو پینگ ئەوەبوو کە هەردوکمان بۆیە هەین تا چارەسەری کێشە و پرسەکانی تایبەت بە نەتەوەکانمان بکەین و ئێمە تا ئەو ئاستە پێگەیشتوین کە دەست بدەینە قورسترین پرس و بابەت بێ ئەوەی لە ڕوانگەی تایبەتیەوە سەیریان بکەین.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان چین و ئەمریکا هەڵوێستی دینگ پەیوەندییەکی توندی بە دیدی خۆی هەبوو لەسەر گۆڕانکارییەکانی ناوەخۆی چین. ماو و ژوئانلای ڕێگەیەکیان داهێنابوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکا لەسەر بنەمای سیاسەتی دەرەوەی ئاسایش. دینگ هەمیشە مامەڵەکردنی لەگەڵ پەیوەندییەکانی ڕاستەوخۆی ئەمریکا بە فاکتەرێکی زەروریی دەزانی بۆ نوێ بوونەوەی چین. ئەمیش وەکو پێشینەکانی بڕوای وابوو، چونکە چین لە دونیایەکدا دەژی پێکهاتووە لە

هەڕەشەکانی مەترسیی یەکێتی سۆڤیەت و ژاپۆنی دژەبەر و هیندی مسۆگەر بۆخۆی و ڤێتنامی باکور کە بەرەو بەجێگەیاندنی هەژموونی هیندی چینیە، بۆیە هەردەبێ باشترین بژاردەی ستراتیژی چین باشکردنی پەیوەندییەکانی بێ لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

دینگ لەبەر هۆکارێکی دیکە پەیوەندیی خۆشی لەگەڵ ئەمریکا پێ زەرور بوو ئەویش لەبەر هۆکاری ناوەخۆی چین بوو. ئەوکاتەی بینیم نەختێک نائارام بوو، دینگ لە هەوڵی پێشوەچوونی ئابووریدا بوو بۆ چین، لە پێناو دابینکردنی خۆشگوزەرانیی زیاتر بۆ گەلی چینی، لەم ڕووەوە تەکنەلۆژیای ئەمریکی و هاوکارییەکانی ئابووری لەگەڵ ئەمریکا بۆ چاکسازی ئابووری و کۆمەڵایەتی زەرور بوو.

## سەردانیکردنی پەکین

کاتێک سەردانی پەکینم کرد لە ٢٥و ٢٩ی تشرینی دووەم ی ١٩٧٤، دانوستانی فەرمی دەستیان پێکرد. بۆئەوەی کورتەیەک لە ئەنجامی گفتوگۆکانی نێوان فۆرد و بریژنیف لە لوتکەی فلادیفوستوک پێ ڕابگەیەنم. ئەو ساتە ئەوەندە گونجاو نەبوو بۆ کۆبوونەوەیەکی بەکاربەری کە یەکەمین جار ڕوو دەدا.

کەرتە دەریاییەکانی سۆڤیەتی، کە ئێستا فلادیفوستوک بۆتە پەیتەختیان، لە سەدەی نۆزدەهەم لە چین وەرگیراوە، دوای ئەوە فلادیفوستوکی لێ دروست کراوە وەکو مەزنترین بنکەی دەریایی بۆ چالاکیەکانی ناوەوەی کۆریا و زەریای هێمن. بۆ سەرکردایەتییەکی وەکو سەرکردایەتیی چینی کە پێیان وایە هەموو کارێک مەبەستێکی لەدوایە و هەموو ڕوداوێکیش ئاماژەیەکە بۆ شتێک.

ئەو شوێنەی کۆبوونەوەی لوتکەی لێ بەسترا گومانەکانی ماویان جێگیرکرد کە بریتی بوو لەوەی ستراتیژیەکانی ئەمریکا ئەوەیە ( ئاوی پیس بە ئاڕاستەی چین

هەلقولێ)، ئەم هەستە ڕاستییەکی دیکەیان سەلماند ئەویش بریژنیڤ خۆی پێشتر سەردانی فلادیفوستوک یا کەرتی دەریایی نەکردووە . ئەم ڕاستیە بە درەنگ وەختان زانیمان کە کاریگەریی لەسەر بڕیارەکانی ئەو دیدار هەبووە.

لەبەر چەند هۆکارێکی تەکنیکی فلادیفوستوک هەڵبژێردرا کە بۆ ئەوکات لە جێی خۆیان بوون. هیچ لەو هۆکارانەش پەیوەندیان بە ئاگالێبوونی سۆڤیەتیەوە نەبوو لە زەریای هێمن، هەندێک لە سەرکردەکانی چینی ئەمە بڕوایان بوو بەڵکو ماو خۆی لەو بڕوایەدا بوو. لە ڕاستیدا کاتێک فۆرد سوێندی دەستوریی خوارد حەزی لێبوو لە دەرەوەی ئەوروپا چاوی بە بریژنیڤ بکەوێ ، چونکە سەرۆک مەبەستی بوو پەیوەندییەکانی ئەتلەسی ببوژێنێتەوە، ئەگەر لە ئەوروپا دیدار لەگەڵ بریژنێڤ بکا وا نیشان دەدرێ کە دەیەوێ ڕۆڵی ئەوروپا کەم کاتەوە. کاتێک دوبرینین فلادیفوستوکی دەست نیشان کرد چونکە دەکەوێتە نێو گەشتی سەرۆکایەتی کە بۆ مۆریا و ژاپۆن پلانی بۆ دانرابوو. ئێمەش بە بژاردەیەکی باشمان زانی، بەڵام هیچ پسپۆڕێکی ڕاگەیاندن ئاماژەیان بەوە نەدا کە ڕەنگدانەوەیەکی خراپی بۆ چین دەبێ.

دینگ کاتەکانی خۆی بۆ دەربڕینی ناڕەزایی نەکوشت، کاتێک لە بنکەی مەزن لە ٢٥ی تشرینی دووەم لە میانی قسەگۆڕینەوەدا پێشوازیم لێی کرد پرسیی چۆن فلادیفوستوکتان دۆزیەوە، گوتم لە ژیانم بەقەدەر فلادیفوستوک سەرمام نەبووە، چونکە ئەوکات بە هۆی گەشت و کۆبوونەکانەوە سەرقال بووم بەڵام ئێستا بۆم دەرکەوت کە چینییەکان بۆچی لەو هەرێمە جێگیر نەبوونە، دیارە بەو ئاماژەدانەم کە فلادیفوستوک ڕوسیە، نەوتم بەسەر ئاگری ڕق و کینەدا کردووە، دواتر دینگ بۆی ڕاست کردمەوە و گوتی زۆر لە چینییەکان لەوێ دەژین، بەڵام کاتی خۆی هەمویان چینی بوون، بە گگوتەی دینگ بێ ناوەکانی لەلایەن هەریەک لە ڕوسیا و چین لەو هەرێمە نراوە هەریەکەو بۆ پاشخانی مەبەستێک دەگەڕێتەوە. ناوەچینییەکە واتا (زورنای دەریا) هەرچی ناوە ڕوسیەکەیە بەمانای( دەسەڵاتی گەل) دێت، من پێم وایە هیچ ناوێکی دیکەی نیە جگە لە بەها ڕاستەوخۆکەی نەبێ. هەروەکو ئێمەش هیچ گومانێکمان نەبوو

دینگ هەوڵەکانی ڕوسیای بەرەو ڕۆژهەڵات بەڵکو تەنها بۆ چین بێ. چونکە چین واتە بەشێک لە زەریای هێمنیش کە ئێوە لەوێن، دینگ هۆشدارییدا.

بۆ ئەوەی وا نیشان بدرێ کە دوو کەس دەتوانن یاریی سێ کەس بکەن، دینگ لە حکومەتەکەمەوە دەستی پێکرد، بەوەی بەناوی ماو داوەتی وەزیری بەرگری جیمس شلیسنجەری کرد بۆ سەردانیکردنی چین، زۆر بە سادەیی پێشنیاری کرد کە هێڵی سەردانەکەی زینجیانگ و مەنگۆلیای ناوەخۆ بگرێتەوە، هەردووکیان ناوچەی سەربازی بوون کەوتبوونە سەر سنورەکانی یەکێتی سۆڤیەت، چونکە تا ئەوکات دڵنیا نەبوو لەوەی ڕۆژئاواییەکان کەبسولەکەیان دەست کەوتوە یان نا، دینگ دوپاتی کردەوە کە سەردانەکە ڕەنگدانەوە و مانای خۆی هەیە. نابێ دینگ و ماو بێ ئاگابن لە ناکۆکیەکانی نێوان من و شلیسنجەر. قورسایی خستنە سەر لایەنێکی ناکۆکیەکانی ناوەخۆ بۆ کرانەوە لە ئەمریکا بە دڵنیایی ئەمە وەڵامێکی خێرا و تۆڵەسەندنەوەیەکی زمان خلیسکانەکەی چونی فلادیفوستوکە.

بۆ داوەتنامەکە مەبەستێکی دیکەی ستراتیژیی هەبوو، سەردانیی وەزیری بەرگریی چین و پێدانی بایەخ و گرنگی لەلایەن دەزگاکانی میدیا لەو شوێنانەی لێی دەوەستێ کە هەموویان لەسەر سنوری یەکێتی سۆڤیەت بوون بە دڵنیایی سۆڤیەتیەکان بە سوکایەتی و ڕکابەریی دەزانن، بەتایبەتی کە پێشتر وەزیری بەرگریی ئەمریکا سەردانی سۆڤیەتی نەکردووە، بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەرەسی یاسای بازرگانی و ڕووبەڕووبوونەوەی فلادیفوستوک بۆ هێرشکردنە سەر، ئێمە پێویستیمان بەو جۆرە گالتانە نەبوو، وەڵامم دایەوە کە ئێمە بەخێرهاتنی هەر سەردانێکی چین دەکەین بۆ هەر ئەندامێکی وزاری. بەڵام بۆ سەردانی وەزیری بەرگری پێویستی بە پێگەیشتنی زیاتری پەیوەندییەکان هەیە. بە قبوڵکردنی داوەتی فۆرد بۆ سەردانی چین لە ١٩٧٥ کاریگەری ئازارەکانی کەم بۆوە. ئیتر دینگ بێ ئەوەی ڕەزامەندی ماو وەرگرێ داوەتنامەی ئاڕاستە کردین، پێم وایە تاقە ئامانجی دینگ بۆ داوەتکردنی شلیسنجەر ئەوەبوو من پێشنیاری سەردانییەکی سەرۆکایەتی بکەم.

چینییەکان شێوازی دیکەیان هەبوو بۆ دەربڕینی بێزاریان، سەردانیم بۆ چین لە دوای فلادیفوستوک یەکەمین جار بوو لە دوای سەردانە نهێنیەکەم کە ماو پێشوازیی لێکردم. دبلۆماسیەتە سێقۆڵییەکەمان زەلاڵ و ڕوون بوو بۆ پسپۆرە سیاسیەکان و دروستکەرانی سیاسەتی ئەمریکی، بۆ دیدەنیکردنی بریژنیف و ماو لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا کارێکی زۆر بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا خانەخوێکەمان بەیەکجارەکی سەردانەکەیان لەو سەرکردانە جیا نەکردەوە کە پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکایان گێڕایەوە، بە گەیشتنم و بەر لەوەی دینگ ببینم، من و نانسی و منداڵەکانمیان برد بۆ دیدەنیەکی کورت لەگەڵ ژوئانلای، هەرچەندە پێیان گوتین کە ئەمە نەخۆشخانەیە بەلام لە میوانخانەیەکی بەرز دەچوو.

پابەندی ڕێنماکانی دکتۆر بوو کە پێی گوتووە نابێ گفتوگۆی سیاسی بکەیت و دەبێ خۆت لە مشتومڕانێ بپارێزی.

هەرکە چینییەکان بۆچوونی خۆیان لەسەر خاڵەکانیان خستنە ڕوو کە سێ گۆشەی ستراتیژی بوو. دینگ ئومێدی دەخواست گفتوگۆکانیان لە دڵەوە بۆ دڵ بێ، لە کاتی پێشوازیکردنم لە کۆشکی گەل ئاستی دەنگی بۆ بیستنی ڕۆژنامەنوسان بەرز دەکردەوە تا گوێیان لێی بێ.

خەڵک لەم دونیایە دەڵێن پەیوەندییەکانمان ساردن، بەلام ئەوەتا ئەمە حەگوتەمین سەردانی دکتۆرە بۆ ئێرە، دەکرێ بلێین ئەمە ئالوگۆڕی سێیەمی ڕاوبۆچوونەکانمانە لەم ساڵدا. بۆیە ئەو دەنگۆیانە دەتوانین بلێین ورد نین.

لەوێ دووپاتی ئەوەم کردەوە کە پەیوەندییەکان باشن، لەسەر بنەمای ئەو باوەڕە دینگ دووپاتی کردەوە کە چین بایەخ بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ واشنتۆن دەدا. من پێموانیە واژۆکردنی بەیاننامەی شانگهای لەلایەن هەریەکەمان بزوتنەوەیەکی سودبەخشی بێت، بۆئەوەی دانیشتن و کەشوهەواکە خۆش بکا دینگ لە نانخوانی ئێوارەمان کە بۆ تیمەکەم ڕێکخرابوو ئامادە دەبێ، وەکو خەسڵەتی پرۆتۆکۆلی دەبوایە وەزیری دەرەوە ئامادە بێ. جگە لە خۆی سەدان دبلۆماتکاری ئامادە کرد بە مۆسیکا و گۆرانی کاتەکەی لەگەڵماندا بردە سەر. لە دیدارەکانمان دینگ هەمیشە بە دکتۆر بانگی

دەکـردم ئەمەش خەلاتێکـی تـری دەرەوەی کـاری دبلۆمـاتیە، بە ئامـادەبوونی دینـگ سستییەکان کەمتر دەبوونەوە لەوەی ماو.

کۆبوونەوەکان بە پێی بەرنامەیەکی تـایبەتی بەسـەر کاتەکانـدا دابەش کرابـوون، ڕۆژانە سێ کۆبوونەوەمان هەبوون، هەر کۆبوونەوەیەک ماوەی کاتژمێرێک تـا کاتژمێرێک و نیوی دەخایاند..

سەرەتا گفتوگۆکان لەسەر شێوازی کارپێکراو دەڕۆیشت بەڕێوە، دینگ لە ژوئان لای زیاتر ڕقی لە سۆڤیەت بوو، ئەوەی زیـاتر ڕقـی لە سـۆڤیەت دەبـوو زیـاتر باسـی لە پەیوەندییەکانی ئەمریکی و چینی دەکرد، هەروەکـو پەراوێزخسـتنی سـۆڤیەت بەرنـامەی هاوبەش بـوو بەڵام ئـێمە بە هاوپەیمـانێتییەک بە سـۆڤیەتەوە بەسـترابوینەوە، لە پێنـاو بەهێز کردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا وئەوروپا بە پەیمانی چـین بـەسـتراوینەوە چـونکە ئەوان لایەنێکی ستراتیژن بۆ سنورداری بەربڵاوکردنی چەکی سۆڤیەتی. لە پێنـاو ئەوەی کارەکان بەم ئاڕاستەدا بچنە ڕێ، دینگ پێشـنیاری کـرد لەگەڵ ژاپـۆن پەیوەنـدیی بـاش ببەستین کە ئەو لە ئێستا بەدواوە جێگەی بایەخی چین دەبێ.

ئـێمە پێمـان خۆشـە ئەمریکـا پەیوەنـدیی باشـی لەگەڵ ئەوروپـا و ژاپـۆن هەبـێ، چونکە سۆڤیەت سوورە لەسەر ئەوەی دەست بەسەر دونیـادا بگـرێ، ئەگەر مەبەسـتیان بـوو جەنگێکـی جیهـانی هەڵگیرسـێنی و دەسـت بەسـەر ئەوروپـادا نەگـرن، ئەوسـا لە داگیرکردنـی دونیـا سـەرکەوتوو نـابن، چـونکە ئەوروپـا لە ڕووی ئـابووری و سیاسـی وسەربازییەوە زۆر گرنگە، ئێمە لامان گـرنگە ئەگەر ئەمریکـا پەیوەنـدی لەگەڵ (وورچـی سوور) ببەستێ هاوپەیمان و دۆستی بەهێزی هەبێ باشترە وەکو ژاپۆن و ئەوروپا.

ئومێدی دەخواست ئەمریکا و ئەوروپا و ژاپۆن لە پێگەیەکی هاوپەیمانیی هابەشی یەکساندا بـن. سـەیر نـیە ئەوکـات بە دیـنگم گـوت ڕۆژێـک دێ چـین دەبێـتە یەکێک لە مەزنترین هاوپەیمانانمان لە ناتۆ.

هەرچەندە لەسەر ستراتیژ ڕێککەوتین بەڵام ناکۆکیەکان لەسـەر ئاسـتی تەکتیـک مـابوونەوە. دینـگ و یـاوەرانی پرۆسـەی کرانەوەیـان ڕەت کـردەوە کە بەم شـێوەیە

پارێزگـارانی نـوێ لە کـومنترن ڕازی دەکـا، گـوتی ئامانجەکـانی سـۆڤیەتی هەمیشـەیین ناگۆڕدرێن.

(هەوڵ دەدەن ئەمریکـا لە هاوپەیمانـانی دوورخـاتەوە، ئەوان دەسـتبەرداری ئەم ئامـــانجە نـــابن، نە کـــاتیخۆی نە ئێســـتا و نە لەداهـــاتوش، ئامـــانجی ســـێیەمیان پشتگیریکردنی بەرنامەی قۆرخکاری چەکـی ئەتـۆمی وڵاتەکەتـانە، بەم ئامـانجەش وڵاتە بچووکەکانی خاوەن چەکی ئەتۆمی پەراوێز دەخا، بەم شێوەیە ئەوان بە ئامانجی خۆیان دەگەن).

هەر هاوپەیمانێتیەک سۆڤیەت واژۆی لەسەر بکات تەنهـا وێسـتگەیەکە لە ڕێـگەی ستراتیژی:

( ئێمە لەلای خۆمانەوە بڕوامـان وایە کە نـاگەنە ئامـانجی کـرانەوە، ئەوەتـا دوای دەساڵ تێپەربوون بەسەر ئەم پرۆسە کەچی ئێستا کەمتر توندوتۆلە، دواتـر پێمـان وایە هیچ ڕێککەوتنێک ناتوانێ دەستەکانی سۆڤیەت ببەستێتەوە).

مـن لەگەڵ شـیکارییەکەی دینگـدا بـووم لەسـەر سـۆڤیەت، بەڵام پێویسـتیە تەکتیکەکـانی ئەمریکـا جیـاواز بـن، ئـێمە ئەوکـات تـازە قەیرانـی واتەرگێـت Watergateمان تێپەڕاندبوو، پێویستیمان بە ستراتیژیەتێکی ئالۆزتر هەبوو.

چونکە بزوتنەوە ئاشتیخوازەکان دووبارە دەهۆڵمان بـۆ لێدەدەن گـوایە ئەمریکـا مەرامی جەنگی هەیە، حکومەتەکانی ئەوروپیش دەکەونە ژێـر فشـار جودابوونەوەیـان لە ئێمە.

مـن نـاتوانم بلـێم بەم بیانویـانە بەرەکەم لە ژێـر پێـی دانوسـتانکارە چینیەکـان دەرهێنـا. ئەوان نـارازی نەبـوون لێـی، بەڵام چـونکە کـرانەوە بـژاردەی زۆری خسـتە بەردەممان، ئەمەش ئەو مەرجە نیە کە پیاوی دەوڵەت لافی پێوە لێبدا.

وەزیری دەرەوە کیاو گوانهوا ئامـاژەی بەو هۆکـارەدا کە دەبێـتە تاکتیـک لەسـەر ڕێچکەی ستراتیژ بڕوا، لە ڕاستیدا هیچ هاوپەیمانێتیەک نەبوو بەڵکو سیاسەت و شێوازو بیروبڕوا بـوو. لە کۆتـایی دینـگ ئاگربەسـتی ڕاگەیانـد. هیـوای بـۆ ئەمریکـا خواسـت کە زاڵبوونی سەربازی وەدەست بێنێ:


سەبارەت بە پێداگری لە ستراتیژیەتی یەکێتی سۆڤیەتی، پێمان وابوو کە ئەمە فێله لە ڕۆژهەڵاتی دەکا بۆئەوەی لە ڕۆژئاوا هێرش بەرێتە سەر ئەوروپا. گرنگ نیە ئەگەر بۆچوونمان جیاواز بێ دەتوانین ببینین چی ڕوودەدا.

( ئەوەی دواتر ڕویدا توانای ئەمریکا لەسەر کارتێکردنی دونیا بەهۆی ئفلیجی ناوەخۆ زیاتر لاواز بوو. هەروەکو بینیمان لە بەهار و هاوینی ١٩٧٥ قەیرانێکی سەخت لە دانوستانەکانی سالت ڕوویدا، ڕووخانی ڕێککەوتنی بازرگانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت، ڕووخانی هیندی چینی، لێکۆڵینەوەکانی هەواڵگری دەگەنە لوتکە، بە مسۆگەری چین پێشوازیی لە ساردبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی دەکرد، بەڵام نەک ببێتە مایەی لاوازبوونی ناوەخۆی ئەمریکا، ناکۆکییەکانی نێوان سەرۆکی کۆنگرێس و سەرۆکی ئەمریکا کاریگەری خراپی کردە سەر لاواز بوونی ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان.

سەبارەت بە چین مۆتەکەی ئەوەبوو مەترسیی نامۆبوونی چینی هەبوو لە ئەنجامی دروستبوونی ناکۆکییەکانی ناوەخۆی ئەمریکا، ئەمەش پرسێکی ناوەخۆی گرنگە. ئەگەر ئەمریکا لە ڕاگرتنی هاوسەنگی سەرکەوتو نەبوو، ئەوا دەبێ چین خۆی بۆ خولێکی دیکە ئامادە بکا و گەلەکەی کۆبکاتەوە بە دروشمی نەتەوی و نیشتمانی جۆشیانبدا، ئەمەش دەبێتە مایەی سەرهەڵدانەوەی پرسی تایوان و پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ ئەمریکا بەو هۆیەوە دەکەونە مەترسی، بە لەدەستدانی ئەمریکا متمانەی چین لە ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و ڕێگەگرتن لە مەرامی بەرفراوانبوونی سۆڤیەتیەکان، چین بەرەو هەڵوێستی جیهانی سێیەم و هێرشکردنە سەر هەردوو هێزە زەبەلاحەکەی دونیا هەڵکشا، لەم ڕووەوە یەکێتی سۆڤیەت پشکی شێری لە ڕەخنەکان بەردەکەوێ.

لەو کاتانەدا هەڵوێستەکانی ناوەخۆی چین پەیتاپەیتا ئالۆزتر دەبوون. ماو وردە وردە لاوازتر دەبوو، ژوئانلای لە ڕووی جەستەیی بەڵکو سیاسیشەوە نەخۆش بوو، دینگ لە قایم کردنی پێگەی نوێیدا بوو، ئەوکات ئۆپۆزسیۆن پێگەی خۆیان بەهێز دەکرد بە ڕووی چاکسازییەکانی دینگ هسیاو پینگەوە، دواتر ئەوەی پێی دەگوترا ( کۆمەڵەی

چوارینە) یا (چوار ڕادیکالیستەکە)بە سەرۆکایەتی هاوسەری ماو جیانگ کینگ سەر هەڵدەدەن، لەبەر ئەم هۆکارانە سیاسەتی دەرەوەی چین ئاڕاستەکانی باش نابن، هەندێک لە سەرکردەکانی چین لە ١٩٧٥ و بەشێکی زیاتریش لە ١٩٧٦ لە ڕێگەی هێرشکردنە سەر پرۆسەی کرانەوە خۆیان لە سیاسەتی ناوەخۆی ئێمە تێوەگلاند.




ماو و جیانگ کینگی هاوسەری لە ١٩٤٦

## دیالۆگ لەگەڵ دینگ و ماو

دۆخی پەیوەندییەکان دۆخێکی ناوازە بوو، هیچ سەرکردەیەک لە سەرکردەکانی هاوپەیمانی کورتەیەکیان لە سیاسەت و نیازەکانمانیان بەدەست نەگەیشت کە لەگەڵ چینییەکان پیادەمان دەکرد. چونکە هاوکارییەکی کەممان لە ڕووی ئابوورییەوە هەبوو بۆیە ئاستی پرۆژە هاوبەشەکانی سیاسیش کەم بوون.

ئەمە دوو ئەنجامی هەبوو: لە بواری دبلۆماسی ئاسایی، لەسەر ئاستێکی باڵا بەرپرسان گفتوگۆیان لەسەر ئەو پرسانە کرد کە وڵاتەکانیان دەبێ ئەنجامی بدا، وەکو هەوڵێک بۆ دانوستانکاریان کە بە هەمان شێوە شتێ پێشکەش بکا، گوایە هیچ شتێکی لەم جۆرە لە سالآنی ڕابردوو لە پەیوەندییەکانی نێوان چین و ئەمریکا ڕووی نەداوە. گفتوگۆکانم لەگەڵ هەریەک لە ماو و ژوئانلای و دینگ هسیاو پینگ لەسەر دەستەواژەکانی تیوری بوو، تاقە هەوڵ لە بواری هەماهەنگی تەکنیکی، چین لەسەر کێشەی کەمبۆدیا لە حوزەیرانی ١٩٧٣ میانگیرِیی کرد. ئەم هەوڵە دووبارە نەبۆوە ژوئانلای و دینگ زاتی ئەوەیان نەکرد دووبارەی کەنەوە.

سیاسەتی دوورخایەنمان لەگەڵیدا هاگوتەریب نەبوو. تەنها هەماهەنگ بوو، مشتومڕەکان لە ڕووی گەوهەرەوە لەسەر بیانویەکی دیار نەبوو بەڵکو لەسەر سروستی میانگیرِی بوو. ئاسایی بوو سەرکردە چینیەکان هەوڵیان دەدا بژاردەکانمان کەم کەنەوە بۆ یەک بژاردە ، تاقە بژاردەش چینی درێژخایەن بوو، کە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاشکاوانە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی بوو. چونکە ئەمە ئەگەری ئەوە هەیە دلەکگوتەیان کەم کاتەوە، ئێمەش لامان گرنگ بوو پشتگیری لەو بژاردەیە بکەین کە هەمواری سیاسەتمان دەکاتەوە بەپێی ستراتیژیەتەکانمان و داخوازییەکانی گەل.

ئەمە پرسێکی تایبەتی بوو چونکە ئەوکات سیاسەتەکانی چینی بەرەو توندی دەچوو، داخوازییەکانی کۆمەڵەی چوارینە کە جگە لە هاوسەری ماو هەریەکە لە ژوهانگ شونکیاو و یاو و ینبوان و وانگ هو نگوین ی لەگەڵدا بوو لە دوا ساتەکانی ژیانی ماو خۆیان بەسەر دۆخەکەدا سەپاندبوو ڕۆڵی کاریگەریان دەگێڕا، زۆر بە توندی ڕەخنەیان لە چاکسازییەکانی دینگ دەگرت پێیان وابوو کە ئەمە گەڕانەوەیە بۆ سەرمایەداری، دواتر هەڵوێستێکی دوژمنکارانەیان لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تایوان وەرگرت ، ئاشکرابوو کە کۆمەڵەی چوارینە پشتبەست بە کێشەکانیان لەگەڵ ماو ئەمەیان ئەنجام دەدا، کە سەرۆکە پیرەکە خۆی لەبەر ئەگەری مەترسیەکانی ڕکابەرەکەی، یەکێتی سۆڤیەت لێی بێدەنگ بوو.

بەم شێوەیەیە سەفەری پەکینم کە لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٥ دەستم پێی کرد قورسترین سەفەرم بوو لەگەڵ سەرکردە چینییەکان، مەبەست لەو سەفەرەم ئامادەکاری بوو بۆ کۆبوونەوەی سەرۆک فۆرد لەگەڵ ماو و دینگ کە بڕیارە لە کانونی یەکەم ببەستریٚ، لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی کۆبوونەوەکە دەردەکەویٚ وەزیری دەرەوەی چین کیاو گوانهو لە دینگ توندترە، بەڵام دوای چەند ساڵێک زانیمان کە کیاو چارەنوسی خۆی لەگەڵ چارەنوسی چوارەکە بەستۆتەوە کە دوای شەش مانگ توانیان دینگ دابەزێنن.

کیاو گوانهوا ئەندامێکی ڕاستەقینەی ئەو گروپە نەبوو. ئەو خوێندکاری ژوئانلای بوو، هاوبەش بوو لە دارشتنی بەیاننامەی شەنگهای ساڵی ١٩٧٢. ئەو تێبینیەی لەلام جێهێشت ئەوەبوو کە کەسێکی زیرەک و خاوەن تێڕوانینێکی بەهێز بوو، کیاو لە خانەوادەیەکی بۆرژوا بوو لە ئەلمانیای خوێندبوو شانازیی بەوەدەکرد کە هێگلی ناسیوە. پرسی ئەوەی بۆچی چووە ڕیزی گروپی چوارکەسەکە بە شاراوەیی دەمێنیتەوە ، چونکە لە جێگەی خۆی دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی دینگ لە دوورخراوەیی دووەمین جاری دەگەڕێتەوە ئەوسا کیاو لەسەر پۆستەکەی لادەبا، ئایا ئەمە بە بڕواوە کراوە یا لەژێر کاریگەری هاوسەرە گەنجەکەی بووە کە دەستەخوشکی نزیکی هاوسەری ماو بوو؟ هۆکارەکەی هەرچیەک بیٚ، کیاو خۆشەویستی خۆی بۆ هەڵگەڕانەوە دەرخست. ئەو

کەسێکی بیروکراتیی کلاسیکی بوو، لە جۆری ئەو سیاسەتمەدارەی چین بوو کە وەکو (کۆنفۆشیۆس) ئاشنای لەگەڵ بیروباوەر کرد، هەندێک جار ماو بە لۆرد کیاو بانگی دەکرد.

بەر لە چەند هەفتەیەک لە واشنتۆن کیاو هێرشی کردە سەر سیاسەتی کرانەوەمان. ئەوەتا ئێستا دژی نووسینەوەی ڕەشنوسی بەیاننامەیە کە بەبێ ئەوە دەکرێ لوتکەی فۆرد دژی لوتکە بێ. بەشێک لە کێشەکە بۆ پەرەسەندنی پەیوەندییەکان دەگەڕێتەوە. گەشتە مێژوییەکەی نیکسۆن لە ١٩٧٢ بەیاننامەی شەنگهایی لێ دەرکەوت، کە خشتەی بنەڕەتی پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکای داڕشت. پێویست بە دووبارەکردنەوەی گگوتەکانی ناکا، هەنگاوی داهاتوو دەبێ دان بە پەکیندا بنێین وەکو حکومەتی چین. ئەمەش ئەوەبوو کە ئامادەکاریمان بۆی نەکردبوو، چینییەکان بەهۆکاری ناوەخۆیان خۆیان لەو بەیاننامە دوور دەخستەوە کە ناوی تایوانی تێدا نەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردەکانی چین و بەتایبەتیش دینگ بایەخی زۆریان بە سەردانەکەی فۆرد دەدا، چونکە ئەمە یەکێکە لە سەرچاوەکانی هێزی نیودەوڵەتییان.

لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٥ وا ڕێککەوت من نوێنەرایەتی ئەمریکا بکەم لە پایەختێکی دابەشکراوی گەماڕۆدراو، دینگ لە هۆڵە مەزنەکە بەخێرهاتنی لێ کردم، دواتر هەوڵیدا نارەحەتییەکانم کەمکاتەوە کاتێک وەزیری دەرەوەی لە نەتەوە یەکگرتووەکان گوتاریدا، گوتی:

( تەنانەت ئەوکاتانەی جیاوازیشمان دەبێ بەڵام بە خۆشی وەکو دۆست بەیەک دەگەینەوە) من ئەوکات تێبینی ئەوەم کرد وەزیری دەرەوە دەیەوێ بمان ترسێنی، بەڵام کیاو ئەوەندە بەهێز خۆی نیشاندا فەرامۆشی هۆشداریەکەی کرد، لە کاتی نانخواردنیشدا کە دینگ لەگەڵمان بەشدار بوو کیاو ویستی ئەو وشانەی لە گوتارەکەیدا دەرخستبوو لە هێرشکردنە سەر پرۆسەی کرانەوە لە بیرمان بباتەوە یا بەشێوەیەکی دیکە دەریبخا چونکە من بە دەقەکەی بێزار ببوم، گوتی لەڕاستیدا کرانەوە بەرەو قۆناغێکی نوێمان نابا، مەترسیی هەڵگیرسانی شەڕێکی جیهانیی لێ بەدی دەکرێ، ئێمە بڕواناکەین ئاشتییەکی هەمیشەیی هەبێ، پرسەکان بەپێی یاساکانی ڕۆژ دەگۆڕدرێن بەبێ ئیرادەی

مـرۆڤ، تـاقە ڕێـگەی مـامەڵەکردن لەگەڵ حەز و ئـارەزوی دەستبەسـەرداگرتن ئەوەیە خەباتێکی بەردەوامی لە دژدا بکەین. یا ئەوەتـا مـرۆڤ دەکەوێتە خەیـاڵ یـا دەکەوێتە هەڵە، بە خستنە ئومێد و حەزەکـان لە شـوێن ڕاسـتیەکان و لەسـەر ئەو بنەمـا ڕەفتـار دەکا، ئیتر چاوتێبڕین لە دەستبەسەرداگرتن بەرەو ئەنجامێکی نەخوازیاری دەبا.

لێرە بە خۆرسک وەڵامێکی ئامادە نەکراوم دایەوە گوتم:

وڵاتەکەمـــان گونجـــاوترین سیاســـەت لەگەڵ دۆخەکـــان پیـــادە دەکـــا، دژی دەستبەسەرداگرتنین لە هەر شوێنێک هەبێ، نامانەوێ لە پێناو ڕووبەڕووبـوونەوە توشـی ڕووبەڕووبـوونەوە ببـین، ئـێمەش خۆمـان کـات و بڕیـاری بەشـداربوون هەڵـدەبژێرین. بەهەرحاڵ کارە هەمیشەییەکانمان بوون، دەستێوەردانەکانی سۆڤیەتیان سنوردار کـردن، لە کاتی درێژەدان بە گگوتەکانم لە پـڕ تەلەفزیـۆنەکە دادەگیرسـێ، واتە ئەمریکییەکـان گگوتە توندەکانمیان نەبینیوە.

بەیانیی ڕۆژی دواتر دینگ هەوڵی دا نائارامی دانیشتنی دوێنێمان لە بیر بـاتەوە، گوتی: لەڕاستیدا من چاوەڕوانی سەردانی سەرۆکم، ئەم ڕووداوەش (سـەردانی سـەرۆک) مەزنتـــرە لە هەمـــوو ناکۆکییەکـــان، جیاوازییەکانمـــان هەرچیەکـــی بـــێ ئەم ســـەردانە چارەسەریان دەکا .

دوای باسـکردن لە هەنـدێک ووردەکـاری سـەردانیەکەی سـەرۆک، سـتراتیژیەتی نێودەوڵەتیمـان بە کەمێـک وردەکـاریەوە پێشـکەش کـرد. ڕووبەڕووبـوونەوە بنەڕەتـیە، هاوبەشـمان هەڕەشـەی یەکێتـی سـۆڤیەتە، ئێسـتاش لای مـن گرنـگ ئەوەیە ئـێمە سـێ کێشەمان هەیە:

١/ ستراتیژیەتی گشتگیری.

٢/تەکتیکی پیادەکراو.

٣/پەیوەندییەکانمان سەبارەت بە دۆخی نێودەوڵەتی.

گـوتم ئێسـتا یەکێتـی سـۆڤیەت لە ئاسـتێکی بەهێـزدایە لە ڕووی سـەربازییەوە ئەمەش لە ئەنجـامی سیاســەتی کرانەوەمانــدا نــیە بەڵکــو لە ئەنجـامی پێشــکەوتنی

تەکنەلۆژیایە، دواتر من دژی ئەوە بووم یەکێتی سۆڤیەت نە لە ڕۆژهەلات نە لە ڕۆژئاوا دەستڕۆیشتوو بێ:

چونکە یەکێتی سۆڤیەت وڵاتێکی ئەورووپی و ئاسیاییە، بۆیە دەبێ ڕێگە بەوە نەدەین لە هەر شوێنێک باڵادەست و دەستڕۆیشتوو بێ، دیارە کە ئێمەش ئەو لایەنە بەهێزەین کە دژی یەکێتی سۆڤیەتین ئیتر دەبێ لە هەموو ڕوویێکەوە بەهێز بین. هەروەکو بە وەزیری دەرەوەی ئێوەشم گوت، من نازانم کام لەم بیرۆکانە ڕاستن ، چەواشەی ڕۆژئاوا دەکەن تا لە ڕۆژهەڵات هێرش بەرن یا چەواشەی ڕۆژهەڵات دەکەن تا هێرش بەرنە سەر ڕۆژئاوا.؟ بەڵام من هیچ جیاوازییەک لەم دوو ئەگەرەدا نابینم ئەگەر هێرشیان کردە سەر ڕۆژهەڵات ئەوا لە ڕۆژئاواش بەهێز دەبن ئەگەر هێرشیان کردە سەر ڕۆژئاوا دیسان لە ڕۆژهەلاتیش بەهێز دەبن ، بۆیە بۆ ئەمریکا کێشەکە جیاوازیی نیە.

هەروەکو گوتم، جیاوازیمان لە تەکتیکە، هەڵوێستی چین لەم ڕووەوە توند بوو بەڵام هەموو دونیا ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی چین دەگرت، هەڵوێستی ئەمریکا لە هەموو پرسەکان نیان بوو، بەرنامەمان ئەوەبوو لە کوێ یەکێتی سۆڤیەتی دەستدرێژی بکا ئێمە لەوێ ڕووبەڕووی ببینەوە، هەرکاتەی دۆخەکەش پێویستی بە کاری سەربازی کرد ئەوسا هاوڵاتیانمان دەگەیەنینە ئەو بڕوایە کە پیویستییەکانی ئاسایش ئەم زەرورەتەی هەڵبژاردووە:

هەر بۆیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەنگۆلا لە پۆرتوگال بە ڕووی یەکێتی سۆڤیەتدا چالاکانە وەستاینەوە، تەنانەت ئەوکاتانەی پێویستی دەکرد هەر بەتەنیایی بەڕوویدا دەوەستاینەوە.

بۆئەوەی درێژە بەو هەڵوێستە بدەین و خۆمان لە جۆشبوونی ناوەخۆ دوور خەینەوە هەروەکو لە ئەنجامی ڤێتنام و واتەرگێت Watergate ڕوویدا دەبێ یەکریزی و ئامادەسازی بۆ هەماهەنگی ناوەخۆ بکەین.

چۆن دەگەینە ئەو هەماهەنگییە ئەمە پرسێکی ناوەخۆییە پەیوەندیی بە چینەوە نیە، بۆیە کاردانەوەکانی دینگ چەند جەدەلێکی پراکتیکی بوون:

- ئەو برە دانەوێڵەی ئەمریکا بە یەکێتی سۆڤیەت دەفرۆشێ چەندە؟

- چەند تەکنەلۆژیای پێ دەدا؟
- ئایا ڕێککەوتنی هلسنکی دان بە پانتایی دەسەڵاتەکانی سۆڤیەت دەنێ لە ناوچەکە؟

دوای ئەم چەند پرسیارانە پێشنیارێکی گشتیی بەدواداهات:

( ئێمە نازانین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بۆچی خاڵە بەهێزەکانی خۆیان بۆ پڕکردنەوەی خاڵە لاوازەکانی سۆڤیەتی بەکارهێنا، پێم وایە پێگەی دانوستانی ئێوە بەهێزتر بوو).

لە دانیشتنی دواتر دینگ وەڵامی خاڵەکانی منی دایەوە، هەردەبێ ڕووبەڕووی ترسانەی سۆڤیەتی ببینەوە چونکە زۆر بەخێرا بەرەو پێش دەچێ، ئامانجی سەرەکیی ڕۆژئاوایە، گردکردنەوەی هێزەکانی لە ڕۆژهەڵات فێڵە، کێشەکە ئەوبو دینگ وا خۆی دەرخا کە دەنگی هەیە لە ستراتیژیەتی ڕۆژئاوا. بێئەوەی هیچ ئەلتەرناتیفێک بداتە دەست، بە دینگم ڕاگەیاند کە ستراتیژیەتی هاوبەشی ئەمریکی و چینی لەسەر زەرورەتی هاوسەنگی دروست بووە کە جیوپۆلەتیک سەپاندویەتی.

تەنانەت ئەوکاتانەی لە تەکتیکیش ناکۆک دەبین هاوکاریی نێوان چین و ئەمریکا ڕێگە لە بەرفراوانبوونی یەکێتی سۆڤیەت دەگرێ.

بەم شێوەیە چوینە سەر ئەو بەیاننامەی کە بۆ سەردانیی فۆرد ئامادە دەکرێ، واتە ئەگەر هیچ پێشکەوتنێک لەسەر پرسی تایوان بەدی بکرێ، مەبەستم بوو پێشنیاری ئەوە بکەم کە نوێنەرایەتیمان لە پەکین و کاربەڕێبەرمان لە تایبی نوێنەری ڕاوبۆچوونەکانی ئێمەن. ئەوسا دەبوایە ئاستی نوێنەرایەتی دبلۆماسیی پەکین بۆ بالوێز و هی کاربەڕێبەریش بۆ نووسینگە بەرز کەینەوە.

دینگ ئەو پێشنیارەی ڕەت کردەوە کاربەڕێبەرەکانی پەکین و واشنتۆن بکرێنە نووسینگە چونکە پلەی دبلۆماسیان پێ دەدرێ ئەمەش بۆ چین مایەی قەبوڵکردن نیە چونکە تا ئەوکات چین، تایوان بە هەرێمێک لە چین دەزانێ بۆیە بە پێویستی نازانێ خەسڵەتی دبلۆامسیەتی پێبدرێ، دینگ بۆ چارەنوسی کێشەی تایوان سێ پێشنیاری هەبوو:

یەکەمیان / دەبێ ئێمە سوور بین لەسەر بەیاننامەی شەنگهای، واتە دەبێ ئێمە چارەسەری دوو چین واتە چین بە جیا و تایوان بەجیا ڕەت کەینەوە و هیچ ئەلتەرناتیفێکی دیکەش قەبوڵ نەکەین جگە لەوەی لە بەیانامەی شەنگهایدا هاتووە. بیرۆکەی دامەزراندنی بالوێزخانەیەک لە چین و نووسینگەیەکی پەیوەندی لە تایوان مانای ئەوەیە چین بە جیا و تایوانیش بەجیا ، ئەمەش مایەی قەبوڵکردن نیە.

دووەم/ پرسی تایوان ، پرسێکی ناوەخۆییە دەبێ دەستی لێ هەلبگیرێ گەلی چینی خۆی بڕیار لەسەر چارەسەرکردنی بدا، دواتر چۆن چارەسەر کرا یا نەکرا چین خۆی لێی بەرپرسیارە.

سێیەم/ ئەمە بۆ ئێمە خالێکی باوەڕداریە، ئەویش پێمان وایە پرسی تایوان، چین خۆی چارەسەری دەکا نابێ لایەنی سێیەم بێتە ناوی و دەستی هەبێ لە چارەسەرکردنی.

سێ خاڵەکەی دینگ بڕوا نەگۆڕەکانی چین بوون ، تایوان بۆ چین بەشێکە لە خاکی چین، دابڕانی مایەی قەبوڵکردن نیە ئەم یەک پارچەییەی چین و تایوان لە ١٩٤٣ کۆنگرەی قاهیرە بڕیاری لەسەر دراوە و دونیا دانی پێدا ناوە، ئەو دوورگە لە ساڵی ١٨٩٥ ژاپۆن لە چینی دابڕاندووە، بەڵام بۆ چین تایوان لێی دابڕێندراوە و بە بەشێک لە خاکی خۆی دەزانێ پێی وانیە تایوان وڵاتێکی بێگانە بێ. داواکردنی سەربەخۆیی بۆ ئەو دوورگەیە واتە دەستوەردان لە پارچەکردنی خاکی چین، ئەمەش پێشێلکردنی سەروەری وڵاتە چین ئامادەیە جەنگی لە پێناودا بەرپا بکا.

لە شەش ئیدارەدا ئەمریکا سووربووە لەسەر چارەسەری ئاشتیانە بۆ پرسی تایوان. لە میانی گوتەکانیدا دینگ دانی بە گگوتەکانمدانا، تا ئەوکاتەی پرسی تایوان یەکلایی دەبێتەوە دەبێ چین و ئەمریکا هاوسەنگیەک بۆ پەیوەندییەکانیان بدۆزنەوە کە بەهۆی پرسی تایوان نەکەونە گێژاو، چونکە چین ئامادەیە بکەوێتە مەزنترین زەلکاوی جەنگەوە لە پێناو تایوان، هەرکاتێکیش بە هێز چین تایوانی خستە پاڵ خۆی ئەمریکا بە دووری نازانێ خۆی لە جەنگی ناوەخۆی چین تێوەگلێنێ لەگەڵ وڵاتێکی پێداگری وەکو چین بکەوێتە ڕکە.

لەبەر ئەم هۆکـارانە کە دینـگ لە هەسـتیاری ئەو پرسـە دەگەیشـت بە ئاسـتی مەترسـییەکانی ڕووبەڕووبـوونەوەی ئەم دوو هێـزە زەبەلاحە گـوتی مـاو بە نیکسـۆنی ڕاگەیاندووە کە قەبوڵیەتی سەد ساڵی دیکە چاوەڕوان بێ تا پرسی تـایوان یەکلایـی دەکەنەوە چونکە لای ماو پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین گرنگە. بۆئەوەی نیشـانی بـدا پەیوەندییەکانی ئەمریکا چەنـدە لای چینییەکـان گـرنگە، دینـگ گەشـتێکی گـوزاریی بـۆ شاندی ئەمریکی ڕێکخست بۆ (ڕەوابیی بۆندار) کە دەکەوێتە کەنـار پەکـین، نـاوچەیەکی گەشـتوگوزاریی نـوخبەی کۆمۆنیسـتەکانە، دواتـر کە مـاو پێشـوازیی لێکـردم خـۆی بەدواداچوونی بۆ پرسەکە کرد.

## گفتوگۆ لەگەڵ ماو

چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ ماو بە ڕێگەیەکی ئاسـایی ئەنجـام درا، لە ٢١ی تشـرینی یەکەم، مـن و دینـگ باسـی لایەنـی باشـاوری ناتۆمـان دەکـرد، ئەمەش نمـونەیەکی بەرفـراوانیە، گفتوگۆکانمـان بەردەوام بـوو کاتێـک یاریـدەدەری وەزیـری دەرەوە وانـگ هیرونگ دێتە ژوورەوە ( ئێمە پێمـان وابـو کە خوشـکەزای مـاوە) بەنـدێک کـاخەزی دایە دەسـت دینـگ، گـوتی سـەرۆک ئامـادەیە پێشـوازیت لێبکـا، لە کـاتژمێر ٦،٣٠ پێیـان ڕاگەیاندم کە ماو دەیەوێ چاوی بە هاوسەریشت بکەوێ (نانسی) بەڵام جێگەی داخ بوو کە نانسـی چوبـووە بـازاڕ، زیرەکـی چینییەکـان سـەلماندیان کە ئـازان، لەو سـەردەمی دواکەوتویی تەکنەلۆژیای پەیوەندی، کەچی لە ماوەی ١٥ خولەک توانیان نانسی لەلامان ئامادە بکەن.

توشی شۆک هاتم کاتێک ماوم بەم شێوەیە بینـی بەر لە مـاوەیەک و دواجـار کە ماوم بینی بەم شێوەیە نەبوو، ئێستا دەبێ دوو لە پەرستاران یارمەتیی بدەن تا بتـوانێ لەسەر پێ بوەستێ، لیکاو لە دەمـی دەچـۆڕێتەوە ئەو مـاوە نەبـوو کە بەر لە دوو سـاڵ بینیبـوم دیـارە وەسـتانی دڵ لێیـدابوو، وەرگێـڕ زۆر بە قورسـی لە گگوتەکـانی مـاو

دەگەیشت کاتێک پێی دووبارە دەکردەوە هەندێک جار لێی تێدەگەیشت ئەگەر لێی حالی نەبوایە ناچاربوو بە نووسین بۆ بنووسێتەوە.

وادەرکەوت سەرکردە لاواز بووە، من ترسی ئەوەم هەبوو لەکاتی چاوپێکەوتنەکە بەسەر خۆیدا بکەوێ و منی لێ گوناهبار ببم، سەرەتا چەند خولەکێک لەگەڵ نانسی دوا، پاشان ئەو چووە دەرەوە ماوەی کاتژمێرێک و نیو باسمان لە پرسەکان کرد، دەرکەوت ئەم کۆبوونەوەم لە پێنج کۆبوونەوەکانی دیکە هەستیارتر بوو، ماو گفتوگۆکەی بە گاڵتە دەست پێکرد گوتی:

ماو: تۆدەزانی من بەدەست چەندین نەخۆشیی جەستەوە دەناڵێنم، لەم زووانەش بۆ ئاسمان سەردەکەوم.

کیسنجەر: بەم زووانە نا.

ماو: نەخێر بەم زووانە دەتوانم بڵێم من داوەتنامەی خوام بەدەست گەیشتوە.

کیسنجەر: ئومێدەوارم تا ماوەیەکی دوور وەری نەگری.

ماو: من فەرمانەکانی دکتور بەجێدەگەیەنم.

کیسنجەر: سوپاست دەکەم، سەرۆک چاوی لە سەردانی چین و دەرفەتی دیدارە لەگەڵ ئێوە.

ماو: مایەی خۆشحالیم دەبێ.

هەرزوو ماو دەریبڕی کە توانای بیرکردنەوەی لێکدانەوەی ساغ و سەلامەتن. ئەو مشتومڕەی ڕۆژی پێشتر لەسەر یەکێتی سۆڤیەت بەڕێمان کرد مایەی دلخۆشی ماو نەبوو، لە میانی بەیەکدا چونت لەگەڵ جیگری سەرۆک وەزیران، گوتم ئەمریکا پیویستی بە هیچی چین نییە، چینیش بە هەمان شێوە پیویستی بە هیچی ئەمریکا نییە. وەکو دەیبینم ئەمە بەشێکی ڕاستە و بەشێکی هەڵە، تایوان پرسە بچووکەکەیە، دونیا پرسە مەزنەکەیە. ئەگەر هیچ لایەک پێویستیی بە لایەکەی دیکە نەبێ تۆ لە پەکین چی دەکەی؟ ئەگەر هیچ لایەکمان پێویستیمان بە یەکتری نەبێ بۆچی هاتویتە پەکین؟ بۆچی دەمانەوێ پێشوازی لە تۆ و سەرۆک بکەین؟

كاتێـك ویسـتم وەڵامــی بـدەمەوە بڵـێم هۆكـاری هـاتنم بـۆ ئێـرە ئەوەیە كە هەردوكمان ناحەزێكی هاوبەشمان هەیە، ماو گـوتی بەڵـێ وایە، بـۆ مسـۆگەریش لەسـەر كـاخەزەكە بە ئینگلیـزی نوسـیی بەڵـێ وایە. بەم نووسـینەی مـن بـوومە تـاقە كەسـێك خاوەنی كاخەزێك بم بە خەتی سەرۆك لەسەری نوسرابێ بەڵێ. هۆكارێكی دیكەی هاتنم بۆ چین ئەوەبوو تا لە ڕاوبۆچوونەكانی چین بگەم لەسەر پرسەكانی دیكەی دونیـا، بەم وەڵامەم كەمتــر ڕازی بــوو: ئەم گوتــانەت پشــتیان پــێ نابەســترێ، چــونكە بەپێــی پێشـینەكانت دەبـێ هۆكـاری یەكەمـت یەكێتـی سـۆڤیەت بـێ و دووەمیشـت ئەوروپـا و سـێیەمیش ژاپـۆن، دوای ئەوە مـاو بـۆی باسـكردم چـۆن گەیشـتۆتە ئەودەرهاوێشـتە و ستراتیژە:

وازیـان لێبێـنن بـا لە زۆنگـاوی چینـدا بخنكـێن، دواتـر بە پەنجەكانتـان دەتـوانن وەڵامی سۆڤیەت بدەنەوە، ئەوكـاتیش دروشـمەكانتان ئاشـتی دەبـێ، واتە لەسـەرتانە لە پێناو ئاشتی ئیمپریالیزمی سۆشیالیزم لەناوبەرن.

شۆڕشگێڕە پیرەكە هیچ قۆناغێك نـازانێ جـگە لە خەبـات نەبـێ، كە ئێسـتا زۆر هەستیارە و پشتی پێ دەبەستری، بیری بۆ ئەوە نەدەچـوو كە ئەمریكـا دوای ڤێتنـام و واتەرگێـت Watergate دەتـوانێ لە پێنـاو هاوسـەنگی جیهانیـدا گەلـی ئەمریكـی ببزوێنــێ و هــانی سـۆڤیەت بـدا دەســت لە چــین بوەشـێنێ. كە ئێســتا دەمــانەوێ پەیوەندییەكانیان لەگەڵدا باش بكەین. وەكو پێشەكییەكی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریكـا و یەكێتی سۆڤیەت، ئەمە ئەو میكیافیلیزمیەیە كە ئەمریكا لە حەفتاكـان لەسـەری نەبـوو، بۆیە كە بە دڵتەنگی وەڵامیم دایەوە، ماو بابەتەكەی گۆڕی.

دیارە شێتی خـۆمەزنكردن ئەو پیـرە پیـاوەی جـێ نەهێشـتوە بـۆیە بەم شـێوەیە بیردەكاتەوە. بەڵام گفتوگـۆكە هـیچ سـودێكی نـیە ئەگەر ئەمریكـا لە دژی چـین دەسـت بخاتە نێو دەستی یەكێتی سـۆڤیەت، هـیچ شـتێك نـامێنێتەوە بیلـێم. بەم شـێوەیە مـاو دەگەڕێتەوە بۆ تاقە بابەتی كە هاوكاری و هەماهەنگی چین و ئەمریكایە بۆ ڕێگەگرتن لە هەر دوژمنكارییەكی سۆڤیەتی.

لەڕووی بەرگریکردن لە دوژمنکاری تەنها دوو بژاردە هەیە:

- دەبێ هەوڵبدەین شکستی پێ بێنین.
- یان یاری بردنەوەی کات بکەین.

بژاردەی یەکەم بۆئەوەیە ئەگەر مەزەندەی بکەیت دوژمن هەرەس ناهێنێ. ئەگەر گومانی ئەوە هەبێ لە داهاتوودا دۆخی قوربانی تێک دەچێ ئەوا بژاردەی دووەم پیادە بکرێ، ئەمە لە سیەکان هەڵوێستی بەریتانیا بوو، هیتلەر بەهێز بوو نەدەڕوخا، بۆیە کاتێک دەبینرێ کات لە بەرژەوەندی دوژمندایە دەبی بژاردەیەکی دیکە بگرێتە دەست. هەروەکو گوتمان پێمان وابو دۆخی یەکیەتی سۆڤیەت لە پاشەکشەی ستراتیژیدا بوو، بەتایبەت دوای ئەوەی ئەمریکا لە قەیرانی ڤێتنام و واتەرگێت Watergate دەربازی دەبێ.

ماو باسی لەو گفتوگۆیە کرد کە بەر لە دوو ساڵ ئەنجام دراوە کە باسمان لەوەکرد ڕێگری لە هەر جوڵە و هەوڵێکی سۆڤیەت بکرێ کە دەبیتە مایەی تێکچونی هاوسەنگی هێز، ستراتیژمان نەگۆڕاوە، بەڵام بەهۆی دەست لەکارکێشانەوەی نیکسۆن ئێمە بە دۆخێکی قورسدا تێدەپەڕین، ئێستا مانۆرە دەکەین زیاتر لەوەی مەبەستمانە بیکەین، فەرماندە باش لەم بیانویانە گەیشت، ئەو خۆی لە ژیانی سیاسییدا گەلێک مانۆرەی لەم جۆرە کردووە بەو هۆیەوە گوتی ( پێم وایە ئەمە ڕوو دەدا، بۆیە مانۆرە ڕێگە پێدراوە).

هەرکە گفتوگۆکە هاتەوە سەر ستراتیژیەتی هاوبەش، ماو بە سەپاندنی ئامانجێکی هاوبەش پێداگرییەکی دیکەی وروژاند. ئەم ئامانجە چۆن ئەنجام دەدرێ؟ دواتر گوتی:

ڕوونە کە ئێمە زۆر بڕوامان بە سوپاکانمان نیە، ئەگینا بۆچی کەمتر و بچووکترە لە سوپای سۆڤیەتی؟

گەلێک ئەوروپی هەیە وا بیر دەکاتەوە کە دەکرێ چەکی ئەتۆمی بۆ بەرگریکردن لە ئەوروپا بەکار بێنێ. ماو باسی لە گوتارەکەی سیناتۆر باری گولد

گگوتەر و کتابی پەیامنێری سەربازی نیویورک تایمز کرد کە تایبەت بوو بەم لایەنە، هەرچەندە بە ڕاشکاوی باسی نەکرد بەڵام ئاماژەکان وا دەردەخەن:

چۆن دەتوانین بە سوپایەکی کەم و هەندێک لە چەکی ئەتۆمی بەرگری لە چین بکەین؟ ئایا ستراتیژمان ئەوەبوو کە ماو باسی لێوە دەکرد (ستراتیژیەتی دنکر) تەناتەن بۆ ئەوروپاش؟ بە ڕوونتر بڵێین ئایا ئێمە ئامادەکاری دەکەین بۆ چۆڵکردنی پانتاییەکی زۆر لە خاکی ئەوروپی و ئاسیایی و ماندوکردنی یەکێتی سۆڤیەت بە ستراتیژییەکی درێژخایەن؟

ماو باسی لە پرسی شەڕی سارد و بابەتە ڕەوشتییەکانی ئەو پرسە کرد کە ئێمە بەهۆی ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت ڕامانکردبوو لێی، ئێمە لە جەنگی کلاسیکی نەمانتوانی کۆترۆڵی بکەین. کە بایەخی سەرەکیمان لەسەر قوربانیەکان بوو، دواتر لە دوای جەنگی ئەتۆمی هیچ شارستانیەتێک لەسەر ڕووی زەمین نامێنێتەوە، بە بڕواوە وەڵامیم دایە:

ئەگەر هێرشێکی مەزن بکرێتە سەر ئەوروپا ئێمە چەکی ئەتۆمی بەکار دێنین، حەوت هەزار چەکمان هەیە لە ئەوروپا، ئەم ژمارە چەکەش بۆئەوە نیە بکەوێتە دەست دوژمن ، لە ئەمریکاش زیاترمان هەیە جەنابی سەرۆک دەبێ هەردووک لامان ئەوەی هەمانە بیلێین، جێگەی ستراتیژیەتی (دنکرک) نە لە ڕۆژهەلات نە لە ڕۆژئاوا نابیتەوە، ئەگەر هەر هێرشێک بکرێ ئێمە هێرشەکانمان ڕاناگرین تا ئەوکاتەی دڵنیا نەبینەوە لەوەی بەسەر یەکێتی سۆڤیەتدا سەرکەوتوین.

ئەم هێرشەم وایکرد سەرۆک بە وردتر لەو نیانیەی بیربکاتەوە ، گوتی فرەنسا لە یەکگرتنی هەردوو ئەلمانیەکە دەترسێ. گوتم ئێمە هاوکاریی دەکەین سەرەڕای ئەوەی ئەمە نابێ ڕوو بدا بەر لەوەی یەکێتی سۆڤیەت لاواز بێ، ماو وەڵامی دایەوە:

(بێ کوشتار، ناتوانرێ یەکێتی سۆڤیەت لاواز بکرێ، بەپێی گگوتەی ماو گوایە واتەرگێت Watergate ڕێگر بوو لەو هەوڵە، من پێم وایە کە نەدەبوایە بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ واتەرگێت Watergateدا بکری)

ماو دانیشتنەکەی بە داوەتنامەی دینگ بۆ شلیسنجەر کۆتایی هێنا، وەزیری بەرگری مایەی خۆشحاڵیمان دەبێ لە چین، ئەگەر لەگەڵ شاندی سەرۆکایەتی بێت یا بەتەنیا. ئامانجی سەردانەکە کاریگەری خۆی دەبێ لەسەر یەکێتی سۆڤیەت. ئەگەر شلیسنجەر هات ئەوسا ماو وەکو دینگ ئارەزوی سەردانی زینجیانگ و مەنگۆلیای ناوەخۆ دەبی کە بە تەواوەتی کەوتۆتە سەر سنوری یەکێتی سۆڤیەتی.

دەرچونی وشەکان لە نێو لێوەکانیەوە زۆر بەقورسی بوو، بۆ ئەوەی دڵنیا بێ لە بەلارێنەدانی ئەمریکا و چین هەستیارانە باسی لە پرسی تایوان نەکرد کە ڕۆژی پێشتر دینگ باسی لێوە کردبوو. بەجۆرێک لە پێداگری هەروەکو پێشتر بە نیکسۆنی گوتبوو، دەکرێ سەد ساڵێک چاوەڕوانی پرسی تایوان بکەین:

دوای سەد ساڵی دیکە شەڕی لە پێناودا دەکەین، کاتێکیش دەچمە ئاسمان بە خوا دەڵێم: باشترە لەم کاتەدا تایوان لەژێر چاودێری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێ.

دواتر چینیەکان بەیاننامەیەکیان دەرکرد تیایدا گوتیان:

ماو گفتوگۆیەکی باشی لەگەڵ دکتۆر کیسنجەر ئەنجامدا، ئەم دیمەنەشیان بەوە ڕازاندەوە کە لە ڕۆژنامەکاندا وێنەیەکی ماویان بلاوکردەوە لەتەک هاوسەرم وەستاوە لە دووری منەوە، لە وێنەکە بە پەنجە ئاماژە دەکا وەکو ئەوەی بڵێ ئەمریکا پێویستی بە نەختێک فێرکاری هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی خۆش.

# فۆرد و ماو: لوتکەی ساڵی ١٩٧٥

سەرەڕای کۆتاییەکی خۆشم لەگەڵ دیداری ماو، گومانێکی تەواوم لا دروست بوو لە سەر سەردانی سەرۆک، هەرچەندە گوتەکانی ماو لە هی دینگ و کیاو کەمتر توندیان پێوە دیار بوو، بەڵام لە ژێرەوە پێیەوە دیار بوو کە لە کاتی سەردانی سەرۆکدا، هەڕەشە دەکرێ، سەرکردەکانی چین بەرژەوەندییان لە دروستبوونی ساردی لە پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکادا نییە، بەڵام ئەگەر بکەونە ئەو بڕوایەی کە ئێمە لەبەر سەرقاڵی ناوەخۆمان هیچ پەیوەندییەکمان بە پرسەکەوە نەماوە یا ئەگەر هەڵوێستی ناوەخۆی چین گونجاوتر و لەبارتر بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جەنگ بەڵکو ئەوسا ناکۆکیەکانی ئایدیۆلۆژی زاڵ دەبن. لەسەر خۆدوورخستنەوەی چین لە بەیاننامەکە هەر لێکدانەوەیەک هەبێ، ئەمە مانای ئەوەیە لانی کەمیەتی، یا ئەوەتا سەرکردە باڵاکان پێشبینی هیچ گۆڕانکاریەکی نوێ لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا ناکەن یا پێیان وایە هەر هەوڵێک بۆ تێپەڕکردنی بەیاننامەی شەنگهای دۆخەکە ئالۆزتر دەکا و نە لە واشنتۆن نە لە پەکین تێپەڕ نابێت.

لەبەر ئەم هۆکارانە سێ هەنگاومان نا:

بە پەکینمان ڕاگەیاند کە باشتر وایە هیچی دیکە کار لەسەر دەرکردنی بەیاننامە نەکەین، یەک بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی لە کۆتایی سەردانەکە بەسە. ڕێچکەی سەردانەکەشمان کورت کردەوە بە هەڵوەشاندنەوەی وەستانەکانی ڕێگا لە وێستگەی شارەکان، دواتر بڕیارماندا سەردانیەکی خێرای ئەندەنوسیا و فلیپین بکەین لە جیاتی گەشتی هەرێمە چینیەکان. ئەمەش دەبێتە ئاماژەیەک بۆ پەکین کە خۆی لێی تێدەگا: ئەویش ئەوەیە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناچێتە ژێر باری هیچ وڵاتێک بۆ دروستکردنی سیاسەتەکانی).

دوو هەفتە دوای گەڕانەوەم لەم گەشتەمدا فۆرد شلیسنجەر لە پۆستەکەی دوور دەخاتەوە، دیارە ئەم دوورخستنەوە لای چینییەکان تێبینی بوو هەرچەندە

دوورخستنەوەکە هیچ پەیوەندییەکی بە داوەتکردنی شلیسنجەرەوە نەبوو کە ماو و دینگ داوایـان کـرد سـەردانی چـین بکـا، بەڵام وادیـارە چینییەکـان هەوڵیـان داوە یـاری بە ناکۆکییەکـانی نێـوان ئەنـدامانی ئیـدارەی فـۆرد بـکەن و سـود لە ئالۆزییەکـانی نێـوان ئیدارەی فۆرد لەلایەک و کۆنگرێس لەلایەکی دیکە وەرگرن.

هەردوای ٤٨ کاتژمێر لە دوورخسـتنەوەی شلیسـنجەر کیـاو پەیوەنـدی بە جـورج بوشەوە دەکا بەرپرسی نووسینگەی پەیوەنـدییەکانی واشـنتۆن لە پەکـین داوای لێـدەکا بەیاننامەی سەردانی سەرۆک دوابخا، ئەمەشیان پێ گوت کە چین لەسەر بنەمـای پشـت بەخۆبەسـتنەوە سیاسـەتەکانی بنیـاد نـاوە. چـین نە لە کەس دەترسـێ و نە بەدوای کەسیشدا دەگەڕێ بیپارێزێ، لە هەمان کات پێی وت کە چین پەلەی نیە لە چارەسـەری کێشەی تایوان بۆیە لە خشتەی کارەکـانی دەرخسـتوە، گـوتی ئەمریکـا قەرزاری چیـنە، دواخستنی پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکاش دونیای پێ ناڕوخێ. بەڵام لە ٤ی تشرینی دووەم، کاتی سەردانی سەرۆک ڕاگەیەندرا.

دۆخـی واشـنتۆن لەو یاداشـتە دەردەکەوێ کە بەر لە سـەفەرم بـۆ فـۆردم بەرز کردبۆوە، گوتم ڕێگە نادەم ڕەخنەمان لێ بگـرن لەسـەر پرۆسـەی کرانەوەش هەر شتێ بلێن وەڵامیان دەدەینەوە کە ئەمە پرسێکی خۆمانە کەس بۆی نیە قسـەی لەسـەر بکـا، هیچ پێویست بەوە ناکا دڵنەواییان بدەینەوە و لە مەترسیان دڵنیاکەینەوە.

هەروەکـو ڕوویـدا لە یەکـی کـانونی یەکەم ی ١٩٧٥ پێشـوازی لە فـۆرد کـرا. لە فڕۆکەخـانە دینـگ لە پێشـوازیمان دابـوو زۆر بەگەرمـی خـۆی و دەسـتەیەک لە گەورە کاربەدەستان پێشوازیان لێکردین بە نەریتـی چینـی، هاوسـەری دینـگ خۆشـحالی خـۆی دەردەبڕی، ئەوەی جێی سـەرنج بـوو مـاو ئامـادە نەبـوو، لە کـاتی نـانخواردن دینـگ بە ئاوازی خۆش کاتی بۆ دەرازاندینەوە، لە کـاتی دانیشـتنی وێنەگرتنـدا هاوسـەری مـاو بە سمبولی دەردەکەوێ، زۆر بەکەمی لەگەڵ سەرۆک دەدوێ.

گوتاری دینگ هیچ پەیوەندییەکی بە ئاگر و کبریتەوە نەبوو کە لە پێشوازیەکەی کیاودا بینیمان. سەردانی سەرۆکی بە ڕوداوێکی گرنگ ناساند. گەلی ئەمریکیش بە گەلی مەزن، ستایشی بەیاننامەی شەنگهای کرد بە بەیاننـامەی بەناوبانـگ و تـاک ناسـاند، بە

شێوەیەکی گشتی ئامانجەکانی پێشوی دووبارەکردنەوە لە هەژموونی سۆڤیەتی و گرنگی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین، بە هەندێک گگوتەی ماو کۆتایی بە گوتارەکەی هێنا، فۆرد زۆر بە بەرزی وەڵامی دایەوە بە پێداگری لەسەر گرنگییەکانی هاوبەش کە دۆستایەتیمان لەسەری بنیاد دەنێین کرد، بەڵام بە دەستگرتن بە هێڵە بنەڕەتیەکانی سیاسەتمان.

ئەمریکا بۆ دوو ئامانج هەوڵ دەدات:

کەمکردنەوەی مەترسیەکان.

دۆزینەوەی دەرفەتی ئاشتیی بێ خەیاڵ.

دۆخەکان پێویستیان بە هۆشیاری و هێزە بەڵام لە هەوڵەکانمان بەردەوام دەبین بۆ دابینکردنی ئاشتی، سوور دەبین لەسەر بەرگریکردن لە هەر کارێکی دژی سەربەخۆیی ئەوانەی دەیانەوێ بە ئازادی و دڵخۆشی بژین.

ڕۆژی پاشتر لەسەر خوانی نان دینگ و فۆرد تێر گفتوگۆیان کرد و کۆبوونەوەکەیان بە گرنگ زانی.

گوتی ئێمە گفتوگۆمان لەلا گرنگە تەنانەت ئەگەر جیاواز و هەندێک جاری ناکۆکیشمان هەبێ، گوتەی ماوی بیرهێنایەوە کە دەڵێ وردە شەڕ هەندێکجار دەبێتە مایەی یەکبوونێکی مەزن.

من ئەمەم بیر نایەتەوە ماو بەمنی گوتبێ بەڵام دڵخۆش بووم لەوەی ئاماژە بە گوتەکانی ماو دەدەن بۆ دۆستایەتی و گرنگی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا وچین، دینگ ویستی جیاوازی خۆی و وەزیری دەرەوەی نیشانمان بدا کە پێشنیاری کرد من و کیاو سەرفرازکەین بۆ ئامادەکردنی بەیاننامەیەکی هاوبەش.

دوای ئەوە فۆرد جلەوی گفتوگۆکە دەگرێتە دەست، گوتاری درێژ لە خەسڵەتی ئەودا نەبوو، بەڵام خۆی زۆر بۆ ئامادەکردبوو لە کتێبە ئەستورەکان هەندێک گوتەی دەرهێنابوو، زیرەکانە گوتارەکەی خوێندەوە، وەڵامەکانی دانەوە، وتارەکەی پڕبوو لە بیرۆکەی زیرەکانە بە ڕەتکردنەوەی هەندێک بیانوی ماو، ئەمەشی ڕەت کردەوە کە

فەرماندە گوتبوی چین بۆتە پێنجەمین پێشینەکانمان و ئێمەش هەرگیز چەکی ئەتۆمی بۆ بەرگری لە ئاسیا و ئەوروپا بەکارناهێنین.

ئێمە پەیوەندیی ولاتانی دیکەمان لا گرنگە بەلام چاومان لە بایەخدانە بە پەیوەندییەکان لەگەڵ چینی میللی.

ئێمە ڕاستییەکان ناشارینەوە کە دانوستان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا دەکەین بۆئەوەیە سەقامگیری سیستەمی نێودەوڵەتی بەرقەرارکەین و پەیوەندییەکانی دووقۆلیش خۆشکەین. بەو ئاڕاستەی لە بەرژەوەندی ئێمەدا بێ لە میانی ئەوەی ململانیی توند باشتر بێ لە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی. ئەگەر بتوانین ئالۆزییەکان خاوتر کەینەوە ئەوسا ئێمە لە ئەمریکا بەهێزتر دەبین بۆ داماڵینی چەک و بەرفراوانکردنی.

سەرەڕای ئەو هەولانەمان بۆ کەمکردنەوەی ئالۆزییەکان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و سەقامگیرکردنی دۆخەکە، ئێمە ڕێگری لە بەرفراوانبوون دەکەین لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا، کاتێکیش دینگ شیکاری خۆی لەسەر لاوازی ڕۆژئاوا لە سیەکان بە ڕووی فاشیزمەوە پێشکەش کرد، فۆرد وەلامی دایەوە:

ئێمە لەگەڵتانین کە یەکێتی سۆڤیەت لە گەلێک ڕووەوە لە هیتلەری سیەکان دەچێ، بەلام پێم وایە هەڵوێستەکانی ئێستا جیاوازن، ئێوە لە دۆخێکدا ئەمریکاتان نەبینیوە هەڵوێستیکی لە هەمان هەڵویستی بەریتانیای سیەکان هەبوبێ نە ئیستا نە لە ڕابردوو.

بودجەمان لەبەردەوامیدایە بۆ زیادبوون و ئێمەش لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەستدرێژکاران بەردەوامین.

دواجار فۆرد سنوری بۆ پرسی مێژوویی دانا بە وەبیرهێناوەی دینگ کە ڕوسیای کۆمۆنیست هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕ بوو لەگەڵ ئەلمانیای نازیست، ئەمەش بەهۆیە هەماهەنگیی لەگەڵ هیتلەر بووە.

( جەنابی جێگری سەرۆک وەزیران باسی مێژوومان کرد ڕاستە کە ڕۆژئاوا هەڵەی لەگەڵ هیتلەردا کرد، بۆ ڕۆژئاوا وەلامی ڕاستکردنەوەی دایەوە بە بەرگریکردن لە پۆلۆنیا کاتی داگیریان کرد. هەروەها مێژوو ئەوەش دەڵێ کە وەلامدانەوەی ڕۆژهەلات تەنها

ئەوکاتە دێ کە دەستکرا بە داگیرکردنی یەکێتی سۆڤیەت، بەم شێوەیە هەموومان هەڵەمان کرد.

لەوە گەیشتین کە هێڵە ڕاستەکەی چین ئەوکاتە دەبینرێ کە ماو و فۆرد کۆدەبنەوە. کۆبوونەوەکە لە پارچەکاخەزێک نەخشەی کێشرابوو. ماو بە تەندروستیەکی باشتر ئامادەبوو کە بەر لە چوار هەفتە بینیم، هەرچەندە لە قسەکردنی هیچ باشییەکی لێ بەدی نەدەکرا، بەڵام وازی لە گاڵتەکانی نەهێنابوو.

ماو بە پرسیارێک لە ماو کۆبوونەوەکەی کردەوە ئاخۆ لەگەڵ دینگ باسیان لە چی کردووە، سەرۆک وەڵامی دایەوە:

فۆرد: باسی کێشەکانی حالی حازرمان کرد کە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت هەمانە لەگەڵ پێویستیمان بە دۆزینەوەی هاوسەنگییەکی هاوبەش، ئێمە چاوەڕوانی دۆخێکی نێودەوڵەتی دەکەین، لەگەڵ باسکردن لەو پێویستییانەی کاری هاوبەشمانە بۆ بەرژەوەندی هەردوولامان.

ماو: ئێمە توانایەکی زۆرمان نییە، تەنها دەتوانین هاونی خاڵی بتەقێنین.

فۆرد: گەورەم برواناکەم وابێ.

ماو: سەبارەت بە جنێو و قسە پێوتن توانامان هەیە.

ماو: وەزیری دەرەوەت دەست دەخاتە ناو کاروباری ناوەخۆمان.

فۆرد:پێم بڵێوە.

ماو: ئەو ڕێگەم نادا بچمە دیداری خوا، دەڵێ لە فەرمانەکانی یاخیبە، خوا فەرمانی بۆ ناردووم، کیسنجەر دەڵێ مەڕۆ.

کیسنجەر: ئەگەر بچێتە ئەوێ گردبوونەوەیەکی مەزن دەبێ.

ماو: بێ ئاینییە (کیسنجەر)، دژی فەرمانەکانی خوایە، ڕێگریم لێدەکا لە پەیوەندیم لەگەڵ خوا، پیاوێکی توندە من هیچ چارەیەکم نیە دەبێ گوێڕایەڵی بم.

کیسنجەر: دڵخۆش دەبین.

ماو: بەڵی، هیچ چارەیەکم نیە، وەزیر کیسنجەر فەرمانی دا.

فۆرد: بۆ خوا.

ماو: بەڵێ

بۆ ماو کێشە و دابەشبوونی ناوەخۆیی وڵاتەکەی لە پێشینەی هەموو کارەکانی بوو، بە سادەیی دەریبڕی کاتێک بە فۆردی گوت (هوانگ زین) سەرۆکی نووسینگەی پەیوەندییەکانی کۆماری چینی میللی لە واشنتۆن داوای لێکردووم دوو ساڵی دیکەی بۆ لە واشنتۆن درێژ کەمەوە ، بەڵام ئەمە ئاماجە ڕاستەقینەکە نەبوو لە تێبینیی ماو، بەڵکو ئاماژەیەک بوو بۆ ئالۆزییەکانی ناوەخۆ کە تا چەند مانگێک گرنگی ئەو ناکۆکیە ناوەخۆییەیان نەدەزانی. هەندێک گەنج ڕەخنە و گلەییان لە بالویز هونگ هەبوو وداتر هەردوو (وانگ هیرونگ) خوشکەزای و نانسی تانگی وەرگێڕ ئەوانیش ڕەخنەیان لە لۆرد کیاو هەبوو دیارە ئەمانەش ناکرێ دەستبەردار یا سوکایەتیان پێبکرێ.

فۆرد زنجیرەیەک لە پرسی جیاواز لە ناوچەکانی دونیای خستە بەر گفتوگۆ. ماو بە نهێنی تێبینیی لەسەردا، سەبارەت بە یوگسلافیا ماو گوتی:

بە شێوەیەکی پێشبینیکراو کە دواتر ڕووداوەکان سەلماندیان، گومانی هەبوو لەوەی دوای تیتۆ وڵاتەکە بە یەکگرتویی بمێنێتەوە، چونکە پێشتر لە چەند دەوڵەتێک پێکهاتبوو. ماو پێی باش بوو ئیسپانیا ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی دەوڵەتانی ئەوروپی چونکە ئەوروپا تا ئاستێکی زۆر بەسەر پێکهاتەکاندا دابەش بووە.

بابەتی ئەنگۆلا کاتێکی زۆری لە گفتوگۆکان لێ بردین، ئەم پرسەش گرەوی لەسەر پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین دەکرا، هەروەکو هەوڵەکانی چین لە کەمبۆدیا بەر لە دوو ساڵ لەبار بردرا، لە ڕێگەی قەدەغەکردنی کاری سەربازی لەلایەن کۆنگرێسەوە، بەم شێوەیە هەوڵەکانی چینی لە ئەنگۆلاش لەناو بردرا بە هەمواری (تونی کلارک) کە ڕێگر بوو لە هاوکاریکردنی هێزەکانی دژی بزوتنەوەی ڕزگاری ئەنگۆلا، هەرکە فۆرد باسی لە ڕێگریکردنی پرۆژەی یەکێتی سۆڤیەت و کوبا کرد، ماو دڵی تەنگ بوو گوتی وادیارە جگە لەم ڕێگەیە هیچی ترتان نیە.

وەکو بەشێکی بچووک لە وەڵامدانەوەی ماو، فۆرد گوتی: ئێستا بڕیاری هاوکاریکردنمان داوە بە گوژمەی ٣٥ ملیۆن دۆلار، داواشی لە فەرماندەکرد ئەویش بەشداری بکا لەو هاوکارییە بۆ ماو کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا لەسەر ئەگەری هاوکاریی ئەمریکا بوو دژی یەکێتی سۆڤیەتی و لەسەر سنورەکان، ئەوەندە بڕوای بەخۆی نەبوو داوای هاوکاری بکا بۆ وەستانی یەکێتی سۆڤیەت لە ئەفریقیا کە بە هەزاران کیلۆمەتر لێیەوە دوورە.

وەکو ئەوەی ماو ڕەچاوی گوتەکانی فۆردی کردبێ بۆیە گوتی: لە کام دەوڵەتی ئەفریقیاوە دەتوانین هاوکارییەکانی چین بگەیەنین، چونکە جۆلیۆس نیریریی سەرۆکی تەنزانیا و دۆستی چین هەموو قورساییەکی خۆی خستبووە پاڵ بزوتنەوەی ڕزگاری ئەنگۆلا، ماو هانیدا بۆ بەکارهێنانی زائیر، هەروەها فۆرد ماوی هاندا تا مۆزەمبیق لە کێشەی ئەنگۆلا بێلایەن بمێنێتەوە. ئەگەر بە ئاماژەش بێ ماو گوتی:

هەوڵێک بۆ ئەمە دەدەین.

دوای دوو هەفتە کۆنگرێس ئەو بودجەی بڕی کە فۆرد لای ماو باسی کردبوو، ئیتر بەم شێوەیە کۆتایی بە دەستێوەردانمان دێ لە ئەنگۆلا، بەڵام لەو کات و ساتانەدا لە نووسینگەی فەرماندە، دۆخەکان گەشبین بوون، ماو وەکو ئاماژەیەک بۆ سەردانەکەی سەرۆک گوتی:

ئێمە دانوستانەکانمان لەگەڵ ئێوە بە شێوەی دانوستانەکانمان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت درێژ نەکردەوە، من دوو جار چومە مۆسکۆ ، خرۆشۆفیش سێ جار هاتۆتە پەکین، هیچ جارێکیش لەم جارانە گفتوگۆکان وەکو ئێستا بەباشی نەچوون بەڕێوە.

بۆئەوەی ماو هەستی خۆشی بە فۆرد نیشان بدا تا دەرگا لەگەڵی ڕۆیشت، ئەم خۆشگوزەرییەی لەگەڵ نیکسۆن بەکار نەهێنابوو، چونکە ماو نەیدەتوانی بە پێوە بوەستێ چ جای ڕۆیشتن؟ تەنانەت کە بە هاوکاری دوو کەس دەوەستا زۆر لای قورس بوو. دیسان هەر بۆ خۆشکردنی دانیشتنەکان فۆرد گوتی: بە هینری دەڵێم چیدیکە دەست نەخاتە نیو کاروبارتەوە، بەڵام ئەمە بەدروست ئەوە دەگەیەنێ بە ماوی گوتووە تۆ مردووی. دواتر ئاڕاستەی گوتەکانی ڕاست کردەوە، گوتی ئەو ئومیدی دەخواست بەبێ ئەوەی فەرمان لەمن وەرگرێ کە بە پیر داوای خواوە نەچیت، منیش بۆ درێژەدان بەو گاڵتانە گوتم : منیش لەسەر داواکەم هەر سوور دەبم، ئەمەش دیارە کە ماو گوتی:

گوێڕایەڵت دەبم.

لە کۆتایی سەردانی فۆرد بۆ پەکین لە کانونی یەکەمی ١٩٧٥، پێدەچوو قۆناغە قورسەکەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین شاردرابنەوە، کە بالوێزی یەکێتی سۆڤیەت ئەناتولی دوبرینن بە دڵپیسی ئاماژەی پێدابوو گوتبوی ( هەوڵدانی گرتنی کافیارە بە مەلاک)، چینییەکان گەیشتبوونە ئەو بڕوایە کە بەهەر شێوەیەک بێ ئێمە ڕێگری لە بەرفراوانبوونی یەکێتی سۆڤیەت دەکەین، ئێمەش گەیشتینە ئەو بڕوایە کە سیاسەتی

دەرەوەی چین لەسەر بەرژەوەندی چین دادەڕێژرێ و دواتر لەسەر خەملاندنی چین بۆ تواناکانمان لە پاراستنی هاوسەنگی هێزی جیهانی.

## سەرقاڵییە ناوەخۆییەکان

بەرلەوەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین سەقامگیر ببن، ئالۆزییەکانی ناوەخۆی هەردوو وڵات دەستیان پێکرد، ماوەی دوو ساڵی خایاند. لە ١٩ی کانونی یەکەم واتە دوای ١٧ ڕۆژ لە گفتوگۆکانی فۆرد لەگەڵ ماو، کۆنگرێس یاسای هەمواری تۆنیی پەسند کرد کە هاوکارییەکانی ئەمریکای بۆ ئەنگۆلا قەدەغە کرد، بەم شێوەیە بۆ جاری دووەم لە ماوەی دوو ساڵدا هەوڵەکانی هەماهەنگی لەگەڵ چین شکست دێنن. دوای ئەوە میدیای چین ڕەخنە لە ئفلیجی ستراتیژی ئەمریکی دەگرێ، سەرۆکی نووسینگەی پەیوەندییەکانی چینی لە واشنتۆن گلەییەکانی خستنە سەر ئەستۆی سیاسەتی ئەمریکی (سیاسەتی ئەمریکی هانی سۆڤیەت دەدا بۆ جەنگ و ناخۆشی)، ئەگەر ئێمە نەتوانین یا مەبەستمان نەبێ دەسەڵاتی سۆڤیەت لە جیهانی سێیەم ڕاگرین، ئەوا چین دەبێ بە بەرنامەی خۆیدا بێتەوە لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت.

لە کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٧٥ چین کەشتییە شەڕکەرەکەی سۆڤیەتی بە تەواوی تاقمەکەوە پێدایەوە کە لە ئاداری ١٩٧٤ بە تۆمەتی سیخوڕی دەستی بەسەردا گرتبوو. بەر لە ئازادکردنیان جەمە خواردنێکی باشیان دابوونێ، ئەمریکا ئەمی بە بێزارکردنی خۆی دەزانی، بەڵام بە لێکدانەوەی چین ئەمە جوڵەیەکی زیاتری ئاشتبوونەوەیە کە پەکین پێشکەشی مۆسکۆی کردووە هەر لە ١٩٦٩ وە کاتێک ئەلیکسی کۆسیگن لە بەشداری ناشتنی هۆشی منە دەگەڕێتەوە چین داوای پشودانیکی لێدەکەن.

زۆر چاک ئاشکرا بوو کە چین یاری بە کارتی سۆڤیەتی دەکا. بەڵام مەرجەکانی بابەتی تەواو نەبوون، بێزاربوون لە سیاسەتی ئەمریکی وا لە چین ناکا دەستبەرداری سیاسەتی بەرفراوان بوونی سۆڤیەتی بێت و نزیکبوونەوە لە مۆسکۆی پێ مەترسیدار نەبێ. لە ١٩٧٦ چین هێڵە توندڕەوەکەی دژی سۆڤیەت دەست واڵاکرد، ڕەخنەی لە ئیمپریالیزم و دەستڕۆیشتویی سۆڤیەتی گرت، کە بەهۆی لاوازی هەڵوێستی ئەمریکاوە بووە.

لە ٦ی شوباتی ١٩٧٦ بە فەرمی ڕاگەیەندرا کە ڕیچارد نیکسۆن سەردانێکی تایبەتی بۆ چین دەکا، ئەمیان لەسەر ئاستی مرۆڤایەتی بوو. بزوتنەوەیەکی زیرەک بۆ خەڵاتکردنی دۆستێکی دوورخراوە، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسی، ئاماژەی شاراوەی مەزنتری هەبوو، دەبێ ئاماژەبێ بۆ فۆرد کە بگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ئیدارەی نیکسۆن؟ یا دەبێ کارتێکردن بێ لە سیاسەتی ناوەخۆمان بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرەتایی نیوهامشایر، کە لەوێ ڕیگان و فۆرد ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە؟ هەرچیەکی بێت ئاماژەکان ئەم سەردانەی لەڕووی سیاسییەوە لە نیو کۆشکی سپیی فۆردا مشتومڕی نایەوە.

لەو چەند مانگەی مابوونەوە لە ١٩٧٦ هەڵمەتی هەڵبژاردنی جۆرێک لە کەلێنی لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرانبەر بە دونیای کۆمۆنیستی دروستکرد. هەروەها جۆرێک لە ناکۆکیی دروستکرد، چونکە ئەوکات چین بە قۆناغێکی هەستیاری خراپدا دەڕۆیشت بەهۆی ئالۆزییە ناوەخۆییەکانیەوە لە ٨ی کانونی دووەمی ١٩٧٦ ، ئیتر ژوئانلای دەمرێ و تەرمەکەی لە مەیدانی تیانا نمین پرسەی بۆ دەگێڕن.

مەزندە دەکرا دینگ شوێنی ژوئانلای بگرێتەوە بەڵام ڕاگەیەندرا کە لەمەودوا کەسایەتیەکی شاراوە لە هەرێمی هونانەوە دێت ئەویش (هواگوفینگ) ە بەرێکەری کاری سەرۆکوەزیران دەبێ، لە سەرەتای مانگی نیسان بەهۆی ناکۆکی لەسەر دانانی چەپکی گوڵ لەسەر گلکۆی ژوئانلای خۆپیشندانی مەزن لە مەیدانی تیانا نمین ڕوودەدا، دوای ئەم خۆپیشاندانانە لە ٦ی نیسانی ١٩٧٦ دینگ لە پۆستەکەی دووردەخرێتەوە تەنها پلەی حزبیی بۆ دەمێنێتەوە، بۆئەوەی بزانن دواتر چۆن ڕەفتار دەکا، دواتر هوا گو

فینگ دەکرێتە جێگری سەرۆکی حزب واتە لە شوێن ماو و سەرۆک وەزیرانیش لە هەمان کات. شەوەکەی پۆستەر دەبینرێ تیایدا هێرش دەکرێتە سەر دینگ.

لە مانگی ئایار واتە دوای مانگێک لە دوورخستنەوەی دینگ، پسپۆر لە کاروباری چین لە نێو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی ریچارد سلمون بەم شێوەیە دۆخی چین شی دەکاتەوە:

دیمەنی چین، پێناچێ دۆخەکان بگەڕێنەوە وەکو جاران، ئالۆزییەکانی نێوان سەرکردەکان بەردەوامیان دەبێ ، کادرەکانیش لەو ڕەفتارەی ماو بێزرا دەبن لە مامەڵەکردنی لەگەڵ دینگ، سوپا دەخرێتە ئەوپەری ئامادەباشییەوە لە ترسی جوڵەی دژە شۆڕش، هەرچۆنێکی بێ ئاماژەکانی چین ئەوە دەردەخەن کە مەترسییەکان بەردەوام دەبن لەدەست دەرچوونی باری ئاسایشی لە ئان و ساتەکانیدایە پەیوەندییەکانی نێوان نوخبەی سیاسیی ئالۆز و ناتەبا دەبن، ئفلیجی بیرۆی سیاسیی بەردەوامی دەبێ.

سەرۆک وەزیرانە نوێکە پێشوازی لە (تۆم گیتز) سەرۆکی نووسینگەی پەیوەندییەکانمان لە چین نەکرد. لەگەڵ ئەوەیدا کە سەرۆک وەزیرانە نوێکە لە حوزەیران کاتێک چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کردبوو هێڵە پانەکانی بۆ باس کردبوو، جگە لەو نوقورچەی بەر گیتز دەکەوێ لە ئەنجامی لایەنگرێتیی بۆ بیرورای (سونینفیلدت)، ئەوەی دیکەی هواگوفینگ پێی گوت ئەوە لە نێو پرسە نێودەوڵەتیەکان ناسراو و کارپێکراو بوو. وەکو کێشە دووقۆڵدیەکەی تایوان بەنمونە، (یەکیەتی ئاسیان) بەسودە تا پلینگەکە (ڤێتنام) کە لە پێشەوە گورگ ڕاوی ناوە، لە هاتنە ژوورەوە لە دەرگای دواوە دووربخرێتەوە. پێشینەی سەرەوەش ئەوە بێ کە پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ژاپۆن باش بێ، لە مانگی تەموز جێگری سەرۆک وەزیران جانگ چونیکاو کە بە کەسێکی بەهێز دێتە ئەژمار و کەسە هەرە بەهێزەکەی گروپی چوارینەکە بوو لە بۆنەیەکدا سەردانی ئەنجومەنی پیران دەکا لەوێ سەرۆکی کەمینە (هیو سکوت) پێشوازیی لێدەکا و هەڵوێستێکی نابەجێی لێ دەگرێ لەسەر پرسی تایوان:

ئێمە لە هەڵویستمان لەسەر تایوان ڕاشکاوین، لەوکاتەی کێشەی تـایوان هـاتۆتە پێش وەکو ئەڵقەیەکە بە ملی ئەمریکاوە ئـالاوە، زۆر لە بەرژەوەنـدی گەلـی ئەمریکـادایە ئەو ئەڵـقە لە ملـی خـۆی بکـاتەوە، ئەگەر ئەمە نەکەن ئەوا سـوپای ڕزگـاری میلـی ئەو ئەلقە دەپچڕێنێ، ئەمەش لە بەرژەوەندی هەردوو گەلی ئەمریکی و چینیـدا دەبـێ، ئـێمە دەستکراوە و میهرەبانین دەتوانین هاوکاری گەلی ئەمریکا بدەین لەم ڕووەوە.

لە ٩ی ئەیلولی ١٩٧٦ مردنی ماو ڕاگەیەندرا، دوای چوار هەفتە گروپـی چـوارینە لەناو دەبردرێ، پاش مانگێک دینگ لە دوورخراوەیی دەگەڕێتەوە وڵات و درێـژە بەژیـانی سیاسیی دەدا و دەست دەگرێ بەسەر جومگەکانی دەسەڵات و حزب، لەو ماوە مەزنترین چاکسازی ئەنجام دەدا.

بە گەڕانەوەی دینگ هسیاو پینـگ ئالۆزییەکانمـان لەگەڵ چـین کۆتاییـان پێـدێ، چونکە دینگ مەبەستی چاکسازی بوو، سیاسەتی دەرەوەشی لەسەر بنەمای هاوکـاری و پەیوەندیی باش لەگەڵ ئەمریکا بنیاد نا، گوتار و وانەی فەلسەفی لەسـەر مـامەڵەکردنی باش لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت کۆتاییان پێدێ، لە جیاتی ئەوە جەختی لەسەر سیاسـەتی دیار، دەکرد، چاوپۆشی لە بیانوکانی تـایبەت بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا کـرد. لەسـەردەمی ماویش لەسەر ئەم سیاسەتەی ڕەخـنەی لێـدەگیرا. هەر بـۆ زانـین، پێناسـەی دینـگ بـۆ دۆستایەتی پێناسەیەکی کەلتوری چینی بوو، واتە بەبـێ تۆزقاڵێـک سـۆز، ڕەنگدانەوەی پێویستییەکانی ئاسایشی چـین بـوو لەگەڵ بڕوابـوونی بەوەی چـین بەم دۆسـتایەتییە لە ڕووی ئابورییەوە بەرەو پێش دەچێ.

لە ١٩٧٩ سەرۆک کارتەر هەنگاوێکی نـا بـۆ نـوێکردنەوەی پەیوەنـدییەکان لەسـەر سـێ بنەمـا کە دینـگ لە تشـرینی دووەمـی ١٩٧٥ کـورتی کردبـۆوە، لە ١٩٨٢ ئیـدارەی ڕیگان لە بەیاننامەیەکدا بڕیاری لەسـەر سـنورداركردنی هاوکارییەکـانی کـرد بـۆ تـایوان، دوای ئەوە پرسـی تـایوان لە خشـتەی کارەکـانی نێـوان ئەمریکـا و چـین ون دەبـن تـا ئەوکـاتەی تـایوان بەرەو ئاڕاسـتەی دیموکراسـی هەنگـاو دەنـێ و بـزوتنەوەی ڕزگـاری و سەربەخۆیی سەر هەڵدەدا.

مامەڵەیەکی ئاڵوگۆڕیی شاراوە لەسەر تایوان ئەنجام دەدرێ لە کاتی سەردانی نیکسۆن، دواتر لەلایەن ئیدارەکانی دیکە پشتگیری و پەرەی پێدەدرێ، ئەو مامەڵە کە دوور بووە لە بەیاننامەی فەرمی بەم شێوەیە بووە:

یەکەم/ ئەمریکا لەسەر سیاسەتی یەک چین ڕازییە، بە دەستبەردار بوون لە بیرۆکەی دوو چین یا بیرۆکەی یەک چین و یەک تایوانیشەوە.

دووەم/ تێبینیی ماو بۆ فۆرد کە گوتی (دەتوانین سەد ساڵ چاوەڕوانی پرسی تایوان بکەین) کە دینگ ڕەزامەندیی لەسەر دابوو، ئەمە بە لێکدانەوەی ئێمە ئەوە دەگەیەنێ کە پەکین فشار ناخاتە سەر چارەسەری پرسی تایوان بە شێوەیەک بگاتە ئاستی بەکارهێنانی هێز.

سێیەم/ دواجار تایوان پرسی سەربەخۆیی خۆی دەبوژێنێتەوە بێ ئەوەی ڕکە لەبن یەکیەتییەکی یەکجارەکی بنێ لەگەڵ چین.

پێشوەچوونی بابەتەکانی ئەم بەشە لە خەسڵەت و شێوازی ئیدارەدانی حکومەتی چینی بوون، واتە لێکدانەوەی وردی قازانج و زیانەکان، سووربوون لەسەر هاوسەنگی هێز، دوورخستنەوەی ئایدیۆلۆژیا لەکاتی لێکدانەوەکانی سیاسەتی دەرەوە. ئەم خەسلەتانە توند کرابوونەوە بە بەراورد لەگەڵ بۆچوونەکانی دینگ، دواجار ئارەزوو بوون لە بەستنی پەیوەندیی باش لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا .

ئەمانە جۆرێکە لە جیاوازییەکان لەسەر شێوازی یەکێتی سۆڤیەت، چونکە سەرکردەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە پرسی هاوسەنگی هێز بێ خەبەر نەبوون، ئەوانیش لە توانایاندا بوو لەسەر بنەمای قازانج و زیان مامەڵە و ڕەفتار بکەن، بەڵام لە هەمانکات خۆیان بە سەرکردەی ئایدیۆلۆژیای دونیای کۆمۆنیزم دەزانی. باوەرداری بریژنیف کە پێی وایە (مافی خۆیەتی بەهێز دەستبخاتە نیو حکومەتە کۆمۆنیستیەکان بۆ پشتگیریکردنیان لەکاتی بوونی هەڕەشەی سەرهەڵدان و خۆپیشاندان لە دژیاندا، ئەمە لای ماو ڕەوا نەبوو دینگ بەهەمان شێوە پێی وابو ڕاست نیە، سەرجەم سەرکردەکانی حزب لە چین پێیان وابووە نابێ بە بیانوی ئایدیۆلۆژیا دەوڵەتێک پەلکێشی سەرەڕۆیی بکرێ .

ئەرێ دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین گۆڕدران؟ دەبێ چینیش هەڕەشە بێ لەسەر ئاسایشی ئەمریکی؟ دەبێ ئەمریکا ڕوونی بکاتەوە، کە بەرگریی لە هاوسەنگی ئاسیایی و باسیفیکی دەکا، دەبێ پشتگیری لە هەر هاوپەیمانێتییەک بکا لەو ناوچەیە، ئەمە کاریگەری هەمیشەیی دەبێ لەسەر پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین. دەوڵەتانی دراوسێی یەکێتی سۆڤیەت لاوازن دەتوانێ بێزاریان بکا، هەروەها دەوڵەتانی دراوسێی چین بەهەمان شێوە لاوازن، یەکێتی سۆڤیەت دەتوانێ هاوپەیمانێتیان لەگەڵ ببەستێ، ئەمەش دەبێتە هەڕەشە و مەترسیی بۆ چین، لەسەر نەوەی نوێیە ئەم سیاسەتە بەرپەرچ بداتەوەی، پەیوەندییەکانی ئابووریان لەگەڵ ئەورووپا خۆش کەن و پێویستی هەمیشەییش بۆ چین پەیوەندیی بەردەوامییە لەگەڵ ئەمریکا.

سەبارەت بە ئەمریکا، دەبێ مەلە لە نێوان دەریای دوژمنانی ئایدیۆلۆژیی چین و پەیوەندییەکانی ئاسیایی و کاردانەوەی سۆزایەتی مەلە بکا، کە ڕێگە نەدات لێکدانەوەیەکی ڕواڵەتی بکا بەهۆیەوە کارەکتەرەکانی هێز لە ئاسیا بگۆڕێ.

خۆگونجاندنیش لەگەڵ ئەم دۆخە نوێیەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین لە دونیایەک کە هەڕەشەی یەکێتی سۆڤیەتی لێ دوورە، ئەمە ئەو ڕکابەرییە بوو، کە جێنشینی فۆرد و دینگ بۆیان مابووەوە.

# بەشی نۆیەم

# ٢٩

# ستراتیژیەتی ئەفریقی

## بەرەنگاربوون

بەر لە ڕووداو، هیچ کام لە چاودێرە سیاسییەکانی ئەمریکا پێشبینی ئەوەی نەدەکرد ئیدارەی کۆماریەکان دەسەلآت دەگرنە دەست و لە پێناو حوکمی زۆرینە لە ئەفریقیای باشوور ڕێگا دەبڕن، حوکمی زۆرینە پرسێکی لیبرالیستی بوو، هیچ کاتێک نەبۆتە بابەتێکی پراکتیکی، لە سەرەتای ویلایەتی سەرۆک نیکسۆن لە یاداشتێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتییدا ژمارە ٣٨ پێگەی ئەفریقیا لە پایەکانی ئەمریکا لەسەر ئاستی دونیا بە پێشینەی کارەکان دیاری کرا. ئەمەش لەبەر چەند هۆیەک:

١-سەرقالبوونی ئیدارەی پێشوو بە پرسی باشووری ڕۆژهەلآتی ئاسیا.

٢- پەیوەندیی سێقۆلی لەگەڵ چین و یەکێتی سۆڤیەت.

٣- بایەخدان بە ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست.

٤-خۆ دوورخستنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی کەمینەی سپی پێستی ئەفریقی لە هەڕەشە و مەترسیی چارەنووس.

٥- سەرەڕۆیی لە گەیشتن بە کانزاکانی ئەفریقیای باشوور. لەبەر ئەم هۆکارانە فۆرد ئەو دەرفەتانەی نابێ، بایەخ بە گەیاندنی زۆرینەی ڕۆدیسیا بدا، بگاتە دەسەلآت و دبلۆماسییەت و پەلە لە سەربەخۆیی نامیبیا بکا، دەڵێ ئەمەی لە پێناو بەرژەوەندی ئەمریکادا کردووە.

فۆرد چاودێری حوکمی زۆرینەی کرد، تا ئەوکاتەی قورسایی دبلۆماسیی دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەمریکا، بەڵام لە هەر خاڵێکی ئەو کاروانە پێشینە ڕەوشتیەکانمان بوونەتە سیاسەت، کارێکی سەختە بگەڕێنینەوە دواوە، بە مسۆگەری ڕووداوەکانی ئەنگۆلا پێویستی کرد پەلە بکرێ و ئێمەی خستەسەر ئەو بڕوایە کە دەبێ کاری پێشوەخت ئەنجام بدرێ لە ترسی دەستێوەردانی تاڵانکاری لە دەرەوەڕا، پێویستمان بەوەبوو خۆمان زانیاری لەسەر چاوتێبڕینەکانی ئەفریقی پەیدا بکەین و باشووری ئەفریقیا ڕازی بکەین، کە دەستبەرداری پشتگیرییە مێژووییەکانی بێ، بۆ حوکمی کەمینەی سپی پێست لە وڵاتە دراوسێکانی.

هەرچەندە جیۆپۆڵەتیک کاری تێکردبووین بەڵام ئێمە دڵنیا و سووربووین لەسەر گەیاندنی پرسەکان بە ئاستی گەیشتنی زۆرینە بە دەسەڵات. سیاسەتێک لەسەر بنەمای نەتەوایەتیی دابمەزرێ ئەگەر بە شێوەیەکی دروست دانەڕێژرێ کە دەسەڵاتی کەمینە ڕادەستی زۆرینە بکاتەوە و ئەوان بگەیەنێتە ئەو بڕوایە، هەرگیز سەرناکەوێ، چونکە ئەوانە ئەگەر بڕوا نەهێنن ڕازی نابن، کەمکردنەوەی تواناکانی سۆڤیەتی و کوبی لە گۆڕینی ئەفریقیا بۆ یەکێک لە بەرەکانی جەنگی سارد، بە مسۆگەری ئامانجێکی سەرەکییە، بەڵام ئەمە دەتوانین تەنها بەشێکی لێ جێبەجێ بکەین، وەکو بەشێک لە سیاسەتی بەرین بۆ هاوکاری وڵاتانی ناوچەکە.

بەم شێوە ئەو هاوکاری و بەشداریانەی ئیدارەی فۆرد بە سیاسەتی ئەفریقیای بەخشی، واتە پەسندکردنی حوکمی زۆرینە، زۆرکەم بەشداری لە کاراکتەرەکانی سەرکەوتندا کرد. ستراتیژیەتمان ئامانجێکی باشی پێکا ئەویش پشتگیرییکردن بوو لە ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئەفریقیا بۆ باوەڕی حوکمی زۆرینە لە ڕۆدیسیا و نامیبیا. هەروەها پشتگیری دەوڵەتانی ڕووبەڕووی وەدەستهێنا کە دەکەونە سەر سنوری ڕۆدیسیا و نامیبیا لەسەر سیاسەتی پەرەپێدان لەباتیی سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوە، دەوڵەتانی ڕووبەڕووبوونەوەشی بە دەوڵەتانی ئەفریقیی میانڕەو دایە ناسین کە بە ئینگلیزی و فەرەنسی دەدوێن. لە ئەنجامی ئەمە پشتگیریەکی زۆرمان لەلایەن دەوڵەتانی یەکێتی ئەفریقیا پێگەیشت. ڕۆڵی بەریتانیاشمان یەکخست بۆ پێشکەشکردنی چوارچێوەیەکی

سیاسی لە پێناو گواستنەوە بۆ حوکمی زۆرینە لە ڕۆدیسیا، بۆ یەکەمینجار فەرماندایەتی ئەمریکی-ئەفریقیمان لەسەر سیاسەتی ئەفریقیا لە گفتوگۆیەکی بەردەوام لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکی بەستەوە لەسەر ئاستیکی باڵا، ئەمەش دەرفەتێکی بۆ ڕەخساندین تا بتوانین بنکەیەک لە کۆنگریس دامەزرێنین پشتگیری لە سیاسەتمان بکا لە کیشوەر.

دەرکەوت هێرشەکانی ستراتیژی و پراکتیکیمان بۆسەر سەرکردە ئەفریقیەکان سەرچاوەی لە هێزمانەوە بوو. بە پێچەوانەی هەندێک پشتگیریکارانی هزری ئەوان بوو لە ئەمریکا .

زۆرکەم لە سەرکردەی کیشوەرانی دیکە ڕووبەڕووی ئەم جۆرە بەرەنگاریانە بوونەتەوە کە لە ئەفریقیا ڕووبەڕووی دەبنەوە. لە ئەفریقیا سەرکردەکان نوێنەرایەتی کۆی دەنگ یا زۆرینە ناکەن هەروەکو لە ئەمریکا ڕۆژانە دروست دەبن. لە ئەوروپا و ئەمریکا لەسەر بنەمای دەست و ڕوو لە چوارچێوەی یاسا حوکمڕانی دیاری دەکریَ، بەڵام لە ئەفریقیا لە ڕێگەی پیادەکردنی دەسەڵات و گرتنەدەست یاسا شەرعیەت بە دەسەڵات دەدریَ. ئەوکاتەی لە ئەفریقیا بانگخوازی دیموکراسیەت دەکریَ بۆ ئەوە بوو مافی زۆرینە لە ژێر دەستی داگیرکار بچەسپێندریَ، بیَ ئەوەی لەسەر ئیدارەی ناوەخۆ ئەمە جێبەجیَ بکەن، سەرکردەکانیش خۆیان بە پاسەوانی توند دەپارێزن، هەندێکجاریش بە دڕندە. دەسەڵاتیان لە هەر مەترسیەکی ناوەخۆ دەپارێزن. سەرۆکی سەنیگال لیوبود سنگور، کە پیاوێکی شاعیرە زیاتر لەوەی پیاوی دەوڵەت بیَ، لە کاتی سەردانیم بۆ ئەویَ لە یەکی ئایاری ١٩٧٢ بەم شێوە دوا:

سنگور: لێرە لە ئەفریقیا دەوڵەت واتە خانەوادە.

کیسنجەر: کەوابیَ سەرۆکی دەوڵەت کە دەکاتە سەرۆکی خانەوادە کەس بۆی نییە بیگۆڕیَ تەنها بە مردن یا بێتوانایی نەبیَ.

سنگور: بەڵیَ کاتی خۆی، نەریتێک هەبوو ئەویش سەربڕینی پادشا بوو، ئەوکاتەی وڵات تووشی وشکەساڵی یا بێدەرامەتی دەبوو، پادشا ڕازی دەبوو لەم پێناوە

ئەو ڕێوڕەسمە ئاینییە جێبەجێ بکرێ بە سەربڕینی، منیش لێرە گەلی سەنگالی بڕوایان پێمە کە ڕێکارە ئاینییەکان جێبەجێ دەکەم.

کیسنجەر: زۆر چاکە، پێت باشە باس لە هەمووو پرسەکان بکەین ئەوسا بڕیار وەرگرین؟

سنگور: بەڵێ ئەمە شێوازێکی نوێیە، ئەگەر ئەمەمان بۆ لوا ئەوکات مرۆڤ نیو ڕازی دەبێ.

کیسنجەر: لە سیستەمی ئێمە شێوازی پیادەکراوە.


سنگور: ئەمە کێشەیەکی ئەفریقیە، نامانەوێ بۆ ئەو کەسە بمێنێتەوە کە شوێنگرەوەمان دەبێ.

سەرۆکی دەوڵەت، باوکە، کاتێک دەمرێ خانەوادەی تووشی هێتمە دەبن، من وتومە دوو سەرچاوەی دڵتەنگی لە ئەفریقیا هەن: یەکیان کودەتای سەربازی کە ئێمە پێیەوە گیرۆدە بووینە. ئەویتریان ئامادەنەکردن بۆ جێگرەوەی حوکمڕانە.

ئەم هەڵوێستانە بۆ سەرکردە مارکسیستەکان بوونەتە گرفتی مەزن، چونکە بیردۆزی مارکسیزم و لینینیزم، بۆ دۆخی ئەفریقیا دانەنراوە، کە سەرنجیان پێبدا، بەڵام لە ڕاستیدا مارکسیزم شتێکی باشیان پێ دەدا، ئەویش بەرقەراربوونی حوکمڕانی و جەختکردن لەسەر دەسەڵاتی سیاسی، لە یەک ناوەندا و هەروەها پاراستن و بەردەوام بوونی سیاسی، جگە لەمە خزمەتی لایەنێکی دیکەش دەکا، ئەویش فشار نەخستنە سەر ڕۆژئاوا بۆ نەکردنەوەی گەنجینەکانیان.

بەم شێوە لە ئاهەنگی نانخواردنی شێوان گوتارێکمدا بۆ وەزیرانی دەرەوەی ئەفریقیا کە بۆ کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادە ببوون لە ٢٣ی ئەیلولی ١٩٧٥ ڕام گەیاند کە:

من وای نابینم ئێوە لەگەڵمان لەسەر هەمووو پرسە نێودەوڵەتیەکان هەماهەنگ و هاوهەڵوێست بن. بەڵام تەنها ئەوەتان لێ داوا دەکەم، چۆن بەرژەوەندیەکانی ئێوە




ئەفریکا ١٩٧٦

دەپاریزین بیر لە مافەکانتان دەکەینەوە لەگەڵ پرسەکانتاندا هاوسۆزین، ئێوەش لەگەڵماندا بە هەمان هەڵوێست بن.

لە ٢١ی نیســـانی ١٩٧٦واتە بەر لە دوو ڕۆژ لە ســـەفەرم بـــۆ ئـــەفریقیا بـــۆ دەستپێکردن بە هەلمەتی دبلۆماسی کە دەبێتە مایەی حوکمڕانی زۆرینە لە ڕۆدیسیا، چاوم بە باڵوێزانی ئەفریقی لە واشنتۆن کەوت پێم وتن:

پێمان وایە دواڕۆژی ئەفریقیا بەدەستی ئەفریقیەکان باشتر دەبێ، بۆیە یەکێتی ئـەفریقی زەرورە هەرچەنـدە ئـێمە هـیچ بەرژەوەنـدیەکمان لەوەدا نییـە، بەڵام دەمـانەوێ خزمەتێکتان پێشکەش بکەین، واتە ئێمە هیچ بایەخێـک بەو دۆخە سـەپێندراوە نـادەین. هەروەهـا پێمـان وایە کە پێشـکەوتنی ئـەفریقیا لە بەرژەوەنـدی ئەمریکـادایە، هـیچ دەوڵەتێک هەنگاوێک ناهاوێژێ ئەگەر لە بەرژەوەندی خۆیدا نەبێ.

لەســەر ئەم بنەمــایە دۆســتایەتیم لەگەڵ هــاوڕێ ئــەفریقیەکان بەســت. ئەوان کەسایەتی بەرزیـان لەنـاودا هەبـوون خـاوەنی خەسـڵەت و تایبەتمەنـدیی پـاک بـوون، خـەیاڵی مانەوەیـان لە دەسـەڵات لەسـەردا نـەبووو، سیاسـەتیان بە پیشـەی لاوازەکـان دەزانی، لە گفتوگۆکاندا زۆر بەکەمی وشەی نەشیاویان بەرانبەر بە ڕۆژئاوا بەکار دەهێنا، دروست بوونی سەرمایەیان لەسەر بنەمای بزوتنەوەی بێلایەن لە ئەوروپا بو. داوایـان لە ئەمریکا نەدەکرد بەڵام ئەوان لە مەرام و پێداویستیەکانیان دەگەیشتن، لە پێناو کۆتـایی هێنان بە داگیرکاری ئامادە بوون هاوکاری لە هەرلایەک بێ وەریگرن، بەم هاوکاریە نابنە ژێردەستیان تەنها لە گەردونی ئەواندا دەسورێنەوە.

ئەوانەی وا بیریـان دەکـردەوە و بیرکردنەوەیـان ڕاسـت دەرچـوو کە خزمەتـی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان دەکەن بە جیا کردنەوەی گەلانـی ئـەفریقی لە جەنگی سارد، هەروەکو گەلێک لە بیرمەند و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن وا بیریـان دەکـردەوە، ئەوان جەختیان لەسەر پالەوانێتی خۆیان دەکردەوە.

هاوکـاریکردنی ئاشـکرای یەکیتـی سـۆڤیەت بـۆ بـزوتنەوە ڕزگاریخوازەکـان هـیچ سوودێکی نەبینی، ئێمەش زیانمان پێنەگەیشت بە سەرقاڵ بوونمان بە ناوچەکانی دیکە، ئەنگۆلا ئاڕاستەی پرسـەکانی گـۆڕی، بـۆ یەکەمـین جـار بـوو بزوتنەوەیەکـی ڕزگـاریخواز بەهۆی ئامێر و هاوکاریەکانی تەکنەلۆژیی یەکێتـی سـۆڤیەتیەوە بتـوانێ سـەرکەوێ. ئەم هاوکاریـانە بە ڕێـگەی پـردی ئاسـمانی و دواتـریش گەیشـتنی هێزەکـانی کـوبی، شـەڕە

مەزنەکەش بە هێزەکانی کوبی دەکرا بە هاوکاری ڕاوێژکارە سۆڤیەتییەکان، بەم دۆخە ناکرێ باس لە چارەسەریەکی ئەفریقیانە بکرێ، چونکە ئەگەر دەستێوەردانی سۆڤیەتی و هاوکاریە سەربازیەکانی کوبی ڕانەگیرێ، بە ناچاری چارەسەریەکی یەکلایی ئەنجام دەدرێ و دواتر یەکێتی سۆڤیەت دەست دەگرێ بەسەر هەموو ئەفریقیا و بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی وڵاتانی دیکە، کە لە باوەشی سۆڤیەتی مەشقیان پێدەکرێ، بەڵام ئەگەر نەیانویست خۆیان بخەنە باوەش یەکێتی سۆڤیەتەوە و ئەمریکاش لەتەکی وەستا ئەوکات چین ئامادەیە لە خۆیان بگرێ کە هەمیشە لە چاوەڕوانی ئەوەدایە ناحەزانی یەکێتی سۆڤیەتی لە باوەش بگرێ.

کێشەی ئاڵۆزی قەیرانەکە وەکو ڕۆدیسیای باشووری ئەوکات و زیمبابۆی ئێستا بوو کە کەمینەی ئەوروپی ژمارەیان ٢٧٠٠٠٠ کەس دەبوو، حوکمیان لە نزیکەی شەش ملیۆن هاوڵاتی ئەفریقی دەکرد، چونکە کۆلۆنیالێکی بەریتانی بوو، یەکلایەنە لە ١٩٦٥ سەربەخۆیی ڕاگەیاندبوو، بەم هۆیەوە هەڵوێستی ڕۆدیسیا بەپێی یاسای نێودەوڵەتی لە هەڵوێستی سەرەتایی دەچوو، بەریتانیا لە پێناو هاوکاری ئەمریکا، هەوڵی ڕووخاندنی حکومەتە نوێکەی دا، کە ئەیان سمیث سەرۆکایەتیی دەکرد، بەڵام ئیدارەی جونسون خۆی لێ دزیەوە، بۆیە ئەیان سمیث تا دەیەک بە سەرۆک وەزیران دەمێنێتەوە، چونکە هیچ دەوڵەتێک دانی پێدا نەنابوو، ڕۆدیسیا وەکو کۆلۆنیالێکی بەریتانی مایەوە. لە ئەنجامی زیرەکی و حیکمەتی لاساییکردنییەوە، بەباشی زانی داوا لە ڕۆدیسیا بکا داواکەی بۆ سەربەخۆیی بکێشێتەوە، چونکە نابێ دۆخەکە بەم شێوە تاسەر بمێنێتەوە، دوای ئەوە ڕەشنووسێکی دەستورێک دابنرێ بەهۆیەوە زۆرینە بتوانێ حوکم بگرێتە دەست لە ژێر سایەی بەریتانیا، ئەمەش دوا کاری دەبێ لە ژێر سایەی داگیرکاری ئەنجامی دەدا.

کێشەکە لەوەدابوو بەریتانیا ئەو هێز و دەسەڵاتەی نەبووو ئەمە ئەنجام بدا. لە سەرەتای حەفتاکان چەندین کۆبوونەوە لە نێوان ئەیان سمیث و هارولد ویلسۆن بەستران، بەڵام هیچیان ئەنجامیان نەبووو. دواتر قەدەغەی نێودەوڵەتی هیچ کاریگەریەکی نابێ چونکە مۆزەمبیقی پۆرتوگالی ڕێگەی بازرگانی بۆ دابین دەکا.

بە هـاتنی سـاڵی ١٩٧٤، کۆتـایی هـاتنی داگیرکـاری شۆڕشـی جیوپـۆڵەتیکی بووژاندەوە، حکومەتی نوێی مۆزەمبیقی مارکسیست سنوری ڕۆدیسـیا دادەخـا و دەبێـتە بنکەی شەڕی پارتیزانەکانی میللی. ئایدیۆلۆژیا ببـووە فـاکتەرێکی گرنـگ بـۆ داواکردنـی کوبییەکـان، بەم شـێوە باشـووری ئـەفریقیا ڕووبـەڕووی ئەم فشـارانە بـۆوە، کە لەلایەن ئەیان سمیثەوە پشتگیری لێ دەکرا.

وەزیــری دەرەوەی باشــووری ئــەفریقیا چــاوی کەوت بە وەزیرانــی تەنزانیــا و بوتســوانا و زامبیــا لە لۆســاکا، بەیەکەوە کۆبوونەوەیەکیــان لەنێــوان ئەیــان ســمیث و سەرکردەکانی ئەنجـومەنی نیشـتمانی ئـەفریقی ڕێکخسـت ( ئەم ڕێکخـراوە سـێبەر بـوو، چەند ڕێکخراوێکی ڕزگـاریخوازی ئـەفریقیی ڕۆدیسـی خۆیـان لە ژێـریەوە حەشـاردابوو )، کۆبوونەوەکە لە نێو گالیسکای شەمەندەفەر لە نزیک تاڤگەکـانی فیکتۆریـا بە چـاودێری کینیت کاوندا سەرۆک وەزیرانی زامبیا و سەرۆک وەزیرانـی باشـووری ئـەفریقیا، جوهـانز فورسـتەر ئەنجـام درا (سـنورە سـەحراویەکەی نێـوان ڕۆدیسـیا وزامبیـا)وەکو ئاسـایی کۆبوونەوەکە بە ڕێگایەکی داخراو کۆتایی هات.

ئەمرێگـا داخـراوە مەترسـیەکی مەزنـی دروسـت کـرد بە دەسـتێوەردانی لایەنـی بێگـانە، ئەگەر شـەڕی پـارتیزان دەسـت پێبکـا، جەنگاوەرەکـان دەتـوانن سـەقامگیری دەوڵەتانی نزیک تێک دەن بە تایبەت زامبیا هەروەکو ڕێکخراوی ئـازادیخوازی فەلەسـتین لە لوبنـان کـردی، لەم حـالەتە ئەگەری دەرکەوتنـی هێزەکـانی کـوبی و دەسـتێوەردانی باشووری ئەفریقیا سەرهەڵدەدا.

ئەمە ئەو کێشە جیوپۆلەتیکە بـوو کە ئیـدارەی فـۆرد هـەوڵی چارەسـەرکردنیدا. هەوڵەکان پشتیان بەبەرنامەیەک بەستبوو تێیدا سەرکردەکانی ئەفریقی باشتر ناسنامەی خۆیان دیاری دەکرد لەگەڵ دروست بوونی بـنکەیەک دەکـرا بـۆ بەرگریکردنـی تالانکـاری هێزەکانی سۆڤیەتی و کوبی بەکاری بێنن.

# دونیا چاوی لە ئەنگۆلایە

لە ١٥ی ئەیلولی ١٩٧٥ واتە دوای چوار مانگ و نیو لە سەردانی کینیت کاوندا بۆ واشنتۆن، چاوم بە وەزیری دەرەوەی (روبیا بندا) کەوت لە واشنتۆن لە میانی دانیشتنی تایبەتیی حەوتەمی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان. هیچ کاممان باسی ئەنگۆلامان نەکرد، لەلای خۆمانەوە چونکە بەرنامە نهێنییەکەمان تازە دەستی پێکردبوو، پێشبینی سەرکەوتنیشمان لێی دەکرد، باسمان لە خاڵێکی ئەو پرسە نەکرد دیارە لەبەر چەند هۆکارێک بووە یا ئەوەتا لەبەر ئامۆژگاریەکانی سەرۆکە کە بەلای ئەم پرسەدا نەچین نەبادا ناکۆکییی لێ بکەوێتەوە یا لەبەر ئەگەری سەپاندنی شکست بەسەرماندا لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکیەوە.

لەجیات ئەمە من و بەندا لەسەر ڕۆدیسیا دواین. بەبێ هەستکردن بە پەلەیی، پێشنیارێکی پراکتیکیی کرد، کە هەردووک لامان ئەمریکا و زامبیا هانی سەرۆک وەزیرانی باشووری ئەفریقیا بەرێز فورستەر بدەین. تا دۆستایەتیی لەگەڵ سمیث بەکار بێنی (ئەوەتا ئێمە لێرە کۆدەبێنەوە ڕقبوونەوەیان لە زۆربەی سەرکردە ئەفریقیەکانی ڕەگەز پەرست نابێتە ڕێگر لەبەردەم هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ باشووری ئەفریقیا لە پێناو چارەسکردنی کێشەکانی ئەفریقیا) بەندا بابەتەکەی مەزنتر کرد بەوەی سەردانی زامبیا بکەم، وەکو سەرەتا و بەزارەکی ڕەزامەندیم دا کە لە بەهار سەردانیان بکەم.

لەم میانە هەوڵم دا چوارچێوەیەک بدۆزمەوە تێیدا زیاتر لەنیو پرسی ئەفریقیا نقوم بم، لە هەریەک لە گوتارەکەی وەزیری دەرەوە کە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٢ی ئەیلول چاوم پێی کەوتوو، هەروەها لە کاتی خوانی ئێوارەی کە بۆ وەزیرانی دەرەوەی ئەفریقیا و نوێنەرانیان ئامادەم کردبوو لە ٢٣ی ئەیلول، زۆر بە وردی جەختم لەسەر پشتگیری ئەمریکا کردبۆوە بۆ ئامانجەکانی ئەفریقیا لە پێناو پەرەپێدانی ئابووری و دادپەروەری و کۆتایی هێنان بە ڕەگەزپەرستی.

جارێکی دیکە لەگەڵ بەندا لە ١٧ی کانونی یەکەم لە میانی کۆنگرەی بەرهەمهێن و بەکاربەراندا لە پاریس چاومان بەیەک کەوتەوە. ئەوکات پرسی ئەنگۆلا ببووە

بابەتێکی سەرەکیی کۆنگرە چونکە ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقی دەستی خستبووە ناوەوەی. بەندا پشتگیری هەڵوێستی ئێمەی کرد، دانی بە بزوتنەوەی ڕزگاری ئەنگۆلا نەنا کە لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتی و کوباوە هاوکاریی دەکرێ، تا ئەوکات گەشبین بووم کە هاوکاریەکانی فەرەنسا و بودجەی تەرخانکراوی ئەمریکا ودبلۆماسییەتی یەکیتی سۆڤیەتی-ئەمریکی بتوانێ ئامانجەکان بپێکێ لە ڕاگەیاندنی ئاگربەست و کشانەوەی هێزەکانی بێگانە و دامەزراندنی حکومەتێکی هاوپەیمانی. جاری دووەمیش ڕۆدیسیا بابەتی سەرەکیمان بوو جارێکی دیکەش بەندا سوربوونی خۆی لەسەر شێوازی هاوبەش لەسەر باشووری ئەفریقیا ڕاگەیاند ( سەرەڕای ئەو ڕۆڵەی باشووری ئەفریقیا لە ئەنگۆلا دەیگێڕا).

لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا ستراتیژیەتی ئەنگۆلا کۆتایی هات، هەمووازی تۆنی و دواتریش کلارک بوونە هۆکاری کۆتایی پێهێنانی. بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەنگۆلا بردیەوە، بەو بردنەوە دەستی بالای بوو. بووە ڕێگر لەبەردەم دەرکەوتنی هێزەکانی کوبیی پڕچەککراو بە چەکی سۆڤیەتی ببێتە هێزی باڵادەست لە باشووری ئەفریقیا. لە ئەنجامی پاشەکشەمان لە پرسی ئەنگۆلا، چوار دەوڵەتی ئەفریقی داوامان لێدەکەن هەوڵ بدەین ئەمە نەبێتە سزاو چارەسەری.

لە ٥ی شوبات ١٩٧٦ مارک چوونا (ئەمینداری نهێنیی کاوناد) سەردانی واشنتۆنی کرد، بۆ گەیاندنی نامەیەک بە سەرۆک فۆرد. بیرم لەوە کردەوە تاقە چارەسەری بۆ شکاندنی بەستەلەکی پرسی ڕۆدیسیا، نامەیەک بۆ ئەیان سمیث بنێرم تا هانی بدەم بۆ دانوستان. ئەگینا پارتیزانەکانی جەنگی میللی کەلە زامبیا و مۆزەمبیق جێگیر بوونە بەرەو لای ئەوانیش دەچن و شەڕ توندتر دەبێ ئەوکات خەبات دەبێتە شتێکی لێوەشاوە، ئێمەش ناچار دەبێن دەست لە جوڵەی کوبی ناپارێزین. چوونا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ڕێکارێکی زەرور بگرینە بەر بۆ ڕێگەگرتن لە کارەکانی کوبی و سۆڤیەتی لە باشووری ئەفریقیا. ئەمە ئەگەر کاوندا ئەم ئاڕاستەی ئێستا بە مەترسی دەزانن لەسەر ناوچەکە.

لە ١١ی شوبات وەزیری دەرەوەی زائیر،ن گوزا —کارل- بووند و بالّوێزی سەنگال ئەندریە کولبەری پەیوەندیان بە فۆردەوە کرد بۆئەوەی ڕاو بۆچوونی دەوڵەتانی فەرەنسی زمان یان پێرابگەیەنن، ئەوان دەوڵەتە دوورەکان بوون، کەمترین بایەخیان بە حوکمی زۆرینەی ڕۆدیسیا دەدا. فۆرد وەڵامی دانەوە کە ئەوەی لە تواناماندایە دەیکەین بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەوەی ڕوویدا ڕوونەداتەوە. ئێمە سورین، پێم وایە دۆخەکانیش گۆڕدراون.

دەوڵەتی دیکە کە گوێمان لێی بوو، میسر بوو، محەمەد ڕیازی وەزیری دەرەوەی لە ناوەڕاستی شوبات سەردانی چەند دەوڵەتێکی ئەفریقی دەکا. دوای ئەوە بالّوێزی ئەمریکا هیرمان ئیلتز لەو نائارامیەی هاوبەشی دەبێ کە بایەخەکانی سۆڤیەتی بەرەو زیاد بوونن لە کشوەری ئەفریقیا و ڕۆڵی ئەمریکاش لە پاشەکشە دایە. هەر لەژێر ئەو کاریگەریانەی ئەنگۆلا باسی ڕووداوێک دەکا. دەڵێ دەوڵەتانی وەکو مەراکش و ئەسیوبیا و کینیا هەست بە مەترسی دەکەن، تەنانەت سەرکردەی چەپەکانیش لە نمونەی جۆلیۆس نایریری، سەرۆکی تەنزانیا کە پشتگیریی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەنگۆلا کردبوو، گوتی لە بوونی سۆڤیەت و پاشەکشەی ئەمریکا نارەحەتە. ڕیاز وەکو دۆستێکی ئەمریکا یاداشتێکی لەم بارەیەوە پێشکەشی ئەمریکا کردبوو وتبووی: ناوچەکە پێویستیی زۆری بە سیاسەتێکی ئەمریکیی ئەفریقیی کاراتر و بەهاناوەچوونترە، یاداشتەکەی بەوە کۆتایی هێنا کە زۆربەی ئەو سەرکردە ئەفریقیانەی چاوی پێکەوتون دەپرسن ئاخۆ ئەمریکا سیاسەتێکی ئەفریقیی هەیە.

لە میانی گەشتەکەمدا بۆ ئەمریکای لاتین و لەو نامەی لە ناوەڕاستی شوبات بەدەستم گەیشت هەمان توێژینەوەم بەر گوێ دەکەوت، منیش لە ڕاپۆرتێکمدا بۆ سەرۆک فۆرد نوسی لەسەر هەڵوێستی سەرۆکی فەنزویلا کارلوس ئەندریە بیریز کە خۆشەویستی خۆی بۆ ئیدارەی نوێ دەرنەبڕیوە نوسیم:

لە فەنزویلا. سەرۆک بیریز بە هیچ شێوەیەک سەرنجی حکومەتی نوێی ڕانەکێشا کە بە شەڕی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین دەسەڵاتی گرتبووە دەست، (ئەمەش چونکە فەنزویلا ترسی زۆری لەوەیە کوبا دەست بەسەر گروپی کاریبیی ڕەشدا بگرێ).

بەم مانایەبێ بۆ ئەمریکای لاتین ئەنگۆلا لە ڤیتنام گرنگترە، ئێستاش بە هەمان شێوە ئەوان بایەخ بەوە دەدەن کە لە واشنتۆن ڕوودەدا نەک لە سایگۆن یا لاوندا. ئەوان دەزانن کە بۆ یەکەمین جارە دەوڵەتێکی ئەمریکای لاتین بە هێزێکی زۆرەوە لەو بەری زەریا توانیی وڵاتێک داگیر بکا، ئێمەش هەوڵماندا ئەم کارە ڕاگرین بەڵام بەهۆی دابەش بوونی ناوەخۆمان شکستمان هێنا.

فەنزویلیەکان لەگەڵمان لەسەر شکستهێنانمان ڕاشکاوبوون. بەڵام پیرفۆیەکان کەمتر ئارەزوی دەربڕینی دڵەراوکێیان هەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەبێ پیرۆ نیازی وابووە زیاتر بیلایەنی خۆی بپارێزێ. بەڵام هیچ گومانیک لای کاراکاس و لیمادا نییە کە کاردانەوەمان لەگەڵ کوبیەکان لەسەر پرسی ئەنگۆلا دیدی ئەمریکای لاتینی لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گۆڕدرا بۆ خراپتر.

لە ٢٣ی شوبات ڕاپۆرتێکم لەسەر کۆلۆمبیا بۆ سەرۆک فۆرد نوسی لەسەر بۆچوونەکانی سەرۆک ئەلفۆنسۆ لوبیز مچیلسین:

ئێستا ئەو بەقەدەر سەرۆکی فەنزویلا بایەخ بە کوبا دەدا، بەڵام ئەو مەترسیی ستراتیژیەتی کوبی دەبینێ کە سوود لە ڕەگەزپەرستی وەرگرێ، هەروەها پێی وایە کاسترۆ بەر لەوەی بچێتە گۆرستان دەیەوێ ڕۆڵێک ببینێ لەسەر ئاستی دونیا و لەدەرەوەی کوبا.

گەشتی ئەمریکای لاتینیم بۆ ئەوە بەکار هێنا وسوودما لێی وەرگرت تا بە دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین ڕا بگەیەنم کە ئێمە هەرگیز دەستەوەستان نابێن لەو کارانەی کوبا لە ئەفریقیا دەیکا. بەڵام ئامادەبوان لێمان بە گومان بوون، وەزیری دەرەوەی بەرازیل ( ئەنتۆنیۆ سیلفیرا) بە شێوەیەکی دیکە ئەوەی دەربڕی کە هاوڕێکانی لە پیرۆ وفەنزویلا و کۆلۆمبیا گگوتیان، کاتێک نارەحەتی خۆی لە کێشەی سنوریی نێوان کوبا و بەرازیل دەربڕی، منیش گوتم:

بەدڵنیایی ئێمەش بێدەنگ نابێن لە بەرانبەر ئەم کردە کوبیانە، سیلفیرا بە توندی وەڵامی دامەوە و ئاگری لێ هەلگیرساندم :

(ئێمە دڵنیا نین لەوەی دەتوانین لەمرۆ بەدواوە پشت بە ئەمریکا ببەستین).

# دارشتنی ستراتیژیەتێکی ئەنگۆلی

لە ٤ی ئاداری ١٩٧٦، گروپی بەریتانی کە بەفەرمانی جیمس کالاهان سەردانی ڕۆدیسیایان کردبوو. تێبینییەکانیان بۆ باڵوێزی پادشانشینی یەکگرتوو (پیتەر ڕامسبۆ ثام) گواستەوە .

دۆخەکان لە خراپەوە بۆ خراپتر دەچن، هەروەکو دوێنێش (بەرێوە بەری ڕۆدیسیا لە وەزارەتی دەرەوە) دیڤید ئانالز دوێنێ باسی لیوە کرد، تێخزانێکی چڕی کۆمۆنیستەکان لەو ناوچەیە هەیە، ئێمە زۆر لە شەرێکی ڕەگەزپەرستانە دەترسین، ئێستا لە ڕۆدیسیا دۆخێکی تایبەتی لەگەڵ بەریتانیا دروست بووە، کێشەکە لە دەستور دایە، جیمس کالاهان ئەگەر دەسەڵاتی نەبی ئەو بەرپرسیاریتیە ناگریتە ئەستۆ.

بە ڕامسبۆثامم وت ئێمە لەگەڵ هەر بڕیارێکداین کە کالاهان دەریدەکا، بەڵام ئێمە هیچ پاساوێک قبوڵ ناکەین بۆ ڕێگەنەدان بە زۆرینە دەسەڵات بگرێتە دەست جا ئەو پاساوانە کوبا بێ یا هەر پاساوێکی دیکە:

دەتوانم پێت بڵێم، سەرەڕای ئەو هەرایەی کە دوورنییە ڕووبدا، ئێمە دەستوەردانێکی دیکەی کوبا قبوڵناکەین .

ئەنجامەکان بۆ ئەفریقیا و لەئەنجامی گەشتەکەی ئەمریکای لاتینیمدا دەتوانم بڵێم بۆ ئەمریکای باشوور و کاریبیش لە نێویاندا مومتەلەکاتی بەریتانی لە کاریبیی ڕەش، مەبەستم لە ئەنجامی بوونی سوپای سەرکەوتوی کوبیە، ئەنجامێکی ناخۆش و نەخوازیار دەبێ. ئێمە خۆمان پێناگیرێ سوپای کوبی ببینین لە ئەفریقیا ترەنتانێ بکا. هەرچەندە ڕامسبوثام بەرەوشتتر و ئەدەبتر بوو لەوەی بتوانێ دان بەخۆدا بگرێ لە دەربڕینی هاوهەڵوێستیی لەگەڵمدا، بەڵام زۆر سورتر بوو لەسەر خواستنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ یارمەتیدانی کالاهان لە پێناو حوکمی زۆرینە لەوەی بەشداریمان لە بەرگریکردن لە دژی سەرەرۆکانی کوبی. جیاوازیەکە ئەوکاتە دەرکەوت کە مۆزەمبیق بابەتی دەستوەردانی کوبیی بێ مەرج داخست، ئەمریکا نەچوە پاڵ ئەو بڕیارە

کۆدەنگیە. پێمان ڕاگەیاندن ئەگەر مۆزەمبیق ڕێگە بە هێزێکی بێگانە بدا بچێتە پاڵ ململانێکانی سۆڤیەتی ئەوکات هاوکاریەکانمان دەوەستێنین. لە ١٢ی شوبات سوربوونی خۆمان لە ڕێگەی وەزیری دەرەوەی گوانا فرید ویلز بۆ سۆڤیەت گواستەوە کە بەرەنگاری هەر دەستوەردانێکی سۆڤیەتی دەبێنەوە. من دڵنیابووم کە هۆشداریەکەمان تێدەپەڕێ و کاسترۆ یاری بە ئاگر دەکا، ئێمەش ئێستا یا دوایی ئەم یاریەی ڕادەگرین، هەر ئێمەش شوێنی ڕووبەڕوو بوونەوە هەڵدەبژێرین.

ئەگەر کوبا بێدەنگ نەکرێ دوورنییە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە کوبا ڕوونەدا، نەک لە ئەنگۆلا. ئێمە هەمووو هەوڵێکماندا بۆ ئەوەی پەیوەندیەکان خۆش کەین بەڵام بە ئاشکرا نا.

لە ١٣ی ئادار فۆرد بڕیاری دا هاوکاریەکی بێ سنور بکرێ بۆ دەسەڵاتی زۆرینە لە ئەفریقیای باشوور، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێداگری دەکا وسور دەبێ تا دەسەڵاتی حوکم لە باشووری ئەفریقیا و ڕۆدیسیا دەکەوێتە دەست زۆرینە.

ئێمە بەریتانیا لە باشترین دۆخی پەیوەندیەکاندا بووین، کالاهان قسەی لەسەر نەکرد، تەنها باسمان لەو وتانە کرد کە بە ڕاشکاوی بە ڕامسبۆثامم وت کە ئێمە ڕێگری لە سەرەرۆکانی کوبی دەکەین، جا ئەگەر حوکمی زۆرینە لە ڕۆدیسیا مسۆگەر بکەین یان نا، کالاهان گوتی وەستان لەبەردەم هێزەکانی کوبی کێشەیەکی سیاسیی مەزنە. ئاشکرا کردنی پێشنیارێکی بەریتانی لە ٢٢ی ئادار ئەوە دەردەخا کە ئێمە پێش سۆڤیەتین لە دانانی بەرنامەیەکی بنەڕەتی بۆ حوکمی زۆرینە بە ماوەی ٨ تا ٢٤ مانگ.

لە گوتارێکمدا لە دالاس لە هەمان ڕۆژ پشتگیریم لە کالاهان کرد، دواتر بە سەرسورمانەوە بۆ کاسترۆم هاوپێچ کرد:

هاوکاریەکانمان بۆ ئەو لایەنانە بەردەست نەبووو کە پشتیان بە سەربازەکانی کوبی بەستبوو، ئەمریکا خۆی ڕادەستی ئەو دیفاکتۆیە ناکا تاهەتایە هێز و هێرشی کوبی لەسەر خاکێک بێت بۆ ئەوەی سیاسەتەکانی بەهێز بسەپێنێ.




لەماوەی ٤٨ کاتژمێر ئایان سمیث پیشنیاری کالاهـانی ڕەت کـردەوە . بەریتتانیـا ئەو توانایەی نەبووو ناچاریکا، هەروەها هیچی دیکەشی نەبووو لەوە زیاتر .

دە ساڵە بەریتانیـا ئەو هێـزەی نـەبووە ناچـاری بکـا. بەم شـێوە بە ڕاگەیانـدنی نەخشەیەکی نەزۆک سەرەرۆی شۆککردنی لایەنە ئەفریقیەکان کۆتایی هات بە پێشـکەش کردنی پاساو بۆ دەستێوەردانی سۆڤیەتی و کوبی، چونکە تاقە هێزە بتوانێ کار لەسـەر هاوکێشـەکان بکـا، بـۆیە ئەمریکـا دەبووایـە بەرپرسـیارێتی پەرەپێـدانی سـتراتیژیەتی تایبەتیی ئەفریقیای باشوور بگرێتە ئەستۆ.

گرتنە ئەستۆ تەنها بە دروشم کاریگەر نییە. ئەگەر نەبیتە کردار، هەردەبێ بگاتە ڕێگایەکی داخراو بۆ گەیشتن بی فتیلی کار، ئەگەر لە دەرەوەرا بسەپێندرێ یا بڕیارێکی بەزۆر بێ.

فۆرد باشترین ڕێگە بۆ ئەم جۆرە ڕێگەداخراوانە، گەشتێکی من بوو بـۆ ئـەفریقیا و دیدەنیم لەگەڵ بەرپرسـان بـۆ پێشـکەش کردنـی هەڵوێسـتی ئەمریکـا لە گوتارێـک کە

ئەفریقیەکان ئامادە دەبن. ئەگەر مەبەستمان بێ چارەسەریەکی سیاسییانە بدۆزینەوە بەر لەوەی کارەکان لەدەست دەرچن و فۆرد دەست بە هەڵمەتی هەڵبژاردنی بکات، دەبێ بە زوترین کات لە مانگی شوبات بڕیارێک دەرکەین کە من سەردانی ئەفریقیا بکەم، وەرزی هەڵبژاردن لە سەروبەندی دەستپێکردندا بوو، هەر دوو تا سێ هەفتە هەڵبژاردنی سەرەتایی لە ویلایەتێک دەکرا دوای ئەوە کۆنگرەکانی هەڵبژاردن دیاری دەکرا.

هەروەکو لە قەیرانی قوبرس و مشتومڕ لەسەر هەمواری جاکسۆن و دوبارە نەخشەسازی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، فۆرد ئومێدی لەسەر سیاسەتی دەرەوە هەڵنەچنیبوو پێی وابوو هاوکار نابێ بۆ هەڵبژاردنەکان، هەرکە لە گەشتەکەی ئەفریقیا گەرامەوە زنجیرەیەک لە ڕەخنە ڕووبەڕووم کرا، لە ١١ی ئایار فۆرد لە کۆبوونەوەی نوسینگەی ئاسایشی نەتەوایەتی گوتی:

هنری ئێستا چۆتە ئەفریقیا و سیاسەتێکی باشی پیادە کردووە، بەڵام هەر لەم گەشتەیدا ئاگری هاونی سیاسیی ئاڕاستە کردوین، هەموویان بە ئەنقەست نەبووون بێ بایەخ بوون، ئەگەر بمانەوێ پێگەمان لە دونیا بپارێزین دەبێ سیاسەتی دەرەوەمان سڕ نەکەین، بەڵکو دەبێ بەردەوام بین، بە بەدەر لە هەڵبژاردنەکانی سەرەتایی کە پێوەرێکی سەخت بووهەندێک بەڵام جار ڕاست بوو .

لۆساکا بۆمن دەست نیشان کرا گوتارێک لەسەر حوکمی زۆرینە بدەم چونکە زامبیا لە دەوڵەتانی بەرەنگاری بوو. لە هەموویان کاریگەرتر بوو بۆ ڕۆدیسیا، دەوڵەتانی بەرەنگاری لە ١٩٦٩ بەیاننامەیەکیان بە ناوی بەیاننامەی لۆساکا دەرکردبوو لەسەر ئەرک و مافی هەمووو کەسێک بۆ بەشداربوون، چونکە هەموویان یەکسانن مافی بەشدariyan وەکو یەک هەیە، حوکمی زۆرینەش دەتوانین بڵێین ئەمە پێداگریە لە کەمینەی ئەوروپی کە دوای دەستبەردار بوونیان دەبێ مافیان پارێزراو بێ. نیوەی دووەمی نیسانمان هەڵبژارد بۆ ئەوەی دەرفەتی گوتارمان هەبێ، لە هەمان گەشتمدا لە کۆنگرەی بوژانەوە کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیرۆبی دەبەسترا بەرنامەی پێ ڕازێندرایەوە. بەڵام بەهۆی هەڵبژاردنەکانی تکساس کە بە هەڵکەوت لەو کاتانە بوو

هەندێک نارێکی ڕوویاندان. گوتارەکەم بووە مایەی گلەیی لەسەر شکستی فۆرد بەڵام فۆرد خۆی پێی باش بوو پێشینە بەوە بدا کە خۆی پێی باشە. بۆ بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی نەتەویمان هەرچەندە لەسەر حسابی دیدی سیاسیی بوو.

## کاراکتەری ستراتیژیەت

بەر لەوەی خۆمان لە ئەفریقیا تێوەگلێنین. دەبووایە لەسەر بنەمای ئامانجە بەیەک بەستراوەکان بگەینە ستراتیژیەتێک، سەرچاوەی هێزمان دەوڵەتە ئەفریقیەکان خۆیانە کە هانی تێوەگلانیان داین. لە کاتێکدا حکومەتەکانی کەمینەی سپی پێستەکان زۆر متمانەیان بە ئێمە بوو زیاتر لە هەر دەوڵەتێک یا هەر گروپێکی دیکەی سەرکردەی ئەمریکی. سەبارەت بە لایەنەکانی دیکە یا لایەنی گریمانە:

+ دەوڵەتانی بەرەنگاری واتە مۆزەمبیق و زامبیا و تەنزانیا وبوتسوانا، شەڕی پارتیزان لەسەر خاکی ئەوان بەڕێوە دەچووو. خاکی ئەوان ئەو تونێلە بوو کە چەکی پێدا دەرۆیشت و دەهات لە دەرەوەی کشوەرەوە بە ڕاوێژکارە کوبیەکانەوە. لە کاتێکدا سەرکردەکانیان لەوە ئاگادار بوون کە هێزەکانی ڕۆدیسیا پڕچەک کراوە، شەریش باجی خۆی هەیە مەرج نییە پارتیزانەکان بەڕێبکرێن بەڵکو دەست بەسەر دەوڵەتی خانەخۆشدا دەگرن.

+ دەوڵەتە ئەفریقیەکانی دیکە کە کەمتر پەیوەندیان پێیەوە هەیە، وەکو بڕوابوون پشتگیریان لە حوکمی زۆرینە دەکرد بەڵام لەبەر بەرژەوەندیەکانیان پێیان باش نەبووو کشوەر ببێتە مەیدانی جەنگ.

+ باشووری ئەفریقیا ترسی لەوە هەبوو خەباتی چەکداری لە ڕۆدیسیا دواجار باشووری ئەفریقیاش بگرێتەوە، لە کاتێکدا هەمووو دەوڵەتانی بەرەنگاری ئەو ڕاستیەیان دەزانی کە هاوکاریەکانی باشووری ئەفریقیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ڕۆدیسیا زەرور بوو، چونکە گواستنەوەی دەسەڵات بەبی هاوکاریەکانی کارەساتی خوێناویی لێدەکەوێتەوە، ئەنجامەکەشی مسۆگەر نییە.

+ بۆ بەریتانیا، ڕۆدیسیا بیرەوەریەکی تاڵە، لەبەر لاوازی پێگەی نێودەوڵەتیی، بێتوانایی بەریتانیا لە ناچار کردنی ڕۆدیسیا، هەوڵەکانی لاواز کردن بۆ پەرە پێدانی ڕۆڵێکی نوێی ئەفریقیا لەسەر بنەمای هاوکاریکردنی کۆلۆنیالەکانی، ئەمەش بەوە لێکدەدرێتەوە کە سەرکردە بەریتانییەکان ڕقی ئەستوریان لە ئەیان سمیث بوو، هەر ئەم ڕقلێبوونەوە بووە ڕێگر لەبەردەم هاوکاریەکانی بەریتانیا بۆ مامەڵەکرد لەگەڵیدا.

+ سەبارەت بە دەسەڵاتی ڕۆدیسیا کەمترین سوودی لە ڕووداوەکانی دەوروبەر وەرگرت، متمانە و گرەنتیی بە کەمینە دران لە حوکمڕانی زۆرینە، هەرچیەک بوبێ، دۆخی دانیشتوانە ئەوروپیەکان بەرەو پوکانەوە دەچێ. لە ٩ی نیسان کاتێک لە ئەنتوان ئەدۆلف ( بەرپرس لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، بە دروستیش لە کاروباری ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست) چارەنوسی کەمینەم لێ پرسی گوتی: دەتوانن بەدوای کارەکانیان دا بچن بەڵام منداڵەکانیان هیچ پاشەڕۆژێکیان نابێ، دەکرا بە عەرەبیەکی پاراو ئەیان سمیث تێبگەیەنن کە ئەو بژاردە و چارەسەریەی ئێمە دەست نیشانمان کردووە لە نێو چارەسەرە ناخۆشەکان کەمترین زیانی هەیە.

ئەم تێکەلە نەگونجاوە واتە خاوەن دەسەڵاتی بێ شەرعیەت و خاوەن شەرعیەتی بێ دەسەڵات، سنوری بۆ ستراتیژیەتی ئەفریقیی ئێمەی دانا.

بڕیاری یەکەم و مکومی ئێمە ئەوەبوو ئەمریکا بەبێ شاشی بە بنەمای حوکمی زۆرینە پابەند بێ، توندترین هێرش کرایە سەر ئەو بڕیارە بووە بابەتی هەلمەتی هەڵبژاردن، بەڵام سادەترین پرس بوو لەبەردەممان چونکە ئێمە نەماندەتوانی هیچ هەڵوێستێک لە ئەفریقیا وەرگرین جگە لە پێدانی دەرس لەسەر جیۆپۆلەتیک یانیش خۆمان بخەینە پاڵ حکومەتەکانی کەمینە، ئەگەر ڕێگری لە چاوتێبڕینەکانی سۆڤیەتی و دەستێوەردانەکانی ئەو و کوبی بکەین دەبێ خۆمان بخەینە پال زۆرینە و بەرگری لە تێڕوانین و بەرژەوەندیەکانی ئەوان بکەین، کێشەکە لەوەدابوو کەمینە لە مەبەستەکانمان نەدەگەیشت چونکە ئەم دەرفەتەی لەبەردەم ئەواندا ماوە و ئێمە کردومانە بە ئامانج ئەوەیە ژیانێکی ئاسوودە و بەرێز ببەنە سەر بەیەکەوە لەگەڵ زۆرینە، هەرچەندە دۆخی ژیانیان وەکو جاران بە خۆشی نامینێتەوە.

هەوڵەکانی پێشوومان شکستیان هێنا بۆیە پێشنیارمان کرد پەرە بە ستراتیژیە یەکگرتوەکەمان بدەین بۆ دەرچوون لەو زەلکاوەی تێی کەوتووین :

داوامان لە دەوڵەتانی بەرەنگاری کرد بە زوترین کات دەسەڵات ڕادەستی زۆرینە بکەن و ئەمریکا بە هەمووو سەنگێکیەوە لە پشت ئامانجەکانتان دەبێ. پێداگریمان لەسەر ئەوەکرد هێزەکانی بێگانە لەدەرەوەی ململانیکەدا بن. لەگەڵ گرتنە ئەستۆی بەرپرسیاریتی دانوستانەکان لە پاراستنی مافی بزوتنەوەکانی ڕزگاری ڕۆدیسیا.

بە چڕی کارمان لەگەڵ سەرکردە ئەفریقیە میانڕەوەکان کرد، بەتایبەت لە کینیا و زائیر و سەنیگال و کەناری عاج، بۆئەوەی کۆدەنگیەک لە نێو یەکێتی ئەفریقیدا دروست کەین لەسەر سیاسەتەکانمان و پاراستنی دەوڵەتانی بەرەنگاری لە فشارەکانی ئەفریقی و نێودەوڵەتی (نیجیریا بە گشتی پشتگیری لە هێڵی توندڕەو دەکرد).

پشتمان بە بەریتانیا بەست دووبارە بێتەوە ناو دبلۆماسییەتی ئەفریقیای باشوور و ڕۆڵێکی گرنگ ببینێ لە کۆنگرەی دامەزراندن، لەم ڕووەوە پشت بە شارەزایی و ڕاوێژی بەریتانی دەبەستین.

سەبارەت بە سەرکردەکانی باشووری ئەفریقیا، بۆمان گواستنەوە کە ئەوان ڕۆڵیکی گشتگیریان دەبێ لە هاوکاریکردنی دامەزراندنی ئەفریقیایەکی ئاشتی و بەرقەرار و دادپەروەر، باشووری ئەفریقیاش دەبێتە میانگێر دەرفەتی هەناسەدانی پێدەدرێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە تایبەتیەکانی.

لەم میانە کەسە نامۆکە ئەیان سمیث بوو. پێشتر هەمووو هەوڵەکان شکستیان هێنابوو چونکە دانوستانەکان لەگەڵ ئەم نوێنەرەی کەمینە دەکرا، ئەویش ڕازی نەدەبوو دەستبەرداری دەسەڵات بێ، بۆیە بڕیارماندا دوای ئەوەی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە ڕێکدەکەوین ئەوسا لەگەڵ ئەو مامەڵە بکەین. نەمان دەتوانی هیچ لەگەڵ ڕاستیەکی دیکەدا بکەین کە ئەیان سمیث و کەمینەکەی لەم سەین و بەینە دەستکەوتێکی کەمیان دەبێ. بەڵام ویستمان لە ڕێگەی مامەڵەکردنیکی ڕێزدارانە لەگەڵی هەنگاو بنێین، من نەبە چاکە نەبە خراپە هیچ پەیوەندیەکم لەگەڵیدا نەبووو، بەڵام ئەمە کێشە بوو دەبووایە لەگەڵ ئەم کێشە مامەڵە بکەم، تەنها منیش مەبەستم بوو شێوازی ژیانی

کەمینەی ڕۆدیسیا بگۆڕم، بەهۆی ئەوەی منیش کۆنە پەناهەندە بووم، هەست بەو ئازارانە دەکەم کە لە ئەنجامی هەرەس هێنانی شێوازی ژیانیان پێیان دەگا.

## سیاسەتی ئەفریقی و کۆدەنگی لۆکالی

لە کۆبوونەوەکانی ڕۆژانەماندا، فۆرد بایەخێکی زۆری بەو گۆرانکاریە دەدا کە لە سیاسەتی ئەفریقیا ڕوویداوە، لە نێویاندا پەرەسەندنی بژاردەی سەربازی بۆ پشتگیری ئەمانجە سیاسییەکان. ئەمە ڕوون بوو کە بەرەنگار بوونەوەی چاوتێبڕینەکانی سۆڤیەتی-کوبی لەوەی کوبا ببێتە پێشەنگی سەربازیی کۆمۆنیزم، پێویستیی بە زیاتر لە بەیاننامەیەکی سیاسیە.

لە ٢٤ی ئاداری ١٩٧٦ لە (هۆڵی هەڵوێست) کۆبوونەوەم بە ئیدارەی قەیرانەکان کرد لە بنای کۆشکی سپی. بەهۆی گرنگی بابەتەکە لە ڕاستیدا کۆبوونەوەی ئاسایشی نەتەوایەتی بوو بەڵام بەبی ئامادە بوونی سەرۆک، چونکە من پێشتر سیاسەتی ئەفریقیام لەگەڵی خستبووە بەر باس و یەکلاییم کردبۆوە بەو هۆیەوە فۆرد داوای لێکردم خۆم سەرپەرشتی ئەو کۆبوونەوە بکەم، هەرچەند لە ڕۆژی کە پێی وترا (کۆکوژی جەژنی دێرینەکان)ەوە بەرپرسیارێتی ئاسایشی نەتەوایەتی بە سکۆکرۆفت سپێردرابوو. کۆی کارەکە بەم شێوە بوو:

ئێمە دەمانەوێ بەرنامە لە مەیدانی سیاسەت و ئابووری و سەربازیەوە دەست پێبکەین، بۆئەوەی بزانین چیمان پێ دەکرێ ئەگەر بڕیارماندا دژی کوبا جوڵەیەک بکەین. لەم ڕووەوە دەبێ کۆمەڵێک بژاردەمان لەبەردەستدا بن، لە داهاتوێکی نزیک کۆبوونەوەی نوسینگەی ئاسایشی نەتەوایەتی دەبەسترێ تا گفتوگۆ لەسەر ئامانجەکان بکەین. ئێستا دەبێ تواناکانمان بپشکنین تا سەرۆک بتوانێ بڕیاری سیاسیی خۆی لەم ڕووەوە بدا و بزانێ چۆن نەخشەکە دادەڕێژێ...

هەڵسام بە دیاری کردنی ئامانجە سیاسییەکان بەم شێوەیە:

دەبێ ئەمە بخەینە سەری سەرکردە ئەفریقیەکان کە ئەوان ناتوانن کەسێک لێرە دانێن و کەسێکیش لەوێ.

ئەوان ناتوانن پشتگیری کوبیەکان بکەن و لە هەمان کاتیشدا پشتگیری ئێمە بکەن. دەبێ بزانین چی دەکەین. دەبێ زۆر باش دوو هێل یا سیان وەکو گریمان بۆکار بپشکنین، دەبێ لە هەمووو ڕوێکەوە وردەکاریەکانی بزانین تا بۆمان دەرکەوی کێشەکانی چی دەبن..

جێگری سەرۆکی (CIA) فیرنون وۆلتەرز خشتەی کۆبوونەوەکانی ئامادەکرد:

هەرچەندە لەمرۆ بەدواوە یاخی بوون بەردەوام دەبێ بەڵام پارتیزانەکانی جەنگی میللی لاوازتر دەبن لە توانستی ئەنجامدانی سەرکەوتن، چونکە هاوکاریەکانی سەربازی و ڕاویژکارە کوبیەکان کەم دەبنەوە.

لەم حالەتە پارتیزانەکان دەکەونە ژێر فشارێکی زۆر بۆ قبوڵکردنی هاوکاریەکانی سۆڤیەتی و کوبی، سەرباری جەنگاوەرەکانی کوبی، ئیتر بۆ سەرکردە ئەفریقیەکان ئەوانەی هەوڵی سنوردارکردنی دەستێوەردانی سۆڤیەتی و کوبی دەدەن سەخت دەبێ بەرگری ئەم جۆرە فشارانە بکەن.

لە هەمان ڕۆژدا فۆرد کۆبوونەوەی بە کۆمەڵێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی پیرانکرد: ئەو سورە لەسەر گرتنەبەری ڕێکاری توند دژی ئەمجۆرە ئەنجامانە.

دۆنالد ڕامسفێلدی وەزیری بەرگریی نوێ ڕەنگدانەوەی هەڵوێستەکانی پنتاگۆنی ئاشکراکرد کە بە پێچەوانەی ئەو بیرۆکەیە بوو کە دەبێ سوپا چەک وەدەست بێنێ بەڵام دەبێ ئەوکاتە بەکاری بێنێ کە وڵات لەوپەری توندی وپیویستیی دابووە.

ئامانجە سنوردارەکانی سیاسەتمەداران لەوەتەی شەری ڤیتنام عەسکەرتارانی تورە دەکرد. هەرکاتەی پنتاگۆنیش خۆی لە پرسێک دوور دەخاتەوە، پێداگریی لەسەر دەکا بێ ئەوەی دەست بۆ بژاردەکانی دیکە ببا، بەم هۆیەوە سەرگەردانیی زیاد دەبێ، ڕامسفیلد ڕەزامەندیی لەسەر ستراتیژیەکەمان دەربری، بەڵام ئەوەی بێزاری کردبوو پەیوەندیی بە چەند ڕێکارێکی گریمانەی سیاسیەوە هەبوو.

ئەم جۆرە هەڵوێستانە دەکرێ تا تەواو بوونی ماوەی سەرۆکایەتی فۆرد بەردەوام بێ، ناکرێ لە نێو چوارچێوەی ماوەیەکی دیاریکراودا لەم دۆخە نالەبارە جێبەجێ بکرێ.

فۆرد بە ئارامی مایەوە، کەچی لە بەرانبەر ناکۆکیی و ململانێکانی هاوڕێیانیدا توندو توڕەیە .

هەندێک دەرهاوێشتە هەبوون دەکرا سەرۆک سوودیان لێ ببینێ لە حالەتی ئاوەرتە:

پێم وایە پێویست بەوە ناکات باس لە کارێک بکەین کە خۆمان پێی هەڵدەستین، بەڵام پێم وایە دەبێ ئامادەکاریی بۆ بکەین بۆ هەندێک ڕێکاری ئەرێنی، دواتر من نامەوێ کۆمۆنیستەکان وا لێک بدەنەوە کە ئێمە هیچ کارێکی تون دو تیژی ئەنجام نادەین.

لەم میانە ڕۆژنامەگەری خزمەتێکی باشی پێگەیاندین کاتێک کاسترۆ سەرنجی ئەوە دەدا کە ئێمە لە کارەکان جددین، لە ٢٦ی ئادار ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست بە ناونیشانێکی مەزن بڵاویکردەوە کە ( کۆشکی سپی و پنتاگۆن دیراسەی کارێکی سەربازی دژی کوبا دەکەن) هەرچیەکی ڕەنگدانەوەکەی بێ لە وشنتۆن لە نانەوەی هەرا بەڵام هاڤانا ئەم هەواڵە بە هەند وەردەگرێ.

لە ٢٢ی نیسان بەر لەوەی دەست بە گەشتی ئەفریقیام بکەم. سەردانی گروپی ئاسایشی تایبەتیم کرد بۆ پێداچوونەوە لەو نەخشەی ئەگەری جێبەجێ کردنی هەبوو، کاتێکی زۆری کۆبوونەوەکە بۆ کاری هەواڵگری تەرخانکرا کە بەڕێوەبەری (CIA) جورج بۆش پێشکەشی کردبوو کورتیەکەی بەم شێوە دەربڕی بوو:گروپی هەواڵگری وا پێشبینی دەکا هێزەکانی کوبی لە کۆتایی ١٩٧٦ دەچنە ناو ڕۆدیسیا.

هەرچەندە فۆرد هیچ ئەنجامێکی لە ڕاسپاردەکانی پبتاگۆن دەر نەهێنا بەڵام ڕامسفیلد چەند بژاردەیەکی بە شەش قۆناغ ڕادەستی کۆمەڵێکی بە توانا کردبوو، لەو نەخشە باسی لە هێزی پێویست و مەترسیەکانی قۆناغەکانی دیار کردبوو، لەکاتی تەنگانەش چەند بژاردەیەکی دیکەی ئامادە کردبوو هەرچەندە سەرۆک بەر لەوەی بڕیار بدا ڕووبەڕووی چەند ناکۆکییەک دەبێتەوە.

لەگەڵ سەرەرۆییەکەمان بە چوونە ناو هەرێمێک کە نەخشەی نییە. هەمووو هەوڵەکانمان بۆ وەدەستهێنانی پشتگیریی ناوەخۆ بوو. لە نێوان ئادار و ئەیلولی ١٩٧٦ چوار جار چاوم بە سەرکردە ئەمریکیە ئەفریقیەکان کەوت کە ژمارەیان ٣٠ سەرکردە دەبوو.

لەم ئەرکەمدا وەزیری گواستنەوە ولیەم کولمان هاوکاریی کردم، ئەو پارێزەرێکی ئەمریکیە بە ڕەگەز ئەفریقی، ئەو کەسەکان و پێکهاتە و توێژەکانی بۆ دەست نیشان دەکردم سوودم لەو زانیاریانەی ئەو وەرگرت. لەم کۆبوونەوانەمدا ئاما د. لیون سولیفان کە ڕابەرێکی کار بوو لە کۆمپانیایەکی ئەمریکی بۆ دانانی بنکەی ئامانج بۆ چۆنییەتی دزکردنە ناو سیستەمی تایبەت بە ڕەگەزپەرستی لە باشووری ئەفریقیا. ئامۆژگاری زۆر پێشکەش کردین کە بوونە پردی پەیوەندی لە گەڵ دانیشتوانە ئەمریکیە ئەفریقیەکان.

کۆبوونەوەکە چونکە یەکەمین کۆبوونەوە بوو سەرکردە ئەمریکیە ئەفریقیەکان بەشدار بن، کۆبوونەوەیەکی سۆزپەروەری بوو. تەنانەت ڕەخنە گرێکی مێژین ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هاوکاری و پشتگیری کرد ئەویش باوکە جیس جاکسۆن بوو:

ئێمە ستایشی ڕەزامەندیتان دەکەین لەسەر ڕیزلێنانمان، هیچ وەزیرێکی دەرەوەی دیکە ئەم ڕەزامەندیەی نەداوەتە ئەمریکیە ڕەشپێستەکان. ئێمە پشتگیری لەو سیاسەتە ئەفریقیە دەکەین کە ئێوە دەستتان پێی کردووە، لەسەر ئەم بنەمایە، هەمووو پشتگیریەکی ئێمەتان پێدەگا، وەزیری دەرەوەکانی دیکە ئەمەیان پێنەدەداین کە تۆ پێت داین.

هەرچەندە بۆچوونی جیاجیا هەبوون لەسەر تەکتیک بەڵام کرێکارە ئەمریکیە ئەفریقیەکان پشتیگریان لە ستراتیژیەتی گشتیمان دەکرد.

کۆنگرێس سەلماندی کە کەمتر ئەمەی قبوڵە، لە ١٨ی ئادار چاوم کەوت بە شەش لە ئەندامانی لیژنەی دەرەوە لە ئەنجومەنی پیران، زۆربەیان لایەنگری لیبرالیزم بوون، کە پێمان وابوو هەمووو سەرئێشەکانمان لەوانەوە بۆدی، ئەگەر بە ڕووی هەر جوڵەیەکی دیکەی سوپای کوبی بووەستابایینەوە، دەنگیان لێوە نەدەهات.

بەرنامەکەمان ئەوە نەبووو هەموو قورسایی ئەمریکا بخەینە سەر حوکمی زۆرینە لە ئەفریقیای باشوور و کار بۆ ئەنجام دانی خۆخزاندنە ناو ڕۆدیسیا و نامیبیا بکەین لەو هاویندا، گوتم ئەگەر کوبا ڕۆدیسیای داگیر کرد بەڵکو ئێمە لە ڕۆدیسیا هیچ نەکەین، دەبێ خۆمان بۆ کردەیەکی سەربازی ئامادە بکەین دژی سوپای کوبی.

سیناتۆر کلارک کە خاوەنی هەموارەکە بوو ڕێگە نادا بەرەنگاری سوپای کوبی ببینەوە، ئەو لەگەڵ ستراتیژمان کۆک بوو، بەڵام لەوە ناکۆک بوو کە پێی وابوو ڕۆدیسیا ئەو جێگا گونجاوە نییە ئەمەی لێ ڕووبدا، چونکە ئەوە وامان لێدەکا لەگەڵ حکومەتی کەمینە بە سەرۆکایەتی ئەیان سمیث هاوپەیمانی ببەستین.

لەبەرئەم هۆکارانە ڕێگریی لە هاوکاریەکانی ئەمریکی کرد بۆ حوکمی زۆرینە.

دوای ئەوە همفری بۆچوونەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی پیرانی بەم شێوە باس لێوەکرد:

گەلی ئەمریکی پەیوەندیی بە کوباوە هەیە، بایەخەکانی زیاتر لەسەر نیوەی ڕۆژئاوای دونیایە، شەپۆلێکی تورەییش لە وڵات لەسەر کارەکانی کوبا لە ئەفریقیا هەیە، پێم وایە هەر هەنگاوێک لەم نیوەی ڕۆژئاوای دونیا بکەین گەڵ پشتگیریی لێدەکا، پێمان وایە دەستوەردانیش لە ئەفریقیا پرسێکی دۆڕاوە.

ئەم چەند هەفتەیەم بەوە بردەسەر بۆچوونی سیاسەتی لیژنەکانمان بۆ کۆنگریس کورت کەمەوە و وەڵامەکانیش وەرگرمەوە:

ئارەزوو لە سیاسەتێکی کاراتر بۆ بایەخدان لە دەستێوەردانی کوبی. دوورکەوتنەوە لە بەرگری لەرێگەی هێزەوە. بەم شێوە ئەفریقیای باشوور بۆ جاری دووەم کەوتە حالەتی بوژانەوەی بە دابەشبوونی نیشتمانی. لیبرالیستەکان بەدوای حالەتی (نیرڤانا) (پالکەوتنێکی دڵخۆش)دا دەگەڕان، ئەمەشم بە سیناتۆر همفری وت، لەوەتەی سۆڤیەت و کوبیەکان جلەوی کارەکانیان گرتۆتە دەست لەو شوێنانە هیرش ناکەن کە بۆ ئێمە گونجاوو باشە. پارێزگارەکانیش لەو گوتارەی لە ٢٢ی ئادار لە دالاس دام بۆم دەرکەوت کە بانگخوازی (باڵادەستی ستراتیژیەت وپیادەکردنی پاشەکشێی هەرێمایەتی) دەکەن..بەڵام پارێزگارە نوێکان زیاتر بایەخیان بە توند کردنی هێرشی

ئایدیۆلۆژی بۆ سەر فۆرد و یاوەرانی دەدا لەوەی بایەخ بە ململانێی دژی کۆمۆنیستەکان بدەن.

کاتەکان گرنگ بوون، هێرش و ململانێی چەکدارانی ڕۆدیسیا لە مۆزەمبیق و زامبیاوە دەستی پێکردبوو، (CIA) پێشبینی دەستوەردانی سەربازیی کوبیی دەکرد، واتە شەرێکی ڕەگەزپەرستیی بەربلاو لە دەرەوەی دەسەڵاتەکان دەستی پێکرد، ئەم شەڕەش لەسەر لێواری ئەوەدا بوو باشووری ئەفریقیاش بگرێتەوە. لەم حالەتە ڕۆڵی کوبا و یەکێتی سۆڤیەت لە هاوکاری بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان کاراتر و بەرز دەبێ، هەرکاتەی هێزەکانی کوبیش بگەڕێنەوە ولاتی خۆیان دەبنە سەرچاوەی ئاژاوە و ناکۆکیی لە کشوەری ئەمریکای لاتین و دەوروبەری، هەروەکو سەرۆکی فەنزویلا و کۆلۆمبیا ئاماژەیان پێیدابوو.

کەس سیاسەتی ئەفریقیی پێ سەیر نەبووو، لە ناو کۆنگرێس و حکومەتی خۆمان باسمان لە حوکمی زۆرینە بۆ ئەفریقیای باشوور کردووە، هەروەها لەگەڵ سەرکردە بێگانەکانیش لەسەری دواوین، نیازی خۆمانمان دەرخستوە لە پاراستنی مافی کەمینە لە حکومەتی داهاتوی زۆرینە.

هەرچەندە سەرۆک لەسەر هەلمەتی هەڵبژاردن قسەی لەگەڵ نەکردوم بەڵام من تاقە کەس بووم کە پرسی باجی سیاسیی هەوڵەکانمان خستبووە ڕوو لە کۆبوونەوەی کۆشکی سپی لە ١٢ی نیسان، کاردانەوەی فۆرد ئەوکات هاندانم بوو بۆ کارکردن بەم ئاڕاستە بەو مەرجەی زۆر تەکتیکی بم:

کیسنجەر: من دەچمە ئەفریقیا تا هەڵوێستێکی زۆر توند لە بەرژەوەندی ڕەش پێستەکان وەرگرم بۆ ئەفریقیای باشوور.

فۆرد: سەبارەت بە خۆم زۆر تەواوە.

کیسنجەر: بەو هۆیەوە، باشووری ئەفریقیا هەندێک لە ئاگری هاونەکانت تێدەگا. منیش پشتگیری لە هەڵوەشاندنەوەی هەمواری بیرد دەکەم ( کە ترێی سۆڤیەتی لەو قەدەغە وەدەر دێنێ کە نەتەوە یەکگرتووەکان خستبووەیە سەری)

فـۆرد: ئەمە هەڵوێسـتمانە، بەڵام دەبـێ ئەوەی لە شـوێن دابنـێن کە شـایەنییەتی نەک تەنها هەمواری یاسا بە یاسایەکی دیکە.

ئەوەی مایەی شۆکە، تا دوای هەڵبژاردنیش فۆرد بۆچوونەکـانی خـۆی نەگـۆڕی. بە قەزاوقەدەر دەبێتە سەرۆک، هەوڵیدا تا لە ئاسـتی بەرپرسـیارێتی سـەرۆکدا بـێ، ئەو مافی خۆی بوو بەرژەوەنـدیە گشـتیەکان بکـاتە بەرژەوەنـدیی لاوەکـی لە پێنـا ودووبـارە دەرچوونی لە هەڵبژاردنەکان، بەڵام سیاسەتی نوێ ئەم جۆرە هەڵوێستانە ڕیسوا دەکا.



جیمس کالاهان

٣٠

## یەکەم سەردان بۆ ئەفریقیا

ئامانجی بنەڕەتی لە یەکەم سەردانم بۆ ئەفریقیا، خوێندنەوەی گوتارێک بوو لە لۆساکا، زامبیا، کە ئەمریکا لە پشتی حوکمی زۆرینە لە ئەفریقیای باشوور دەزانی. من تەنها ڕاگەیاندنی بڕواکانم پێشکەش نەدەکرد، بەڵکو بەرنامەی جێبەجێکردنیش بوو، هەماهەنگی لە نێوان دەوڵەتانی بەرەنگاری بەتایبەت تەنزانیا و زامبیا، مەرجێکی سەرەکی بوو بۆ ئەو سەربەخۆییەی مافی کەمینەی ئەوروپی دەپاریزێ. دەبووایە پشتگیری ڕێکخراوی یەکیتی ئەفریقیش بکەین لەم میانە بۆ ئەوەی پرۆسەکە لە فشاری دەوڵەتانی ئەفریقی دوورخاتەوە، بۆیە ژمارەیەک لەو دەوڵەتانەی بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی قسەدەکەن بەشداریم پێیان کرد، بە دروستیش تەنزانیا و کینیا و زامبیا و زائیر و لیبیریا و سەنگال.

## ئەنتۆنی کرۆسلاندوورۆلی بەریتانیا

گەشتەکە لە ٢٤ی نیسانی ١٩٧٦ لە بەریتانیا دەستیپێکرد کە پشتمان بە شارەزایی ئەو دەبەست بۆ گواستنەوەی هێمنانەی دەسەڵات لە کەمینەوە بۆ زۆرینە لە ڕۆدیسیا، چونکە هیچ دەوڵەتێک بە فەرمی دانی بە دەسەڵاتی ئەیان سمیث لە ڕۆدیسیا نەنابوو بۆیە بەریتانیا وەکوحاکمی شەرعی دەناسرا، بەو هۆیەوە ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بێ دەبێ ئەو سەرپەرشتی پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵات بکا لە کەمینەوە بۆ زۆرینە.

هارۆلد ویلسۆنی سەرۆک وەزیرانی بەریتانی لە کت و پڕ دەستی لەکار کێشـابۆوە بێ هیچ ڕونکردنەوە، ئێستا وەزیری دەرەوەیەکی نوێ لە چاوەڕوانمانە، جـیمس کالاهـان




هاتە شوێن ویلسۆن لە دوانینگ ستریت ١٠، ئەنتۆنی کرۆسلان دەبێتە وەزیـری دەرەوە، ئـێمە کالاهانمـان دەناسـی و شـارەزای ببـووین بەڵام کرۆسـلاند زانیـاری و شـارەزاییمان لەسەری نییە.

تونی کرۆسلاند یەکێک بوو لە بیرمەنـدانی بنەڕەتیـی حزبـی کرێکـاران. هـەمووو بایەخەکانی لەسەر پرسی ناوەخۆ و ئـابووری چـڕ کردبـۆوە. لەسـەر سـەرۆکایەتی حـزب لەگەڵ کالاهـان و دویـنس هیلـی لە پێشـبڕرکێدا بـوون. بەڵام بە ڕاوێژکـاری گەنجیـنە مـایەوە. هەڵوێسـتی کروسـلاند لەسـەر کالاهـان جیـاوازیی نـەبوو لەگەڵ هەڵوێسـتی ستیفنسون لەسەرجون کینیدی، لەوە نەدەگەیشت بۆچی حزب پیاوی سیاسـەتی پـێ لە پیاوی بیرمەند باشترە، دڵخۆش نەبووو بە پێسپاردنی هەر پۆسـتێک لەلایەن کالاهـانەوە جگە لە پۆستی سەرۆک وەزیران نەبی، واتە پۆستی ڕاوێژکاری گەنجینە.

مـن گومـانم لەوەدایە کالاهـان لە ڕووبـەڕوو بـوونەوەی دوو بیرمەنـدی بە توانـای درەوشاوەدا کە سوربوون لەسەر بۆچوونەکانیان. دۆخـی کرۆسـلاند بـۆ ئەو نـاوازە بـوو، واتە وەزیری دەرەوە بوو، هیلی کە بە ڕاستی ئارەزوی لە سیاسەتی دەرەوە بوو لە نێـو وەزارەتـی گەنجینەیـدا هێشـتەوە، بـۆئەوەی هـەمووو هـەوڵەکانیان ببـڕێ کە بـۆ سنوربەزاندنی دەرەوە دەیدەن.

دەرکەوت ئەم ڕێگایە گونجاوە بـۆ مـامەڵەکردن لەگەڵ دوو لە ڕکـابەرانی، هیلـی درێژەی بە خۆبەستنەوە بە وەزارەتی گەنجینە دا، کەچـی ئاشـکرا بـوو کرۆسـلاند کە لە وەزارەتەکەی بێـزار و خـۆدوورخەرە، چونکـە ئەو هـەڵگری تاوانـایکی بەرز بـوو، کەچـی دوای چەند هەفتەیەک لەگەڵ کارەکەی لە وەزارەتی گەنجینە ڕادێـت و تـام لە کـارەکەی دەکـات، ئەمەش دەبێـتە مـایەی لە بیرکـردنەوەی خەمـی سـەرنەکەوتنی لە هـەڵبژاردنی سەرۆکایەتی حزب.

لەگەڵ ئەوەیدا کە لەسەرەتا بێسەروبەری کرۆسلان دیار و ئاشکرا بوو بە هاوشان لەگەڵ ڕەفتـارە نارێکەکـانی کە ببـووە منـدالێکی دبلۆماتکـاری بێـزار، ئەمەی پـێ نەدەشـاردراوە کە سیسـتەمی دبلۆماسـییەتی نێـودەوڵەتی بێـزاری دەکـرد. یەکێـک لە بێزارکەرە هەرە ئەتەکێتە دبلۆماسییەتەکانی نێـودەوڵەتی ئەوەبـو کە لە کۆبوونەوەکـانی نیودەوڵەتیی دبلۆماسیدا دەبووایە ئەندامانی بەشداربوو ژمارەیان کەم بـن، کاتەکەشـیان دیار و کورت دەبوو هەرکاتەی کۆبوونەوەکان درێژەیان بکێشابا، هۆکارەکـانی ڕاگەیانـدن بە شکستخواردویان دەدایە ناسین، کرۆسـلان ئەو سـەبرەی نـەبووو هەرکـاتەی خشـتەی کارەکانی کۆبوونەوەکە تەواو دەبوون ئەو کۆبوونەوەکەی جێ دەهێشـت، بەهـۆی ئەوەوە دانیشـتنە نافەرمیەکـانی دوای کۆبـوونەوەکە بە دانیشـتنی پشـوو دەناسـران کە زۆر لە پرسەکان باسیان لیوە دەکرا و گرێکوێریان بۆ دەدۆزرایەوە ئەم جۆرە دانیشتنانە بەهۆی ئەوەوە کۆتاییان پێدەهات و ئاشبەتالیان لێ دەکرا.

ئەم ڕەفتارە وشکەی کرۆسلاند بەردەوام دەبێ تا ئەوکاتەی لەلایەن هاوڕێکانی لە ئەنجومەنی باکوری ئەتلەسی پێشـوازیەکی گەرمـی لێـدەکرێ لە ئەنجـامی ئەو ڕاپـۆرتەی لەســەر ســەردانی پەکـین پێشــکەش کردبـوو. ئەم ڕاپــۆرتەی بەسـتەلەکی توانـدەوە،

هەماهەنگی لەسەر ئەفریقیا دەرفەتێکی باشی بۆ ڕەخسا، من و کرۆسلاند لەسەر بابەتی ڕۆدیسیا بەیەکەوە کارمان کرد، بەراستی وەکو یەک تیم کارمان دەکرد.

من سوودی زۆرم لە تواناکانی کرۆسلاند وەرگرت بەتایبەتی لە شیکاریەکانی، کرۆسلاند داهێنانێکی دانابوو یاریی لایەنەکان بوو هەرلایەو بەپێی خاڵ کاری دەکرد، ئەگەر لایەنیک هەلەی بکردبا لایەنەکەی دیکە خاڵی بۆ زیاد دەکرا، هەرچەندە ئەو داهێنانی یاریەکەی دانابوو بەڵام من نهێنییەکەم ئاشکرا کرد بۆیە هەمووو جارێک من براوە بووم.

بەنمونە. بەهای خاڵەکانم ٨٠٠ بوو، کاتێک لە داوەتی خوانی شیوان لە کۆشکی سپی کە بۆ شاژن ئەلیزابیث ڕێکخرابوو لە ٧ی تەموزی ١٩٧٦ لە میر فیلیپم پرسیم هاوسەرەکەت لە کام هەرێمی ئەڵمانیایە. بەڵام کە کرۆسلاند لە خوانی شیوان بە جلی خاڵ سپیی لە شەوگوزەری نیمچە فەرمی دەردەکەوێ، تەنها ٢٠٠ خاڵ دەبەمەوە.


لە ئامادەکاریم بۆ جێهێشتنی دیمەنی سیاسی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکیی چاوەڕوانکراو. کروسلاند ساڵی ١٩٧٦ی بە ساڵی فێربوونی لە سیاسەتی دەرەوە دەزانێ، هەرکە لە نوسینگەی کۆشکی سپی دەردەچم ئەو وەکو هێزێکی سەرەکیی داڕێژەری سیاسەتی دەرەوەی ئەتلەسی دەردەکەوێ. بەداخەوە دوای چەند هەفتەیەک لە دەرچوونم لە وەزارەتی دەرەوە کرۆسلاند بەهۆکاری نەخۆشی وەستانی مێشک دەکەوێتە خوارەوە، بۆ من زیانێکی مەزن بوو، من دۆستێکی مەزنم لەدەست دا هەروەها بەریتانیاش، سەرکردەیەکی سیاسیی بەتوانای لەدەستدا.

ئەم دیمەنانە هەمووو دوای ئەو ڕۆژە دێ کە بۆ یەکەمین جار کرۆسلاندم بینی لە بەرەبەیانی ٢٤ی نیسان لە ویستگەی هێزەکانی ئاسمانیی پادشایەتی لە وادینگتونی باکوری لە ئینگلتەرا، نزیک لە جەماوەری لایەنگرانی لە گریمسبی. بۆیە ئەم شوێنەی هەڵبژارد تا خۆی لە ڕەخنە دوورخاتەوە کە ڕووبەڕووی پێشینەی ببۆوە، واتە من دەتوانم بانگێشی کالاهان بکەم بۆ کۆبوونەوە لە فرۆکەخانەی هیترۆ بۆ ماوەیەکی کاتی لە نیشتنەوەی فرۆکەکەم بۆ وەرگرتنی وزەی بەنزین و چەند کاتژمێرێک بەیەکەوە دانیشین، بەم شێوە بەرێوەبەری هەمیشەیی نوسینگەی دەرەوە و سکرتێری یاریدەدەری

بەرپــرس لە کاروبــاری ئــەفریقیا لەگەڵــی بەشــدار دەبــن، کرۆســلاند دەســتی بە کــارە پێسپێردراوی دەکا، هەردەبێ قۆناغی داهاتوو ڕۆڵی جێبەجێکردنی ئاسـایی بەریتانیـا لە فەرماندایەتی کردنی ئەفریقیای باشوور ڕادەست ئەمریکا بکرێ.

ئامۆژگاری بەریتانیا بۆ من ئەوەبو خۆم لە لایەنی توندگوتیژی لە جەنگی سـارد دوور خەمەوە بەقەدەر ئەوەی پەیوەنـــــدیی بە کـــــارەکەمەوە هەیە، چونکــــــە لای سەرکردەکانی ئەفریقی تەنها پرسی ئەفریقی گرنگە، بیانوی کرۆسلاند ئەوەبو کە دەکرێ جەنگـی سـارد بـۆ نـاحەزانی ئـەفریقیمان سـوودی هەبـێ. ئەگەر هەر سـوودێکی هەبـی ئەوەیە کە بێزارمان کا لە بەرانبەر سۆڤیەت، دەستپێشـخەریی کالاهـان بـۆ کرۆسـلاند لە ٢٢ی ئادار لەسەر حوکمی زۆرینە لە ڕۆدیسیا، ئەیان سمیث ڕەتی دەکردەوە، بە گـوتەی ئەو چونکـە لە پێشـنیارەکە ڕەچـاوی بەرژەوەنـدیەکانی کەمیـنەی ئەوروپـی نەکـراوە، کێشەکەی لەوەدا دەبێنی کە بەریتانیا ئەو توانایەی نییە هاوسـەنگی لە نێوان سـوود و زیــانە بنەڕەتیەکــان بپــارێزێ، ئەگەر گەشــتەکەم ئەو ســوودەی هەبــی ئەیــان ســمیث بگەیەنمە ئەو بڕوایە ئەو چارەسەریەی حوکمی زۆریـنەی پـێ بـاش بـی، دەبـێ هەنـدێک گرەنتی بۆ هاوڵاتیە ئەوروپیەکان بخەینە نێو ئەو پرۆژە، من بە کرۆسـلاندم ڕاگەیانـد کە ئومێـدمان وابـوو بەریتانیـا ڕەشنووسـێکی بەڵگـەنامە دەسـتوریەکانی گونجـاو دابنـێ و سەرپەرشتی دوایین ئەنجومەنی دامەزرێنەر بکا.

## جومو کنیاتا: گڕکانی دامرکاو




بۆیە کینیامـان دەسـت نیشـان کـرد وەکـو یەکەم وێسـتگەی ئـەفریقیمان چونکـە ئەوکات کینیا ببووە نمونەی پـێکەوە ژیـان و حـوکمی زۆریـنەبە مسۆگەر کردنـی مـافی کەمینەی سپی پێسـت. (بەڵام لەوکـاتەوە سیاسـەتەکانی نـاوەخۆی کینیـا پەیتـا پەیتـا بەرەو سـەرکوتکردن دەچـووو، هەرچەنـدە قوربانییـە سـەرەکیەکە نـاحەزانی سـەرۆکە بەزۆرەکە بوو) ئومێدمان لە سەرۆکی کینیای داسـتانی (جومو کینیاتـا) ئەوەبـوو لە نێـو ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقی پشتگیری سیاسەتمان بکا.

کۆبوونەوەمـان لەگەڵ کنیاتـا لە بارەگـای گونـدانیی بـوو لە نـاکورو، ئەو زۆر بەکەمی دەچووە نـایرۆبی، دەبووایـە ئـێمە بە فرۆکەیەکـی بچـوک بچیـنە ئەوێ، مـن ئەم

جۆرە تەیارەم حەز لێ نەبووو کاتێکیش لە ئاسمان فرۆکەکەمان خولێکی لێدا بۆ دەرباز بوون لە ڕەوە باڵندەیەک من زیاتر ترسم لێنیشت.

کاتێک کنیاتا لە کۆشکە سپیە نەخشێندراوەکەی پێشوازیی لی کردین، ئەو کۆشکە بە نەخش و نیگار و پەیکەر ڕازیندرابۆە، کنیاتا زۆربەی کاتەکانی ژیانی لەدەرەوە بەسەر بردبوو، لە سیەکان لە ئینگلتەرای دەخوێند، دواتر دوو ساڵ لە مۆسکۆی خوێندوە، تا بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەنترۆپلۆجیا لە کۆلیژی لەندەنی ئابووری وەردەگرێ. لە ١٩٤٦ لە گەڕانەوەیدا کنیاتا دەبێتە چالاکوان لە بواری سیاسەتی ڕزگاریخوازی، دواتر لە ١٩٥٣ تا ١٩٦١ پارتیزانی ماوماوی دامەزراند، بەریتانیا زیندانیی دەکا بە هاوشێوەی زۆربەی هاوڕێکانی لە سەرکردەکانی پارتیزان.

قورس بوو بڕوا بکەین ئەو کنیاتەی بینیمان بە جلی دوو پارچە و سەرپۆشێکی پادشایانە ئەو کنیاتەی لەندەنی بێ: بە دروشمی نیشتمانیی کینی دەنگی کردەوە (هارامبی) واتە با بەیەکەوە کار بکەین.

روون و ئاشکرا بوو کە کنیاتا لە حالەتی ئاشتی دایە لەگەڵ خود. بڕیاری دابوو لەگەڵ ئامانجەکانی پێشوی لە خەبات و شەڕی پارتیزان کە گەلێک جار بە دڕندەیی بو، بە هەماهەنگی بژی. چۆن دوای بیست ساڵ دەرکەوت نیلسۆن ماندیلا کەسێکی گرنگ بوو، ئەمەش ئەو گفتوگۆیە بوو کە لە نێوانما ڕوویدا لەسەر هەڵوێستەکانی کنیاتا:

کیسنجەر: سەلماندت کە تۆ هەڵگری گیانێکی ئاشتەوایی و مرۆڤایەتییت.

کنیاتا: من ڕقم لەوەبوو ببمە کۆیلە، ویستم بە ئازادی بژیم، ڕقم لە بەریتانیا نەبووە.

کیسنجەر: تۆ ئێستا بە بەریتانیا سەرسامی؟

کنیاتا: هەندێک گوتیان کنیاتا سەریان دەبڕی. بەڵام من ئەوەم نەدەویست من دەمەوێ بە ئازادی بژیم.

هەرکە چوینە نێو کرۆکی بابەتەکان دەرکەوت کنیاتا لەوتەمەندا گەیشتۆتە ئەوپەڕی ئومێدەکانی، کێشەی ئەفریقیای باشووریش تەنها بۆ سومبولی لای ئە گرنگە، بەم شێوە کاتێک کورتەی وتارەکەمم بۆ خوێندەوە لەسەر حوکمی زۆرینە کە لە لۆساکا


دەیخوێنمەوە، وەڵامێکی ناخۆشی دایەوە، دوای ئەوە هیچ گفتوگۆیەک نەکرا، جگە لەمە هەروەکو لە یاداشتەکەی بەرزم کردبۆوە باسم کردووە: کنیاتا ڕێگەی بە وەزیری دەرەوە (مونویا) نەدەدا لەسەر پرسی ئەفریقیای باشوور بدوێ.

هەلسوکەگوتەکانی کنیاتا لە بەشداریکردنی هاوکاری ئەفریقی لە سنوری پشتگیری مۆرالی ڕەتی نەکرد بۆ بزتنەوە ڕزگاریخوازەکان، چونکە جەنگی خۆی بەبێ پشتگیری دەرەکی بەرێکرد، پێی وابو ئەوەی بەدەستی هێناوە بۆ کەسایەتی و مەزنی خۆی بەس بوو، بەم شێوە کنیاتا لەلای خۆیەوە گرنگ ئەوەبو ئەوەی بەدەستی هێناو بیپارێزی، بۆیە پێی وابو ناکۆکیی و ململانیکانی ئەفریقیای باشوور پەیوەندیی بەوەوە نییە. پێی وابوو مەترسیە مەزنەکە لە دراوسێکانییەوە بۆی دێ کە سۆڤیەت پڕچەکی کردون، بەنمونە سۆمال. هاوکاریە ئابووری و سەربازیەکانی ئەمریکا لای کنیاتا لە گرنگیە سەرەکیەکان بوو. لە ڕابردوو بە شتێکی ناشیرن ئەمریکام دەبێنی، ئەمە گوتەی کنیاتا بوو. بەڵام کاتێک شارەزاییم لەگەڵ وڵاتەکەتان پەیدا کرد ڕیزی زۆرم بۆتان هەبوو لە پای ئەو خزمەتەی بۆ گەلەکەتان دەیکەن، کینییەکی زۆر لە ئەمریکا دەژین لە گەڕانەوەیاندا ڕاپۆرتی باش لەسەر وڵاتەکەتان دەنوسن ئەوان حەز ناکەن بگەڕێنەوە کینیا ئەوێیان پێ خۆشترە، گومان لەوەدا نییە کە کنیاتا پشتگیری لە سیاسەتمان دەکا لە سەر ئەفریقیای باشوور.

هەرکە گفتوگۆکان کەوتنە سەر پرسی هاوکاریەکانی ئابووری و سەربازیی ئەمریکا بۆ کینیا، لە سیمای کنیاتا دەرکەوت کە سەبری نەما، کاتێکیش باسەکان دەچنە نیو هۆلەکە لەدواوە دەنگێک بەرز دەبێتەوە دەهۆلێکی ناخۆش لێدەدا، ئیتر کنیاتا کۆتایی بە کۆبوونەوەکە دێنێ بە بیانوی ئەوەی زۆر وتن سوودی نییە، چونکە لەمەودوا هیچ کینییەک زاتی ئەوە ناکا ئەم پرسە لە سەرۆکی بپرسێتەوە و لێی ببیستێ، بۆیە ئەم لاپەرە نوشتایەوە و گفتوگۆکان هەرەسیان هێنا. دەبێ کنیاتا وا بیری کردبێتەوە کە ئێستا کاتی ئەوە هاتوە کە لەسەرەتای کۆبوونەوەکە پەیمانی پێدرابوو، یەکێک لێێ پرسیم ئاخۆ ڕازین دوای ئەوە کەسانێک بێن سەماتان بۆ بکەن؟

لەگەڵ كنیاتا چوینە گۆڕەپـانێكی نـیمچە بـازنەیی. سـێلایەنی بە پەیـژەی كـراوە دەور درابوو. دواتر ئێمەی برد بەرەو دوو كورسیی لە شێوەی كورسـیی پادشـا دەچـوو، لەگەڵ پۆشاكە ڕەنگاورەنگە خێلەكیەكەی بە مـێش كـوژەكەی دەسـتی نـاوە نـاوە ڕاوی مێشێكی دەنا و هاواری دەكرد (هارامبی) سـەماكەرانیش لە سـەماكەیان بەردەوام بـوون كە ژمارەیان بەدەیان سەماكەر و هەزاران بینەر دەبوون، دواتـر كنیاتـا بەدەنگێكـی بەرز گوتاری خوێندەوە، داواشی لەمن كرد كە منیش گوتارێـك بخـوێنمەوە بەدەنگێكـی بەرز، بەڵام من ڕەتم كردەوە بە بیانوی ئەوەی لێم تێناگەن، كنیاتا گوتی هەندێك لە خێلەكان لەمنیش نـاگەن. دواتـر بینـیم كە هەنـدێك ژن بە سـەری تاشـراوی سـەما دەكەن دواتـر وشتری شەركەرەكانی ماسای دێن بە شمشێری بریقەداریـانەوە، هەسـتی ئەمـانەتم نەمـا دەمارەكانم هەڕەشەیان لەسەر بوو، دواجـار دەیـان منـداڵ بە جلـی ڕەنگـاو ڕەنـگەوە بە ئالآی نیشـتمانی كینییـەوە سـرود دەڵێـنەوە سرودی( دۆڵـی ڕوبـاری سـوور) بە زمـانی كەناری. دواتر كنیاتا سور دەبێ كە من و ئەو بەشـداریان لەگەڵـدا بكەیـن لەو سـەمایە، ئەو لە نیشتمانی خۆی بوو بۆیە بە كەیـف و سـەفا بـوو، بەڵام مـن خـۆم وەكـو فیلێـك لەگەڵ مامزان یاری بكا، دەهاتە بەر چاو .

# جۆلیۆس نیریری و تەنزانیا




بیرمەندی ناكۆك

دار ئەلسەلام، پایەتەختی تەنزانیا و ویستگەكانی دواترمان، ئەو دەرفەتەیان پێنەدابین وەكو ئەوەی لە نیرۆبی بۆمان ڕەخسا، ئەو شارە دەكەوێتە سەر لوتكەی چیایەك بەبەرزایی ٥٠٠٠ پێ، شاریكی نیمچە هاوچەرخی قەلەبالغە. بەڵام دار ئەلسەلامی سۆشیالیستی هەلكەوتو لە پێدەشتایی گەرمی هەژار نشین.

لە کینیا پشکەوتن لە ڕێگەی دۆستایەتی لەگەڵ ئەمریکا دەبێنرا، ئەو تیمەی لە فرۆکەخانە پێشوازیان لێکردین جێگری سەرۆکی وڵات و سێ وەزیری لەخۆ گرتبوو، بەڵام لە دار ئەلسەلام پایتەختی تەنزانیا کە پابەندی وڵاتانی بێلایەنە. جێگری وەزیری دەرەوەیان هاتە پێشوازیی تیمی ئەمریکی، لەگەڵ کۆمەڵێک لە خۆپیشاندەرانی بە خۆڵ داپۆشراو، ئەوانیش بە دروشمی جیهانی سێیەمی دژ بە ئەمریکا هوتافیان لێدەدا.

لەژێر کاریگەری بڕوابوونی بە سۆشیالیزم و دۆستە ڕادیکسلیستەکانییەوە لە جیهانی سێیەم، پابەندی ڕیزلێنان بوو. سەرۆکی تەنزانیا جۆلیۆس نیریری خۆی ئامادەکاریی بۆ پێشوازیەکی فەرمیی کەم گەرم کردبوو، بەهەر حال هۆکارەکان جیابوون لەگەڵ هۆکاری پێشوازیی گەرمی کینی. نیریری بڕوای بە سۆشیالیزم هەبوو، لە ناخی دڵەوە گومانی لە کۆمەلگا و نیازەکانی ئەمریکی هەبوو.

لەسەر سەکۆکانی نێودەوڵەتی گەلێک جار وەزیرەکانی تەنزانی هێرشیان دەکردە سەر ئەمریکا، ئێمە هیچ دۆستایەتیەکمان لەگەڵ نیریریدا نەبووو. بیرکردنەوەی لە بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ئێمە لەسەر بنەمای (شەرێکە و دەبێ بیکەین) بوو. لە کاتێکدا کنیاتا هاوکاریەکانی ئێمەی بۆ بەرەو پێش بردنی وڵاتەکەی بوو بەڵام نیریری بۆ مەبەستی خواستنی هێزەکانمان بوو. هەروەکو چەند مانگێک پێشتر ئەمەی لای من وتبوو. هاوکاریەکانی ئێمەی بۆ حوکمی زۆرینە و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتەکانی کەمینەی سپی پێست بوو . دواتر کنیاتا لە هەشتاکانی بوو دەیهەویست بەرهەمی خەباتی بچنێ، هەرچی نیریری لە تۆغیانی تەمەنیدا بوو، خۆی وا دەبێنی کە لە گەرمەی خەبات و تێکۆشاندایە، لە خۆیەوە بە گاڵتەجاری گوتی، کەمێک بەریتانییەکانمان تووشی دلەڕاوکێ کرد، بۆ نیریری ئەمریکا چەکێک بوو دەبێ بۆ خێراکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخواز بەکاری بێنی.

لە پێناو ئەمەدا ئەم پیاوە لەوپەڕی ئامادە باشیدا بوو بۆ پێدانی باج لە بەرانبەر کەم کردنەوەی توندڕەوی هاوڕێکانی و زیاتر دوورکەوتنەوە بە پێدانی هەندێک لە مافەکانی کەمینەی سپی پێست. بە ڕەتکردنەوەی زیاتریش تا ئاستی کۆتایی هێنان

بە بەشـداری کوبیەکـان لە ململانـێکە. بەڵام هـیچ یەک لەمـانە هۆشـیاری نیریریـی لە ئەمریکا و هزری ئابووریی نەگۆڕی:

نیریـری کەسـێکی زیـرەک و جـادوکەربوو ڕۆڵ و کـاریگەریی لەسـەر ئـەفریقیا بەقەدەر داهـاتی وڵاتەکەی نـەبووو، تەنزانیـا دەوڵەتێکـی بەرەنگـاری بـوو لە کێشـەی ڕۆدیسیا، لەتەک زامبیا و بوتسوانا و مۆزەمبیـق بـوو. چونکـە تەنزانیـا لە نێـو کێشـەی ڕۆدیسیا نقوم ببوو نیریـریش بە هـزر و بیرەکـانی هەژمـونی بەسـەر دۆخەکەدا زاڵ بـوو، بۆیە نیریری کلیلی چارەسەریەکان بوو.

وەکو ئەوەی تێگەیشتنی نیریری بەرژەوەندیی پێویسـت پێـک دێنـی، واتە لەگەڵ بەشـێک لە تێگەیشـتنەکانمان دێـتەوە. ئـێمە بـۆ حـوکمی زۆریـنە و کۆتـایی هێنـان بە دەسەڵاتی سۆڤیەتی وکوبی و فەراهەم کردنی هەندێک لە دەرفەتی گرەنتی بۆ کەمینـەی سپی پێست هەوڵ دەدەین. نیریری پێشـوازیی لە فشـاری هەڵوەشـاندنەوەی سیسـتەمی سپی پێستەکان دەکرد، بەڵام لەهەمان کات دەیویسـت ڕۆڵـی ئـێمەش لەدوای ئەوە کەم بێتە. ستراتیژیەتیشمان ئەوەبوو ئەگەر ئەم گەشتەمان سەرکەوتوو بوو، دواتر دانوسـتان لەگەڵ سپی پێستەکان بکەین، تێگەیشتنی نیریـری ئەوەبـوو دوای سـەرکەوتنی حـوکمی زۆرینە سپی پێستەکان بە قەرەبوکردنەوە بیاننێرنەوە وڵاتانی خۆیان لە ئەوروپا.

زۆر لەو ئەمریکیانەی بە نیریـری سەرسـام بـوون پێیـان وابـو نیریـری سیاسـەتی ئەمریکا و نەریتی لیبرالیزم جێبەجێ دەکـا. لەبەرەامـبەردا ڕەخنەگرانـی ئەمریکـا پێیـان وابوو قسەکەرێکی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزمە، لە ڕاستیشدا بۆچـوونی هەردوولامـان ڕاسـت نەبووو. نیریری لە پێکهاتەیەکی خۆی بوو ئەو پێکهاتەی تایبەتی لە لیبرالیستی ڕۆژئـاوا و ڕەفتاری سۆشیالیزم و خێڵەکیەکی ئەفریقی بوو. بەر لەهـەمووو شـتێک ئەو کـاری بـۆ ڕزگار بوونی کێشوەرەکەی دەکرد لە ژێر هزری ڕۆژئاوا. بە مسۆگەری بیرکردنەوەکانی لە دروسکراوەی خۆی بوون، من ئەم جـۆرە سـەرۆکانەم لە ئـەفریقیا دیـوە مـن بە مەرجـی خۆیان لەگەڵیان دادەنیشتم .

نیریری پیاوێکی بە جەستە لاواز بوو، لەیەکەم کۆبوونەوەماندا داوەتی بارەگای تایبەتیی کردم کە بارەگایەکی ئاسایی و خاکی بوو، دواتر دایک و باوک و هاوسەری و ژمارەیەک لە خانەوادەی پێ ناساندم.

بە شارەزایی لە زمانی ئنگلیزیی زۆرکەم. توانیی ببێتە شەرکەریکی تامەزرۆ. شانازیی بە ڕۆڵی بژاردەی خۆی دەکرد وەکو مامۆستای گەلەکەی. دیارە کە خەسڵەتی مامۆستایەتیش ئەوەیە لە خوێندکارەکانی زیاتر دەزانی. زۆرجار نیریری ئێمەی ئەمریکیەکانی دەخستە خانەی خویندکارەکانی، وەکو ئەوەی هەڵگری نامەی بانگخوازی حوکمڕانی تاک حزبیە. بە پێویستی نەدەزانی بۆ ئەمەی داوای بوردن بکا:

ئەوان لە نیوەی ڕۆژئاوای دونیا (ئەمریکای لاتین) دیموکراتخوازن.

دەبێ ئەوان بە نهێنی شتی دیکە بڵێین جیاواز لەوەی بە ئاشکرا دەیلێن، ئێمە بەو ئاست دیموکراسی نین بەڵام ئەوەی بە نهێنی دەیلێین بە ئاسکەراش دەیلێین.

ئەو دیموکراسیەی ئەو مەبەستی بوو، ڕزگار کردنی ئەفریقیەکان بوو لە ژێر حوکمی کەمینەی سپی پێستەکان. نەک دیموکراسیەتی فرەحزبی. یەکەم دانیشتن لە ژورێکی بچوکی خنکاو بەرێوە چوو. ماوەی ٧٥ خولەک گفتوگۆمان کرد هەریەکەشمان یەک یاریدەدەرمان لەگەڵدا بوو. نیریری دەرفەتی وەرگرت تا باس لە ڕێبازی کا:

نیریری: جەنابێ وەزیر، ئێمە سوپاس گوزارین کە ئەم دەرفەتەت پێدااین چاومان پێت بکەوێ، دانیشتنی دووەممان ئەمشەو دەبێ، بە فەرمی خۆم و هاوڕێکانم پێت دەڵێین بەخیر بێێت بۆ ئەو دەرفەتەی کێشەکانمان تێیدا باس بکەین کە ئێمە چەند کێشەیەکمان هەیە، ڕزگار کردنی کیشوەر، ئێوە ئاهەنگی سەد سالەی ڕزگاری کشوەرەکەتان دەگێڕن، کەچێ ئێمە تا ئێستاش لە ڕێگای ڕزگاریداین. ئێمە ئاهەنگی ١٤مین ساڵی ڕزگاربوونمان دەگێڕین (تەنزانیا-زنجبار) لە تشرینی یەکەم دەبێتە یادی پانزەهەم، کەوابێ کشوەر لە ڕێگەی ڕزگاربووندایە.

کێشەکە داگیرکاری کۆنە هەروەکو لە ڕۆدیسیا. یا لەگەڵ برادەرمان ( سەرۆک وەزیرانی باشووری ئەفریقیا) فورستەر، ڕەگەزپەرستە. ئەمە ژانەکەمانە، ئێمە دەمانەوێ لێی ڕزگار بین. بەڵام بەبێ هاوکاری یا لەیەکتێگەیشتن ئەمەمان بۆ ناکرێ، بۆ

کشوەرەکەمان ئەمە بەس نییە ئێمە پێویستیمان بەبوژانەوەی ئـابووریە، پـێم وایە ئـێمە لە تەنزانیا دونیای چوارەمین.

کیسنجەر : بیر لە چ هاوکاریەک دەکەیتەوە؟

نیریری:هاوکاری لە باشـووری ئـەفریقیاوە، ئێسـتا باسـی لێـوە دەکەیـن، شـتەکان دەگۆڕدرێن، ئەوە نین کە لە ١٩٧٥ پیویستیمان پێی بوو، ئێمە دەمـانەوێ فشـار بـخەنە سەر ڕژێمی ڕۆدیسیا. بەتایبەتی سەر فۆرسـتەر سـەبارەت بە نامیبیـا، دواتـر دەمـانەوێ گۆڕانکـاری لە باشـووری ئـەفریقیا ڕووبـدا ئـێمە نـاتوانین بەم شـێوە بـژین و باشـووری ئەفریقیاش بەم حالە بێ.

ئەوەی کە لە ئێوەمـان دەوی، دیـارە گەلـێکن بەڵام لە میـانی سـنوری کۆنـدا، بـەڵکو نەتـوانن چەکمـان بـدەنێ، بەڵام دەتـوانن چیمـان بـدەنێ؟ هیـوادارم وەڵامـی ئەم پرسیارەم بدەیتەوە نەک لە سنوری تواناکانتان بەڵکو لە سنوری سیستەمی یاساکانتان.

یەکێـک لە پێـوەرە زیرەکەکـانی نیریـری دیـاری کردنـی هاوکاریەکـان لە سـنوری سیاسەتەکانمان بوو نەک تواناکانمان.

وەڵامیم دایەوە، باسم لە ستراتیژیەتی پێشنیارکراوم کـردووە تـا بەدواداچـوون بـۆ هێلەکـان بکەیـن کە لە بەشـی حەوتەم کـورتم کـردۆتەوە. واتە ئـێمە پێویسـتیمان بە هاوکاری باشووری ئەفریقیایە، بـۆیە و چونکـە ئـێمە ئیـدانەی سیاسـەتی ڕەگەزپەرسـتی دەکەین بە ئاشـکراو نهێنـی، ئـێمە چارەسـەری کێشـەی باشـووری ئـەفریقیا لە کێشـەی نامیبیا و ڕۆدیسیا جیا دەکەینەوە، نیریری بە بیرکردنەوەوە وەڵامی دایەوە:

باشـووری ئـەفریقیا سـەختترە، منـیش وا بیـردەکەمەوە کە ئـەفریقیا مـاوەیەکی تەواوی بەخۆ نەداوە بۆ بیرکردنەوە، ئەفریقیا پرسی داگیرکەری دەزانـی چییـە. بەڵام بە تەواوەتی کێشـەی باشـووری ئـەفریقیا نـازانێ و هەرگیـز بەباشـی بیـری لە چارەسـەریی نەکـــردۆتەوە. بەڵام بە چاوپۆشـــین لە جیاوازیەکـــانی دۆخـــی باشـــووری ئـــەفریقیا و هەرچەندی چارەسەریەکە دوا بکەوێ دەبێ ئامانجەکە حوکمی زۆرینە بی.

هەندێکیان دەڵێن کێشەکە لە هی ڕۆدیسیا ناچی، من دەلێم پێی دەچێ، بـەڵکو سمیث بە فۆرستەر دەڵێ: بۆ بەختی خۆت تۆ لە ١٩٠٥ سەربەخۆییت ڕاگەیاند، ئـێمە لە

١٩٦٥.  سەربەخۆیی ئێوە دانی پێدانرا بەڵام هی ئێمە نا، بەڵکو ئەمەی نەگوتبێ بەڵام بە دڵنیایی سمیث وا بیر دەکاتەوە بە فۆرستەر بڵێ.

لەگەڵ بیرکردنەوەماندا کە باشووری ئەفریقیا سەختترین گوێزە بۆ شکاندن، ئێمە تا ئێستاش دەڵێین ئامانج لە باشووری ئەفریقیا هەروەکو ئامانج لە ڕۆدیسیا وایە، ئەویش حوکمی زۆرینەیە.

بە نیریریم وت من لە لۆساکا گوتارێک دەخوێنمەوە پشتگیری لە حوکمی زۆرینە دەکا. لەگەڵ چەند بەرنامەیەک بۆ جێبەجێکردن، لەگەڵ ئەوەشدا هەماهەنگیمان مەرجدارە، بەوەی ڕێگە بە هێزەکانی کوبی و ڕاوێژکارەکانی سۆڤیەتی نەدرێ دەست بخەنە نێو خەباتی چەکداری دژ بە ڕۆدیسیا. مەرجێکی دیکە ئەوەیە یەکینەی تایبەت بە پارتیزانەکان دانەمەزرێت لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتانی بەرەنگاری لە هەرێمەکانی خۆیان. چونکە دەکرێ دواتر بەسەر دەسەڵاتی ناوەندی خۆیان هەلگەرێنەوە هەروەکو لە ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین لە لوبنان ڕوویدا. یا لەگەڵ ڤیتنامیە باکوریەکان لە ناوچە سنوریەکانی کەمبۆدیا ڕوویدا. نیریری وەڵامی دایەوە : نەیدەویست هیچ لە دەوڵەتە مەزنەکان لە ئەفریقیا تێوەگلێن لە ژێر هەر پاساوێک بێت گوتی:

چونکە کاتێک دەوڵەتێک لەمانە کاردەکا، ئەویدیکەش کار دەکا.  دواتر گفتوگۆی زۆری بۆ ڕۆژی داهاتوو دواخست، کە وەزیرە سەرەکیەکانیش بەشداری تێدا دەکەن. کۆبوونەوەکەی دیکە لە ٢٦ی نیسان بوو، لە یادی ١٢مینی دامەزراندنی تەنزانیای نمایش یاریگەیەکی کرد کە بەو بۆنەیە ئاهەنگی لێ دەگێڕدرا، واتە بە دروستی یەکیتی تەنجەنیقا لەگەڵ زنجبار. ئەمیش دوورگەیەکی نزیکی مێژینە پێشتر بنکەیەکی بازرگانیی داگیرکارە عەرەبەکان بووە  کە تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆری عەرەبی لێ جێنیشە. (دارسو) گومانی هەبوو ئەم دوورگە پابەندی بنەمای حوکمی زۆرینە بێ. بەڵام لەو بەیانییە گەرم و شێدارە وشەی یەکیتی بەسەر دانیشتنەکەدا زاڵ بوو.

مـن و نـایریری لە کۆشـکی سـەرۆکایەتیدا دانیشـتین، هەسـتم بە سـەرما و لەروودامان دەکرد لە نێو جلە شینەکانمدا، دانیشتنەکە جۆرێک بوو لە نمایشی کەسێکی تەنزانی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی کۆمۆنیزم ژیابێ. ڕۆیشتنی سەربازان لە سەر شێوازی مراوی نیشانەی ئەوەیە پێشتر بە پێلاوی بروسی ڕۆیشتون ئێستاش لە کاتی نمایش و مانۆردا بە پێلاوی نۆرمالەوەن بۆیە پێیانەوە دیارە، ئەوەتا ناوە ناوە پێلاوەکانیان لە پێکانیان ئەبنەوە و ئەفڕنە ئاسمان، دوای نمایشەکە نیریری ژمارەیەکی زۆری پێلاوی کۆکردەوە، دواتر بەو زمانە ئیگلیزیەی کە ئێوارەکەی بۆ ئێمەی باس دەکرد ئێستاش بۆ هاوڕێکان باسی دەکا و باس لە بایەخدانی دەکا بە پرسی ناوەخۆ و پرسی دەستێوەردانەکانی کوبی و سۆڤیەتی. دواتر گوتی کار بۆ کشانەوە دەکەین لە ئەنگۆلا چونکە بوونی هەرهێزێکی زەبەلاح لە ئەنگۆلا کاریکی نەشیاوو پێشوازی لێکراو نییە لە ئەفریقیای باشوور. لە ڕاستیدا نیریری بەقەدەر ئەوی لە چاوپۆشیکردنی هێزە مەزنەکان دەترسا لە ململانێیان نەدەترسا. دیارە کۆونەوەی لوتکەی ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقی کە لە کانونی دووەمی ١٩٧٦ بەسترا باس لەم پرسە کراوە.

لەسەر ئاستی فەرمی ئەوەبوو ئاخۆ بە فەرمی دان بە حکومەتی لاوندا دەنرێ کە کوبا و یەکیتی سۆڤیەت پشتگیریی دەکەن یان نا. ئەمەش دوای مانگێک لە هەمواری تونی کە هاوکاریەکانی ئەمریکا لە دۆستانی قەدەغە کرد، ئەنجامی دەنگدانەکەش کێشەی ٢٣ی لێ کەوتەوە کە ٢٣ دەنگ لە بەرژەوەندی ئەمریکا و ٢٣ دەنگیش لە بەرژەوەندی یەکێتی سۆڤیەت بوون، نیریری گوتی جا دەنگەکان بۆ ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت یەکسان بوون واتە کەس دەنگی بە ئەفریقیا نەداوە.

بە کورتی نیریری گوتی من گرەنتی و دڵنیایی بەو ئەوروپیانە دەدەم کە بڕیاری مانەوە دەدەن، هەروەها یارمەتی ئەوانەش دەدەم کە بڕیاری گەرانەوە و گواستنەوە دەدەن، بە دەربڕینی ڕاشکاوانەی کە پێی باشە بگەڕێنەوە نەک بمێننەوە. هەرکە سمیث ڕازی بوو بە حوکمی زۆرینە ئەویش بزوتنەوەی ڕزگاری ڕادەستی کۆنگرە دەکا و پشتگیری لە ئاگربەست دەکا.

کارێکی واش بکا کە ئەو هاوکاریانەی بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخواز دێن لە ڕێگەی دام و دەزگاکانی دەوڵەتانی بەرەنگاریەوە بێن نەک ڕاسەوخۆ بدرێنە دەست پارتیزانەکان و دوای ئەوەش ئاستی دەستێوەردانی دەرەکی کەم کاتەوە. وەکو ئاماژەی نیازپاکی نیریری ڕایگەیاند کە وەزیرانی دەوڵەتی بەرەنگاری لە نێویاندا موزەمبیق ئامادە بکا بۆ دانیشتن لەگەڵ من و گفتوگۆ لەسەر پرسەکان، ئەم دیدارەش لە دوای گەرانەوەم ئەنجام بدرێ واتە دوای دە ڕۆژ کاتێک لە نایرۆبی دەگەرێمەوە دوای گوتار خویندنم لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بازرگانی و بوژانەوە.


نیریری کلیلی دەوڵەتانی بەرەنگاری بوو هەروەها پردی بەستنەوەی میانڕەوان بوو بەنمونەی سەرۆکی زامبیا (کینیت کاواندا) و سەرۆکی بوتسوانا سیریتس لەلایەک و لەلایەکی تریش توندڕەوەکان لە نمونەی سامۆرا میشێل و ئوگستینو نیتو لە دوو کۆلۆنیالیی پۆرتوگالی (مۆزەمبیق و ئەنگۆلا).

منیش لە ڕاپۆرتەکەمدا بۆ فۆردم نوسی:

من وەهمم نییە، دلنیام لەوەی وەکو ئۆپۆزسیۆنێکی ئایدیۆلۆژی دەمێنێتەوە و لە داهاتووش چاودێری کارەکانمان دەکا. لەلایەکی دیکە بە مسۆگەری باشتر لە نیاز و مەبەستەکانمان دەگا و تێگەیشتنی بۆی هەیە، چاوەڕوانی دەرفەتێکی گونجاو دەکا بۆ هاوسەنگی، بە دڵنیایی زۆر زیرەکە چونکە چاوی لەو کارانەی ئەمریکایە کە لەبەرژەوەندی ئەواندایە، لایەنگرانی بەکار دێنێ بۆ پرسەکانی ئەفریقیای باشوور.

# کینیت کاوندا

## میانڕەوی تیوریست






سنورێکی درێژ و ئـابووریەکی بەیەکەوە نوسـاو هەردوو وڵاتـی زامبیـا و ڕۆدیسـیا بەیەک دەبەسـتێتەوە. لە ڕاستیشـدا بەر لە ڕزگـار بـوونی بە زامبیـا دەگـوترا ڕۆدیسـیای بـاکور. دەرکردنـی مـس لە بەرهەمە سـەرەکیەکانی زامبیـا بـوو. چونکـە تـاقە ڕێـگەی گەیاندنی ئەم بەرهەمە بە وڵاتی دراوسێیدا (رودیسیا) تێـدەپەری بـۆیە چاوی لێـی بـوو، هەرکاتەی ململانێ و کێشەی نێوانیان زیاد دەبوو، پارتیزان و چەکدارەکان ئەو ناوەیـان لە سوپا دەتەنی، وێڕای دڵنیاکردنەوەی نیریـری لە نیازپـاکی بەڵام نە ئەو نە کاونـدا لە تواناياندا نـەبووو کـۆنترۆڵی ئەو میوانـانە بـکەن، کە ئەگەری ئەوە هەبـوو لە داهـاتوو هێزەکانیان لە هێزەکانی سوپای زۆرەملێ و سوپای تەنزانی زیاتر بکا.

بەڵام کاونـدا حەزی لە هێزەکـانی بێگـانە نـەبووو کە دواتـر ڕۆبەرت مۆگـابی پێشرەوایەتیی کرد بۆ دەست گرتن بەسەر ڕۆدیسیا.

لەوە دەترسـان دەمـارگیریی لە زامبیـا کـار بکـاتە سـەر بەسـتنەوەی بە کۆمۆنیسـتەکانەوە کە لە ١٩٧٥ ەوە پەیوەنـدیی هەیە، هەر بەهـۆی ئەو فشـارانەی دراوسـێکانی لەگەڵیـدا بەکاریـان هێنـا، بەوە ڕازی بـوو ئاسـتی خەبـاتی چەکـداری بەرز کاتەوە، سەرەڕای زیرەکیان لە بینینی ڕۆڵی دەوڵەتـانی مەزن یەکیـان بەرانـبەر بەویتـر، کاوندا بەبەراورد لەگەڵ نیریری لە مامەڵە گەڵ ڕۆژئاوای پێخۆشتر بوو، بـۆ بەهێزکردنـی هەلوێتەکانی لە بەرانبەر دەوڵەتانی جیهانی سـێیەم دەبووایـە نـاوە نـاوە قسـەی زبـر بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵێ.

ئێمەش لەوە دەگەیشتین ئەو تەقینەوەی ناوە ناوەی تەنها هەوڵێک بوو بۆ بینینی ڕۆڵی فەرماندایەتی و هیچ  پەیوەندیەکی بە ناکۆکییە ئایدیۆلۆژیاکانەوە نییە.

کاوندای بەژن درێژ و تێـک چەقیـو، بە قـژی سـپی و چـاوە زەقەکـانی و خەنـدە هەمیشەییەکەیەوە، هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی بوو بەڵام ئاسـتی زانینـی بەرز بـوو، لە توانایدا نەبووو ڕکابەری لەگەڵ نیریریدا بکا لەسەر ڕەوانبێـژی و تێـر قسـەیی، ئەو تـاقە سەرکردەی ئەفریقی بوو کە دانوستانی لەگەڵ ئەیان سمیثی سەرۆک وەزیرانی باشـووری ئەفریقیا و دواتریش فۆرستەردا دەکرد.

بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر قەیرانـی ئـەفریقی، کاونـدا پشـتی بە ئەمریکـا بەسـتبوو، بەتایبەتیش بۆ ململانیی لەگەڵ جشوان کۆمـۆی نـاحەزی، کێشـەکە لەوەدابـوو بەرگریـی دەرەکی کە سەربە مۆگابی بوو زۆربەی چەکەکانیان بەدەستەوە بوو، بۆ جشـوان کۆبـوو ڕەگەزی خێلەکیی کێشەی بۆ دروسـت کردبـوو، ئەو لە ئەنـدەبێیلەوە هـاتبوو کە لقێکـی (زولو) بوو سـەربەو خـێلە بـوو کە سێ یەکـی ڕۆدیسـیا سـەربەو هـۆزەوە بـوون، بەڵام بەرگری دەرەکی لە خێلی ئەلشونا بوون کە بەسەر دۆخەکەدا زاڵ بوون.

ئەم ئاڵۆزیـانە بـۆ کاونـدا بـوونە کەرەسـتەی مـامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکـا بەو هۆیەوە ڕۆڵی کەسایەتیەکی داهێنەر دەگێڕێ، کاوندا دەیەویست کارەکان بگەیەنینـە ئەو ئاستەی خۆی مەبەستیەتی، لە ڕێگەی چەند نێـردەیەکیەوە پەیوەنـدیەکانی لەگەڵ ئـێمە

بەردەوام بوون. ئەویش مارک چوونا بوو، گرفتەکە ئەوەبوو ئەگەر نەخشە و بەرنامە پێشنیارکراوەکە دەوڵەتانی بەرەنگاری نەگەیەنێتە بڕواو متمانە، ئەوکات ئەگەری زۆر هەبوو کاوندا بەلای ڕای گشتیی ئەفریقیدا بشکێتەوە و ئێمە جێبێڵێ. ئەوەش باجی ئەو سەرەڕۆییەمانە کە مەبستمانە ئەنجامی بدەین بۆ میانڕەو کردنی کاواندا.

بەم هەمووو کێشانەوە کاوندا ئاڕاستەی کۆبوونەوەکانی ئێمەی بەرەو پرسە مەیدانییەکان برد، لەو پرسانە چۆنییەتی ئاڕاستە کردنی فشارەکان بۆ سەر ڕۆدیسیا و مسۆگەر کردنی پشتگیری کردنی فۆرستەر، دەرکەوت زۆربەی ئەو پێشنیارانەی کاوندا پێشکەشی کردن من لە گوتارەکەمدا ئاماژەم پێیان دابوو. ئەو لە نیریری کەمتر ڕق و کینەی لە کەمینەکانی ئەوروپیە :

هیچ ڕۆژێک سەرکردەیەکی ئەفریقی نەیوتوە بەدوای کەسێکدا دەچینەوە، ئێمە هەموومان ئەفریقین، سپی پێستەکانیش لە باشووری ئەفریقیا مافی ژیانیان هەیە، بەڵام پرسی ئەفریقیای باشوور پرسی مان و نەمانە، سەبارەت بە ئێوەش جەنابی وەزیر، ئەوەی پەیوەندیی بە بڕیارەکەتەوە هەیە، چی دەتانەوێ بیکەن تا ژیان بۆ هەموان مانایەکی دیکەی هەبێ، وا پێدەچێ هاتنتان بۆ ئێرە مەبەستتانە چارەسەریەک بۆ کێشەی ئەفریقیای باشوور بدۆزنەوە.

یەکێک لە بایەخەکانی کاوندا ئەوەبوو من لەگەڵ جشوا نکۆمۆ بدوێم، دواتر هاوکاریەکانی ئەمریکای بۆ بگوازمەوە، چونکە کاوندا پێی وابوو ئەو پرسەکانی دەسەڵاتی ڕۆدیسیای بە توندی گرتۆتە دەست، کاوندا مەبەستی بوو نەزانرێ ئەم کۆبوونەوە لە دەستپێشخەری ئەوە، بۆیە داوەتی جشوا نکۆمۆم کرد بۆ ئوتێلەکەم، بە هەمان شێوە داوەتنامەم بۆ سەرکردەکانی بەرگریکارانی ڕۆدیسیاش نارد، چونکە ڕازی نەبوون کاواندا وەکو سەرۆک یا سەرپەرشتیاری بزوتنەوەی ڕزگاری ڕۆدیسیا ببینن بۆیە داوەتنامەکەیان ڕەت کردەوە و ئامادەیی خۆیان دەربڕی لە واشنتۆن ئەم دیدارە ئەنجام بدەین.

جشوا نکۆمۆ پیاوێکی بە شێوەی چیا وابوو، درێژ و سەنگین بوو. لەگەڵ سەرقاڵی ئەمریکا و نیازپاکی کاوندا و نەگەیشتنی بەرگریکارانی دەرەوە بە

ڕێکخستنێکی تەواو، دەکرێ دەرفەت بۆ کاوندا ڕەخسابێ ببێتە میراتگری دەسەڵات ئەگەر حوکمی زۆرینە پیادە بکرێ. چونکە بە پەرەسەندنی شەڕی پارتیزانیی ڕاستەقینە، ئەگەری ئەوە دەبێ کە (منداڵە چەک بەدەستەکان) وەکو نیریری ناوی دەبردن بانگبکرێن و ببنە باڵادەست، جشوانکۆمۆ گوتارەکەی منی کورت کردەوە، گرەنتی ئەوەی پێدام کە بە پێی ڕێککەوتنێکی تەوافقی جێگەی ئارام بۆ سپی پێستەکان لە زیمبابۆی دەبێتەوە.

گەلێک جار ڕووداوەکانی کە ماوەیەک لە چاوەڕوانیدا دەبن، لە گوتارێکدا جەختیان لەسەر دەکرێتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە نەبووو کە لە گوتارەکەی لۆساکام دابوم، کاریگەری ئەمریکا لە کاریگەری وەزیری دەرەوەیدا دەبێ. ئەویش قورسایی دبلۆماسییەتی دەخاتە سەر بەرنامەیەکی دیار کە حوکمی زۆرینە بوو لە ئەفریقیای باشوور.

ئاڕاستەی گوتارەکەم هەمووو ئامانجەکانی نەپێکابوو، کۆبوونەوەکە بە ئامادە بوونی نزیکەی پەنجا کەسێک بوو لە ئامادەکردنی کاوندا بوو، لەوسەری هۆڵەکە سەکۆیەکیان دانابوو بۆ میدیاکارانی ئەمریکی و لێکۆڵەرەوانی. هەرچەندە کاوندا زۆر بە ڕەوشتبەرزی و ڕیزەوە منی پێشکەش کرد بەڵام وشەکانی گوتارەکەی سەرچاوەیان لە دەستەواژەکانی جیهانی سێیەمەوە گرتبوو کە هەمووویان هێرش بوون بۆسەر زلهێزەکان و ڕەفتارەکانیان.

هەرکە دەستی بە گوتەکانی کرد ڕەفتارەکانی گۆڕدران، زۆر بە وردی گوێی لە گوتەکانم دەگرت، فرمێسک لە ڕومەتەکانی دەهاتنە خوار کاتێکیش لە گوتەکانم دەبمەوە پەلامارم دەدا و لە باوەشم دەگری و گوتی: ئێمە هەندێکمان لە دەریای سۆزدا دەخنکاین ئێوەش گوتارتان دەخوێندەوە، بەراستی بڕواناکەم ئەمە وەزیری دەرەوەی داهاتووی واشنتۆن دەبێ.

لە گوتارەکەمدا بەرنامەیەکی دە خاڵیم خوێندەوە کە ڕۆدیسیا پابەندی دەبێ. هانی باشووری ئەفریقیامدا کاتێک دیاری بکا بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بە نامیبیا و

مافی چارەی خۆنوسین، نامیبیا ئەو هەرێمە بوو کە پێشتر خستبویە ژێر پاریزگاری خۆی.

هەر لە گوتارەکەمدا هێرشم کردە سەر سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و داوای دیارکردنی کاتێکم کرد بۆ بەرەو ئاراستەی یەکسانی و مافەکانی مرۆڤ جوڵە بکرێ، ئامادەیی ئەمریکام نیشاندا بە پێدانی کات بە باشووری ئەفریقیا بۆ ئەنجام دانی ئەم پرۆسە.

چونکە بەهۆی هاوکاریەکانی باشووری ئەفریقیا ئەم پرۆسە لە ڕۆدیسیا سەردەگرێ بۆیە فشارم خستە سەر ئەیان سمیث، ئەمەشم بۆی زیاد کرد کە بە دڵنیایی کۆمەلگای نێودەوڵەتی ئەم پرۆسەی حوکمی زۆرینە بە هەند وەردەگرێ، دواتر پێشنیاری گرەنتی و متمانەییم بۆ کەمینەی سپی پێست کرد لە دوای پرۆسەی حوکمی زۆرینە.

ئەوەی ئەفریقیا لە ئەمریکای مەبەستە پەیمان و دەستەواژەی سۆزی نییە بەڵکو بەرنامەیەکی هەستیارە، هەوڵم دا هەر ئەمرۆ ئەو بەرنامە پێشکەش کەم بۆیە دەبێ دەست بەکار بین. پرسە نیشتمانییەکان لەبەر چاو بگرین لە دادپەروەری ڕەگەزی و بوژانەوەی ئابووری وسەربەخۆیی نیشتمانی.

دەرکەوت گوتارەکەی لۆساکام لەسەر ئاستی ناوەخۆی ئەمریکاش کاریگەری خۆی هەبووە، فۆرد لەگەرمەی هەلمەتی هەڵبژاردنەکاندا لەگەڵ ڕۆنالد ریگن لە پێشبرکێدا بوو، لەو کاتە لە تکساس فۆرد شکست دێنێ، چاودێران پییان وابو لە ئەنجامی گوتارەکەی لۆساکامەوە بووە، چونکە لە ئەمریکا حوکمی زۆرینە بە پێشێلی مافەکانی کەمینەی سپی پێست لێکدرایەوە.

لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ فۆرد یاریدەدەری فراکسیۆنی کۆماریخوازەکان لە ئەنجومەنی پیران سیناتۆر ڕوبەرت گریڤن. ئاماژەی بەوەدا کە سەرۆکی کۆماریخوازەکان پێشنیار دەکا وەزیری دەرەوە کیسنجەر بایەخ بدا، هەرچی سەرۆکی فراکسیۆنی کۆماریخوازەکانە لە ئەنجومەنی نوێنەران جون ڕودوس لە ئەریزۆنا، دەڵێ: گەشتی ئەفریقیا کاتێکی باشی نەبووو. هەروەها گوتی: پموایە تا ئیستاش هنری کیسنجەر

وەزیرێکــی باشــە، ڕوبەرت میشــێلی کۆمــاریخواز کە جێگــری ســەرۆکی فراکســیۆنی کۆماریەکانە لە ئەنجومەنی نوێنەران پێشنیار دەکا دەمم بگیرێ. گوایە سیاسـەتمان بـۆ ڕەخنەگرانمان شتێکی نوێ نەبووو. پوختەکەیم لە ڕاپۆرتێکدا بۆ سکۆکرۆفت نارد لەسەر ستراتیژیەتمان بەو هیوایەی پارێزگاران سوودی لێ وەرگرن.:

دوای ڕێــگەدان بە دەســتێوەردانی کــوبی و ســۆڤیەتی، ئــێمە بە پــێچەوانەی ئاڕاستەکانی پشتگیریە دبلۆماسیەکانمان کار دەکەین. ئێمە بە سوربوونمان لە یەکیەتـی ئەفریقیا دەتوانین بەرگری لە دژی دەستێوەردانی یەکیتی سۆڤیەتی و کوبیدا بکەین. بە کورتی بەرەنگار بوونەوەمان شوێن پێیەکمان بۆ مسۆگەر دەکا تا ڕێگە نەدەیـن دووبـارە ئەنگۆلایەکی نوێ سەرهەڵداتەوە، ئەمەش تاقە گریمانەیە.

ڕۆژی وداتر ڕەخنەگرەکانما ئەوەی ئومێدیان بـۆی دەخواسـت هـاتە دی، لەکـاتی سەردانیم بۆ لیفینگستون خۆم و تیمی ئەفریقیم تا چاوێک بدەینە تاڤگەکـانی فکتوریـا. لەوێشەوە بە بەلەمێک چوینە گەشتێک لە ڕوباری زامبیزی. ئەم گەشتەم  بۆیە ڕێکخست چونکـە بـاڵوێزی ئەمریکـا لە نەتەوە یـەکگرتووەکان گـوتی کە نـۆزدە ئەسـپی دەریـای بینیـوە، کاتێـک گەیشـتینە سـەر کەنـارەکە بینیمـان بەلەمە مەزنەکە تێکشـکێندراوە. بەلەمـی دیـکەی لە شـوێنە بەڵام تەنهـا شـوێنی حەڤـدە کەس دەبێـتەوە. جـگە لەمەش گونجاو نـەبووو بـۆ تیمـی وەزیـری دەرەوە بەم بەلەمە لە وڵاتێکـی بێگـانە گەشـت بکـا، دیارە کەساتیە فەرمیە زامبیەکان و ئەندامانی باڵوێزخـانەی ئەمریکـی هـەموویان خۆیـان بە زەرور دەزانی لەم گەشتە بەشداربن بۆیە هەمووویان خۆیـان کـرد بەنـاو بەلەمەکەوە، ئیتر ژمارەمان بوو بە ٢٥ کەس.

هەرکە جوڵــەی کـرد شـەپۆلەکان  بەرز بـوونەوە و ئاسـتی بەلەمەکە وردە وردە کەوتە جوڵەکردن هەموویان هەستیان بە مەترسـی دەکـرد دیـارە بەلەمـی  پاسـەوانی و ناکـاوی و دەسـتەی ڕاگەیانـدن ئەوانـیش بە بەلەمەکانیـانەوە بە دەورمانـدا دەهـاتن بەو هـۆیەوە شـەپۆلەکان بەیەک دەکەوتـنەوە و ئـێمەش بەمـلاو بەولادا دەکەگـوتین، لە پـڕ ماتۆری بەلەمەکە دەنگێکـی لـێ بەرز بـۆوە، بـۆ ئەمەش دوو ئەگەر هەبـوون: یـا ئەوەتـا دەبـێ کۆتـایی بە درێژەدانـی گەشـتەکەمان بێنـین کە بەرەو تاڤگەکـان دەڕۆیشـتین، یـا

ڕووبەڕووی ڕوباری زامبیزیی پڕ لە تیمساح دەبێنەوە، بۆ خۆشبەختی هیچ ڕووی نەدا بەڵام تا ئەوکات هیچ ئەسپی دەریامان نەبینی، ڕۆژنامەنوسیک پێشنیارێکی باشی کرد گوتی دەنوسم کە ١٩ ئەسپی دەریامان بینی واتە کەمتر لە وەی بالویزی ئەمریکا (سکرانتون) بینیویەتی.

کاردانەوەی سۆڤیەتیش بۆ سەردانییەکەم ئەوەبوو باشتر لە ستراتیژیەتمان گەیشت لەوەی ڕەخنەگرانمان تێیان گەیاندبوو. بە گوتەی براڤدا گوایە مەبستی گەشتەکەم بۆ لاواز کردنی دەسەلاتی سۆڤیەت و کوبا بووە لە ئەفریقیا، بێژەری تەلەفزیۆنەکە پەلاری لە گەشتەکەم دابوو، وتبوی دەبێ بزوتنەوە ڕازگاریخوازەکان پشت بە تواناکانی خۆیان ببەستن نەک داوای یارمەتی بکەن، کە دواتر بەتەواوەتی ئەو بانگخوازیەیان بە پێچەوانەی کارەکانیان دەبێت.

بە گوتارەکەی لوساکام ستراتیژیەتمان دەکەوێتە شوێنی گونجاوی خۆی.

یەکەم/ ڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتانی بەرەنگاری لەسەر ستارتیژیەتێکی هاوبەش سەبارەت بە ئەفریقیای باشوور.

دووەم/ سەردانی هەندێک لە دەوڵەتانی ئەفریقیی ناوەراست و ڕۆژئاوا بۆ دڵنیا کردنیان لە دەسەڵاتەکانی ئەمریکی و مسۆگەر کردنی هاوکاریەکانی ئەمریکا بۆ ئەفریقیا.

سێیەم/گەڕانەوە بۆ نیرۆبی بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بازرگانی و بوژانەوەی ئابووری ئەفریقی و پێدانی بەرنامەیەکی بوژانەوە بۆ سەرجەم ئەفریقیا تا ئەم قەیرانە تێپەڕکا.

## مۆبۆتۆ: هاوپەیمانە سەرنجراکێشەکەی




وێڕای ئەوەی لە هەر وێستگەیەکی گەشتەکەمدا کاریگەریەکم جێ دەهێشت، بەڵام لە دوای لۆساکا هەستەکانم پچرپچڕ بوون لە نێوان: ئایا لێرە لە ئەریکا بمێنمەوە یا دەبێ بگەڕێمەوە وڵات تا هاوکاری سەرۆک بکەم کە ئەو لە هەڵمەتی هەڵبژاردندایە و منیش بە گوتاری لۆساکا کارەکانی ئەوم قورستر کردووە؟ دڵنیام لەوەی ڕاوێژکارەکانی سەرۆک دڵخۆشن بە مانەوەم لە ئەفریقیا، هەرچەند من لەو شوێنەم تا بنکەیەک بدۆزمەوە تێیدا ڕێگری لە بلاو بوونەوەی کۆمۆنیزم لە ئەفریقیا بکرێ.

بەم شێوە لە ئێوارەی ٢٨ی نیسانی ١٩٧٦ خۆم لە کنشاسا بینییەوە و هزرو بیرەکانیشم لە وشنتۆنن. خۆم لە کەش و هەوایەکی سەماویدا بینییەوە کە بە دەیان

سەماکەر دەورەیان داوم بە دەنگی تەپل و دەهۆل سەمای ڕۆژهەڵاتی دەکەن، لە دووری دەیان میل وەزیری دەرەوە (نگوزا کارل) لە پێشوازیمدا بوو.

ژیانی نگوزا هەمووو ئەو هەلبەز و دابەزەی بەسەر سیاسەتی زئیردا هاتبوو لەخۆی دەگرت، لەکاتی خواردنی تێشت دا (نانی بەیانی) لە ٢٩ی نیسان باسی لە ژیانی خۆی کرد، کە سەربە هۆزێکە لە زائیر و زامبیا و ئەنگۆلا هەن سەرۆکی ئەو هۆزە مامیەتی، بەلام وەزیرێکی دەرەوە بەم پێگەو دەسەلاتەوە دەبێ لەسەر مۆبۆتۆ مەترسی بێت یان نا، یا دەبێ هۆکارێکی دیکەی هەبێ کە دوو ساڵ تێناپەڕێ نگوزا بە تۆمەتی ناپاکی (خیانەت) تۆمەتبار دەکرێ و حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێ و دەخرێتە زیندانەوە لە چاوەڕوانی جێبەجێ کردندا دەبێ، لە ڕاستیشدا زیندانییەکەی کونێک بوو لە ژێر زەوی، تا سمیث و جیسکار دیستان و کالاهان و من بۆی دیێنە سەر هێل تا لە مردن ڕزگاری بکەین. دیارە کارەکە پیلان و نەخشە بۆدارێژراو بوو لەبەر یەک هۆکار ئەویش: نگوزا سەرۆکی لە زائیر باش ناسیوە.

دووساڵ نابات جارێکی دیکە نگوزا دەکاتەوە بە وەزیری دەرەوە و بەیەکەوە سەردانی واشنتۆن دەکەن، لە خوانێکدا بەیکەوە تێشتمان خوارد بە گالتە و قسەی خۆش دەگوزەرا، ئەوەندە نابا هەمیسان نگوزا دەگیرێ و حوکمی لە سیدارەدانی بۆ دەرەدچێ بەلام ئەمجارە بژاردەی دەخاتە دەست و دوور دەخرێتەوە بۆ برۆکسل لەوێ دەبێتە سەرۆکی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوە لە دژی مۆبۆتۆ.

نگۆزا یاوەرم دەبێ بۆ میوانداری ئەو کۆشکەی بۆ سەرۆکەکان دەگیرێ، مۆبۆتۆ ئەو کۆشکەی خستبووە ژێر فەرمانی من و هاوڕێیانم، ئەم کۆشکە لە ڕوخامی سەرنجراکێش دروستکرابوو بە شێوەیەک سەرسورهێنەر دەبێ کە سەرنجی هەمووو کەس بەلای خۆیدا دەکێشێ. بالێکیان لەم کۆشکە بۆمن تەرخان کردبوو، ئەو شوێنەی بۆمن تەرخان کرابوو ژورێکی هەشت پالۆیی بە کلیلی کارەبایی ئۆتۆماتیک هەرجارەی بەلایەکدا دەکرایەوە و دیمەنە جوانەکانی نیشان دەدای لە ناوەڕاستیەوە کورسیەکی لەرزۆک دانرابوو، چونکە من ئەمانەم بەکار نەهێنابوو، سەرۆکی تەشریفاتەکە دێتەلام تا تەلەفزیۆنەکەم بۆ بەکار بخاو ئامێرەکەم نیشان بدا.

یەکێک لە کارە ئاساییەکانی گوتوبێژە ئەکادمی و ڕاگەیاندنکارەکان لەسەر سیاسەتی ئەمریکی لە ئەفریقیا، ئەو بیرۆکەیە کە دەڵێ: پشتگیریەکانی ئەمریکا بوو حوکمی مۆبۆتۆی بۆ ٣٧ ساڵ درێژ کردەوە، ئەمەش بەڵگەیە کە ئەمریکا پشتگیری لە دکتاتۆرە ستەمکارەکان دەکا ئەوانەی پشتگیری لە سیاسەتی شەڕی سارد دەکەن نەک لە سەرکردە دیموکراتخوازەکانی بێگەرد.

ئەم بیانویە بە ڕاشکاوی کلنتۆن گوتی کاتێک لە ١٩٨٨ سەردانی ئەفریقیا دەکا. ئەمە بیرکردنەوەی نەوەی حەفتاکان بوو کە ڕەنگدانەوەی واقعی ئەفریقیای ئێستا بوو، زۆربەی هەرە زۆری سەرکردەکانی ئەفریقی لە سەردەمانی ڕزگاریی یەکەمدا فەرمانڕەوای وڵاتەکەیان بوون لە خەباتی ڕزگاری نیشتمانیاندا. هیچ ئەلتەرناتیفێک بۆ ئەمە نەبووو نە لە نێو دیموکراخوازەکان نە لە نێو نادیموکراتخوازەکان، جگە لە زائیر نەبی کە پاڵەوانیکی داستانیی ئۆتۆکراتی بوو لە نێو دونیایەکی ڕادیکالی.

پشتگیری ئەمریکا بۆ دەوڵەتی زائیر و ئەنگۆلا کێشەی نایەوە، کۆچ کردنی هێزەکانی داگیرکەر بۆشاییەکی سیاسیی دروستکرد، ئەم بۆشاییە ململانێی لەسەر دەسەڵات پەیدا کرد، سەرجەم سەرۆکە ئەمریکیەکان لەگەڵ ئەوەدابوون هاوکاری ئەو سەرکردانە بکرێ کە دژایەتی ئەو فەرمانڕەوانە دەکەن کە لەلایەن سۆڤیەتەوە هاوکاری دەکرێن.

زائیر وڵاتێکی پان و بەرینە بەقەدەر پانتایی ئەوروپای ڕۆژئاوا دەبێ، ئێستا بۆتە دەوڵەتێکی نەتەوی چونکە بڕیاریاندا بەلژیکا وەکو یەک هەرێم بیانبات بەڕێوە، ئەمەش بۆیە بڕیاریان وابوو چونکە تا ١٩٠٨ زائیر مولکی پادشای بەلژیکا بوو، هۆکارێکی دیکەی ئەوەیە کاتێک هەرێمێکی ئەفریقی لە نێوان دەوڵەتانی ئەوروپی دابەش دەکرێن، تیلمەکی کەناری بۆ هەر هەرێمێک جێ دەهێڵن، بەو هۆیەوە یەکگرتنی زائیر دەبێتە کارێک بەزۆر تا ڕێگەی هەناردە و هاوردەکردنی کالا و خۆراکی هەبێ.

هەر بەو هۆیەشەوە سەرجەم هۆزەکان هەستی نەتەوایەتیان دەبزوێ و بایەخ بە نەریت و زمانی خۆیان دەدەن.

لەو میانە شەری ناوەخۆ لە نێوان هۆزەکان دروست دەبێ کە هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان بۆ یەکەمین جار لەوێ یەک دەگرن، ئەمریکا و بەلژیک و فەرەنسا و تا ئاستێکیش بەریتانیا، پێیان وابوو ئەو پشتگیریەی بە مۆبۆتۆ دەدەن بە کەمترین خراپەکاری دەدەن. مۆبۆتۆ شکستی بە توندڕەوەکان هێنا و سنورێکی بۆ شەری هۆزەکان دانا، دواتر حوکمڕانیی جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبووو لەگەڵ حوکمڕانیی دراوسێکانی تەنها لە دەساڵی داییدا نەبی، دواتر هیچ لەو کێشانەی نەبووون کە دیموکراتیەکانی پیشەسازی لە سالانی ١٩٧٥و ١٩٧٦ لە ئەفریقیا هەبوون و ببنە مایەی لەسەر کورسی هێنانە خواری، ئەگەر چارەسەری نەکردبایە، لە ڕاستیشدا زۆربەی ئەو کێشانە لە ئەنجامی نائارامی زائیر دروست ببوون.

هەمووو سەرکردەکان هەر لە کینیدیەوە تا جونسون و نیکسۆن و فورد و کارتەر و ڕیگان و بوش گەیشتبوونە ئەو دەرەنجامەی کە : مەترسیەکانی ڕووخانی مۆبۆتۆ لە سوودەکانی زیاترن، لە تواناشدا نەبووو هیچ ئیدارەیەک لە دژی بجولیندرێ تا کۆتایی هاتنی شەری سارد، کاتێک ئیدارەی کلینتۆن لە ڕێگەی :

یەکەم/ پچراندنی پەیوەندیەکان لەگەڵی.

دووەم/ لەرێگەی هەماهەنگی و چاوپۆشین لەگەڵ ئەوانەی هەوڵی ڕووخانیاندا.

تا ئەوئاستەش مۆبۆتۆ بە هێزە ناوەخۆییەکان و دیموکراتخوازەکان نەروخا، بەڵکو بە هێزی دەوڵەتە دراوسێکانی ڕوخا لە نمونەی ئۆگەندا و ڕواندا و ئەنگۆلا کە دوای تەواو بوونی شەری ناوەخۆیان جوڵەیان لە دژیدا کرد، هەرچەندە ئەوەی ڕابەرایەتی ئەو هێزەی دەکرد لەو دیموکراتتر نەبووو بەڵکو لۆران کابیلا بوو، خوێندکاری بتریس لومومبا و گیڤارا بوو، هەمووو ئەوروپا وەکو توندڕەوێک لێی چاوەڕوان بوون. سەبارەت بەم نوسینەش دەبێ چاوەڕوان بین ئاخۆ بە ڕووخانی مۆبۆتۆ سیسی سیکۆ پرسی مافەکانی مرۆڤ و دۆخی سیاسی و کاری ئەمریکی لەو ناوچەیە بەرەو باشبوون دەچێ یان نا.

لە ڕاستیشدا بە هاتنی کابیلا بۆ سەر دەسەلآت کۆکوژیەکی ئەوتۆ ڕوویدا کە زۆر لە سەردەمی مۆبۆتۆی تێپەڕاندبوو، ئەم کوشتیارەش تەنها بۆچاوتێبڕینی سامان و

تینوێتی خوێن بوو. هاوڕێیانی مۆبۆتۆی ئـەفریقی کە هـەوڵی سـەربەخۆییان دەدا لەگەڵ ئەم بۆچـوون و شـێوازەی مـامەڵەدا بـوون. هەنـدێکیان گاڵتـەیان پێـی دەکـرد گـوایە بـانگخوازێکی لەســەرخۆچووە. هەندێکیشـیان قێزیـان لە ڕەفتـارە ئیمپراتـۆریەتەکەی دەکـردەوە، بەڵام هـەموویان بەریـزەوە وەکـو ئەنـدامێکی ئەو یـانە سـەیریان دەکـرد، هەرچەندە کەسێکی دەستکراوە بوو لە خەرجیەکانی .

زائیـر کە لەگەڵ ١٣ دەوڵەت هاوسـنورە. ئەگەری ڕوودانـی نـاکۆکیی هەمیشـە لە پێشـیدا بـوو. جـا لە بەر جێبـەجێ کردنـی سیاسـەتی چەپـڕەوانەی بـێ یـا لە ئەنجـامی ڕوودانی بۆشایی. لەبەر ئەم هۆکارانە بوو ئیدارەی کینیدی پشتگیری مۆبۆتۆی دەکرد لە دژی لومومبا لە سالانی شەسـتەکان. لە سـاڵی ١٩٧٨ مـافی مـرۆڤ بـوو هـانی جیمـی کارتەریـدا لە ئەنگـۆلاوە هێـرش بکـاتە سـەر ویلایەتـی کاتانگـای زائیـری، کە هێزەکـانی فەرەنسیی تێدا بڵاوکردەوە. بەڵکو ئەو نەخشەی جێبەجێ کردبـی کە جیسـکار دیسـتان لە ١٩٧٥ لەسـەر ئەنگـۆلا پێشـنیاری کردبـوو لە ئەنجـامی هـەمواری تـۆنی. هەروەکـو پێشتر باسم کرد ئیدارەی فۆرد لە ١٩٧٥و ١٩٧٦ وەکو تۆڕی ئەمان بۆ زامبیا لە زائیری دەڕوانی، کە جگە لە زائیر بە دەوڵەتی توندڕەو دەوری درابوو. جگە لەمەش زائیر وەکو پردی پەیوەندی وابوو لەگەڵ دەوڵەتانی فەرەنسی زبان لە ئەفریقیای ڕۆژئاوا.

گفتوگۆکانم لەگەڵ مۆبۆتۆ لەسەر پشتی بەلەمیکی ڕازێندراو لە ڕوباری کۆنگـۆ بـۆ مـاوەی چـوار کـاتژمێر ئەنجامـدا. بەلەمەکەی تەواو هـەمووو پێداویسـتی و ئامرازەکـانی هەسانەوە و خزمەتگوزاریی تێدا بوو تەنانەت سەکۆی دابەزینی فرۆکەش.

مۆبۆتۆ وەکو چاودێرێک لەسـەر هـاوڕێ ئـەفریقیەکانی هەنـدێک لە کاتەکـانی بـۆ باسکردن لە سیاسەتی ناوەخۆ تەرخان کـرد، پێـداگریی لەسـەر ئەوە کـرد کە سـەرجەم سەرکردە ئەفریقیەکان بەر لە سەردانی کاوندا بۆ واشنتۆن لەسەر ئەم شـێوازە دابەشـیە ڕازی ببوون:

مۆبۆتۆ لە ئەنگۆلا سەرۆکایەتی دەگرێتە دەست.

کاوەندا لە ڕۆدیسیا.

نیریری لەمەیان دراوسێی دەبێ، وەکو پێدەچی، بەڵام بە ڕەوانبێژیەوە نا. ئەگەر بە خێرایی دەسەڵاتی پۆرتوگالی لە مۆزەمبیق بروخێ ئەوا ئەو ئەگەرە ڕوودەدا. بەڵام بە گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن سامۆرا میشێل، نیریری زیاتر چاوی لێ دەبێ.

پشتگیری لە بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی ڕۆدیسیا و کوبیەکان دەکا.

بەڵام هەر چیەکی بگوترێ ئێستا نیریری هەروەکو مۆبۆتۆ هۆشدارییدا، پشتگیری لە ڕادیکالیستە ڕۆدیسیەکان دەکا. هەرچەندە بە دەستوەردانی هێزە بێگانەکان ئەو لەم پشتگیریە دەوەستێ، دیارە چاوی لە چارەنوسی ڕۆدیسیایە.

لە ڕوانگەی ئەوەی کە ئێستا ٣٠٠ تانک و٦٠ بارهەڵگری سەربازی لەدەست هیزەکانی ئەنگۆلیدایە، ئەگەر مۆبۆتۆ لە ئاسایشی وڵاتەکەی بەرپرسیار بێ، بەڵام گومانی هەیە و پاساویشی بەدەستەوەیە کە پنتاگۆن ڕێگە بە زائیر نەدا چەکی پێشکەوتو بکڕێ.

خۆی لە ڕاستیدا هاوکاریەکانی ئەمریکا بۆ زائیر لەژێر فشارەکانی کۆنگرێسەوە بوون.

مۆبۆتۆ گوتی گوایە چین ٣٠ تانکی سوک و٢٤ تانکی مامناوەندیی بۆ ناردوم، گوایە هەستێکی تایبەتیی لەسەر مەترسیەکانی سۆڤیەتی هەبووە.

فۆرد لەگەڵیدا هاوسۆز بوو ئەویش وەکو جیسکار دیستان. کاتیک لە گەشتی ئەفریقیام دەگەڕامەوە کورتەی سەردانییەکانم بۆی باس کرد لەوانە گگوتەکانی مۆبۆتۆ. بەڵام ئەو هاوسۆزیە پیویستی نەدەکرد . مۆبۆبتۆ ئامادەبوو بەو جۆرە حوکمڕانی بکا کە هۆزەکانی بگۆڕیت بۆ نەتەوەیەکی سەردەمیانە، بەڵکو سامان و سەروەتی ئەمەی بۆ برەخسێنێ.

هەروەها هەستی بە نائارمی ناوەخۆی دەکرد بەڵکو لەبەر چۆنییەتی هاتنیبێ بۆ سەر حوکم. کە چاوی بریبووە خاڵی کردنی گەنجینەی دەولەت و هەناردنی بۆ شوێنێکی نادیار تا لە کاتی دوورکەوتنەوەی سوودی لێ وەرگرێ، بەڵام ئەمە خزمەتی نەکردو نەخشەکانی پێ ڕوخێندرا، ئەو دەیتوانی هاوکاریەکان وەرگرێ تا ئەو ئاستەی لە کارەساتەکان دوور دەکەوێتەوە و کێشەکانی پێ چارەسەرکا، بەڵام واپێچوو لە لەو ئستە

وشیاریەدا نەبووو. بەم شێوە لەگەڵ بەسەر چوونی ڕۆژگار دەسەڵاتی مۆبۆتۆ وردە وردە زائیری بۆ وێنەیەکی کاریکاتێری گۆڕی کە بەرجەستەی نەخۆشیەکانی ئەفریقیا بی. تا ئەوکاتەی بەهۆ ڕەفتارە قوڕسەکانی و نەخشەی ئیمپریالیستی دراوسێکانییەوە سەراوژێر دەکرێ .

## لیبیریا: مێژوێکی بێ ئامانج

ویستگەی دواترمان لیبیریا بوو. ئەویش بەرجەستەیەکی دیکەی ئازارەکانی ئەفریقیایە. ئێمە وەکو نەتەوە دەستی درێژمان لەو بەرپرسیارێتیە هەبووە، لیبیریا لە ١٨٢٢ وەکو پەناگەیەک بۆ ئەمریکیە ئەفریقیەکان دامەزرا، بۆئەوانەی مەبەستیانە بگەڕێنەوە وڵاتەکەی خۆیان. بەم شێوە دەبێتە کۆنترین دەوڵەتی ئەفریقیی سەربەخۆ، دەبووایە ببێتە ئەو شوێنەی تێیدا نمایشی دیموکراسی و ئابووریی بازار بکرێ. بەڵام هیچ کامیان دەرنەچوو. پایتەختەکەی (مەنرۆڤیا) خانوەکانی کۆمەڵێک کۆخ و کەپر بوون لەگەڵ هەندێک لە ئەپارتمانی حکومی، کەمینییەی نیمچە هەمیشەیی حوکمی وڵاتی دەکرد لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان وەبەرهەمهێنانی بێگانەیان دەبرد بەڕێوە.

ویستگەی لیبیریام بۆ گوتارێکم سوود لێی وەرگرت. کەلەسەر بوژانەوەی ئابووری و ڕۆڵی ئەمریکا بوو لەم بوارە، هەرچەندە شوێنێکی گونجاو نەبووو بۆ ئەم بابەتەی لە گوتارەکەمدا پێشکەشم کرد چونکە ئەو شوێنە ئەمریکا دەستنیشانی کردبوو بۆ خۆنەجاتدان لە کێشەی کۆیلایەتی.

لەم گەشتەمدا باڵوێز( بیگرلی کارتەر) یاوەرم بوو کارتەر ئەو کۆچبەرە ئەفریقیە ئەمریکیە بوو کە گەیشتبووە پلەی باڵوێز، ناوبراو کەسێکی بە جەستە باڵابەرزو بەخۆوە بوو، ڕەوشت سەحراوی، بەر لەم پۆستەی باڵوێزی ئەمریکا بوو لە تەنزانیا. کەناری ڕۆژهەڵاتی زائیر هاوسنوری تەنزانیا بوو. کەوتبووە دەست کۆمەڵێکی ڕادیکالیستی جوداخواز بە سەرۆکایەتی کابیلا، دژی مۆبۆتۆ بوون، دواتر هەر خۆیان دەست دەگرن

بەسەر دەسەڵاتەوە، ئەم گروپە لە پێناو وەدەستهێنانی پارە کاری ڕاوروت و ڕێگریان دەکرد یەکێک لە جارەکان دێنە ناو تەنزانیا و پێنج خوێندکار دەسبەسەر دەکەن، لە پای ئازاد کردنیاندا داوای پارەیەکی زۆر لە خانەوادەکانیان دەکەن، دوای ئەوە خانەوادەی خوێندکارەکانیان دێنە باڵوێزخانەکەمان لە دارالسلام و ئامادەیی خۆیان دەردەبڕن بە دانی سەرانە لە بەرانبەر ئازاد کردنی ڕۆڵەکانیان ئەمەش شکاندنی سیستەمی ئێمەو ڕێنماکانی سیاسیمان بوو. منیش لەم ساتە سوربوم لەسەر کارکردن لەسەر بنەمای ئەم گوتە ( باشترین ڕێگا بۆ لەناو بردنی تیرۆر، هێرش نەکردنە سەر بنکەکانی تیرۆرستانە بە هێزی سوپایی، بە ڕێگەگرتن لە هەر ڕەفتارێک کە بەهۆیەوە داهاتیان بۆ بێت) ئەمەش واتا من هەمووو دانوستانیک ڕەت دەکەمەوە.

ئەلبەت هەر من نەبووم لەسەر هێڵی گەرم بۆ ئازاد کردنی بارمتەکان، باڵوێزی ئەمریکا و کاربەدەستانی دیکەش، باڵوێز دەچێتە زائیر و لە ڕێگەی چەند لایەنێکەوە دانوستانیان لەگەڵ دەکا و دواجار لەبەرانبەر سەرانە بارمتەکان ئازاد دەکا، ئیتر لەوکاتەوە بۆم سەلمێندرا ئەو سیاسەتەی ئێمە دەیگرینە بەر لە ئازاد کردنی بارمتەکانمان هەڵەیە، ئەگەر ئەم سەرانە نەبووایە گیانی ئەو ڕۆڵانە ڕزگار نەدەبوو دەبوونە قوربانی.

لەوکاتەوە دەرگای دۆزەخم بۆ کرایەوە، کۆمەڵێک لە ئەندامانی ڕەش پێست لە کۆنگرێس لەگەڵ میدیاکاران ڕێک دەکەون بەرگری لە کارتەر دەکەن. من لەم میانە لە هەڵوێستەکەم سور بووم. دوای ماوەیەک لە ئاهەنگی سەری ساڵی ١٩٧٥ بۆ گەیشتن بە مەرامەکانم لە کارتەر نزیک دەبمەوە و پۆستی باڵوێزی لیبیریای پێشنیار دەکەم، هەرچەندە جیاوازی لە نێوان مەنرۆڤیا و کۆپنهاگن دووره بەڵام بە پێوەری ئێمە مونروڤیا لە ئاستی پلە ٢دای و کۆپنهاگنیش ٤، من بە مەزندەی خۆم کارێکی باشم کردووە. جیاوازیەکە لە ژمارەی ئەندامانی باڵوێزخانە و ئاستی پلەو پۆستەکانیدایە.


کارتەر سەلماندی کە تەنها بە جەستە مەزن نییە بەڵکو بە توانا و ئەقلیش. من بڕیارم دا خۆم لە ڕیورەسمی سوێندخواردنەکە ئامادە ببم چونکە پێشنیاری خۆم بووە و بە هەڕەشە ناردومە، پێیم وتوە ئەلتەرناتیفی نەچوونت ستافی وەزارەتە، وێڕای

سوپاسکردنی لە پێشنیارکردنم بە وەگرتنی ئەم پۆستەی لە وتەکەیدا گوتی: وێڕای سوپاسم بۆ جەنابیٚ وەزیر.. خۆتان دەزانن ئەو کاتی ئەوەی نییە لە ڕیورەسمی سوێندخواردنی باڵوێزەکان ئامادە بی، ئەولە ڕێوڕەسمی لەکار لابردن. بەڵێ.. ئامادە یە، بەڵام لە ڕێوڕەسمی دامەزراندن..نەخێر ئامادەنییە.

کە گەیشتینە لیبیریا دەمارەکانمان لە ئەنجامی هاش و هۆشی ڕاگەیاندن گرژ ببوون، لەوکاتەشدا بروسکەیەکی سکۆکرۆفت بەدەستم دەگا دەڵێ ڕۆژانە بە وردی ڕاپۆرتێک لەسەر گەشت و چالاکیەکان پێشکەش بە سەرۆک بکە. بەم بروسکە شێتی خۆبە زلزانین لای نوسەری ڕەشنووسی ڕاپۆرتە خراپەکان (ونستون لۆرد) بەرز دەبێتەوە. دوو جۆرە شێوازی ڕاپۆرتمان بۆ سکۆکرۆفت بەرز کردنەوە یەکێکیان وەکو ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی، ئەویتریان باسکردن لە خەسڵەت و تێبینییەکان بە شێوازێکی ئەدەبیٚ، بە سکۆکرۆفتم وت هەردووکیان بە سەرۆک نیشاندە تا بزانین کامە شێوازی بەدڵە. دیارە پێی باش بوو باس لە شێوەی جل و بەرگ و وردەکاریەکانی دیکەشی لەگەڵدا بی لە تێبینی و سەرنجەکان.

لەسەر ڕەخنە و وتێبینییەکانی سکۆکرۆفت، لۆرد لە باسکردنی ئاهەنگێک کە لەسەر شەرەفی ئێمە ساز کرابوو نوسیی: جل و بەرگی ڕەنگاورەنگاین لەبەرە بەڵام چونکە هەژار و کەم دەرامەتن فیستانەکانیان کورت و نیوەن، هەرچەندە من نامەویٚ بێزارتان کەم و پێتان بڵێم کامە نیوەیان لەبەرە چونکە پێی دەوروژێن.

# لیۆپۆلد سنگۆر: پادشا و فەیلەسوف



دوا وێستگەی ئەفریقیامان دەکاری پاتتەختی سنگال بوو. ئەو بەشەی من بینـیم جوان و ڕەنگین بوو، سنگال لەوەتەی سەربەخۆیی وەرگرتـووە لە ١٩٦٠ لیۆپـۆد سـنگۆر حوکمڕانیی دەکا. نـاودارترین کەسـایەتی ئـەفریقی بـوو پاشـخانیکی ڕۆشـنبیریی هەبـوو بـانگخوازی بـۆ فەلسـەفەی زەنـوجی دەکـرد، ئەم دەسـتەواژە تـا ئێسـتا لای هـەمووو ڕۆشـنبیرێکی ئـەفریقی ناسـراو نیـیە، بیرکـردنەوەی ئەم فەلسـەفە ڕەشپێسـتیە لەسـەر بنەمای ڕووکردنە دەریای سپیی ناوەڕاست و ئەوروپای باشوور بنیاد نراوە.

پێم وایە کە بەهێزترین کەسایەتیی لەم گەشتە چاوم پێیـان کەوتبـێ، نیریـری و سنگۆر بوون. هەردووکیان بە دوو ئاڕاستەی پێچەوانەی یەکتر هەنگاویان دەنـا، نیریـری جەنگاوەرێکی هەڵگری ئایدیۆلۆژیای چەک بوو. سەنگۆر بیرمەند و شارەزا لە بنەماکـانی حــوکمڕان. نیریـــری دوای تەواو بــوون لە وتە و کردارەکــانی لە پێنــاو ســەرکەوتنی ئەفریقیای ڕەشپێست خەباتی دەکرد. هەرچی سنگۆرە لە پێناو ئاشتەوایی کولتوورەکان لە چوارچێوەی مافی چارەی خۆنوسین خەباتی دەکرد.

جیاوازی لە نێوان ئەو دوو سەرکردە لەسەر کاردانەوەکانی داگیرکـاری بەریتـانی و فەرەنسـییەوە دەبینـرێ. بەریتانیـا هەڕەشـەی لە هاوڵاتیـانی دەکـرد، کەچـی فەرەنسـا تامەزرۆی دەکردن، لەلایەکی دیکە فەرەنسـا هاوڵاتیـانی داگیرکراوەکـانی تێـر ڕۆشـنبیری دەکرد، هەر بۆیە زۆربەی کۆلۆنیالەکانی فەرەنسـی دوای سـەربەخۆ بوونیـان پەیوەنـدیی سیاسییان لەگەڵ فەرەنسا و گەلی فەرەنسی نەپچرانـد، فەرەنسـاش لە پێنـاو ئاسایشـی ناوەخۆ و دەرەوەی چاوی لێیان بووە.

ئەوەتـا سـەرۆکی (سـاحل العـاج) فلـیکس بـووینی پێشـتر ئەنـدامی ئەنجـومەنی پیرانی فەرەنسی بوو، هەروەها لیۆپۆلد سنگۆر لە وەزارەتی سەرۆک وەزیرانی فەرەنسـی ئەدگار ئالان پۆ خزمەتی کردووە.

دەوڵەتە سەرەکییەکانی فەرەنسی زمان (سنگال و ساحل العاج) بە هەمان دیـدی ئـێمە ســەیری باشــووری ئــەفریقیا دەکەن، هەردووکیــان لەگەڵ حــوکمی زۆریــنە و گوتارەکەی لۆساکام هاوڕابوون. هەروەها لە میانی جیوپۆلەتیکەوە سـەیری گەشـەکردنی ئەفریقیای باشووریان دەکرد. ئەگەر بەسەر دەمـاری توندڕەویـدا سـەرنەکەوتبانا یەکیتـی

سۆڤیەت و کوبا باڵادەست دەبوون لە ئەفریقیا. ئەو سەرکەوتنەی مەبەستیان بوو بەدەستیان نەدەهێنا. بەم شێوە ئەوەی لە ئەنگۆلا ڕوویدا سنگۆر ئاوەهای لێکدایەوە کە شکستی ئەفریقیای میانڕەو بوو:

ئەمریکا بایەخێکی ئەوتۆی بە ئەفریقیا نەدا، ئەنگۆلا بۆ ڕۆژئاوا کارەسات بوو، نەک بۆ ئەمریکا، بەڵێ گوتم تەنها بۆ ڕۆژئاوای سەرمایەداری کارەسات نەبووو بەڵکو بۆ دیموکراسیەتی کۆمەڵایەتی کارەسات بوو.

ئەمە ئەفریقیەکان دەترسێنێ: من بە وەزیری فەرەنسیم وت:

ئێستا هەمووو ئەفریقیەکان چەکیان دەوێ، مەبەست ئەوە نییە گرد بوونەوەی سەربازەکانیان دەوێ نەخێر، چەکیان دەوێ تانک، ڕۆکێت، فرۆکە، ئایا مالی یا گینیا دەتوانن ئەو چەکە بەدەست بێنن کە بەرەنگاری چەکی سۆڤیەت و کوبی ببێتەوە؟ ئەمە دەستێوەردان نییە، هاوکارییە.

پێیم وت تۆ گەوهەری. واتە ئەنگۆلایەکی دیکە دووبارە نابێتەوە، سنگۆر ڕقی زۆری لە سیستەمی سەربازی ئەفریقیی ڕۆژئاوایی دەبۆوە. بەتایبەت لە کۆلۆنیالەکانی بەریتانی.

ئێستا نیجیریا ڕەنگدانەوەی پەتای ڕۆژئاوایە. سیستەمی سەربازی سیستەمی نەخوێندەوارییە، بۆ ئەوەی دەست بە دەسەڵاتەوە بگرن پیادەی سیستەمی چەپڕەوی دەکەن، نیجیریا و جەزائیر بۆ لەناو بردنی (زنوجە) و سەپاندنی ئیمپریالیزمی عەرەبی دەیانەوێ عەرەب بێننە ناو ئەفریقیا، بەڵام سنگال دژی ئەم بیرۆکە دەوەستێتەوە و بەرەنگاریان دەبێتەوە. ئێمە مەبەستمانە یەکێتی ئەفریقی دامەزرێنین و بچەسپێنین، ئەگەر یەکیتی سۆڤیەت کوتلەیەکی تایبەت بە خۆی دروست کرد و لە پرچەککردنیان بەردەوام بوو، ئێمە دژی دەوەستینەوە.ئەگەر بە هەر ستارتیژیەتێکی دیکە هەوڵی بڵاوکردنەوەی کۆمۆنیزم بدرێ بە هەمان شێوە بەرویاندا دەوەستینەوە، یەکێک لە مەبەستە سەرەکیەکانی گەشتەکەم کە ئیستا لە ئەمریکا قسەی لەسەر دەکرێ، ئەو پرسەیە کە ئێستا لەگەڵ سنگۆردا باسی لێوە دەکەم:

کیسنجەر: ئەگەر ئێمە لە شوێنێکی دیکە بەرەنگاری کوبیەکان بووینەوە، پشتگیری لە ئەفریقیەکان وەدەست دێنین کە بە بزوتنەوەیەکی ئیمپریالیستیی نەزانن؟

سنگۆر: پێم وایە ئەگەر بەرەنگاری بوونەوە پشتگیری میانڕەوەکان وەدەست دێنن، ئێمە خۆمان لە ئەنگۆلا نەشاردەوە، زۆربەی ئەفریقیەکان دژی دەستێوەردانی سۆڤیەت و کوبا بوون، چونکە هێز حسابی بۆ دەکرێ، ئەگەر بە هێزەوە دەرکەوتن، زۆربەی ئەفریقیەکان لایەنگریتان دەکەن.

( هێز حسابی بۆ دەکرێ) هەمووو ئەوانەی سەرکردە ئەفریقیەکانیان بینیوە ئەم گوتەیە دەڵێنەوە.

کەچی لایەنگرانی ئەفریقیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکی دەڵێن ئەفریقیا بە شێوەیەک لە شێوەکانی دژایەتی گەمارۆ دراوە، ئەفریقیا دۆخێکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام سنگۆر ڕادەستی ئەو دەستەواژە نەبۆوە. پێی خۆش بوو لەسەر ئەوە گفتوگۆ بکەین ئاخۆ گگوتەکانی چۆنچۆنی لەگەڵ هەڵوێستە نێودەوڵەتیەکان دەگونجن بە لەخۆگرتنی ئاماژەکانی سۆڤیەتی و سیاسەتەکانی چینی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمۆنیزمی ئەوروپی و پرسە هەرێمیەکان بە نمونە چارەنوسی ڕۆژئاوا، بە سنگۆرم وت :

ئەگەر لەسەر پرسێک هاوسۆزی زۆرت هەیە، ئەگەر هەست دەکەیت ئێمە لەسەر هەڵەین یا هەست دەکەیت کە ئێمە دەتوانین کارێک بکەین، ڕاستەوخۆ یا پەیوەندی بە من یا بە سەرۆک فۆردەوە بکە، ئەوکات من بە شێوەیەک بابەتەکە دەبەمە کۆبوونەوە کە درزە نەکاتە دەرەوە.

لە دەکار هەمیسان گوتارێکم دا تیشکم خستە سەر ئامادەیی خۆمان لەسەر هاوکاریکردن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی وشکەساڵی لە سەنگال. یەکێک لە ستراتیژیەکەمان ئەوە نیشان بدەین کە سیاسەتی ئەمریکی لەسەر ئەفریقیا نیشان دانی مەترسیەکانی کوبا و یەکێتی سۆڤیەت و سوودگەیاندنە بە ئەفریقیا. بەڵام لە نێو ئەو دۆخە گرگرتوەی ئەمریکا کە لە نێو هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بوو دەست بەرداری ئەم بەرنامە دەبێ

گوایە نمونەیەکی دیکەی بێ ئومێدیە بەرانبەر بە هەڵوێستی ( بە ئاڕاستەی ئەفریقیا، چاکە بکە).

بەر لە جێهێشتنم سەردانی دوورگەی (گوری)م کرد، لەوێ چاوم بە دیمەنی ئازاربەخش کەوت، ئەو هەمووو کۆیلانە بە پەلبەستراوی ماوەی چەند مانگ لە ژێرزەمینەکان ماون لە چاوەڕوانی گواستنەوەیان بۆ ئەمریکای باشوور و هەلکەندنیان لە خاکی زێدیان بە زۆرەملێ. بەراستی ئەم دیمەنە هەستی بریندار کردم. حالەتی ئەفریقی لە ئازاری جەستەیی بەراستی باسی لێوە ناکرێ. من لە ڕاپۆرتەکەمدا لە ٢ی ئایاربەم شێوە باسم کرد:

ئەم بەیانییە دەرفەتی سەردانی دوورگەی گوریمان بۆ ڕەخسا، ئەم دوورگە نمونە و سومبولی مامەڵەی نامرۆڤایەتیە لە نێوان مرۆڤ و برای مرۆڤی . ئەم هەڵوێستە ئەرکی ئەوەمان دەخاتە سەرشان هەموومان کە ئیتر کارێک بکەین لەم دوورگە مرۆڤەکان یەکسان بن ڕەش پێست یان سپی پێست وەکو یەک مافی ژیانیان هەبی ئابروو کەرامەتیان پارێزراو بێ، کە ئیتر دەستێوەردانی بێگانە لەم کشوەرە کە مایەی چەوسانەوە و ئازاربەخشین بووە، با کۆتایی پێبێ.

## نەیرۆبی: کۆبوونەوە لەگەڵ دەولەتانی بەرەنگاری

لە درەنگانی دەمەو ئێوارەی ۲ی ئایار، دوای فڕینی هەشت کاتژمێر گەیشتمە نەیرۆبی بۆ ئامادە بوون لە کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بازرگانی و بوژانەوە تا گوتاری خۆمی تیادا بخوێنمەوە وهەڵوێستی ئەمریکای تیا دەرخەم.

ئەم کۆبوونەوە هی وەزیرانی ئابووریی و بوژانەوەیە هەر چوار ساڵ جارێک دەبەسترێت بۆ گفتوگۆ لەسەر بەرنامەی تایبەت بە دەولەتانی جیهانی سێیەم. ساڵان وەزیری بازرگانی ئێمە بەشداری ئەم کۆنگرانەی دەکرد بەڵام ئەمجارە مەبەستم بوو خۆم بەشداریی تیادا بکەم تا گرنگی سیاسی لە هەڵوێستەکانی ئەمریکا لەم کۆبوونەوە بەرجەستەکەم، پێویستیەکانی نێودەوڵەتی لەسەر هاوکاری نێودەوڵەتی نیشان بدەم.

هەشت ڕۆژ بەسەر سەردانییەکەی پێشترم بۆ نەیرۆبی تێدەپەڕێ، لەو ماوە سەردانی پێنج دەوڵەتم کردبوو تا بەرنامەی حوکمی زۆرینەی ئەفریقیای باشوور پێشکەش کەم، لەو شوێنانەی گوتارم تێیدا دابوو جەختم لەسەر بوژانەوەی ئابووری و مەرجە هاوکاریەکانی دیکە کردبوو، پێشنیاری ئەوەم کردبوو کە کار لەسەر بەرنامەیەک بکەین تا لە ئەنجامی گۆرانکاریە کتوپڕەکانی ئابووری ئەوەندە کار نەکەنە سەر دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو کە پشت بە کالای سادە دەبەستن.

نیریری گفتی ئەوەی دابوو بەر لەوەی بگەڕێمەوە وڵات هانی دەوڵەتانی بەرەنگاری بدا تا پشتگیری لە پێشنیارەکەم بکەن، گفتەکەی گەیاندە جێ. بۆ ئەم مەبەستە وەزیرانی دەرەوەی زامبیا و مۆزەمبیق ئامادە بوون لەگەڵ وەزیری پیشەسازی و بازرگانیی بۆتسوانا. نیریری وەزیری دەوڵەتی نوسینگەی سەرۆکایەتیی نارد کە تازە بە سەرۆکی پێشوازیی ئێمەی دانابوو. ئەمە یەکەمین کۆبوونەوە دەبێ لە نێوان بەرپرسێکی باڵای ئەمریکی و مۆزەمبیقی تودنرەوترین دەوڵەتی مارکسیست لە نێو دەوڵەتانی بەرەنگاری، لە هەمان کات گونجاوترین و ئاسانترین دەوڵەتە بۆ دەستێوەردانی سۆڤیەتی کە ئەگەرێکی زۆریش هەیە هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی کوبیدا بکا.

وەزیری دەرەوەی موزەمبیق ( جواکیم چیسانۆ) بوو، کە دەرفەتی نزیک بوونەوەی زیاترم لەو پیاوە بۆ ڕەخسا بۆم دەرکەوت کەسێکی سەربەخۆو کارایە، ئەو

هانیدام لە سەردانی داهاتومدا بۆ ئـەفریقیا چـاوم بە سـەرۆک سـامۆرا میشـێل بـکەوێ. ڕەزامەنـدیی لەسـەر ئەوەدا کە دەوڵـەتـانی بەرەنگـاری وەکـو یەک دەسـتە کـار بـکەن، شتێکیشی خستە سەر پەیمانەکەی نیریری کە گـوتی بـا هاوکارییەکـان بـدرێنە ئاژانسـی ناوەنـدی نەک ڕاسـتەوخۆ بـدرێنە دەسـت گروپەکـانی پـارتیزان، بەم جـۆرە دەرفەتـی تێوەگلانی کوبی کەم دەبێتەوە.

ئەو دەرفەتەم بەهەلزانـی لەگەڵ وەزیرانـی باشـووری ئـەفریقیا کۆبـوومەوە تـا پێیان ڕابگەیەنمەوە کە بە بەشداری هێزەکانی سۆڤیەتی و کوبی هاوکاریەکـانی ئەمریکـا دەوەستێندرێن، لە وەڵامی نوێنەری نیریری و بیتەرسیفیولی، ئەمەیم پێیان وت:

نامانەوێ چەواشەتان کەین، ئێمە ناتوانین خۆمان پابەندی ململانێیەکی چەکداری بکەیـن، ئەگەر توانیمـان ئەمە بە ڕێـگەی ئـابووریی و دبلۆماسـی دەکەیـن، سـەرۆکی کۆمارەکەت (نیریری) لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەکانمان وتـویەتی پیویسـتیان بە هاوکـاری چەکداری نییە بەڵکو پێویستیمان بە لەیەک تێگەیشتن هەیە.

هەرچەندە ئێمە داوای هاوکاریتان لێ ناکەین، بەڵام باشترە ئەم پرسە بۆ مەرامی خراپ بەکار نەیەت. باشتریش ئەوەیە گەلی ئەمریکی وانەبینێ کە ئـەفریقیەکان سـوودی گومانمان پێدەدەن، ئیتـر بەم شـێوە هەریەکەمـان دەتـوانین لە پێویسـتیەکانی یەکتـری بگەین.

چونکە ستراتیژیەکەمان لەسەر بنەمای وەدەستهێنانی پشتگیری ئەفریقیەکان بوو، بۆیە نیازی خۆمانم بۆیان ئاشـکرا کـرد کە نیازمـان وایە لەسـەر ئاسـتێکی بـاڵا گوتـوبێژ لەگەڵ دەسـەڵاتدارانی باشـووری ئـەفریقیا بکەیـن، بە وردتـر بڵێـین دەبـێ کـاردانەوەی دەوڵەتانی بەرەنگاری چی بێ؟ سهوفیلو وەڵامی دایەوە:

پێم وایە کارکردن لەگەڵ باشووری ئەفریقیا ئەسـتەمە، بەڵام بـۆ لایەنێکـی وەکـو ئەمریکـا بەڵکـو بتـوانێ فشـاری بخـاتە سـەر، هەر بە تەواوەتـیش گەمـارۆ بخـاتە سـەر ڕۆدیسیا. دواتر لەسەر ئەوە ڕێککەوتین بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسە جارێکی دیکە، لەگەڵ یەکتـری دانیشـین لە ئەیلـولی داهـاتوو، لە کـاتی خـولی داهـاتوی کۆمەڵـەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

# گەڕانەوە بۆ واشنتۆن

گەشــتەکەم بە ڕاوێژکــردن لەگەڵ بەریتانیــا دەســتی پێکردبــوو، کە یــەکێکە لە دەوڵەتانی ناتۆو کاریگەریی لەسەر ئەفریقیا هەیە. کۆتاییەکەشی بە دەوڵەتی فەرەنسای خاوەن پەیوەندیە بەرفراوانەکەی ئەوروپا بوو لەگەڵ ئەفریقیا. ئەمەش وەکو دەربڕینێک بوو لەگەڵ دراوسێ خاوەن پەیوەندیە پتەوەکان لەگەڵ ئیدارەی فۆرد، سەرۆکی فەرەنسا هەمیشــە پشــتگیریی لە سیاســەتەکانمان کــردووە تەنــانەت لەو ڕووداوانەی ســەردەمی دیگــۆلیش. بیــانوی جیســکار ئەوە بــوو کە پەیوەنــدی و مامەڵەکــانی ڕۆژئــاوا لە گەڵ ئەفریقیا لە هی ئەمریکـا زۆرتـرن. بـۆیە دەبـێ دابەشـیەکی دبلۆماسـی بکەیـن، ئەمریکـا پرسـی دبلۆماسـییەتی حـوکمی زۆریـنە لە باشـووری ئـەفریقیا ببـا بەڕێـوە، بەریتانیـاش بەرپرسیارێتی دانوستانەکان بگرێتە ئەستۆ.

بەڵام ئەمریکـا بـۆ سـتراتیژیەتی نێـودەوڵەتی لەبـار نـەبووو، چونکـە سـاڵی هەڵبژاردن بوو بۆی، دیارە کە سیاسەتیش پادشایە ئەگەری ئەوە هەبوو سەرۆک لەلایەن ڕکـابەرێکی حـزبەکەی  لابەرێ. خـوێنی نیشـتەجێیانی (بیلـتەوی) دەکـوڵا، بەو هـۆیەوە هەڵمەتی هەڵبژاردنی فۆرد و ڕیگان بوو بە پرسێکی نەتەوی، پارێزگارەکـان بـەڵکو دژی بەرفراوان بوونی دەسەڵاتی کوبی بوبن لە ئەفریقیا. خۆیـان لەو سیاسـەتە گێـل کـرد کە دەکرا سوودی پالەوانەکەیان (ڕونالـد ڕیگـان) کەمکـاتەوە کە دژی نیـانی فـۆرد بەرپـای کردبوو، ڕەخنەیەکی دیکەی کەم کاریگەریان هەبـوو دژی ئیـدارەی فـۆرد لەسـەر گـوایە، پشت تێکردنی ئەمریکا لە کەمینەی سپی پێست لە ئەفریقیا .

ڕەخنەگرانمـان دەسـتیان بە جێبـەجێ کردنـی ئەو بەرنـامە لە ئـەفریقیا کـرد کە سیاسەتی کرانەوەمان لەگەڵ یەکیتی سۆڤیەت لاواز دەکا. بـابەتی سیاسـەتی کـرانەوە و پرسـی کـۆچی جولـەکەکان و سـاڵت یـان کـردە داینەمـۆی ڕەخنەکانیـان. سـەبارەت بە سیاسەتی ئەفریقیمان، پرسـی هاوکاریەکـانی ئەمریکـا بـوو بـۆ مۆزەمبیـق، چونکـە بـڕی پارەی پێویست ١٢٥ ملیۆندۆلار بوو، گرفتەکە بڕی پارەکە نەبووو تا بتوانین پەیوەنـدیی

باش لەگەڵ مۆزەمبیق دروست کەین کە لەبارترین دەولەت بوو بۆ دەسگرتنی کوبا بەسەر ئەفریقیاوە، بەڵام مەبەستی ئەوان تەنها ڕەخنەگرتن بوو لە سیاسەتەکانمان. دەرکەوت نەمانتوانی سادەترین ئامانج بەدی بێنین. دەربڕینی حالەتی هەوەستی کە لە نێو کۆمارییەکاندا هەبوو، هەریەک لە جیمس بێکەر بەرپرسی هەلمەتەکانی فۆرد دەری بڕی، کە دواتر دەبێتە وەزیری دەرەوەی جۆرج بۆش . بۆ بەرژەوەندی سەرۆک هانی دەست لەکار کێشانەوەی دام. ئەم جارەیان هێرشەکان ئیدارەیان لاواز نەکرد.

سیناتۆر هیمفری و هەشت لە کۆماریخوازەکانی میانڕەو پرۆژەیەکیان ئامادە کرد تێیدا ستایشی سیاسەتی دەرەوەیان کرد کە زۆر بە ڕەوشتانە چوە بەڕێوە. بە سیاسەتێکی ڕوالەتیی ئەمریکایان زانی بەرانبەر بە ئەفریقیا، بەڵام بەر لە هەمووو شتێک سەرۆک بڕیاری خۆی دابوو کە خەبات بکا.

یەکێک لە ساتەکانی جوامێری فۆرد بوو. کاتێک یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران ڕووبەڕووی هێرش دەبێتەوە، ئەو ڕێکاری یاسایی کۆشکی سپی دەیانگرێتە بەر وبەرگریی لێدەکا، دەرکردنی بەیاننامەیەکی پشتگیریە دواتر لە مەیدانی ململانیکە دەکشێتەوە تا دوکەڵەکە دەڕەوێتەوە ئەوسا لێکۆڵینەوە و بڕیاری خۆی دەدا لەسەر ئەو زیانانەی لە ئەنجامی هەلەی ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی وەزیرانە بەر سەرۆک کەوتن.

فۆرد هیچی لەمانە نەکرد، من و ڕودنیسنی ڕاسپارد کە ئەوکات من هەر لە ئەفریقیا بووم، بەیاننامەیەک دەرکەین تێیدا بڵێین سەرۆک خۆی سیاسەتی دەرەوە دادەڕێژێ و هینری کیسنجەریش ئەو سیاسەتە جێبەجێ دەکا، هەر ئەوەشی لە ئەفریقیا جێبەجێ کردووە. لە گەڕانەوەمدا فۆرد بەو پەڕی جوامێری لەتەک سیاسەتەکەمان وەستایەوە و پشتگیریی لێ کرد، دوو کۆبوونەوەی لەگەڵم ئەنجامدا بۆ گوێ گرتن لە ڕاپۆرتەکەم، لە ١١ی ئایاریش کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی کرد، کۆی دید و بۆچوونەکانی لەسەرگەشتەکەم بەم شێوەی کورت کردەوە:

پێم وایە، هەروەکو پێشتر هنری پێی ڕاگەیاندم و ئێستاش درێژەی هەیە، ئێمە خەسڵەتی تودنڕەویمان لەسەر ئەفریقیا ڕاگرت، ئێستاش دەرگامان بەرەو ئاڕاستەیەکی ئەرێنی کردۆتەوە.

بەیانییەکەی سەرۆک فۆرد داوای سەرکردەکانی هەردوو حزبی کرد بۆ کۆبوونەوە لە کۆشکی سپی، کۆبوونەوەکەی بەم شێوە کردەوە:

لە ئەنجامی ڕوادوە ناخۆشەکانی ئەنگۆلا، دۆخی ئەفریقیای باشوور بە پەلە بەروە کارەساتێک دەچوو. بەو هۆیەوە ئێمە تەنگەتاو دەبێن لەوەی دەوڵەتانی توندڕەو چالاک و زیاد دەبن. بیرم لەوە کردەوە دەبێ کارێک بکەین، دەبێ هەندێک پێشنیار بکەین بۆ سەقامگیری ناوچەکە، سەرەتا کارمان لەسەر ڕێگری لە هەوڵەکانی یەکێتی سۆڤیەت و کوبا کرد، پێمان وابوو ئەگەر ئێمە دەستەوەستان بین، ناوچەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری یەکیتی سۆڤیەت و کوبیەکان. من دەزانم هەندێک ڕەخنە لەسەر کاتی سەردانییەکەی وەزیر هەن، بەڵام من وای دەبێنم نابێ سیاسەتمان بخەینە بەر گرەوی بەستەلەکی چوار سالە، نابێ ئەمریکاش بە جیهان بڵێ لە کاتوساتی هەلمەتەکانی هەڵبژاردن ئەمریکا پشت لە کارەکان دەکا. من حەز دەکەم بە پێی پیویست و ئەرکەکانی سەرشانمان کار بکەین و هەنگاو بنێین.

کاتێک جۆن ئوزبورون وتارێک لەسەر گەشتەکەم لە (نیوربیلبیک) لەسەر گەشتەکەی ئەفریقیام بلاو دەکاتەوە، یەکێک لە یاریدەدەرانی سەرۆک پەیوەندیی پێوە دەکا. ئوزبوون بەم شێوە باس دەکا:

یەکێک لە کەمە خەسڵەتەکانی دڵ و دەرون بەهێز دەکا، پشتگیری کردنی سەرۆکە بە هنری کیسنجەر. لە نوسینێکی دیکەیدا دەنوسێ کۆتایی ئەو نوسینەم یاریدەدەرێکی سەرۆک گەیاندویەتە دەست هنری کیسنجەر بە ڕاسپاردەی فۆرد. ئەمە وایکرد پشتگیریەکانی فۆرد بۆمن ببێتە پابەندی و ئیلهامی کارەکانم، ئێمە هەنگاوی یەکەممان هاویشت ئەو کەسانەشمان ڕێکخستن کە سوود لە سیاسەتمان وەردەگرن.

هانمانی سەرەڕۆیی سیاسیمان دان، سەرەڕۆیی دانوستان. ئەو ئەوروپیانەی قوربانیان لە ئەفریقیا دەدا، بە تەواوەتیش لە باشووری ئەفریقیا، دەبێ دواتر گوێ لەوان ڕاگرین.

٣١

# بەرەو حوکمی زۆرینە لە باشووری ئەفریقیا

## باشووری ئەفریقیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

بڕواکان وابوون کە کەمینەی سپی پێستەکان لە باشووری ئەفریقیا پێویستیی بە خۆگونجاندن هەیە تا لەگەڵ تەوژمی گۆڕانکاریەکان بێنەوە، (ئەمە بە گوتەی هارولد ماکمیلان) گوایە ئەمە تەحەددایەکی دەرونییە زیاتر لەوەی تەحەددایەکی دبلۆماسی بێت. لە کۆتایی ڕێگاکە نەخشەمان دادەڕشت، بەڵی دانیشتوانە ئەوروپیەکانی ڕۆدیسی ناتوانن دوارۆژی سیاسییان دابینکەن بەڵکو لە ماوەیەکی دوور بتاونن دوارۆژی ئابووریان دابین کەن. بۆ ئەنجام دانی ئەم ئەرکە دوو سەرچاوەمان لەبەر دەستە:

پشتگیری کردنی باشووری ئەفریقیا بۆ ئەنجام دانی گۆڕان لە ڕۆدیسیا و نامیبیا. ئەمە ئەگەر توانیمان بگەینە ئەم ئامانجە وهەڵوێستەکانی ئیدارەی فۆرد سەبارەت بە مافی مرۆڤی کەمینەی سپی پێست کە دەکرێ پشتیان پێ ببەسترێ پێویستیی بە هاوکاریەکانی باشووری ئەفریقیا و پشتگیریەکانی ئەمریکایە.

ڕودیسیا و نامیبیا کەوتنە ژێر بەرپرسیارێتی باشووری ئەفریقیا، دانیشتوانی باشووری ئەفریقیا حەزیان لەو گۆشەگیریە نەبووو بەهۆی حوکمڕانی کەمینەی سپی پێستەکانەوە خراوەتە سەریان لە ڕۆدیسیا کە هیچ وڵاتێک دانی پێدا نەناوە.

ئامادە بوون بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە نامیبیا. ئەفریقیە باشووریەکان لە بیرکردنەوەدا وشیارتر بوون، بەوەیان دەزانی کە ئەم شالاّوەی گۆڕانکاری ناوەستێ، هیچ بیرۆکەیەکیان نەبووو لەسەر مامەڵە کردن لەگەڵ شۆڕشگێڕان،

تا ماوەیەکی دوور و درێژ گۆشەگیر مانەوە بەڵکو دیل و ئفلیج بوون، هەر بە کاریگەری ئەو گۆشەگیریە بوو بەو چارەسەریە ڕازی بوون کە من پێم دان بەرانبەر بە هاوکاریان لە پرسی ڕۆدیسیا و نامیبیا: ئەمە ئەو کاتە بوو کە دەتوانن هەمووو کێشەکانیان چارەسەر کەن لە هەموو گفتوگۆکانیان دا لەگەڵ بەرپرسان لەوانە لەگەڵ سەرۆک وەزیران (فۆرستەر). من جەختم لەسەر ئەو بنەمایانە دەکردەوە کە لە لۆساکا لەسەر باشووری ئەفریقیا ڕامگەیاندبوو. دوای گەڕانەوەم لە ئەفریقیا بە ماوەیەکی کورت لە ١٤ی ئایاری ١٩٧٦ باڵوێزی ئەمریکا (روبلیوف)م ئاگادار کردبۆوە کە پێم وایە مێژوو لە دژی ئێوەیە. بەڵام لانی کەم دەمانەوێ کات بکڕین، پرسی ڕۆدیسیامان لە پرسی باشووری ئەفریقیا جیا کردەوە، بەمەش دەتوانین مامەڵە لەگەڵ باشووری ئەفریقیادا بکەین، ئەگەر ڕۆدیسیا پەلە لە کێشەکان نەکا.

بۆی هەیە ئەمە ئاماژەیەکی بچوک بێت بەڵام هاندانێکی باش بوو بۆ ئەنجام دانی دانوستان لەگەڵ باشووری ئەفریقیا هەرکە پەیوەندیمان بەوان و بە ڕۆدیسیەکانەوە کرد بۆمان دەرکەوت کە ئیدارەی ئەمریکی ئیدارەی هێرشی نەکردۆتە سەر کەسایەتی ئەوان وەکو تاک:

بەڵکو بەهۆی قەیرانەکانیانەوە لەگەڵیاندا هاوسۆز بووین. ئەو هێرشانەی دەکرانە سەرمان لە ئەنجامی یا بە بیانوی سیاسەتی هاوسەنگیمانەوە بوو نەک مامەڵەمان لەگەڵ کەمینەی سپی پێست، ئێمە لە ئاستی ئەوەدا نین لەسەر هەلەکانیان یا هەڵەی باوکیان سزایان بدەین، هەروەکو زۆر لە ڕەخنەگرانیان وایان پێ دەوتن، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئێمە مەبەستمان هاوکاری کردنیان بوو. چونکە بەبێ چارەسەریەکی سیاسیيانە بەڵکو چەند سالێکی دیکە بەم شێوە لە ئەفریقیا بمێننەوە، دەبێ ئەوە بزانن کە مامەڵە کردنیان لەگەڵ زۆرینەی ڕەش پێست کارێکی بنەڕەتیە، کاتێکیش من و فۆرد باسی مافی کەمینەی سپی پێستمان دەکرد مەبەستمان پرسێکی سیاسی بوو نەک دادوەری.

ئێمە لەژێر فشاری ناوەخۆ کار ناکەین بەڵکو لەسەر بنەمای بڕواکانمان کار دەکەین.

هەرکە دەستمان کرد بە مامەڵەکردن لەگەڵ باشووری ئـەفریقیا، نامیبیـا پرسـی ڕۆدیسیای وەکو پرسیکی سیاسی خستە ڕوو. پێشتر ڕۆژئاوای ئەفریقیای ئەلمـانی بـوو، دەکەوتە سـەر بەرزاییەکـی نێـوان دوو دەشـتایی. دانیشـتوانەکەی کە ٨٥٠ هەزار کەس بوون (ئێستا دوو ملیۆنن) پێکهاتەیان تێکەڵاو بـوون لە ٤٥% لە هـۆزی ئوفـامبۆو بـوو کە لە هەردوو لایەکەی سنوری ئەنگۆلا نیشتەجی بـوون، ئەوانـی دیـکە لە ٩ هـۆز پێـک هاتبوون، بە پێی بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە کۆتایی جەنگی یەکەمـی جیهـانی بە باشووری ئەفریقیا سـپێردرا . لە ١٩٤٦ لە کۆتـایی جەنگـی دووەمـی جیهـانی باشـووری ئەفریقیا بە نەتەوە یەکگرتووەکانی ڕاگەیاندوە کە دەیەوێ بخرێتە سەر سـنورەکانییەوە. هەرکە نەتەوە یەکگرتووەکان داواکەیان ڕەت دەکاتەوە، کێشە دەکەوێـتە نێـوان باشـوور ئـەفریقیا و نەتەوە یـەکگرتووەکان مـاوەی چـوار دەیە درێـژەی دەبـێ، لە مـاوەی نێـوان ١٩٦٦ تا ١٩٦٨ ژمارەیەک بڕیاری دەرکـرد لە نێویانـدا سـپاردنی ڕۆدیسـیا بە باشـووری ئـەفریقیای کۆتـایی پێهێنـا، وەکـو دەسـەڵاتی دادوەری ئەنجـومەنێکی پێکهێنـا لە ١١ دەوڵەت لە پێناو نامیبیا، کاردانەوەی باشووری ئەفریقیا بۆ ئەم بڕیارە ئەوەبوو خسـتیە سەر خاکی خۆی و کردی بە پارێزگایکی باشووری ئەفریقی.

لە ١٩٧١ دادگای دادوەری نێودەوڵەتی کۆتایی بە سپاردنی ڕۆدیسیا بە باشووری ئەفریقیا هێنا، لە ١٩٧٢ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەنگی بۆ سزادانی ئەفریقیای باشـوور دا، هەریەک لە ئەمریکـا و بەریتانیـا و فەرەنسـاش دەنگیـان دا، لە کۆتـایی شەستەکان بزوتنەوەیەکی پارتیزانی دادەمەزرێ زۆربەیان لە هـۆزی (ئۆفـامبۆ) بـوون لە بـاکور، بـزوتنەوەی (سـواپۆ ) (ڕێکخـراوی باشـووری ڕۆژئـاوای ئـەفریقیای میللـیە) بزوتنەوەیەکی بەرگریی چەکداریە.

کاروانە دبلۆماسیەکە لەگەڵ سیناریۆیە نمونەییەکانی هـەمووو شـێوە خەباتەکـان دەهاتەوە کە لە پێناو سەربەخۆیی دابوون: وردە وردە سوک کردنی حـوکمی داگیرکـاری بەئومێدی ئەوەی ئەو دەسەڵاتەی زاڵە بتوانێ درێـژە بە حـوکمڕانیی بـدا. لەگەڵ ئەنجـام دانـی دانوسـتانەکان بە نیـازی دوورخسـتنەوەی پارتیزانەکـان. لە سـەرەتای حەفتاکـان باشووری ئـەفریقیا ڕازی دەبـێ لەسـەر پێـدانی مـافی ئۆتۆنـۆمی بە نامیبیـا، بەڵام ڕازی

نەبووو مامەڵە لەگەڵ (سواپۆ) بکا بەهۆی خەباتی چەکداریی. کۆنگرەیەک لە وبنـدهوک بەسترا پایتەختی نامیبیا بۆ مەبەستی دانانی پڕۆژەی دەستورێک، بۆ ئەم مەبەستە داوا لە هۆزی جۆراو جۆر کرا نوێنەریان بنێرن، تەنها داوا لە سواپۆ و نەتەوە یـەکگرتووەکان نەکرا بەشداری بکەن.

لە ١٩٧٦ کە بە گەرمـی کـارم لەسـەر پرسـی نامیبیـا دەکـرد هێزەکـانی کـوبی لەوپەری ئامادەباشـیدا بـوون لە سـەر سـنورەکانی ئەنگـۆلا و زامبیـا و مۆزەمبیـق و تەنزانیا، لەگەڵ پشتگیریان لە ( سواپۆ)، بۆیە هەستم بە مەترسیەکی ئەوتـۆ نەکـرد لە سنورەکانی پارتیزانان.

ئەنجـومەنی ئاسایشـی نێـودەوڵەتی ڕۆژی ٣١ی ئـابی وەکـو دوا وادەی سـپاردنی نامیبیـا بە ئـەفریقیای باشـوور دانـابوو. ئەگەر جێبەجـێ نەکـا ئەوسـا سـزای بەسـەردا دەسـەپێنێ، ئەگەر ئەمەش کـرا دەوڵەتـانی ئـەفریقی پشـتگیری لە سیاسـەتمان دەکەن سەبارەت بە باشووری ئەفریقیا، ئەگەر ئێمەش ئەمە نەکەین ئەوسـا مەترسـی دەکەوێـتە سەر مـامەڵەکردنی باشـووری ئـەفریقیا لەگەڵ پرسـەکانی دەوڵەتـانی ئـەفریقی، بـۆیە لە گەشتی ئەفریقیامدا پێشـینەم بە نامیبیـا داو داوام لە باشـووری ئـەفریقیا کـرد کـاتێکی زووتر دیاری بکا بۆ سەربەخۆیی.

بە پێچەوانەی ئەمە باشووری ئەفریقیا ببووە قەلای ڕەگەز پەرستی (ئەپارتایز)، وەکو کلیلی حوکمی زۆرینە دەبێنرا. هـەمووو سـەرکردە ئـەفریقیە ڕەشپێسـتەکان زۆر بە توندی ڕەخنەیان لێ دەگرتین . هەمووشیان هانیان دەداین بۆ گفتوگۆ لەگەڵ باشووری ئەفریقیا. کەچی ئەو باشوورەی ئەفریقیا وەکو دوژمنی ئازادی ئیدانە کـراوە، سـەلماندی کە ئومێدەکان بەرەو پـێش دەبـا بـۆ حـوکمی زۆریـنە. سـەرکردە ئـەفریقیەکان ڕێگەیـان پێدااین کە ئامۆژگاریان بکەیـن بـۆ ڕێگـایەک کۆتـایی بە کۆتوبەنـدەکان بێنـێ، سـەرەڕای ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکانیان پێداگریان لەسەر کردبوو.

ئەمەش نیشـانەی ئەوەیە ئامـادەن ئەو کـارە بـکەن کە بە درێژایـی سـێ سـەدە لەوەتەی کالفیبیەکان بۆ یەکەمین جار گەیشتنە ئەو شوێنەی پێی دەڵێن ( ڕاس الرجاء الـ×ـالح) کە ژیـانێکی دوور لە شـەری ئـاینی لە ئەوروپـا دەسـت پێـبکەن لە سـەدەی

حەڤدەهەم. بە شێوەیەک ڕەگەزایەتیان لەگەڵ خۆهێنا کە پشتیان لە هەمووو بزوتنەوەکانی گۆڕانی ئەقلانی کرد لە ئەوروپا. بە دابڕانیان لە نیشتمانی دایک خەمخۆری میراتی ئەقلانیی سەردەمی ڕۆشەنگەری یا سیستەمی دیموکراسیی شۆڕشی فەرەنسی نەبووون. بە شێوەیەک پابەندی ناسنامە بوون، کاتێک بەریتانیا (کاب بروفینس) خستە پاڵ خۆی لە کاتی شەڕی ناپۆلیۆن، نزیکەی هەزار میل بۆ باکوردوور کەوتنەوە. وەکو تاکەکەس ئەم هەڵوێستەیان نەنواند بەڵکو سەرجەم گەل نواندی، لەگەڵ خۆیاندا خوێندنگا و کەلیسا و سەرجەم دام و دەزگا حکومیەکنیان بارکرد. لە نیشتمانە نوێکەیان مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵدا کردن ڕەش پێستەکان بە گەورە و مەزنی خۆیانیان دانان.

گۆشەگیری ئەفریقیەکان درێژەی نەبووو، دۆزینەوەی زێڕ بازرگان و گەڕیدەکانی بەریتانیی بە خاکی ئەوانی تامەزرۆ کرد. بەڵام (بویرەکان) کە کەمتر ڕووبەڕووی دۆستە ئەوروپیەکانیان بوونەوە لەوەی ئەفریقیەکان، بەرگریان لەو لێشاوە کرد بەو هۆیەوە شەر لە نێوان کۆمارە بچوکەکانی بویرەکان و ئیمپراتۆریەتی بەریتانی دروست بوو.

شکست کۆتایی بە پەرتەوازەی ئەفریقیەکان هێنا. بەڵام گۆشەگیری ڕوحیانی تێک نەشکاند. . دوو ڕەچەلەکە سپی پێستەکەی لە نێو ڕەش پێستەکان دەژیان، بە جیا و لەیەک دوور دەژیان، بەریتانییەکان کە مایەی ناکۆکیی بوون، زیاتر لیبرال و دوور کەوتە لە ئەفریقیەکان بوون، وەکو نەریتیان بە داگیرکەر مانەوە، دەستیان بە کولتوور و نەریتی نیشتمانی دایکیانەوە گرتبوو. ئەفریقیەکان یەکگر بوون ڕاست یا هەلە نیشتمانی خۆیان بوو، چونکە هیچ دونیایەکی دیکە نەبووو بۆی بچن بۆیە لەو دونیایە دابڕابوون.

لە ١٩٤٨ سەرژمێری دیموگرافیی سپی پێستەکان، کە تەنها ئەوان لە بەرژەوەندی ئەفریقیەکان مافی دەنگ دانیان هەبوو، کەچی ڕەگەز پەرستی بە تێگەیشتنی ئەمریکی لە هەمووو کون و کەلێنێک هەبوو .

بویرەکان کە بەسەر دەسەڵاتدا زاڵ بوون یاسای نادادپەروەریان دادەنا، دانیشتوانێک ژمارەیان ٣٠ ملیۆن کەسە دانێشتوی (سکاب) نەوەی هگوتینتوت لە دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ئەو وڵاتەن لە مافی دەنگدانیان بێبەش کردبوون. بەهەمان

شێوە ڕەگەزێکی هیندی ژمارەیان یەک ملیۆن بوو ئەوانیش بێبەش کرابوون، ڕەش پێستەکانیش بە هەمان شێوە بێبەش بوون لە دەنگدان، یاسای دیکەی نادادپەروەر تێیدا هاوسەرگیری لە نێوان ڕەگەزەکان دیاریکرابوو لەگەڵ یاسای کار و ڕێکخستنی بژێوی سنوردار کردنی ئازادی بۆ دانیشتوانی نا سپی پێست، سیاسەتی (ئەپارتید) واتە جیاکردنەوەی ڕەگەزی واتە بێبەش کردن.

زنجیەکان (رەشپێستەکان) دەبووایە بە زۆرەملێ لە پانتاییەکی جودا بژین کە شایستەی ژیان نەبووو. کەمترین چاودێری تەندروستی و خزمەتگوزاری پەروەردەیی تیادا بوو. لە کاتێکدا ئاستی ئەو جۆرە خزمەتگوزاریانە لە ناوچەکانی دیکەی ئەفریقیا لە ئاستێکی باشدا بوو.

سیاسەتی ئەپارتاید دژی بنەماکانی دیموکراسیی ڕۆژئاوا بوو، ڕێگەدانیان بە ژمارەیەکی کەمی سپی پێست زۆرینەی ڕەشپێست بچەوسێننەوە و بە دڕندەیی بەکاریان بێنن، سەلمێندرا کە لەگەڵ بنەما و دۆخەکانی ژیانی سەردەم نایەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک من لە ١٩٦٢ وەکو مامۆستای زانکۆ چومە باشووری ئەفریقیا بۆ وانە وتنەوە کە لەلایەن کەلیسای لۆسەری ئەوروپی ئامادە کرابوو، بڕوام وابوو ئەم خاکە جوانە نابێ بە کارەسات بگا، هەروەکو ئەقل و مێژوو وا بیری دەکردەوە، بیرکردنەوەم وابوو کە ئەو ئەفریقیانەی ئێستا ستەمیان لێ دەکرێ دەبێ وڵات بگێڕن.

لە هەڵوێستەکانم لە دژی سیاسەتی ئەپارتاید دوو دڵ نەدەبووم، لە هەر خولێکی دانوستانەکاندا لەگەڵ سەرکردەکانی باشووری ئەفریقیا سیاسەتی ئەمریکام پێیان ڕادەگەیاند لە دژایەتی ئەم جۆرە ڕەفتارانەیان، ڕێگەم پێنەدەدان دەرفەتی ئەوە وەرگرن بڵێن کێشەکە لە خۆیەوە چارەسەر دەبێ. لە ٢ی ئابی ١٩٧٦ و لە گەرمەی دبلۆماسییەتمان تایبەت بە باشووری ئەفریقیا، لە گوتارێکمدا کە بۆ کۆمەڵەی مەدەنیم دا لەبەر دەم کۆنگرەی نیشتمانی و بە تەنیا بە سەرکردەکانی باشووری ئەفریقیاشم وت :

کەس ناتوانێ بە سەرکردەکانی ئەفریقیای ڕەش پێستیشەوە، ڕێگری لە مافی ئەفریقیە باشووریەکانی سپی پێست بکا لە ژیان لەسەر خاکی نیشتمانیان، ئەوان داگیرکەر نین، ئەوان ماوەی ٣٠٠ ساڵە لەسەر ئەم خاکە دەژین، بەڵام پێکهاتەی ناوەخۆی باشووری ئەفریقیا تەقیوەتەوە لەگەڵ هیچ دەستەواژەیەکدا ناگونجێ.

ڕەگەز پەرستی پەتایە تووشی گەلێک نەتەوەی دونیا بۆتەوە، بەڵام باشووری ئەفریقیا بەتەنیا تووشی ئەو جیاکاریە بووە کە خۆی دایهێناوە جیاوازی لە نێوان ڕەگەزەکاندا دەکا .

ئەمریکا بۆ بڕواکانی وەفادارە. هەمووو هەوڵەکانی دەخاتە گەر بۆ هاندانی گۆڕانی ئاشتیانە و کۆتایی هێنان بە دۆخەکانی نایەکسانی.

بە دروستی ئەمە ئەوە بوو کە داوام لە باڵوێزی باشووری ئەفریقیا کردبوو لە ١٤ی ئایاری ١٩٧٦. کە لە قۆناغی دووەم دەست بە ستراتیژیەتی ئەفریقیا بکا.

لە ماوەی یەک هەفتە لە گەڕانەوەمدا داوای چاوپێکەوتنی سەرۆک وەزیرانی باشووری ئەفریقیا یا وەزیری دەرەوەم کرد. باشتریش ئەوەیە چاوپێکەوتنەکە لە ئەوروپا بکرێ. من کاتەکەم بە کراوەیی جێهێشت، ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوو هیچ وەزیرێکی ئەمریکی زاتی ئەوەی نەکردووە لەگەڵ بەرپرسانی باشووری ئەفریقیا دنیشن، بەڵام بۆ چارەسەری کێشەکانی ئەفریقیا من ئەمەم کرد بەو مەرجەی دەوڵەتانی دەوروبەر لە دەوڵەتانی بەرەنگاری بە حوکمی زۆرینە ڕازیبن، ئەم چارەسەریە ئومێدێکی بەخشی کە کێشەی ڕۆدیسیا و نامیبیا بەو ڕێگایە چارەسەر بکرێ. فۆرد خۆی لە هەلمەتی هەڵبژاردن لە مشیگن کاریگەری ئەم هەنگاوەی باس لێوەکرد:

من هەندێک توانام لێ دیارە کە جوڵەی بۆ دەکەین، ئەگەر ئەم قۆناغە ببڕین بەدووری نازانم چاوم بە سەرۆکانی ڕۆدیسیا و باشووری ئەفریقیا بکەوێ. ئاماژەدانی بە سەرۆکی دانپێدانەنراوی ڕۆدیسیا (ئەیان سمیث هەلەیەکی بە ئەنقەست نەبووو، ئەم جۆرە دەستەواژانە بۆ ئێمەمانان لە ئەفریقیا ئاسایی بوو بەڵام بۆ کەسێکی وەکو فۆرد بە هەند وەردەگیرێ، هەر لەو گوتارەیدا فۆرد جەختی لەسەر مافی کەمینەی سپی

پێست کردەوە: هەر شتێک بکەین لە پێناو کەمکردنەوەی ستەم و زۆرداری لە پێناو مسۆگەر کردنی مافی کەمینە، خزمەتێکی بەرژەوەندیەکانی هەمووو دونیا دەکا.

سەرۆک وەزیران ئەیان سمیث بڕیاریدا لە یانەی ڕۆژنامەنوسان لە کیپ تاون وەڵامی فۆرد بداتەوە، بە زارەکی بڕیاری لەسەر ئەنجامدانی گفتوگۆ و دۆزینەوەی چارەسەریدا لە ڕۆدیسیا و نامیبیا . ئەمە بووە هاندەر و ڕێخۆشکەرمان بۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەک لە ئەڵمانیا لە مانگی حوزەیران.

## دیدار لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی باشووری ئەفریقیا

لەو ماوە هەوڵماندا لەسەر سیاسەتمان هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانە ئەوروپیەکاندا بکەین. بەتایبەتیش بەریتانیا، لە میانی کۆبوونەوەی هاوپەیمانان لە ٢١ی ئایار لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا. لە پەراوێزی کۆبوونەوەکانی وەزیرانی دەرەوەی هاوپەیمانی ناتۆ، پشتگیریم لە پێشنیاری جیسکار دیستان کرد بۆ دامەزراندنی سەندوقی بوژانەوەی ئەفریقیا.

ڕەزامەندی لەسەر پێشنیارەکەی فەرەنسی ئەو توانایەمان پێدەبەخشێ لە چوارچێوەی سیاسەتەکاندا سۆزی هاوپەیمانانمان بەلای خۆماندا بکێشین. چاودێری پسپۆر پێی باش بوو لەسەر ئاستی جێگرانی وەزیر لیژنەیەک بۆ بەدواداچوون و دیراسەکردنی پێشنیارەکانی فەرەنسی پێکبهێندرێ. هەڵوێستەکە ئاماژەی ئەوەی دەدا کە زۆربەی هاوپەیمانان پێیان باش بوو هەڵوێستێکی یەکگرتوی ئەوروپیمان لەسەر ئەفریقیا نیشان نەدەین، هەرنەبێ ئێستا، بۆئەوەی خۆیان بژاردەکان بە پێی بەرژەوەندی نیشتمانیان دەست نیشانکەن، لە کۆتایی پێشنیارەکەی فەرەنسی دوای گۆڕانی ئیدارەی ئەمریکی لەسەریەک هەڵوێستی ڕۆژئاوا لە خشتەی کارەکانی ناتۆ دەرهێندرا.

لە ٢٦ی ئایار لە لەندەن لە بارەگای سەرۆک وەزیران لەکاتی کۆبوونەوە لەگەڵ فۆرستەر چاوم بە کالاهان و کروسلاند کەوت بۆ چۆنییەتی بەدواداچوونی دبلۆماسی لەسەر باشووری ئەفریقیا. بەریتانییەکان پێیان وابو ئەوهەوڵەی بەریتانیا تێیدا سەرکەوتوو نەبووو، ئەمریکا سەرکەوتوو دەبێ. گومانیشیان لە هاوکاری فۆرستەر هەبوو. وا پێدەچوو لەوەش دڵخۆش بن لە ئەگەری گەیشتنیان بە ڕێگەیەکی داخراو، تەنها بەریتانییەکان خاوەنی شارەزایی و بنەمای یاسایی بوون بۆ مسۆگەر کردنی گرەنتی بۆ کەمینەکانیا یا بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی بەر لە دروست بوونی حوکمی زۆرینە، هانی کالاهانم دا هەمان ئەو ڕۆڵە ببینێ کە لە ٢٢ی ئادار پێشنیارم بۆی کرد بوو، بەڵام کالاهان بە ساردی وەڵامی دایەوە، گوتی نامەوێ شکست بێنم، تۆش باسی پرسەکەی ئێستا دەکەیت، ئەوەی درەنگتر بێت ئەو دەبێتە خاوەن لایەنگری زۆرتر.

دوودڵی کالاهان سەرچاوەی لەوەوە گرتوە کە دوای ئەو پرۆسە بەریتانیا لە کۆلۆنیالەکانی دەسەڵات و لایەنگریی لاوازبێ، یا بەهۆی یەکهەڵوێستە حزبی کرێکارانەوە بوو. باڵی چەپی حزب لە ژێر فەرماندەی مایکل فوت کە دژی ئەیان سمیث و باشووری ئەفریقیا بوو بەهۆی پرسی ڕەوشتیەوە. هەروەها دژی فشار خستنە سەر هاوری ئەفریقیەکانی بوو کەواتە بەبی ئەو هاوڕێیانەی دانوستانەکان نەدەکرا. هەرکە کالاهان کەوتە نیوان سمیث و فوت، داوای لە من کرد گەشتێک بۆ ئەفریقیا بکەم وەکو هەوڵێکی دیکەی ئەمریکی، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی و کروسلاند ڕازی بوون لەسەر پێکهێنانی تیمێکی هاوبەشی ئەمریکی و بەریتانی لە گەورە فەرمانبەران بۆ بەدواداچوونی ئەم پرسە.

لە چاوپێکەوتنم لەگەڵ فۆرستەر لە ٢٣ی حوزەیران، دۆخی باشووری ئەفریقیا هەڕەشەی لە هەوڵە دبلۆماسیەکان دەکرد لەو وڵاتە کە شکست بێنی. لە ١٦ی حوزەیران لە تەنیشت جوهانسبورگ شەڕ و پێکدادان لە شاری سویتوی ڕەش پێستەکان دەستی پێکرد، هۆکاری کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ مانگەکانی ڕابردوو لەسەر فێرکردنی مندالانی ئەفریقی بە زمانی ئەفریقیانی کە شەرو پێکدادانی لێ ڕوودرا ٤٠٠ کەسی لێ

بووە قوربانی زۆربەیان منداڵی خوێندکار بوون. بەهۆی ئەم ڕووداوە سەردانیمان بووە کارێکی پێویست، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیارێکی دەرکرد تێیدا ئیدانەی کارە توندو تیژیەکانی باشووری ئەفریقیایکرد، لەگەڵ بێ باک بوونی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم ڕەفتارانەی پێشێلی مافی مرۆڤ کە کەوتونەوتە ژێر پاریزبەندی نەتەوە یەکگرتووەکان. لە وتەی نوێنەرمان لە ئەنجومەنی ئاسایش ئەلبیرت شیر لە ١٩ی حوزەیران:

باشووری ئەفریقیا بە سیاسەتی (ئەپارتاید) ڕەگەزپەرستی ناسراوە کە پێشێلی مافەکانی مرۆڤە، بەڵام بێ ویژدانییە بەڵکو بەدگۆییشە ئەگەر بڵێین تەنها ئەو وڵاتە سیاسەتی ڕەگەز پەرستی پیادە دەکا. بەر لە سەردانیم بۆ باشووری ئەفریقیا کۆبوونەوەم لەگەڵ سەرجەم باڵوێزانی ئەفریقیا کرد کە نوێنەرایەتیان لە واشنتۆن هەیە. هەروەها چاوم بە لیژنەی دەرەوەی کۆنگرێسیش کەوت، هەردوو گروپ ڕەزامەندییان لەسەر دیداری فۆرستەریان دا، لە ٢٢ی حوزەیرانیش واتە یەک ڕۆژ بەر لەوەی دیدارەکە ئەنجام بدەم دۆخەکەم بۆ وەزیرانی دەرەوەی فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیای فیدرال لە پاریس باس کرد. زامبیا بۆ یەکەمین جار بوو ڕێگەی بە پارتیزانەکان دابوو بنکە و بارەگایان لەسەر خاکی دروستکا، وێڕای ئەمە ڕێگەی پێدابوون لەوێوە هێرش بکەنە سەر ڕۆدیسیا کە بە درێژایی ٦٠٠ میل سنوری هاوبەشیان هەبوو.

ئەگەر ئەم دۆخە ئاڵۆزە بەردەوام و پەرە بسەنێ دوور نییە کاوندا هەوڵەکانی لەبەین بەرێ بەڵکو دەسەڵاتەکەشی دەکەوێتە مەترسی، چونکە ئەوکات گروپە پارتیزانەکان داوای هاوکاری لە دەرەوە دەکەن هەروەکو لە ئەنگۆلا ڕوویدا. هاوپەیمانانمان ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ هەوڵی مرۆیی و هاوکاری لە پێناو گواستنەوەی دەسەڵاتی زۆرینە و خەرجی کەمینە ئەورووپیەکان.

هەرکە فورستەر بڕیاری کۆبوونەوەیدا هەریەک لەراوێژکار شمیدت و گینشەری وەزیری دەرەوە بە دڵخۆشیەوە پێشوازیان لەو بڕیارە کرد و شاری هەمبۆرگیان بۆ کۆبوونەوەکە دەستنیشان کرد، هەرکە دیموکراتخوازە بێگانەکان بەوەیان زانی خۆپیشاندانیان دژی ئەو کۆبوونەوە ئەنجامدا، بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆبوونەوەکە

گواستیانەوە بۆ باڤاریا کە لەسەر سنوری چیک و لەسەر لێواری بوهیمایە چونکە خۆپیشاندەران ناگەنە ئەو شوێنە، هەرچەندە ئەمە پێشێلی پرۆتۆکۆلی دانیشتنە فەرمیەکانە چونکە دەبێ پێشتر بەو گواستنەوە ئاگاداری بەشداربوان بکرێ بەڵام دواجار بەو دوورخستنەوە ڕازی بووین.

لەم ناوچە دواکەوتوە دەستکەوتنی دوو ئوتێل کارێکی ئاسان نەبووو بۆیە ئوتێلەکەی من و فۆرستەر ۳۰ میل لەیەک دوور بوون، هەردوو ئوتێلەکە بە پۆلیس دەوریان درابوو لەبەر خۆپیشاندەران، وێڕای ئەم دووریەش هەندێکیان هەر ئامادە دەبن بەڵام دەنگی نارەزاییان بە ئێمە نەدەگەیشت.

شاندی ئێمە بە ئۆتۆمبێلێکی پارێزبەند گەیەندرایە ئوتێلی بودینمیس، خۆشبەختانە فۆرستەر و شاندەکەی لەوێ دڵخۆش بوون.

دیرۆکی فۆرستەر کەسێکی توند بووە چونکە ماوەی دە ساڵ وەزیری داد بووە بەو پێیەبی خۆی بەرپرسی یەکەم بووە لە سزادانی (تێکدەران)، بەڵام لەوەتەی بۆتە سەرۆک وەزیران نیان بووە. نەختێکیش کراوە بووە هەوڵی پەیوەندی دەدا لەگەڵ دەوڵەتە ئەفریقیە دراوسێکانی.

داوام لە فۆرستەر کرد کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بکەین، شاندەکەشمان بە بابەتە هونەریەکانی کۆبوونەوەکە و ئەو ڕێکارانەی پرسی ئاسایشی ئابووریی کەمینەی ئەوروپی لە ڕۆدیسیا پتەو دەکا خەریکبن.

وەکو هەمووو جارێک کۆبوونەوەکەمان بە خواردنەوەی چایە و دەستکردن بە گفتوگۆی فەلسەفی لەسەر بابەتەکە دەستی پێکرد، گوتم لەگەڵ کەسایەتیەک کۆدەبێنەوە کە جەنابێ فۆرستەر ئەوەی خەم لە خۆشبەختی و پێشوەچوونی وڵاتەکەی دەخوا، وەکو سەرکردەیەک لەگەڵیدا دادەنیشین کە بەرپرسە لە چارەنوسی کۆمەڵگاکەی.

فۆرستەر چارەنوسی وڵاتەکەی بە چارەنوسی ڕۆدیسیا و نامیبیا بەستبۆوە، بەم شێوەیەش بێ ئەنجامەکەی ئاڵۆز دەبێ. بەڵام ئەنجامەکەی دەبێ حوکمی زۆرینە لە ڕۆدیسیا دوور نەخرێتەوە. هەر چۆنێکی بێ دەبێ پرسی باشووری ئەفریقیا بە

نێودەوڵەتیبکرێ، ئەگەر ئەمە  بکرێ هـەمووو دەوڵەتـانی دونیـا لەگەڵ ئەمریکـا بەشـدار دەبن لە پشتگیری کردنی چارەسەری دیموکراسی و مافی چارەی خۆنوسین.

لە ڕوێکی ترەوە گوتم فۆرستەر دەتـوانی هێڵێـک لە نێـوان دەوڵەتـانی دراوسـێی بەکوریەکـان و باشـووریەکان بکێشـێ بەمەش ئەو ڕاسـتیە دەسـەلمێنی کە باشـووری ئەفریقیا تەنانەت لە ئەفریقیاش بە دەوڵەتێکی ئـەفریقی دێـتە ناسـین نەک دەوڵەتێکی داگیرکـراو جـا دۆخـی نـاوەوەی هەر چیەکـی بـێ. ئەم هەڵوێسـتە هـەمووو سـەرکردە ئەفریقیەکانی من چاوپێکەوتنم لەگەڵیاندا کردبـێ جەختیـان لەسـەری کـردۆتەوە لەگـەڵ کـارکردنی هـاوبەش لەگەڵ ئـێمەدا بـۆ چارەسـەری کێشـەکانی نامیبیـا و ڕۆدیسـیا، بەم کارەش پـێگەی باشـووری ئـەفریقیا مکـومتر دەبـێ وەکـو کۆمەڵگـایەکی ئـەفریقی.  ئەو دەرفەتەی بە فۆرسـتەرم دا دەکـرێ پشـویەکی پـێ بـداو چارەسـەری کێشـەکان بە ڕێگەیەکی ئاشتیانە بکا.

ئەم بیرۆکانەم بە هێوری خستە بەردەمی نەک بە گرژی. وەکو بژرادە و بیرۆکەی داهاتو نەک ڕابردوو، فۆرستەری زیرەک و هۆشمەند بیـری لەوە کـردەوە کە ئەم پرۆسـە لە سنوری حوکمی زۆرینە تێدەپەرێ بۆیە باشتر وایە سوودی لێ وەرگرێ بۆ چارەسەری کێشەکانی ئەفریقیا، بۆیە ئەگەر ڕازی بێ دەبێتە کاریکی پەسندکراو.

فۆرستەر خۆی و شاندی یاوەری وەڵامەکەیان بە ئۆتۆنۆمی بۆ باشووری ئەفریقیا دایەوە، گوتی زنجیرەیەک لە نیشتمانی ڕەشپێستەکان بە زنجیرەیەک لە نیشتمانی سـپی پێسـتەکان ببەسـتریتەوە و ئەوانـیش بەسـەریانەوە بەرپـرس بـن، گـوتم سیاسـەتی (ئەپارتاید) ڕەگەزپەرستی لە ئەمریکـا هەمیشـە حەزلێکـراو نیـیە، ئەوەی پێـی دەوتـرێ نیشـتمانی ڕەش پێسـتەکان ئەمەشـیان لای ئـێمە قبـوڵ نیـیە، بەڵام ئەگەر کـات لە بەرژەوەندی ئێمەدابێ دەتوانین لە ڕێگەی گفتوگۆی بەردەوام بگەینە ئەنجامێکی گونجاو.

بۆچوونی فورستەری ناوەخۆ ئەوەبوو کە ئـەفریقیەکان ڕووبـەڕووی هـەمووو جـۆرە مامەڵەیەک بوونەوە لەگەڵ زل هێزەکان، کارەکانیـان بـۆ مەیسـەر نەدەبـوو ئەگەر ناچـار نەکرابان هەمووو شتێک بکەن و دەستبەرداری دانیشتوانە سپی پێستەکانی ڕۆدیسیا ببن بەبێ ماف لە پێناو سەپاندنی حوکمی زۆرینە.

رازی بـوو لەسـەر دۆزیـنـەوەی ڕێـگە چـارەیەکی مامناوەنـدی بـۆ ڕۆدیسـیا ئەگەر خەباتی چەکداری بە زوو وەختانێک کۆتایی بێ. پێـی وابـوو جشـوا نکۆمـۆ گونجـاوترین سـەرۆکە چونکـە سـەربە هـۆزێکی بچـوکە ئەمـانیش پێیـان باشـە بەرژەوەنـدی هـەمووو هۆزەکانی دیکە مسۆگەر بکرێ تا هی ئەوانیش مسـۆگەر بکـرێ. دواتـر فۆرسـتەر گـوتی ئەم جۆرە گرەنتیانە زەرورن تا ڕای گشتی باشووری ئەفریقیا مسۆگەر بکرێ.

فۆرستەر : ماوەی سالێکی دەوێ بۆ ئەنجام دانـی ئەم بیـرکە. گـوتم :گرەنتـی کەمینە مسۆگەرە، ئێمە پابەندی دەبێن، بەڵام زووە ئەنجامەکـان لەسـەر کەسـێک بنیـاد بنێین کە لە ئەمریکا ناسراو نییە و تەنها کەمیکی لەسەر دەزانین.

لەم خاڵە من و فۆرست بە شـاندەکەمان گەیشـتینەوە بـۆ خـوانی فـراوین (نـانی نیـوەڕۆ)، داوای لـێ کـردم ڕێـگەی بـدەم نـوێژێکی بێـدەنگ لە پێنـاو سـەرەکوتنی ئەو پرسـەدا بـکەم کە باسـمان لێـیەوە دەکـرد، لێـرە گوتـەکانی بـۆ ڕاوێژکـاری سـەربازی جێهێشت.

ڕاوێژکاری سەربازی (جەنەراڵ جوهانز ڤان دین بیرگ)باسی لە پرسـی سـەربازی کرد، هەندێک بیرکردنەوەی چارەسەری سەربازیی هەبوون، گوتی بەڵکو ڕۆدیسیا بتـوانێ هەندێکی دیکە بەرگری بکا چونکـە زیانەکـانی ڕۆدیسـیا قوربانییـەکانی میلیشـیای ڕەش پێسـتەکانە. ئەگەر هێـزی ئەودیـو دەریـا نەیەت، هێزەکـانی ڕۆدیسـیا توانـای بەرگریـان هەیە. بە پێـی بۆچـوونی ئـەفریقیە باشـووریەکان هێـزی پارتیزانەکـان پشـتگیریەکان لەدەست دەدەن چونکە هێرشەکانیان بۆ سەر خەڵکانی سڤیلە، ئەمە لە ڕوێکەوە ڕاسـتە بەڵام زیـاتر بیـانوی ئەوەبـوو تـا ئەمریکیەکـان بگەیەنـنە ئەو بـڕوایە تـا چارەسـەریەکی پێویست ئەنجام بدا، وەڵامم دایەوە کە ئەمە لە ڕووی پراکتیکیەوە گونجاو نییە، نمونەی جەزائیـرم بـۆی هێنـایەوە کە فەرەنسـیەکان لەوێ ئامـادە بـوون و پارتیزانەکـانیش لە هێرشەکانیان بەردەوام بوون. جەنەراڵ لەسەر ئەم گفتوگۆیە بێدەنگ مایەوە.

لە ڕۆژی دواتر شـاندەکانمان لە ئوتێـل گرافینـو یەکتریـان بینـی و لەسـەر پرسـی نامیبیـا گفتوگۆکانیـان چـڕ کـردەوە. منـیش بە تەنیـا لەگەڵ فۆرسـتەر کۆبـومەوە و باسوخواستەکانمان لەسەر ڕۆدیسیا کردەوە، دەوڵەتانی دونیا هەمیشە دان بە دەوڵەتێک

نانێن لە کۆنگرەی دینـدهوک دانـی پێدا نرابـێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنـی کە باشـووری ئەفریقیا نـاتوانی ئەو ئامـانجە بەدی بێنـی کە دەستبەرداربوونی چـاودێری ڕاستەوخۆی نامیبیایە بەم شێوەی کە هەیە.

ڕاو بۆچوونی باشـووری ئـەفریقیا لەسـەر ڕێکخـراوی ( سـواپۆ) هەرچیەکـی بـێ، مێـژووی خەبـات لە پێنـاو سـەربەخۆیی ئەوەی سـەلماندووە کە تیرۆرسـتانی ئەمـرۆ سەرکردەی نیشتمانیی بەیانین، چونکە ئەم پرسە لە میانی ژمارەیەک لە بڕیـاری نەتەوە یەکگرتووەکان باسی لیوە کراوە بۆیە بەشداری کردنی زەرورە.

لە پێناو شکاندنی بەستەلەک، پیشنیارێکم بە سێ هەنگاو پێشکەش کرد:

١/ کۆنگرەی ویندهوک بگواسترێتەوە ژنێف .

٢/ داوای ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ وەکو چاودێر.

٣/ دواتر داوای ڕێکخراوی سواپۆ بکرێ بۆ بەشداری کردن.

دەبێ فۆرستەر ئەوە بزانی کە من پێشنیاری پرۆسەی ڕزگاربوونی ئاوی چـاوانم بـۆی کـردووە. دواتـر سـواپۆ دەبێـتە زمانحـاڵی سـەربەخۆی نامیبیـا. ئەمەش دیـارە لە ئەنجامی جیاوازیی لە ناکۆکییەکـانی نێـوان چەکدارانی دژ بە داگیـرکەر بـووە. ئیـرادەی زۆرینە لەسەر پرسی بیروباوەری بوو، ناکۆکییەکانیش لەسەر هەڵبژاردن دەبن، هێزەکانی چەکدار بێلایەن دەوەستن. حوکمە دەستوریەکان بڕیـار لەسـەر پێشبڕکیی دەنگانەکـان دەن. بە پێچەوانەی ئەمە هێزەکانی چەکداری سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانیان دەکرد. لە زۆربەی دەوڵەتە ئـەفریقیەکان کە خەبـاتی چەکـداری لێـی دەرکەوت، ئەو بڕیـار لەسـەر هەڵبژاردنەکان دەدا، بەڵکو نکۆمـۆ دەبـێ کە سـەرکردەیەکی میـانڕەوی ناسـراوە لە نـاو ڕۆدیسـیا، چونکـە هەریەک لە فۆرسـتەر وکاونـدا، زۆر بەکەمـی لەگەڵ یەکتـردا ڕێـک دەکەوتـن، بەڵام ئەو هێـزەی نـەبووو ململانـێ لەگەڵ پارتیزانەکانـدا بکـا ئەوانەی لە دەوڵەتانی دراوسێ کۆببوونەوە. هەرچەندی هێزی هەبی، ئەنجامەکـانی هـەڵبژاردن هێـزە سەربازیەکان بڕیاری لەسەر دەدەن.

هەمان شت لەسەر نامیبیـا جێبـەجێ دەبـێ، بەڵکـو ئەوەی ئـەفریقیەکان گوتیـان ڕاست بێ کە وتبویان لایەنگرانی سواپۆ لە دەرەوەی نـاوچەی ئوفـامبۆ کەم بـوون بەڵام

ئەگەر مەبەست لە دروشمی حوكمی زۆرینە، كۆتـایی هێنـان بـێ بە خەبـاتی چەكداری، ئەوكات نەوەی هەڵگرانی چەك ئەوە دەسـەلمێنن كە ئەوان ئەو توانایەیـان هەیە، ئەگەر ئەوان تاقە گروپ بن بتوانن كۆتایی بە شەڕ بێنن. ئەوان گرفت بۆ حكومەتی گواستنەوە دروست دەكەن و بنەما و ڕێنما بۆ هەڵبـژاردن دادەنـین و دەیـبەنەوە. . بـۆیە دروشـمی حوكمی زۆرینە دروشمێكی چەواشەكاریە بـۆ وەرگرتنـی دەسـەڵات لەلایەن كەسـانێك كە خەبــاتی چەكــداریان كــردووە. ئەوان خەباتیــان كــردووە و ڕەنجیــان داوە بــۆ ئەوەی دەسەڵات بگرنە دەست نەك پەراوێز بخرێن.

كۆبــوونەوەی ئاســتی بەرز بــۆ ڕەنگــدانەوەی بیــردۆزی سیاســی نیــیە، ئەم كۆبوونەوەش كە لە نێوان ئەمریكا و سەركردەكانی ئەفریقیا ئەنجام دراوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی كێشـەكانی ڕۆدیسـیا و نامیبیـایە، هاوكاریەكـانی ڕۆدیسـیای كۆبوونەوەكـانی ٢٤ی حوزەیرانم وەكو كە ئەنجام دراهەلسەنگاند.

## بەریتانیای مەزن و دەوڵەتانی بەرەنگاری

لە نێو هەمووو ئەو دانوستانانەی ئەنجامم داوە قورسترین و سەختترین دانوسـتان ئەوە بـوو كە لەسـەر حـوكمی زۆریـنە لە باشـووری ئـەفریقیا ئەنجاممـدا. پێـنج دەوڵەت لەسەر هێڵی بەرنگاری هەبوون، هەموویان ئەوەیان هەبوو كە پێداگریان لەسەری دەكرد. پێكهاتەكـانی نـاوەخۆ لە ڕۆدیسـیا و نامیبیـا لە ململانیـدا بـوون. حكـومەتی باشـووری ئــەفریقیا و دەســەڵاتدارانی ڕۆدیســیا و هەڵوێســتی تــایبەتیی بەریتانیــا هــەموویان ئامانجەكانیان ئاڵۆز و نـاكۆك بـوون، هەر گۆڕانێـك لە هەڵوێسـتی لایەنێـك ڕەشـەبایەك هەڵـدەكا، وا پێویســت دەكـرا بەر لەوەی هەڵوێسـتێكی فەرمـی دەركەیـن دەبووایـە لە زەمینەی لایەنەكان بگەین، دەبووایە وشیاریش بین لەوەی بـاس لە هەڵوێسـتی لایەنیـك نەكەیت بەر لەوەی لیی تێنەگەیت.

لە دوو هەنگاو چوینە پێش: دەوڵەتانی بەرەنگاری پشتگیریان لێ کردین و پێشوازیان لە دەستپێشخەریەکانمان کرد. باشووری ئەفریقیاش لەسەر پرسی ڕۆدیسیا هاوکاریمان دەکات ئەگەر لە تواناماندا بی گرەنتی بۆ کەمینەی سپی پێست لە نامیبیا مسۆگەرکەین و بتوانین ئاوی ڕوان بۆ ئەفریقیە باشووریەکان بگێڕینەوە، ئەوا پێویستیمان بە هاوکاریەکانی بەریتانیا دەبێ.

ئەگەر ئەیان سمیث ڕازی بێ ڕاگەیاندنە یەکلایەنەکەی ١٩٦٢ بۆ سەربەخۆیی هەلوەشێنێتەوە و بە حوکمی زۆرینەش ڕازی بێ، ئەوکات هیچ دەسەڵاتێکی فەرمی لە ڕۆدیسیا بوونی نامێنێ تا بەریتانیا ڕەزامەندی نەدا ئەگەر بۆماوەیەکی کاتیش بێ تا دەستورێکی نوێ ئامادە دەکرێ. بەڵام بەریتانیا لەسەر ئەم داوایە ڕازی نابێ ئەگەر دەوڵەتانی بەرەنگاری داوای لێ نەکەن. بۆیە ئەرکێکی دوو لایەنیمان بەسەردا سەپێندرا یەکیان ڕازی کردنی بەریتانیا بەدەستپێکردنی دانوستانەکان بۆ داپۆشینی ئیمپراتۆری کە ماوەی سێ سەدە حوکمڕان یی کردووە.

دوای کۆبوونەوەم لەگەڵ فۆرستەر گەرامەوە بەریتانیا تا کالاهان لە دانوستانەکە ئاگادار بکەمەوە، لە ٢٥ی حوزەیران لە بارەگای ئەنجومەنی وەزیران لە شەقامی داونینگ ١٠. بە ڕێرەوە تەسک و تروسکەکانی ئەو ساختمانەدا ڕۆیشتم تا نهۆمی دووەم بۆ بارەگای سەرۆک وەزیران لەوێ چاوم کەوت بە جون هانت ئەمینداری نهێنیی ئەنجومەنی وەزیران. لەوێ باسی چەند بابەتێکمان بەیەکەوە وروژاند و چەند لاپەرەیەکی ڕووداوەکانمان هەڵدایەوە بە پرسە هەنوکەییەکانەوە لە وانە پرسی کۆبوونەوەی لوتکەی ئابووریی دەوڵەتانی G٧ لە پۆرتۆریکۆ، لە پڕ گوێم لە دەنگی سەرۆک وەزیران دەبێ سڵاوم لێدەکا و پێم دەڵێ من گوێم لە قەسەکانە.

ئیتر لەو ژوورەی سەرۆک وەزیران تاوتوێی ئەو سێ تەوەرەم کرد کە بەریتانیا ڕۆڵی تیادا دەبێنێ:

١-گۆڕانی خێرا لە پرسی حوکمی زۆرینە.

٢- هاوکاریکردن لە پێدانی گرەنتی بە کەمینەی سپی پێست.

٣- دەست پێکردنەوەی ئیدارەی کۆلۆنیالەکان بۆ هاندانی حوکمی داهاتوو، لە ژێر چاودێری کینیای میانڕەو لەباتیی موزەمبیقی ڕادیکالیست.

کالاهان لەگەڵ ئەمانە هاوسۆز بوو. جەختی لەوە کردەوە کە بەریتانیا مەبەستیەتی ماوەی گواستنەوە خۆی بەرپرسیارێتیەکە بگرێتە ئەستۆ، بەڵام ترسی لەوە بوو ئەمە بەرەو کاری سەربازیی ببا بۆ ئەوەی یاسا پارێزراو بێ... ئایا هێزەکانی بەریتانیا دەبێ ئەمە بکەن؟

ئەگەر وابێ ئەی دەرچوونمان چۆن دەبێ؟ چونکە پیاوێکی کاراو پراکتکیست بوو دەستی خستە سەر خاڵە ناوەندیەکان:

سروشتی دەسەڵاتی ڕۆدیسیای حوکمڕان. نکۆمۆ باشترین گرەنتی بوو بۆ پەرەسەندنێکی میانڕەو، بەڵام هێزی نییە، کێشەکە ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەفریقیەکانی پەیوەندیان بە نکۆمۆوە هەیە دەکەین؟

کەسایەتیەکی باوکانەی وەکو جومو کنیاتا، بەڵام ئەو لەم دواییانە بنکەی لەدەست داوە.

ئەی ئەگەرە مامەڵەمان لەگەڵ پیاوانی پارتیزانی سەرسنور کرد...

ئەگەر بە جشوا نکۆمۆ ڕازی نەبن ئەی بە کێ ڕازی دەبن؟

ئەمەیە پرسیارەکە.

لەسەر ئەوە ڕێککەوتین ئەگەر شەر ڕابوەستێ و لەسەر نکۆمۆ ڕێک کەگوتین دەبێ پێگەی بەهێزکەین.

بۆ شیکردنەوەی ئەم پرسە نامەیەکی ولیام شوفیلی یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەفریقیام خستە بەردەست بۆ گوتوبێژ لەسەر کردن لەگەڵ کاوندا و نیریری. بە فەرمیش داوا لە ڕۆدیسیا دەکرێ هێزەکانی بەریتانیا و ئەمریکا وەرگرن بە ڕەزامەندی دەوڵەتانی هێڵی بەرەی بەرەنگاری و فۆرستەر. کۆبوونەوەکە کۆتایی هات بە دەرکردنی یاداشتێکی توند:

کالاهان: پێم وایە تۆ دەبێ ئاگاداری نیریری و کاوندا بکەیتەوە کە ئێستا کاتێکی گونجاوە تا فشار بخەینە سەر بەریتانیا بەم کارە هەڵسێ؟

كیسنجەر: پێشوازی لەم بیرۆكە دەكەم ئەگەر ئێوە پێمان بسپێرن.

كالاهان: بە دڵنیایی دەبێ لەناو خەڵكا بڵێین كە دۆخەكان ناسكن و دەبێ ئەم هەنگاوە بنێین.

كیسنجەر: پێم وایە بیرۆكەیەكی باشە.

كالاهان: پێمان بڵێ ئاخۆ ناوەكانمان چۆن ڕەشكراون تا بەرگری لە خۆمان بكەین (پێدەكەنێ).

كیسنجەر: لە كۆتاییدا دەتوانێ بڵێی كە ئەمریكیەكان نەیانتوانی دەبێ بەریتانییەكان ڕزگاریان كەن (پێكەنی).

لە گاڵتە و گەپ كۆتاییهات، بەیاننامە فەرمیەكە حەز و ئارەزوی بەریتانیای دەرخست بۆ بەشداری دبلۆماسیی ڕۆدیسی:

وەزیری دەرەوە ڕاپۆرتێكی لەسەر دانوستانەكانی لەگەڵ فۆرستەر پێشكەش بە سەرۆك وەزیران كرد.

وەزیری دەرەوە ڕاو بۆچوونەكانی خۆی دەرخست كە دەڵێ بەریتانیا ڕۆڵێكی گرنگی لە باشووری ئەفریقیا هەیە بەتایبەت لە بواری هاوكاریكردن بۆ دۆزینەوەی كێشەی ڕۆدیسیا.

سەرۆك وەزیران ئاماژەی بە وەزیردا كە بەریتانیا لەم ڕووەوە ئامادەیە بەرپرسیارێتییەكان بگرێتە ئەستۆ.

## لێدەرچوونێکی دیکە بۆ ئەفریقیا

شوفیل بە مەبەستی ئەرک بەجێگەیاندن لە ٥ی تەموز بۆی دەرچوو. بۆ ئەوەی زانیاریی تەواوی لەسەر ڕێکارەکان هەبێ و نیانییەک لە نیریری و کاوندا وەدەستبێنی، ئاماژەم بەوەدا کە هاوکاریەکانی باشووری ئەفریقیا مسۆگەر نین، وەکو ئەوەی پێشتر بڕوام وابوو. لە ١٣ی تەموز لەگەڵ باڵوێزی باشووری ئەفریقیا (بیک بوتا) دوام:

من کەسم ئاگادار نەکردۆتەوە کە ڕەزامەندی باشووری ئەفریقیام وەرگرتووە.

لەسەر هەر شتێک کە دەیلێم، ئەگەر من بمتوانیایە ئەو ڕەزامەندیە وەرگرم داوام دەکرد، ئەگەر ئەمەم بکردبایە ئێوە پشتگیریتان دەکردم؟

ئەگەر سەرۆکەکانی دەوڵەتانی هێڵی بەرەنگاری ڕەزامەندییان لەسەر ستراتیژیەکەمان دا. لە نێویاندا ڕۆڵی بەریتانیا، دەبووایە شوفل کاری باش بکا، بۆ پێدانی پەیمان بە نیازەکانمان تا باشووری ئەفریقیا ڕازی بکا هاوکارمان بێ لە حوکمی زۆرینە لە ڕۆدیسیا و سەربەخۆیی نامیبیا.

پەیمانەکەی ئەم دوایەی ئەگەری پاشگەزبوونەوەی هەبوو، چونکە بەریتانییەکان بەرنامەی دیکەیان هەبوو، لە دیدارمدا لەگەڵ تونی کروسلاند لە واشنتۆن لە ٨ی تەموز ئەوەی دەرخست کە ڕێککەوتن لەسەر ئەنجامەکان، ڕێککەوتن لەسەر تەکتیک مسۆگەر ناکا. بەریتانییەکان بڕوایان بە فورستەر نییە. لە ئێمە کەمتر بڕوایان وایە کە فۆرستەر گفتەکانی دەباتە سەر. ئەوان زمانلوسیش لەگەڵ ئەیان سمیثدا ناکەن، چونکە ئەوانی تووشی شۆک و لەڕوودامان کرد بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی یەکلایەنە، چونکە نایانەوێ مامەڵە لەگەڵ سمیثدا بکەن نەوەکو سەرۆک نەوەکو ئەندامێک لە حکومەتی کاتی. تۆنی کرۆسلاند ئەوەندەی کاتی بە لەسەرکار لابردنی سمیثەوە کوشت ئەوەندە کاتی بە دانوستانی دبلۆماسی نەکوشت.

هەرکاتەی چاوم بە سەکردەیەکی ئەفریقی کەوتبێ ڕەخنەی خۆمم گرتوە، ئەگەر سیاسەتەکەمان سەرکەوتو بوو ئەوسا دەبێ ئەیان سمیث و هاوڕێیانی بە حوکمی زۆرینە

ڕازی بن، لێرە بەباشم نەزانی ئەوەندە ڕیسواو ڕەخنەبارانیان کەین، یا یاری بە مەترسیەکانی بۆشایی سیاسی بکەین، کە یەکێک لە ئەنجامەکان لەناو بردنی دەسپێشخەریەکانە. بە کرۆسلاندم وت:

سمیث گرفتە بەڵام لەهەمان کاتدا، کارتە. کارتی ئاڵوگۆڕپێکردن. ئەگەر سەرکردەکانی ڕیزی یەکەم پێیان ئەرکێکی مەزنە لایبەرن، ئەوا پاساوی ئەوەیان دەبێ لەسەر ئەوە ڕازی بن یەکێکی دیکەی لە شوێندا بی کە پێشتر شەری لەگەڵدا کردووە، ئەوا دەبێ بڕیار لەسەر شەڕ بدەن.

لە میانی بەرێوە چوونی دانوستانەکان هەندێک گومانمان لا پەیدا بوو. بەڵکو بەریتانیا خەریکی پێئالینکانێ یە لەگەڵ ئەمریکا. وا پێدەچی پشتی سپی پێستەکان بگرێ لە کاتێکا خۆی بە زمانحاڵی ڕەشپێستەکان دەزانی، بە کرۆسلاندم وت من لەم ڕەفتارە ڕازی نیم، هەروەها بەرپرسی گەنجینەمان لە نێو دەستەی کاری دانوستانەکان لە ڕەفتارەکانی کرۆسلاند ڕازی نەبووو کە بەشداریەکانی بەریتانیا لە (سەندوقی گرەنتی) کەمە.

ناکۆکیی و فشارەکانی ناوەخۆ کاریان دەکردە سەر دۆخە گشتییەکە، کالاهان لەلایەن چەپەکانییەوە فشاری لەسەر بوو، فشارەکانی سەر فۆرد و سەر خۆم لەلایەن ڕاسترەوەکانەوە بوو. جیوازایەکە لەم دیالۆگە دەرکەوت:

کیسنجەر: بۆ ئێمە لەروی ناوەخۆوە باشتر وایە مامەڵە لەگەڵ سمیثدا بکەین.

کرۆسلاند: بۆ ئێمە ڕێگایەکی دیکە باشترە.

کاتێک هۆشداریم دایە کرۆسلاند لەسەر کودەتای سەر سمیث کە هەمووو شتەکان ئاڵۆز دەکا، بەتایبەت ناوەخۆی ڕۆدیسیا. کرۆسلاند وەڵامی دایەوە:

دەرکەوتنی کودەتا بۆ بەریتانیا سوودی زۆرە، دۆخێکی سیاسیی نوێ دێتە کا.

ئێستا پرسە گرنگەکە ئەوەیە کێ بەرپرسیارێتی ئەو دانوستانە دەگرێتە ئەستۆ، بڕوامان وابو کە بەریتانیا دێتە پێش، بەڵام کروسلاند و کالاهان بیریان لای شێوازێکی دیکەیە.

ئێستا پرسەکە لە بەرپرسیارێتی مەزنترە، لە پێناو بایەخدان بە دانوستانەکان داوامان لە بەریتانیا کرد پێشنیارەکانی لەسەر حکومەتی کاتی پێشکەش بکا، بەڵام کروسلاند و کالاهان لەم بیرکردنەوەدا نەبووون. قورسە ئەوە قبوڵ بکرێ، دەوڵەتێک بەشێوازێک سەردەکەوێ کەچی دەوڵەتێکی دیکە بە هەمان شێواز شکست دێنی. ئەمە بە دروستی ئەو بیرکردنەوە بوو کە کالاهان بیری لێ دەکردەوە. هەر ئەمەش بوو هەڵوێستی بەریتانیا لە ڕۆدیسیا، کاتێک دەبێنێ ئەمریکا لە پێناو دانوستانی ڕاستەقینە سوورە لەسەر ستراتیژ و هێزی خۆی. لەم ڕووەوە کالاهان ترسی لەوەبوو لە ئەنجامی شکستەکانی بەریتانیا دووبارە بگەڕێتەوە سەر دۆخی داگیرکاریی، ئەگەر پارتیزانەکانیش ئەوانیان ڕەتکردەوە ئەوسا گۆشەگیر دەمێننەوە.

چونکە کالاهان گومانی لەوە هەبوو ئێمە دەتوانین فۆرستەر و سمیث ئازاد بکەین، بۆیە ئەو و کرۆسلاند لە هەر وشەیەکمان ورد دەبوونەوە بەر لە جوڵەکردن. خێرایی گەوهەری پرسەکەیە بۆ ئەوەی پارتیزانەکان توانای دانوستان لەدەست نەدەن.

وێڕای جیاوازیەکان، هاوکاریەکانی ئەمریکا و بەریتانیا نمونەی پێشوەچوون و گەشەسەندنی پەیوەندیەکان درەنگ وەختان بوون.

جیاوازیەکانمان لە لەگەڵ کەسایەتیە بیرمەندەکان زیاتر بواری گوتوبێژی هەبوو لەوەی لەگەڵ قەوارە سیاسییەکان.

# ئاڵۆزیەکانی ئەفریقی

لە گەشتی یەکەممدا بۆ ئەفریقیا لە مانگی نیسان، سەرجەم سەرکردەکانی ڕیزی یەکەم سور بوون لەسەر پەلکێش کردنی فشارەکانی ئەمریکی بەلای خۆیاندا بۆ ڕەتکردنەوەی ئاڵۆزیەکان. کاتێکیش ڕووبەڕووی دەرەنجامە کان دەبنەوە ئەگەر باش بێ یا خراپ، ڕووبەڕووی مەترسییەکان دەبوونەوە و پێویستیان بە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکەیان دەبو.

نیریری بە هەوەنتە نازناوی ئوستادی وەرنەگرتووە. خۆی وەکو فەیلەسوفی بزوتنەوەی ڕزگاری ئەفریقی دەبێنی، بەتایبەت لە باشووری ئەفریقیا. بەهۆی ئەوەی نامیبیا یا تەنزانیا سنوری هاوبەشیان لەگەڵ ڕودیسیا یا نامیبیادا نییە. نیریری کاریگەری حوکمی زۆرینەی لەم شوێنانە کەمتر دەبێنی لەوەی لە شوێنەکانی دیکەی ئەفریقیا. چونکە هەوڵی بەتامکردنی بەشداری پێکردنی ئەمریکای دەدا لە دابلۆماسیەتی باشووری ئەفریقیا.

لەو پارێزبەندیانەی سڵنەدەکردەوە لە بایەخدانی ئەمریکا بە پاراستنی مافەکانی کەمینەی سپی پێست، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی دبلۆماسییەتێک گرنگی بە هەندێک پرسی نوێ دەدا، نیریری ناچار دەکا بگەڕێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنەکانی یاوەرانی ئەوانەی ئەو ناوی نابوون ( نەوەی چەک هەڵگر) و لەگەڵ ڕادیکالیست سامۆرا میشێل لە مۆزەمبیق کە ڕەزامەندی لەسەر حوکمی زۆرینە بدەن.

بە پێچەوانەی ئەمە لەسەر کاوندا ڕاست دەبێ. زامبیا سنورێکی درێژی هاوبەشی لەگەڵ ڕۆدیسیا هەیە، زۆربەی هەناردەکانیشی بە خاکی ئەودا تێدەپەڕن، ڕۆدیسیا میوانیکی چەوری بەرهەمەکانی زامبیایە. کاوندا بە حوکمی زۆرینە لە ڕۆدیسیا ڕازی بو. وەکو ڕێکارێک بۆ سەقامگیربوونی دۆخەکان چونکە لە دروست بوونی ئاڵۆزی و گێچەلەکان لە سنورەوە بەرەو زامبیا دێن و دەسەڵاتیش دەکەوێتە مەترسی. پێی باش

بوو جشوا نکۆمۆ لە ڕۆدیسیا دەسەڵات بگرێتە دەست. هەروەها پێی باش بوو ئەوروپا ئابووری ڕۆدیسیا بەهێز بکات کە بەوهۆیەشەوە پێگەی نکۆمۆ بەهێز دەبێ .

لە ڕاستییدا هەموویان دژی بۆچوونی یەکتری بوون، هیچ کامیشیان بە ئاشکرا کەلێنی دروست نەدەکرد. کاوندا کەمتر کەسێکی باوەڕپەروەر بوو، لەگەڵ ئەمەشدا مەبەستی بوو لەگەڵ ئوردوگای ڕادیکالیزم بێتەوە سوریش بوو لەسەر ئەوەی لە ڕۆژئاوا دووربێ. لە ٤ی ئەیلول هەڵسەنگاندنی سەرکردەکانی ڕیزی یەکەمم بۆ کرۆسلاند کرد:

یەکەم: من تێبینییەکم هەیە بەڵکو ڕاست نەبێ، کەمتر بێزار دەبن لەوەی ڕادەستی سمیث نەکەین نەک ڕادەستی بکەین.

دووەم: ئەو سەرکردانە جگە لە مارشاڵی دووەم، مسۆگەرنین لەوەی چی دەخەنە بەردەستی نیریری و کاوندا.

ئەگەر هەردووکیان بە پیر داواکاریەکانمانەوە بێن جا ئەگەر سمیث ڕازی بێ یان نا، ئەوا لەلایەن مارشاڵی دووەم به فرۆشتنی یەکتری تۆمەتبار دەکرێن.

بۆیە ئەوان لە نێوان ترسی سەرکەوتن و ترسی سەرنەکەوتندا دابەش بوونە.

لەگەڵ جیاوازی ئاڕاستەی هەریەک لە کاونداو نیریری، ئیدارەی دانوستانەکانمان قورس دەبێ. نێردەکانی ئەمریکی و بەریتانی لە ئەفریقیا دەخولانەوە بەدوای دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بۆ دەرچوون لەم دانوستانانە بە سەرکەوتویی. سکرتێری یاریدەدەری شوفیل ڕاپۆرتێکی سەرکردەکانی هێڵی بەرە لەسەر کۆبوونەوە لەگەڵ فۆرستەر نارد.

لە ٨ی تەموز و ١٠ تەموز لەگەڵ کاوندا کۆبووەوە لەگەڵ نیریریش لە ١١ی تەموز، کاوندا ڕەزامەندیی لەسەر بەرنامەکە دا ( حوکمی زۆرینە و حکومەتێکی کاتیی گواستنەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ و مسۆگەرکردنی مافی کەمینەی سپی پێست) گوتی حەزدەکەم ملم لەسەر دانێم ئەگەر فۆرستەر و سمیث و کاوندا ئامادە نەبوون، چونکە ترسی لە پارتیزان و نکۆمۆ هەبوو، ماوەی دوو ساڵی بۆ حکومەتی گواستنەوە پێ زۆر بوو.

نیریری ستایشی کۆبوونەوەکەی فۆرستەری دەکرد، حکومەتی گواستنەوە لەلایەن بکوژانی ئازادی پشتگیری دەکرا، ئەگەر بیر لە حکومەتێکی ئەلتەرناتیف بکرێتەوە ئەوا

نکۆمـۆ ئەنـدامێکی دەبـێ، بـەڵکو ئەوسـا (نەوەی چەک هـەڵگر) درێـژە بە خەبـاتی چەکداریان دەدەن.

پێـی وابـو دەکـرێ بە هەنـدێک مەرجەوە ئامانجەکـان بێـنە دی و نـابێ سـواپۆ مەرجی ئەوەندە قورسی هەبێ تاقە مەرجی سەربەخۆیی نامیبیا بێ.




بەڵام دوای ١٠ ڕۆژ واتە لە ٢٢ی تەموز . نیریـــری بیـــرۆکەی دیـــکەی هەبوون، لە لێدوانێکیدا لەگەڵ باڵوێزی ئەمریکا (جـیمس سـیبین) ڕۆڵـی بەریتانیـای لە ڕۆدیسـیا ڕەت کـردەوە چونکـە بەریتانیـا ئەو توانـایەی نییـە بۆچوونەکـانی بەسـەر

لایەنەکاندا بسەپێنی، گوتی باشتر وایە، بەڵکو ماچیل و پیاوانی پارتیزانەکان ئەمە ڕەت دەکەنەوە بەڵام پـێم باشـە داوا لە ڕۆدیسـیا بـکەن بە تەنیـایی بیکـا تـا ئەوکـاتەی فشارەکانی سەربازی توندتر دەبن.

گـوتی لەگەڵتـان لە پەیوەنـدی بەردەوام دەبـم، ئایـا مەبەسـتی بـوو خـۆی لە بەرپرسـیاریتی دوورخـاتەوە؟ یـا هۆشـداریی پێـداین؟ ئایـا دەیویسـت مـوزایەدە بە هەڵوێستەکانی ئەفریقیەوە بکا بە ئەنجامـدانی ڕێکـارە سـەربازیەکان، یـا دەسـتبەرداری میـانگێڕی ئەمریکـا بـوو؟ هەوڵـدانی دەسـبەرداری دانوسـتانەکان لەم قۆنـاغە قورسـە. هەوڵەکانمان لە ناوەوەی ئەمریکا بەم شێوە دابەش ببوون:

کۆماریەکـان هـەموویان هەسـتیان بە خۆشـحاڵی دەکـرد. ئەگەر هـەوڵەکانمان بووەستێنین. دەوڵەتانی بەرەنگاریش، لەوکاتەی هانی ئێمەیـان دەدا بـۆ بەردەوام بـوون لەهەمان کاتدا توانای بەشداریان نەبووو، پێویستیمان بە داوای بوردن نەبووو بۆ کۆتایی هێنان بە پرۆسەکە.

بەڵام بڕوامـان وابـوو هەرکـاتەی ئەمەیـان بکەیـن ئەو ڕووداوانەی لە چـاوەڕوانی ئەمەدان دەتەقنەوە و کارەکان لەدەست دەردەچن. ئێمە لە سەرکەوتن نزیک ببووینەوە. سـتراتیژیەتی یەکەممـان ئەوەبـوو سـەرەتا لەگەڵ دەوڵەتـانی بەرەنگـاری بگەیـنە هەڵوێسـتێکی هـاوبەش و فۆرسـتەری پـێ ناچـار کەیـن دوای ئەویـش سـمیث. بەڵام خۆگرخاندنەکانی نیریری منی گەیاندە ئەو بڕوایە کە ئێمە ناتوانین دەوڵەتانی بەرەنگاری بە بەرنامەکەمـان ڕازی بـکەن، چـاولە بەریتانیـا بـوون و قەرەبـوی کۆتـایی هـاتن بە داگیرکاری هۆکارە سایکۆلۆژیەکان ڕێگە نادەن دانوستانەکە بە یەک ئاڕاستە بـڕوا، بـۆیە بڕیارم دا شێوازەکە بگۆڕم، لەگەڵ کالاهان بە جیا ڕێککەوم لەگەڵ ڕەزامەندی فۆرسـتەر و ڕونکردنەوەی بڕواکانم لەگەڵ دەوڵەتانی بەرەنگاری و بڕواهێنان بە سمیث کە هاوکاری فۆرستەر بدا، ئینجا گەرانەوە بۆ دەوڵەتانی بەرەنگاری بۆ وەرگرتنی دوا ڕەزامەندییان.

هاوکێشەیەکی قورس بوو بۆ ئێمە تا بە شێوەیەک کار بکەین سـمیث ناچـارکەین بە پرۆژە و بەرنامەکەی ئەمریکا وبەریتانیا ڕازی بێت، ئەمیش بریتی بوو لە داواکردن لە دەوڵەتانی بەرەنگاری نەک سەردانواندن بۆ سمیث. ئەم بەرنامە ئەو کاتەی کۆتایی هات

کە لەگەڵ کالاهان و کرۆسلاند بەیەکەوە دانیشتین دوا خاڵەکانمان خستنە سەر پیتەکان بۆ بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ ئابووری ڕۆدیاسیا، دوای تەواو بوون جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ولیام ڕوجەرز سەرۆکایەتی تیمی ئەمریکیی دەکرد بەریتانیاسش بە تیمێکی سەربەخۆ بەسەرۆکایەتی ئەدوارد تید ڕونالد و سیر ئەنتونی داف تا بەرەو ئەفریقیا بەرێ بکەون بۆ دەوڵەتانی بەرەنگاری بەرنامە هاوبەشەکەیان بۆ ڕوونکەنەوە.

بەرەبەیانییەکەی ئەوەم زانی کە کالاهان بڕیاری داوە چیتر بەریتانیا ڕۆڵی داگیرکار نەبینێ، ئەگەر بە کاتیش بێ، ئەمەش مانای ئەوەیە دەساڵ بەرەو دواوە گەڕاینەوە، چونکە هیچ پلاتفۆرمێکی فەرمی بۆ ڕۆدیسیا نامێنیتەوە دەسەڵات بە فەرمی بگرێتە دەست واتە لە مەترسیی سەربازی بەدوور نابێ، دیارە بەریتانیا نەخشە بۆ حکومەتێکی کاتی دادەڕێژێ کە دام  و دەزگا فەرمییەکانی تێدا بەرجەستە بکا و فەرمانبەرانیش تێیدا ئەرکی خۆیان بەڕێ بکەن، بەریتانیا ئامادە دەبێ ڕاوێژکارێکی باڵا بۆ ڕایی کردنی کارەکان بنێرێتە ئەوێ. من پێم وابوو کە چارەسەریەکەی ئەمریکا سادەتر و ئاسانتر بوو.

ناردنی نێردەکە دواکەوت بۆ دوای کۆنگرەی کۆماریەکان لە ١٦ی ئاب. لە هەمان ڕۆژدا کۆنگرەی بزوتنەوە بێلایەنەکان لە سریلانکا هەبوو، سەرکردەکانی بەرەنگاری تێیدا بەشدار بوون.  مەزندەی ئەوەم دەکرد لە ژێر کاریگەری بەیاننامە توندەکانی جیهانی سێیەمدا نابن. لەو کاتانە فۆرد سەرقاڵی پرسی لەبار بردنی هەوڵەکانی ڕۆناڵد ڕیگان بوو لە سەرۆکایەتی کۆماریەکان.

ڕۆژانە پەیوەندیم بە فۆردەوە دەکرد یا ڕاستەوخۆ یا لە ڕێگەی ڕاپۆرتەکانمەوە. لە ١٣ی ئاب لە میانی کۆنگرە هۆشداریم دایە فۆرد گوتم ئەگەر نیو دەرفەتێک بە بەریتانییەکان بدەیت، سمیث دەڕووخێنن و باقیەکەش جێ دەهێڵن ئەوانی دیکە بایەخی پێ بدەن.

چاوم کەوت بە نێردەی ئەمریکا بۆ دەوڵەتانی بەرنگاری ولیام ڕۆجەرس کە بەرنامەی ئەمریکا بۆ ئابووری ڕۆدیسیای دابووە دەوڵەتانی ئەفریقی. شونیل ڕووبەڕووی هەمان پەرتەوازەیی بۆوە کە پێشتر ڕووبەڕووی ببۆوە. کاوندا و نیریری جەختیان لەسەر

حوکمی زۆرینە کردۆتەوە و گومانیان لەسەر ڕۆڵی باشووری ئەفریقیا هەبوو، ئێمەش هانماندان درێژە بە هەنگاوەکانیان بدەن بە گومانەکانیانەوە.

جگە لەم ڕووداوانە هەندێک بەیانانمەی دڵخۆشکەریش هەبوون کە جەختیان لە هەڵوێستەکانمان دەکردەوە. کاوندا بەرانبەر بە ڕۆدیسیا ئەرێنی بیری دەکردەوە، بەڵام بۆ نامیبیا جیا بوو، هەوڵی دا شانیل و ڕۆجەرس تامەزرۆی کۆبوونەوە بکات لەگەڵ سامۆ نیوگومای سەرۆکی گروپی سواپۆ (SWAPO) دەکرێ ئەوە کێشەمان بۆ دروست بکا. پێشنیارەکانی جوما سەیر بوون، پێشنیاری کرد لە کۆنگرە پێشنیاری ئەوە بکرێ سواپۆ ببێتە دەسەڵاتداری بنەڕەتی نامیبیا. بەڵکو ئەمە لە داهاتوو لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە ببێتە شەرعی. ڕازیش نەبوو هیچ لایەنێکی دیکە بەناوی نامیبیا بەشداری لە کۆنگرە بکا. بە کاوندامان ڕاگەیاند کە بەردەوام بێ لە هەماهەنگی لەگەڵ توندڕەوەکان، وێڕای ئەوەی چاک دەزانێ ئەوەی نیوگوما داوای دەکا لە نێو داواکانی نیریریدا نەهاتووە کە لەگەڵ ستراتیژیەتمان یەک دەگرنەوە.

نیریری لەسەر ستراتیژیەتمان هیچ وەڵامیکی شافیلی نەدایەوە، ئەویش نامەیەکی هۆشداریی بۆ ناردووە کە دەرفەتەکان سنوردارن و دووبارە نابنەوە:

من دڵنیام کە ئێوە لە دۆخی ناوەخۆی باشووری ئەفریقیا دەگەن، ئەگەر ئەمریکا جوڵەیەک نەکا، ئیتر ئەستەمە فۆرستەر بێتە پێش، بابە ڕاشکاوی پێتان بڵێم ئەگەر هەوڵەکان بەفیرۆ بچن دۆخەکان لە ڕۆدیسیا ئاڵۆزتر دەبن و تواناکانمان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کەم دەبنەوە.

ئەمەش هەمان حاڵی وڵاتەکەمان بوو، بەتایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، ڕووداوەکان ئەوە دەگەیەنن کە تا مانگی یانزە دەکرێ ناکۆکییەکان نزیک بکرێنەوە تا ساڵی نوێ کە ئیتر گەیشتن بە چارەسەریی ئاشتیانە قورس و ئەستەمتر دەبێ.

# بەرنامەیەکی سیاسی بۆ ڕۆدیسیا

بەدرێژایی ئەو ماوە ڕای گشتی لە ئەمریکا لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ناکرێ لەسەر حسابی کەمینەی سپی پێست کێشەکان یەکلایی بکرێنەوە. دوای گوتاری لۆساکام وەزارەتی دەرەوە ١٧٠٠ نامەی نەرێنیی بەدەست گەیشتن، لەگەڵ تەنها ٢٣ نامەی پشتگیری بۆ حوکمی زۆرینە. لەو ماوە فۆرد بە قورسی سور بوو لەسەر کۆنگرە، بەڵام بە نرخێکی گرانبەها بە ڕازی بوونی لە گوێگرتن لە سیاسەتەکانمان لەسەر یەکێتی سۆڤیەت، ڕۆژی ٣٠ ی ئاب لە یاداشتی بەیانییدا فۆرد دەرفەتێکی دیکەشی بۆ ڕەخساندین بۆ پاشگەزبوونەوە لە سیاسەتەکانی ئەفریقیامان، پێویستیمان بە بیرکردنەوەیە لەسەر بابەتەکە ... لەسەر دۆخی سیاسیت، نامەوێ دۆخێکی هاوشێوەی دۆخی تکساسمان تووش بێ، باسی دۆخی ڕۆدیسیام بۆی کرد گوتم ٥٠% باشترە. لە نامیبیاش کەمێک باشترە، گوتم دەتوانم بڵێم تا ١٥ی نۆڤەمبەر ئەگەر درێژەی کێشا بۆ کانونی دووەم ئەوکات توانای ڕووبەڕوو بوونەوە کەمتر دەبێ. فۆرد گوتی:

پێم وایە ئەگەر باشووری ئەفریقیا لە نێو چارەسەریەکاندا بێ دۆخەکە جیاواز دەبێ. ئەگەر پرسەکە بە ئاڕاستەیەکی ڕاست ڕۆیشت دەبێ بەردەوام بین.

ئەمەبوو مەبەستم کە لە لەندەن وچانێکم دا بۆ ئەنجام دانی بەرنامەی سیاسی تا بیدەینە فۆرستەر. بەریتانییەکان بەرنامەی حکومەتێکی کاتیان دانابوو بۆ ماوەی دوو ساڵ. پاشکۆ بەناوبانگەکەی C داوای (ئەنجومەنی دەولەت) ی دەکرد لەباتیی حاکمی بەریتانی. کە دانیشتوانە سپی پێستەکانی ڕۆدیسیا تێیدا زۆرینە بن و ڕەش پێستەکانیش مافی ڤیتۆیان هەبێ ئەنجومەنی وەزیرانیش لەلایەن ڕەشپێستێک و سپی پێستێکەوە سەرۆکایەتیی بکرێ.

ئەنجومەنی دەوڵەت بەرپرس دەبێ لە جێبەجێکردنی حوکمی زۆرینە لە بەرگری و ئاسایشی ناوەخۆ، بەریتانیاش پەیوەندیەکانی دەرەوە چارەسەر دەکا، حکومەتیش سەرپەرشتی ئیدارەی ڕۆژانەی وڵات دەکا. مەبەست ئەوەبوو بە هێواشی بەرەو حوکمی

زۆرینە بچن بەبێ تۆقاندنی سپی پێستەکان و دروستکردنی ئالۆزی لە نێو ڕەش پێستەکاندا.

پاشکۆی C بەڵگەنامەیەکی بە ڕەوشتبوو لە پیادەکراوەکانی دەستوری بەریتانی وەرگیراوە، من و هاوڕێکانم پێمان باش بوو. لە ڕاستییدا هیچ بیانوویەکمان نەبووو بۆ ڕەتکردنەوەی، دوای ماوەیەک لە حوکمی گواستنەوە دەستورێکی نوێ بۆ ڕۆدیسیا لە کۆنگرەیەکدا ڕێک دەخرێ. ڕەشنووسی بەریتانیمان قبوڵ بوو لە هەمووو دانوستانەکانیشماندا وەکو بەڵگەنامە دەمانخستە ڕوو بۆ گفتوگۆ لەسەر کردن.

لە کاتێکدا یاریزانانی هەردوو تیمەکە بە زیرەکی یاریەکە دەکەن، ئەمریکا بە شێوەیەکی ڕێک و پێک ئییدارەی دانوستانەکانی دا کە دەتوانین ناوی بنێین خزانە ناو لەسەر بەرنامەیەک کە شایەنی ئەوەیە بە (دروستکراوەی بەریتانیا)ی بناسێنین، مسۆگەر کردنی مافەکانی کەمینەی سپی پێست لە وەزارەتی دەرەوە ئامادە کرابوو بە کەمێک بەشداریی بەریتانیاوە. مسۆگەرکردنی دڵنیایی بە بنەما بنەڕەتیەکانی پێشنیارکراو لەلایەن بەریتانیاوە لە قۆناغی ڕاگواستنەوە سیمای بەریتانی بوو.تەنها ئەوە دەمێنیتەوە بۆ پاشکۆ C ئاخۆ وەکو بەڵگە نامە دەمێنیتەوە یان نا ئەمیش کالاهان یەکلایی کردەوە ئالۆزیە کاتیەکانی دبلۆماسی هەر چیەک بن پێشتر بوونیان نەبووە. بەڵکو تێخزانێک لە بنکەکانی ستراتیژیەتی ئەمریکی ڕوودابێ، لەگەڵ توانا و وزەی بەریتانی، بەڵام بۆ هاوپەیمانیتی ئەمە پێویستە.

٣٢

# خزان بەرەو حوکمی زۆرینە

## دیداری دووەمم لەگەڵ فۆرستەر

لەوکاتەی لە لوتکە نزیک دەبووینەوە، سەرکەوتنمان بەند بوو بەوەی توانیمان فۆرستەر ڕازی بکەین فشار بخاتە سەر سمیث، ئایا سمیث ڕازی دەبێ بە ناوەڕۆکی پاشکۆی C، ئایا دەتوانین سەرۆکەکانی ڕیزی یەکەم لەباتیی ئەوەی هانیان بدەین بۆ حوکمی زۆرینە، بە ڕێککەوتنێک ڕازییان بکەین.

لە ٤ی ئەیلولی ١٩٧٦ دیدارێکم لەگەڵ سەرۆک وەزیران جوهانس فورستەر بۆ جاری دووەم لە ماوەی مانگێکدا ئەنجامدا. بۆ ئەفریقیەکان ئەمە ڕووداوێکی مەزن بوو چونکە پێیان وابو لەو گۆشەگیریە دەردەچن، دیدارەکە لە ئوتێل گراند دولدر بوو، سویسرییەکان سوور بوون لەسەر ئەنجامدانی کۆبوونەوەکە لەم شوێنە بەرز و باخچەییە کە پڕە لە دیمەنی جوان، بەمەبستی پاراستنی ئاسایش و دوورخستنەوەیان لە خۆپیشاندەران و شیاوی شوێنەکە بۆ پاراستن.

بە ستایش کردنی فۆرستەر دەستم بە گوتەکان کرد کە ئەم ئوتێلەی دەست نیشان کردووە بۆ دانیشتن هەرچەندە من ئوتێلەکەی دیکەم پێ ڕازاوەتر بوو کە یاریدەدەرانمان لێی کۆببوونەوە بۆ دوورکەوتنەوە لە چاوی کامێراکان نەبادا بۆ ئەفریقیەکان ببێتە کێشە و ناکۆکیی ئەویش ئوتێل دولدر هاوس بوو کە چەند میلێک لەم ئوتێلەوە دوور بوو، هەستم بە دڵنیاییەک کرد کە بینیم تیمی ئەفریقی و ئەمریکی

سورن لەسەر ئەوەی ئەنجامێکی باشیان لێمان دەوێ. سەرکردە ئەفریقیەکان هانیاندام بۆ بایەخدان بە دیداری فۆرستەر وەکو ئەوەی کلیلی چارەسەریەکانی بەدەستەوەیە.

ئەو سەرکردە ئەفریقیە ئەوەندە ڕوونکردنەوەی لەسەر پاشکۆی C نەویست. دوای ئەوەی وەکو سەرەتا لەسەر حوکمی زۆرینە ڕازی دەبێ، بۆ لەسەرکار لابردنی سمیث ڕازی بوو ئەگەر سمیث پاشکۆی C ی قبوڵ نەبووو. ئەمەو لەسەر هەڵوێستی لە نامیبیا کە لە ئەڵمانیا دەربڕی بوو، ڕاستی کردەوە.

بڕیاری حوکمی زۆرینە لە ڕۆدیسیا وەرگیرا، درامای کۆبوونەوەی پێشوو دووبارە نەبۆوە. خۆی سێ دانیشتن بوون:

خوانی شیوانی کاردار ڕۆژی شەممە بوو، لە ئوتێل دولدەر گراند ئەنجام درا ماوەی چوار کاتژمێری خایاند، لەسەر خوانی فۆرستەر بوو. ڕۆژی دواتر خوانی فراوین لەسەر ئەرکی من بوو بە پلەیەک لەسەر پرسی نامیبیا گوتوبێژمان کرد، کۆبوونەوەی دواتر ڕۆژی ٦ی ئەیلول ئەنجام درا، ئەمیشیان چوار کاتژمێری خایاند لە ناوبرەکانیدا جەمی خواردن هەبوون.

گفتوگۆکان لەسەر ڕۆدیسیا لەو خاڵانە کۆکرانەوە کە لەو بەڵگەنامانەی لە لەندەنەوە لەگەڵ خۆما هێنابووم: پاشکۆی C کە باس لە حکومەتی گواستنەوە دەکا. نەخشەی هاوبەشی ئەمریکا و بەریتانیا بوو تایبەت بە مسۆگەریەکانی دەستوریی ئابووری بۆ کەمینەی سپی پێست. دواتر گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی خێرا. تاقە هەمواری لەلایەن ئەفریقیەکانەوە هاتبوو، بێ متانەیی بوو بە بەریتانییەکان. کرۆسلاند و کالاهان ڕەزامەندییان لەسەر هەموارەکە داو منیش گەڕامەوە لەندەن.

سەبارەت بە نامیبیا فۆرستەر بە تەواوەتی لە هەڵوێستەکانی پێشوی لە باشووری ئەفریقیا پەشیمان ببۆوە. لە ئەڵمانیا پێشنیاری دەستورێکی سەربەخۆی بۆ ڕۆدیسیا کردبوو کە سەرجەم هۆزە ڕۆدیسیەکان بەشدار بن لە ژێر ڕاسپاردەی باشووری ئەفریقیادا بێ، بەڵام بەبێ بەشداری فەرمیی باشووری ئەفریقیا لە پایتەختی نامیبیا (ویندهۆک). سواپۆ SWAPO م لە پرۆسەکە دوورخستەوە.

ئەو بەرنامەی لە زیورخ دامنابوو پێشنیاری گواستنەوەی کۆنگرەم کردبوو لە ویندهۆکەوە بۆ ژنێف، بەبەشداری نەتەوە یەکگرتووەکان و ئامادەبوونی باشووری ئەفریقیا کە دەرفەتی بەشداری سواپۆ دەرەخسێنێ. ڕۆژی ٣١ی کانونی یەکەمی ١٩٧٨ مان دیاری کرد بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەمەش تۆماری وردی گفتوگۆکان و ئالوگۆڕی بەڵگەنامەکانە لە نێوان شاندەکان.

لە ڕاپۆرتێکمدا لە ٦ی ئەیلول بۆ فۆرد ئەم هەنگاوانەم دیاری کرد:

من نا- وشەی نام دووبارە بەکار هێنایەوە، من لەم قۆناغەدا نەخشەی ئاشکراکردنی ئەم نووسراوانە بۆ کەس ناکەم . چونکە دەبێ هەڵوێستی باشووری ئەفریقیا ئاشکرا نەکرێ بۆ ئەوەی ئەفریقیەکان خۆیان هەستی پێ بکەن و پابەندی ببن، لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی کۆتایی گفتوگۆکانمدا گەشبینی خۆمم نیشاندا، بەڵام بەبێ وردەکاری.

کاتێک لە هەفتەی داهاتوو دەچمە ئەفریقیا سەردانی زامبیا و تەنزانیا دەکەم تا هەڵوێستی سەرانی ڕەش پێست بچەسپێنم ئەوجا سەردانی باشووری ئەفریقیا دەکەم بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ فۆرستەر. (لە هەمان کات ڕۆژی سێشەم چافیل دەنێرمە لای سەرکردە ڕەش پێستەکان کەلە دار ئەلسەلام کۆدەبنەوە بۆ پێدانی ڕاسپاردە و ناوەڕۆکی دیدارەکانی لەگەڵ فۆرستەر ئەنجام دراون).

لە گەڕانەوەمدا لە لەندەن وچانێکی چەند کاتژمێریم دا بۆ ئەوەی وردبینی لەسەر ئەو بەڵگەنامانە بکەین، کە لەگەڵ کالاهان و کرۆسلاند لەسەری ڕێککەوتوین. لەسەر داوای کالاهان بیل ڕوجەرزم ناردە لای سەرۆکە تازەکەی پارتی پارێزگاران مارگرێت چاچەر، تا بەڵگەنامەکانی کە لەسەری ڕێککەوتوین نیشانی بدا. کالاهان ترسی لەوە هەبوو ئەویش بچێتە ڕیز ڕەخنەگرانی ئەمریکی لەسەر پرۆسەی حوکمی زۆرینە، بەڵام ئەمەی نەکرد و ڕەزامەندیی لەسەردا وێڕای ئەوەی بە دروستی بە دڵی نەبووو. دوای سێ ساڵ کە دەبێتە سەرۆک وەزیران خۆی و وەزیری دەرەوەی کۆتایی بەو ناکۆکییە دێنن کە لە نێوان ئەگەری شەرعیەتی حوکمی داگیرکار و ڕازی بوون بە ڕێکارەکانی

ڕاسـپێردراومان کە بریتیـی بـوو لە دامەزرانـدنی حـاکمێکی بەریتـانی بـۆ بەڕێـوەبردنی ڕۆدیسیا بەرەو حوکمی زۆرینە.

لە گەڕانەوەمدا بۆ ئەفریقیا تووشی شۆک بوم نەک بەهۆی ئەنجامەکانی دیـداری زیــورخ، بــەڵکو بەهــۆی هەڵوێســتی نــایریرییەوە، قســەکەری فەرمــی، بە نــاوی ڕادیکالیسـتەکان. لە ٧ی ئەیلـول بیرنـارد موگانـدا لە وەزارەتـی دەرەوەی تەنزانیـا بە باڵوێزی ئێمەی ڕاگەیاند کە نایریری هانم دەدا بۆ هاتن، هەرچەندی زوو ببین هەر کەمە. لە ٨ی ئەیلول نایریری بە هەمان زمان لەگەڵ سکرتێری یاریـدەر ولیـام چافیـل دەدوێ، ناردبووی بۆ ئەوەی لەسەر دیداری فۆرستەر قسەی بۆ بکا. لە کۆبـوونەوە نهێنییـەکەی لەگەڵ سەرکردەکانی پلە یەکی نـاڕازی  پێـی ڕاگەیانـدین کە، بـۆ بەدبەختـی تـا ئێسـتا یەکێتـی ڕێگـرە. هەڵویسـتی نـاکۆکیی سـەرکردە ئـەفریقیە ناڕازییەکـان بـۆتە گرفـت بـۆ دەرچـوون لە پرسـی حـوکمی زۆریـنە.  ڕوون بـوو کە ئەوان نـاتوانن هێزێکـی هـاوبەش پێکبێـنن، ئەمەش مـایەی شـەرمەزاریە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشـدا نیریـری شـوفیلی ئاگـادار کردەوە کە کۆنگرە ئەوی ڕازی کردووە کە گوشارەکانی ئەمریکا و بەریتانیا دەبنە مایەی سـەرکەوتن. متمـانەی خۆشـی بەرامـبەر هەنـدێک لە سـەرکردە ئـەفریقیەکان دەربـڕی بەتایبەت (نەوەی چەک هەڵگر).

لە واشـنتۆن مـن و فـۆرد و ئەنـدامانی ئەنجـومەنی پیـران داوای ٧٤ ئەنـدامی کۆنگرێسمان کرد کە زۆربەیان ئارام بوون    تا بە ڕێککەوتـنەکەدا بچـنەوە بـۆ بڕیـاردان لەسەری و واژۆکردنی.

لەم میـانە جیمـی کـارتەر هەلبژێردرابـوو وەکـو کاندیـدی دیموکراتەکـان بـۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، فۆرد نەیدەویست ببێتە مینبەرێکـی دژ بە کـارتەر بـۆیە داوای کۆنە وەزیری دەرەوە دیک ڕاسـک ی کـرد بـۆ ڕاوێـژ کـردن لەسـەر پرسـی ئـەفریقیا، کە ببـووە ڕاوێژکـاری کـارتەر، ڕاسـک کەسـێکی درەوشـاوە بـوو لە سیاسـەتی دەرەوە ئەو هەشت ساڵ وەزیری دەرەوە بـوو لەو کاتـانە کـاری لەسـەر یەکخسـتنی ڕیزەکـانی گەلـی ئەمریکی دەکرد نەکەوێتە زەلکاوی ڤیتنامەوە، چونکە دەستی لەو گرفتانەدا نەبووو بۆیە

ڕیـز و ستایشــی خـۆی لای ســەرۆکایەتی پاراســتبوو، ئەوکـات تەنـانەت ئەوانەی هـانی دەستێوەردانیشیان دەدا بوونە دژی ئەو.

که بــوومە وەزیــری دەرەوە یەکەم تەلەفــۆن که بــۆم هــاتبێ لەوەوە بــوو. تەلەفۆنەکەی بایەخدان بوو بە کارەکەم زیاتر بە کەسایەتیم . هانی دەدام بـۆ درێـژەدان و پاراســتنی سیاســەتی وەزیرانــی دەرەوەی پێشـوم کە مـن ٥٦ ەمـین وەزیـری دەرەوە بووم، هەرکاتەی پێویستیش بکرابا پەیوەندیم پێیەوە دەکرد.

کاردانەوەی ڕاسک لەسەر داوای فۆرد بە جیاکردنەوەی سیاسەتی ئەمریکا لەسەر ئەفریقیا کاردانەوەیەکی ئازایانە بوو:

من ئێستا تەنها کۆنە وەزیری دەرەوەم، لەسە ئەم بنەمایە من پشـتگیری هـەمووو سەرۆکێک دەکەم، گوتی من لەگەڵ کارتەر لەسەر ئەو پرسە دەدوێم بەڵام ئەگەر لەگەڵ بەرانبەرەکەی (کارتەر) بدوێی ئەوا ئەرکەکەم کاراتر دەبێ.

دوای دوو ڕۆژ ڕاسک بە هەستیارتر باسی لە وەڵامی کارتەر کرد:

مـن گـوتەبێژی کـارتەر نـیم، لەسـەر ئەو پرسـە قسـەم لەگەڵیـدا کـرد، پـێم وایە دەرفەتەکان باشتر دەبن ئەگەرکارەکان لە ئـەفریقیا بە گونجـاوی بەڕێـوە چـوون، ئەوەی مـن پـێم گـرنگە لەگەڵ هەنـدێک لە نـوێنەرانی سـەرکردە ئـەفریقیەکان دانیشـین، لەگەڵ پەیوەندیی توند و تۆل لەگەڵ هەندێک لە سەرکردانی کۆنگرێس.

## خولێکی دیکە لەگەڵ نیریری و کاوندا

ئێوارەی ڕۆژی سێ شەممەی ١٤ی ئەیلول، بانگێشتی دار ئەلسەلام کـرام، لەلایەن نزیکەی دوو سەد خوێندکار پێشـوازیم لێکـرا، هەنـدێک لەو خوێنـدکارانە لە گەشـتەکانی پێشومدا ناسراو بوون لەلام. ئەم جۆرە ڕێوڕەسـمانە کرابـوونە نەریـت لەم وڵاتە بـۆ ئەم چالاکیانە ئەوان لیژنەی تایبەتیان هەبوو. پێشتریش بۆ وەزیـری دەرەوەی فەرەنسـا ئەم پێشوازیە ئەنجام درابوو دیارە بۆ هەمووو مێوانە بێگانەکان دەکرا، نایریری بۆ خۆپارێزی

لە ماکی داگیرکاری خۆی لەم جۆرە ڕێوڕەسمانە دوور دەخستەوە بەڵام بۆئەوەی ببێتە سیمای ئازادی و دیموکراسی، ڕێگر نەبووو لە ئەنجام دانی.

لە فرۆکەخانە توانیم خۆم لە خۆپیشاندەران بشارمەوە، بەڵام بەدوام کەوتن تا ئوتێل، شەوەکەی و هەمووو کاتەکان بێزاریان کردبووم، شەو لە هاتوهاواری ئەوان بەخەبەر دەبوومەوە، لە گەرمەی هاواری ناڕازی و خۆپیشاندەران نیریری بەخێرهاتنم دەکا، دواتریش لە دانیشتنەکان نیگەرانی خۆی لەم بێزاریە دەربڕی و گوتی لە دەوڵەتانی دیموکرات ئەستەمە ڕێگری لە دەربرینی ڕای ئازاد بکرێ بۆیە ئەم جۆرە کارانە ئاساییین، منیش پێم وت ئەگەر خۆپیشاندانەکان ڕانەوەستن من شەوەکەی لە نەیرۆبی دەبەمە سەرو بەیانییەکەی بۆ دانوستان دێمەوە، هەر دوای ١٥ خولەک هاتوهاواری خۆپیشاندەران نەما و هەموویان بەو پاسانە گەرانەوە کە پێی هاتبوون.

لە دیداری ڕۆژی دواترمدا نیریری ئەو گەرمییەی پێشوازیی جارانی نەما، لەگەڵ یاریدەدەرانی دانیشتین، وا پێدەچوو کە ئەو مەرامی بەجێ گەیشتوە لە پابەند بوونی ئەمریکا بە حوکمی زۆرینە. لە ماوەی شەش مانگ دوو کۆبوونەوە ئەنجام درا، نیریری ڕەفتارەکانی نیشاندابن کە گلۆپی سەوزە بوو بۆ بەڕێکردنی پرسەکانی نامیبیا و ڕۆدیسیا بە ڕەخنەگرتنی بەردەوام لە میدیاکانەوە.

کۆبوونەوەکە لە نوسینگەی نیریری ئەنجام درا، دیوارەکانی بە نەخشەی ئەو شوێنانە داپۆشرابوون کە تەنزانیا پێک دەهێنن. نیریری بەخێر هاتنی کردم:

ڕێگەمان بدەن پرسێکتان بۆ ڕوون بکەمەوە، بۆ ئەوەی کۆتایی بە دلەکوتەتان بێت، ڕێگە بە هێزەکانی بێگانە نادەین لە زامبیا و نامیبیا. دەتوانم بە دڵنیایی لەسەر هەڵوێستی هەردوو وڵات بدوێم چونکە من و سامۆرا میشێل زۆر لەیەک نزیک بووین، خەباتی چەکدار دوور کەوتۆتەوە پێویستیمان بە هێزی بێگانە نییە پێشوازیی لێ بکەین.

لەلایەک ئەمە باش بوو چونکە دلەکوتەی دبلۆماسیمان ناهێلێ، بەڵام بەڵکو بەدەر لە سامۆرا میشێل بێت (سەرۆکی موزەمبیق)، پێمان وانەبووە سەرکردەکانی هێڵی پێشەوە داوای هیزی بێگانە بکەن، بەڵام ترسمان لەوە هەبوو لە ئەنجامی ئەمە خاکیان

لەدەست بدەن و نەتوانن بەرەنگاری پارتیزانەکان ببنەوە، یەک خاڵی بچوک هەبوو کە دەوڵەتانی بەرەنگاریی لەسەری هاوبەش و کۆک بوون ئەویش مەترسیی هەڵوەشانەوەی ڕۆدیسیا بوو لەسەر شێوازی پۆرتوگالی، ئەوکات گروپە جیاکانی ناوەخۆی ناکۆک لە تۆمەتبار کردنی بێگانە هاوڕا دەبن.

چونکە نیریری لە ئێمە باشتر ئەم ڕاستیە دەزانی بۆ ڕێگری لەم کارە سەرجەم سەرکردەکانی دەوڵەتانی بەرەنگاریی لە دارئەلسەلام کۆکردەوە بۆ سەپاندنی یەکێتی ئەفریقی بەسەریاندا. بەم هەنگاوەش هەماهەنگیەک لەگەڵ دەستپێشخەریی ئەمریکا دروست دەکا.

کۆبوونەوەی دەستپێکردن لە ژورەکەی ئەو ئەنجام درا، نیریری بە بەیاننامە ڕەشبینییەکانی لەسەر نەخشەی چارەسەری ئەمریکا بۆ پرسی ڕۆدیسیا دەستی بە گوتار خوێندن کرد، لەگەڵ گوتوبێژێکی چڕ لەسەر پاشکۆی C و بەرنامەی ئابووری، گوتی ڕێکارەکانی گواستنەوەی حکومەت کەلە پاشکۆکەدا هاتوە کەم بایەخترە لەوەی لە ڕەشنووسی دەستوردا هاتووە:

وگوتی حوکمی زۆرینە هەردەبێ ڕوو بدا من یا سمیث یا هەرکەسێکی دیکە بی بۆیە بانگێشتی بەریتانییەکان دەکەین بۆ کۆنگرەیەکی دەستوری.

من لە کرۆسلاندم زانیبو کە بەریتانیا لەسەر ئەم جۆرە کۆنگرە ڕازیە، بۆ ڕەزامەندی، بەڵام بۆ فۆرستەر ڕەزامەندی لەسەر حوکمی زۆرینە بدا دەبێ چاوەڕوانی پریتۆریا بکا.

وەکو پێدەچوو نیریری هەڵوێستی خۆی لەسەر نامیبیا لەوکاتەوە گۆڕیوە کە بەر لە چوار هەفتە لەگەڵ ڕوجەرز و شوفیل دواوە . دواتر دەڵی نابێ سواپۆ SWAPO مەرجی هەبێ چونکە هەمووری مەرجەکانی بەشداری لە کۆنگرەی ویندهۆک کراوەتەوە و خۆی بەرپرسیار بوو لە ئەنجام مشتومڕەکانی سەر ڕۆدیسیا، باشتر وابوو بۆ ئەو لەگەڵ یاریدەدەری ڕادیکالیست سام نیوجرمای سەرۆکی سواپۆ ناکۆک بێ. لەوەش باشتر ئەوەبوو کە نامیبیا هەڕەشەی ناسەقامگیریی لەسەر دەوڵەتانی بەرەنگاری بۆ ڕۆدیسیا دروست نەدەکرد، بۆیە دەستگرتن بە مەرجە توندەکان بۆ ئەو زەرور بوو.

من لە زویرخەوە ئەو بەرنامەم لەگەڵ خۆمدا هێنابوو کە دەبووایە باشووری ئەفریقیا و بەرەی سواپۆ بەشدار بن لەگەڵ ئەندامە ڕەسەنەکانی کۆنگرەی ویدنهۆک، هەموویان بەیەکەوە، ڕێکارەکان سیمایەکی تریان دەرخست کە دەرکەوت لەئەنجامدا سواپۆ و باشووری ئەفریقیا دانوستانکارە سەرەکیەکانن، بەڵکو هەر لەبەر ئەم هۆکارەبی نایریری و کاوندا مەبەستیان بوو کاروانەکە بپچڕێنن.

لە ١٦ی ئەیلول دارئەلسەلامم جێهێشت. چونکە ئێمە هاتبووین بۆ چارەسەری پرسی ڕۆدیسیا بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەریتانیا و بە پرۆژەی پاشکۆی C و بەرنامەکانی ئەمریکا وبەریتانیای هاوبەش، هەرچەندە کاتێکی درێژی دەوێ، دیارە لە گوتەکانی نەیریریش ئەمە دەردەخا کە لە ئەنجامەکانی بێئومێدی، بێ ئومێدیەی لە بێومیدی سەردانی یەکەمم زیاتر بوون، کاتێکیش ڕووبەڕووی گوشار دەبێتەوە، دان بەوەدا دەنی کە هیچ پشتگیریەکی نەکردووە، گوایە ئەو تەنها دۆخەکانی ڕوون کردۆتەوە و هەڵوێست و واقعەکەی بۆ ئەمریکا دیار کردووە، گوتی ئەگەر سمیث لەسەر حوکمی زۆرینە ڕازی بێت ئەمە (معجزەیە)، نیریریش گاڵتەی بە دەوردانی ئەمریکا دەکرد کە لەلایەن کوباوە دەوری دراوە، بۆچوونی جارانی دووبارە کردەوە کە ئەو مامەڵە و ئاڵوگۆڕە ئابووریەی ئەنجامی دەدەن دەبێ بۆ هاندانی سپی پێستەکان بێ لەسەر کۆچ کردنیان نەک مانەوەیان.

لەوکاتەوە دیمەنێکی نیریریانەم دەهاتە بەرچاو کە بریتی بوون لە هەوڵی دبلۆماسی بەرانبەر بە شکستەکان، دەرفەتی (معجزە) کراوە بوون بە مەرجی نیریری کە فۆرستەر ڕەزامەندیی لەسەر دابوو، نەمویست لێدوانەکانی نیریری و کاوندا پوچەڵ کەمەوە، بۆیە لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان گوتم : لەسەر داوای نیریری هاتووم ( هیچ شتێک لەگەڵ هەفتەی ڕابردوو نەگۆڕدراوە بۆیە نامەوێ شتێک بڵێم لەسەر بنەمای ئارەزمەندی بنیاد نرابێ)

## سەردانێکی دیکە بۆ لۆساکا

بەخێرهێنانی کاوندا لە زامبیا لە ١٦ی ئەیلول بە ئازادی لە دەسەلاتی نیریری، هەلوێستەکانی هەستیارانەتر بوون چونکە دۆخەکانی ڕۆدیسیا لەسەر لێواری تەقینەوەدا بوون. ئەرکی من لای ئەو هۆشداری بووبە جۆرەکانی دەستوری گونجاو بۆ گۆڕینی دەسەلات، بەلکو ڕێگایەک بوو بۆ دوورکەوتنەوە لە ململانیی چەکداری، کە دژی بۆچوونەکانی نیریری دەبوو، کاوندا بە پێچەوانەی نیریری بە ئاشکرا سوکایەتیی بە ئەرکەکەم نەدەکرد بەلکو بە دوا دەرفەتی دەزانی بۆ ڕزگار کردنی ئەفریقیا لە کارەسات. هەستی بەوە دەکرد کە خۆپیشاندانەکان و سوکایەتیکردنی ئاشکرا بە ئەمریکا دەبێتە کەم کردنەوەی هاوکاریەکانی گەلی ئەمریکی، دەبێ هەلسوکەگوتەکانی کاوندا سروشتی خۆی بێ، هۆکارەکەی هەر چیەک بێ لە ئەنجومەنی یاسادانان پێشوازیەکی گەرمی لێ کردم، لە گوتارەکەشیدا ستایشی ڕۆڵی ئێمەی کرد، حوکمی زۆرینەی بە شایستە دەزانی بۆیە پیرۆزبایی لێ دەکردم و ئومێدی دەخواست خوا گەشتەکەم بۆ پریتۆریا پیرۆز ڕاگرێت.

شێوازی دەربڕینی خۆشحاڵیی کاوندا ئاماژە بوون بۆ گفتوگۆکان، دیار بوو ئەویش کەم لە نیریری ڕازی بوو بەهۆی مشتومڕی لەسەر پاشکۆی C یا مسۆگەری دەستوری. چونکە حوکمی ناوەخۆ بەرژەوەندیەکانی توێژ و پێکهاتەکان مسۆگەر دەکا بۆیە ئامادە نین بچنە ناو وردەکاریەکانەوە، پێ نەدەچوو کاوندا لە ئاڕاستەی گشتی ناڕازی بێت، ڕەزامەندیشی لەسەر وروژاندنی فۆرستەر و سمیث دا وەکو گونجاو ترین کەسایەتی و بەرپرسی پەرینەوەی کاروباری سیاسیی ئەفریقیای دەزانین.

ئەوەیان دەزانی کە سروشتی حکومەتی ڕۆدیسیا بەندە بەو دەستەی دەسەلات دەگرێتە دەست نەک بە دەستورەوە. بۆیە کاوندا زیاتر بایەخی بە دامەزراندنی حکومەتێکی گواستنەوە دەدا، دواتر بەرژەوەندیەکانی نکومو کە پشتی بەو بەستوە بەمەوە گرێدراوە، هەرچەندە دەگوترا کە نیریری هاوکاری نکۆمۆی کردووە، کەچی

شــارەزا و پســپۆڕانی وەزارەتــی دەرەوەی ئــەفریقی گومانیــان لەم بۆچــوونە هەبــوو. بەدووریان نەدەزانی نیریری حەزی لێبێ نکۆمۆ قبوڵکا ئەگەر هیچ چارەسەریەکی دیکەی نەبی، ئەو لە ڕووی ئایدیۆلۆژیەوە مۆگابیی پێ باش بوو و هەوڵی بۆ دەدا.

کاوندا و کونا ڕقیان لە موگابی دەبۆوە چونکە هـیچ پـێگەی لە ڕۆدیسـیا نـەبووو بەڵام موگابی خاوەنی هێزێکی سەربازی بوو هەمیشەش بەسەر (نەوەی چەک هەلکر) دا زاڵ بوو.

کاوندا و نیریری ڕازی بوون ئەمریکا گوشار بخاتە سەر جێبەجێ کردنـی حـوکمی زۆرینە، بەڵام لەسەر هەنگاوەکانی جێبەجێ کردن ناکۆک بوون، کاوندا مەبەستی بـوو بە خێرا حکومەتێکی کاتی بە سەرۆکایەتی نکومـۆ دروسـت بکـرێ . هەرچـی نیریـریە پێـی بـاش بـوو کارەکـان بەم شـێوە بە سـاردی بمێنیـتەوە چونکـە هەر مانگێـک تێـدەپەڕێ هێزەکانی پارتیزانان هێزەکانی مۆگابی بەهیزتر دەبوون.

کاتێک لە ١٧ی ئەیلول چاوپێکەوتنم لەگەڵ جشوا نکۆمـۆ ئەنجـام دا، خـۆی لەم ئاراستانە بـێ خەبەر کـرد، هەلسـەنگاندێکی بـۆ دۆخەکـان پێشـکەش کـردم لەگەڵ هـیچ لێکدانەوە و دۆخێکدا نەدەهاتەوە، خۆی بە سەرکردەی زیمبابۆی دەناساند.

ئەم نازناوە هیچ لە سەرکردەکانی ئەفریقی لە خۆیان نەنـاوە تەنـانەت کاونـداش، کاونــدا بیــرۆکەی نیریــری ڕەت کــردەوە لەســەر کــۆنگرەی دامەزرانــدن کە هەریەک لە بەریتانیا و ئەمریکا قبوڵیان بو. چونکە پێی وابـوو حکـومەتی گواسـتنەوە دەبێـتە تـاقە دەسـەڵات لەسـەر دانـانی دەسـتور، پێـی وابـو بەم ڕێکـارە لە ڕێـگەی پشـتگیریەکانی نکۆمـۆوە دەردەچـی، سـەرکردەکانی ڕیـزی یەکەم و نەوەی چەک هـەڵگر لە هـزری ئەم پیاوەدا نەبووو .

## تێخزان لەگەڵ فۆرستەر و سمیث

لە ١٧ی ئەیلول گەیشتینە پریتۆریا بۆ دانوستان لەگەڵ فۆرستەر و سمیث تا چارەنوسی دەستپێشخەریمان دیاری بکا .

چونکە هەستمان بە فشارەکانی ناوەخۆ دەکرد بۆیە ڕامانگەیاند کە لەگەڵ سمیث و فۆرستەر کۆدەبێنەوە، ئەوانیش گەیشتبوونە ئەوێ بۆ دیدەنی یاریی تۆپی پێ، بۆیە ڕێگەم نەدا پێشوازیەکی فەرمیمان بۆ بکرێ.

باڵوێز جون ئەی ڕایندهارت بووە یاوەری شاندەکەم ئەم پیاوە ئەمریکیەکی ئەفریقیە یاریدەدەری سکرتێرە لە وەزارەتی کاروباری گشتی. سەرسام بوم بە کار و تواناکانی، کاتێکیش بوومە وەزیری دەرەوە ڕایندهارت داواکەمی قبوڵ کرد ببێتە ئەمینداری یاریدەدەری کاروباری ئەفریقی، کە داوای ئەم پۆستەم لێی کرد گوتی تۆ هەرگیز سەردانی ئەفریقیات نەکردووە، مەبەستی ئەوە بوو ڕێگەم پێی نەداوە تواناکانی بخاتە گەر لە ئەفریقیا. منیش ئەم پرسەم چارەسەر کرد ئەوەتا ئێستا دەبێتە ئەندامێکی کارا لە تیمەکەم بۆ کاروباری ئەفریقی. لە کۆبوونەوەکانی کۆتاییی فەرمانبەران بەشدار دەبێ لەسەر پرسی نامیبیا و ڕۆدیسیا.

لە پریتۆریا ڕایند هارت لە هەمووو کۆبوونەوەکاندا بەشدار بوو تا نارەزایی ئێمە لەسەر پرسی ڕەگەز پەرستی بە بەشداربوان ڕابگەیەنێ.

فۆرستەر لەسەر خوانی ئامادەکراو بۆ شاندەکەمان باسی لە خەسڵەتی ئەفریقیەکان دەکرد لەم ڕووەوە باسی لە دوو توێژی سەرەکی ڕەش پێست دەکرد؛ یەکەمیان / بایەخ بە قسەی سەرزارەکی نادەن شوێن گەوهەر بگرێتەوە.

دووەمیان/ ئەوانەی کە جگوتیار بوون بەر لەوەی بویرەکان بێن لە بنەرەتدا کۆچەر بوون، شارەزاییان نەبووو لە گلدانەوەی ئاوو داکردنی ئاوی باران، بۆیە بە دیدی فۆرستەر ئەمانە جگوتیاری بێزار بوون، لەکاتی گوتنی ئەم وتانە ڕایندهارت چاوی لە

ئاست فۆرستەر بەرز نەکردەوە بەڵام هەموووجارێک پێی دەگوتم ئاودێرێکی باشی باخچەکەی بوو.

بەیانیی ڕۆژی دواتر ١٨ی ئەیلول نانی بەیانیمان لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لەگەڵ فۆرستەر خوارد تا بە بەڵگەکاندا بچینەوە.

فۆرستەر لە کۆبوونەوەی داهاتوماندا لە ١٩ی ئەیلول خۆی و ئەیان سمیث لێمانەوە دوور بوون. لە کۆبوونەوەی ١٣ ی ئەیلول فۆرستەر گوتی هەڕەشەم لە ئەیان سمیث کردووە بۆ قبوڵ کردنی دەستپێشخەری ئەنگلۆ ئەمریکی، ئەم دەستەواژەی بەردەوام لەبەردەم سمیث دوبارە دەکردەوە لەکاتی نانخواردنی بەیانیی ئەو ڕۆژە.

ئەو ڕۆژەم لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لەگەڵ دوو گروپی ئەفریقی و ئاسیایی بردە سەر دوای ئەوەش لەگەڵ نارەزاییانی ئیدارەی ئەفریقیای باشوور.

کاردانەوەکانیانم بە ڕاپۆرتێک بۆ فۆرد پوخت کرد:

دانیشتنی یەکەمم لەگەڵ نوێنەری دە گروپی ئەفریقی و ئاسیایی و باشووری ئەفریقیا ئەنجامدا، بریتی بوون لە فەرماندەی هۆزەکان و مامۆستای زانکۆ و سەرۆکی یەکیەتیەکان، هەموویان دژی سیاسەتی ئەپارتاید (ڕەگەز پەرستی) بوون، کەسانی زیرەک و وشیاریان لەگەڵدا بوو، دوا نەوە بوون کە بە چارەسەری مامناوەندی ڕازی دەبوون. نەوەی دوای ئەوان دەستبەرداری ئەم جۆرە چارەسەریانە بوونە، چارەسەری توندگوتیژیان پێ ڕاستە.

کۆمەڵەی دووەمی کەلەگەڵیاندا کۆبوومەوە، بە پلەی یەک لەو سپی پێستە میانڕەوانە پێک هاتبوون کە سەرکردەی نارەزاییانی لیبرالیزم بوون، لەگەڵ سەرنوسەری ڕۆژنامە و پیاوانی کار.

هەموویان داوایان لە حکومەتەکەیان دەکرد هەنگاوی خێرا بنرێ بۆ کۆتایی هێنان بە ڕەگەز پەرستی. ناکۆکییان لەسەر سیستەمی کۆنفیدرالی هەبوو. هیچ کامیان بەرنامەیەکی ڕونیان نەبووو.

فەرماندەی زولو مانگو سوشو جاشا بوزیلیزی کاریگەرترین کەس بوو لەوانەی دانوستانم لەگەڵیاندا کرد، داوایەکی بەناوی ماندێلا پێشکەش کرد و هۆشدارییدا لە

چارەسەری ڕۆدیسیا و نامیبیا کە سیاسەتی ڕەگەز پەرستیی لێ پیادە دەکرێ، ئەم هۆشداریەم بە جدی وەرگرت بۆیە ڕاپۆرتێکم بۆ فۆرد نوسی:

هەرچارەسەریەک بۆ کێشەی نامیبیا و زیمبابۆی بکرێ هێز بە فۆرستەر ببەخشێ، شەپۆلێکی نارەزایی بەدوای خۆیدا دێنێ و گرژیو کاری توندگوتیژیی لێدەکەوێتەوە.

دەستەواژەی دبلۆماسی زۆر کەم ناخۆشیی لێ دەکەوێتەوە، زۆربەی جارەکان لە بەڵگەنامەی هونەری و بەیاننامەکان پێک دێن کە بۆکەسانی گلۆبالیست گرنگە، دیدارم لەگەڵ ئەیان سمیث و حەوت لە ڕاوێژکارەکانی ڕۆژی ١٩ی ئەیلول لەم دوو جۆرە نەبووو، پێشتر هیچ بەرپرسێکی باڵای ئەمریکی چاوی بە ئەیان سمیث نەکەوتوە، سەرکردە ئەفریقیەکانی ڕێزی یەکەم لیی دوور دەکەوتنەوە، کەچی ئەو هەشت سەرکردەی ڕۆدیسی کە لە بالویزخانەی ئەمریکا ئامادە ببوون لە پیاوانی کاری هەرێمی بەریتانی دەچووون یا لە جگوتیار و میکانیک، ئەمەش بەهۆکاری خۆیان یا ڕۆدیسیەکان کە قەدەر خستبوونییە باوەش زلهێزەکانەوە.

کارەکان بەم ئاستە نەدەگەیشتن ئەگەر حکومەتی ئەمریکا ئەوەندە سوور نەبووایە لەسەر حوکمی زۆرینە یا شکستی نەهێنابایە لەسەر ڕازیکردنی سەرکردەکانی باشووری ئەفریقیا بۆ پشتگیری کردنیان. بەرپرسیارێتیە ڕەوشتیەکە وای لێکردم ئەم ڕێچکە بگرمەبەر و هەمووو ڕێگاکانی ڕاکردن لە بەرانبەر سمیث لەخۆم بگرم، لەگەڵ ئەمەشدا ڕێگەم بەخۆم نەدا بە یاوەرانم لە ئەندامانی دانوستانکار بڵێم ڕێگاکەتان داخراوە.

لە مامەڵەکانمدا لەگەڵ ئەیان سمیث هیچ پاساوێکم بۆ ڕیسواکردنی سمیث نەدۆزیەوە. بەناوی سەرۆک وەزیرانیش بانگم کرد، مایەی تێڕامان بوو کە سمیث چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسێکی ئەمریکی یا بەریتانی دەکا لە چوار چێوەی ڕەزامەندیدان لەسەر بەڵگەنامەیەک کە مەرکەزیەتی ئەو ڕەت دەکاتەوە، من وەکو پیاوی دەوڵەت مامەڵەم لەگەڵدا کرد نەک کەسێکی تێهەڵدراو.

کۆبوونەوەکانمان لە بارەگای نیشتەجێبوونی بالویزی ئەمریکا (ولیام بودیلیر) ئەنجامدا. بەو شیکاریە دەستمان پێکرد کە هەمیشە لە بەرژەوەندی دانیشتوانی ئەوروپا بوو لە ڕودیسیا:

روخانی ئەنگۆلا لەلایەن کۆنگرێسەوە بەسەرماندا سەپێندرا، هەروەها بوونی ١٧ هەزار سەربازی کوبی دۆخێکی وای خولقاند کە هەمیشە بەبی دەستێوەردانی هێزی دەرەکی چارەسەر نەکرێ.

هەوالگریمان پێمان ڕادەگەیەنی کە دەستدرێژی ئەنجام دراوە، بەبێ پشتگیری دەرەکی هەڵوێستەکان ئاڵۆزتر دەبن، جا ئەم هاوکاری و پشتگیریە دەرەکیە لە کوێوە دێن، هیچ هاوکاریەک لە ئەمریکاوە نایەت.

لە ئەمریکا لە نێو حزبی پاریزگاران پالەوانی قسە زۆرن بەلآم دەنگ بۆ هاوکاری سەربازی کەس نادەن. بە نمونە جیمی هیلمز کە بە کرێگرتەی کۆمۆنیست تۆمەتبارم دەکا، دژی هاوکاریدانی ئەنگۆلا دەنگی داوە لە کاتێکدا من تاقە کەس بووم بەرگریم لێ دەکرد.

سمیث پێی گوتم کە ئامادەیە کارێک بکات هیچ کەسێک نەتوانێ بیکا بەلآم چی لە هەمووارى دەستور بکا کە پیویستی بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەنجومەنی نوێنەرانە (سپی پێست) تا ڕێگە دەدا. لێرە چوینە نێو گفتوگۆکان لەسەر یاداشتی ئەنگلۆ ئەمریکی.

ئینگلیزەکان ئاماژەیان بەوەدا، ئەگەر هەڵوێستێکی نەرێنیش بێ لەسەر سەرکردانی ڕەش پێست ئەگەر ڕەزامەندیش بدەن لەم دانوستانە، نەخزمەتی ئێمە دەکات نە هی ئەوان بۆیە ئێمەش بڕیارماندا لەگەڵ ئینگلیزەکان بمێنینەوە.

دوای سێ کاتژمێر لە دۆزینەوەی ڕێگەکان، پرسەکە بەلوتکە گەیشت. پێم وت سێ بژاردە لەبەردەم سمیثە:

١/ حوکمی پاشکۆی C قبوڵ کەیت.

٢/ یا وەلآمیکی شاراوەمان دەدەیتەوە.

٣/ یا مەرجەکانمان ڕەت دەکەیتەوە، بەلآم ئەگەر شەڕت لەگەڵ کردین دوای ساڵێک ڕووبەڕووی هەمان هەڵوێست دەبێتەوە و بە دۆخێکی پڕ لە ئازار. ئەگەر ڕەتت کردەوە هیچ هەڵوێستێک وەرناگرین دەست لەسەر کارەکە هەڵدەگرین خۆی ڕێچکەی سروستی خۆی بگرێ، بەم شێوە یاداشتێکی لە شێوەی هۆشداریم دایە دەستی. پێنج

خـاڵەکە لەگەڵ پێـنج حـوکمەکەی پاشـکۆ C دا دێـنەوە کە پـێم وایە ئینگلیزەکـان ڕەزامەندییان لەسەر دەدەن و دواجاریش سەرکردە ئەفریقیەکانیش پێی ڕازی دەبن.

سمیث داوای مۆلەتی لێ کـردم تـا لەگەڵ هاوڕێیـانی گفتوگۆ لەسـەر یاداشـتەکە بکـا. ڕێککـەوتین کە لە مـاوەی سـێ کـاتژمێردا لە بارەگـای فەرمیـی فۆرسـتەر یەکتـری ببینین . دواتر یەکتریمان جێهێشت بێ ئەوەی ئەو ڕاستیە بەیەکتری بڵێـین کە حـوکمی سپی پێست لە ڕۆدیسیا بەسەر دەچێ، دانوستانەکەشمان تەنها ئاڵوگۆڕیەکی قورسە:

سمیث: من سوپاست دەکەم بۆ تەرخان کردنی کاتەکانت بۆ خـاڵ خسـتنە سـەر نەخشە.

کیسنجەر: دەمەوێ سوپاست بکەم بۆ ڕێـگەی بەڕێـوە بردنـی کارەکـان لەم دۆخە سەختە، خۆت و هاوڕێکانت.

ئەوەی زەرور بـوو کـردم بەڵام هـزرو بیـرم هەر لای هاوڕێیـانم بـوو کە ئەرکێکـی قورسمان پێیان سپاردبوو لە سەرکەوتن نزیک ببووینەوە.

کۆبوونەوەمـان لەگەڵ شـاندی ڕۆدیسـی بە ئامـادە بـوونی فۆرسـتەر و وەزیـری دەرەوەی وەکو بەشـداریەکی نـافەرمی بـوو تـا دلنیـایی بـدەن بەوەی سـمیث بەو ئەرکە هەڵدەستێ کە خراوەتە سەر شانی. سمیث خۆی هات تـا ڕەزامەنـدی لەسـەر خاڵەکـانی بەرنامەکە بدا:

کاتێک ئەم خاڵانەم خستە بەردەم هاوڕێیانم، ترسێکم لێ نیشت لەوەی هاتوم بـۆ ئێـرە و ڕازیکردنـی تـۆش وەدەسـت نـاهێنین، بەڵام کە گوێمـان لە ئاماژەکـان بـوون، بڕیارماندا خۆم و هاورییانم بچین تا ڕازیی کەین، دەبووایە خۆمان لە ڕازی نەبووون دوور خەینەوە.

بەم شـێوە پرسـی ڕۆدیسـیا چـوە قۆنـاغی بەدواداچـوونی حکـومەتی گواسـتنەوە. سمیث داوای لێکردم بۆئەوەی سـپی پێسـتەکان بێـزار و نـارەحەت نەکەیـن و دڵنیاییـان پێبدەین با وەزیری بەرگری و ئاسایشـی نـاوەخۆ بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ لەدەسـتی سـپی پێستێکدا بێـت بە سـەرۆکوەزیرانێکی ڕەش پێسـتی، گفـتم پێیـدا کە هەوڵ دەدەم بەڵام گوتم بەریتانییەکان لەگەڵتدا نین سەرکردە ئەفریقیەکانیش بەدووری نازانم ڕازی نەبن.

داوای کرد کە دوای تەواو بوونی حکومەتی کاتی شەڕی پارتیزانی ڕاگرن و دڵنیا بن لەوەی ئەمریکا بەم بەرنامەیە ڕازیە، منیش گوتم با دۆخی ناوەخۆی ئەمریکات بۆ باس کەم:

ئەگەر حکومەتی کۆماری دەسەڵاتی گرتە دەست، شەڕی پارتیزانیش بەردەوام بوو لانی کەم هاوکاری دبلۆماسیتان دەکەین و بە چاوێکی سۆزەوە سەیری ئەو لایەنانەش دەکەین کە هاوکاری سەربازیتان دەکەن، ئەگەر دەستێوەردانی کۆمۆنیستەکان نەبێ، ئەگەر حکومەتی دیموکراتیش دامەزرا ئەوا ئەم گفتەم پێنادرێ، بەڵکو هەر نەبێ، بەڵام ناشزانم ئاخۆ کۆنگرێسمان پێ ڕازی دەکرێ یان نا.

بەو شێوە یەکترمان جێ هێشت کە سمیث ئاگاداری هاوڕێیانی بکاتەوە و منیش ڕاوێژ لەگەڵ نیریری و کاوندا بکەم بۆ ڕازی کردنی سەرکردەکانی ڕیزی یەکەم لەسەر پێنج خاڵەکە و لە ماوەی ٧٢ کاتژمێر ئەنجامەکان بەیەکتری بگەیەنینەوە.

ئەوکات سمیث ڕێگەی بەخۆیدا تێبینییە کانی لەسەر کەسایەتیم بدا.

ئەمە یەکەمین جارە من مامەڵە لەگەڵ تۆدا دەکەم و وێنەی خۆم لە دونیا دەبێنمەوە، سەرسوڕماوم لە تۆمەتەکانی میدیای بەریتانی کە خراونەتە پاڵ من، هاوڕێیانم پێم دەڵێن کە من دەستپاکم.

سمیث لە دانوستانەکانی پێشوی هەر چۆنێکی، لە مامەڵەکانیدا لەگەڵ ئەمریکا خاوەنی وتەی خۆی بوو.

دوای سێ کاتژمێر لەم دانیشتنە چاوم بە ڕاگەیاندنکارەکان کەوت کە خۆیان لە مەلاس نابوو:

گوتم : پێشنیارەکانی بە ڕاوێژ لە نێوان ئەمریکا وبەریتانیا و سەرکردە ئەفریقیەکان ئامادە کرابوون سمیثم لێی ئاگادار کردەوە، سمیث و هاوڕێیانی دیراسەی ئەو پێشنیارانەیان کرد و ئێستا گەرانەوە سالزبورگ، من گەشبینم کە سمیث و سێ لە هاوڕێ نزیکەکانی بەم پێشنیارانە ڕازین دوای ڕاوێژ لەگەڵ هاوڕێکانی دیکەیان دەیدەنە حزب، ئیتر پرۆسەی ڕۆدیسیا لەگەڵ سەرکردە ئەفریقیەکان درێژەی دەبێ،

بەتایبەت لەگەڵ سەرۆک کاوندا و نیریری. من پێم وایە پرۆسەی ڕونکردنەوە و لەیەک تێگەیشتن لە کۆتایی ئەم هەفتەیە تەواو دەبێ.

هەرهەنگاوێک بەرەو پێش لە پرسی ڕۆدیسیا پێویست دەکا هەمان هەنگاو لە پرسی نامیبیاش بهاویشترێ. دوای تەواو بوونی پرسی ڕۆدیسیا دیدارم لەگەڵ فۆرستەر کرد تا لە ناڕازیەکانی نیریری ئاگاداری کەمەوە لەسەر ئەو ڕیککەوتنانەی لە زیورخ لەسەر نامیبیا ئەنجاممان دا. بەنمونە کۆنگرەی زیورخ ئاماژەی بەوە نەداوە کە ئەمە درێژەی کۆنگرەی ویندهۆکە، بەڵکو وەکو هەوڵێکی جیای ناساندوە، پلەی نوێنەرایەتی باشووری ئەفریقیامان بەرز کردەوە بۆ ئاستیک ببێتە ئامرازی پەیوەندی تا دەسەڵاتی تەواوی لە دانوستانەکاندا هەبی، لەسەر پرسی سەربەخۆیی نامیبیا ٣١ی کانونی یەکەمی ١٩٧٨ دیاری کرا و جەختی لەسەرکراوە.

کات ئێستا نزیکەی نیوە شەوە، ٧ کاتژمێر لە دانوستانمان بەرێ کرد تێیدا ئەو ئامانجانەمان بەدەستهێنا کە نەخشەمان بۆی کێشابوو، پێنج مانگی برد لەوەتەی لە لۆساکا لە گوتارێکمدا خزاینە نێو پرسی حوکمی زۆرینە لە ڕۆدیسیا. لە یەکەم ساتەوە گومانی هەندێک لایەنم لێ دیار بوو لەوانە بەریتانیا کە گوایە سمیث لە دواساتەکانی لە پەیمانەکانی پاشگەز دەبێتەوە، لە نامیبیا هەمان شتمان بینی لە ئامادەیی سەرکردەکانی ڕیزی یەکەم.

## کاردانەوەی کاوندا و نیریری

هاوڕێی هەمیشەیی سەرکەوتن، ماندوێتی و شەکەتیە نەک دڵخۆشی و ڕابواردن، چونکە ئەنجام دانی تێخزانی دبلۆماسی کۆمەڵێک کێشەی نوێ دروست دەکا، لە جێبەجێ کردنی ئەو خاڵانەی لەسەرەتا لەسەری ڕێککەوتونەوە .

دۆخەکان بەم شێوە بوون کەچی دبلۆماسییەتمان لە ئەفریقیا بەرەو لوتکە هەڵدەکشا.

ئێستا دەگەڕێمەوە دارئەلسەلام بە سەرکردەکانی تەنزانیا و زامبیا ڕادەگەیەنم کە ئەو پێشنیارەی بەر لە سێ ڕۆژ ڕەزامەندیتان لەسەریدا ئێستا پەسند کرا، دەبێ

کاردانەوەیان لەسەر ئەو پێشنیارانە چی بێ کە بەر لە سەدەیەک داوایان دەکەن، دەبێ من لە دۆخێکدا بم ڕۆژی چوارشەم بە سمیث ڕابگەیەنم کە سەرکردە ئەفریقیەکان پابەندی پێنج خاڵەکەن؟ یا لە پابەندی ڕادەکەن؟ هیچ سەرکردەیەکی ئەفریقی نایەوێ لە هەڵوێستێکدا بی کە سمیث لە دواساتەکان خۆی لەمەلاس دابێ، کەسیش ئامادە نییە گرفت بۆ تێخزان دروست بکا، یا زاتی ئەو ڕەخنانە بکا.

لە سەفەرمدا لە پریتۆریاوە بۆ لۆساکا، جون ڕاینهاردت هۆشداریی دامێ کە ئاسان نییە سەرکردەکانی ڕیزی یەکەم ڕەزامەندی لەسەر گوتەکانی سمیث بدەن. لە پێناو دەنگدەرانیان دەبێ هەندێک نارەزایی نیشان بدەن، بەراستی جون ڕاینهاردت ببووە کەسێکی ئەفسوناوی.

لە ٢٠ی ئەیلول لەسەر خوانی فراوین دوای سێ کاتژمێر لە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردە ئەفریقیەکان کاوندا هەستیاری خۆی لەم دانوستانە دەربڕی، گوتی مرۆڤ وەکو سەرکردەی بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخواز دەبێ هەستێکی وردی هەبێ بەرانبەر بە ڕاستیەکان، پرسیاری قولی لەسەر پێنج خاڵەکە کرد، سور بوو لەسەر ئەوەی دەبێ ڕاوێژ لەگەڵ هاوڕێیانیدا بکا لە زامبیا لەوانە نیریری و نوێنەری بەرگری دەرەکی، لە پێناو ئەمەدا ڕەزامەندیی لە پرسی نامیبیا دا.

لە دوایی دانیشتنەکە خۆپارێزیی شکاند و خۆشحاڵی و ڕەزامەندی خۆی بە ڕاشکاوی لەسەر پرسی نامیبیا دەربڕی. کاوندا نەک تەنها ڕازی بوو بەڵکو داوای پەلەکردنیشی دەکرد و پرسی ڕازیکردنی نیریری خستە ئەستۆی خۆی، نکۆمۆ دۆستی کاوندا بوو دەرفەتێکی باش بوو بۆئەو تا دەسەڵات بگرێتە دەست. دواتر جشوا نکۆمۆش ئامادە دەبێ. کاوندا بە ئەنقەست دەڕوا و جشوا نکۆمۆ جێ دەمینێ. نکۆمۆ گوتی نیریری هەموو هەوڵێک دەدا بۆ ئەوەی دەسەڵات نەگرمە دەست، ڕۆژی دواتر بەر لە ڕۆیشتنم، زامبیەکان ئامانجەکانیان بۆ کورت کردمەوە نکومۆ گوتی ( ئەرکی تۆ هاندانی سمیث بوو، ئەمەشت کرد) دوا گوتەکانی نکومۆ ئەو بنەمایەبوون کە حکومەتی کاتیی لەسەر دادەمەزرا، گوتی:

شتە بنەڕەتیەکە پشتگیری ئەمریکا و بەریتانیایە.

تادەهات دڵخۆشیەکانی کاوندا بەهۆی پرسی نامیبیاوە زیادیان دەکرد و جێگیرتر دەبـوون. ئاگـاداری چوفیـل دەکـاتەوە کە هـیچ کێشـەیەکی لەگەڵ ئەودا نییـە. لە رۆدیسیاش کاونـدا گەشـبین بـوو، سـمیث پێشـنیارەکانی ئەمریکـای قبـوڵ کـرد، کاونـدا پەیمانی ئەوەیدا کە هەمووو پرسەکان بەرەو پێش دەبا.

هەروەکو گوتم جولیوس نیریری لەگەڵ کاوندا گەشـبین نـەبووو، دوای خزانـی نـاو پرسەکە لەجیات پشتگیری هەوڵی لەبەین بردنی رۆڵی ئەمریکای دەدا، بۆ نیریری ئێستا شەڕەکە دەستی پێکرد. کاوندا سەقامگیری نـاوچەکە و دراوسـێکانی لە حـوکمی زۆرینـە دەبێنی، نیریری خۆی بە سەرکردەی ئایدیۆلۆژیی بزوتنەوەی بێلایەنی ئـەفریقی دەزانـی، رۆدیسیای بە بەشێک لە خەباتی خـۆی دەزانـی. نەیدەویسـت وەکـو ئـاڵوگۆڕیەک لەگەڵ داگیرکار بەتایبەت ئەمریکا یەکلایی بێتەوە بەڵکو بە سەرکەوتنی ڕادیکالیسـتی ئـەفریقی یەکلایی ببێتەوە.

نیریـری بەردەوام بـوو لە داواکردنـی کـۆنگرەیەکی دەسـتوری لە ژێـر چـاودێری بەریتانیا، کە ئەنجامەکەی دوا کەوتنی حکومەتێکی کاتی گواستنەوە دەبێ.

دوای ئەوەی نیریـــری لە پێـــداگریی بەردەوام دەبـــێ، پێـــیم وت کە فۆرســـتەر هەڕەشەی برینی نەگوتی لە رۆدیسـیای کـردووە ئەگەر سـمیث لە پەیمانەکـانی پاشـگەز بێتەوە، گوتی:

ئەمە کـاریکی بـاش و دڵخۆشـکەرە، تـۆش کـاریکی باشـت کـردووە، مـن دەرفەتێکی پێ دەدەم.

ڕەزامەندی نیریری بەرز بۆوە بۆ ئامادەکاری ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری، هـانی بەستنی کۆنگرەی دامەزراندنی دەدا بە چاودێری بەریتانیا و ڕێکەکوتن لەسەر بنەماکانی دەستوری، واتە بەم پێیە بێ دوو هەنگاوی بـۆ دواخسـتن دانـان: یەکەمیـان / بەسـتنی کۆنگرە.

دووەمیان/ ڕێککەوتن لەسەر بنەماکانی دەسـتور، پرسـیی حـوکمڕانی ڕۆدیسـیا بە کراوەیی دەمێنێتەوە و پارتیزانەکانیش لە شوێن خۆیـان دەمێنـنەوە و سـزاکانیش وەکـو خۆیان دەبن، پێگەی چەک هەڵگران بەرفراوانتر دەبێ ونکۆمۆش پاشەکشەی کرد.

نیریری لە ناکۆکییەکی توندا دەبێ لەگەڵ کاوندا سوور بوو لە سەر ئەوەی بە هیچ شێوازێک ڕازی نابێ باشووری ئەفریقیا بۆ ماوەی دوو ساڵ دوور خەنەوە، دەبێ پریتۆریا بە سواپۆ ڕازی بێ وەکو دانوستانکارێکی فەرمی و تاکە دانوستانکار. چونکە باشووری ئەفریقیا واتە نامیبیەکان دانوستانێکی بێ سواپۆیان مەبەست بوو، پێشکەوتنی نامیبیای هەنگاو بەهەنگاوی قبوڵ نەبووو، پێیوابوو دەبێ باشووری ئەفریقیا وەکو باجی بەشداری دانوستان ئەمە قبوڵکا.

بەر لە سەفەرم بۆ دار ئەلسەلام نیریری کۆنگەرەی دووەمی ڕۆژنامەوانیی ئەنجام دا، ئەم کۆنگرە لە هی یەکەم نیانتر بوو ستایشی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کرد زیاتر لە ڕۆڵی ئەمریکا: ئەگەر سمیث ڕەزامەندیی لەسەر نەخشەی ئەمریکا دا ئەوکات بنەمایەک دەبێ بۆ دانوستان و هانی گروپە ڕۆدیسیەکان دەدا بە گروپی پارتیزانەکانیشەوە بۆ بەشداربوون لەم دانوستانە، ئەوەی نیریری مەبەستی بوو دەست پێکردنی دانوستان بوو نەک ڕونکردنەوەی پێنج خاڵەکە. ئاماژەکانیشی ئەوەبوو کە پارتیزانەکان ڕەزامەندی لەسەر حکومەتێکی هەرێمی نادەن کە لەلایەن سەرکردەکانی ڕیزی یەکەم سەپێندرابێ. ئەنجامەکەی دۆخێکی ئەنگۆلی دروست دەبێ بە بوونی چەند گروپێکی ڕەش پێست لە دەرەوەی پشتگیری، گومانی تێدا نییە بۆ نیریری خۆگرمخاندن باشترین بەرنامە بووە.

## تەقینەوە لەگەڵ لەندەن

لەوکاتەی سەرقاڵی چارەسەری ناکۆکییەکانی نێوان لۆساکا و دار ئەلسەلام دەبم، ناکۆکیی لە نێوان تیمەکەی ئێمە و لەندەن دەتەقێتەوە. وا پێدەچوو هەڕەشە لە گەشتەکانم بکا. لەسەرەتای گفتوگۆکانمدا لەگەڵ کرۆسلاند ڕێککەوتین کە گەورە فەرمانبەرێک لەگەڵ تیمەکەی ئێمەدا دانێ، بۆ بەشداری لە هەمواری دەقەکانی لەسەری ڕێک دەکەون، کروسلاند لەم داوایەمان ساردیی نواند، سور بوو لەسەر ئەوەی دبلۆماتکارێکی ئاست مامناوەندی لە باڵوێزی واشنتۆنیان ڕادەسپێرێ بە ئەرکی پەیوەندی و هەماهەنگی هەڵسێ.

بەڵام کرۆسلاند پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە بەریتانیا خۆی ئەم هەمووارانە پشتراست دەکاتەوە، دبلۆماتکارە گەنجەکەی بەریتانی ریچارد سموئیل بووە ئەندامی شاندەکەمان.

بۆ ئەوەی بە ڕونی بیسەلمێنم کە ئێمە بە هەماهەنگیەکی باش لەگەڵ لەندەن پێشوەچوونمان بەدەست هێناوە، لە هەر گەشتێکمدا بالویزانی بەریتانیا و نێردەکانیم لە وردەکاری دانوستانەکان ئاگادار کردۆتەوە، هەمووو هەموار و پێشنیارەکانیشم بۆ لەندەن ناردووە.

لەسەر رۆشنایی ئەرکی پێشومان و ڕاستیەکانی پاشکۆی C ئەم فۆرمە لەلایەن بەریتانیاوە پڕکرابۆوە، کاردانەوەی ئەوان مایەی سەرسوڕمان بوو، باڵوێزیان وەکو نێردەیەکی باڵا دەڵی هیچ ڕێنمایەکیان بەدەستەوە نییە، بەردەوام پرسیاریان لەسەر زەلالکردنی دەکرد هەروەکو ئەوەی یەکەمین جاربێ ئەم بەڵگەنامەنە ببینن.

کاتێک گەرامەوە لۆساکا نامەیەکم لە لەندەنەوە پێ گەیشت نارەزایی خۆیان لەسەر بەیاننامەی سمیث دەربڕی کە گوتویەتی پێشنیارەکان لە لەندەن و واشنتۆن دادەرێژرێن. هەرچیەکی وتبێ ئەمە نمایشێکی ڕۆدیسیە نەک ڕەزامەندیدان لەسەر بەڵگەنامەکانی بەریتانی و ئەمریکی، ئاشکرا و ڕوونە کە سەرکردەکانی ریزی یەکەم ڕەزامەندی لەسەر پێشنیارەکانی سمیث نادەن پێیان وایە ئەمە تا ڕاددەیەک بەرنامەی سپی پێستەکانە، گومانیش لەوەدا هەبوو کە سمیث بە پێشنیارە پێنج خاڵیەکە ڕازی دەبێ وەکو کارێکی خۆبەخش ئاخۆ ڕەزامەندی پەرلەمان وەدەست دێنێ؟.

میدیای بەریتانی ئەم هۆشداریەیان قۆستەوە، باڵوێزی ئەمریکا لە لەندەن (ئان ئارمسترونگ) دەڵێ هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە لەندەن بە گومانەوە سەیری ئەم پێشوەچوونە دەکەن کە لە ئەنجامی هەوڵەکانی ئەمریکا لە ئەفریقیای باشوور هاتۆتە دی:

لە ٢١ی ئەیلول سێ بابەت و ڕاپۆرت بوونە وێردی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی لەندەنی:

١/ سمیث گەڕایەوە بۆ فرت و فێلە کۆنەکانی، ئەو لەگەڵ کیسنجەر هەمان یاری دەکا کە کاتی خۆی لەگەڵ ویلسۆن کردبوی.

٢/ تەنانەت ئەگەر کۆدەنگیەکیش لەسەر هێلە پانەکان هەبێ بۆ یەکلایی کردنەوە، بەڵام گرفت و تەگەرەی تر لە ڕێگان، هەر گەشبینییەک بۆ ئەم پرسە، زووە.

٣/ ڕەشبینی و بێ ئومێدی و هۆشیاری باڵی بەسەر هۆڵی وایت داپۆشیوە.

پەیوەندیی تەلەفۆنیم بە نوێنەری بەریتانی لە لۆساکاوە کرد کە هیچی بەدەست نییە و بۆ کارکردن لەگەڵ ئێمە ڕاسپێردرابوو، لە تواناماندا نەبوو هیچ جوڵەیەک بکەین بەبێ ڕەزامەندی سەرکردە ڕەش پێستەکان، هەروەکو گوتم ئەوانیش لە ژێر کاریگەری توندڕەوەکاندا بوون:

ئەگەر دەڵێێ هەمووو لایەنەکان بە ئازادی ڕێککەوتنەکەیان قبوڵە،ب ەڵام هەر پێنج سەرۆکەکە مەرجەکانیان ڕەت کردۆتەوە.

من پشتگیریەکی بێ پەل و پۆم ناوێ، پشتگیریەکی تەکتیکی و ستراتیژیم دەوێ، یا لەگەڵم بە یا لێم دووربە.

کروسلاند لە هەمان ڕۆژ وەڵامی نامەکەمی دایەوە تێیدا هەڵوێستی بەریتانیی دوپات کردەوە بە زمانێکی خۆش، هێلێکی لە نێوان ( نامەی مشتومڕ) و پێشنیارەکانی بەردەست حکومەت بۆ ڕەزامەندیدا کێشا و لێکی جیا کردنەوە. ئەم جۆرە هەڵوێستانەم لە هیچ حکومەتێکی پێشوی بەریتانی نەبینیوە. سەبارەت بە پێشنیارەکانی بە هاوبەشی داماننابوون بە توندی پشتگیریی لێکرد بەڵام هێزی بەسەردا سەپاندنی نییە ئەم پێشنیارانە. دواتر کرۆسلاند بۆی ڕون کردمەوە ئاخۆ بەریتانیا چۆن و بۆچی میانگێڕی ئەمریکای لە نێو کۆلۆنیاله ئەفریقیەکانی خۆی پێ قبوڵە، کە لە کاتە سەختەکاندا بەریتانیا لەو شوێنانە بووە، گوایە دەیتوانی شکست بە دەستپێشخەریەکانمان بێنی، ئەمەش دەبووە کودەتا.

لە ٢٢ی ئەیلول لە کینشاساوە وەڵامی کرۆسلاندم دایەوە:

بڵێ گرنگ ئەوەیە دەست بە پاشکۆی C وە بگرین، هیچ گومانێک لە ئابرومەندی ئەوەکەسەدا نییە کە دەستی لە دانانی ئەم پاشکۆیەدا هەیە، ئەگەر

پێوەرێک نەبی بۆ دانوستانکردن لەسەر حکومەتی کاتیی گواستنەوە ئەوکات هەر لایەنە و هەڵوێستێکی توندتر لەویتریان وەردەگرێ. مشتومڕیش لەسەر هاوسەنگی هێز بێ کۆتاییە، ئاژاوەی دەرهاوێشتە لەم ڕووداوە تواناکانمان بە فیرۆ دەبا و ناتوانین بەرەنگاری توندڕەوان ببینەوە، دوا ئامانجیش دەستێوەردانی سۆڤیەتی و کوبی دەبێ.

هۆکاری لەیەک تێنەگەیشتنەکە من ڕونی دەکەمەوە: بەریتانیا مافی خۆیەتی پاشکۆی C بە یەکجاری لە بنەرەتدا هەلوەشێنێتەوە، ئێمەی ئەمریکی هانی بەریتانییەکانمان دا بۆ دانانی حاکمێک لەباتیی ڕێکارە ئاڵۆزەکانی کەلە پاشکۆدا هاتوە، بەڵام بەریتانییەکان کە لە ژوری کۆبوونەوە ئەم پاشکۆیەیان وەکو بەڵگەنامە بە ئێمەدا و هیچ بنەمایەکی شەرعیی نییە، لە کاتێکا بەریتانییەکان خۆیان دەیانزانی کە ئێمە ئەم پاشکۆیە بە فۆرستەر دەدەین، هەروەکو لەم گفتوگۆیە کە لە ٤ی ئەیلول ئەنجام دراوە دەردەکەوێ:

کرۆسلاند: ڕۆژی دووشەم لێرە لەگەڵ سەرۆک وەزیران دادەنیشین، بەراستی ئێمە وەکو حکومەت بە هیچ شێوەیەک بەرپرسیار نین ئەگەر ڕۆژی دووشەم موژدەیەک هەبێ یان نەبێ.

کیسنجەر: منیش مەزندەی ئەوە دەکەم تۆ ئامادە بیت نامەیەکمان بۆ واژۆ بکەیت.

کرۆسلاند: بە دڵنیایی وایە، بەڵام من ناتوانم پێت ڕابگەیەنم کە سەرۆک وەزیران چی دەکا.

کیسنجەر: هەمان بەڵگەنامەیە.

دوف: پاشکۆی نوێی C باس لە حکومەتی کاتی دەکا.

کیسنجەر: ئایا دەتوانی پاشکۆی C مان پێبدەیت؟ ئەگەر ڕەزامەندیمان لەسەریدا ئێمە دەتوانین بیدەینە باشووری ئەفریقیا.

دوف: بەڵێ.

لە ٦ی ئەیلـول لە داون سـتریت ١٠ لەگەڵ ڕاوێژکارەکـان. کالاهـانم لە بـابەتەکە ئاگادار کردەوە. ئەم گفتوگۆیە لەسەر پاشکۆکە کرا، دیسـان بەریتانییـەکان دەریـدەخەن کە ئەوان پاشکۆکەیان داناوە:

کیسنجەر: ئایا تۆ لەسەر ئاڵوگۆڕی زانیاریەکان ڕازییت؟

کرۆسلاند: ئەلبەت، دوایین هەفتەش نمونەی ئەوە بوو.

کیسنجەر: لە ڕۆدیسیا ئەوەمان زانی کە بەریتانیا ئاماژەی لادانی سمیثی هەبوو، بەڵگەنامەکەمان دایە دەست فۆرستەر.

کیسـنجەر: پاشـکۆی C ش مـان پێیـدا. هەرچەنـدە چەنـدین پرسـیار لەسـەری هەبوون بەڵام وەکو بنەمایەک بۆ گفتوگۆ باشە.

دوای دیـدارەکە کالاهـان و کرۆسـلاند منیـان بـردە نوسـینگە وهیـوای بەختێکـی باشیان بۆ خواستم ودوپاتی پشتگیری خۆیان بۆ دەرخستم.

ئەمەش وەکو پەسندکردن دێت کە دوو ڕۆژ پێشتر کرۆسلاند پێـی ڕاگەیانـدبووم. بە هاوشـانی بەریتانیـا هەنگاومـان دەنـا، لە پـێش و پـاش هەر گەشـتێکمدا چـاوم بە کروسلاند و کالاهان دەکەوت لە مانگی نیسان و ئەیلول هەشـت جـار کرۆسـلاندم بینـی، بەر لە گەڕانەوەم بـۆ پریتۆریـا لەسـەر پاشـکۆی C دوایـن لەگەڵ سـەرکردانی هێڵـی یەکەم، ئەمانەش هەموویان بە ڕەزامەندی بەریتانای بوو، لە هەمووو سەردانییەکانیشـمدا ئاگاداری بالویزخانەی بەریتانیام دەکرد.

هەرکە هــەمووو شـتێک دەتەقێـتەوە، بـۆ کرۆسـلاند دەنوسـم کە پیویسـتیم بە زانیاری لەسەر چۆنییەتی وەزیرانی حکومەت هەیە. بەپێی ئەوەی من مامۆستای زانکۆی بەشی زانستە سیاسییەکان بووم شارەزاییم لە وەزیرەکانی حکومەت هەبوو. ئەوەی لێـێ تێنەدەگەیشتم، ئەو بەڵگەنامەی لە داونگ ستریت ١٠ دامە دەستیان بۆچی ئامادە نەکرا کە لەسەر هەمووو ئەفریقیا بوو.

ئەم نهێنییــەم ئەوکــاتە بــۆ دەرکەوت کە لە کینشاســاوە ڕۆژی ٢٣ی ئەیلــول گەیشتمە لەندەن، کاتژمێر نزیکەی نۆی ئێوارە بوو. ئاژارەکانی هەڵوێستی ئەمریکی ژانم پێدەگەیەنێ، کرۆسلاند بە یاوەری باڵوێز ئەرمسترونگ لە فرۆکەخانە پێشوازییان لیکردم

. وەکو ڕێکارێکی پرۆتۆکۆلی باڵوێز یاوەرم بوو بۆ ئوتێل. بەڵام کرۆسلاند بیرۆکەیەکی دیکەی هەبوو، پێی ڕاگەیاندم کە ئەندامانی حکومەت لە داونگ ستریت ١٠ لە چاوەڕوانیمدان، بەڵام دەیوێ پێشتر بەتەنیایی بمبینێ.

باڵوێز دڵتەنگ بوو چونکە کروسلاند داوەتی ئەو کۆبوونەوەی نەکردبوو، لە نێو ئۆتۆمبیلەکە کرۆسلاند هۆکاری ئەوەی پێگوتم کە بۆچی نایەوی لەم دیدارە کەس ئامادە بێ. گوتی:

پاشکۆی C تەنها حکومەت ڕەتی نەکردۆتەوە، بەڵکو هەر نەخراوەتە بەردەم حکومەتیش، بۆ سەرۆک وەزیران دەبێتە هەڵوێستێکی لەروودامان ئەگەر بڵێم ئەم پێشنیارە بە ئامادەکاری هاوبەشی ئەمریکا وبەریتانیا بووە. لە توانامدا بوو باس لە بیرۆکەی هاوبەش بکەم بەڵام بۆ نەخشەی هاوبەش بەرپرسیارێتیەکی دیکەم دەکەوێتە ئەستۆ.

کروسلاند بۆی روون نەکردمەوە ئاخۆ کالاهان بۆچی ئەم شێوازە ئاڵۆزەی گرتەبەر. پێم وایە ئەو وای دەبێنی کە من سەرەکوتوو نابم ئەویش لەپێناو هەردوو ناحەزانی حزبەکەی فۆرستەر و سمیث ئەم سەرەرۆییە ناکا. یا ئەوتا ویستویەتی ئەو پەڕی ئازادی بپارێزی لە بەدواداچوونی کارەکانی دانوستاندا، هەرچیەکی بێ هۆکارەکەی من ئەو پشتگیریەی سەرۆک وەزیران لە بیر ناکەم کە لەم ئەرکەمدا هاوکاریان کردم، هانی حکومەتی بەریتانیشم دا کە لەسەر بنەمای ئەو پاشکۆیە کە خۆیان ئامادەیان کردووە، ڕەزامەندی لەسەر دانوستانەکان بدەن .

کالاهان بە پێشوزایەکەی لە دەرەوەی داوننگ ستریت قەرەبوی بۆ کردمەوە، لەبەر دەم ڕۆژنامەنوساندا گوتی من لە چوارچێوەیەکی تایبەتی کار لەسەر پێشنیارەکەی ٢٢ی ئادار دەکەم، ئەمەش ئەو دەربڕینەیە کە داڕێژەران شانازیی پێوە دەکەن. کالاهان منی بردە هۆڵی کۆبوونەوەی وەزیران و لێکدانەوە و شیکردنەوەشی بۆ ڕۆژنامەنووسان جێهێشت. لەگەڵ وەزیرەکان باسم لە گفتوگۆ و دانوستانەکان کرد بێ ئەوەی ئاماژە بە پاشکۆی C بدەم، لە پێناساندنی ئەندامانی حکومەتەکەی کالاهان دۆخی جارانی دەگێڕێتەوە:

هنـرى دەمەوێ بە ڕاشـکاوى پێـت بڵـێم، هەنـدێک دەنگـى ڕەتکـردنەوە لە نـاو ئەنجومەنەکماندا هەن، چونکە ئێمە بەدەست ئەم جۆرە کـارانەوە نالآنـدومانە، بـۆ ئـێمە پرسی ڕۆدیسیا قەرزێکی شـەڕەفییە. هـیچ بەرژەوەنـدیەکمان نییـە جگە لە چارەسـەرى نەبـێ، ئـێمە لە گەرمەى کێشـەکانمان دایـن تـۆ دەبێنـى کە سـمیث لێـدوان دەدا، ئـێمە دڵخۆشین ئەگەر ئێوە بەردەوام بن، لە هاوکارییکردنیان.

ئەمەش ئەو کـارە بـوو کە ئەنجـومەن بە هاوکـارى مایکـل فـۆت ئەنجامیـدا ئەو کەساتییە باشترین هاوکار و پشتیوانى کالاهان بوو.

ڕۆژى دواتر من و کرۆسلاند لە کۆنگرەیەکى ڕۆژنامەوانیى هاوبەشدا گوتمان ئـێمە دەستمان داوەتە پڕۆژەیەکى هاوبەش، بەردەوامین لێی .

ئێوارەى ڕۆژى هەینى ٢٤ى ئەیلول ئەیان سمیث بە بێزارییەوە ڕەزامەندیی لەسەر پێنج خاڵەکەدا، بە شێوەیەک کە فشارەکانى بەدەست گەیشتبن:

ئێوە دەزانن ژمارەیەکى کەم کۆبوونەوەم لە پریتۆریا ئەنجامـدا، لەگەڵ سـەرۆک وەزیرانــى باشــوورى ئــەفریقیا و کیســنجەر و فورســتەر. لەم کۆبــوونەوانەدا بــاس لە پەیوەندیەکانى ڕۆدیسیا کراوە لەگەڵ وڵاتانى ڕۆژئاوا و ئەفریقى. لەگەڵ هاوڕێیانم باسـى دۆخى ئێسـتاى ڕۆدیسـیامان کـرد بڕوامـان وابـوو بەهـۆى ئەم دۆخەوە نـابێ چـاوەڕوانى هاوکارییەکانى دەرەکى بکەین.

بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو فشارانەى لە دونیـاى ئـازادەوە لەسـەرمانە بەرەو سـەر دەچـــێ، دکتـــۆر کیســـنجەر لە هەمـــاهەنگى لەگەڵ بەریتانیـــا بەردەوامە و گـــوێ لە بۆچوونەکانى دەگیرێ، حکومەتى بەریتانیـا بـڵاوى کـردەوە کە سـمیث بە پێشـنیارەکان ڕازى بووە هەروەکو سـەرکردەکانى ڕیـزى پێشـەوەى ئـەفریقى پێـى ڕازى ببـوون. کە لە ئەنجامى ئاڵۆزیەکانى دۆخەکە دارێژرابوو:

ئەمەشى بۆ زیاد کرابوو کە حکومەتى خـاوەن شـکۆ ئەو پەرى ڕیـزو سـڵاوى بـۆ جەنــابێ وەزیــرى دەرەوەى ئەمریکــا (د.کیســنجەر) هەیە، کە کارەکــانى بەم ئەنجــامە گەیاند، هەمووو کەسایەتیەکانى هەڵگرى نیازپـاکى لە هەر شـوێنێک هەبـن قەرزارى ئەم

پیاوەن، ئەمە قەرزێکە و شایەنی ڕیزە، بەبێ توانا و دلسۆزی ئەو ئەم کارە ئەنجام نەدەدرا.

## گەڕانەوە بۆ واشنتۆن

کاردانەوەی حکومەتەکەم کەمتر ناسکیی پێوە دیاربوو، سەرۆک فۆرد لە ژوری کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لە کۆشکی سپی لە ٢٤ی ئەیلول بەیاننامەیەکی خوێندەوە، داوای لە لایەنەکان کرد بەزوترین کات مەرجەکان دەستەبەرکەن بۆ حوکمی زۆرینە تا سەرجەم هاوڵاتیانی ڕۆدیسی بە ئارامی وئاسوودەیی بژین. تێیدا ستایشی کالاهان و فۆرستەر و سەرکردەکانی هێڵی یەکەمی ئەفریقی کرد، لە نێویاندا سمیث. لە بەیاننامەکەدا تەنها وەزیری دەرەوەی ئەمریکای فەرامۆش کرد، کەچی ئەو بەیاننامە لەلایەن هاوڕێیانم ئامادە کرابوو ئامارژەیەکی بچوکیش بە ڕۆڵی من درابوو، لەلایەن ڕاوێژکارە سیاسییەکان بڵاو کرابۆوە، بەڵام فۆرد ناوی منی پەڕاندبوو، دەڵێ گوایە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی پەسند کراوە، ئێمە لە هەلمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا بووین.

ڕاوێژکارانی فۆرد پێیان وابووە ناوهێنانی من هەندێک لە دەنگدەرانی فۆرد تورە دەکا، من بومە بارگرانییەکی سیاسی. چونکە هۆکارەکەیم زانی بۆیە بڕیارمدا ئەمە دوا گەشتم بێ. ئەگەر فۆردیش لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە گەڕایەوە، ئەوا کاتی ماڵئاوایی لە پۆستەکەم هاتوە.

لە ٢٦ی ئەیلول سەرکردەکانی هێڵی یەکەم بە هێرشکردن وەڵامی بەیاننامەی سمیث یان دایەوە، ڕووخانی دەسەڵاتی ناشەرعیی سپی پێستەکان نیشانەی ڕەوایی پرسی پارتیزانەکانە کە لە پێنا وئازادی و ڕزگاریدا دەجەنگن.

بەیاننامەکە داوای بەپەلە پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی و بەستنی کۆنگرەی دەستوریان کرد، ئیدانەی پێشنیارەکانی سمیثیان کرد گوایە لەسەر بنەمای داگیرکاری و ڕەگەز پەرستی بنیاد نراوە، حوکمی زۆرینەیان بە پاداشت و مامەڵە نەزانی، گوایە ئەم پرسە بەسەر داگیرکاردا سەپێندراوە. شەڕە قسەکە ڕاستی ئەو پرسەیان شێواند کە

سـەرکردەکانی هێڵـی یەکەم قبوڵیـان کردبـوو: حکـومەتێکی کـاتیی ڕاگـوازی، دوای ئەو کۆمەڵەی دامەزراندن بە پاڵپشتی (ئەنجـومەنی دەوڵەت) کە بەریتانیـا دایبمەزرێنـێ، بە ڕاشکاویش ڕەتیان کردەوە دوو وەزیـری ئەوروپـی سـپی پێسـت لە بەرگـری و ئاسایشـی ناوەخۆ هەبێ، ئەمەش ئەو هۆشداریە بوو کە بە سمیثم دا گوتم قبوڵی ناکەن.

ئەوەی پێشبینیمان دەکرد لە کاردانەوە و وەڵامە زارەکیەکانی شەڕە قسە، ڕووی دا، نیریری لە ٢٧ی ئەیلول داوەتی باڵوێزی ئەمریکا و بەریتانیای کرد بۆ دار ئەلسەلام، لەوێ سوپاسـگوزاری خـۆی پـێ ڕاگەیانـدن لە کـاردانەوەی ئەمریکـا و بەریتانیـا لەسـەر بەیاننامەی لۆسکا. گوتی لێکدانەوەی لەسەر بەیاننـامەی سـەرکردەکان ڕاسـت دەرچـوو: گوتی بە ڕەتکردنەوەی نازانێ، ئەفریقیەکان بەبێ مەرج دەچـنە کـۆنگرە، گـوتی نیریـری نـاڕازی نییـە بە بـوونی دوو وەزیـری سـپی پێسـت ئەگەر لایەنەکـانی دیـکەی ئـەفریقی ڕازیبن، هەرچەندە ئەو وەکو خۆی ئەم بیرۆکەی پێ باش نییە.

سەرکردە زامبیەکان زیاتر ئەرێنی بوون، بەپێی وتەی مارک چوونا، کاوندا خۆشی خۆی دەردەبـڕی هـەمووو سـەرکردە ئـەفریقیەکانیش پێیـان وایە کە بەیاننـامەی سـمیث پێشێلی ڕاستیەکانە. دواتر کاوندا ئەمەشی وت:

سەرکردەکانی ڕیزی یەکەم ڕەزامەندییان لەسـەر چوارچێـوەی بنەڕەتیـدا، لە نێـو ڕەشنووسی دەستور هێلێکی جیاکەرەوەشیان لە نێـوان کێشـەی پێکهێنـانی حکـومەت و حکومەتی ڕاگواستنەوەدا کێشا.

نیریریی هاوکار لە قۆنـاغی ڕووداوەکـانی تێخـزان و نـاڕازی لە جێبەجێکـردن، لە بروسکەیەکدا بۆ من لە ٥ی تشرینی یەکەم دەستی خستەسەر چەند بـابەتێکی بەیەکەوە گرێدراو:

ئەی دکتۆر کیسنجەر من و تۆ دوو هەڵوێستی سیاسـیی جیاوازمـان هەیە. دەبـێ ئەمەمان لەبەرچاو بێ، بە مسۆگەری ئەگەر کاریان لەسەر بکەین کێشە و گرفت دروسـت دەبێ، بەڵام ئومێدم ئەوەیە لە ڕێگەی دۆستایەتیمان، ئەم کەلێنە بەرتەسک کەینەوە.

بە دڵنیاییەوە ڕێزم بۆ جەنابت دووپات دەبێتەوە ئەم ڕێزەش لە کۆبوونەوەکان بنیادنراوە، هیوا دەخوازم لە کات و شوێنێکی دیکە لە دۆخێکی ئازاد بەیەک بگەینەوە و ئاڵوگۆڕی بیر و بۆچوونەکان بکەین لەسەر ناکۆکییەکانی نامیبیا و زامبیا قسە بکەین.

لە ٢٨ی تشرینی یەکەم دانوستانەکانی لە ژنێف تایبەت بە نامیبیا دەستیان پێکرد. لە ٢ی تشرینی دووەمیش فۆرد لە هەڵبژاردنەکان لەبەرانبەر کارتەر دەدۆڕێنێ.

هەمیشە وا بیرمان دەکردەوە کە بەریتانییەکان لەسەر ڕێبازی پارتی کرێکاران دەڕۆن بۆ بەدواداچوونی دانوستانەکان و پەیوەندیەکانی نێوانمان، بەڵام بە شکستهێنانی فۆرد ناکۆکیی لە نێوان ئێمە و بەریتانیا سەریان هەڵدا لەسەر ناوەڕۆکی پاشکۆی C .

ئەمریکیەکان هەست بە پابەندیەکی ڕەوشتی دەکەن، بەرانبەر بە ڕۆدیسیا و باشووری ئەفریقیا بەپێی ئەو مەرجانەی ئەیان سمیثیان ناچار کرد، گوێ بە داواکاریەکانیان بگرێ کە حوکمی زۆرینە بوو. لە کاتێکدا بەریتانییەکان بە هیچ شێوەیەک متمانەیان بە سمیث نەبوو، ئێمە و بەریتانییەکان هاورابووین لەسەر خەسڵەتەکانی نیریری و تواناکانی، بەڵام جیاوازیەکە ئەوە بوو بەریتانیا ڕێگری لە شاڵاو و هێرشەکانی نەدەگرت کە بۆ هاندانی هاوڕێ ڕادیکالیستە پارتیزانەکانی ئەنجام دەدا. بە پێچەوانەی ئەمە من پێم وابو نیریری بۆیە بەم ڕۆڵە هەڵدەستێ مەبەستیەتی ڕۆڵی ڕابەرایەتی ڕادیکسلیستەکان بگێڕێ، دەبووایە هەندێک دەسەڵاتی بدەینێ تا سازش لەسەر سیاسەتەکەی بکا، ئەگینا دەبووە دیلی دەست هێزەکانی دیکە و ئەوانیش ڕایان دەماڵی.

لە دانوستانەکانی دیکە ئەو هاوسەنگیەی تێخزانی لێ ڕوودرا لە هەڵوەشانەوە دابوو، کرۆسلاند ڕەتیکردەوە سەرۆکایەتی کۆنگرەی دامەزراندن بکا کە لە ژنێف دەبەسترا. ئیفور ڕیچارد کە ئەم ئەرکەی پێ سپێردرابوو لە پرسەکانی ئەفریقیدا نوێ بوو، پێویستی بە پشتگیری سیاسی هەبوو کە دوورنییە حزبەکان ئەو پشتگیرییە سنوردار بکەن. ماوەی چەند هەفتەیەک ماینەوە لە چاوەڕوانی ئەنجامەکانی کۆنگرە، کەچی سەرکردەکانی دونیا لە چاوەڕوانی ئیدارەی نوێی ئەمریکا دا بوون، ئیتر کاتەکان بەم شێوە بەفیرۆ دەدران، هەرکە ئیدارەی کارتەر دەسەڵاتی گرتە دەست هەوڵیدا خۆی بە شێوەیەکی جیاواز لە ئیدارەی فۆرد نیشان بدا لە ڕووی مافەکانی مرۆڤ لە باشووری

ئـەفریقیا، بەم شـێوە بە وەرگرتنـی ئیـدارەی نـوێ فاکتەرەکـانی فۆرسـتەر بـۆ هاوکـاری پرسی ڕۆدیسیا و نامیبیا لە گۆڕ نران، کۆنگرەی ژنێف دادەڕمێ.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆدیسیا بۆ پرسی حوکمی زۆرینە بەرەو ئاڕاستـەیەکی دروسـت هەنگاو دەنێ و سمیث لە دانوستاندایە لەگەڵ سەرکردە ناوەخۆییەکـانی ئـەفریقی، بەڵام لەگەڵ (نەوەی چەک هـەڵگر) نەکەوتە ڕێککەوتـن، دواجـار مارگرێـت چـاچەر کە تـازە دەبێتە سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لە کۆنگرەیەکدا بانگخوازی بۆ حوکمی زۆرینە دەکات، جڵەوەکـانی گـرتنە دەسـت و حـاکمێکی بەریتـانیی بـۆ دامەزرانـد لەگەڵ (ئەنجـومەنی دەوڵەت) کە دەسـتەواژەکانی بنـەڕەتیی پاشـکۆی C جێبەجـێ بکـا، بـاجی ئەم دواخسـتنەش ئەوەبـوو سـەرکردەی چەکـدارانی پارتیزانەکـان (ڕۆبەرت مۆگـابی) بە سیستەمی زۆرینە دەسەڵات دەگرێتە دەست، ئەوەتا دواخستن ئاوەها کـاریگەریی هەبـوو کە نیریری تەماننای بۆ دەکرد و کاونداش لێی دەترسا. پرسەکە کاتی زۆرتری ویست تا نامیبیا سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ، ئەم پرسەش کەوتە ساڵی ١٩٩٠.

لە دیـدی جیوپـۆلەتیکەوە مەبەسـتی دبلۆماسـییەتی ئـەفریقیمان بەجێگەیانـد. دوای چەند مانگێک لە ڕووخانی ئەنگۆلا تواناکانی ئەمریکا دەرکەوتن کە دەتوانێ درێـژە بە دارِشـتنی ڕووداوەکـانی ئـەفریقیا بکـا. ئەوەتـا ڕۆدیسـیا و نامیبیـا سـەربەخۆییان وەرگرت، بەرنامە و بڕواکـانی ئەمریکیـان جێبـەجێ کـردن کە لە گەشـتەکانی ئـەفریقیادا هەوڵی بۆ دەدا و کاری بۆکرد. هەرچەندە کارەکـان بە هێواشـی دەچـوون بەڕێـوە، بەڵام ڕێگەمان نەدا کارەسـاتی نێـودەوڵەتیی لەسـەر ڕووبـدا. ڕێگریمـان لە سـەرەڕۆیی دیـکەی کوبی گرتن بۆ سەربەخۆیی دەوڵەتان و باشووری ئەفریقیا. کەمینەی سپی پێسـتیش لە ڕۆدیسیا کە ماوەیەکی زۆر هەوڵی باشـمان دا تـا حـوکمی زۆریـنە قبـوڵ بکـا تـا ئێسـتا ماوەی بیست ساڵە بە ئاسوودەیی لە وڵاتە نوێکەی زیمبابۆی بەیەکەوە دەژین، تەنـانەت ئەیان سمیث خۆی لە ژێر حوکمی ڕەش پێسـتەکان بە ئـارامی دەژی، تەنهـا چاریەکیـان نەبێ کە کۆچیان کـردووە ئەگینـا ئەوانیـدیکە هـەموویان لە شـوێن خۆیـانن، سـمیث لە کێڵگەیکەی خۆیدا گۆشەگیر بووە.

لەم ماوە خەمبارەیی نێوان دوو ئیدارە نیریری لە دیارترین خاوەن هەڵوێستەکان دەبینرێ، بە درێژایی ئەو ماوە پەیوەندیەکانمان گەرم و ناکۆکبوون. ڕێزی تایبەتی زۆرم بۆی هەبوو.

ئێستا ماوەی حوکمڕانیم لە تەواو بووندایە، هەمووو ئەو شەڕ و ململانێ هاوبەشانەی کردمان کەوتنە دوامانەوە.

لە ٩ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦ نیریری نامەیەکم بۆ دەنوسێ تا ئێستاش بۆمن ئەم نامە هەمووو شتێک دەگەیەنێ، بەڵکو ئەمە بۆ هاو سۆزیمان دەگەڕێتەوە:

دکتۆر کیسنجەر بە دڵنیایی نامەکانمان باس لە ناکۆکیی و گرفتەکانمان دەکەن کە لەو دانوستانانە هاتنە پێشمان، گەلێک مەزن بوون، بەڵام لە پێناو چارەسەریەکی گونجاودا بوو، بۆ گەیشتن بە حوکمی زۆرینە لە زیمبابۆی و نامیبیا. نەبووونی جوڵە دەست پێشخەریەکانم دەگەڕێتەوە، ئەمەش کات و ماندوبوونێکی زۆری پێویست بوو. ئێستاش نازانین کە دانوستانەکان تەواو دەبن، ئاخۆ ئێمە گەیشتینە ئامانجمان یان نا، ئێمە مامەڵە لەگەڵ پرسە درێژخایەنەکاندا دەکەین، ئەمەش کاری قورسی گەرەکە، بەڵام هەرچییەکی بێ دەمەوێ بڵێم ڕێزم بۆ هەوڵەکانت هەیە، تۆ هەرگیز بێ ئومێد نەبووی لەو کارانەی بەجێمان دەگەیاند.

بۆیە ئەم نامەیەم بە جوانترین ئومێدەوە بۆت دەنێرم، من دڵنیام لە داهاتوو بەیەک دەگەینەوە، دوای مانگی کانونی دووەم بەر لە ڕوودانی گۆڕانکاری لە حکومەتی ئەمریکی.

بە پشتیوانی خواو سەبر و خۆڕاگری ماڵەوەم گەیشتینە

**کۆتایی**

# کورتە ژیاننامەیەکی وەرگێڕ



خالید عومەر میکائیل ناسراو بە (خالید هەرکی) لە دایکبووی پایزی ١٩٥٥ لە هاوینەهەواری مەسیف سەلاحەدین (سەربەن، پیرمام) لە ناو خانەوادەیەکی هەژاری کرێکار ژیاوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە مەسیف تەواو کردووە، ئامادەییش لە هەولێر و بەکالۆریۆسی لە (زانستە سیاسییەکان) لە دەرەوەی وڵات (هۆڵەندا) بەدەستهێناوە. ژیانی منداڵی بە هاوشانی خوێندن هاوینان کاری کرێکاری کردووە، وەکو باقی هاوشار و هاوخانەوادەی لە منداڵییەوە تام و ئازارەکانی چەوسانەوەی بەدەست ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ چێشتووە، پشکی لە باجی کوردایەتی هەبووە، لە شەستەکان باوکی ڕوو لە شاخ دەکا و ماوەیەکیش لە زیندانەکانی بەعس و حەرس قەومی دەباتە سەر. بەو هۆیەوە لە خۆشی منداڵێتی بێبەش دەبێ. دوای باڵغبوونی بە شداری شۆڕسی ئەیلول و دواتریش شۆڕشی نوێ دەکا و بەهۆی کاری ڕێکخستنەوە لە ١٩٧٧ دەساڵ حوکمی زیندانی دەکرێ، دوو ساڵ و نیویش لە ئەبوغرێب دەباتە سەر تا لە ١٩٧٩ بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێ لەگەڵ هاوڕێیانی.

وێڕای کاری سیاسیی لە حەفتاکان بۆ یەکەمجار لە ڕۆژنامەی برایەتیی ئەوسا نووسینی بڵاوکردۆتەوە، دوای ڕاپەڕینیش لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە پێی توانا بەشداریی هەبووە، لە سەرەتای دووهەزارەکانەوە خوی داوەتە وەرگێڕان تا ئێستا، ئەو ژمارەی خوارەوەی بە چاپ گەیاندوە و هەندێکیش بە ڕێگاوەیە لەوانە ماکسیم گورکی. بەو ئومێدەی ئەم کارە خۆبەخشیەشی لە هەمان مەبەست بکاتەوە.

لە ڕووی کۆمەڵایتیەوە، لە ١٩٨٠ ژیانی هاوسەری لەگەڵ حربیەخان پێکهێناوە و خواپێداوی دوو کچ و سێ کوڕە بەناوەکانی جوتیار، شەنگار، بژار، پاڵە، هێرۆ..

## لە چاپکراوەکانی وەرگێڕ

------------------

١- (جەنەرال دیگۆل... پیاوی جەنگ و حوکمڕان)، نوسەری دیارنییە... چاپی یەکەمی لەلایەن خانەی وەرگێران لە سلێمانی چاپ کراوە لە ٢٠٠٩. لە عەرەبیەوە کراوە بە کوردی.

٢- کوردو ئەرمەن .... پەیوەندیە مێژووییەکان..نوسینی فارس عوسمان، لەلایەن سەنتەری لێکۆلینەوەی فکری و ئەدەبێی نما لە ٢٠١٢ چاپ کراوە. لە عەرەبیەوە کراوە بە کوردی.

٣- کوردستان و کوردەکان ..نوسینی ئەرشاک سافراسیان، چاپی یەکەمی لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی فکری و ئەدەبێی نما لە ٢٠١٠ چاپکراوە. لە عەرەبیەوە کراوە بە کوردی.

٤- نوری سەعید... پیاوی ئەرکە قورسەکانی بەریتانیا، نوسینی حامد الحمدانی، لە چاپخانەی شەهاب لە هەولێر لە ٢٠١٥ چاپکراوە. لە عەرەبیەوە کراوە بە کوردی.

٥- مێژووی هاوچەرخ..ئەوروپا لە شۆڕشی فەرەنسیەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی، نوسینی د. عبدالعزیز سلیمان نەوار و د. عبدالمجید نەعنەعی، چاپی یەکەم و دووەمی لە چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری لە هەولێر لە ٢٠١٢ چاپکراوە. چاپی سێیەم لە چاپخانەی ڕۆژهەلآت لە ٢٠١٢ چاپکراوە. چاپی چوارەم لە چاپخانەی ڕۆژهەلآت لە ٢٠١٨ چاپکراوە. لە عەرەبیەوە کراوە بە کوردی.

٦- ترۆتسکی ..نوسینی ئارنج هاو، لە چاپخانەی ڕۆژهەلآت لە ٢٠١٢ چاپکراوە. لە عەرەبیەوە کراوە بە کوردی.

٧- گیڤارا .. نوسینی ئەندرۆ ستکلیر چاپی یەکەمی لە سەنتەری لێکۆلینەوەی فکریو ئەدەبێی نما لە ٢٠١٣ چاپکراوە، چاپی دووەمی لە چاپخانەی ڕۆژهەلآت لە ٢٠١٣ چاپکراوە. لە عەرەبیەوە کراوە بە کوردی.

٨- مکیـافیللی.. سـێبەری شـەیتان لەسـەر زەوی، نوسـینی،ئەحمەد ناسـیف و مەجـدی کامل، چاپی یەکەمی لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات لە ٢٠١٤ چاپکراوە، چاپی دووەمـی لە ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاو کردنەوە چاپکراوە لە ٢٠١٨. لە عەرەبـیەوە کـراوە بە کوردی.

٩- ستالین... سەربوردەی سیاسیی. نوسـینی ئیسـحاق دویـچەر.. لە ناوەنـدی ئـاوێر بـۆ چاپ و بلاو کردنەوە چاپکراوە لە ٢٠١٨. لە عەرەبیەوە کراوە بە کوردی.

١٠- مێژووی بزوتنەوە نەتەوایەتیەکان لە ئەوروپا، نوسینی نورالـدین حـاتوم، لە ناوەنـدی ئاوێر بۆ چاپ و بلاو کردنەوە چاپکراوە لە ٢٠١٨. لە عەرەبیەوە کراوە بە کوردی.

١١- دەوڵەتـداری ... دامەزرانـدن و بەڕێـوەبردنی. لە نوسـینی خـۆی.. لە چاپخـانەی ئەحمەد لە هەولێر لە ٢٠١٨ چاپکراوە.

# پاشکۆی وێنەکان



لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ژاپۆن کاکۆیێو تاناکا



سەرۆک نیکسۆن ئاگاداری فۆرد دەکاتەوە کە ئارەزوی دەست لەکار کێشانەوەی هەیە لە ٨/٨/ ١٩٧٤




لەگەڵ سەرۆکە نوێکە (فۆرد) لە نوسینگەی کۆشکی سپی لە ئابی ١٩٧٤



لە نوسینگەی کۆشکی سپی لە ١٩٧٤




سەرۆک فۆرد سەرۆکایەتی دانیشتنێکی هاوبەشی
کۆنگرێس دەکات لە ١٢ی ئابی ١٩٧٤



سەرۆک فۆرد و ئەندامانی حکومەتەکەی لە ١٠ی ئابی ١٩٧٤



لە چەپەوە: نانسی و خۆم لەگەڵ سەرۆک فۆرد و سۆزانی هاوسەری و بیتی، ئابی ١٩٧٤



دۆستی دێرینم و هاوڕێم (نیلسۆن روکفلەر) جێگری سەرۆکی ئەمریکا



لەگەڵ دایک و باوکم لە نوسینگەی کۆشکی سپی ک٢ ١٩٧٥



دیدار لە گەڵ مەترانی قوبرس، ماکاریوس لە لوتکەی هلسنکی تەموزی ١٩٧٥



سەرۆک وەزیرانی گریکستان کارامانیلیس لە لوتکەی ناتۆ لە بروکسل ئایاری ١٩٧٥



سەردانیی سەرۆک وەزیرانی تورکیا بولند ئەجەڤیت،ئەنکەرە ئاداری ١٩٧٥



سەرۆک وەزیرانی تورکیا  سلیمان دیمیریل



سەرۆک فۆرد بە شەمەندەفەر بەرەو فلادیفوستوک ت٢ ١٩٧٤



لەبەردەم کۆنگرەی خۆراکی جیهانی ، رۆما، ٥ت٢ ١٩٧٥



بە شیمەندەفەر لە فلادیفوستۆکەوە بەرەو فرۆکەخانە



شاندی روسی لە کۆبوونەوەدا



. فلادیفوستوک باخچەی زستانی





کۆبونەوەکانی فلادیفوستوک



گوێگرتن لە راپۆرتی جەنەراڵ فرید دییاند، لەسەر گەشتی ڤیتنامی ١٩٧٥



قەیرانی مایا گویز ئایاری ١٩٧٥ فوردو سەرۆک وەزیرانی هۆڵەندا یاهانسین دی بول



قەیرانی مایا گویز لەگەڵ وەزیری بەرگری، شلیسینگەر



لەسەر قەیرانی مایا گویز ، گوتار بۆ سەرۆکایەتی کۆنگرێس دەدەم لە ئایاری ١٩٧٥



کێکی رۆژی لەدایکبوون لەگەڵ تیپی نابوری: لە چەپەوە، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە روبرت ئەندرسون و کیسنجەر و وەزیری گەنجینە ولیام ساتیمون و یاریدەدەری جیرالد بارسکی ، پاریس نایاری ١٩٧٥



لەگەڵ سکوکروفت لە شوێنی حەوانەوەی سەرۆک فۆرد، شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوە



لەگەڵ بالوێز ولز ستوسیل و هیلموت سونینفیلدت لە ژنیف تەموزی ١٩٧٥




فۆرد سڵاو لە هارولد ویلسۆن دەکا منیش لە وەزیری دەرەوەی جیمس کالاهان
لە لوتکەی ناتۆ نایاری ١٩٧٥ لە راستیشەوە دونالد رامسفیل و دویڤیدبروس



لەگەڵ هیلمۆت کۆڵ(ڕاوێژکاری ئەڵمانیای دواتر) بۆن نایاری ١٩٧٥



لەگەڵ وەزیری دەرەوە جیمس کالاهان شوباتی ١٩٧٥



ەزیری دەرەوەی بەریتانیا ئەنتۆنی کروسلاند لە خوانێکدا تەموزی ١٩٧٦



لەگەڵ هیلموت شمیدت هامبۆرگ ١٩٧٦




لەگەڵ سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن(دواتریش سەرۆک وەزیران)
مارگرێت تاتچەر لە هوتێلی کلاریج لە لۆندۆن ئایاری ١٩٦٧



فۆرد و راوێژكار هیلموت شمیدت و كیسنجەر و وەزیری دەرەوە هانز دیتریش گنچیر
بۆن تەموزی ١٩٧٥



بریژنیڤ لە هلسنکی گوێ لە گوتارەکانی لوتکە دەگرێ ٣١ی تەموزی ١٩٧٧



لەگەڵ سۆڤیەتیەکان لە هلسنکی ٣٠ تەموزی ١٩٧٥ لە چەپەوە، کورنیینکۆ، گرۆمیکۆ، بریژنیڤ، سوکودریف، ئەلیکساندروف، رودما، سونیتفیلدت، کیسنجەر،(لە پشتی فۆرد شاردراوەتەوە) ، فورد، ستوسیل، سکوکروفت، هیلاند( لە بەر پەنجەرەکە)



لەگەڵ جیسکار دیستان و سۆفاینیارج لە لوتکەی هلسنکی ١
ی ئاب ١٩٧٥ (وێنەگرەکەی پشتی فۆرد: دیڤید هیوم کینیرلی)



فۆرد لە هلسنکی گوتار دەخوێنێتەوە یەکی ئابی ١٩٧٥



وەزیرانی دەرەوە لە کی دورسیە: کالاهان، کیسنجەر، گینچەر، سوفانیارج ئایاری ١٩٧٥



لوتکەی مارتینیک لەگەڵ سەرۆکی فەرەنسی ڤالیری جیسکار دیستان
لە پێشەوە: وەزیری دەرەوە جان سۆڤیتیارج کانونی یەکەمی ١٩٧٤



وانیکی چوارقۆلی، لوتکەی هلسنکی: ویلسۆن. فۆرد، جیسکار، شمیدت،
گنجەر، کالاهان، سوفنارج، کسنجەر ،٣١ی تەموزی ١٩٧٥



برنت و فۆرد گوێ لە گوتار دەگرن لە لوتکەی هلسنکی ۳۱ی تەموزی ۱۹۷۷



پادشای ئیسپانیا خوان کارلوس و وەزیری دەرەوە ناریەلز ، مەدرید ، کانونی دووەمی ۱۹۷٦



لەگەڵ پاپا پولی شەشەم و باڵوێز هنری کابوت لوج ١٩٧٥



مارشال جوزیف بروز تیتۆ و هاوسەری لە بەلگراد تشرینی دووەمی ١٩٧٤



لە نێو کەشتیەکی ئیسرائیلی، لە چەپەوە، باڵوێزی ئەمریکا لە ئیسرائیل مالکولم تون، ئیفرایم ئیڤرون، پزیشکی وەزارەتی دەرەوە مارتن دەلف، لە راستەوە، کسنجەر، ئیگال ئالون، جۆ سیسکۆ، راوێژکاری یاسایی مۆنرۆ لی، هاڵ سوندرز



رابین واژۆ لەسەر رێککەوتنی سینا دەکا لە ١ی ئەیلولی ١٩٧٥ لە پشتیەوە اروێژکاری یاسایی ئیسرائیلی مائیر روزین وەستاوە



لە نێو فرۆکەدا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست ١٩٧٥



گفتوگۆ لەگەڵ مەلیک حوسێن پادشای ئوردن ١٩٧٥



لەگەڵ وەزیری دەرەوە میر سعود ئەلفەیسەل لە تائیفی میرنشینی سەعودی ٢ی ئەیلولی ١٩٧٥



لەگەڵ سەرۆکی سوری حافز ئەسەد ١٩٧٤



داوەتنامە لە پادشای سەعودیە فەیسەڵ شوباتی ١٩٧٥



سەرۆک فۆرد و کیسنجەر پێشوازی لە سەرۆک سادات و هاوسەری دەکەن لە یەکەم سەردانیان بۆ ئەمریکا و کۆشکی سپی لە نۆکتۆبەری ١٩٧٥



ئەسکەندەریە ئابی ١٩٧٥ ، لە چەپەوە، هیرمان ئیلیتس بالوێز، کیسنجەر، جوسیسکۆ،
[illegible]



گەیشتنم بە ئەسکەندەریە، میسر ئابی ١٩٧٥ بۆ دیداری سەرۆک ئەنوەر سادات



ڕاو تەگبیر بۆ کشانەوە لە لوبنان تەموزی ١٩٧٦ لە چەپەوە: سکوکرۆفت بەڕێوەبەری هەواڵگری ناوەندی و جەنەڕاڵ براون یاریدەرەکان ڕیچارد چینی و روبرت هارتمان و کیسنجەر و فۆرد و جێگری وەزیری بەرگری



وەرگرتنی مەدالیای سەرۆکایەتی نازادی لە سەرۆک فۆردەوە ١٣ی کانونی دووەمی ١٩٧٧ و روکفلەری جێگر



بالوێزە پێگەیشتوەکەمان لە نەتەوە یەکگرتوەکان دانیال باتریک مونیهان



لە پاریس نایاری ١٩٧٥ OECD لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ژاپۆن کیچی میازادا لە کۆبونەوەی



سەردانیەکی فۆرد بۆ ژاپۆن تشرینی یەکەمی ١٩٧٤




وەزیری دەرەوەی جاپۆن ماسایوهی نوهیرا، توکیۆ



وەزیری دەرەوەی چین کیاد گوانتوا تشرینی یەکەمی ١٩٧٥



لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ژاپۆن کاکوێی تاناکا تۆکیۆ



لەگەڵ هەردوو منداڵەکانم، ئەلیزابیت و دیڤید لە پەکین نۆڤەمبەری ١٩٧٤



نانسی تانگ، یەنگ هسیاو بینگ، کیسنجەر، کیاو گیوانهوا، پەکین کانونی یەکەمی ١٩٧٥



سەرۆک دیستان میوانداری لوتکەی رامبۆلیەی نابوری دەکا لە تشرین ی دووەمی ١٩٧٥، لە لای چەپەوە سەرۆک وەزیران نەکدو مورو(نیتالیا) سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا هارولد ویلسون و سەرۆک فۆرد و میوانمان لە دواوەیتی و راوێژکاری نەلمانیا هیلموت شمیدت و سەرۆک وەزیرانی ژاپۆن تاکیو میکی



لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی باشوری ئەفریکا ، جوهانز فورستەر ، زیورخ
سویسرا ١٩٧٦






سەرۆکی تەنزانیا یولیوس نایریری نیسانی ١٩٧٦




گەشتێک بۆ دورگەی گوری لە سنگال نایاری ١٩٧٦



سەرۆکی سنیگال لیوبود سنگور ، دەککار سنیگال ١٩٧٦



کۆبونەوە لەگەڵ سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی رۆدیسی جاشو ناناکومو لە لۆزاکا، زامبیا نیسانی ١٩٧٦



لەگەڵ سادات





دینتز، رابین، کیسنجەر، لەماڵی سەرۆک وەزیران لە قودس



لەگەڵ وەزیری دەرەوەی بەرازیل سیلفیرا، شوباتی ١٩٧٦ لە دواوەمان
بالویز جون هوج کریمنس و سکرتێری یاریدەدەر ویلیەم د. روجەرز



سڵاوێکی پادشایانە لە سەرۆکی کینیەوە جومو کنیاتا، نەیرۆبی ئەیلولی ١٩٧٦



پەرلەمان سانتیاگو چیلی OAS وەزیری دەرەوەی پەنەما نەکولین بوید لە حوزەیرانی ١٩٧٦



لەگەڵ سەرۆکی کۆلۆمبیا سەرۆک ئەلفونسو کوباز میخائیل، بوجاتا شوباتی ١٩٧٦



واژۆکردنی بنەمای لەیەک تێگەیستنی دانوستانەکانی کەنالی پەنەما لەگەڵ وەزیری دەرەوەیدا لە شوباتی ١٩٧٤ لە دواوە بالویز ئەلزوروت بنکر



سەرۆکی بەرازیل ئەرنستۆ جیسل ، برازیلیا، شوبات ١٩٧٦



لەگەڵ سەرۆکی مەکسیک هوزیە لوباز بارتیلو، لە ئاهەنگی دەست بەکار بوونی تشرینی دووەم ١٩٧٦



پێشوازی لەلایەن سەرۆکی مەکسیک لویس نەخیفیرا ،مەکسیکۆسیتی حوزەیرانی ١٩٧٦



لەگەڵ سەرۆک ماو، سەرۆک فۆرد، سوزانا فورد، پەکین ١٩٧٥



ـە نێو فڕۆکەی سەرۆکایەتی لەگەڵ خامنی یەکەم لە گەشتێک بۆ ئاسیا ١٩٧٥